# ئەزمoونی کوردی

له بزاڤه پەندۆلییەکەیدا

جەوهەر نامیق سالم

# ئەزموونی کوردی

## لە بزاڤە پەندۆلییەکەیدا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

جەوهەر نامیق سالم
ئەزموونی کوردی لە بزاڤە پەندۆلییەکەیدا
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٩٤
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٥٨٥ - ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

# پێشەکی

خەبات بۆ دروستکردنی مێژوو

خەبات بۆ نووسینەوەی مێژوو

زاهیر ڕۆژبەیانی

(شـوێن) هـەمـوو کـات هانـی وەسـتـانمان دەدا، بـەپێـچـەوانـەشـەوە (زەمـەن) بانگهێشتنی بزووتنەوەمان لێ دەکا.

لەم ململانێ سـەرمەدییەی (کات) و (شـوێن)دا ئەوەی دەرفـەتێک بۆ ژیانی ڕاسـتـەقینە و بەردەوامـی هـەڵدەخـات (جـووڵـە)یە، جـووڵە بەواتا زیندووەکەی، واتا پێشکەوتن لە (ئەوسـا)ی وەسـتـاوەوە بۆ چرکـەسـاتی بزۆزی (ئێسـتـا)ی ڕاگوزەر، بەرەو (داهاتوو)ی نادیار، داهاتوویەک ئەگـەر بمانەوێ کاریگەریمان لەسـەر هـەبێ، دەبێ لە (ئێستا)وە خـەبات بۆ ئەقڵانیکردن و گونجاندنی بکەین، نەوەک لە چرکەساتەکانی (ئێستا)کانی داهاتوودا، بەکاریگەریی ئەوانی تر، یا تەنانـەت ئەگـەر بەرێککەوتیش بووە مـوفـاجـەئەمـان بکات و هـەلی مـانەوە و بەردەوامی و پێشکەوتنمـان لێ بزر، یا لێ زەوت بـکا و، دروشـمـە کۆنەکانمان پێ دووبارە بکاتەوە.

دووبارەکردنەوە دەکاتە دەست بە (شوێن)ـەوە گرتن، واتا وەستان، وەستان سـەرەتای کـۆتایی بوونە، وەسـتـان شـەڕەشـەپۆلی زەمـەن دەسـەپێنێ، خـۆبەدەسـتـەوەدانی قـەدەر دەسـەپێنێ، کـە هـەرگـیـز بەگـوێرەی خـواست و ئارەزووی چاوەڕێکارانی مـوعـجـیـزە نابێت و نایەت، مـەگـەر بـەرێککەوت وەک ئەوەی ئێستا بۆمان هەڵکەوتووە.

زەمەن، زەمەنی فیزیاوی، زەمەنی بایەلۆجی، زەمەنی دەروونی.. هەر لە ئەزەلەوە لای مرۆڤ لە گۆشەنیگایەکی ئەخلاقییەوە هەڵسەنگێنراوە: زەمەن خائینە، زەمەن غەدارە، زەمەن زاڵمە، زەمەن نەیبڕی دەتبڕێ و... وەلێ هەموو لە یەک دیاردەی هاوبەشدا خۆیان و کاریگەرییان وەدەر دەخەن، ئەویش جووڵەیە، جووڵە بەجیاوازیی خێرایی و ئاراستەوە. جووڵەی ستوونی، جووڵەی ئاسۆیی، جووڵەی بازنەیی و جووڵەی پندۆلی، کە ئەمەی دواییان تەنانەت لە وەستانیش پڕ مەترسیترە بۆ رەوتی بزاڤی شارستانیی مرۆڤ.

پندۆل دەبزوێ، پێش دەکەوێ، مەودا دەبڕێ، بینا دەکا، وەلێ کە بۆ ساتێک دەوەستێ، ئەوجا بەهەمان خێرایی بەڵام بەئاراستەیەکی پێچەوانەدا دەگەڕێتەوە، ئینجا ئەوەی بینای کردووە دەیڕووخێنێ، دەیسڕێتەوە تا لە خاڵی دەستپێکدا بۆ ساتێکی تر دەوەستێتەوە و جارێکی تر ئەم جووڵە گەوجانەیەی دووپات و، هەزاران پات دەکاتەوە. کەچی لە دیوەکەی تری سەعاتەکەدا میلەکان بەراستی زەمەنێکی فیزیاوی راستەقینە تێ دەپەڕێنن کە ئیتر گەڕانەوەی بۆ نییە، زەمەنێک لەگەڵ خۆیدا هەزاران هەل دێنێ و هەزاران هەل دەبا، کە ئیتر دووبارە نابنەوە.

لەم کتێبە و لە هەردوو کتێبی پێشووتریشدا: (ئایا فیدراڵیەت وەک خیارێکی سیاسی لە عێراقدا پیادە دەکرێت؟ چ١ لە ٢٠٠٥، چ٢ لە ٢٠٠٨) و لە کتێبی (کورد لە گەمەی دەقە یاساییەکاندا- وردبوونەوە لە دەستووری هەمیشەییی «العراق» ٢٠٠٧)یشدا جەوهەر نامیق سالم وەکو پسپۆڕێکی شارەزا و، وەک شایەتحاڵێکی بوێری سەردەمەکە، بەوردی سەرنجی ڕای گشتی بۆ ئەم مەترسییە گەورەیە ڕادەکێشێ و، گەورەسەرکردە و سەرجەم کەس و بڕیار بەدەستانی دەسەڵاتی سیاسی لە ئاکامە خراپەکانی ئەو کارەساتە چاوەڕوانکراوانە ئاگەدار دەکاتەوە، کە لە کەم بڕشتی و نائامادەگیی لایەنی کوردی و پلانی نەخشە بۆداڕێژراوی ئەوانی ترەوە پەیدا بوون و، هەڕەشە لە دەسکەوتەکانی گەلی کوردستان دەکەن.

گوتاری نووسەر گوتارێکی زانستییانەی بێلایەن و میانڕەوە، پشتڕاستە

بەئامار و داتا و دەق و دیکۆمێنت و زانیاریی سەرچاوەدار، بەزمانێکی سادە و رەوان قسە بۆ فراوانترین کەرتە کۆمەڵایەتییەکان دەکا، بژاردە و ڕۆشنبیر و خوێنەوار لێی تێ دەگەن و هاوسۆزیشی بۆ دەردەبڕن، لە هەمان کاتیشدا بەبێ بەکاربردنی زبانێکی زبر و دوور لە ڕک و ناحەزی، گەورەکاربەدەستانی دەسەڵاتی کوردی لەو کەموکورتییانە ئاگەدار دەکاتەوە، کە لەبەر هەر هۆیەک بووە بەسەریاندا تێ دەپەڕێ، بەم شێوەو شێوازە جارێکی تریش دەیانخاتەوە بەردەم بەرپرسیارەتیی مێژوویی خۆیان و، کارتی پاساوهێنانەوە و پاکانەکردن و (نەمانزانی) درەنگ وەختەیان لە دەست دەردەهێنێ و لە کاتێکدا هێشتا کار لە کار نەترازاوە، گەرماوگەرم ئەوان و ڕای گشتی و شەقامی کوردیش لە پرسە هەنووکەییەکان ئاگەدار دەکاتەوە، بەمەش وەکو ڕۆشنبیرێکی سیاسی ئەرکی مێژوویی خۆی بەجێ دەهێنێ.

ئەو لە سەرەتای ئەزموونەکەوە خوازیاری گۆڕین و چاکسازیی سیستمی ئیداری و دارایی و حزبی بووە، لە دژی گەندەڵی کاری کردووە، بەڵام لە ڕەخنەکانیدا هەرگیز لایەن و حزب و کەسایەتییەکانی نەکردووەتە ئامانج، بگرە هەردەم مەبەستی لە سیستمەکان بووە: سیستەمی دارایی و ئیداری و حزبی.

زۆرێک لە بیر و بۆچوون و پێشبینییەکانی نووسەر تا ئێستا بە ڕاست وەرگەڕاون، لەوانە: پرسە گرینگەکانی وەک پرۆسەی ئەزموونی کوردی لەناو کوردستان، پێوەندییەکانی نێوان کوردستان و حکوومەتی ناوەندی، کێشەی دیارینەکردنی سنووری کوردستان (مادەی ١٤٠)، پێوەندییە ئابوورییەکان و پرسی بودجە و داهاتی نەوت و کانزا و سامانە سروشتییەکانی تر و ئاو، دابەشکردنی دەسەڵاتی ناوەندی و پۆستە سەروەرییەکان و جێگیرکردنی مافە دەستوورییەکان و جێبەجێکردنیان، هەروەها را و بۆچوونەکانی لەمەڕ پێوەندی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی تری عێراق، لەگەڵ دەوڵەتانی سنوور، لە تەک کێشەی گەلی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان، لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، ئیسلامی، لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا، نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی زلهێز،

بەتایبەتیش لەگەڵ ئەمەریکادا، ئەمەریکای ڕزگارکەری عێراق لە دیکتاتۆرییەت، بەڵام داگیرکەر، ئەمەریکایەک بەبێ ئەجیندایەکی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی یەکجارەکیی کێشەی کورد، بۆ دارشتنەوەی عێراقێکی یەکپارچە کار دەکا.

سەبارەت بەپرسە گرینگ و چارەنووسسازەکانی ناوەوەی ئەزموونی کوردیش، لەوانە چەسپاندنی دیموکراتییەت و ژیانی پەرلەمانی و دەستووری هەمیشەیی کوردستان، مافی تاکی کورد و ئازادیی بیروڕا دەربڕین و، بودجەی هەرێم، کاری جەماوەری، سەربەستیی دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چاپەمەنی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و، میدیای ئەهلی و ئازاد، لە زۆر پرسی تری وەکو پرسی پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان، ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان و زەوی و، کشتوکاڵ و زۆر بواری تریشدا، نووسەر هەڵوێستی بوێرانە و شارەزایانە و، خوێندنەوەی زانستی بابەتییانەی بۆ ئەم پرسانە هەبووە و، چارەسەری گونجاوی پێشنیاز کردووە.

گرینگیی باس و بابەت و نووسین و چاوپێکەوتن و تێزە فیکری و سیاسی و ئابوورییەکانی جەوهەر نامیق سالم لەوەدایە کە ئامادەگییەکی دەستبەجێ و گەرماوگەرمی قۆناغ بەقۆناغ و ڕۆژ بە ڕۆژیان هەیە، هەموو بوارەکان دەگرنەوە، مەوزووعین، جگە لە بەرژەوەندیی گشتیی گەل و نیشتمان هیچی تریان تێدا لە بەرچاو ناگیرێ، ئەمەش لە هەمەجۆری و هەمەڕەنگیی ئەو کۆوار و ڕۆژنامە و ئێزگە و تەلەڤزیۆن و سایتانەوە دەردەکەوێ کە بۆ پرسە گرینگەکان، لە کاتی ڕووداو و وەرچەرخانە چارەنووسسازەکاندا ڕا و بۆچوونەکانی بڵاو دەکەنەوە، لەوەوە دەسەلمێ کە وێڕای رەخنەکانی لە دەسەڵات و دیاردەکان، هێشتا بەر شاڵاو نەکەوتووە و ڕێزی بیر و بۆچوونەکانی دەگیرێ.

بەرهەمەکانی نووسەر رووناکی دەخەنە سەر جیهانی پڕ لە دژەدیدگا و دژەهەڵوێست و دژەبۆچوونی سیاسەتی کوردی و ئەزموونی کوردی و، پێمان دەڵێن:

* لەم هەرێمەدا ئەزموونێکی پەرلەمانیمان هەیە، وەلێ سەقەتە.

* نوێنەرایەتیی هەیە، وەلێ فەرز کراوە.

* داوودەزگا هەیە، وەلێ ڕووکەشە.

* توانا هەیە، وەلێ وەلا نراوە.

* ئیرادە هەیە، وەلێ لغاو کراوە.

* لەوانەش خراپتر ئەوەیە ئەم سیستەمە غەرقی سیستەمی دەسەڵاتی نوخبەی سیاسیی هەردوو حزبی دەسەڵاتدارە.

لە نووسینەکانیدا دەیەوێ پێمان بڵێ:

١- کاتێک ئاشتی و دانوستاندن پێویستن شەڕ و بەرگریی وەهمی دەکەین، وەختێکیش شەڕ و بەرگریی ڕاستەقینە پێویستن، ئاشتی و وتووێژ دەکەین.

٢- دەمێک بایکۆت پێویستە هاوکاری و لەخۆبووردەیی نیشان دەدەین، کە هاوبەشیکردن و لەخۆبووردەییش پێویست دەبن بایکۆت دەکەین.

٣- زەمانێک قوربانی بۆ لاوازکردن و ڕووخاندنی دەسەڵاتی ناوەندی دەدەین، کە لاواز بوو، یا ڕووخاش خەبات بۆ زیندووکردنەوە و بەهێزکردنەوەی دەکەین.

٤- کە لایەنە سیاسییە شەریکە حوکمەکانی بەغدا کۆک و بەهێز دەبن گوێ لە خواستە ڕەواکانمان ناگرن، کە پەرتیش دەبن، ناوبژییان دەکەین و پێکیان دێنینەوە بۆ ئەوەی جارێکی تریش گفتوگۆی بیزەنتییان لەگەڵدا بکەینەوە.

٥- لە کاتێکیشدا کە لە وڵاتە فرەهەرێمەکاندا ململانێ بۆ وەرگرتنی پۆستە خزمەتگوزارییەکان دەکرێ، ئێمە لە بەغدا شەڕ بۆ وەرگرتنی پۆستە سیادییەکان دەکەین.

٦- لە دەسەڵاتی ناوەند (لامەرکەزییەت)مان گەرەکە، کەچی بۆ خۆمان (مەرکەزییەت) پێڕەو دەکەین.

٧- له هەڵبژاردندا لیستی کراوه و سیستمی یەک دائیرەیی بۆ عێراق، له بەغدا داوا دەکەین، بەڵام له کوردستان لیستی داخراو و سیستمی چەند دائیرەیی پیاده دەکەین.

٨- داوای شەفافیەتی هەڵبژاردن له بەغدا دەکەین، کەچی خۆمان لەسەر دەنگدان مرۆڤ/ خێزان نانبڕاو دەکەین.

٩- له بەغدا داوای بودجەی شەفاف دەکەین، بەڵام بۆ خۆمان نا.

١٠- دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان پیلانمان لێ دەگێڕن، شەڕمان لەگەڵدا دەکەن، ئێمە بازرگانین.

١١- دەوڵەتانی هاوسنووری کوردستان، وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و زۆرێک له لایەنەکانی دەسەڵاتی خودی عێراقیش ئەمەریکا بەدوژمن دادەنێن، ئەمەریکا بۆ خۆیشی خۆی بەداگیرکەری عێراق دەزانێ بەکوردستانیشەوە، کەچی ئێمە بەبێ ئەوەی حیساب بۆ قۆناغی دوای کشانەوەی سوپای ئەمەریکا و، پاشەڕۆژی دوور بکەین، تاک لایەنە خۆمان بە هاوپەیمانی دووەمی ئەمەریکا له قەڵەم دەدەین له ناوچەکەدا.

١٢- له کاتێکدا ئێمە هەست بە نەزیفیی زەمەن ناکەین، ئەوانی تر کەسبی کات دەکەن.

١٣- ڕێزی وشە ناگرین له کاتێکدا هەموو شتێک (سەرەتا وشە بووە)، بۆیە ئەوەی له مەیدانی شەڕ و شۆڕش و بە قوربانیدانیش بەدەستی دەهێنین دواتر هەمیشە لەسەر مێزی دانوستاندن، له گەمەی داڕشتنی دەقە یاسایی و بڕیار و یاساکاندا دەیدۆڕێنین، بۆ بەدبەختیی کوردیش هەموو شەڕ و شۆڕشێکیش دەبێ بە دانوستاندن کۆتایی بێت و، هەموو مافێکیش دەبێ بەوشە و له شوێنێکدا تۆمار بکرێ.

لەنێو شەپۆلانی ئەم هەموو ڕووداوە خێرا و، کار و پەرچەکرداره یەک له دوا یەکەدا، نەک هەر بۆ تاکی ئاسایی کورد، لەوانەیە بۆ هەندێ له سیاسەتکارانیش جیاکردنەوەی شکست و سەرکەوتن ئاسان نەبێت،

بەتایبەتیش کاتێک لەژێر کاریگەریی ڕاگەیاندنی حزبی و فەرمیدا چەواشە دەکرێن و جووڵە چاوخەڵەتێنەکەی پندۆلەکە تووشی وەهمی پێشکەوتن و سەرکەوتنیان دەکا، غافڵ لەوەی کە پندۆلەکە دەگەڕێتەوە و لەگەڵ گەڕانەوەکەشیدا هەموو ئەو دەستکەوتە ئێرەتییە وەهمییانەش لەگەڵ خۆیدا دەسڕێتەوە کە تا ئێستا هەر لەسەر کاغەز، یا هەر لە ژووره داخراو و پێوەندییە نهێنییەکاندا باس کراون، بەڵام هیچ لە واقیعی تاڵی کارەساتەکانی کورد و، بەرەنجامەکانی بەعەرەبکردن و هەوڵەکانی گەمارۆدانی خواست و داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد ناگۆڕن، بگرە لە چاوەڕوانی هەلێکی لەبارتردا بۆ خەفەکردنیان، شەقامی کوردی پێ سارد دەکەنەوە و بێ متمانەییبیان بەئەزموونەکەمان پتر دەکەن، بەتایبەتیش کاتێک کە هاووڵاتیی کورد دەبینێ دەستی دەستی پێ دەکرێ و کێشە سەرەکییەکانی لەم قۆناغ بۆ ئەو قۆناغ دەگوازرێنەوە.

نووسەر لە ژیانی واقیعی خۆیدا وەکو پێشمەرگە یەکێکە لەو تێکۆشەرانەی کە بەشداریی کاریگەری وەدیهێنانی ئەم ئەزموونەی کردووە، وەکو پەرلەمانتار یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بناغەی یاسایی ئەم ئەزموونە، وەکو سیاسەتوانیش یەکێکە لەوانەی کە لە نزیکەوە بەشداری و ئاگەداریی وردی لەبارەی زۆر ڕووداوەوە هەیە و بەدەستپاکی و مەوزووعییەتیشەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکا، بەڵام بەلای منەوە میسداقیەتی گەورەی جەوهەر نامیق سالم لەوەدایە کە بەر لە هەمووان سووربوونی خۆی لەسەر گۆڕین و ریفۆرم و پێویستیبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزو کاراو ئازادییەکان بە ڕوونی ڕاگەیاند و، لە دژی گەندەڵیی ناوخۆ و، پێوەندییە ناجۆرەکانی نێوان هەرێم و بەغدای دوای داڕووخانی رژێمی بەعس وەستا و، لە کاتێکدا کە لە جێ و پلە و پایەی شایستەی حزبیی خۆیدا بوو و، لە عێراقی نوێشدا پۆستی بەرچاو چاوەڕوانی بوو، دەستی لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی بەردا و، بەبێ ئەوەی (تا ئێستاش) زیانێک بەحزبەکەی (ئەوسای) بگەیەنێت، مەودایەکی بایی ئەوەندە لێی دوور کەوتووەتەوە، کە ئازادیی بیرکردنەوە و ڕادەربڕینی

تاکەکەسی خۆی لە بازنەی پاڵەپەستۆی ئیلتیزاماتی پرەنسیپەکانی حزبایەتی دەربکات. بەتایبەتی بۆ ئەم قۆناغە گوزەرە کە عێراقی نوێ بنیات دەنرێتەوە و، پێوەندییەکانی نێوان کوردستان و عێراقی پاشەڕۆژی تێدا دادەڕێژرێ، بۆ ئەوەی بتوانێ خودان هەڵوێست و پرسیار و پێشنیازی خۆی بۆ قۆناغە نوێیەکە هەبێت، ئەگەرچی ئەو کاتێک کە لە پۆپەی هەرەمی حزبیشدا بوو خاوەنی دەنگی رەسەن و بیستراوی خۆی بوو، نەخاسمە لەمەڕ ئەخلاقیات و پرەنسیپە حزبییەکان، دژایەتیکردنی شەڕی ناوخۆ و مانگرتنی لەناو پەرلەمان و کارکردنی لە بەرە گەرمەکان و بەشداریکردنی لە دانوستاندنەکان لە پێناوی ئاشتی و تەبایی، وەستانی لە دژی رووداوەکانی پێش و پاش ئابی ١٩٩٦، داکۆکیکردنی بێ سنووری لە کوردستانیبوونی ناوچە داگیرکراوەکانی کەرکووک و خانەقین و هەولێر و مووسڵ و وەستانی ئاشکرای لە دژی ناوزەدکردنی بە (ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان) لە دوای رووخانی بەعس (٢٠٠٣) و نەهێشتنەوەیان بۆ رێککەوتەکانی ئامار و سەرژمێری و ریفراندۆم و.. هەڵوێستی تریشی لەبارەی زۆر شتی ترەوە لەناو خودی حزبیشدا هەبوو.

ساڵی ١٩٧٣ کاک جەوهەرم لەناو ریزەکانی پارتی و لەسەر رێبازە راستەقینەکەی بارزانیی مەزن ناسی، کاتێک کە هەردووکمان ئەندامی لقی (٣) بووین لە کەرکووک، ئەو کارگێڕیی لق و من بەرپرسی سیاسیی هێزی کەرکووک و دواتر لێپرسراوی ناوچەی چەمچەماڵ. جیاوازییەکی جەوهەرییش لە نێوانی کاک جەوهەری ئەوسای پێشمەرگە و ئێستای نووسەردا نابینم ئەوەی نەبێ ئەوسا بۆ دروستکردنی مێژوو تێ دەکۆشا، بەڵام ئێستا خەبات بۆ نووسینەوەی مێژوو دەکا.

بەشی یەکەم

# وتارەکان

## بودجەیەکی "بێ پلان و پڕ پلان"

پاش (٤) مانگ لە وادەی یاسایی خۆی، لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەی ٢٠١٠/١/١٩ی سەرۆک وەزیران، پڕۆژەی بودجەی خەمڵێنراوی ساڵی ٢٠١٠ی کابینەی ٦ی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند. بەگشتی تیشکی خستە سەر هێڵە سەرەکییەکان و قەوارە و چۆنیەتیی دابەشکردنی لەسەر هەردوو جەمسەرەکەی، (وەبەرکردن و وەبەرهێنان). ڕۆژێک دواتر، سەرنج و ڕاو تێبینیی خۆمان لەسەر شێوە و شێواز و ئیستیعراز و تەوقیتی ڕاگەیاندنی ئەو بودجەیەمان بۆ ڕۆژنامەی (ڕووداو) دەربڕی و لە ٢/٢١ بڵاو کرایەوە. لە ٢/٢٢ واتە پاش زیاتر لە ٢ مانگ تێپەڕبوون بەسەر وادەی پەسندکردنی یاسای ئەو بودجەیە و لە دانیشتنێکی نائاساییی پەرلەماندا، بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی و ئابووری، دەرگەی باس و تاوتوێکردنی کرایەوە.

بەدرێژاییی مێژووی ٩٠ ساڵەی ئەم ٣ ناوچەیە (سلێمانی، هەولێر، دهۆک) کە ئەمڕۆ پێی ئێژن (هەرێمی کوردستان) و لە ماوەی ١٩ ساڵەی تەمەنی حکوومەتەکەی، ئەم بودجەیە، گەورەترین و بێ سەروبەرترین و بێ پلان و پڕ پلانترین بودجەیەو بەپێچەوانەی ٥ کابینەی پێشوو، کابینەی ٦ی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەئیمتیاز یەکەم کابینەیە کە:

١- مەزەندەی ئەوە دەکرێت تاکو کۆتاییی ساڵ بودجەکەی لە ١٠ ملیار دۆلار زیاتر بێت.

٢- تەوقیتی ڕاگەیاندنی بودجەو ناردنی بۆ پەرلەمان، لە سەروبەندی دەستپێکی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بوو، واتە بەکارهێنانی (سەروەت و سامانی خەڵک) بۆ پروپاگەندەی حزبی. ئەمەش یەکەم جارە، بودجە، داخیلی گەمەی هەڵبژاردن دەبێت بەو ئاراستەیە کە

له خزمەتی لیستی دەسەڵاتدا بێت.

٣- پرۆژەی بودجەی کردە بابەتێکی گرژیی نێو هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا ئەو قۆناغە کە قۆناغی سەرەتای دەستپێکی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧ بوو بۆ پەرلەمانی ناوەند، دەبوایە حکومەت: بێلایەن بێت. وەک حکومەتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان (تصریف الاعمال) ڕەفتاری بکردایە، هێورکەری ڕەوشەکە بێت. بودجەکەشی ڕێکخەری ریزەکان بێت نەک پەرتەوازەکەر.

٤- بودجەکەی بووە مایەی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک گرفت و پێشینە، کە لە زۆر بواریدا مەترسیدارە لەسەر ئەم ئەزموونە و سەرەتای پرۆسەی دیموکراتی و ئازادییەکان بەگشتی و ئاسایشی نەتەوەییی میللەتەکەمان بەتایبەتی.

٥- پرۆژەی بودجەکەی بووە مەیدانێکی تاقیکردنەوەی ڕاستەخۆ، لە نێوان لیستی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، لە ڕووی هۆشیاری و جیدیبوون و وردبوونەوە و گردبوونەوە و، ئیلتزاماتیان بەرامبەر بەو خەڵکەی کە دەنگیان پێ داون. ئەو پرۆگرامەی کە دەنگیان لەسەر وەرگرتووە، ئەو سوێندە گەورە و پیرۆزە یاساییەی کە لە بەرامبەر پەرلەماندا و لە بەرچاوی ملیۆنان خەڵکی کوردستان خواردوویانە.

٦- بودجەکەی بووە دەروازەیەکی کراوە لە ڕووی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی بزانێت: دەسەڵات چۆن مامەڵە لەگەڵ سەروەت و سامانەکەی دەکات، چلۆن دابەش دەکرێت، بە چ شێوە و شێوازێک فێڵی لێ دەکرێت، هەندێ لە نوێنەران لە پەرلەمان چۆن بەگژ لایەنە تاریک و ناعەدالەتەکاندا دەچوون، چۆن هەندێکی تریان هەوڵی پەردەپۆش و پاساوهێنانەوەیان بوون بۆ ئەو هەموو کەموکورتییانەی. بۆیە هەلی موناقەشەکردنی ئەو بودجەیە، وەرچەرخانێک بوو لە ئاستی هۆشیاریی خەڵکی کوردستان لەمەڕ ئیستیغلالکردنی سەروەت و سامانەکەی، لە ناعەدالەتیی دابەشکردن، لە بەکارهێنانی بۆ مەرامی حزبی، لە تەخشان و پەخشانەکەی. بۆ ئەمەش چەند هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥ وەک

وەرچەخانێکی مێژوویی لە ژیانی سیاسی و حزبیی کوردستان، کاریگەر بوو لە شڵەقاندنی ژیانی چەقبەستووی مەنەپۆلی لیستی دەسەڵات، ئەوەندەش بێ سەروبەریی ئەو بودجەیە و تەوقیتی ڕاگەیاندنی و پەلەپەلکردنی لیستی دەسەڵات بۆ دەربازکردنی لە پەرلەمان، کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر قووڵکردن و فراوانکردنەوەی هۆشیاریی خەڵک لەمەڕ ناعەدالەتییەکان و بەفیڕۆدانی قووت و داهاتیان.

کێشەکە لەو ئاستە نەوەستا، بگرە هەر لە سەرەتای دانیشتنی رۆژی ٢٠١٠/٢/٢٢ی پەرلەمان و چۆنیەتیی ئیدارەکردنی دانیشتنەکە و ناوەڕۆکی راپۆرتی لێژنەی دارایی و ئابووری بەدەرکەوت، کە لیستی دەسەڵات خوازیاری ئەوەیە بودجەیەکی زیاتر لە ١٠ ملیار دۆلاری، لە ماوەی کەمتر لە ١٠ سەعاتدا ئاودیو بکات، وەلێ هۆشیاری و جدییەت و پێداگرتنی ئۆپۆزسیۆن ئەو هەوڵەیان پەکخست، پاش نزیکەی ٦٠ سەعات لە موناقەشە و کێشمەکێش، ناچار ژمارەیەکی بەرچاوی لیستی دەسەڵات هاتنە سەر ڕای ئۆپۆزسیۆن. لە ٢٠١٠/٣/٤، بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران دانیشتنەکەیان دواخران بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی ٣/٧.

لە ناوەڕۆکی بودجەکە و تەوقیت و کێشمەکێش و مشتومڕ و سەراو و دەراوی موناقەشەکان، چیمان بینی و چیمان بیست و چی چاوەڕوان دەکرێت..؟

ئەوەی بینیمانە هەر وەکو لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێ دا، پڕۆژە بودجەیەکی کابینەیەکی بێ سەروبەری بەردەوامبوونی سیستەمی پەنجا بەپەنجای کات بەسەرچووی سەردەمی لەدایکبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی شەرعیی پشت ئەستوور بەخەڵک و خاوەن بیروباوەڕ و بەرنامە و ئیرادەی گۆڕین و گۆڕانکاری و چاکسازی و گەشەپێدان.

زۆربەی زۆری لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی ئەو بودجەیەمان بیست، بە لایەنە لاواز و تاریک و هەڵە و پەڵەکارییەکانیشیەوە. لە هەمووشی مەترسیدارتر، تەجاوزی دەسەڵاتی کارگێڕی (ئەنجوومەنی وەزیران) و زەوتکردنی یەک لە گرینکترین دەسەڵاتەکانی دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان)

و دەسەڵاتی (دادوەری) و تێپەڕاندنی ئەم دەستتێوەردان و زەوتکردنە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

لایەنێکی پۆزەتیڤی ئەم بودجەیە قەوارەکەیەتی. لە مێژووی ١٩ ساڵی تەمەنی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەمە یەکەم جارە بودجەیەکی زیاتر لە ١٠ ملیار دۆلاری لە بەردەستدا بێت، بەمەش کابینەی ٦ لە ڕووی ئیمکانیاتی دارایی و ئابووری، ڕەوشی سیاسی و گەشەپێدان، فرسەتێکی نائاساییی باشی بۆ هەڵکەوتووە. بەدیوەکەی تردا، حکوومەت کە بودجەی زیاد دەکات تواناکانی زیاتر و فراوانتر دەبێت. وەکو پرەنسیپ کە ئیمکانیات و تواناکانیش زیاتر بوون، ئەوە شیمانەی گەشەپێدان لە بوارەکانی ئابووری و دارایی و کۆمەڵایەتی و کولتووری بەهێزتر دەبێت، ئەم دیاردەیە بۆ حکوومەتی خەڵک، کە دەبێت نەخشە و پلان و هەڵسوکەوتی لە خزمەتی گشت چین و توێژەکانی بێت و بەئاراستەی ئاسۆیەکی گەش و خۆش و ئارام. زیادکردنی مووچەی توێژە کەمدەرامەتەکان، بەتایبەتی کەمئەندامان و شەهیدان و کەسوکاری ئەنفالکراوەکانمان.

ئەگەرچی لە ئاستی پێداویستی و خواستی ئەوان و ئێمەمانان نەبوو، وەلێ دەستخۆشییان لێ دەکەین بە ئومێدی ئەوەی داکۆکیی ئەو ژمارە بەرچاوەی پەرلەمانتاران و ڕای گشتی لەم بارەیەوە لە بەرچاو بێت و پێداچوونەوەیەک بەو ڕێژانەدا بکرێتەوە، هەروەها دیاریکردنی بڕە پارەیەک بۆ یارمەتیی حزبەکان و بەڵێنی کەمکردنەوەی مووچە و دەرماڵەی بەرزەلێپرسراوانی هەرێمی کوردستان. بڵاوکردنەوەی بودجە و پرۆژە پێشنیازکراوەکان لە سایتی پەرلەمان، نموونەگەلێکی ترن لەو بارەیەوە.

دەبێ حکوومەت و پەرلەمان و خەڵکی ئێمە، بودجەیەکی زیاتر لە ١٠ ملیار دۆلاری بۆ هەرێمێک کە کۆی دانیشتوانی کەمتر لە ٤ ملیۆن کەسە بەهەند وەربگرێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەم بودجەیە بەراورد بکرێت لەگەڵ دەیان وڵاتی تری جیهان. وەک نموونە ئاماژە بەبودجەی ساڵی ڕابردووی چەند وڵاتێک دەدەم، وەک لەم خشتەی خوارەوە:

خشتەی ژمارە ١

| ز | ناوی وڵات | بودجەکە $ ملیار | ژمارەی هاووڵاتییان | بەشی تاک $ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئوردن | ٥,٥ | ٦,٣ | ٨٧٣ |
| ٢ | سووریا | ٩,٢ | ٢١,٣ | ٤٢٢ |
| ٣ | لبنان | ٨,٤ | ٤ | ٢١٠٠ |
| ٤ | ئەرمینیا | ١,٩ | ٣ | ٦٣٣ |
| ٥ | ئەلبانیا | ٣,٥ | ٣,٦ | ٩٧٢ |
| ٦ | بۆلیڤیا | ٨ | ٨ | ١٠٠٠ |
| ٧ | ئەسیوپیا | ٤,٨ | ٨٥,٣ | ٥٦,٣ |
| ٨ | هەرێمی کوردستان | ١٠ | کەمتر لە ٤ ملیون | ٢٦٠٠ |

سەبارەت بەلایەنە نێگەتیڤەکانی بودجەکە، زۆر گوترا و نووسرا، چ لە ناعەدالەتیی دابەشکردنی لە نێوان وەبەرکردن و وەبەرهێنان و لە ئاستی پارێزگا و شار و گوند و تێکەڵکردنی گشتی و تایبەتی و حزب و حکوومەت، چ لە بێ سەروبەریی پرۆژەکان و فێڵکردن لەخۆ و تاریکی لە هەندێ بواری خەرج و داهات تاکو ئەو ئەندازەیە کە ناکرێ مرۆڤ بێدەنگ و بێ هەڵوێست بێت.

لێرەدا سەرنجی خوێنەرانی بەڕێز ڕادەکێشم بۆ ٣ دیاردەی خەتەرناک بۆ ئێستا و داهاتووی ئەم ئەزموونە: کە لەسەر لیستی دەسەڵاتە بەجیدی بیری لێ بکاتەوە و ئۆپۆزسیۆنیش ورد و جیدیتر لێی بکۆڵێتەوە و حکوومەت بەهەندی وەربگرێت:

١- تێکەڵبوونی حزب و حکوومەت:

قۆرخکردنی دەسەڵات و سەروەت و سامان لەلایەن هەردوو حزبی

فەرمانڕەوا (پارتی و یەکێتی)، وای کردووە کە نزیکەی ٦٢٪ بودجەکەمان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە خزمەتی ئەواندا بێت، بەو پێیە ئەم دەزگا و فەرمانگانەی خوارەوە قۆرخ کراون و لەلایەن ئەو دوو حزبەوە، لە ئاستی لووتکە و کارمەند و خەرج:

خشتەی ژمارە (٢) بەملیۆن دۆلار

| ز | دەزگا | بودجە ملیۆن دۆلار | ڕێژەی لە گشتی |
|---|---|---|---|
| ١ | سەرۆکایەتیی هەرێم | ٦٥ | ٪٠,٦٥ |
| ٢ | پەرلەمان | ٦٧ | ٪٠,٦٧ |
| ٣ | سەرۆکایەتیی وەزیران | ٢٧٧ | ٪٢,٧٧ |
| ٤ | وەزارەتی پێشمەرگە | ١٠٥٨ | ٪١٠,٥٨ |
| ٥ | وەزارەتی ناوەخۆ | ١٠٠٦ | ٪١٠,٠٦ |
| ٦ | وەزارەتی دارایی | ٢٣١٠ | ٪٢٣,١ |
| ٧ | ئاسایشی پارتی | ٢٢٩ | ٪٢,٢٩ |
| ٨ | ئاسایشی یەکێتی | ١٨٨ | ٪١,٨٨ |
| ٩ | چاودێریی پارتی | ٧ | ٪٠,٠٧ |
| ١٠ | چاودێریی یەکێتی | ٥ | ٪٠,٠٥ |
| ١١ | هەیئەی وەبەرهێنان | ١٨ | ٪٠,١٨ |
| ١٢ | بەشی پارتی و یەکێتی | ٨٤٠ | ٪٨,٤ |
| | کۆی گشتی | ٦١٧٩ | ٪٦١,٧٩ |

وەزارەتی دارایی و ئابووری بەتەنیا ۱, ۲۳٪ی بودجەی هەرێمی کوردستانی قۆرخ کردووە بۆ خۆی. ئەم بودجەیە بەئەندازەی بودجەی ۱۲ وەزارەت لە کۆی گشتیی ۱۹ وەزارەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. واتە بودجەی ۲, ٦۳٪ی وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەئەندازەی وەزارەتی دارایی و ئابوورییە، کە ماک و سمبۆڵی دوو ئیدارەییە:

خشتەی ژمارە (۳)

| ز | وەزارەت | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| ۱ | ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | ٪۱, ۱۱ |
| ۲ | کشتوکاڵ و ئاودێرێ | ٪۳, ۱۹ |
| ۳ | گواستنەوە و گەیاندن | ٪۱, ۰۸ |
| ٤ | شارەوانی و گەشتوگوزار | ٪۰, ۳۹ |
| ٥ | ڕۆشنبیری و لاوان | ٪۱, ۱۹ |
| ٦ | تەندروستی | ٪٦ |
| ۷ | ئەوقاف و کاروباری ئاینی | ٪۱, ۱۸ |
| ۸ | کاروباری کۆمەڵایەتی | ٪۱, ٦٥ |
| ۹ | پیشەسازی و بازرگانی | ٪۰, ۸ |
| ۱۰ | دادوەری | ٪۰, ٤٥ |
| ۱۱ | خوێندنی باڵا | ٪٤, ٦٦ |
| ۱۲ | کارەبا | ٪۱, ۳۲ |
| | کۆی گشتی | ٪۲۳, ۲ |

* جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین کە بودجەی ٣ دەسەڵاتەکەی هەرێمی کوردستان: (کارگێڕی بەهەردوو باڵەکەی (سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران ٢٧٧ ملیۆن دۆلار + سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ٦٥ ملیۆن دۆلار = ٣٤٢ ملیۆن دۆلار)، (پەرلەمانی کوردستان ٦٧ ملیۆن دۆلار)، (دادوەری ٥١ ملیۆن دۆلار)، بە قەوارە گونجاو نییە لەگەڵ دروشمی کابینەی ٦ و بەرنامەی هەڵبژاردنی خودی لیستی دەسەڵات، سەبارەت بە تەرشیقکردنی فەرمانگە و خەرجی دەسەڵاتەکان. بۆ نموونە لە دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان تاکو ساڵی ٢٠٠٠ ساڵانە بودجەی پەرلەمان پەسند دەکرا بەدرێژاییی ئەو ٧ ساڵە کە بەندە لێی ئاگادارە، بودجەی پەرلەمان ساڵانە لە سنووری ٣٢ ملیۆن دیناری سویسری ئەوسا و لە سنووری ٤ ملیار دیناری ئێستا بوو. زۆرجار ساڵانە لە سنووری زیاتر لە ٢٠-٢٥٪ی ئەو بودجەیە دەگێڕدرایەوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری، کەچی بودجەی ئەمساڵی پەرلەمان ٧٣ ملیار دینارە، لە کاتێکدا هیچ لە ئەرک و رۆڵی پەرلەمان نەگۆڕاوە، تەنیا ٦ ئەندامی زیاد بووە، مووچە و دەرماڵەی ئەندامانی زیاتر بووە، دووریش نییە باری (تضخم) بەرز بووبێتەوە وەلێ هیچ لەمانە پاساو نین بۆ بودجەیەکی وەها قەبەی پەرلەمان یان سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان. لەوەش سەرنجراکێشتر، تەرخانکردنی ٢٧٧ ملیۆن دۆلار بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانە، کە ناگونجێت لەگەڵ ئیدعاکردنی ئەم سەرۆکایەتییە سەبارەت بەتەرشیقکردنی فەرمانگە و خەرجییەکان، کەچی بودجەکەی ساڵی ٢٠٠٩ی کەمتر بووە لە ٩٥ ملیۆن دۆلار. سەیر لەوەدایە لەو خەرجییە ١٥٠ ملیۆن دۆلاری تەرخان کراوە بۆ دروستکردنی قوتابخانە. لە کاتێکدا، ئەو جۆرە پرۆژانە ئەرکی وەزارەتی پەروەردە یان ئاوەدانکردنەوەیە! لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی دەمێنێتەوە بەبڕی ٣٣ ملیۆن دۆلار زیاترە لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ هەمان سەرۆکایەتی کە زیاتر لە ٤٢ وەزارەتی هەبوو. تاکو کەی ئەم ئەزموونەی ئێمە خۆی رزگار ناکات لە عمومییات، سەرۆکایەتیی وەزیران یان هەرێم یان پەرلەمان چ پێوەندییەکی بە پرۆژە و پرۆژەکاری... بەچاودێری

و.. لەسەر فەرمانی.. هەیە! ١٩ وەزارەت و دەیان فەرمانگە و هەریەک بەپێی بواری خۆی و بواری پسپۆڕی بەرپرسیارە.!

٢- لەسەر ئاستی ئاسایشی نەتەوەیی:

* دانانی٧٠٪ی بودجەکە بۆ وەبەرکردن (التشغیلیة) لەمەش زیاتر ٦٠٪ی بۆ مووچەخۆرانی حکوومەت دەڕوات، لە کاتێکدا بەپێی پێوەرە جیهانییەکان نابێت ئەو ڕێژەیە لە ١٣٪ تێپەڕێت. لە قەوارەیەکدا کە ژمارەی هاووڵاتییانی کەمتر بێت لە ٤ ملیۆن کەس، بەپێی زانیارییەکانی سەرۆکی حکوومەت لە سنووری ١,٣ ملیۆن مووچەخۆر بێت، ئەوە خەتەری ئەم دیاردەیە بەزەقی دەردەکەوێت و بەهەموو پێوەرێک دیاردەیەکی مەترسیدارە لەسەر هەردوو حزبی دەسەڵاتدار و حکوومەت و کۆمەڵگەی کوردەواریمان و خودی پرسی کوردیش، لە ڕووی ئاسایشی نەتەوەییمانەوە. بودجەکەمان زیاتر لە ٩٧٪ی سەرچاوەکەی ناوەندیی بەغدایە، کۆی گشتیی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان کەمترە لە ٤ ملیۆن، ئەگەر ئەوانەی لەژێر ١٨ساڵییەوە دەرکەین لە کۆی گشتیی ئەو ژمارەیە، ئەوا لەم وڵاتە، هەموو ئەوانەی کە دەکەونە نێو پێناسەی (هێزی کار) و ئەوانەی دوای ئەوانیش دەبێ مووچەخۆری حکوومەت بن، سەرچاوەی مووچەیش ناوەند بێت، ئەوە مانای وایە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان پشتی بەستووە بە ناوەندیی بەغدا و، خەڵکیش چاوی لە دەستی دەسەڵات و ورگیشی ڕوو لە سنووری وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بێت. کە ناوەند دەستی قوچان و وڵاتانی دراوسێ ڕێگەی ورگی خەڵکی گرت، چارەنووسی ئەم ئەزموونە و ئاسۆی ئەو خەڵکە زۆر گەش و ڕووناک نابێت. ناوەندیی بەغدا و داگیرکەرانی کوردستان لەمێژە لەو ڕاستییە گەیشتوون، بۆیە ناوەند (سەخییە) لە بڕە پارەو ئیمتیازاتی تایبەت و (بەخیل)ە لە ئاستی پرسی کورد، داگیرکەرانیش دەرگەیان ڤاڵا کردووە بۆ هاوردەی ورگمان و دەستیشیان کراوەیە بۆ دەستتێوەردان لە پرسی کورد. بەرەنجامی ئەم هاوکێشەیە، زیاتر ملکەچکردنی دەسەڵاتی هەرێمە بۆ ناوەند، زیاتر چەمانەوەیەتی لە بەرامبەر هێزە دەرەکییەکان، لەوەش زیاتر خەڵک موعتاد

بکات بە ژیانی مـشـەخـۆری، ئەمــەش دیاردەیەکی تری خـەتەرناکـە لەسـەر ئاسایشی نەتەوەییمان.

* لایەنێکی سـەرنجڕاکێشی ئەم بودجـەیە ناهاوسـەنگییە لە نێوان کـەرتی وەبـەرهـێنان، بـەبـایەخـنـەدان بـە بووژانـەوەی ژێرخـــانی ئـابـووریـی هـەرێمـی کوردسـتـان، چ بە ٣٠٪ی بودجـەکە کە دوو لەسـەر سێی بۆ پڕۆژەکانی بەناو (بەردەوامـەکـانە) یان بەو ٦٦ ملیـۆن دۆلارە کـە بۆ کشـتوکاڵ و پیشـەسازی تەرخـان کـراوە (ناکـاتە بڕە پارەی یەک مـانگی هـەردوو مـەکـتـەبی سـیـاسی «پارتـی و یەکـێـتی» کـە حکوومــەت تەرخـانی کـردووە بۆیان)، بۆ وڵاتێکی کـاولکراو کە تاکو ئەندازەی نان و پیاز و تەمـاتە و مـیوە و دەرزی ئیـسـتیراد دەکـات، بەمـەش بێ بەرنامــەیی ئـەم حکوومــەتە و کـورتبـینیی دەسـەڵاتی فـەرمـیـمـان بۆ دەردەکـەوێت. میللەتێک کـە تاکـو ئەندازەی نان و پـیـازیشی هـاوردە بێت، پشـتی بەسـتـووبێت بـە هێـزی کـاری بیـانی لە کـاتێکدا ڕێژەی بێکاریی بینراو و شاراوەی لە سنووری ٥٠٪ی کۆی گشتی هێزی کاری بێت، باسکردن لە بوونی ئاسایشی نەتەوەیی بێ مانا دەبێت!!.

* نـاعــەدالەتیی دابەشکردنی بودجــەکــە نەک هـەر لە نێــوانی هـەردوو جـەمسـەرە سـەرەکـییـەکەی و فـەرمـانگەکـانی پۆستـە سـیـادییـەکان، بگرە لە ئاسـتـی پارێزگــاکــان و شــار و شــارۆکــە و ئاوایـیــەکــانماندا بـە زەقی وەدەردەکـەوێت. بۆ نموونە: لە بودجـەی پێـشـنیـازکـراودا بـۆ وەزارەتەکـانی حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتـان، لەبڕی زیاتر لە ٣١٩١ ملیار دینار، بەشی پارێزگــای دهـۆک (١٣٣٥) ملیـــار دینارە و، پـارێزگــای هـەولێــر لە سـنووری (١٠٤٣) ملیار دینار، کەچی بەشی پارێزگای سلێمـانی و ئیدارەی گەرمیـان پێکەوە لەو بودجە پێشنیازکراوە، لە سنووری (٦٥٤) ملیار دینارە. ئەوەی کە سـەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێت، مامـەڵەکردنی لیسـتی دەسـەڵاتە، سـەبارەت بە شێوە و قـەوارەی دابەشـکردنەکەی بەگشـتی و شێوەی مامەڵەکردنیان دەرهەق بەناوچە دابڕاوەکـان لە ڕووی کـەمیی پڕۆژەکـان و حیسـابکردنی ئەو پڕۆژانە لەسەر بەشی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان بەتایبەتی.

بەناوچەگەریی یارمەتیدانی ناوچە دابڕاوەکانمان جگە لەوەی جۆرە ناهاوسەنگییەک دروست دەکات، ئەرکی نیشتمانیی پارێزگا و ناوچەکانی تر لەمەڕ بەشداری لە هاوکاریکردنی ئەو دەڤەرانە لاواز دەکات. دابەشکردنی ئەو ئەرکە بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستان لە ڕێگەی یەک سندووقی کۆمەک و هاوکاری لە ڕێگەی بودجەی خودی خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە فاکتەرێکی گرینگە بۆ قووڵ و فراوانکردنی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریی تاک و کۆمەڵی کوردەواریمان و بەهێزکردنی گیانی بەرپرسیارێتییان، ئەرک و هەستی وا فاکتەرێکی گرینگە بۆ ئاسایشی نەتەوەییمان، سەرەڕای ئەوەش دوور نییە سندووقی وەها ببێتە مایەی راکێشانی بەشداریی تاک و گرووپە کوردستانییەکانمان لە ناوەوە و لە دەرەوە، وەک پرۆژەیەکی نەتەوەیی بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی ناوچە تەعریبکراوەکانمان و مانەوەی کێشەکەیان بەزیندوویی تاکو گەڕانەوەیان بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان.

* جیاوازیی مووچەکان لە نێوان ناوەندیی بەغدا و کارمەندانی هەرێمی کوردستان. لە هەندێ بواریدا زیاتر لە دووبەرامبەرە. بەردەوامبوونی ئەم دیاردەیە دەبێتە مایەی ئەوەی کە خەڵکانێک لە کوردستان روو لە ناوەند بکەن، سەرەڕای ئەوەش ئەم جۆرە جیاوازییە دەبێتە مایەی کزبوونی مەیلی ئینتیما بۆ هەرێمی کوردستان و خاڵێکی لاوازە بۆ ڕاکێشانی توێژێکی گرینگی ناوچە دابڕاوەکانمان بەرەو خۆ.

ئەمانە و چەندان نموونەی تر، خاڵی لاوازی ئەم بودجەیەن، کە کاریگەری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان دەبێت لەسەر ئاسایشی نەتەوەییمان.

٣- دەستتێوەردانی دەسەڵاتی کارگێڕی (ئەنجوومەنی وەزیران) لە کاروباری دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) و دەسەڵاتی (دادوەری) هەرێمی کوردستان، بەدانان و خەملاندنی بودجەکانیان و چۆنیەتیی خەرج و داهاتی ئەو دوو دەسەڵاتە، زەوتکردنی یەک لە مافە سەرەکییەکانیانە کە یاسا گەرەنتیی کردووە بۆیان.

بەدیوەکەی تردا، ماف بەخۆدانی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران

بەوەی کە بودجەی پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری بخەملێنێ و مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو دوو دەسەڵاتە وەک فەرمانگە یان وەزارەتێکی حکوومەت، زیادەڕۆییەکی بێ ئەندازە مەترسیدارە و پێشینەیەکی یاسایی بێ وێنەیە کە کابینەی ٦ دەیەوێت لە ڕێگەی بودجە سەقەتەکەیەوە جێگیری بکات. لەوەش مەترسیدارتر، بێدەنگیی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و لیستی دەسەڵاتە لەم زیادەڕۆییە، بەتایبەتی دەربازکردنی ئەو دەستتێوەردانە، بەپەسندکردنی بودجەی پەرلەمان پێش ئەوەی پرۆژەی بودجە بدرێتە پەرلەمان و لەلایەن ئەندامانەوە تاوتوێ بکرێت و بڕیاری یاسایی لەسەر بدرێت.

دەبێ چی بێت وای لە پەرلەمانتارانی لیستی دەسەڵات کردبێت کە گوێ لە پێشنیازی ئۆپۆزسیۆن نەگرێت، سەبارەت بەنایاسایی پەسندکردنی بودجەی پەرلەمان. تۆ بڵێی پاساو و هەوڵدانیان، بۆ ڕێگرتن لە دەرخستنی لایەنە سەقەت و خاڵە تاریکەکانی بودجەی کابینەی شەش، وای کردبێت تاکو ئەو ئەندازەیە یاسا و ڕێسای خودی پەرلەمانی کوردستان پێشێل بکەن، کاتێک سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بەخیلافی یاسای پەرلەمان و، لە پشت ئەندامانیەوە، ڕێگە بدات بەدەسەڵاتی کارگێڕی، دەسەڵاتی دانانی بودجەی خودی پەرلەمان زەوت بکات و لە پرۆژەی خەمڵێنراوی حکوومەت، بودجەکەیان بخەملێنێت بەبڕی (٧٢,٧٤١,٠٠٠,٠٠٠) دینار و ئەندامانی پەرلەمان دەنگی لەسەر بدەن. ئەمە پێشینەیەکی بێ وێنەیە و بۆ یاساناسان و ڕۆشنبیران و خەڵکی کوردستان جێگەی سەرسووڕمانە. چونکە هەروەکو مەعلوومە و بەپێی مادەی ٨٨ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، خودی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، تەنیا دەسەڵاتە کە بودجەی تایبەتی خۆی دادەنێت و پەسندی دەکات: مادەی (٨٨: ئەنجوومەن بودجەیەکی تایبەتی خۆی دەبێت، کە لەناو بودجەی گشتیی کوردستاندا دەبێت). بەپێی مادەی ٨٩یش، ڕێوڕەسم و چۆنیەتیی دانان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بودجەیە دیاری کراوە (مادەی ٨٩: دەزگای ژمێریاری لە ئەنجوومەندا لە کۆتاییی هەر ساڵێکی داراییدا، دوا حیسابی خۆی دادەنێت و دەیخاتە بەردەم سەرۆک بۆ ڕەزامەندی لەسەر کردنی و هەواڵەکردنی بۆ لێژنەی کاروباری دارایی و ئابووری بۆ پێداچوونەوە و پێشکێشکردنی

ڕاپۆرتێک لەم بارەیەوە بۆ ئەنجوومەن). واتە پاش ئامادەکردنی (پرۆژەی بودجە) و (حیساباتی خیتامی)، لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە، دخرێتە بەرنامەی کار و هەمان مامەڵەی پرۆژە یاساکانی بۆ دەکرێت، لە بەرنامەی کار و خوێندنەوەی یەکەم و دابەشکردنی بەسەر لێژنە و ئەندامانی پەرلەمان تاکو موناقەشەکردن و ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی تایبەتی لەلایەن لێژنەی دارایی و ئابوورییەوە و لە دانیشتنێکی فەرمیی پەرلەمان، بەهەمان ڕێوڕەسم مامەڵەکردن لەگەڵ بودجەی حکوومەت مامەڵەش لەگەڵ بودجەی پەرلەمان دەکرێت. پاش پەسندکردنی بودجەی حکوومەت، بودجەی پەرلەمان دەبێتە بەشێک لە یاسای بودجەی گشتیی کوردستان نەک بەشێک لە بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، واتە وەک بڕگەیەک ئاماژەی بۆ دەکرێت لە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان. مافی ئەندامانی پەرلەمان لە وردەکارییەکانی خەرجیی ساڵی ڕابردووی پەرلەمان ئاگەدار بن.

کابینەی شەشەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مافێکی بنەڕەتیی دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان)ی زەوت کردووە. سازشکردنی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لەو مافە و شپرزەییی لیستی دەسەڵات و سەرقاڵبوونیان بەدۆزینەوەی پاساو و پینەوپەرۆکردن و حەساسییەتیان لە هەر زانیاری و ڕا و پێشنیازێکی ئۆپۆزسیۆن، وای لێیان کردبوو، زۆرجار، ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیی خۆیان لە بیر بکەن و ئامادە بن پەرلەمانەکەیان بکەنە وەزارەتێک یان فەرمانگەیەکی دەسەڵاتی کارگێڕی و ئیرادەیەکی گرینگ و بنەڕەتیان لێ زەوت بکات. لە هەموو بەشەکانی بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، داهات و خەرجی و کارمەندی پەرلەمان، وەک هەر وەزارەتێک و فەرمانگەیەکی حکوومەت لە خشتەکاندا تۆمار کراوە. بۆ نموونە: (٦٨٥) ملیۆن دینار. لەژێر ناونیشانی خشتەی (جدول الوظائف علي مستوى الوزارات لحكومة اقليم كوردستان ٢٠١٠/)دا و لە خانەی (الوزارة) بەزنجیرە (٢) پلەکانی (صنف)ی کارمەندانی و کۆی گشتی و ڕێژەکانی کارمەندانی پەرلەمان تەسبیت بکرێت بەهەمان شێوە سەبارەت بە (الموجودات غير المالية) القسم (٣١): (المستوى الاول: ٠١). جگە لە بوارەکانی تر ئەمەش یەک نموونەی پێوەنداری ئەو خشتانەیە:

القسم: (٣١) المستوى الاول: (٠١) الموجودات غير المالية المبالغ بالملايين:

| ن | اسم الوزارة | النفقات الفعلية لسنة ٢٠٠٨ | الاعتمادات المصدقة لسنة ٢٠٠٩ | المنقح لسنة ٢٠٠٩ | المصروف الكلي ٢٠٠٩ لغاية ٢٠٠٩/٦/٣٠ | مقترح من قبل الدائرة لسنة ٢٠١٠ | متفق وزارة المالية لسنة ٢٠١٠ | النسبه المئوية ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | المجلس الوطني | ١٣٤١ | ٣٠٩٢٧ | ٣٠٩٢٧ | ٨٤ | ٣٢٠٠٠ | ٢٥٠٠٠ | ٩,٦٦٪ |

دەسـەڵاتـی پەرلەمـان دەسـەڵاتی خـەڵکە، ئەوەی رووی داوە تەجاوزە لـەسـەر مـافی هاووڵاتیـیانی هـەرێمی کوردسـتـان و ئەزمـوونەکـەمان، پێـشینەیەکی یاسـاییی خـەتەرناکە، ناکرێت ئەندامانی پەرلەمان لە ئاستیدا بێ هەڵوێست بن. پرسیـارەکە لە بەردەم هەموو ئەندامـە بەڕێزەکانی پەرلەمانە، بە جیاوازیی ڕەنگ و دەنگ و ئینتیمایان، ئەرێ گەلۆ بۆ وا دەکەن...؟!

ئەو دەنگدانەی کە لەسـەر برگەی پرۆژە یاسای بودجە ئەنجام درا سەبارەت بەبودجـەی پەرلەمـان ڕەوا نەبوو. دانانـی بودجـەی هـەرێمی کـوردسـتـان بێ گـەڕانـەوە بۆ پەرلەمـان و بێ ئامـادەکـردنی بەشـێـوەی یاسـایی و دانـانی لە بەرنامـەی کـاری دانیـشـتنەکانی پەرلـەمان و لە ڕێگەی ئوسـوڵی خۆیەوە مـاف نەدرێت بەگشت لێژنە و ئەندامـانی پەرلەمـان بەپێداچوونەوە بەحـیـسـاباتی خیـتامی سـاڵی ڕابردووداو بەپرۆژەی بودجـەی سـاڵی ٢٠١٠ و پەسندکردن و دەرچوواندنی بەیاسـایەکی تایبـەت، هەڵەیەکی مەترسیدارە. هەر ئەمە بەتەنیا بەسـە، وەک هـۆکـارێک، بۆ گـەڕانەوەی ئەو بودجـەیە بۆ حکوومـەت بۆ ئەوەی حکوومـەت بودجـەکان جیا کاتەوە لەیەک (پەرلەمان، حکوومەت، دادوەری) و بەبودجـەکەی خـۆیدا بچێتەوە بەرەچاوکردنی ڕا و تێبینییـەکانی لێژنە و ئەندامە بەڕێزەکان.

بەهەموو پێوەرێک دەبووایە هەر چ نەبێت، لەبەر بێ سەروبەریی بودجـەکە، لێژنەکان بەگشتی و ئابووری و دارایی بەتایبەتی، داوایان لە سـەرۆکایەتیی پەرلـەمـان بکردایە بەشـێـوەیەک لە شـێـوەکـان بودجـەکـەی بنێـرێتـەوە بۆ حکوومـەت، بۆ پێـداچوونـەوە و ڕێکخـستن و داڕشـتنەوەی. ئێـسـتـاش بەپێچەوانەی دوا دەنگدانـەکانی پەرلەمانتاران لەسەر ژمارە گشتییەکان کە هەندێکی (یاسـایی) نەبوو، دروستـتـر و سـەلامـەتتـر گـەڕانەوەی بودجـەی ٢٠١٠یە بۆ حکوومەت.

ئەگـەر لیـسـتی دەسـەڵات بـەپشـتـبـەستن بەزۆرینەیان سـوور بن لە دەربازکـردنی بودجـەکـە و ڕێگر بن لە بـەردەم گـەڕانەوەی بۆ حکوومـەت، سـەرەڕای کەموکورتی و برگە لێڵەکانی، ئەوە دەستتێوەردانی ئەنجوومـەنی

وەزیران و زەوتکردنی مافی خودی پەرلەمان لەمەڕ خەملاندنی بودجەی پەرلەمان و ئەنجوومەنی دادوەری، بەسە بۆ ئەوەی ئەو بودجەیە بگەڕێتەوە بۆ حکوومەت.

تێبینی: ئەم بابەتە لە رۆژنامەی (ڕووداو) چاپی ئەوروپا و سایتی (ڕووداو نێت) رۆژی ٢٤-٣-٢٠١٠ و لۆمەندی کوردی بلاو کراوەتەوە.

٢٠١٠/٣/٢٤

## ئۆپۆزسیۆن

## لە نێوان بەردئاشی دەسەڵات و چاوەڕوانی خەڵکدا!

هۆکاری سەرەکی، بوون و گەشەسەندنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان و نکوولّی لێکردن و پێشێلکردنی مافی خەڵکەکەیەتی. بەرەنجامی سەرەکیی ئەمەش، بەرخۆدان و داکۆکیکردنی ئەم بزاڤەیە، لە خاک و مافی کوردستانییەکان. هۆکار و بەرەنجام واتە، (داگیرکردن و بەرخۆدان)، مۆری (ئۆپۆزسیۆن)ی بەسەر ئەم بزاڤەدا سەپاند و، ئەم بزاڤە و ململانێیەکەی دابەش کرد لە نێوان دوو بەرەدا، بەرەی خەڵک و بەرەی زەوتکەری خاک و مافەکانی خەڵک (دوژمن). ئەم هاوکێشەیە، بەدەر لە چەند هەلێکی کورتی مێژوو، هێشتا زاڵە بەسەر بیر و بۆچوونی بازنەیەکی فراوانی سەرکردایەتی و بنکردایەتیی بزاڤەکەمان لە باشووری کوردستان، ئێستایشی لە تەکدا بێت.

ئەو خەسڵەتە: (داگیرکردن و بەرخۆدان) و دابەشکردنی ململانێکە لە (دو وبەرە)دا، بەرەی (خەڵک) و بەرەی (دوژمن)، مەودای لەدایکبوون و گەشەسەندنی سروشتی (ئۆپۆزسیۆنی ناوەخۆ)ی نەدابوو، ئەگەر سەریشی هەڵدابێت یان پەڕاوێز و ئیحتیوا کراوە یان بە توندی سەرکوت کراوە و یان (تەخوین) و ناچار کراوە پەنا بەرێت بۆ بەرەی (دوژمن)، مانەوەشی لەنێو حەڵاڵ و حەرامەکەدا، بەند بووە بەبارودۆخ و هەلەکان.

پاش نسکۆی ١٩٧٥ و ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بەگشتی و قۆناخی دوای ٢٠٠٣ بەتایبەتی، بزاڤی ڕزگاریخوازی باشووری کوردستان، بەتەحدید هەردوو باڵە سەرەکییەکەی (پارتی و یەکێتی) و، دواتر دەسەڵاتی فەرمیی

هەرێمی کوردستان، چەندان هەلی لەباریان بۆ ڕەخسا، بۆ پێداچوونەوە بەو هاوکێشەیە و فەراهەمکردنی زەوینە و کەشوهەوایەکی تەندروست و گونجاو سەبارەت بەسروشتی خەبات و ململانێکان چ لە ئاستی ناوەخۆی حزب و لەنێو باڵەکانی بزاڤەکەمان و چ لە ئاستی دەرەکی. بەپێچەوانەوە ئەو دوو باڵە (پارتی و یەکێتی)، نەیانتوانی وەک پێویست، ئەو هەلانە بقۆزنەوە و گرفتەکانی ناوەخۆیان و کێشەی دەسەڵات و مەرجەعییەت لە هەرێمی کوردستان سەردەمییانە چارەسەر بکەن، نە بەئاشتی و نە بەشەڕ. لە جیاتیی ئەوە: هەردوولا سوور بوون لەسەر هەمان سیستەمی کۆنی حزبایەتی و قووڵکردنەوەی لایەنە نێگەتیڤەکانی، بەئیمتیاز بوونە داهێنەری پرەنسیپی پەنجا بەپەنجا، وەک ئەزموونێکی حوکمڕانی شاز و ناتەبا و پڕ لە ناکۆکی. لاپەڕەکانی ململانێیەکەیان و بەرەنجامەکانی ئەو ئەزموونە زۆر پۆزەتیڤ نییە، هەڵدانەوەی کاری مێژووناسانە.

هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەگشتی ڕەوشەکەی هەژاند، لایەنێکی گرینگی ڕەخساندنی دەرفەتی لەدایکبوونی (ئۆپۆزسیۆنی ناوەخۆ)ی بزاڤی ڕزگاریخوازی باشوورمان چ لە شێوە و شێوازی شەرعییەت و قووڵایی و پشتگیریی جەماوەر و چ لە "ڕەنگ و دەنگ و سەنگ"ی، لە ئاستی هەرێم و کوردستان و عێراق و ناوچەکە، بەرەچاوکردنی ئەو کەشوهەوا ناتەندروستە و ئەو دۆخە نالەبار و نابەرامبەرەی ململانێیەکە، وەک میراتێکی مێژوویی.

ئێمە دەزانین، هەڵبژاردن و بوونی ئۆپۆزسیۆن و لیستەکان، بە تەنیا، گەواهیبوونی سیستەمی دیموکراسی نادات، بێ فەراهەمکردنی بنەماکانی تری وەک: بوونی دەستوورێکی مۆدێرن، دابینکردنی بنەما سەرەکییەکانی ئازادییەکان، جیاکردنەوە و بەدەزگابوونی دەسەڵاتەکان، بوونی داوودەزگا مەدەنییەکان، گەڕانەوە بۆ خەڵک لەمەڕ پرسە چارەنووسسازەکان، پابەندبوون و پراکتیزەکردنیان لە واقیعدا. وەلێ سەرەڕای کەموکورتییەکانی ئەو بوارانە، لەدایکبوونی (ئۆپۆزسیۆنی ناوەخۆ) لە باشووری کوردستان، وەک یەک لەو بنەمایانە، سەرەتای وەرچەرخانێکی چەندایەتییە و بەدەستپێکی پرۆسەی

دیموکـراتـی و گـۆڕین و گـۆڕانکاری و ریفـۆرم دەژمـێـردرێ، بەتایبـەتـی لە ئەزمـوونـی ١٨ سـاڵەی حـوکـمـڕانـی خـۆمـاڵیی ئەم هـەرێمـەدا کـە سـیسـتـەمـی حـزبایـەتی و بەڕێوەبردنـی ئیـداری، لە زۆر لاوە، شـازە و کـات بـەسـەر چووە، گەندەڵیی شەکەت و کەنەفتی کردووە، کێشـە نیشتمانی و نەتەوەییەکانمان بە هەڵواسراوی مـاونەتەوە و جەمسەرە سەرەکییەکانی ئاڵۆز و تەڵختر بووە و لە هەندێ بواریشیدا بەرەو هەڵکشان دەڕوات.

راسـتـە سـەرکـەوتنی ئۆپۆزسـیۆن لە ٢٠٠٩/٧/٢٥، زۆر لە کێش و پێوانەی دەسـەڵاتـی رژێمـی هـەرێمـی نەگـۆڕی وەلێ، شـەقـامـی کـوردسـتـانـی هـەژاند، لووتکەی هەردوو حزبی فـەرمـانڕەوای تـووشـی شـۆک کرد، تەرازووی هێزیانی لەنگ کرد، دەسـەڵاتی ناچار کرد بیر لـە ئێـسـتـا و داهاتووی خـۆی بکاتەوە و هەوڵی ئیحتیواکردنی تەنگژەکانیان و پێداچوونەوە و چاکسازیش بدەن.

بەکـورتی، ٢٠٠٩/٧/٢٥ وەک دیاردەیەک، تەکـانێکی بـەهـێـز بـوو لە ڕووی قووڵکردنـەوەی ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیرییە کوردستانییەکان و پانتاییی ئازادییـەکـان و سـەلماندنی گـرینگیی دەنگدەران و هەڵبـژاردن و بـوونی ئۆپۆزسیۆن. مـەعلوومیشـە گرینگیی هەڵبژاردن و بـوونی ئۆپۆزسـیۆنیش، لە سەروبەندی ئەمڕۆی هەرێم و کوردستان، لەوەدا بەرجەستە بوو کە:

١- دەسـەڵات خـەڵکە، هـەڵوێست و ڕای خـەڵکیش قـابیلـی گـۆڕین و گـۆڕانە، سەنگی مەحەکیش پابەندبوونە بەماف و خواستەکانی، بڕیاری کۆتاییش، نە پارەیە و نە هێزی چەکداریی زۆرە و نە لیستی بەحزبیکردنی خەڵکە و نە مـێـژووە، بگرە زیاتر کـردەوە و مـیـسـداقـیـەتی کـردەوە و سـندووقی دەنگدانە.

٢- بەرزکردنەوەی گیانی بەرپرسیارێتی و چاندنی تۆوی متمانە و گەڕانەوەی متمانەیە بۆ خودی تاک و گرووپ.

٣- بەهـێـزکـردن و گـەشـەپێدانی ئەو قـەوارەیـە چ لە ناخی تاک و چ لەنێـو گرووپ، بەتایبەتی لەنێو چین و توێژە هەژار و زەحمەتکێشـەکان و ئافرەت

و لاوەکـانمـان کـە زۆرینەی جـەمـاوەرن. بەو پێـیـە خـودی خـەڵکە ڕەشـوڕووتەکـە هـێـزی لەبن نەهـاتوون و فـاکـتـەری سـەرەکـیی گـۆڕان و گـۆڕانکـارین و هـەر ئـەوانیش بڕیاردەرن لـە چارەنووسـی خـۆیان و وڵات و کێشە ڕەواکانیان، ئەگەر دەرفەتی لەباریان بۆ بڕەخسێت.

٤- هۆشـداریـیـەکی نیـشـتـمـانی و نەتەوایـەتی و نێـودەوڵـەتیـیـە، سـەبارەت بەواقیـعی ئەمڕۆی هەرێم و شـێوە و شـێواز و بەرەنجـامی دەسـەڵاتی دوو جەمسـەری و پرەنسیپی پەنجا بەپەنجای پارتی و یەکێتی و شکسـتهێنانی لە زۆربەی زۆری بوارەکاندا.

قـۆناخی پێش ٢٠٠٩/٧/٢٥، بۆ (ئۆپۆزسـیـۆنی ناوەخـۆ)، سـەرەتای ژان و ئازاری لەدایکبوونی بوو، بۆ لیستی دەسەڵات، پاشەکشێ و داکشان.

پاش ٧/٢٥ دەسـتـپێکی گۆڕین و گـۆڕان و ریفـۆرمە. هەردوولا لـە حاڵەتی تاقیکردنەوە و ڕووبەڕووبوونـەوەدان بەتایبەتی دوو هەڵبژاردنی چارەنووسـساز بەرێگەوەیە، یەکـەمـیـان ئـەنجـوومـەنی نوێنـەرانی عـێـراق (٢٠١٠/٣/٧) و دووەمـیـان پارێزگـاکـان (مـانگی ٢٠١٠/١٠). پێـشـبـینیی ئەوە دەکـرێت ملمـلانێـیـەکە قـووڵ و فراوانتر بێت، لیسـتی دەسـەڵات، پاش ئـەزمـوونی تاڵی ٧/٢٥، پەنـا ببـاتە بـەر هـەمـوو شـێـوە و ئامـرازێک بۆ چارەسـەرکـردنی تەنگژەکـانی چ بە ئیحتیوا و ڕاگرتنـی شەپۆلی نارەزایی و بێزاریی ناوەخۆی حـزبی و ڕەوتـی ئۆپۆزسـیـۆن لە ڕێگەی ئـاڵوگـۆڕ و جـێگۆڕکـێی ڕوومـەتی لە ئاسـتی حـزب و ئیـدارە و، چ بەسـوودوەرگـرتن لە یاسـا و ڕێسـاکـان و ئیسـتغلالکردنی دەسـەڵات و دەرفـەتە جیاجیاکانی، تاکو ئەو ئەندازەی بۆی بلوێت، بەدەسـتـتێوەردان و سیاسـەتی (ترس و برس) وروژاندنی مـەترسـییـە دەرەکییەکانیشەوە.

لیـسـتی دەسـەڵات (پارتی و یـەکـێـتی)، وەکـو دوو حـزبی فـەرمـانڕەوا، بەئـەزمـوون و بەئیـمکانیـاتن، تاکـو پێـیـان بکرێت و دەرفـەت هەبێت و لە بەرژەوەندییاندا بێت، بەردەوام دەبن لەسەر نەهج و سیاسـەتی دووجەمسـەری و بەکـارهێنان و تەسـخـیرکـردنی دەسـەڵاتی فـەرمی و سـامـانی مـیللەت بۆ

مەرامی حزبی و تایبەتیش، ڕێککەوتنی بەناو (ستراتیجی) گوزارشتە لەو ڕێبازە، نموونەی نوێش: (خروقاتی) هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥، دانیشتنی یەکەمی خولی سێیەمی پەرلەمان و شێوە و شێوازی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتییەکەی، چۆنیەتیی تەکلیفکردنی سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی و پێکهاتن و مەراسیمی پرۆسەی متمانەدان بەکابینەی شەش، کەتنی هەموارکردنی یاسای (هەڵبژاردنەکانی عێراق- ژمارە١٦ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو) لە ٢٠٠٩/١٢/٦، هەنگاوە سەرەتاییەکانیان بەناو پێداچوونە، نانبڕین و ڕاونانی لێرە و لەوێی لایەنگیرانی ئۆپۆزسیون بەتایبەتی لایەنگرانی گۆڕان.. تاد. بۆیە زۆر لە چاودێران مەزندەی ئەوە دەکەن ڕەوتی گرژیی سیاسی زەقتر بێت، بەڵێنی چاکسازی و تەفعیلکردنی ڕەوشەکە لە ئاستی حزبی و کارگێڕی، زیاتر بۆ تێپەڕاندنی کات و رووکەشی بێت، زۆر لە جەوهەری پرەنسیپی دووجەمسەریی لووتکە و هێمای دەسەڵات و دوو هێز و دووخەزنە و دوو ناوەندی بڕیاری نەگۆڕدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت ڕەچاوی ژمارەی ئێستای کورسییەکان و ڕێزبەندیی لایەنەکانی نێو پەرلەمانی کوردستان نەکەین کە: پارتی (٣٠) کورسی٢٧٪، یەکێتی (٢٩) کورسی٢٦٪، گۆڕان (٢٥) کورسی ٢٣٪. تاد، هەروەها سیستەمی (نیمچەکراوە)ی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠١٠/٣/٧) بەهەند وەرنەگرین کە شیمانەی گۆڕینی ڕیزبەندی لایەنە کوردستانییەکان بەتایبەتی لە نێوان پاڵێوراوانی پارتی و یەکێتی، لە جێگۆڕکێی پاڵێوراوان و ژمارەی کورسییەکانیان لە ئارادایە. بۆیە چەندوچۆن و چ بێت، هۆ و هۆکار و مەبەست، ئەو دوو دیاردەیەی دوای ٢٠٠٩/٧/٢٥، جۆرە "گۆڕینێکە" لە پرەنسیپی پەنجا بەپەنجا و، لە هەلومەرجی هەرێم و سروشتی ململانێیەکان، سەرنجڕاکێشە.

بەرامبەر بەمانە، (ئۆپۆزسیۆنی ناوەخۆ)، قۆناخی دوودڵی و بێدەنگی و کێشمەکێشی ناوەخۆی حزبایەتی و ژمارەیەک لاواز و پەڕاوێزکراوی نێو دەسەڵاتی دەرباز کرد، ئێستا قەوارەیەکی یاسایی و پێناسەکراو و

تازەنەفەس و گەرمە، خاوەن بەرنامەیە و پابەندە بەجەختکردن لەسەر وەدیهێنانی، پشت ئەستوورە بەشەقامی کوردستانی و هەوادارانی، لەبەرئەوەی لە دەرەوەی دەسەڵاتە و ڕکابەریەتی، پانتاییەکی فراوانی چین و توێژەکانی ئەو شەقامە چاوەڕوانی ڕۆڵ و پەیمانەکانیەتی، بەپێچەوانەی لیستی دەسەڵات، ئەکتیڤکردنی ڕۆڵ و گلێرکردنەوەی ریزەکانی پێویستە و، پانتاییی مناوەرەی فراوانترە، جموجۆڵی سووکترە، پاڵەپەستۆی کاریگەرترە لەسەر دەسەڵات، ڕاکێشانی سەرنج و هەستی خەڵک ئاسانترە.

لووتکەی دەسەڵات لە هەرێم، بەو پێیەی کە راهاتوون لەسەر دەسەڵاتی رەها و حوکمڕانی ئاسان و بێ بەرهەڵستکار، لە ئاستی ناوخۆ، حزب و حکوومەتیان لەلا یەکە. ئەم دید و بۆچوونانە بوونەتە بەشێک لە مەنزوومەی فیکری و هەڵسوکەوتیان و تاکو ئەو رادەیە: پرسی کورد لای هەندێکیان کالایەکە مامەڵەی پێ دەکەن، دەسەڵات و سامانی ئەم میللەتە بەمافی سروشتی خۆیان دەزانن، خۆیان بە سەروەر و داهێنەر و مالیک، خەڵک بەرەعیەت و مێگەل و سوخرەچی. ئەرک و ماف تێکەڵ دەکەن، تایبەتی و گشتی لەیەک جیا ناکەنەوە، سنوور لە نێوان مەشروع و نامەشروع بزر کراوە، بەهۆشیاری و ناهۆشیاری سەرقاڵی فەساد و ئیفسادکردنی هێز و توانا بزوێنەرەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریمان. یەکەم لە ئاستی حزب: بەلادان لە پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆ و شێواندنی سیستەمی وەرگرتن و پێگەیاندنی ئەندامان و کادیران و هەوڵدان بۆ گواستنەوەی لە قوتابخانەیەکی پەروەردەکردن و پێگەیشتن و لەخۆبردوویی بۆ دەزگایەکی ئیستیعاب و مشەخۆرو سڕکراو. مەعلوومیشە کە پێوەر و بنەما و دەستووری حزب وەلاوەنرا، وەرگرتن و بوونە ئەندام هەرەمەکی دەبێت و پالاوتن بۆ پۆستی حزبی دەبێتە تەعین، تەعینیش لەسەر بنەمای پێوەندیی تاکەکەسی، پێوەندیی تاکەکەسیش لەسەر ئەساسی میزاج و وەلا دەبێ، وەلائیش لەسەر بنچینەی خزمایەتی و بنەماڵەو تەکەتول، تەکەتولیش لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیی تایبەتی، بەرژەوەندیی تایبەتیش لەسەر بنچینەی کارکردن بۆ خۆ و بازرگانی

و (...) تاد. بەکورتی: کاتێک حزب و ئەندامی حزب رووت دەکرێتەوە لە بەها نیشتمانی و نەتەوایەتی و مرۆییەکان، ئیدی ئەوەی پێی ئێژن پرەنسیپ و خەتی سوور زەحمەتە بەدی بکرێت. دووەم لە ئاستی حکوومەت: بەتەحویلکردن بۆ چەتر و ئامرازێکی (شەرعیدان) بەگەیشتن بەویستە تایبەتییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵیدا زیاتر وەک فەرمانگەیەکی کارتی گشتیی سیستەمی شەرقیی کۆن و دەروازەیەک بۆ لووشکردن و بەفیرۆدانی سامانی خەڵک و لە کاتی پێویستیش کوتەک. لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەو دیاردەیە:

١- تێکەڵبوون و دەستتێوەردانی فرەلایەنیی حزبی لە کاروباری ئیداری تاوەکو ئەو ڕادەیەی حکوومەت یەعنی حزب و حزبیش لووتکە.

٢- نەبوونی ئەولەویات و پرۆگرام و بەرنامە و نەخشە و پلانی دروست و دیاریکراوی (فەرمی) جیاجیای ستراتیجی، بۆ بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و نەتەوایەتی. بۆ نموونە: ئەوە شەش مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان تێپەڕی و چوار مانگیش بەسەر متمانەدان بەکابینەی شەشەم، تاوەکو ئێستا ئەم کابینەیە بێ بەرنامە کار دەکات، پرسیارەکەش ئەوەیە: چۆن پەرلەمان متمانەی دا بەکابینەی شەشەم؟ پرس و پرسینەوە و بەدواداچوونی پەرلەمان لەسەر چ ئەساسێک دەبێت؟ لەوەش گرینگتر، لە ٢٠١٠/١/١٩، پرۆژەی بودجەی حکوومەت ڕاگەیێندرا، قەولە بنێردرێتە پەرلەمان، کە حکوومەت بەرنامەی فەرمیی پەسندکراوی پەرلەمانی نەبێت، لەسەر چ ئەساسێک بودجە خەمڵێنرا؟ و بە چ پێوەرێک دەکرێ ئەندامانی پەرلەمان، مامەڵە لەگەڵ ئەم بودجەیەدا بکەن؟ بودجە تەنیا چەتری ریزکردنی ژمارە و خانەبەندیی بڕە پارە و ڕەوایەتیدان بەخەرجکردنی نییە، بگرە گوزارشتە لە فەلسەفەی دەسەڵات و ڕەنگدانەوەی بەرنامەکەیەتی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

٣- بازاڕێکی هەڕەمەکی و بازرگانییەکی مۆنۆپۆلکراو لەلایەن چەند کەس و

تاقمێکی دیاریکراوی بازنەی تەسکی دەسەڵات، دوور لە فەلسەفە و ڕۆڵی حکوومەت لە تەرشیدکردنی کەرتی ئابووری بەگشتی.

٤- دابەزینی ئاستی زانست و شێواندنی سیستەمی پەروەردە و خوێندنی باڵا و لایەنەکانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و بە(بزنس)کردن و هەراج و هەرزانکردنیان.

٥- دوورخستنەوەی توێژە جیاجیاکانی لاوان لە کێشە هەنووکەییەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە و پرسە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانمان، لە ڕێگەی چەندان تۆڕ و ناوەندی دەستکرد بۆ نموونە، لە بواری ڕاگەیاندن و بەناو ڕێکخراوە مەدەنییەکان، پاڵدان و ڕاکێشانی ئەو توێژانە بەرەو لاساییکردنەوەی لایەنە روومەتی و بەسەرچووەکانی ژیانی (بەناو مۆدێرن) و، دوور لە بنەماکانی فێربوون و ڕاهێنان و بنیاتنانەوەیان لە ئاستی زانست و پرسە کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانمان.

ئەم نەخشە سەقەتە وای کردووە لە جیاتیی ئەوەی هەرێمەکەمان ببێتە ناوەندێکی ڕاکێشان (جەزب)ی گەنج و پسپۆڕانمان لە هەندەران و گەڕانەوەی کوردستانییەکان لە غوربەت و موعانات و ژیانی دوور لە وڵات، بووەتە هۆکارێکی (گرد)ی گەنجان و دەرچووی زانکۆکان و هێزی کارمان، بەهەڵاتنیان بۆ هەندەران و ڕووکردنە داهاتوویەکی نادیار. ئەم واقیعە تاڵە، ئەگەرچی پاشماوەی سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بووە، بۆ تێکدانی بنیاتی کۆمەڵگەی کوردەواریمان، وەلێ ١٨ ساڵ لە حوکمڕانی پارتی و یەکێتی نەک ئەم دیاردە خەتەرناکە چارەسەرنەکراوە، بگرە لە هەندێ بواردا قووڵ و فراوانتر بووە، بەسووربوون لەسەر پشتگوێخستنی ژێرخانی ئابووری، مانەوەی هێزی کار و کۆمەڵگەکەمان وەک هێز و کۆمەڵگەیەکی پەراوێزکراو و مشەخۆری بەرخۆرە (مستهلک)، لە جیاتیی گۆڕینی بۆ کۆمەڵگە و هێزێکی بەرهەمهێن.

لەم بارەوە، سەرنجی خوێنەری بەڕێز ڕادەکێشین بۆ ئەو قەوارە زۆرەی مووچەخۆرانی حکوومەت و سیاسەتی سەقەتی ئابووری و بازرگانی: زیاتر لە

٪٧٠ی بودجەی ٢٠١٠ تەرخان کراوە بۆ بەکاربردن (النفقات التشغلیة). سەدان ڕێکخراوی جەماوەریی تایبەت بەلاوان و قوتابیان و ئافرەتان و منداڵان و سەندیکا و بنکەی تری بەناو کۆمەڵگەی مەدەنی، لە تەک هەر هەموو ئەمانە، ئەو ڕاگەیاندنە زۆر و بۆر و بێ سەروبەر و بێ ناوەڕۆکە. ئەمانە نموونەگەلێکی سەردەمی بەسەرچووی وڵاتانی بلۆکی (شمولی) و دنیای شەڕی سارد و جیهانی دووجەمسەریمان وەیاد دێننەوە. بەشێکی زۆری لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەو سیاسەتە لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، لەمەش زیاتر هەردوو حزبی فەرمانڕەوا بەرپرسیارن لێی، لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ باجی بەشێکی ئەو سیاسەتانەیان دایەوە.

ئەزموونی پێش ٢٠٠٩/٧/٢٥ و کورتهێنانی لیستی دەسەڵات لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، کێشەیەکە پێوەستە بەسەرتاپای سیستەمەکەمان. ئەو بەرەنجامە، هەڵە و کەمتەرخەمی و گرفتی لێپرسراوانی بنکە حزبی و ئیدارییەکان نەبوو، بە ئەندازەی لووتکەکانیان. کتوپڕ نەبوو، بگرە چاوەڕوانکراو بوو. سودفە نەبوو، بگرە حەتمی بوو. ئیستیسنائی نەبوو، بگرە کەڵەکەبوونێکی هەمەلایەنە و مێژوویی بوو. نکوولیکردن لەو تەنگژە و بەهەند وەرنەگرتنی ئۆپۆزسیۆن و سیاسەتی ترس و برس، دەرمانی دەردەکانی دەسەڵات ناکات، بەپێچەوانەوە ڕەوشەکە ئاڵۆزتر دەکات و، پەردە لەسەر دروشم و پەیمانەکانیان هەڵدەداتەوە، تەنگژەکانی قووڵ و بەرینتر دەکات، ئۆپۆزسیۆن جەخت و سفت دەکات و جەماوەریش دەخرۆشێنێت، چونکە بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی شەرعی و یاسایی و پەرلەمانی و زمانحاڵ و هەڵقووڵاوی نێو ئەو جەماوەرە، یەک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی سیستەمی دیموکراتییە. روونتر ئۆپۆزسیۆن، وەک (حکوومەتی سێبەر)، لەم هەرێمە، وا دەست بەکارە، ڕۆڵی سەرەکی گەڵاڵە و داکۆکیکردنە لە خواست و ویستی خەڵک، پاڵەپەستۆ خستنە سەر حکوومەتە بۆ ئەنجامدانیان، لە قاودانیانە وەک (نوێنەری زۆرینە) و دەزگای کارگێڕی کە بەرپرسە بەرامبەر (گشت خەڵکی هەرێم)، لە کاتی کەمتەرخەمی و کەموکورتییەکانیان و، خستنەڕووی

ئەو کەموکورتییە لەنێو پەرلەمان و لە میدیا جیاجیاکان و لە کۆڕ و کۆبوونەوە تایبەتی و گشتییەکان، شان بەشانی عەرزکردنی پرۆگرامی خۆی لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و کولتووری و هەوڵدان بۆ پراکتیزەکردنیان بەشێوەی پرۆژە یاسا، کە دوور نییە زۆر لەو پرۆژانە هاوتەریب بن لەگەڵ ئەوانەی دەسەلات یان بەپێچەوانەوە.

دەبێ دەسەلات بەقەناعەتەوە لەوە بگات کە: ئۆپۆزسیۆن هەیە، خەڵک دەنگی پێ داوە، بەرنامە و بەڵێنەکانیشی بەگشتی گوزارشت لە بیر و بۆچوون و داخوازییەکانی دەنگدەرانی دەکات و زمانحاڵیانە، مولزەم و پابەندە بەبەڵێنەکانی. ئۆپۆزسیۆنیش لەوە بگات کە: لەگەڵ لیستی دەسەلات دوو جەمسەری ململانێکەن، هەڵقوولاوی نێوجەرگەی کۆمەڵگەی کوردەواریمانن یەک تەواوکەری ئەوی ترە، بەدەنگی دەنگدەران ئەو دوو رۆڵ و ئەرکانەیان پێ سپێردراون، بە دەستوور و یاسا دەبێت واقیع و سنووری دەسەلاتیان دیاری بکرێت، هەر بەو پێیە دەبێت هەمان ئەو بنەمایانە سەرچاوە و حاکمیەتی هەڵسوکەوت و رەفتاری ئەم دوو جەمسەرە بێت. بۆ ئەو مەبەستەش، چەند ئۆپۆزسیۆن تۆکمە و بەهێز و جیدی بێت لەگەڵ خۆ و مەوزووعی و هۆشیار بێت لەمەڕ واقیع و مەوقیع و رۆڵ و بنکەی لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریمان، ئەوەندە دەتوانێت ببێتە هێزی پاڵپەستۆ و رەخنەگری پۆزەتیڤ و بنیاتنەر و زۆرینەی خەڵک لە دەوری خۆی گرد بکاتەوە، هەیبەت و رێزی خۆی بەسەر دەسەلات و لەنێو شەقامی کوردستانیدا دابین بکات، هەروەها هاوکار و پشگیر بێت لە لایەنە چاک و پۆزەتیڤەکانی حکوومەت لە بواری خزمەتگوزاری و کێشە و پرەنسیپە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانمان، هەروەک چۆن ژیرانە و شێلگیرانە لایەنە خراپ و نێگەتیڤەکانی دەسەلات دەخاتە ڕوو لە قاویان دەدات، بۆیە هەردوو جەمسەری هاوکێشەکە قابیلی گۆڕان و گۆڕینە، بەو پێیەی کە خواست و وەلا و میزاجی خەڵک چەقبەستوو نییە.

پشتبەستنی لووتکەی دەسەلاتی هەر حزب و تاقمێک، بە مێژوو و کەلەپووری رابردوو و دروشمی بریقەدار و بەڵێنی بێ بنەما و سیاسەتی

رازیکردن، گرەنتی نییە بۆ مانەوەی وەلا و راگرتنی بنکە و پایەیان لەنێو جەماوەر، تاوەکو لەنێو خودی بنکەی حزبیشیاندا، بەپێچەوانەوە ئەو دیاردەیەیان لە هەندێ بواریدا بارگرانییە، ئەم راستییە هەردوولای ململانێکە دەگرێتەوە. ئەوەی فریادڕەسیانە: هەڵسوکەوتی رۆژانە و بەرنامە و سیاسەتەکانیانە لە بواری ئابووری و کۆمەلایەتی و کولتووری و مامەڵەکردنیان لەگەڵ پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکانمان و راگرتنی دڵی شەقامی کوردستانی و چاککردنی باری ژیانی خەڵک بەتایبەتی ژیانی چین و توێژە هەژارەکان و کەمدەرامەتەکانمان و دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی ئەکتیڤ و باش بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و چارەسەرکردنی دیاردەی (بێکاریی داپۆشراو) و دوورکەوتنەوە لە غروور و لووتبەرزی و دەسەلاتی رەها و خەڵک بەهیچ نەزانین.

دەسەلاتی لیستی کوردستانی (پارتی و یەکێتی) بە تاک و پێکەوە، ئەزموونێکی ١٨ ساڵ حوکمڕانی خۆماڵییان هەیە. بێگومان ئەم دەسەلاتە لە ١٨ ساڵی حوکمڕانیاندا، بەخۆشی و ناخۆشییەوە و بە شێوەیەکی رێژەیی، گۆڕین و دەسکەوتی بەرچاویان وەدەست هێناوە بەتایبەتی: لە بواری ئەمن و ئاسایش، ئاشتەوایی گشتی، بوونی کورد لە ناوەندی بەغدا، رەخساندنی زەوینەی گونجاو بۆ چەند بوارێکی خزمەتگوزاری و بووژاندنەوەی ژیانی خەڵک و ئازادییەکان، بەپێچەوانەی کەموکورتییەکانی ئەو بوارانە (کە زۆرجار ناوەندی رەخنەمان بوونە). ناکرێ مرۆڤ نادیدە بێت لێیان، وەلێ هەر بەهەمان شێوە چەندان بواری گرینگ و بنەڕەتی هەن، کە ئەم دەسەلاتە خۆی لە قەرەی نەداوە، یان بەجیدی کاری بۆ نەکردووە، بەتایبەتی لە بوارەکانی بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری و دانانی سنوورێک بۆ دیاردەی ئیستهلاکیبوون و پشتبەستن بە هاوردەکردن (الاستیراد) و، کێشە بنەڕەتییەکانی دادپەروەریی کۆمەلایەتی و بەرێوەبردن و دیموکراسی و پرسە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانمان. کەموکورتییەکانی ئەو بوارانە یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی لەدایکبوونی ئۆپۆزسیۆن بوو، هەر ئەوانەش سەرمەشقی

سەرەکیی بەرنامە و پاساوییوون و پێشڤەچوونیان دەبێت.

لە نێوان لیستی دەسەڵات بەگشتی و هەرسێ لیستی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی، چەندان خاڵی هاوبەش سەبارەت بە گۆڕین و گۆڕان و چاکسازی بە دی دەکرێن. بۆیە وەک چۆن لەسەر دەسەڵاتە، بەڵێنەکانی خۆی بەجێ بێنێت، ئەرکی سەرەکیی ئەم قۆناخەی ئۆپۆزسیۆنیش، پاش گلێرکردنەوەی ریزەکانی، جەختکردنە لەسەر:

١- چاودێری و بەدواداچوونی بەڵێن و بەرنامە و هەڵسوکەوتی دەسەڵات و کارکردن بۆ وەدیهێنانی ویست و خواستی خەڵک و گەڕانەوە و پابەندبوون بە ئیرادە و بەرژەوەندییە باڵاکانی، لە پێش هەمووشیانەوە چارەنووسی ناوچە تەعریبکراو و دابڕاوەکانمان، بەتایبەتی کوردستانیەتی کەرکووک و گەڕانەوەی گشت ئەو ناوچانە بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان. سازشکردن لەسەر کەرکووک و هەر ناوچەیەکی تر و سنووری باشووری کوردستان، لە پێناو دەستگرتن بەکلاوی خۆیان بۆ یەک دوو پلە و پایەی سیادیی بێ دەسەڵات و برە پارە و چەند گرێبەستێکی نەوت و گاز و جەزبەی یەک تەرەفەی ئیدارەی ئەمەریکایی، هەڵەیەکی گەورەیە و ناکرێت بەهیچ شێوەیەک قابیلی قەبووڵ بێت. بۆ ئەمەش چەند لیستی دەسەڵات بەرپرسیارە ئەوەندەش ئۆپۆزسیۆن.

٢- بەدەزگاکردن و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سووربوون لەسەر سەروەریی یاسا و پرەنسیپی هاووڵاتیبوون و رزگارکردنیان لە مۆنۆپۆلکردنی حزبی و بەرژەوەندیی تایبەتی، لە پێش هەمووشیانەوە بەهێزکردنی رۆڵی پەرلەمان وەک دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێری و مینبەر و گۆڕەپانی ململانێ سیاسییەکان و گەڕانەوەی دەسەڵاتەکان بۆ نێو هۆڵەکەی و بەتەحدید فراکسیۆنەکانی، نەک مەکتەب سیاسییەکان. پابەندبوونی سەرۆکایەتییەکەی بەقەوارە و رۆڵی سروشتی و یاسایی دوای قۆناخی پرەنسیپی پەنجا بەپەنجا، واتە قۆناخی پاش ٢٥/٧/٢٠٠٩: قۆناخی فرەیی و بوونی ئۆپۆزسیۆن و زۆرینە و کەمینە.

دوور نییە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەروەها ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانیش پێویست بەهەمووارکردن بکەن، بەشێوەیەک کە گونجاو بن لەگەڵ قۆناخی نوێدا. دەبێت ئۆپۆزسیۆن بابەتییانە کار بۆ سەربەخۆیی و ئەکتیڤکردنی پەرلەمان و حکوومەت و دەزگای دادوەری بکات، بەرامبەر سووربوونی لیستی دەسەڵات بۆ مانەوە و بەردەوامبوونی واقیعی پەنجا بەپەنجای دەزگاکان و خاوکردنەوەیان و کالکردنەوەی رۆڵی ئۆپۆزسیۆن.

٣- بەیاساییکردنی بودجە و داهات و شێوە و شێوازی پێوەندییەکانی حزبەکانی نێو پرۆسەی سیاسیی کوردستان، رزگارکردنیان لە دەستتێوەردان و گومان و سیاسەتی (ترس و برس و، پەرتکە و زاڵبە) و ئیحتیوا، بۆ ئەمەش پەلەکردن لە پەرلەمان بۆ پەسندکردن و دەرچوواندنی یاسای یارمەتیدانی حزبەکان.

٤- گەڕانەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمان بەمەبەستی چاکسازی و دەوڵەمەندکردن و بەهێزکردنی و گەڕانەوەی دەقی مادە (٢)ی ئەو دەستوورە بۆ دۆخی خۆی واتە گەڕانەوەی (قەزای بەدرە و ناحیەی جەسان و قەزای تەلەعفەر) بۆ سەر ناوچەکانی باشووری کوردستان، هەروەک چۆن تاوەکو رۆژی پێش پەسندکردنی ئەو دەستوورە لە پەرلەمان دەستکاری نەکرابوو، بەو پێیە ئەو ناوچانە یەک لە خاڵەکانی مادەی ١٤٠ە و، مادەی ١٤٠یش مادەیەکی دەستوورییە.

٥- جەختکردن لەسەر خاڵە پۆزەتیڤەکانی دەستووری عێراق بەتایبەتی ئەوانەی پێوەستن بە پرسی کورد و مافە گشتییەکان و بەهێزکردنیان و هەوڵدان بۆ هەمووارکردن یان لادانی بەندە نێگەتیڤەکانی.

٦- کورد نەتەوەیەکە، بەشێکە لە گەل و نیشتمانەکەی بە زۆری زۆرداری لکێندراوە بەم عێراقە داتاشراوە، لەم قۆناخە ناچار کراوە بە فیدراڵی رازی بێت. ئەم فیدراڵییەتە تاوەکو ئێستا بە روون و وردی رەنگی نەداوەتەوە لە دەستوور و واقیع. لووتکەی لیستی دەسەڵات تاوەکو ئێستا پێی نەکراوە ئەم کێشەیە یەکلایی بکاتەوە و بە هەڵواسراوی ماوەتەوە و

کاری جیدیی بۆ ناکرێت. لەسەر ئۆپۆزسیۆنە چ لەگەڵ دەسەڵات چ لە مینبەری پەرلەمان و دەزگا فەرمییەکان و چ لە کەناڵە مەدەنی و جەماوەرییەکانەوە، ئەم کێشەیە بورووژێنێتەوە کە کورد شەریکە لە عێراق و فیدراڵی لە نێوان دوو گەلە (کورد و عەرەب)، مافەکانی کورد سیاسی و ئابووری و سنووری باشووری وەک هەرێمی کوردستان یەکلایی بکرێتەوە و دوور بخرێنەوە لە گەمەی دیموکراسی و زۆرینە و کەمینە. کار لەسەر تەوافوقی (نەتەوایەتی و کیان) بکرێت نەک تەوافوقی (پێکهاتە). ئەگەر سەرانی کورد خۆیان لە ڕاستییەکان گێل نەکەن، لەمێژە بۆیان دەرکەوتووە کە لە ئاستی خاڵە بنەڕەتییەکانی پرسی کورد سنوور لە نێوان (عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە) یان نامێنێ یان زۆر کاڵ دەبێتەوە. ساخبوونەوەی نیازەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە نەتەوایەتییەکان لەسەر ئەساسی دوو نەتەوە، دژایەتیی برایەتیی گەلان و پێکەوەژیان و تێکدانی یەکەتیی خاکی عێراق نییە، بەپێچەوانەوە برایەتی و پێکەوەژیان و یەکەتیی ئارەزوومەندانەمان بەهێز دەکات. سیاسەتی موجامەلە و خۆ بەکەم و لاواز زانین سوودی نەبووە و نییە.

٧- ڕزگارکردنی پرسی کورد لە مەنتیق و بەرژەوەندیی لووتکەی حزبی و تاکەکەسی و هەڵسوکەوتی میزاجی و موجامەلات و بەکارهێنانی وەک کارتی پاڵەپەستۆ لە پێناو ئەجیندەی غەیرە کورد. ئەو پرسە پرسی خەڵکە و گەڕانەوەی بۆ دۆخ و واقیعی سروشتی خۆی ئەرکێکی پیرۆزە و هەر ئەمەش دەبێ ببێتە پێوەر و بنەمای ڕێککەوتن و هاوپەیمانیەتی لەگەڵ گشت لایەنەکان و لە هەموو ئاستێک چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە.

٨- چارەسەرکردنی کێشەی پێشمەرگە لە مانەوەی وەک (هێز و ئامرازێکی چەکداری حزبی) بۆ سوپایەکی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان، کە ئینتیمای تەنیا بۆ خەڵک و نیشتمان بێت، نەهێشتنی دیاردەی میلیتاریزمی کۆمەڵگە و ڕزگارکردنی شار و شارۆچکە و کۆمەڵگە و گەڕەک و دەزگاکان لەو هەموو بنکە سەربازی و کۆنترۆڵ و ڕێگرتن و

لەمـپـەر و "دیوارەکـانی بەرلـین" ئاسـا، کـە جگە لە دیمـەنە ناشـیـرین و ناشـارسـتـانیـیـەکـەی، ئیـحـای نائارامـی و ناسـەقـامگیـری دەدەن و، بارگرانییەکی یەکجار قورسە لەسەر ئیسراحەت و بودجە و سامانی هاووڵاتییان.

٩- بەگژداچوونەوەی دیاردەی گەندەڵی و سەپاندنی شەفافیەت لە پێوەندی و کاروباری حکوومەت، ئاشکراکردنی بودجە بەهەردوو ڕووەکەیەوە (داهات و خەرجی)، کارکردن بۆ بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پشتبەستن و جەختکردن لەسەر ئامار و نەخشە و پلان و تۆژینەوەی زانستی، چارەسەرکردنی بێکاریی داپۆشراو و پیرۆزکردنی کار وەک ماف و ئەرک.

١٠- هەژدە ساڵە ئەم هەرێمە، لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە بەڕێوە دەچێت، ئەگەر قۆناخی (١٩٩٣-١٩٩٨)ی لێ دەرکەین، ئەوە لە بوارەکانی ئاسایش و ئابووری، تاکو ڕادەیەکیش بواری ئازادییەکان، ناکرێ لەگەڵ پارێزگاکانی تری عێراق بەراورد بکرێت. ماوەی ١٨ ساڵی حوکمڕانی و ١٢ ساڵی ئارامی کەم نییە. داهاتی ١٨ ساڵی ئەم هەرێمە وەک مەزەندە دەکرێت لە ١٠٠ ملیار دۆلار زیاترە، بۆ بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی ٣ پارێزگا کە ژمارەی دانیشتوانی لە ٤ ملیۆن کەمترە، بەو واقیعە کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، کەم نییە. بودجەی ساڵانەی هەرێم دوای قۆناخی "رزگاریی عێراق"، لە بودجەی نزیکەی ٦٠ وڵاتی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان زیاترە. پاش شەڕی جیهانیی دووەم ئەڵمانیا خاپوور کرابوو، خەرجی ئاوەدانکردنەوە و بووژاندنەوە و گەڕانەوەی بۆ ریزی وڵاتانی پیشەسازیی ئەوروپا لە سنووری ٢٩ ملیار دۆلار بوو، ماوەکەشی کەمتر لە ١٢ ساڵ بوو. یابان ٢٧ ملیار دۆلار و کەمتر لەو ماوەیە. کە مرۆڤ داهاتی هەرێم و کۆی ژمارەی دانیشتوانی و ئاست و شێوە و شێوازی ئاوەدانکردنەوە و ستانداری ژیانی ئەو دوو وڵاتە یان چەندان وڵاتی تر لەگەڵ ئەوەی هەرێم بەراورد دەکات، جیاوازییەکان زۆرە. ئەگەر

قۆناخی پێش ڕزگاریی عێراق قابیلی موناقەشەیە ئەوە پاش ٢٠٠٤ و تاکو ئێستا سەرنج ڕاکێشە. ئێژین لەگەڵ ئەو واقیعەی کە باسمان کرد دەبینین تاوەکو ئێستا دەسەڵاتی هەرێم، نەک هەر ژێرخانی ئابووریی ئەم هەرێمەیان نەبووژاندووەتەوە و هاوکاریی جیدی و مەیدانیی خەڵکی ئێمەیان نەکردووە بۆ گەڕانەوە لە شار و شارۆکەکان بۆ ئاواییەکانیان، بگرە بەپێچەوانەوە ئەوانەش کە لە خۆیانەوە گەڕانەوە، لەبەر بایەخنەدان پێیان و نەبوونی پرۆگرام و پلانێکی ڕوون و تۆکمەی پێنج کابینەی ڕابردووی حکوومەتی هەرێم، بۆ گەڕانەوە و نیشتەجێکردنیان، وا دەبینین چۆن بەرەو شارەکان دەگەڕێنەوە و تووشی دژە کۆچێکی خۆ بەخۆ بووینەتەوە. تاکو ئێستایش هیچ نەخشەیەکی جیدی نابینن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥، لیستی دەسەڵات، بەڵێنێکی زۆری داوە لەم بارەوە، هەروەها ئۆپۆزسیۆنیش، کەچی لە بودجەی ئەمساڵی پێشنیازکراوی حکومەت، ئەوەی تەرخان کراوە بۆ (بانکی کشتوکاڵ ٤٢ ملیۆن دۆلار و بانکی پیشەسازی ٢٤ ملیۆن دۆلار = ٦٦ ملیۆن دۆلارە، بە ٣٠٠ ملیۆن دۆلارەکەی سندووقی نیشتەجێشەوە دەکاتە ٣٦٦ ملیۆن دۆلار)، ئەمەش ناگاتە نیوەی یارمەتیی ساڵانەی پارتی و یەکێتی، کە مانگانە لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە تەحویلیان کراوە کە لە سنووری ٨٠٠ ملیۆن دۆلارە، (هەر وەکو چەند بەرپرسێکیان ئاماژەیان بۆ دابوو)، لە کاتێکدا ئەم دوو حزبە بەوە ناسراون کە دوو حزبی بەئیمکانات و خاوەن چەند سەرچاوەی داهاتی ترن. لەسەر ئۆپۆزسیۆنە بەجیدی کار لەسەر ئەم کێشەیە بکات، وەک چۆن پەیمانی داوە.

١١- ڕزگارکردنی بازاڕ و بازرگانیی هەرێم لە دیاردەی بەرەڵڵایی و فەوزا و تاڵان و ئیحتیکاری جەمسەرە سەرەکییەکانی بازنەکانی تەسکی لووتکەی دەسەڵاتی هەرێم، پێداچوونەوە بەیاسای وەبەرهێنانی هەرێم، بەتایبەتی هەندێ لە (برگەکانی مادەی چوار لە بەشی چوارەم). ئازادیی بێ

پرەنسـیپ و بێ چوارچێـوە بێ ڕەچاوکـردنی ئـاسـایشی نیشـتـمـانی و نەتەوایەتی، فەوزا و بەرەڵڵایی و کارەساتی لێ دەکەوێتەوە.

١٢- پێداچوونەوە بەگرێبەستە (ستراتیجی)یەکان لە نێوان حکوومەتی هەرێم و کۆمـپانیـا بیـانییـەکـان بەتایبـەتی لە بواری نەوت و گـاز و ڕێگەوبان و ئاوەدانکردنەوە، بەقـەوارە و ناو و مـێژوو و پاشـخـانی کـۆمـپـانیـاکـان و پڕۆژەکانیان. شاردنەوەی ناوەڕۆکی زیاتر لە (٣٥) گرێبەستی نەوت و گاز لە پەرلەمان و خـەڵکی کوردستان و قـەتیسکردنی لە نێوان چەند کـەسێک، کارێکی بەجێ نییە. لەسـەر ئۆپۆزسـیـۆنە کـار بۆ گـەڕانەوەی ئـەو جـۆرە گرێبەسـتـانـە بکات بۆ پەرلەمـان، هـەروەهـا هـەمـوارکردنی یاسـای نەوت و گـاز بـەو پێـیـەی کـە پەرلەمـان دەسـەڵاتی بەسـەردا هـەبێت و پێشـەکی ڕەزامـەندیی لەسـەر بدات. نەوت و گـاز سـامـانی نەوەکـانی ئێـسـتـا و داهاتووە، کاڵایەکی ستراتیجییە و سنووردارە، بۆ کێشە ستراتیجییەکان تەنیـا پەرلەمـان بڕیاردەرە، ئەوانەی بەناوی تایبـەتمەندیی کـەرتی نەوت و پسـپۆڕی، ڕێگرن لـە ناردنی گرێبەسـتـەکان بۆ پـەرلەمـان و ڕەزامـەندیی پەرلـەمـان بـەپێـویست نازانن، کـەمکردنەوەیە لـە دەسـەڵاتی پەرلەمـان و ئاستی زانسـتیی نوێنـەرانی میللەتەکـەمـان، ئەمـەش پاسـاوێکی دروست نییـە، ئەگـەر دەسـەڵات سـوور بێت لەسـەر ئەو هـەڵوێسـتـە، ئەوە لەسـەر ئۆپۆزسـیـۆنە ئەم کـێـشـەیە یەکـلایی بکاتـەوە و مـیللـەت و شـەقـامی کوردستانی پێ تەیار بکات.

١٣- ڕزگارکردنی سـیسـتـەمی پەروەردە و کێـشـەی ژنان و لاوان لە دیاردەی لاسـاییکردنـەوە و رووکـەشی و خـۆپێـداهـەڵکێـشـانی روومـەتی و بێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و نەتەوایـەتیمان و دانانی سنوورێک بۆ پڕۆژە سـەقـەتەکـانی بواری پـەروەردەی بێ سـەروبـەر، بـەرادەیەک قـوتابخـانـە و منداڵەکـانمانیـان کـردووەتـە کـێـڵگەی تاقیکردنەوەیەکی ناسەرکەوتوو.

١٤- گـرفـتی ناوچـە دابڕاوەکان زۆرە. سـەرکـردایـەتیی فـەرمیی کـوردسـتـان

بەرپرسیارە هەروەها ئۆپۆزسیۆنیش، لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ ئەو گرفتانە، بەتایبەتی ڕاگرتنی پرۆسەی تەعریب و گەڕانەوەی کورد بۆ ناوچەکانی هەرێم و پاشەکشێکردنی خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکان و پێداچوونەوە بەشێوەی پێوەندییان لە نێوان هەرێم و بەغدا بەو پێیەی کە ئەو ناوچانە هێشتا (مناطق متنازع عليها)یە، ئەوەی بۆ دەسەڵاتی ناوەند ڕەوا بێت دەبێت تاوەکو یەکلایی دەکرێنەوە بۆ حکوومەتی هەرێمیش ڕەوا بێت، واتە بەتەوافوق لە نێوان دەسەڵاتی هەرێم و دەسەڵاتی ناوەند.

١٥- یەکخستنی یاساکانی ناوەندیی بەغدا لەگەڵ یاساکانی هەرێم بەتایبەتی ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێوەندیی بەمووچە و ژیانی خەڵکەوە هەیە. ناکرێ جیاوازی لە مووچەی کارمەندانی حکوومەتی و خانەنشینانی حکوومەتی ناوەند و حکوومەتی هەرێم و دەزگاکانی تر هەبێت، بەو پێیەی هەموو هاووڵاتییانی هەرێم یەکسانن بەرامبەر بە یاسا و، دەستوور مافەکانی گرەنتی کردوون.

بەپێچەوانەی ئەو دیاردە نێگەتیڤانە و لە چوارچێوەی گەمە دیموکراتییەکاندا، لیستی دەسەڵات، زۆرینەی هێنا و بۆ چوار ساڵی داهاتوو حوکمڕانە و داکۆکی لە مانەوە و پەرەپێدانی خۆی دەکات بەرامبەر بەمەش بۆ ئۆپۆزسیۆنیش ڕەوایە هەوڵ بدات بۆ پیادەکردنی بەرنامەکانیان و بەگژداچوونەوەی دیاردە نێگەتیڤ و کەموکورتییەکان. مانەوەی یەکەم و گەیشتنی دووەم بەدەسەڵات بەندە بە بەرنامە و وزە و توانا و ئیدایان.

بەکورتی ئۆپۆزسیۆن دەرفەتێکی لەباری لە بەردەمدایە بۆ هاوئاهەنگی لەگەڵ دەسەڵات سەبارەت بەجێبەجێکردنی خاڵە هاوبەشەکانی بەرنامەی هەردوولا و ڕاکێشانی بۆ ئەنجامدانی هەندێ لایەنی تری بەرنامەکانی خۆی و پاڵەپەستۆ خستنە سەر دەسەڵات بۆ وەدەنگهاتنی لە داخوازییەکانی خەڵک. لیستی دەسەڵات پشت ئەستوورە بەئەنجامی هەڵبژاردن و بوار و ئیمکانیاتی حکوومەت، ئۆپۆزسیۆنیش پشت ئەستوورە بەدەنگەکانی و بە شەقامی کوردستانی. دەتوانێت هۆشیار و ژیرانە سەکۆی پەرلەمان و کەناڵەکانی

راگەیاندن بەکار بێنێت بۆ دروستکردنی پردێکی بەهێز لە نێوان خۆی و خەڵک و چین و توێژەکانی هۆشیار و ئاگەدار بکاتەوە و لە کاتی پێویست و بەشێوە و شێوازی ئاشتییانە و جۆش و خرۆشەوە تەیاریان بکات بۆ وەدەنگهاتن و پاراستنی لە هەر جۆرە پاڵەپەستۆیەکی نایاسایی دەسەڵات.

جارێکی تریش ئەم هەرێمە ڕووبەڕووی ئەزموونێکی نوێ و تاقیکردنەوەیەکی سەخت دەبێتەوە، سەنگی مەحەکی میسداقیەتی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، پابەندبوونیانە بە بەڵێنەکانیان و بنەما یاساییەکان!

٢٠١٠/١/٢١

تێبینی: ئەم بابەتە لە رۆژنامەی (ڕووداو) ژمارە (٩٦) لە ٢٠١٠/٢/١، لاپەڕە ١٨ بڵاو کراوەتەوە.

## مەوقیعی لیستی کوردستانی

## لە هەڵبژاردنەکانی ٣١ / ١ / ٢٠٠٩ی پارێزگاکاندا

رۆژی ٢٠٠٩/١/٣١ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی ١٤ پارێزگای کۆماری (العراق) ئەنجام درا. پاش فەرزکردنی نزیکەی (٩٠٪)ی دەنگەکان، رۆژی ٢/٥/ ٢٠٠٩، کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، ئەنجامە گشتییەکانی بەفەرمی راگەیاند. قەولە لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا گشت وردەکارییەکان بەفەرمی بڵاو بکەنەوە.

لە پاش رزگاریی عێراق (٢٠٠٣)، ئەمە دووەم جارە بەهەڵبژاردن ئەنجوومەنی پارێزگاکان دیاری دەکرێن و، سندووقی دەنگدانیش حەسمی ململانێیەکان دەکات و، بەرەنجامەکانیشی ئاماژە بە توانا و قەوارەی لایەنە سیاسییەکان دەکات و ماوەی نێوان دوو هەڵبژاردنیش بووەتە سەنگی مەحەکی میسداقیەت و ئیدا و ماهیەتی ئەو لایەنانە و، (ژمارەی دەنگەکانیش) ئەو پێوەرە حاشاهەڵنەگرەیە کە لیستەکانی (براوە و بردراوە) رووت دەکاتەوە لە بەرگی ئاڵاوواڵا و، راستی و دروستی و لاف و گەزافیان بۆ خەڵک دەخاتە روو و، لایەنەکان دەخاتە قاڵبی خۆیان وەک هەن نەک وەک دەخوازرێن و پێشان بدرێن و، خەڵک هۆشیار دەکاتەوە و، وەڵامی چەندان پرس و پرسیاری گرینگ دەداتەوە.

سەرەتاو بەگەواهی خودی کۆمیسیۆنی باڵا و نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (ستیڤان دیمستورا) و زۆر لە چاودێرە بیانییەکان و چەندان لایەنی پسپۆڕ و پێوەندار بەم پرۆسەیە، هەڵبژاردنەکانیان بە شەفاف و ئارام و کەم گرفت وەسف کرد، ئەمەش

خـاڵێكی پۆزەتیڤ و مـوژدەگـەیێـیـە نەک هەر بۆ ئـەم هەڵبـژاردنانە بگرە بۆ ئەوانەی کـە بە ڕێگەوەیە و بۆ خـودی ڕەوتی دەسـتـپـێكی سـیـسـتـەمـێكی دیموکراسی لە عێراقدا، بەهیوای ئەوەی ببێتە نموونەیەکی باش بۆ ناوچەکە و زۆر لە برینەکـانی گشت پێكهـاتەکـان سـاڕێژ بكات و کـۆمـەڵگەی عـێـراقی بەگشتی و کوردسـتانیمان بە تایبەتی بەرەو ئاقاری هێمنی ببات و پرەنسیپی قـەبووڵكردنی یـەکـتـر و ئـەمـدەست و ئـەودەسـتی دەسـەڵات لە ڕێگەی سندووقی دەنگدان سـەقـامگیـر بێت و لاپـەڕە تاڵەکـان وەلاوە بنرێت و ئەم وڵاتە پێ لە قۆناغێكی تازە و گەش و پڕ لە ئومێد بنێت.

لە ٢٠٠٥ تـاکـو ٢٠٠٩، چوار سـاڵی ڕەبەق بـەسـەر چـوو. لەم چوار سـاڵە ئەنجـوومـەنەکـانی پارێزگـاکـان کە زۆرجـار وەک (حكوومـەتێكی لۆکـاڵی) ناو دەبرێن، ئەزمـوونێكی بەڕێوەبردنی نوێ بـوو. بەدەر لە پارێزگـای کـەرکـووک و هـەرسێ پـارێزگـاکـەی هـەرێمی کـوردسـتـان (سلێـمـانـی و هـەولێـر و دهـۆک)، هاوپەیمانیی کوردستانی ڕۆڵێكی بەرچاوی هەبوو لە هـەردوو هەڵبژاردنەکاندا و، زۆربەی هـەرە زۆری ناوچەکـانی دەکـەوێتـە نێـو بـازنەی (المناطق المتنازع عليها) لە نێوان خەڵكی کوردستان و ناوەندیی بەغدا.

ئەم بابەتـەمـان زیاتر خـوێندنەوە و بەراوردکـردنەوەیەکی گـشـتـییـە لـەمـەڕ بەرەنجـامـە سـەرەکـیـیـەکـانی هەڵبـژاردنـەکـانی پارێزگـاکـانی (مـووسڵ و سـەلاحـەدین و دیالە)، ٢٠٠٥ و ٢٠٠٩، وەک ناوچەیەکی مـەیدانیی ملـمـلانێ و یەک لە خـاڵە گـەرمـەکـانی مـادەی (١٤٠) کـە (هاوپەیمانیی کـوردسـتـانی) بەگشـتی و هـەردوو حزبی فـەرمانڕەوا (پارتی و یەکێتی) بەتایبـەتی، لە بەردەم تاقیكردنەوەیەکی گەورەدا بوون.

ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥/١/٣٠

کـۆی گـشـتـیی ژمـارەی ئەوانـەی کـە مـافی دەنگدانیـان هـەبوو (مـووسڵ ١٣٤٣٣٨١ و سەلاحەدین ٥٦٤٦٠٧ و دیالە ٧٠٧٧٩٨) = ٢٦١٥٧٨٦ کەس.

کۆی گشتیی ژمارەی ئەوانەی کە بەشدارییان لە دەنگدان کردبوو (مووسڵ

١٦٥٩٣٤ و سەلاحەدین ١٣٧٤٧٦ و دیالە٣٤٤٧٩.

کۆی گشتیی دەنگی لیستی کوردستانی: (مووسڵ ١٠٩٢٩٥ سەلاحەدین ٢٢١٦٠ و دیالە ٣٤٤٧٩) = ١٦٥٩٣٤.

ڕێژەی لیستی کوردستانی لە کۆی گشتیی ئەوانەی کە دەنگیان داوە: (مووسڵ ٨٧ . ٦٥٪ سەلاحەدین ١٢ . ١٦٪ و دیالە ١٧٪).

ژمارەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی (مووسڵ و سەلاحەدین و دیالە = (٤١ ٣= ١٢٣) کورسی.

ژمارەی کورسییەکانی لیستی کوردستانی (مووسڵ ٣١ و سەلاحەدین ٨ و دیالە ٧) = ٤٦ کورسی.

ڕێژەی کورسییەکانی لیستی کوردستانی لە کۆی گشتیی کورسییەکانی ئەنجوومەنی ئەو (٣) پارێزگایە = ٤ . ٣٧٪.

ئەنجامە گشتییەکانی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/١/٣١

کۆی گشتیی ئەوانەی کە مافی دەنگدانیان هەبوو لە پارێزگاکانی (مووسڵ ١٦٢٨٥٧٥ و سەلاحەدین ٦٦٦٦٥١ و دیالە ٧٩٨٢٠٢) = ٣٠٩٣٤٢٨ دەنگ.

کۆی گشتیی ئەوانەی کە بەشدارییان کرد لە دەنگدان (مووسڵ ٩٧٧١٤٥ سەلاحەدین ٤٣٣٣٢٣ دیالە ٤٥٤٩٧٥)= ١٨٦٥٤٤٣ دەنگ و، ڕێژەی دەنگدەران لەو (٣) پارێزگایە (٦٠٪)ە کۆی گشتیی ئەوانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە لەو (٣) پارێزگایە.

کۆی گشتیی دەنگی لیستی کوردستانی لە هەمان ئەو (٣) پارێزگایە لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/١/٣١ (مووسڵ ٢٥٧٧٣٢ و سەلاحەدین ١٨١٠٤ و دیالە ٧٤٦٩٦) = ٣٥٠٥٣٢ دەنگی وەدەست هێنا.

ڕێژەی دەنگدەرانی بەلیستی کوردستانی لە کۆی گشتیی ئەوانەی کە دەنگیان داوە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/١/٣١ (٧٩ . ١٨٪)ە و، ڕێژەی دەنگدەرانی لیستی کوردستانی لە کۆی گشتیی ئەوانەی کە مافی دەنگدانیان

هەیە لەو (٣) پارێزگایە (٣٣.١١٪)ە.

ژمارەی کورسییەکانی ئەو (٣) پارێزگایە (مووسڵ ١١ و سەلاحەدین ١ و دیالە ٦).

لە بەراوردکردنی ژمارە سەرەکییەکانی ئەم دوو هەڵبژاردنە چەند دیاردەیەکمان بۆ وەدەر دەکەوێت لەوانە:

پاشەکشێکردنی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی بەگشتی لە پارێزگاکانی (مووسڵ و سەلاحەدین و دیالە) لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ لە بەراوردکردنی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥، نزیکە (٢) بەرامبەر. لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ساڵی ٢٠٠٥ لە کۆی گشتیی (١٢٣) کورسی ئەنجوومەنەکانی ئەو (٣) پارێزگایە لیستی کوردستانی (٤٦) کورسیی وەدەست هێنابوو (مووسڵ ٣١ و سەلاحەدین ٨ و دیالە ٧)، واتە بە ڕێژەی (١.٤٣٪)ی کورسییەکانی ئەنجوومەنەکانی ئەو (٣) پارێزگایە. کەچی لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/١/٣١ لە کۆی گشتیی (٣٧+٢٩+٢٨)= ٩٤ کورسیی ئەنجوومەنەکانی ئەو (٣) پارێزگایە لایەنی کوردستانی (١١+٦+١)= ١٨ کورسیی وەدەست هێناوە و ڕێژەی کورسییەکانی کوردستانی لە کۆی گشتیی کورسییەکانی ئەو (٣) پارێزگایە (١.١٩٪)ە.

ڕێژەی کەمبوونەوەی (کورسییەکانی ئەنجوومەنی ئەو سێ پارێزگایە لە (١٢٣) کورسیی ساڵی ٢٠٠٥ بۆ (٩٤) کورسیی ساڵی ٢٠٠٩= ٢٩ کورسی) دەکاتە (٥.٢٣٪)ە کەچی ڕێژەی ژمارەی کورسییەکانی لیستی کوردستانی لە (٤٦) کورسیی ساڵی ٢٠٠٥ بۆ (١٨) کورسیی ساڵی ٢٠٠٩ دەکاتە (٩.٦٠٪). واتە جیاوازیی دابەزینی کورسییەکانی لیستی کوردستانی بە بەراوردکردنی لەگەڵ ڕێژەی کەمکردنەوەی کورسییەکانی ئەو ٣ پارێزگایە (٣) بەرابەر زیاترە. ڕاستە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ ژمارەی بەشدارانی هەڵبژاردنەکان لە ئاستێکی فرە نزماندا بوون وەلێ ئاستی دەنگدەرانیش لە ئاستی ئەو (٣) پارێزگایە بەدەر لە کوردستانییەکان لە دەوروبەری (٤٠٪) بووە، ئەگەر چەندە پلەیەکی تر لە ڕێژەی دەنگدەرانی لایەنی عەرەبی ئەو (٣)

پارێزگـایـه بەرز بێـتـەوە ئەوە دوور نـیـیـە ژمـارەی کـورسـیـی هـاوپەیمـانـیی کوردسـتـانی زۆر لەوەی ئێسـتـا کـەمـتـر بێـتـەوە جگە لەوەش ژمـارەی کـورد لە لیسـتی هـاوپەیمانیی کوردسـتـانی لەو (٣) پارێزگایە دوور نییە لە نیـوە کەمـتر بێت.

لە ٢٠٠٥/١/٣٠ لایەنی کوردسـتـانی دەیزانی لە کۆتاییی مـانگی ١/ ٢٠٠٩ هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکان دەکرێت. لە ماوەی ئـەم چوار ساڵە، گـرفت و کـێـشـەی زۆر دروست بوو یـان دروست کـرا، وەک لیـسـتی ناوی (المرحلین والمهجرین... تاد). بازنەی سـەرکـردایەتیی پارتـی و یەکێـتی زیاتر وەزارەتی بازرگانیی ناوەندیان تۆمـەتبار دەکرد یان دەزگای باڵای سـەربەخۆی هەڵبـژاردنەکـان... تاد، کەچی: لە پارێزگاکـان ناوەندی تـایبـەتیـیـان هەیە بۆ بەدواداچوونەوەی ئەو کـێشانە. لە هـەرێم دەزگا و وەزارەتی تایبـەتی هـەیە و، ئەوە لە بەغدایش هەر باس مەکە. ئەگەر کێشە لای دەزگای باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقە ئەوە زیاتر لە (٤) کەس بە فەرمی نوێنەرایەتیی لایەنی کوردستـانی دەکەن لەو دەزگایە (سـەرۆکی دەزگاکە پارتییەو ئەندامێکی تریان پاڵێوراوی یەکێـتـیـیـە هـەروەهـا لە ٧ پۆستی بـەڕێوەبەرە گشـتـیـیـەکـانی ئەو دەزگایە دووانیـان بەشی هـاوپەیمانیی کوردسـتـانییـە. ئەگەر کـەمـتـەرخـەمن مـوحـاسـەبە بکرێن و لادرێن ئەگـەر یاسـا ڕێگە نادات لابدرێن داوای هەمـوارکـردن بکرێت لـە پەرلەمـان. سـسـتـەمی عـێـراق سـیـسـتـەمی (مـوحـاصـصـە)یە. بۆ دەبێت لایـەنی کوردی چاو لەو هەمـوو کەموکورتیـیـانە بپـۆشـێت و بێ دەسـەڵات بێت بەرامـبـەری هەتاکـو نوێنەرانی خـۆشـی و، هـەر هەمان شت لە پارێزگاکان و لە هەرێم!.

خـاڵێکی تری سـەرنجڕاکێش سـەبارەت بە بەرەنجامـەکانی ئەم هەڵبـژاردنە شکسـتـهـێنانی هـەردوو لیـسـتی کـوردسـتـانی لەنێـو کـوردی ئێـزیدی و شـەبەکـمـاندا، لە کـاتێکدا لە مـاوەی (٤) سـاڵدا (٢٠٠٥/١/٣٠ تاکـو ٢٠٠٩/١/٣١) لە کۆی (٤١) ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ (٣١)یان سـەر بەلیـستی کـوردسـتـانی بوون بـە پارێزگار و جـێگری پارێزگاریشـەوە.

بەمــانايەكی تر ٧٦٪ی ئەندامــانی ئەنجــوومــەنی مــووسڵ لە لیــســتی لایەنی كــوردســـتــانی بوون و نــاوچەكــانیــشــیــان لە ڕووی حــزبايەتی و ســـەربازی و ئەمنییـەوە لـەژێر نفـوزی هـەردوو حـزبی دەسـەڵاتدار بوون (پـارتی و یەكێـتی) لەگەڵ چەندان بنكە و بارەگەی ڕێكخسـتنەكانی ئەو دوو حـزبە و لایەنەكانی تریش. پرسیارەكە ئەوەیە ئاخۆ ئەم شكستە دەگەڕێتەوە بۆ:

كـەمــتــەرخــەمی و بايەخنـەدانی ئەنجــوومــەنی پارێزگــای مــووسـڵ بوو بەو ناوچانە كە لە كاتێكدا لە كۆی (٤١) ئەندامی ئەنجوومـەنی پارێزگای مـووسڵ (٣١)يان لە ليستی هاوپەيمانيی كوردستـانی بـووە، هـەر وەكو باسـمـان كرد بەڕێژەی (٧٦٪) بە پارێزگار و جێگری پارێزگاريشەوە؟

كەموكووڕی و لاوازيی نوێنەرانی ليستی كوردستانی بووە لە ئەنجـوومەنی پارێزگـای مـووسڵ بـەگـشـتی و ئەوانەی كـە نوێنـەرايەتيی برايانـی ئێـزيدی و شەبەكمانيان كردووە و دەيكەن بەتايبەتی..؟.

كــەمــتــەرخــەمــيی لايەنی كــوردســـتــانی لە لاوازبوونی ئاســتی حـزبی و جەماوەری نێو كوردی ئێزيدی و شەبەكمان بەتايبەتی پارتی و يەكێتييە؟.

مومكينـە هـەندێ پاساو هـەبێت بۆ ئەم شكسـتە وەلێ چ پاسـاوێک دەدرێتەوە كــاتێک جــيــاوازی لە نێــوان پاڵێــوراوی هـاوپەيمـانيـی كــوردســـتــانی و ڕكابەرەكانياندا لە دوو بەرامـبەر زياتر بێت..؟! ليستی (الشبكي المستقل) كە (قـوسەی عـەباس محـەمەد) پاڵێوراوی بوو (٦٠٪)ی دەنگەكانی وەدەست هێنا لە كـاتێكدا ليـستی (الهيئـة الاسـتـشـارية للشبك) كـە ليـستی هاوپـەيمانيی كـوردسـتـانی بوو و (سـالم جـمـعـة خـزر مـحـمـد) پاڵێـوراوی بوو (٢٨٪)ی دەنگەكانی وەدەست هێنا (كەمـتر لە نيوەی ڕكابەرەكەی)! هـەروەها (خـديدا خلف عـيـدو حـمـو) پاڵێـوراوی ليسـتی (الحركة الايزيدية من اجل الاصلاح والتقدم) ١ .٥٩٪ی دەنگەكانی كورسيی كۆتای ئێزيدييەكانی وەدەست هێنا لە كاتێكدا پاڵێوراوی ليستی كوردستانی (بشار عمر علی عمر) بەناوی ليستی (حزب التقدم الايزيدي) تەنيا ٩ .٢٧٪ دەنگەكانی وەدەست هێنا.

کەمتەرخەمی و بایەخنەدانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەو ناوچانە بوو کە بەو ڕادەیە کاریگەری هەبێت لەسەر بەرەنجامی دەنگدانەکە بەتایبەتی دەزانرا لایەنەکانی غەیرە کوردی بەهەموو شێوەیەک هەوڵی دابڕانی برایانی کوردی ئێزیدی و شەبەکمان دەدەن...؟

هەرچی بێت وەڵام و پاساو، ڕاستییەک هەیە ناکرێت ئاماژەی بۆ نەکرێت ئەویش ئەوەیە کە سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی ڕاستەوخۆ بەرپرسیارن لەم شکستە، جارێک کە رازی بوون پەرلەمانی عێراق کوردی ئێزیدی و شەبەکمان لێ جیا بکەنەوە (مادەی (٥٢) یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکان) و، دووەمیان لە ڕووی حزبی و جەماوەریی ئیدارییەوە کە ئەو واقیعەیانە بەهەند وەرنەگرت و بەوردی چاودێریی دەزگا حزبی و جەماوەری و ئیدارییەکانی خۆیان نەکرد و لە کاتی خۆیدا چارەسەری گرفتەکانیان نەکردووە.

ڕاستە لە هەندێ ناوچە لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی سەرکەوتنی باشی وەدەست هێناوە وەلێ کەس باسی چارەنووسی قەزای (تەلەعفەر)مان بۆ ناکات کە بەیەکێک لە قەزا هەرە گەورەکانی (العراق) دەژمێردرێت و دەڤەرێکی ململانێی نێو مادەی (١٤٠)ـە، چی بەسەر هات..؟. لەم هەڵبژاردنە لایەنی کوردستانی (قەزای تەلەعفەری) لە دەست دا..!

یەک لە بەرەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە ئەوەیە کە تەنیا نیوەی ئەوانەی کە مافی دەنگدانیان هەبوو لە سەرتاسەری (١٤) پارێزگای العراق بەگشتی و لەو (٣) پارێزگایە بەتایبەتی بەشدارییان کرد لە دەنگدان. نزمیی ئەو کێرڤە فاکتەرێکی پۆزەتیڤ بوو لەمەڕ دابەشکردنی کورسییەکانی ئەنجوومەنەکان بەو شێوەیە کە باسمان کرد (لە کۆی گشتیی ئەوانەی کە مافی دەنگدانیان هەبوو لەو ١٤ پارێزگایە کە ١٥ ملیۆن کەس بوون تەنیا ٧,٥ ملیۆن کەس بەشداریی پرۆسەی دەنگدانیان کردووە). واتە ڕێژەی دەنگدەران لە سنووری (٥٠٪)دا بوو، بەدەر لە دەنگەکانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی لە (پارێزگاکانی مووسڵ و سەلاحدین و دیالە) دوور نییە ڕێژەی دەنگدەران لەو

(٣) پارێزگـایـە زۆر لە سـەرەوەی (٤٠٪)ەوە نەبێت. بۆیە هـەر بەرزبـوونەوەیەک لە کێبڕکێی دەنگدەرانی لایەنە غەیرە کوردییەکان، بەش و کورسییـەکانی لایەنی کوردسـتانـی لە داهـاتوو زۆر لەمەی ئێستـا کەمـتر دەبێـتەوە، ئەمـەش زەنگێکی خەتەرە بۆ لایەنی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنەکانی تر.

بەرەنجـامـەکـانی هەڵبـژاردنـەکـانی رۆژی ٢٠٠٩/١/٣١ لـە پارێزگـاکـانی مووسڵ و سـەلاحەدین و دیالە بەتەحدید کە (کرۆکی ململانێی نەتەوایەتییە لە نێـوان ناوەندی بەغـدا و لایەنی کـوردسـتـانی) و، لە سـەرتـاسـەری عـێـراق بەتایبەتی، چەند دیاردەیەکی نوێی هێنایە کایەوە لەوانە:

بەرزبـوونەوەی ڕێژەی رەوتی ڕەگــەزپەرست و شــۆڤــینیــزمی عــەرەب و بەعسییـەکان و مەزهەبییە توندڕۆکان کە زۆرینەیەکی ڕەهایان لە ئەنجوومەنی پارێزگاکان مسـۆگـەر کرد. لە (مـووسڵ و سـەلاحـەدین و دیالە) شـۆڤـینیزم و پاشـمـاوەکـانی ڕژێمی پێـشـوو و لە پـارێزگـای بەغـدا و خـوارووی عـێـراق شیعەکان: (لیستی مالیکی و رەوتی سەدر.. تاد).

یەکەم جـارە لە هەڵبژاردنێکی گشتی، ئینتیمـای مـەزهـەبی (شیـعـەکـان) بەغدای پایەتەخت بەزۆرینەیەکی رەها حەسم دەکات (لیـستی مـالیکی ٣٨٪، لیسـتی سـەدریەکـان ٩٪، لیسـتی حەکیم ٥,٤٪، لیسـتی جەعفـەری ٤,٣٪ و فەزیلە ١,٣٪....)، واتە زیاتر لە (٦٠٪)ی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا نوێنەرانـی لیسـتـەکانی مـەزهـەبی شیـعـەن، جگە لە لیسـتی (عـەلاوی و ئەوانی تر کە دوور نییە زۆر لە ئەندامەکانی ئەوانیش شیعە بن).

لە ناوەند و خوارووی بەغدا لیستی کوردستانی ئەو تاکە کورسییـەی کە لە هەڵبـژاردنی سـاڵی (٢٠٠٥) وەدەست هێنابوو، لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/١/٣١) لە دەسـتی دا، لە کاتێک مـەزەندەی کورد لە پـارێزگای بەغدا بە زیاتر لە ٧٠٠ هـەزار کـــەس دەکـــرێت و بەبـوونی بنکە و بارەگـــەی زیـاتر لـە (٨) حـــزبی کوردسـتـانی و بەو سـەنگە قورسـەی کورد لە بـەغدا کە سـەرکـۆمـار و وەزیری دەرەوە و جـێگری سـەرۆک وەزیران و چـەندان وەزیر و سـوپاسـالاری عـێـراق (٥٨) ئەندامی پـەرلـەمـــان و دەیان جـــێگری وەزیر و یـاریدەر و پـســـپـــۆڕ و

نوێنەرایەتیی کورد لە هەرسێ دەزگاکانی دەسەڵات و گشت داوودەزگاکانی تری بەغدا و مەکتەبی نوێنەرایەتیی سەرۆکی هەرێم و مەکتەبی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کە زۆربەیان لە ئاستی لووتکە و خاوەن ئیمکانیاتێکی ئیداری و یاسایی و مادین و، هێزێکی پێشمەرگەی بەناوی پاسەوان و سەربازییەوە لە بەردەستیاندایە لەگەڵ قووڵاییەکی نەتەوایەتی و سیاسی و سەربازی و جەماوەری کە بریتییە لە پێنج شەش ملیۆن کوردستانی و هاوسۆزی و پشتگیریی نەتەوەیەکی چل ملیۆنی و سۆز و ئیحساساتی نێودەوڵەتی و، لە هەمووشی سەرنجڕاکێشتر جەختکردنی سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستانە لەسەر هاوپەیمانایەتی و هاوسۆزی ئەمەریکا کە تاکو ئەمڕۆش لایەنی یەکلاکەرەوەی بڕیارە لە (العراق)ی هیوا و ئاشتی. تۆ بڵێیت چ بێت هۆ و هۆکار کە لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی نەتوانێت هەر چ نەبێت ژمارەی دەنگەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ بپارێزێت کە (٢٥) هەزار دەنگ بوو دوای چوار ساڵ لەو هەموو (الالقاب الکبیرة والالفاظ الجمیلة) تەنیا ١٦ هەزار دەنگ بێنن، بە ڕچاوکردنی باری ئارامی و هێمنایەتی و زیادبوونی چوار تەمەنی تری هەڵبژاردن بە بەراوردکردن لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥!

هەتاکو ئەگەر پاساویش کۆچکردنی کوردستانییەکانی بەغدا بێت بۆ شارەکانی کوردستان، خۆ ئەوانیش وەکو مووهەجەرین و موورەحەلینی ناوچەکانی تر، مافی دەنگدانیان لە دەست نەدابوو..! بەندە لەو باوەڕەدایە مامەڵە و هەڵسوکەوت و خیتابی سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان لە هەرێم و لە ناوەند بۆ ناوچەکانی ململانێ و بۆ ئێزیدی و شەبەک و هەتاکو بۆ ئەوانەی کە هێزە شۆڤینیزم و ئاینی و مەزهەبییە توندڕۆکان یان دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا کاریان لەسەر دەکات بۆ دابڕانیان لە کورد و لە هەرێمی کوردستان، مامەڵە و خیتابێکی دروست و یەکگرتوو و مەدرووس و هێورکەرەوە و ڕاکێشانیان نەبووە. واتە کەموکورتییەکان زیاتر دەکەوێتە سەرشانی لایەنی کوردستانی..

دووپاتبوونەوە و قایمبوونی بنکە و پایەی لایەنەکانی ئاینی سیاسی و مەزهەبی و یەکلاکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا لەلایەن رەوتی مەزهەبی شیعە بە گشت پێکهاتە و باڵەکانیانەوە.

سەرکەوتنی لایەنەکانی سەنترالیزم و بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەند لەسەر حیسابی فیدرالێزم و لامەرکەزییەت.

پاشەکشەکردنی سەنگ و مەوقیعی لایەنە عەربیەکانی عێراقی کە هاوپەیمانیی سەرەکیی لیستی کوردستانین بە تەحدید ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق (لیستی شەهیدی میحراب) و لیستی (العراقیة د. علاوي)ی حزبی ئیسلامیی عێراق.. تاد.

حەسمکردنی کێشەی دەسەڵات لە نێوان عەرەبی سوننە و شیعە یان لە نێوان عەلمانی و مەزهەبی لەلایەکەوەو لەلایەکی ترەوە لە نێوان (شیعە و شیعە)ش.

هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/١/٣١ تەکانێکی تری دا بە دیموکراتییەتی ناوچە عەرەبییەکانی عێراق و، بەپێچەوانەی باری نائارامی و ناکۆکییەکان و قەوارەی دەستتێوەردان، پێکهاتەکانی زۆرینەی عەرەبی عێراق بە (سوننە و شیعە)یانەوە لەنێو خۆیاندا کەوتنە ڕکابەری و سندووقی هەڵبژاردنەکانیان کرد بە دادوەر و زۆرینە و کەمینەی حەسم کرد، ئەمەش ئەزموون و وانەیەکی ترە بۆ هەردوو حزبی فەرمانڕەوای کوردستان کە هۆزێک لەم پاوانخوازییە بکەنەوە و پرۆسەی دیموکراتییەت ئازاد کەن لە پەت و کۆتی بەرژەوەندیی تایبەتی و، مەترسیی پاڵەپەستۆی ناوەند کە خۆیان تەرەف و بەشدار و (شەریکن) تێدایە و بە پرسە هەڵواسراوەکان کە خۆیانیش بەشدارن لە کاڵبوونەوە و مردارکردنەوەیان و مەترسیی دەرەکی، چیی تر بنکەی حزبیی خۆیان و شەقامی کوردستان لە خشتە نەبەن...!

تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی (رۆژنامە) بەدوو بەش و لە سایتی SBEIY ٢٠٠٩/٢/١٦ بڵاو کراوەتەوە.

## ڕیفۆرم داخوازیی خەڵکی کوردستانە

## ئەگەر نەکرێت، دەیکات!

لە ٢٠٠٨/١٢/٢٨دا دەقی پڕۆژەی بەڕێز تاڵەبانی (هەنگاونان بەرەو چاکسازی) لە میدیاکانی هەرێمدا بڵاو کرایەوە، هەرچەندە پڕۆژەکە لە یەکێتییەوە بۆ یەکێتییە و گوزارشتە لە لایەنێک لە گرفتە ناخۆییەکان و (هەنگاونان)ـە بەرەو چارەسەرکردن، وەلێ گۆمە پەنگخواردووەکەی شڵەقاند و بەئیجابییەتەوە پێشوازیی لێ کرا.. دیارە سەرکردایەتیی (ی.ن.ک) و ڕێکخستنەکانیان سەرقاڵی پڕۆژەکەن و لەنێو میدیاکانی هەرێمیشدا (حزبی و غەیرە حزبی) ڕەنگی داوەتەوە، ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیران و پسپۆڕان چ سەر بە لایەنەکانی تر و چ خەڵکی بێلایەن، خەریکی هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردنیەتی، هەرچی بێت مەبەستو بەرەنجام، پێشنیازکردنی پڕۆژەی وا لەلایەن شەخسی یەکەمی (ی.ن.ک)ەوە، سەنگی خۆی هەیە و دوو ڕاستییش دەخاتە ڕوو:

یەکەمیان: دانپێنانە بە قووڵی و قەوارەی تەنگژەکە: دەستتێوەردانی حزب لە کاروباری داوودەزگاکانی حکوومەت لە زانکۆ و پەیمانگەکان و دەسەڵاتی دادوەری.. تاد.

دووەمیان: میکانیزمی چارەسەرکردنە. لەبەر ئەوە پڕۆژەکە حزبییە و بۆ حزبە، میکانیزمی کارکردنیش حزبییە و لووتکەی دەسەڵاتی حەسم، خودی سکرتێری گشتیی یەکێتی و هەردوو جێگرەکەیەتی، لەگەڵ ئەهمیەت و گرینگیی خودی پڕۆژەکە، وەلێ یەک لایەنەیە و لە چوارچێوەی ڕێنوێنی و ئامۆژگاری تێ ناپەڕێت، چونکە وەکو وتمان:

یەکەمیان یەک تەرەفە و حزبییە.

دووەمیان هەنگاونانە بۆ موعالەجەی بەرەنجام نەک هۆکار.

دیاردەی دەستتێوەردانی حزب لە کاروباری حکومەتی هەرێم شتێکی شاراوە نییە، سەرکردایەتیی هەردوو حزبی فەرمانڕەوا (یەکێتی و پارتی) لە سەرەتای ئەم ئەزموونەوە پیادەی دەکەن و بەردەوامن و، بەندە لەمێژەوە لەو باوەڕەدایە کە پێش ئەوەی باس لە چاکسازیی بکرێت یان باس لە جیاکرنەوەی دەسەڵاتەکان بکرێت، چ حزبی لە دەسەڵاتە فەرمییەکان و چ لە نێوان هەرسێ دەسەڵاتەکاندا (یاسادانان، کارگێڕی بەهەردوو باڵەکەیەوە، دادوەری)، دەبێت دوو هەنگاوی گرینگ بنرێت:

یەکەم

گەڕانەوەی حزب بۆ ڕۆڵ و ئامانج و ئەرکی خۆی وەک ئامرازێکی ڕێکخەر و پێگەیاندن و تەعبیئەکردنی جەماوەر لەسەر ئەو پرەنسیپانە کە خودی ئەندامانی ئەو حزبە قەبووڵی دەکەن و بڕیاری لەسەر دەدەن و پەیڕەو و پرۆگرامی بۆ دادەنێن و لە پێناویدا خەباتی هەمەجۆرەی بۆ دەکەن، ئامانجیش: گەیشتنە بەدەسەڵات و پیادەکردنی ئەو پرۆگرامەیە کە بۆ قۆناغێکی دیاریکراو پەسند کراوە. بۆیە لە هەر سیستەمێکی دیموکراتی (حزب) و ژیان و خەباتی حزبایەتی، یەک لە کۆڵەکە گرینگەکانیەتی و پێویستییەکی وەهایە هەر چۆن زاد و هەوا بۆ بەردەوامبوونی ژیان....

شیاوی وتنە لەم بارەیەوە کە ئەوە بۆ زیاتر لە یەک سەدە دەچێت هزری سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم جیهانە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە و گۆڕین و گۆڕانکاری و بەڕێوەبردن و گەیشتن بەدەسەڵات، بەتایبەتی لە سیستەمێکی دیموکراتی، چ بەگشتی و چ لەسەر ئەساسی چینایەتی و نەتەوایەتی و ئاینی و مەزهەبی.. تاد، جگە لە حزب ئامرازێکی تری باشتری نەدۆزیتەوە، نەک هەر ئەوە بگرە باس لە سیستەمێکی دیموکراتی و مۆدێرن، بێ بوونی حزب و ململانێی حزبایەتی، یان بوونی بۆ نییە یان لەنگە.

هەر لەسەر ئەم بنەمایە، مەزەندەکردنی (حکوومەت و پەرلەمان) بێ حزب، لە سیستەمێکی دیموکراتیی ئەمڕۆماندا، بەتەحدید، جۆرە خەون و خەیاڵێکە.

کۆمەڵگەی کوردەواریمان لە باشووری کوردستان لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو تا ئێستا پێی ناوەتە قۆناغێکی تازە، ئەگەر بزاڤی رزگاریخوازی ئەم بەشەی کوردستان بەگشتی و سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی بەتایبەتی، بەهۆشیاری و بەوردی مامەڵەیان لەگەڵ هەلەکانی ئەم (١٧) ساڵەیە بکردایە و بەتەحدید پاش قۆناغی (٢٠٠٣)، ئەوە دوور نەبوو ئەم ئەزموونە تووشی هەندێک لەو گرفتانە نەبووایە کە ئێستا پێوەی دەگلێتەوە، بگرە دەکرا لە کاتی ئەو قۆناغە نموونەیەکی باشتر لە بنیاتنانی سەرەتاکانی دیموکراتی و ژینگەیەکی تەندروستیان بڕەخسانایە بۆ بەدەزگاکردنی دامەزراوەکان، ئێستاش هەر چۆن سەرکردایەتیی ئەم دوو حزبە مۆنۆپۆلی گشت دەسەڵاتەکانیان کردووە و ئەم ئەزموونەیان تووشی چەندان گرفت و تەنگژە کردووە و کۆمەڵگەیان کردووە بە کۆمەڵگەیەکی (حزبی لیستە)، ئەوەی لە بازنەی ولاو و ئینتیما و بەرژەوەندیی یەک لەوان نەبێت، ئەوە ژیان و ئازادییەکانی تا حەدێک سنووردارە, باشترە هەر خۆیان دەستپێشخەر بن لە عیلاجکردنی ئەو دیاردەیە.

ئینتیما و ولائی (یان لە برس یان لە ترس) نموونەیەکی بەسەرداچووە، حزبایەتی شێوازی (رستاخیزی شای ئێران) و (نموونەکانی بلۆکی شەرقی) کۆن و (بەعسی فاشی)، هێشتاش لە یادی خەڵکانێکی زۆردان و بەرەنجامەکانیش لە بەرچاون.

هەوڵی بنیاتنانی دیموکراتییەت و تێڕوانین بۆ گشت دامەزراوەکانی دەسەڵات، لەوانە حکوومەت و (پەرلەمان)، ڕەنگدانەوەی بیر و بۆچوون و تێگەیشتنە لە بوون و ئامانج و رۆڵی ئەو دیاردە و ئەو دامەزراوانە و بنەما و ئامرازەکانیەتی کە یەک لەوانە (حزب)ە. تا ئێرە نکووڵی لە رۆڵی حزب ناکرێت، تا ئێرە کەس ناڵێت دەبێت واز لە پارتە سیاسییەکان بهێنین و بەدوای بەدیلی تردا بگەڕێین، تا ئێستا ئەلتەرنانیڤی پارتەکان لە پرۆسەیەکی

دیموکراتی بوونی نییە، وەلێ ئەودەم دەبێتە پرسیار کاتێک ئەم ئامرازە تەجاوزی رۆڵ و پێناسەی خۆی پێ دەکرێت و بەخراپی بەکار دێت و (حزب) دەبێتە دەسەڵات نەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بەدەسەڵات و، بازنەی تەسکی سەرکردایەتییەکەی دەبێتە سەنتەری بڕیار و بەڕێوەبردن نەک دەزگاکانی (یاسادانان و حکومەت و دادوەری)، واتا حزب دەبێتە (دەوڵەت). ئا لێرەوە کێشەکان سەرهەڵدەدەنەوە و هەر ئەمەشە دەبێتە هێلانەی دیکتاتۆرییەت و تاکڕەوی و دواجار خودی حزبیش دەبێتە دامەزراوەیەکی (ئیستیعاب) و، واجیهەیەکی بێ گیان..!

پێناسەکردنەوەی حزب و گەڕانەوەی ئیعتیبار بۆ (حزب) و بۆ ڕۆڵی (حزب)، لەوەوە دەست پێ دەکرێت کاتێک زەوینەیەکی ئازاد و تەندروست بۆ ئەندامان و بنکەکانی دەرەخسێت، پەیڕەو و پرۆگرامێکی تۆکمەی سەردەمییانەی بۆ دادەنرێت و رێزی لێ دەگیرێت، سەرکردایەتی و بنکردایەتی و گشت ئۆرگانەکانی لە سەرەوە بۆ خوار بەپێی پەیڕەوەکەی دیاری دەکرێن و ئەرکەکانیان ئەنجام دەدەن، هەر بەو پێیەش پلە و پایەی حزبییان پێ رادەسپێردرێت، نوێنەرایەتیی دەکەن لە ئۆرگانەکانی دەرەوەی حزب و ئیلتیزام بەو پەیڕەو و پرۆگرامە کە (دەستووری حزبە) و ئەنجامدانی دەبێتە پێوەری ئەو پلە و پایە و پرس و لێپرسینەوە.

مەعلوومیشە تا (ئامراز = حزب) رێز لە دەستووری نەگیرێت لەلایەن سەرکردایەتی و بنکردایەتییەوە و نەخرێتە قاڵبی (ئامراز) بۆ گەیشتن بەئامانجی دیاریکراو، نەک خودی حزب ببێتە ئامانج و، تا حزب تەنیا گردکردنەوەی خەڵک بێت لە حزبدا و حزب لە سەرکردایەتییەکەی و سەرکردایەتییەکەشی لە هێما، ئەوە باسکردن لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ڕزگارکردنی دەسەڵاتەکان لە مۆنۆپۆلی بازنەی تەسکی حزب، زۆر واقیعی نابێت و دوور نییە مەحاڵیش بێت.

بۆیە دەسەڵاتی فەرمیی ئەم هەرێمە (پارتی و یەکێتی)، ئەگەر بەنیازی ریفۆرمن، دەبێت هەنگاوی یەکەم لە خۆیانەوە و لە لووتکەی دەسەڵاتی حزبی و

حـزبەکـانیـانـەوە دەست پێ بکەن، ئینجـا دەسـەڵاتەکـان و کـۆمـەڵگە، چـونکە تەنگژەکان و ئەو گەندەڵییـەی کە کەڵەکەی کردووە و تا دێت قـووڵ و فراوانتر دەبێت، ڤـایرۆسـەکـانی لە حـزبەکـانەوە دزەی کـردووە و لە سـەرەوەی بەرەو خوارەوە، هەر چاکسازییەکیش دەبێت لەوێوە دەست پێ بکات.

ئەگـەر رێک بین لەسـەر ئەوەی کـە حـزب (ئامـرازە) بۆ وەرگـرتنی دەسـەڵات لەگەڵ ئەرکەکانی تر و ئەگەر بـاوەڕمـان بە ئەمـدەست و ئەودەسـتی دەسـەڵات هەبێت بە شێـوەیەکی ئاشتیـخوازانە لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازاد و شـەفاف وەک یەک لە بنەما سەرەکییەکانی سیستەمێکی دیموکراتی یان هەنگاونان بۆ دامـەزراندنی سـیـسـتـەمـێکی وەها، ئەوە تەیار و توندوتۆڵکردنی (ئامـراز = حـزب) لە ڕووی فـیـکری و بـاری ڕێکخـستن و پێگەیشـتنی ئەندامـانی بەشـێـوەیەکی دروست و لەسـەر ئەسـاسـی (دەسـتـوورەکـە) و ڕێزگـرتن و ئیلتیزامکردن بەو (دەستوورە) و بەڕێوەبردنی بە شێوە و شێوازێکی وەها کە هەم موراعاتی دیسپلینی حزباتی بکرێت و هەمیش فەراهەمکردنی فەزایەکی تەندروسـتی ناوەخـۆی بکرێت، تێـدا ئەندامـان و بنکەکـانی خـوارووی سـەرکردایەتی (حەصانە)ی حزبایەتییان هەبێت لە دەربڕینی را و بۆچوون و بەشداریی فیعلی بن لە هەموو ژیانی حزب و پرۆگرام و دروستکردنی بڕیار و پیادەکردنی.

ململانێی سیاسیی ئاشتیخوازانە وەک شـەڕی پێشمەرگایەتی و نیزامی وایە. کە دوو لەشکر ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە ئەو لایەنە شەڕەکە دەباتەوە کە زیاتر ڕیزەکانی ڕێکوپێک بێت و هۆ هۆکار و ئامانجی شـەڕەکـەیان لا ڕوون بێت و هـەمـوو کـەرەسـەکـانی ئەو شـەڕە هـەر چی نەبێت لە لەشکری بەرامـبەرەکەی باشـتر بێت. سـەربازی مـەشق پێکراو هـۆشـیـاریـی هەبێت و فەرماندەی و سەرکردەی لێهاتوو و خاکی و جەربەزە و لەخۆبردەییی هەبێت... تاد، یان وەکو دوو خـاوەن کێڵـگەیەک بـە زەویی باش و ئامـرازی جـووت و دوورینەوە و چاودێریی باش بەرهەمی باش وەدەست دێنێ.

لە ململانێیـەکی سیـاسـی و شـارسـتـانی و شـەفـاف دوور نییـە بۆ حـزب

هەڵەیەکی گەورە بێت ئەگەر هاتوو لە پێناوی (هێندی= کمیة) و (جۆرای= نوعی) لە دەست بدات یان جۆری بکاتە قوربانیی هێندێ. ئەندامی چوست و هۆشیار و ئەکتیڤ خاوەن پرەنسیپ و بیروباوەڕ و مولتەزیم و کادیر و لێپرسراوی لێهاتوو و قاڵبووی خەبات و تێکۆشان دەستپاک و داوێنپاک و بەرنامەی تۆکمە و روون و دروست، دینامۆ و واجیهەی حزبە و عاملی جەزب و ڕاکێشانی دەنگدەرانە بۆ سەر سندووقی هەڵبژاردن کە تاکە مەیدانی حەسمی دەسەلاتە. هەر چۆن سوپایەکی زۆری بێ سەروبەر و بێ ئیمکانیات و بێ توانا و خاووخلیچک و خاوەنی فەرماندە و سەرکردایەتییەکی بێ توانا و عەیبدار و لاواز و دۆڕاو دەبێت بەرامبەر ئەوی باشتر، هەروەها حزبەکانیش لە کاتی ململانێدا. ئەو حزب و لایەنە سەرکەوتوو دەبێت کە دروست بێت و سوود لە لاوازی و هەڵەکانی لایەنەکانی بەرامبەری وەرگرێت و ڕاستگۆش بێت لەگەڵ خۆی و پرۆگرام و جەماوەر.

پێشتر لە چەند بابەتێکی تردا، هەندێک بەفراوانتر، ئاماژەمان بەهۆکارەکانی بوونی حزب و ئەرکەکانی بەتایبەتی لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا و ململانێ و ئەمدەست و ئەودەستی دەسەڵات کردبوو، بەپێویستی نازانم لێرەدا لەو زیاتر بدوێم و دووپاتیان کەمەوە.

دووەم

شێوە و شێوازی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان: کە بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵات و داهات لە نێوان سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی بۆ ماوەی زیاتر لە ١٧ ساڵ وەک یەک. ئەزموونی وەها بۆ ئەم ماوە درێژە دیاردەیەکی شاز و سەقەت و بێ هاوتایە. دەکرا لە سەرەتاوە و لە هەندێک بواریدا جێگەی باس و تاوتوێکردن بووایە وەلێ ماوەیەکی دوور و درێژە خودی ئەو دیاردەیە بووەتە رێگر لە گۆڕین و گۆڕانکاری و ماکی گەندەڵی و، ئەوەی لە ماوەی ئەم (١٧) ساڵەدا خەڵکی کوردستانیان پێ دەترساند و رایان هێنان وەکو پاساو بۆ ئەم دیاردەیە، زۆربەی زۆری وەدی هات و بەخراپترین

شێوە، هەروەها خودی ئەم دیاردەیە نەک هەر نەبووە هۆکاری چارەسەرکردنی کێشە سەرەکی و ستراتیجییەکانی خەڵکی کوردستان و مسۆگەرکردنی دوارۆژی و دابینکردنی پێداویستی و گرفتە ئەساسییەکانی، بگرە بەپێچەوانەوە:

لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا کێشەکان ئاڵۆزتر بوون و شۆڕ بوونەتەوە بۆ شەقامی عەرەبی و ئیسلامی. بەواتایەکی تر شێوە و شێوازی ململانێکە گۆڕاوە لە ململانێیەکی سیاسی لە نێوان بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و بازنەی تەسکی دەسەڵاتی ناوەند بۆ ململانێیەکی سیاسی و ڕەگەزی و مەزهەبی و بەمەش تەجاوزی بازنەی تەسکی دەسەڵاتی ناوەندی کردووە و شۆڕ بووەتەوە بۆ شەقامی عەرەبی و هەرێمایەتی و ئیسلامی و لە ئاستی نێودەوڵەتیش ڕەنگی داوەتەوە. ئەم گۆڕانکارییە یەک لە خوسڵەتە نێگەتیڤەکانی قۆناخی دوای (رزگاری) و (داگیرکردنی) عێراقە لەلایەن ئەمەریکاوە (٢٠٠٣).

پەراوێزکردنی پێداویستییە حەیاتییەکانی خەڵک بەتایبەتی لە بواری خزمەتگوزاری وەک کارەبا و ئاو و سوتەمەنی و پەروەردە و خوێندنی باڵا و باری تەندروستی و گرانی و پاشەگەردانی بازاڕ، کۆچی هەزاران لە گەنج و لاوان بۆ دەرەوەی وڵات و بێکاری و، نەبوونی سیاسەتێکی ئابووری و بەرنامەکی تایبەت و دیار بۆ کەرتەکانی.

بێدەنگی لە مانەوەی زیاتر لە (١٠) بنکەی سەربازی و سیخوڕیی تورکیا لەناو خاکی هەرێم و گوێنەدان بەدەستتێوەردانی دەرەکی و بۆردمان و تۆپبارانی بەردەوامی تورکیا و ئێران و خاپوورکردنی دەیان گوندی تازە ئاوەدانکراو و، تێکدانی ڕێگەوبان و کێڵگە و ماڵوماڵاتی جووتیارانی ناوچەکانی نزیکی سەر سنوور و، ژەهراویکردنی ژینگەی ئەو دەڤەرانە و ئاوارەبوونی چەندان هەزار هاووڵاتیی بێ گوناه... تاد.

مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیەی ئەنفال و هەڵەبجە و هەڵوێستی فەرمی بەرامبەر بەتاوانبارانی ئەو کارەساتە و دیفاعکردن لە تاوانبارێکی وەک

سـولْتـان هـاشـم و هەڵهـاتنی یەک لە گـرینگتـرین شـاهیـدعـەیانی تـاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە.

واتە دیاردەی پـاوانکردنی دەسـەڵاتی پەنجـا بەپـەنجـا لە نێـوان دوو حـزبی دەسەڵاتدار (یەکێتی و پارتی) و قەتیسکردنی ململانێ:

نەبووە هۆکاری چارەسەرکردنی کێشەکان بەگشتی بگرە ئاڵۆزکردنیان.

نەبووە هۆکـارێک بۆ بنیـاتنانی سـەرەتایەکی دیمـوکراسی و گەشـەپێدانی، بگرە رێگر و سەقەت و پەراوێزکردنی.

نەبووە دابەشکردنی دەسەڵات بگرە مۆنۆپۆلکردنی.

نەبووە پتـەوکردنی بنکەی (حـزب) و جوانکردنی وێنەکەی و بەهـەیبـەتکردنی ژیانی حـزبایەتی، وەک ئامـرازێکی بێ ئەلتـەرناتیـڤی پرۆسـەی دیموکراتییـەت، بگرە نابووتکردنی.

نەبووە بەهێزکردنی ئەزموونی هـەرێمی کوردستان، بگرە لاوازکردنی.

دەسـەڵاتـی دوو جـەمـسـەری (وەک یەک) و مـۆنـۆپۆلکردن و قـەتیـسکردنی ململانێی شارستـانی و ناشتیخـوازانە بۆ ئەمدەست و ئەودەستی دەسەڵات و ئیستـغـلالکردنی گشت چەمکەکانی دەسەڵاتی فـەرمی لە پێناو بەرژەوەندیی تـایبـەتی تـەسک، خـۆی لە خـۆیدا بـووەتە رێگر لـە بەردەم لـەدایکبـوونی دەسـەڵاتێکی زۆرینەی خـاوەن شـەرعـیـیـەتی رێزلـێگیـراو و ئۆپۆزسـیـۆنێکی تەندروست و ئەکتیڤ و مەسئوول.

بەکـورتی ئەم دیاردەیە کە بۆ (١٧) سـاڵ دەچێت لەم هـەرێمـە کـە (پارتی و یەکێتی) پیـادەی دەکەن، لە ناوەوە و لە دەرەوە، کوردستـانییـەکان و دۆستـانی کـورد بەمـەترسی دادەنێن لەسـەر خـودی ئەمـرۆ و دوارۆژی کـوردسـتـان، حکوومـەتەکـەشمـان لەلایەن توێژێکی فراوانی خـەڵکی کـوردسـتـان و زۆر لە دۆسـتـانی کـوردیش بەحـکوومـەتی پارتی و یەکـێـتی دادەنێن، نـەک بەحکوومەتێکی نیشتمانیی کوردستانی.

ئەم ئەزمـوونە لە تەنگژەدایە. دەسـتتێـوەردانی حزب لە دەزگاکانی فـەرمیی

هەرێم ئەنجامە نەک هۆکار. پێش بیرکردنەوە لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ریفۆرم و تەفعیلکردنی دەزگاکان، دەست هەڵگرتنە لەم شێوە و شێوازە حوکمڕانییەی ئەمڕۆی هەرێم (لە ئاستی حزب و بەڕێوەبردنی ئەم کیانە).

سەرەتای هەر گۆڕین و گۆڕانکارییەکی جیدی لە ئاستی هەرێم و دامەزراوەکانی، بەوە دەست پێ دەکات کاتێ سەرکردایەتیی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار هەریەک لەلای خۆیەوە:

بەخودی سیستەمی حزبەکانیان و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەندام و دامەزراوەکانی خۆیاندا بچنەوە، ژیانی حزبی تەندروستتر بکەن، ئەوەی بەتەمای ئەوە بێت دامەزراوەکانی ئەم هەرێمە تۆکمە و کارا و کارامە و کاریگەر و دوور بێت لەگەندەڵی، دەبێت ئامرازی گەیشتن بەدەسەڵاتێکی وەها تەندروست و توندوتۆڵ و تەیار بکات، ئامرازی باش لە ژینگەی باش، بەرهەمی باش وەدەست دەهێنێت و پێچەوانەکەشی دروستە.

کۆتاییهێنان بەقۆرخکردنی دەسەڵات و داهاتی خەڵکی کوردستان و ئازادکردنی بڕیاری کوردستانی لە دیاردەی دوو ناوەند.

ئەوەی باسمان کرد سەرەتایەکی پێویستە بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەکانی ئەزموونی ئەم هەرێمە کە بەپلەی یەکەم و ڕاستەوخۆ سەرکردایەتیی هەردوو حزبی فەرمانڕەوا لێی بەرپرسیارن، دیارە لە واقیعی ئەمڕۆی کوردستاندا هەر دەبێت هەردوولا وەخۆیان بکەون بۆ: خۆشکردنی زەوینە بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد و شەفاف، تێیدا گشت حزب و لایەنەکانی کوردستان خۆیان تاقی بکەنەوە (هەریەک بەپێی بەرنامەی خۆی)، بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، حزبی زۆرینە حوکمڕان بێت و کەمینە بەرهەڵستکار.

لایەنێک کە دەسەڵاتی لە زۆرینەی خەڵکی کوردستان وەرگرتبێت، ملکەچکردن بۆ شەرعییەتی مولزیمە، هەروەها ڕێزگرتنی دەسەڵات لە کەمینە ئەرکە.

لایەنێکی حوکمڕان و ئۆپۆزسیۆنێکی وەها کە هەڵقوڵاوی نوێنەرانی

خەڵکی کوردستانە (پەرلەمان)، دەتوانێت هەنگاو بەهەنگاو دەسەڵاتەکانی هەرێم بەرەو دامەزراوە ببات، پاش ئەوەی ئەو پەرلەمانە پرۆگرام و یاسای پێویستی بۆ دابین دەکات و قودرەتی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی دەبێت لە ئاستی چاودێری و پرس و لێپرسینەوەی، نەک (پارتی و یەکێتی) یان ئەم پەرلەمانەی ئێستامان.

کورد بێ ڕەگ نییە سەبارەت بەم دیاردەیە (نوێنەرایەتی)، بەپێچەوانەوە لە دێرزەمانەوە ئاشنایە لەگەڵ سیستەمی (شورا) و نوێنەرایەتی، لە سەرەتای نیزامی (مەبعوسان)ی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە پاش بەزۆر لکاندنی باشووری کوردستان بەعێراقی داتاشراو، بەدرێژاییی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو تا ئەمڕۆ.

دوور لە هەڵسەنگاندنی ئەو قۆناغانە و چۆنیەتیی بەشداریی کورد لە دامەزراوەکانی (نوێنەرایەتی)، چ (مەبعوسان)ی ئال عوسمان و چ (ئەنجوومەنی نەتەوایەتی= مجلس الامة)ی قۆناغی پاشایەتی (١٩٢١–١٩٥٨)، چ گشت قۆناغەکانی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بە(ئەنجومەنی گەل = مجلس الشعب)ی بەعسییەکان و نەژادپەرستەکانی عەرەبی قۆناغی (١٩٦٣– ٢٠٠٣)، بە(ئەنجوومەنی یاسادانان = المجلس التشریعي)لە کارتۆنییەکەی (ناوچەی کوردستان)ی ڕژێمی سەدامی لەناوچوو، چ پاش قۆناغی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە (کۆمەڵەی نوێنەرانی کاتی ٢٠٠٣– ٢٠٠٥) و (ئەنجوومەنی نوێنەرانی پاش ٢٠٠٥ تا ئێستا)، لەهەمووشی بەرچاوتر ئەزموونی قۆناغی دوای ڕاپەڕینی هەرێمی کوردستانە، ئەویش دامەزراندنی (ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان = پەرلەمان لە ساڵی ١٩٩٢ تا ئێستا)، ئێژین دوور لە هەڵسەنگاندنی ئەو قۆناغانە، کورد لەمێژەوە ئەزموونی (نوێنەرایەتی) و (یاسادانان)ی هەیە و کێشەکە لەوەدا نییە بەقەد ئەوەی چۆن و کێ و بۆچی.

واتا ئەمەی ئەمڕۆ کورد پیادەی دەکات وەکو پەرلەمانی کوردستان و بوونی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان، دیاردەیەکی بێ ڕەگ و ریشە نییە، چ پێش

دروستكردنی ئەم عێراقە و چ پاش ئەوە و لە سەرتاسەری عێراق. دوور لەوانە هەر هەمووی وا بۆ (١٧) ساڵ دەچێت پەرلەمانێکمان هەیە خولێکی تەواو کرد و وا خولی دووەمیشی بەرەو تەواوبوون دەڕوات، لە ڕووی یاسایی و بەدەق و بڕگەکانی سەر کاغەز، هەم باڵاترین دەزگایە و هەم بەهێزترینیان...

یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢، کەتا ئێستا لە ئاستی (دەستووری هەرێمی کوردستانە)، زیاتر لە (٦٠) مادەی تەرخان کراوە بۆ دەسەڵاتی (یاسادانان = پەرلەمان)، دەسەڵاتەکانی ڕێزبەند کراوە و زیاتر لە (١١) بڕگەی بەخۆوە گرتووە. ڕێژەی پێویست بۆ سەرکەوتنی لیستەکان لە (٧٪)ەوە بووەتە ڕێژەی دابەشکردنی کۆی گشتیی دەنگدەران لەگەڵ ژمارەی کورسییەکان، مافی گەلانی تری غەیرە کورد مسۆگەرە، دوور نییە بەمەش هیچ لایەنێک بێبەش نەبێت.

ئەندامانی ئەم پەرلەمانەی ئێستا پێشەکی (ئەندامی لیستی حزبین)، حزب تەسبیتی کردووە و خەڵکی کوردستان پەسندی کردووە، لە ڕووی یاساییەوە جگە لە یاسادانان، بەرپرسیارە لە کۆمەڵێک پرسی چارەنووسساز هەر لە بڕیاردان لەسەر مافی چارەنووسی کوردستان، تا دەستنیشانکردنی حکوومەت و سەرۆکی هەرێم و بڕوا پێدان و لێ سەندنەوەی لێیان و چاودێریکردنیان و پەسندکردنی بودجەی هەرێمو بەدواداچوونەوە و پرس و لێپرسینەوە و پەسندکردنی ڕێککەوتننامە و گرێبەستەکان... تاد، کەچی دەبینین لە زۆر ڕووەوە لە ڕووی پراکتیکەوە بێ دەسەڵات کراوە.

لەبەرئەوەی پەرلەمان نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان دەکات و بەپێی ئەو هەموو دەسەڵات و ئەرکانەی کە بۆی ڕێز کراوە، دانیشتوانی کوردستان، دۆستانی کورد مەزندەی گەورەیان لێ دەکرد و چاوەڕوانی ئەوە بوون کە ئەو دەسەڵات و ئەرکانە بەباشی بەکار بهێنێت، هەر ئەمەش وای کردووە کە خەڵکێکی زۆر و چاودێران، لایەنێکی گرینگی واقیعی نێگەتیڤی ئەمڕۆی ئەم هەرێمە بەگشتی، بخەنە ئەستۆی پەرلەمان و ببێتە ناوەندێکی بەرچاوی گلەیی و گازندەیان.

واتا:

لەم هەرێمە ئەزموونێکی پەرلەمانیمان هەیە، وەلێ سەقەتە.

نوێنەرایەتیی هەیە، وەلێ فەرز کراوە.

دەزگایەک هەیە، وەلێ رووکەشە.

توانا هەیە، وەلێ وەلاوە نراوە.

ئیرادە هەیە، وەلێ لغاو کراوە.

لەوەش خراپتر ئەم سیستەمە، غەرقی سیستەمی دەسەڵاتی نوخبەی سیاسیی هەردوو حزبی دەسەڵاتدارە..!

ئەم ئەزموونەی ئێمە ئەگەرچی بەپێی رێزبەندیی یاسا و رێساکان و وتاری بازنە و بنکەکانی دەسەڵات، تا ئێستا وەک سیستەمێکی (پەرلەمانی) دیموکراتی دایدەنێن (هەندێک جاریش بێ هاوتا)، وەلێ لە پراکتیکدا دەسەڵاتی نوخبەیە (بازنەی دەسەڵاتی هەردوو حزب) و بەهۆی پرەنسیپی دابەشکردنی دەسەڵات و داهات لەنێو خۆیاندا، وەک یەک، مانەوەی دوو ئیدارە و دوو بودجە و دوو مەتبەخی دروستکردنی بڕیار و دوو سەنتەری بڕیاردان و دوو هێزی سەربازی لە واقیعدا، پەرلەمانەکەی تەهمیش و ئیفلیج کردووە، کراوەتە پاشکۆی ئەو دوو دەسەڵاتە حزبییە، بەمەش ئەو دیموکراتییەی کە باسی دەکەن زیاتر (دیموکراتیەتی دیکتاتۆریەتی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار) و شیعاراتە، لەوەی سەرەتایەکی راستەقینە و تەندروست بێت بۆ بنیاتنانی دیموکراتییەت.

هەر لەم روانگەوە، هەر باسێک و هەوڵێکی جیدی لەمەڕ ریفۆرم و چاکسازی، دەبێت پێش هەموو شت وەڵامی پرسیارێکی گرینگ بداتەوە، ئەویش چۆن و لە کوێوە دەست پێ بکرێت؟

لە رێگەی هەردوو حزبی فەرمانڕەوا بەواقیعی ئێستایانەوە لۆجیست نییە، چونکە خۆیان لە تەنگژەدان و هۆکاری تەنگژەکەن.

لە رێگەی ئەم پەرلەمانەی ئێستا، مەحاڵە، چونکە ئەم پەرلەمانە

ڕەنگدانەوەی ئەو دوو دەسەڵاتەیە بەگشت تەنگژەکانیەوە، شەفافتر:

شێوە و شێوازی بیرکردنەوە و هەستی حزبایەتیی ئێستا و مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات لەلایەن بازنەی تەسکی سەرکردایەتیی هەردوو حزبی فەرمانڕەوا (پارتی و یەکێتی) لە گشت و بۆ گشت بوارەکان، ئەم پەرلەمانەی ئیفلیج کردووە، چارەنووسی هەر خولێکی تریش لەمە باشتر نابێت ئەگەر هاتوو مەفهومی حزبایەتی و هەڵوێست لە دەسەڵات هەروەکو ئێستا بەردەوام بێت.

لێپرسراویەتیی بازنەی تەسکی دەسەڵاتی هەردوو حزب (پارتی و یەکێتی) لە شێوە و شێوازی دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی ئەندامانی لیستەکانیان کە زیاتر لە بنەمای مەحسوبیەت و مەنسوبیەت سەرچاوەی گرتووە، نەک توانا و پسپۆڕی... تاد.

بەم پێیە پەرلەمانی کوردستان لە سێ لاوە بێهێز و لاوازە: بەرامبەر هێما و دەسەڵاتی حزبی، لە بەرامبەر حکومەتی هەرێم و لە ئاست کەسایەتی و پسپۆڕیی ژمارەیەک لە ئەندامەکانی.

ئەو واقیعە وای لە پەرلەمانی کوردستان کردووە لە دەسەڵاتێکی باڵای یاسادانان ببێتە:

دەزگایەکی پەسندکەری بڕیارەکانی بازنەی دەسەڵاتی حزبی نەک بڕیاردەر.

ڕێکخەری یاسای پڕۆژەکانی مەتبەخی بڕیاری حزبی ئەو بازنەیە نەک دروستکەری.

سەکۆیەکی خاڵیکردنەوەی ئیحساساتی شەقامی خەفەکراو و پەنگخواردووی کوردستان و هۆڵێکی موناسەبات لەمەڕ ڕووداوەکان، بۆ هەڵهاتنی بازنەی دەسەڵاتی حزبی لە گیانی بەرپرسیارەتی و بڕیاردان لەمەڕ کێشە چارەنووسسازەکان و گواستنەوەی بۆ گۆڕەپانی پەرلەمان، چ بۆ مردارکردنەوەی ئەو پرسانە یان پاشەکشێ و کاڵکردنەوە و سازشکردن.

هەر بۆیە دەبینین پەرلەمان تا حەدێک بێ ئیرادەیە بەرامبەر زۆر لە یاسا و برگەکان کە هەر لە سەرەتاوە (تفصیل) دەکرێت بۆ باڵا و کاڵای ویستی

تایبەت، رۆڵیشی سنووردار کراوە، قودرەتی چارەسەرکردن و حەسمی گرفت و کێشە چارەنووسسازەکانی نییە.

سەرەتای ڕیفۆرمێکی جیدی و بنەڕەتی مەسئولانە لە دەسەڵاتە فەرمییەکان، دەبێت لە ڕیفۆرمی حزبەکان و شکاندنی بەستەڵەکی قەتیسکردنی ململانێ و تەجاوزی (دوو ناوەندی وەک یەکی بڕیار)، دەست پێ بکات و ئەویش بە رەخساندنی زەوینەیەکی تەندروست بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد، چونکە پەرلەمانێکی فرەڕەنگی و دوور لە مۆنۆپۆلی واقیعی ئێستا، بەبوونی زۆرینەیەکی شەرعی و ئۆپۆزسیۆنێکی مەسئول و ڕێز لێگیراو و بەهێز و ئەکتیڤ و بوونی فەزایەکی ئازاد و تەندروست و شەفاف، بەپێی مەوقیع و دەسەڵاتەکانی، دەبێتە ماک و دینەمۆی ریفۆرم و چاکسازیی دەسەڵاتەکان و بەدامەزراوەکردنیان.

بەپێچەوانەی گشت کۆسپ و لەمپەرەکانی ئەم (١٧) ساڵە، ئەمەی ئەمڕۆ کە هەیە بە هەرسێ دەسەڵات و گشت دەزگاکانی حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەو نیمچە ئازادییەی کە هەیە و بەش و بەشداری کورد لە ناوەندی بەغدا، بەهەموو کەموکورتییەکانیانەوە دەستکەوتێکی گەورەیەو بەرەنجامی قۆناغێکی پڕ لە ئێشو ئازار و کارەسات و نەهامەتیی نەتەوەیەکە، پاراستنی و تەفعیلکردنی و گەشەپێدانی ئەرکی هەموو کوردستانییەکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەرە.

گازندە و رەخنە زۆرە، کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان تەنیا لێدوانە. دوور نییە چارەسەرنەکردنی ئەم دۆخە ببێتە مایەی هەڵدێرێکی تر، بۆیە:

تەنگژەکانی ئەم ئەزموونە بەگوێنەدان و هێشتنەوەی بۆ کات و خۆهەڵخەڵەتاندن بەدەستکەوتی رۆژ یان خولانەوە بەدەوروبەری بەرەنجامەکان، بە پەراوێزکردن و شێواندنی پرۆسەی دیموکراتییەت و ئازادییەکان چارەسەر ناکرێت، بگرە بە تەندروستکردنی ژیانی سیاسی و حزبایەتی و بەهێزکردنی دەسەڵاتەکان و بەدامەزراوەکردنیان دەکرێت، تێیدا

خەڵک ملکەچی شەرعییەت و دەسەڵاتی زۆرینە بێت، زۆرینەش ڕێز لە کەمینە بگرێت، بۆ هەموو لایەنەکان بنەماکانی بەرژەوەندیی نیشتمانی و نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان خەتی سوور بێت.

چاکسازیی ئیرادە و بەرنامەی دەوێت، بەرنامەش پرەنسیپ و لێکدانەوە و ئامانج و مەودا و ئالیاتی دەوێت، ئالیاتیش شەفافیەت و بەدواداچوونەوە و پرس و لێپرسینەوەی دەوێت، ڕیفۆرم داخوازیی خەڵکی کوردستانە ئەگەر نەکرێت دەیکات!

تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی رۆژنامە ژمارە ٣٨٨ لە٢٠/١/٢٠٠٩ و سایتی: سبەی بڵاو کراوەتەوە.

## بەمادەی ٢٤ کەرکووکیان دابڕان و

## بەمادەی ٥٣یش کوردی ئێزدی و شەبەک

لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٨/١١/٣)ی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کۆماری العراق و، بە ١٠٦ دەنگ لە کۆی ١٥٠ پەرلەمانتاری ئامادەبووی دانیشتنەکە، یاسای هەموارکردنی (یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکانی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠٠٨)ی پەسند کرد کە تایبەت بوو بەبەمافی کەمینەکان.

یاسای ژمارە (٣٦) ساڵی ٢٠٠٨، هەر لە سەرەتا، وەکو پرۆژەیەک، جێگەی مشتومڕ و ناکۆکیی لایەنەکانی پرۆسەی سیاسیی عێراق بوو و، سەرەتایەکی تر بوو لە یەکترازاندنی تاڵە موویەکی باریکی تری نێوان ئەوان و هاوپەیمانیی کوردستانی و برا کلدووئاشوورییەکان (کە لەم یاسایە پێیان ئێژن مەسیحییەکان) لەلایەکەوە و، لەلایەکی ترەوە، خودی ئەم یاسایە و بەتەحدید مادەی (٢٤)ی، ماکی نزیکبوونەوە و هۆکاری گردبوونەی هێزی ٧/٢٢ بوو.

مەعلوومیشە ئامانجی ئەو گردبوونەوەیە، بەهەموو ڕەنگ و ئینتیمای نەتەوایەتی و ڕەگەزی و مەزهەبی و، بەدەر لە ناکۆکییەکانیان، بەگشتی لەپشت مادەی (٢٤) بوون، وەک سەرەتایەکی یاسایی بۆ مردارکرنەوەی مادەی (١٤٠) و ڕێگرتن لە گەڕانەوەی کەرکووک بۆ نێو هەرێمی کوردستان و، هەر ئەوانیش دژی مادەی (٥٠) بوون سەبارەت بە پشکی برا (مەسیحییەکان) لە ئەنجوومەنەکاندا.

لە کاتی خۆیدا لایەنی کوردستانی لەسەر شێوەی دەنگدان لەسەر مادەی (٢٤) (نەک ناوەڕۆک)ی، لە دانیشتنەکە کشایەوە وەلێ مادەکە و هەروەها

خودی یاساکە بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا. ئەودەم لە رۆژنامەی (رۆژنامە) وتارێکمان لەسەر ئەم بابەتە نووسی:

مادەی (٢٤) چ وەک ناوەرۆک و چ شێوە و شێوازی دەربازکردنی و ئەو گەلەکۆمەیە و ئیدای لایەنی کوردستانی و هەڵوێستی دەسەلاتی ناوەندیی بەغدا، شەقامی کوردستانی هەژاند و هاوپەیمانیەتی کوردستانییەکان و لایەنەکانی پرۆسەی سیاسیی تری عێراقی، بەوانەشەوە کە رێککەوتننامەی ستراتیجییان لەگەڵدا مۆر کرابوو خستە ژێر پرسیارەوە، هەر ئەمەش وای کرد کە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی کۆمار یاساکە رەت کاتەوە و داوای هەموارکردنی مادە (٢٤)ی بکات. یاساکە گەڕایەوە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران و، لە ٢٤/٩/٢٠٠٨ مادەکە هەموار کرا بەڵام بەداخەوە وەک ناوەڕۆک زۆر لەوەی پێشتر باشتر نەبوو، لە بابەتێکماندا لە هەفتەنامەی (هاولاتی) تیشکمان خستە سەر ئەم لایەنەش:

جارێکی تر یاسای (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ هەموار کرا و، نێردرایەوە بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار. سەرۆکایەتیی کۆمار بۆ جاری دووەم داوای هەموارکرنەوەیان کرد و، ئەمجارەیان کێشەکە تایبەت بوو بەمافی کەمینەکان.

ئەنجوومەنی نوێنەران لە رۆژی ٣/١١/٢٠٠٨ یاساکەی بۆ جاری دووەم هەموار کرد. مادەیەکی تر ئیزافە کرا بەژمارە (٥٣) و، بەپێی بڕگەکانی ئەم مادەیە:

اولاً: تمنح المكونات التالية العدد التالي من المقاعد المخصصة في مجالس المحافظات:

بغداد: مقعد واحد للمسيحين ومقعد واحد للصابئة.

نينوى: مقعد واحد للمسيحين ومقعد واحد ليزيديين ومقعد واحد للشبك.

البصرة: مقعد واحد للمسيحين. واتە:

(٣) کورسی بۆ مەسیحییەکان (یەک لە پارێزگای بەغدا و یەک لە مووسڵ و

یەک لە بەسرە).

(١) کورسی بۆ سابیئەکان لە بەغدا.

(١) کورسی بۆ ئێزیدییەکانمان لە مووسڵ.

(١) کورسی بۆ شەبەکەکانمان لە مووسڵ.

دیارە هەموو ئەو پێکهاتانە نارازین و بەتوندی و فەرمی هەڵوێستی خۆیان پێشان دا سەرەڕای کۆڕ و کۆبوونەوە و خۆپێشاندان و پشتگیریی خەڵکی کوردستان.

ئەم نارەزاییە کێشەی زیاتر لە (یەک ملیۆن) مرۆڤە و، مافێکی ڕەوای ئەوانە و ئێمەی هاوهەڵوێست و پشتیوانیان، کە سەرانی عێراق بەگشتی و لایەنی کوردستانی لە ناوەند و لە هەرێم بەتایبەتی، نارەزایی و نیگەرانیی ئەو خەڵکە بەهەند وەرگرێت و، پاڵپەستۆ بخرێتە سەر سەرۆکایەتیی کۆماری العراق بۆ ئەوەی ئەم هەموارکردنە پەسند نەکەن و بەدەنگی (برایانی مەسیحی) و کوردی ئێزیدی و شەبەک و خەڵکی کوردستانەوە بێن.

دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا و لایەنەکانی گردبوونەوەی هێزی (٧/٢٢)ی نێو پرۆسەی سیاسیی العراق و حکوومەتی ناوەند، لە پاش چەسپاندنی مادەی (٢٤) لە حاڵەتی هێرشدایە:

مەندەلی و بناری حەمرین و سەعدیە و جەلەولا و قەرەتەپە بەتەواوی پاک کراوەتەوە لە هێز و دەسەڵاتی کوردستانی و ڕۆڵی سیاسی و حزبیی لایەنە کوردییەکان تەحجیم و تەهمیش کراوە.

خانەقین بە چەندان فرتوفێڵ و (بسماری جوحا) گەمارۆ دراوە و، وا بەرەبەرە ڕۆڵی کوردستانییەکان لە پاشەکشێدایە.

کەرکووک وا بە هێزی سەربازیی ناوەندی پێشوو (فرقەی ١)ی نوێ و دروستکردنی ئەنجوومەنی (الصحوة) و بەندەکانی خودی مادەی (٢٤)ی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان کە دەسەڵات و پۆستە ئیدارییەکان و هێزەکانی شورتە و ئاسایش لەسەر ئەساسی (٣٢٪)ـە گەمارۆ داوە و، لە

هەموو ئەو بوارانەدا لایەنی کوردی یەک لەسەر سێی پۆست و دەسەڵاتەکان دەبێت. هەروەها مردارکرنەوەی مادەی (١٤٠) و دواخستنی هەڵبژاردنەکانی ئەم پارێزگایە لە واقیعدا دابڕانی کەرکووکە لە هەرێم. هەر هەموو ئەمانە بەگشتی ئەوە دەگەیەنێت، ناوەند خۆی گلێر کردووەتەوە و بڕیاری خۆی داوە و بەبەرنامە لەم قۆناخەدا ئەوەی پێی کرا فەرزی کرد و وا سەرقاڵی قوتدانێتی.

شان بەشانی ئەمە ناوەندی بەغدا هەرچۆن لەژێر پەردەی بەربەرەکانێی ئیرهاب لە پارێزگای دیالە و کەرکووک هەیبەت و بوونی لایەنی کوردستانی بەیاسا و بە هێز، تەحجیم و گلێر کردەوە وا بە هەمان شێوە لە مووسڵیش دەستی پێ کردووە.

مادەی (٥٣- یەکەم) یاسای ٣٦ی ساڵی ٢٠٠٨ هەموارکراو و تەسبیتکردنی:

ئێزیدی و شەبەک وەکو (مکونات = پێکهاتە) نەک وەکو کورد سەرەتایەکی خەتەرناکە لە جیاکردنەوەی ئەم کوردە رەسەنانە لە نەتەوەکەیان. کارەساتەکە لەوەدایە کە ئەمە بۆ یەکەم جارە کورد خۆی بەشدارە لە داڕشتنی بەند و مادەی یاسایی بۆ جیاکرنەوەی ئەم توێژە کوردە و، وە دەنگیشی بۆ دا و هەوڵی تەسویقکردنیشی دەدات. ئەمەش زەوینە خۆشکەرە بۆ داکۆکیی نەیارانی کورد لەسەر گومان خستنە سەر رەسەنایەتیی ئەم دوو توێژەیە و دەرگەیەکە بۆ دەستتێوەردان و یاریکردن بە ئیحساساتی ئاینی و مەزهەبی و خێڵەکیان. تەحدیدکردنی ژمارەی کورسییەکانی کوردە ئێزیدی و شەبەکەکانمان هەر یەک بەیەک (کورسی) و تەنیا بۆ پارێزگای مووسڵ غەدرێکی گەورەیە. چونکە بەهەموو حیساباتێک کوردە ئێزیدییەکانمان لە پارێزگای مووسڵ و دهۆک بەگشتی لای کەمەوە لە سنووری (٤٠٠٠٠٠) کەسن و پشکیان لە نێوان (٥-٦) کورسییە.

نفووسی شەبەک دوور نییە خۆی لە (٢٥٠) هەزار کەس بدات، پشکیان لە سنووری (٣) کورسی دەبێت لە مووسڵ.

مادەی (٥٣ یەکەم) تەنیا ئەو هەوڵە ڕەگەزپەرستییە نییە بۆ جیاکردنەوەی کوردی ئێزیدی و شەبەک لە نەتەوەکەمان بگرە نەخشەیەکی جەهەنەمیانەی نەیارانی کـــوردە بۆ پەرت و بڵاوکـــردنەوەی زیاتر لە (٢٠٠) هەزار دەنگی کوردستانییەکان و، تەرخانکردنیان تەنیا بۆ (٢) کورسی، ئەمەش بە تەئکید هەوڵێکی جیدییە بۆ کەمکردنەوەی کورسییەکانی لیستی کوردستانی چ لە پارێزگای مووسڵ و چ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی داهاتوو.

لە ماوەی (٦) ساڵی قۆناخی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، مەلەفی ئەمنیی پارێزگای مووسڵ و گشت ناوچە تەعریبکراوەکانی کوردستان لای دەسەڵاتی سەربازی ئەمەریکایە، لەو ماوەیەدا بەهۆی کاری توندوتیژیی ئیرهابی و بەعسی و شۆڤێنی، تاکو حەدێک ناوشاری مووسڵ لە کورد پاک کـــردووەتەوە، لە سنووری (١٠٠) هەزار کـــوردی شـــارەکـــە هەڵهـــاتووە و بەسەدانیشی لێ شەهید کراوە جگە لە برا (مەسیحییەکانمان) و، پرۆسەکە وا خەریکە چڕتر دەبێتەوە و، ناوەند لە ڕێگەی مردارکرنەوەی مادەی (١٤٠) و مـــادە و بەندە یاســاییــیــەکـانی تر و، پشـتگیـری لە بەعس و شـۆڤـێنی و مەزهەبییەکان دەکات و، ئەنجومەنەکانی (الصحوة = فورسان و جاش) دروست دەکات، ئەفســەر و سەربازە کوردەکانی نێو سوپای العراق بۆ ناوەڕاست و خوارووی وڵات نەقڵ دەکات، هەر هەموو ئەمانە نەک ناوشاری مووسڵ بگرە ناوچەکانی دەوروپشتیشی خستووەتە بەر مەترسییەکی گەورەوە.

بۆ ڕێگرتن لەم پیلانە و، لە بارودۆخی وەهادا و، وەک کاردانەوەیەکی بەپەلە، چی بکرێت باشە...؟

بە دیدی بەندە باشە هاوپەیمانیی کوردستانی پێ داگرێت لەسەر ئەم خاڵانە:

سەرۆکایەتیی کۆمار ئەم یاسایە ڕە تکاتەوە بۆ ئەنجوومەنی نۆینەران و ڕازی نەبێت بە ناوەڕۆکی مـــادەی(٥٣) چ لە فـــەرز و (تـصنیف)ی (برایانی کلدوئاشوور و ناساندنیان بە - مەسیحییەکان) و چ فەرزی کوردی ئێزیدی و

شەبەکمان و هەروەها ژمارەی کورسییەکان.

ژمارەی کورسییەکانی برا (مەسیحییەکان) زیاد بکرێت لە بەغدا و بەسرە، بەو ڕێژەیە کە خۆیان جەختی لەسەر دەکەن و پشتگیرییانیش بکرێت لە ژمارەی کورسییەکانیان لە مووسڵ.

لە کوێ ناوی برا (ئێزیدی و شەبەک)مان دیت بە (کوردی ئێزدی و شەبەک) تۆمار بکرێن (نەک ئێزدی و شەبەک) هەر وەکو لەم یاسایادا هاتووە.

ئەگەر هەر ناچار بوون کە دەبێت کورسیی تایبەتی بۆ کوردی ئێزیدی و شەبەک تەرخان بکرێت، ئەوە پێ دابگیردرێت لەسەر ژمارەی کورسییەکانیان کە لەگەڵ ژمارەی نفوسیان موناسب بێت.

ئەگەر لایەنەکانی تر سوور بوون لە ناو و کورسی بۆ کوردی ئێزیدی و شەبەکمان ئەوە دەبێت داکۆکی لەسەر ناو و ژمارەی کورسی بۆ برایانی کوردی فەیلیمانیش بکرێت بە تایبەتی لە بەغدا و کوت و دیالە. هیچ کات ژمارەی برایانی کوردی فەیلیمان لە برایانی (کلدۆئاشووری و کوردی ئێزیدی و شەبەک) لە بەغدا و بەسرە و مووسڵ کەمتر نییە.

ئەگەر لایەنەکانی نێو پرۆسەی سیاسیی العراق بەدەنگی نارەزایی و نیگەرانیی برایانی (مەسیحی) و کوردی ئێزیدی و شەبەکمانەوە نەیەن و، گوێ لە نارەزاییی شەقامی کوردستان نەگرن و، لەم بارەیەوە پشتیوان و هاوکاریی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی نەکەن، با لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی لە دانیشتنەکانی ئەنجوومەن بکشێتەوە و، هەڵمەتێکی جەماوەری و خەباتی مەدەنی و شارستانی لە سەرتاسەری کوردستان و دەرەوە دەست پێ بکرێت و، لەسەر حکوومەت و پەرلەمانی کوردستانیشە، بەرامبەر ئەم ناهەقییە و ئەو پیلانە نەگریسانە هەڵوێست وەربگرن.

نیازی ناوەندی بەغدا و نەیارانمان لەمێژەوە روونە و، هیچ نەتەوە و میللەت و گرووپێک بە گوێنەدان و سازش و سازشکاری نە خۆیان پاراستووە و نە گەیشتوونەتە ئامانج و، کوردیش بەبێدەنگی و بزاو ماڵی خراپتر دەبێت..!

مادەی (٢٤) بۆ کورد دەسکەوتە یان لەدەستدان..؟!

پاش پەسندکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەران و هەموارکردنەوەی مادەی (٢٤)ی ئەو یاسایە کە لە رۆژی ٢٢ی تەمووزی ئەمساڵدا پەسند کرابوو، بووە هۆی نارەزاییی شەقامی کوردستانی و، (پاشتر رەتکردنەوەی یاساکە لەلایەن ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی کۆمارەوە)، کە خودی ئەم رەتکردنەوەش بووە لایەکی تری مشتومڕ و هەڵچوون و داچوونی نێوان کوتلە جیاجیاکانی ئەنجوومەن و، زەمینەی خۆش کرد بۆ پەنابردن بۆ (یۆنامی) و دەستتێوەردانێکی دەرەکیی زەق و روون.

ئەم یاسایە و رێک مادەی (٢٤)ی پەراوێزکردنی کێشەی کوردەو مردارکردنەوەی مادەی (١٤٠)ی سەقەتە و، بڕیاری یاساییی حکوومەتی ناوەندیی بەغدا و، ویستی ئیدارەی بوشی (هاوپەیمان)ە و، رەزامەندیی سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان، بۆ وەلادانی کەرکووک لە هەرێمی کوردستان.

وەکو هەموو لایەک ئاگەدارن کە رۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٢، ئەنجوومەنی نوێنەرانی کۆماری العراق، بەزۆرینەی دەنگ یاسای هەڵبژاردنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی عێراقیان پەسند کرد. هاوپەیمانیی کوردستانی لەسەر شێوەی دەنگدان لەسەر مادەی (٢٤)ی یاساکە نەک (ناوەرۆکی)، لەو دانیشتنە کشایەوە و، ئەمەش لە واقیعدا هەنگاوێکی سەیروسەمەرە بوو بەتایبەتی پاش ئەوەی:

هاوپەیمانیی کوردستانی رازی بوون، ئەو پرۆژە یاسایە، لەلایەن سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی نوێنەران قەبووڵ بکرێت و بدرێتە لێژنە پێوەندارەکانی بۆ تاوتوێکردن و باس و گەڵاڵە و ئامادەکردنی بۆ دانیشتنی ئەنجوومەن. مەعلوومیشە هەر لە سەرۆکایەتییەوە تاکو لێژنەکان، هاوپەیمانیی کوردستانی نوێنەرایەتیی خۆی هەیە. هەروەها پێش

دانیـشـتنەکـەی رۆژی ٧/٢٢ پرۆژەکـە دابـەش کـرابوو بـەسـەر ئەندامـانی ئەنجوومەندا.

هاوپەیمانیی کوردستانی ڕازی بوون پرۆژە یاساکە بخرێتە بەرنامەی کاری دانیـشتنی رۆژی ٧/٢٢ و، دەیانزانی مـادەی (٢٤)ی ئەو پرۆژە یاسـایە چۆن دارێژراوە و کێی لە پشتە و مەبەست چییە.

هاوپەیمانیی کوردسـتانی رازی بوون لەسـەر موناقەشـە و دەنگدان لەسـەر مادەی (١) تاکو مادەی (٢٣)ی ئەو یاسایە.

کە هاتنە سـەر مادەی (٢٤)، پێشنیاز کرا دەنگدان لەسەر مادەکە بەنهێنی بێت، مـشـتـومڕ لە نێوان هەندێ لە ئەندامانی سـەر بەلیـستی هاوپەیمانیی کوردستانی و ئەوانی تر دەستی پێ کرد. کە سـەرۆکی ئەنجوومەن (د. محمود المشهداني) داوای ڕای فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردسـتانی کرد سـەبارەت بەشێوەی دەنگدان: ئاخۆ بەنهێنی بێت یان بەئاشکرا، سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستانی (د. فوئاد مەعسووم) داوای کرد بخرێتە دەنگدانەوە، ئەوە بوو خـــرایە دەنگدانەوە و، ئەنجـــامی دەنگدان زۆرینەی ئەندامـــانی دانیشتنەکەی ئەنجوومەن دەنگیان دا کە دەبێت دەنگدان لەسـەر مادەی (٢٤) بەنهێنی بێت. دوای ئەوە لیـستی هاوپەیمانیی کوردسـتانی لەو دانیـشـتنە کشایەوە.

هەڵەی سـەرەکی و سەرهەڵدانی گرفتی مادە (٢٤) و پەسندکردنی یاساکە لە واقیـعدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە خـودی ئەو پرۆژە یاسـایە گەیشتـە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی نوێنەران و هەنگاوەکانی پاش ئەوە و لە هەمووشی خـراپتـر، پێشنیـازی لیـستی هاوپەیمانیی کـوردسـتانی بوو، سـەبارەت بەدەنگدان لەسـەر شێوەی دەنگدان لەسـەر خـودی ئەو مـادەیە. کاتی خۆی لە وتارێکماندا لە رۆژنامەی (رۆژنامە) بە تەفسیلی باسی ئەم لایەنەمان کرد.

http://www.sbeiy.com/ku/articledetail.aspx?ArticleID=653&AuthorID=137

مادەی (٢٤)ی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان، خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ

لایەنەکانی غەیرە کوردی پرۆسەی سیاسیی (العراق) و، بووە مایەی یەکگرتنەوە و دروستبوونی گردبوونەوەی ئەو لایەنانە کە دواتر بە هێزی (٢٢ی تەمووز) پێناسە کران، بۆ یەکخستنی هەڵوێستیان لەمەڕ پەکخستنی مادەی ١٤٠ و دژایەتیی کێشەی کورد و دوور نییە بۆ چەند پرسی ستراتیجیی تریش لە داهاتوو و، شۆکێکی بەهێز بوو بۆ خەڵکی کوردستان و زەنگی خەتەر بوو بۆ دەسەڵاتی فەرمیی هەرێم و سەرکردایەتیی هەردوو حزبی فەرمانڕەوا، چ سەبارەت بە ئیدای نوێنەرانی لە بەغدا و دەزگا و دەسەڵاتەکانی خودی هەرێمی کوردستان و نیازی هاوپەیمانیان و، هاتنەدی راست و دروست خوێندنەوە و را و بۆچوون و مەزەندەکانی ئەو (لایەن و کەسایەتی سیاسیی رۆشنبیری و خەمخۆری پرسی کورد لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵات، کە هەر لە سەرەتای قۆناغی رزگاری و داگیرکردنی العراق و لەدایکبوونی مادەی (٥٨) و پاشتر (١٤٠) شان بەشانی کێشەکانی تری نێوان ناوەند و هەرێم)، بەراشکاوی بەدیتن و بەنووسین، خوێندنەوە و دید و بۆچوونی تایبەتی خۆیان خستە ڕوو..

هەر لە کاتی ئەم شەش ساڵەدا، جاری یەکەم و دووەم نییە، ناوەندی بەغدا بەتەحدید لە هەوڵی تەحجیمکردن و پەراوێزکردنی پرس و رۆڵی کورد سەردەکەوێت و، کۆڵی خۆی دەکات و، بەپێچەوانەی سەرکردایەتیی فەرمیی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانیان لە بەغدا کە تاکو ئێستایش زۆریان سەرقاڵی کێشە و شتی بچووکن و سوورن لەسەر جەختکردن لەسەر ئەوەی کە:

کێشەی کورد لە (العراق) چارەسەر کراوە...

کورد شەریکە لە دەسەڵات...

هیچ کێشەیەک لە (العراق)ی (هیوا و ئاشتی) بێ کورد چارەسەر ناکرێت...

کورد لەنێو پێکهاتەکانی عێراقدا (جۆکەر)ە و، رێککەوتننامەی دووقۆڵی و

سێقۆڵی و چوارقۆڵی هەیە لەگەڵیاندا و، هاوپەیمانیی سەرەکیی ئەمەریکایە... هتد، کەچی لە غەیری (قۆڵبڕین)ی کورد لەلایەن پێکهاتە (دۆستەکانیەوە) و، بەکارهێنانی پرسی کورد لەلایەن (ئەمەریکای هاوپەیمان)، وەکو کارتی گەمە و پاڵەپەستۆ، چیی تری لێ بەدی ناکرێت و، بەرەنجامی ئەم (گەشبینییە) و ئەو (ئیفراط و تەفریط)ە ئەو پاشگەزبوونەوەی (دۆست و هاوپەیمانی کورد)ی لێ کەوتەوە و، نەرمی و سازش و بێ ئاگایی و غەمساردیی لایەنی فەرمیی کوردستانی، لە خزمەتی ئەنجامدان و جێبەجێکردنی ئەجێندە غەیرە کورد شکایەوە.

رۆژی ٢٤/٩/ ٢٠٠٨ و، بەئامادەبوونی ستیڤان دیمستۆرا نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجوومەنی نوێنەرانی کۆماری (العراق)، دوای مشتومڕێکی دوور و درێژ و چەندان کۆبوونەوە و سەراودەراو و پاڵەپەستۆ و کشانەوەی هەندێ لایەنی نێو ئەنجوومەن، بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی (١٩١)، مادەی (٢٤)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان هەموار کرا و یاساکە پەسند کرا، ئەو هەموارکردنە لە واقیعدا، وەک ناوەڕۆک گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە و، داڕشتنەوەی بەشێوەیەکی وەها کرایەوە کە نەگونجێت لەگەڵ ویست و بەرژەوەندیی راستەقینەی خەڵکی کوردستان بەگشتی و کەرکووک و ناوچە تەعریبکراوەکان بەتایبەتی و، لە ئاستی ئەو هەموو هاتوهاوار و بگرە و بەردەی کاربەدەستانی کورد و دڵەڕاوکێ و شڵەژاندنی شەقامی کوردستانی نەبوو، بەتایبەتی قوربانییەکانی رووداوە دڵتەزێنەکەی ئەم دواییەی شاری کەرکووکی داماو، سەرەڕای ئەوەش ناتەبایە لەگەڵ چەند مادە و بڕگەیەکی دەستووری هەمیشەییی (العراق)...

بەراوردکردنی مادەی (٢٤)ی پەسندکراوی دانیشتنەکەی رۆژی ٧/٢٢ لەگەڵ هەمان مادەی هەموار و پەسندکراوی رۆژی ٢٤/ ٩ دەردەکەوێت کە:

بەپێی بڕگە (١)ی هەردوو مادەکە هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکووک دوا دەخرێت تا کۆتایی هاتنی کارەکانی ئەو لیژنەیەی کە لە پێکهاتەکانی

پارێزگاکـه پێک دێت و، ڕێژەی پێکهـاتەی هـەر پێکهـێنـەرێک لە پێکهـێنەرە سـەرەکـیـیـەکـان وەک یەک دەبێت و" بڕیارەکـانی بەتـەوافق دەبێت، لەوەی (٧/٢٢) بەزۆرینە بوو. جگە لە شێوەی پێکهاتنی لێژنەکە، ئەرکی ئـەم لێژنەیە لە واقیعدا پەکخستنی کار و ئەرکی لێژنەی (١٤٠) و خودی مادەکەیە، ئەمەش دژی دەستوو و بڕگەی (٢٢) بەرنامەکەی حکوومەتی (مالیکی)یە، کە بنـەمای شـەراکەتی لایەنی کـوردسـتـانی بوو لەو حـکوومـەتە. ئـەرکی ئەم لێـژنەیە هـەر وەکو تەسبیت کراوە لە مادەی (٢٤)ی هەموارکراو:

میکانیزمـی دابەشکردنی ئەو دەسەڵاتـانەیە، بەسیاسـی و ئیداری و ئەمنیی کەرکووک، بەیەکسانی لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکاندا.

دەستنیشانکردنی زیادەڕەوییەکان لەسـەر موڵکە گشتی و تایبـەتییـەکان لە پارێزگای کـەرکـووک پێش و دوای (٩)ی نیـسـانی ٢٠٠٣، حکوومـەتـی عێـراق چاککردنەوەی ئـەو زیادەڕەویانە زامن دەکـات بەمــیکانیــزم و بەپێی یاســا پەیڕەوکراوەکان لە عێراقدا. واتە قووتکردنەوەی هـەندێ تەجاوزات پاش ساڵی ٢٠٠٣ بەرامبـەر پرۆسـەی تەعریب و گۆڕینی قـەوارەی نەتەوایەتیی شـارەکە لە میانی زیاتر لە ٧٠ ساڵ بەگشتی و پاش ساڵی ١٩٦٨ بەملاوە بەتایبەتی...!

پێداچوونەوە و وردبینیکردنی سەرجەم بەڵگەنامـە و تۆمارەکانی پێوەندیدار بەبارودۆخی دانیشـتـوانی کەرکووک لەوانـە تۆماری دەنگدەران و راسـپاردە ئیلزامییـەکانی خۆی بەتـەوافوق پێشکێشی کۆمیـساری باڵای سـەربەخۆی هـەڵبـژاردنەکان لە کەرکووک دەکات بەپێی ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشـتووە. بڕیاری ئـەم لێـژنـەیە (مـولزەمـە) بۆ کـۆمـیـسـاری باڵای هـەڵبـژاردنـەکـان و، قووتکردنەوەی گەڕانەوەی تەهجیر و دەرکراوەکانی شارەکەیە لە پاش ٢٠٠٣ بەرامبـەر بەو گۆڕینـە دیموگرافیـاییـەی کە بەسـەر شارەکەدا هاتووە بۆ زیاتر لە ٧٠ ساڵ..!

لێــژنەکــە لە وادەیەکــدا کــە لە (٣١)ی ئاداری ٢٠٠٩ نـەترازێت، ڕاپـۆرتی پێــشـکێش بـەئەنجــوومــەنی نوێنەران دەکــات، ئەنجــوومــەنی نوێنەرانیش بەدواداچوون بۆ کارەکانی لێژنەکە دەکات و زامنیان دەکات. بەکورتی لایەنی

نەیارانی پرۆسەی گەڕانەوەی کەرکووک بۆ دۆخی جارانی کۆنی وەکو شارێک لە شارەکانی کوردستان لە ڕێگەی دەنگدان و هەڵبژاردن.. هتد، ئیفلیج و ڕاگیرا.

هەر هەموو ئەم کێشانە ناوەڕۆکی مادەی (١٤٠) و ئەرکی لیژنەکەیەتی و، دوور نییە لایەنی کوردستانی پاساوی گەمارۆدان و پەکخستنی لیژنەی (١٤٠) و خودی ناوەڕۆکی مادەی (١٤٠)، بە دوا ڕستەی برگەی (دووەم)ی مادەی (٢٤)ی هەموارکراو بداتەوە کە دەڵێت: (کارەکانی لیژنەکەش لەگەڵ هیچ مادەیەکی دەستووری عێراق کە پێوەندییان بەکەرکووکەوە هەیە، ناکۆک نابێت).

ئەم خوێندنەوەیە بۆ لایەنی کوردستانی دروستە و گوایە مەبەست مادەی (١٤٠)ە، وەلێ خوێندنەوەی زۆرینەی لایەنەکانی پرۆسەی سیاسیی عێراق بەتایبەتی (هێزی ٧/٢٢)ی ئەنجوومەنی نوێنەران وا نییە و، بەپێچەوانەوەیە و، لایان وایە لە پاش ٢٠٠٧/١٢/٣١ مادەی (١٤٠) لە کار کەوتووە و قایل نابن بەخوێندنەوەی لایەنی کوردستانی و تاکو ئێستا ئەم کێشەیە چارەسەر نەکراوە. واتە چەند لەلای کوردستانییەکان مادەی (١٤٠) زیندووە و دەبێت کاری پێ بکرێت ئەوەندەش لای ئەو هێزانە لە کار کەوتووە و، هەر لەبەر ئەوەش سوور بوون لەسەر ئەوەی کە نابێت بەهیچ جۆرێک ئاماژە بەمادەی (١٤٠) بکرێت و، ئەمەش یەک لە کەمینەکانی ئەو هێزانەیە بۆ کاتی پێویست.

دابەشکردنی دەسەڵاتە ئیداری و ئەمنی و پۆستە گشتییەکان لەوانە پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا و پارێزگار و جێگری پارێزگار لە نێوان پێکهاتەکانی کەرکووک بەڕێژەی یەکسان. پێکهاتەی خاوەن زۆرینەش لە ئەنجوومەنی پارێزگا سەرپشک دەبێت لە هەڵبژاردنی یەکێک لە باڵاترین ئەم سێ پۆستانە (پارێزگار و جێگری پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا). جیاوازی لە نێوان ئەمەی ٩/٢٤ و ئەوەی ٧/٢٢ نییە لە ٧/٢٢ ڕێژەی (٣٢٪) بوو بۆ هەر پێکهاتەیەکی سەرەکی (کورد و تورکمان و عەرەب و ٤٪ بۆ برا کلدۆئاشوورییەکان) دانرابوو، لە ٩/٢٤ یەکسان. واتە هەمان شت.

سەرپشککردنی خاوەن زۆرینەی ئەنجوومەن زۆر لە ناوەڕۆکی کێشەکە ناگۆڕێت بەتایبەتی بڕیارەکانیان بە تەوافوق دەبێت.

لەوەی ٧/٢٢ دەبوو دۆسیەی ئەمنیی پارێزگای کەرکووک بخرێتە دەستی ئەو یەکە سەربازییانەی لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە دەهێنرێن لە جێگەی ئەو یەکە سەربازییانەی ئێستا کە لە پارێزگاکەن لە ماوەی کارکردنی لێژنە پێکهێنراوەکەدا بۆ زامنکردنی ئازادی و پیشەییەکان لەگەڵ تەئکیدکردنەوە لە چوونە دەرەوەی ئەو هێزە ئەمنییانەی حزبە سیاسییەکان. لەمەی ٩/٢٤ ئەو دۆسیە دەدرێت بە هێزە چەکدارەکانی پێکهاتە سەرەکییەکانی پارێزگا بەیەکسانی، واتە ژمارەی هێزە ئەمنی و چەکدارەکانی پارێزگای کەرکووک لە عەرەب و تورکمان کە بەرهەڵستکاری پرۆسەی ئاساییکردنەوە و بنبڕکردنی تەعریب و جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ بوون و، لە پشتی مادەی (٢٤)ی ٧/٢٢ و داڕشتنی ناوەڕۆکی هەمان مادەی ٩/٢٤، زۆرتر دەبن لەوەی کورد. بەپراکتیک چارەنووسی ئەمنی و سەربازیی پارێزگا بەدەستی ئەوان دەبێت، ئەگەر تەواجدی هێز و سەربازەکانی ناوەند بکەین کە هەر لە بناری حەمرین و مەندەلی و سەعدیە و جەلەولا و قەرەتەپە و ئەوەی کە لە (کەیوان) جێگر بوونە لەگەڵ هەردوو (مێخەکەی جوحا) لە خانەقین (ئەوەی لە بانمیل و ئەوەی لە ئاواییی ڕەزا بەگ نزیکی باوە پڵاوی)، بەزەقی بۆمان دەردەکەوێت چۆن لایەنەکانی تر پرۆژەی خۆیان سەپاندووە بەسەر لایەنی کوردستانی.

سەبارەت بەهاوکاری و پشتیوانیی لێژنەی کەرکووک: بەهیچ شێوەیەی زۆرینەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی العراق ڕازی نەبوون نەک هەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشدار بێت بەڵکو نابێت زاراوەی (حکوومەتی هەرێمی کوردستان) لە مادەی (٢٤)ی یاساکەدا بەهیچ جۆرێک تەسبیت بکرێت. هەندێ لە بەرپرسانی کورد دەڵێن لە جێگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زاراوەی (حکوومەتی لۆکاڵ) تەسبیت کراوە هەروەکو لەم دەقەدا هاتووە: (حکوومەتی لۆکاڵی و حکوومەتی فیدراڵی بەیەکسانی و بەهاوکاری لەگەڵ

لایەنە پێوەندیدارەکان، بەپێی دەستوور هەموو پێداویستییەکان بۆ سەرخستنی ئەرکەکانی لیژنەکە دەستەبەر دەکات)، هەتاکو ئەگەر قایل بین بەتەفسیری فرەگەشبینەکانی کورد کە ئێژن گوایە مەبەست لە (حکوومەتی لۆکاڵی) حکوومەتی کەرکووک نییە بەڵکو حکوومەتی (هەرێمی کوردستانە) لە ڕووی پراکتیک و سروشت و ئامانجی هێزەکانی ڕکابەری ناو کەرکووک و، ئەزموونی (٦) ساڵ لە پێکەوەژیان و ڕەوتی ڕووداوەکان و چارەنووسی مادەی (٥٨) و (١٤٠) و نیازی ناوەندیی بەغدا لە لەشکرکێشی و، خوێندنەوەیان بۆ پرەنسیپی (شەراکەت) لە دەسەڵات و هەڵوێست و نیازیان بۆ ناوچە تەعریبکراوەکان کە ناویان لێ ناوە (المناطق المتنازع علیها) کە (بە دیدی ئێمە و بەپێی ئەو پێناسە دەبێت چەند ناوەند مافی بوون و دەسەڵاتی هەیە ئەوەندەش لایەنی کوردستانی و هەرێم، تاکو ئەو حەدەی ئەو کێشەیە حەسم دەکرێت)، ئێژین لە بەرچاوگرتنی ئەو واقیعە تاڵە، نەدەبوو زاراوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان فەرامۆش بکرێت، چونکە قەبووڵکردنی (حکوومەتی لۆکاڵ)، لە جیاتیی حکوومەتی هەرێم، (هەرچەند لەو باوەڕەدا نیم مەبەستی موشەریع لە حکوومەتی لۆکاڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت)، خۆی لە خۆیدا ئیعتیرافێکی ناڕاستەوخۆیە بەلاوازبوونی مەتڵەبی کوردستانیەتی کەرکووک.

لە سەرەتای ڕزگاریی عێراق و پاشان داگیرکردنی، سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان لە غەیرە نەرمی و سازش و تەنازولات بۆ ناوەند و گوێڕایەڵی لێپرسراوانی ئیدارەی بوش، هەڵوێستێکی ئەوتۆی توندوتۆڵ و حەدی و حاسمی نیشان نەداوە. ئەگەر هەوڵی وەهاش درابێت یان نیازی وەهاش ببایەت، ئەوە هەر لە سەرەتاوە پاشەکشەی پێ کراوە و، سەرەڕای ئەوانەش پێکهاتەکانی غەیرە کورد، ڕازی نین بە خزمەت و هاوکاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و، ڕازی نین پێشمەرگەی کوردستان دیفاعیان لێ بکات و خودی ناوەندیان بەهێز بکات و نەک هەر بە برابەشیش ڕازی نین و، (شەراکەت لە دەسەڵات بە موشارەکە تەعریف بکەن) بگرە ڕاوێژیش بە کورد

ناکەن، کەچی لایەنی کوردستانی سووره لەسەر سەرکەوتنی پرۆسەی پێکەوەژیان و دیموکراتییەت لە عێراقی (فیدراڵ)ی هیوا و ئاشتی..!

لەمێژەوە وتوومانە:

لەدەستدانی فرسەتی (٢٠٠٣/٤/١٠) بۆ ڕزگارکردنی کەرکووک و گشت بستێکی خاکی تەعریبکراوی کوردستانی باشوور، هەڵەیەکی مێژوویی بوو.

ڕاکردنی سەرکردایەتیی هەردوو حزبی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و، هەوڵدانی لەمەڕ بەشداری لە دەسەڵاتی ناوەند، لەسەر ئەساسی (هاوولاتیی عێراقی) نەک وەکو لایەنێکی کوردستانی و خاوەن کێشە و جەختکردن لە چارەسەرکردنی لەگەڵ هێزی داگیرکەری ئەمەریکایی، هەڵەیەکی مێژوویی بوو.

بەشداربوونی لایەنی کوردستانی لە ئەنجوومەنی دەسەڵاتی کاتی لەسەر ئەساسی هاوولاتیی عێراقی نەک وەکو لایەنی خاوەن کێشە، هەڵەیەکی مێژوویی بوو.

ئیمزاکردنی یاسای (پرۆسەی سیاسی) لە نێوان (نوێنەری داگیرکەری ئەمەریکایی پۆل بریمەر و سەرۆکی ئەنجوومەنی دەسەڵاتی کاتیی عێراق جەلال تالەبانی) کە هیچ گەرەنتی و ئاماژەیەکی تێدا نەبوو سەبارەت بەکێشەی کورد یان هەرێمی کوردستان یان فیدراڵییەت، هەڵەیەکی مێژوویی بوو.

قەبووڵکردنی لایەنی فەرمیی هەرێمی کوردستان کە سنووری هەرێمی کوردستان ئەو ناوچانە بێت کە تا ١٩-٣-٢٠٠٣ بەدەست کوردەوە بووە، هەڵەیەکی مێژوویی بوو.

قەبووڵکردنی لایەنی کوردستانی بەپرەنسیپی (هەر کۆمەڵە پارێزگایەک کە لە سێ پارێزگا زیاتر نەبن لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەغدا و کەرکووکی لێ دەرچێت بۆیان هەیە لە بەینی خۆیاندا هەرێم پێک بهێنن....) (بڕگە ج مادەی ٥٣)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی ئینتیقالی،

پاشـتر جـیاکـردنەوەی کـەرکووک لە هـەرێمی کوردسـتـان بەتەسـبـیـتکردنی پرەنسـیـپی (پارێزگایەک یان زیاتر مـافـی پێکهـێنانی هەرێمـێکیـان هەیە...) مادەی ١١٩ی دەستووری هەمیشەییی کۆماری عێراق، فێڵێک بوو وەکو کەمین دیسـان بۆ (کـەرکـووک) بوو، وەکـو شـیـمـانەیەک بۆ دابڕانـی لە هەرێمی کـوردسـتـان، هەڵەیەکی مـێژوویـی بوو و، هەندێ لە سـەرکردایەتیی فـەرمـیی کـوردسـتـان، پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن کـە با کـەرکـووک بە تەنیـا یەکـەیەکی فیدراڵی بێت یان دابەش بکرێت. نەخشـەی نەیارانی کورد و کوردستانیەتی کەرکووک هـەر ئەوەیە کە کەرکـووک دابڕن لە کوردسـتـانی باشـوور..!، دوور نییـە سـەرکردایەتیی فـەرمـیی کوردسـتـان بەواقیـعـی و بارودۆخی ئێسـتـایەوە، پێی نەکرێت کەرکووک بگەڕێنێتـەوە سەر هەرێمی کوردستان و ئامـادە نەبێت بۆ یەکـلاکـردنەوەی تاکـو ئاسـتـی بەرخـودان ڕووبەڕووبوونەوەی حـەدی، وەلێ پێی دەکـرێت ڕەتی جـیـاکـردنەوە و دابڕانـی لە هەرێمی کـوردسـتـان بکات و تەسلیم نەبێت بەئەمری واقیع.

قـەبووڵکردنی مـادەی (٥٨)ی یاسـای بەڕێوەبردنی ئیدارەی دەوڵەتی عێـراق بۆ قـۆناغی گواسـتنەوە و، پاشـتر مـادەی (١٤٠)، بەکەمـوکوڕییـەکانیـانەوە و، گوێنەدان و بایەخنەدان بەجێبەجێنەکردنیـان. قـۆنـاغ بە قـۆنـاغ و، لە سـات و ئانی خۆیانداو، ئەودیوکردنی پرۆسەکە بۆ (UN)، هەڵەیەکی مێژوویی بوو...

ڕازیبـوون بەپرەنسـیپـەکانی ڕاپۆرتی (بێکەر- هاملتون) پاش ڕەتکردنەوەی بەفەرمی لەلایەن دەسـەڵاتی هەرێمەوە لەمەڕ کێشـەی کورد و پرسی کـەرکووک و تەعریب و، ڕاکێشـانی وڵاتانی ئیـقلیمی و (UN) بۆ نێو کێشـەکە و مـادەی (١٤٠) هەڵەیەکی مێژوویی بوو.

تەسلیمـبوون بە (داگیـرکردنی) هـەرێمی کوردسـتـان لە ڕووی (ئابووری و بـازرگـانی و سـەربـازی و ئەمـنـی و ڕۆشـنـبـیـری) لەلایەن تـورکـیـاوە و، ملکەچکردنی بۆ دەستتێوەردانی ڕاستـەوخۆ لە کاروباری هەرێم و بە تەحدید کـەرکووک و ناوچە تەعریبکراوەکان و کێشـەی کورد و لـە ڕێگەی هاوبەسـتی ئابووری و بازرگـانی و، بێـدەنگی لە بوونی زیـاتر لە (١٠) بنکەی سـەربازی و

زیاتر لەوەش سیخوڕی و، گوێنەدان بە بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان لەلایەن سوپاکەیەوە و، ئەو هەموو زیانە گیانی و ماڵییە کە ڕۆژانە بە هاووڵاتییانی نزیک ئەو سنوورانە دەکەوێت، هەڵەیەکی مێژووییە.

تەوقیتکردنی ململانێی گرێبەستەکانی نەوت لەگەڵ ناوەند، لە گەرمەی ململانێی لەسەر کەرکووک و تەعریب و... هتد، هەڵەیەکی مێژوویی بوو.

کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە تەعریبکراوەکان بەتایبەتی لە بناری حەمرین و سەعدیە و جەلەولا و قەرەتەپە و ناو خانەقین و، ڕێگەدان بە هێزی ناوەند بێتە ئەو ناوچانە... هتد، هەڵەیەکی مێژوویی بوو.

سازش و پەسندکردنی مادەی (٢٤)ی هەموارکراوی یاسای هەڵبژاردنەکان، هەڵەیەکی مێژوویی بوو.

خۆکردنە دەمڕاست و (برا) گەورە و خەمخۆری یەکەتیی خاک و گەلانی عێراق و خولیای دامەزراندن و بەهێزکردنی دەزگا سەربازی و ئەمنییەکانی و، سازشکردن لەسەر بنەما نەتەوایەتی و نیشتمانییە کوردستانییەکان، لە پێناوی ئەجیندەی ئیدارەی بوش و لایەنەکانی تر و، نەبوونی ستراتیجییەتێکی ڕوون و تۆکمەی هاوچەرخ بۆ ئێستا و داهاتووی خەڵکی کوردستان هەڵەیەکی مێژووییە.

گوێنەدان بە هەست و خواستی خەڵکی کوردستان و نوقمبوونی دەزگاکانی حزبی و ئیداریی هەرێم لە سەرەوە بۆ خوارەوە، لە گەندەڵی و گیانی هەستنەکردن بە مەسئوولیەت و شۆڕبوونەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردستانی وەک دیاردەیەکی زەق و خەتەرناک و، قەتیسکردنی ململانێی سیاسی و خەباتی مەدەنی و، مانەوەی سەپاندنی پرەنسیپی پەنجا بەپەنجا و دوو ناوەندی بڕیار.... هتد، لە هەرێمی کوردستاندا، هەڵەیەکی مێژووییە.

بۆ چارەسەری ئەم (هەڵانە) چی بکرێت باشە..؟

هێشتا یاسای هەڵبژاردنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی عێراق لەلایەن سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق پەسند نەکراوە. هەلێکی ترە لە پێش

سـەرکردایەتیی فـەرمـیی کـوردسـتـان هـەوڵـی ڕەتکردنەوەی بدات لەبـەر چەند هۆیەکی گرینگ:

مــادەی (٢٤)ی ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٤ یـاســاکــە (هـەر وەکــو لـە ســەرەوەی باسـەکەمـاندا ئامـاژەمـان بۆ کرد)، ناتەبایە لەگەڵ دەسـتـوور و مـادەی ١٤٠ و خـواست و ویسـتـی شـەقـامی کوردسـتـانی و، خـەتـەرترین مـادەی (یاسـایی) و بڕیاری (سیـاسییە)، بۆ دابڕان و شیـمانەی سڕینەوەی کەرکووک بەتەحدید لە سنووری کوردسـتـانی باشـوور و سـەرەتایەکی ترە بۆ تەحـجـیمکردنـی مـافی کـوردسـتـانیـیـەکـان و سـەپاندنی قۆنـاغێکـی نوێـی تەعـریبـە بە(ڕەزامـەندیی سـەرکـردایەتیی فـەرمـیی کـوردسـتـان). بەرەتکرنەوە و گـەڕانەوەی یاسـاکە بۆ ئەنجوومـەنی نوێنەران دەرفەتێکە بۆ چاکسـازی و دواخستنی یان پەککخسـتنی خودی یاسـاکە بەگشـتی یان بەشـدارینەکردنی لایەنی کوردسـتـانی لە دەنگدان و پەسـندکـردنـی.

هـەموارکردنی یاسـاکە بەشێوەیەک کە مافی برا کلدۆئاشوورییەکان و کەمە ئاینزاکان تەئمین بکات. لادانی مادە (٥٠)ی یاسـاکە سـەرەتایەک بوو بۆ لەیەک ترازانـدنی هـاوپەیمـانیی کــوردســتــانـی و برا کلدۆئاشــوورییــەکــانمان و پێشـێلکردنی مـافەکانیـان بوو. لەسـەر لایەنـی کوردسـتـانییـە ئەم هەڵەیە ڕاست بکاتەوە و، مـافی ئەو کـوردسـتـانییـانەیە چاوەڕوانـی هـاوکـاری و پشـتـیـوانیی هـاوپەیمانی و سـەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان بن.

تێـهـەڵکێشکردنی جـێگەکـانی خـواناسـی و تەرخـانکردنیـان بـۆ مـەبەسـتـی هـەڵبــژاردن و پڕوپاگــەندەی حــزبـی و ســیــاسـی و بایـەخــدان بە هـێــمــا مەزهـەبییەکان بۆ پرۆسـەیەکی وەها و لە بارودۆخی ئەمڕۆی العراق هەڵەیەکی گـەورەیە، بـەگـەڕانـەوەی یاسـاکـە بۆ ئەنجـوومـەنی نوێنەران، دەکـرێت ئەم دیاردەیە چارەسـەر بکرێت.

ئەگەر هیچ لەمانە جێبەجێ نەکرا، بەتایبەتی ناوەڕۆکی مـادەی (٢٤)، ئەوە پەرلەمـانی کوردسـتـان، وەکو مافێکی دەسـتـووری خۆی، لـەبەر ڕۆشـنایـیی ئەو چوار خاڵەی سـەرەوە و چەند بڕگەیەکی تر، دەتوانێ یاسـاکە ڕەت بکاتەوە..

کێشەی کورد لە کوردستانی باشوور چارەسەر نەکراوە و بەم پینەوپەڕۆیە چارەسەر ناکرێت. ئەوەی بەماندووبوون و فرمێسک و خەبات و بەرخودانی جەماوەری و پێشمەرگایەتی و، بە خوێن و ئەنفال و کیمیاباران و راگوێزان و جینۆساید و هەرەس و ڕاپەڕین و کارەسات وەدەستمان هێنا، وا هێدی هێدی لە ژوورە داخراوەکان و لەسەر مێزی گفتوگۆ و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی نێو هۆڵەکان لە دەستی دەدەین و، مادەی (٢٤)ی هەموارکراو دەسکەوت نییە بۆ کورد بگرە لەدەستدانە...!

ئەم قۆناغە و گرفتەکانی هەڵوێستەیەک و هەڵوێستێکی کوردانە و مەردانەی واقیعی وردبینی و جیدی و جیدیەتی دەوێت، دوور لە عەقڵییەت و دید و بۆچوونی بازرگانی و دەستکەوتی رۆژ و خۆبەدەستەوەدان و خۆبەکەمزانین و خۆهەڵوەساندن بە ئەجێندە و گەمەی دەرەکی و، خۆخەڵەتاندن و چەواشەکردنی شەقامی کوردستانی.

ئەو ئیرادە و بۆچوونانە کە گاڵتە بە چیا و خاک و بەسنووری کوردستان دەکات و قەناعەتی وایە نابێت ئیدی کوردستانیەکانی باشوور باسی سنووری هەرێم بکەن و زیاتر جەخت لە عێراقیبوونی خۆیان بکەن، حیساب بۆ ئیرادەی خەڵکی کوردستان ناکەن، هەمان عەقڵییەت و ئیرادەی ئەو (کوردان)ە بوون کە دیفاعیان لە بەرژەوەندی ئینگلیز و عێراقی پاشایەتی دەکرد و عەقڵ و هەوێنی دامەزراندنی سوپا و ئیدارەکەی بوون و، نۆکەری قاسم و هەردوو عارف و زەلام و جاشی بەعس و سەدام بوون.

ئیرادەیەک کە ئامادە بێت بۆ دەسکەوت و پلە و پایەی ئەمڕۆی خۆی دەست لە بەدرە و جەسان و مەندەلی و بناری حەمرین و سەعدیە و جەلەولا و قەرەتەپەو کەرکووک و تەلەعفەر.. هتد، هەڵگرێ، ئامادەیە واز لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک بێنێت.

مروونەت سازش و تەنازولات نییە لەسەر خاک و سنوور و مافی خەڵکی کوردستان..!

تەوافوق تەسلیمبوون نییە بە ئەمری واقیع...!

عێراق ئەوەندە پیرۆز و موقەدەس نییە، کە کورد ئەو هەموو قوربانییەی بۆ بدات و لە مافە رەواکانی خۆی پاشگەز بێتەوە..!

ئیدارەی بوش ئەو دۆستە دێرینە و جێگەی ئەو متمانەیە نییە کە سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان پشتی پێ ببەستێ و بەتەمای موعجیزەیە لێی، لە زەمانێکدا کە نە موعجیزە و نە باوی موعجیزە ماوە....!

هەنگاوی یەکەمی (چی بکەین باشە)، پیاچوونەوەی سەرکردایەتیی فەرمیی هەرێمی کوردستانە بە هەڵەکانی خۆیدا و بەخۆیدا و، پشتبەستنە بە هێز و توانای خەڵکی کوردستان و گەڕانەوەیە بۆ پرەنسیپەکانی خەبات و تێکۆشانی هەمەچەشنە و بوونی بەلایەنێکی هاوکێشە سیاسییەکانی گۆڕەپانی ململانێی عێراق و ناوچەکە نەک ژمارەیەک بن بۆ هاوسەنگیی هاوکێشەکە....!

## ناوەندی بەغدا لە هێرشدایە و

## خانەقین مەبەستی سەرەکییان نییە!

دەسـەڵاتـی ناوەندیی بەغـدا، وەکو پیـشـەی هـەمـیشـەیی، بەکـور دو لە ڕێگەی کوردەوە خۆی گلێر کردەوە و، بە ڕواڵەت گوایە کورد هاوپەیمان و شـەریکە و یەک لە پێکهاتە سـەرەکـیـیـەکانی نـەتەوایەتی و سـیـاسـی (العـراق)ە و، هیچ ناکرێت لە (العراق)ە بێلایەنی کوردستانی، کەچی لە واقیـعدا کورد پەراوێز کـراوە و بـێ ئاگـایە لـەو بڕیار و هـەڵوێسـتـانـە کـە پێـوەندی هـەیە بـە "ئەمن و ئاسایش و ئابووریی سەربازی (العراق)".

گـەرچی هـەر لـە سـەرەتاوە ئەم دەسـەڵاتە، واتە زۆرینـەی عـەرەبی کـۆمـاری (العراق)، بەخشپەکی دژ بە کورد کاری خۆیان دەکرد، وەلێ لە مانگی تەمووز و تاکو سەرەتای ئەیلوولی ئەمساڵ لە هێرشدان و پەردەیان لە ڕووی نەخشە و پیلانەکانیان لادا:

دەرچوواندنی یاسـای هـەڵبژاردنی پارێزگا و قـەزا و ناحـیـەکانی کـۆمـاری (العـــراق) لـە ٢٠٠٨/٧/٢٢، بەزۆرینـەی دەنگی ئـەندامـــانـی ئەنجـــوومـــەنـی نوێنەران، بەتایبـەتـی مـادە (٢٤)ی ئەو یاســایە وەک هـەنگاوێکی فـەرمـی بۆ سـڕینەوە و هـەڵوەشـاندنەوەی مـادەی (١٤٠)، سـەرەتای هێرشـە ئـاشکراکـەی بوو. ئەم پرۆسـەیە بەتەگبیر و نەخشـە و بەشـداریی گشت لیسـتـەکانی غـەیرە کوردی ناو ئەنجوومەنی نوێنەران پیادە کرا.

هـەڵمـەتێکی پڕوپاگەنـدەی نێگەتیڤ دژ بە کـورد و کێشـەکـەی و، وە پاڵنانی کـۆمــەڵێک درۆ و بوخـتـان، هـەوڵێکی داڕێژراوە، بـۆ زەوینە خـۆشـکردن بەرەو پاشـگەزبـوونەوە لـە پەیمـانەکـــانیـــان و، ســـەرەتای قـــۆناغـــێکی نوێیـــە بۆ

کۆنترۆڵکردنی باشووری کوردستان.

پرۆسەی پاکسازیی ناوچەکانی (مەندەلی و بناری حەمرین و سەعدیە و جەلەولا و قەرەتەپە)، وەکو هەنگاوی یەکەم، لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و مەڵاسدانی هێزێکی سەربازیی عێراق لە (کەیوان)ی لای کەرکووک و، مانەوەی فەوجێکی لەناو (خانەقین) وەکو (مێخەکەی جوحا)، عێراق و کوردستان و دەوروبەرمانی بەو (مێخە) مەشغول کردووە، ئیدی باسی مادەی (٢٤) و چارەنووسی ١٤٠ و (بناری حەمرین و مەندەلی و سەعدیە و جەلەولا و قەرەتەپە.. هتد) پشتگوێ خرا.

جاڕدانی مانەوەی کەرکووک وەکو خۆی واتە پارێزگایەکی سەر بەناوەند یان وەکو (یەکەیەکی فیدراڵی) سەر بەناوەندی بەغدا، بەدەر لە ئەحکامی دەستوور و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و واقیعی مێژوویی و جوگرافیاییی ئەو شارە. سەیر لەوەدایە، ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرس و رۆشنبیرانی کوردستان کۆکن لەسەر ئەم رایە و پروپاگەندەشی بۆ دەکەن..!

بریاری (مالیکی) بەتەحجیمکردنی حزووری کورد لە شاندی مفاوزی عێراق لەگەڵ ئەمەریکا لەمەڕ رێککەوتننامەی ستراتیجیی نێوان بەغدا-واشنتۆن.

ناردنی شاندێکی باڵای ناوەند بۆ دەروازەکانی (مونزریە و حاجی ئۆمەران و ئیبراهیم خەلیل و پێنجوێن.. هتد)، هەم بۆ خەمڵاندنی داهاتەکانیان و تەرحیلکردنیان بۆ سەر بودجەی ناوەند و هەم بۆ کۆنترۆڵکردنیان، بەتایبەتی هاوزەمان بە لەشکر کێشەکەی (مالیکی) و دانانی خەتی شین بۆ دەسەڵاتی کوردستانی لە ناوچەکانی بەناو (خیلاف)...

کێشەی جێبەجێنەکردنی حوکمی دادگەی تاوانەکان بەسەر تاوانبارانی ئەنفال (عەلی کیمیاوی و سوڵتان هاشم و تکریتی... هتد) و، پشتگوێخستنی، هەرچەندە نوێنەرانی هاوپەیمانیی کوردستانی بەشدارن لە لاساری و پەراوێزکردنی ئەو کێشەیە.

له هەندێ گفتوگۆ و سەردانی فەرمیی نێوان عێراق و وڵاتانی ئیقلیمی نوێنەری کوردی بەشدار ناکەن.

زیاتر له (٩) بنکەی سەربازیی تورکیا لەناو خاکی هەرێمی کوردستانە بۆ سیخوڕی و بنکە و سەرەڕمی هەر هێرشێکی تورکیایە بۆ سەر خاکی کوردستان. له پاش ئۆپەراسیۆنی (٢٥)ی سوپای تورکیا له سەرەتای ئەمساڵ دژ بە سەروەریی عێراق و هەرێم، پەرلەمانی کوردستان بڕیاری نەهێشتنی ئەو بنکانە و کشانەوەی هێزەکانی دا و، داوای له حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ جێبەجێکردنی، سەرۆکایەتیی هەرێم داوای له دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا کرد بۆ ئەنجامدانی ئەو بڕیارە، کە چی تاکو ئێستا ئەنجام نەدرا و، دیارە لایەنی کوردستانی ئەمیشی وەکو کێشەکانی تر مردار کردەوە..!

هەڵمەتی تەمووزی دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدای ئەمساڵ کە ڕووداوی ٢٠٠٨/٧/٢٢ تەقاندییەوە تارماییەکانی پێشتر بەدی دەکرا:

لایەنە شۆڤێنییەکانی پرۆسەی سیاسیی (العراق) و تۆرانییەکانی نێو ئەو پرۆسەیە لەمێژەوە لە حاڵەتی هێرشدا بوون لە ناوەوە و لە دەرەوە. بەغدا و ئەنقەرە و عوممان و کەنداو و برۆکسل و لەندەن و واشنتۆن ناوەندێک بوون کە بەئاشکرا مەیدانی کۆڕ و کۆبوونەوە و یەکخستنی هەڵوێست و دروستکردنی لۆبی و زەوینە خۆشکردن بوون بۆ بڕیاری ڕۆژی ٧/٢٢ و ڕووداوەکانی تری دوای ئەوە.

پێش ئاشکرابوونی ناوەڕۆکی مادەی (٢٤)، سەرۆک وەزیرانی تورکیا جەختی لەوە دەکرد کە کێشەی کەرکووک بەم زووانە لە ڕێگەی یاسایەک لە پەرلەمانی عێراق چارەسەر دەکرێت. نە لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی و نە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد ئاخفتنەکانی (ئوردووگانیان) بەهەند وەرنەگرت، بەتایبەتی جموجۆڵی بەرەی (تورکمانی) و لایەنەکانی سوننە و شیعەی هەوابەست بەتورکیاوە (وەکو حزبی ئیسلامی و تەوافوق و عەباس بەیاتی و المولي... هتد)، کە ڕاز و نیازی خۆیان نەدەشاردەوە.

که پڕۆژەکە ئامادە کرا و، بە ئاگەداریی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی دەرباز کرا و دەنگیان لەسەر (١-٢٣) مادەی ئەو یاسایە دا و، هەر لەسەر پێشنیازی ئەم لیستە شێوەی دەنگدان بەزۆرینەی دەنگ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پەسند کرا..! ئیدی کار لە کار ترازا. لە وتارێکماندا رۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٥ لە رۆژنامەی (رۆژنامە) هەندێ بە تەفسیل ئەم لایەنەم باس کردووە.

بڕوانە:

http://www.sbeiy.com/ku/articledetail.aspx?ArticleID=653&AuthorID=137

هەر لە سەرەتای ئاشکرابوونی پڕۆژە یاسای هەڵبژاردنەکانی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان تاکو ئەمڕۆ، سوپای تورکیا و هێزەکانی ئێران بەردەوام باڵەفڕە شەڕوانەکانیان لەسەر ئاسمانی هەرێمی کوردستانن (بە درێژاییی سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و ناوچەکانی قەندیل و قەڵادزە و رانیە و ئێران)، کەچی دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا ئەم تاوانانەیان بەهەند وەرنەگرت بەتایبەتی لە رووی (تەوقیت) و (چڕی)ی ئەم هەڵمەتە. وەکو بێژیت ئەو ناوچانە پارچەیەک نین لە خاکی کۆماری (العراق) و خەڵکەکەشی عێراقی نین. بەداخەوە سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان و نوێنەرانی کورد لە ناوەند، وەکو پێویست ئەم بێدەنگی و بێ بایەخدانەی ناوەندیان لە قاو نەدا.

هەڵمەتی نوێنەرانی گشت لیستەکانی ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی (العراق) دوای پەسندکردنی (یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان بە مادە) ٢٤یشەوە چڕوپڕتر بوو، بەتایبەتی سەردانی چەند ئەندامێکی ئەو لیستانە (عەباس بەیاتی لە لیستی هاوپەیمانیی شیعە و سەر بەمەجلیسی باڵای ئیسلامی و ئەندامانی بەرەی تورکمانی.. هتد) بۆ ئەنقەرە و ئەو پێشوازییە گەرمەی سەرانی تورک (گول و ئۆردوگان...) کە لەو ئەندامانە کرا و ڕاگەیاندنەکانیان کە سەرتاپای دژ بە پرۆسەی چارەسەرکردنی ناوچە تەعریبکراوەکانی کوردستان بوون، واتە دژی دەستوور و بنەماکانی پرۆسە سیاسییەکەی

عێراقی (هیوا و ئاشتی) ئەمەش دەستتێوەردانێکی ڕاستەوخۆیە لە کێشەکانی (العراق). کەچی کەس ورتەی لێوە نەهات نە ناوەند و نە نوێنەرانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان نە لە ناوەند و نە لە هەرێم..!، ئەگەر کرابێتیش ورتەیەک بووە لەژێر لێوەوە و بۆ لە کۆڵکردنەوە...!

ناکرێت نوێنەرانی کورد لە بەغدا و لە هەرێم بە (نەمانزانی) و (فێڵ)یان لێ کردین و (دووڕوون) و، پانکردنەوە بۆ دەسەڵاتدارانی ئیدارەی بوش، پاساوی خەمساردی و بێ ئاگاییی هەڵەکانی خۆیان بدەنەوە و، ئەو خەمساردی و بێ ئاگاییە کەوا خەریکە خواست و ویستی خەڵکی کوردستان مردار دەکاتەوە و کێشەکەمان دەگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی سفر.

ناوەند هەر ناوەندی جارانە و گورگە لە پێستی مەڕ و، وا دەستی خۆی کەشف کرد:

هێزی سەربازی دەنێرن بۆ بناری حەمرین و سەعدیە و جەلەولا و قەرەتەپە و خانەقین کەچی:

سەرکۆماری عێراق کە (کوردە و نوێنەری خەڵکی کوردستانە بۆ ئەو پۆستە) ئاگەدار نەکراوەتەوە.

سوپاسالاری عێراق کە (کورد)ە و نوێنەری خەڵکی کوردستانە بۆ ئەو پۆستە بێ ئاگایە..!

جێگری سەرۆک وەزیران کە (کورد)ە و نوێنەری خەڵکی کوردستانە بۆ ئەو پۆستە، تەقەی سەری دێت..!

وەزیری دەرەوەی کۆماری (العراق) کە کوردە و نوێنەری کوردە بۆ ئەو پۆستە هەر هەمان شت، وەزیر و گزیرەکانی تری کورد لە ناوەند و نوێنەرانی کورد لە دەزگای ئیستخبارات و، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا و.. هتد، وەکو ئێژن لە بێ خەبەران کەشکۆڵ سەڵەوات..!

ئاگەداری سەرۆکی هەرێم و حکوومەتی هەرێمی کوردستان ناکەن، کە پێویستە بکرێت هەر چ نەبێت لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی:

یەکەم:

تەواجیدی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە بە ڕاوێژ و تەگبیر لەگەڵ سەرۆکایەتیی هەرێم و لەسەر داوای ناوەند بووە. ئامانجیش بۆ بەربەرەکانێی ئیرهابییەکان و ڕێگەگرتن لە قەلاچۆکردنی هاووڵاتییانی سڤیلی ناوچەکە بە تایبەتی کورد و شیعە کە ئامانجی ئیرهابییەکانن.

دووەمیان:

ئەو ناوچانە ناوچەیەکی (خیلاف)ن لە نێوان ناوەند و هەرێم. تاکو حەسم نەکرێت چەند ناوەند مافی بڕیار و جووڵانەوەی هێزی هەیە ئەوەندەیش لایەنی کوردستانی. بۆیە بوونی هێزی هەردوولا دەبێت بە تەگبیر و تەوافوق بێت. ئەوەی دەڵێت مافی حکوومەتی ناوەندە هێزی سەربازی بنێریت بۆ خانەقین و گشت ناوچەکانی تری کوردستان، لایەکی ڕاستییەکەیە، (هەرچەند بڕیاری وەهاش ڕەها نییە)، وەلێ وەکو زۆر لە کار و کردەوەکانی سەرانی ناوەندیی بەغداو هەندێ لە نوێنەرانی کورد، لاکەی تری فەرامۆش دەکەن جا چ بەنەزانی یان بە زانین بێت.

گەمارۆی هێزەکانی پێشمەرگە دەدەن. ئینزاری لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی دەکەن، ئاڵای کوردستان دەهێننە خوارەوە، تەهدیدی هاووڵاتییان دەکەن و چاویان لێ سوور دەکەنەوە. جارێکی تریش دەیڵێمەوە. لەو ناوچانە چەند مافی ناوەند بێت ئاڵای خۆی بەرز کاتەوە ئەوەندەش مافی کوردستانییەکانە ئاڵای کوردستان بەرز بکەنەوە. هەتاکو لەسەر داوودەزگا فەرمییەکانیش. لە دەستووردا ئیقراری ئەوە کراوە کە ئەم ناوچانە (خیلاف)ی لەسەرە واتە (ساغ نەکراوەتەوە) کە سەر بە هەرێم بێت یان ناوەند یان سەربەخۆ. تاکو ئەودەمەی ئەم کێشەیە حەسم دەکرێت مافی ڕەوای و لایەنی کوردستانی هەمان مافی دەسەڵاتی ناوەندیی دەبێت و نابێ ئەم مافە فەرامۆش بکرێت.

ناوەند تاکو ئێستا هێزی پێشمەرگە بە هێزێکی عێراقی حیساب ناکات،

بگره له واقیـعدا مـامـهڵهی (مـیلیـشـیـات)ی لهگـهڵ دهکـات. لای خـهڵکی کوردستـانیش ئهو سوپایه که پێی دهڵێن (سـوپای عێراق)، سوپای عێراق نییه، بگره سوپای (عهرهبی عێراق)ه که زۆرینهی (عهرهبی شیعه)یه، ئهگهر وا نییـه بۆ گومـان له هێزی پێشمـهرگه بکرێت کـه تاکو ئێستـایش سـهرقاڵی پاراستنی ئـهمن و ئاسایشی عێراقی (هیوا و ئاشتی)یه و بوونی لهو ناوچانه تاکو پێش ئێستا هـهر بۆ ئهو مهبهستـه بووه، به گهواهیی خۆیان لهو ئهرکهش زۆر زۆر له (سوپای عێراق) سهرکهوتووتر بووه.

ئهم هـهڵمـهته سـهربازییـهی ناوهند گومان له دهسـهڵاتی کوردستـانی و هێزی پێشمـهرگه دهکات، خـانهقـین کێشـه نییـه، بگره سـهرهتایهکه بۆ گـهمـارۆدانی کوردستان.

کـاتی خـۆی له بابهتێکمـاندا ئاماژهمـان بهوه کـرد کـه: هێزی داگـیرکـهری ئهمهریکا بۆ بهرژهوهندی و مهرامی خۆی، هـهر له سـهرهتاوه و بهتهگبیر لهگهڵ دهسـهڵاتی لاوازی ناوهندیی بهغـدا بـه (مـالیکی)شـهوه، پرۆسـهی شـهڕ و پێکدادانی (سوننه شیعـه). (سوننه سوننه). (شیعـه شیعـه)ی بهرپا کرد و، هـهنگاوی داهاتوو دوور نیـیـه نۆرهی کـورد بێت چ لهگـهڵ ناوهند چ لـهگـهڵ پێکهاتهکانی تری (العراق): کورد عهرهبی سوننه کورد عـهرهب شیعه، کورد تۆرانییهکان، یان هـهر هـهموو پێکهوه.

هـهنگاوی یهکـهمی هـهڵمـهتی تازهی ناوهند دژ بهکورد، له پهراوێزکردن و بێ بایهخی و بێ متـمـانـهیی بهلایهنی کـوردسـتـانی له بڕیاردانی سـتـراتیـجی (سـیاسـیی نیشـتـمـانی و ئیـقلیـمی و نێـودهوڵهتی و ئابووری و سـهربازی و ئاسـایش) سـهری هـهڵدا و، له ٢٢/٧/٢٠٠٨ تهقـیـیـهوه و، بهناردنی هێـزی سهربازی بۆ ناوچهکانی (خیلاف) له کوردستانی باشوور دهستی پێ کرد.

کهموکورتی و خهمساردیی لایهنی کوردستانی له ئاستی هـهرێم و ناوهندی بهغدا و، چارهسـهرنهکـردنی گـرفتـهکانی ناوهخـۆی هـهرێم و لهگـهڵ ناوهند و کـهڵهکـهبوونیـان و، نهبوونی ئیـرادهیهک و نـهخـشـهیهکی بهدواداچوون و لێپرسـینهوه لهسـهر ئیدای نوێنهرانی لیستی کوردستـانی، یهک له فـاکتـهر

سەرەكییەكانی ئەم تەنگژەیە و دیارە تاكو دێت قووڵ و فراوانتر دەبێت.

ئەگەر رۆژی ٢٢/٧/٢٠٠٨ وەكو (موفاجەئەیەك) لایەنەكانی عەرەبی عێراق بە سوننە و شیعەی نێو پرۆسەی سیاسیی عێراق، یەكڕیزیی خۆیان بە فەرمی بۆ كورد و عێراقییەكان و ناوچەكە و جیهان خستە ڕوو، هەنگاوەكانی دوای ئەوە تەسبیتكردن و گەشەپێدانی ئەو هەڵوێستەیە، بۆ نموونە:

كە خۆپێشاندەرانی شاری كەركووك گوللەباران كران هەڵوێستی ناوەند چی بوو..؟!

كە دەیان شەهید و سەدان بریندار بوونە قوربانیی توندڕۆ و شۆڤێنیزمە عەرەب و تۆرانییەكانی كەركووك، هەڵوێستی جیدیی لایەنەكانی فەرمیی پرۆسەی سیاسیی عێراق و مقاماتی بەرزی مەزهەبی شیعە چی بوو؟

جارێكی تریش لە نووسینێكماندا داوام كرد لە سەركردایەتیی فەرمیی كوردستان بەفەرمی داوا لە مەرجەعییەتەكانی شیعە بكەن، سەبارەت بەگەڕانەوەی تەعریبچییەكانی عەرەبی شیعە (لە كاتی خۆیدا لایەنەكانی شیعە سوور بوون لەسەر ئەوەی كە ئەمە تاوانێكە دەرهەق بە كورد و بە شیعە كراوە).

دەڵێن بەڕێز (ئایەتوڵڵا سیستانی) دیارییەكی خواییە بۆ عێراق. ئەم زاتە گەورە فتوای بۆ زۆر دیاردەی شەرعی و كۆمەڵایەتی و سیاسی داوە و بەردەوامە، باشە بۆ فتوایەك نادات بۆ برایانی عەرەبی شیعە كە بە زۆر رژێمی سەدامی گۆڕ بەگۆڕ هاوردوویانن بۆ كوردستان وەك پرۆسەیەكی تەعریب، كە بگەڕێنەوە بۆ جێگەی باب و باپیرانیان، نەبنە مایەی فیتنە و خوێنڕشتن. هەقە دەزگاكانی ڕاگەیاندنی كوردستان و كەناڵەكانی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی ئەم پرسە بوروژێنن، بە تایبەتی بە زمانی عەرەبی.

وەزیری بەرگریی عێراق (عبدالقادر قاسم العبيدي) كە (عەرەبی سوننە)یە بە هاوەڵێی فەرماندەی (فەیلەقی بەدر) كە هێزێكی چەكداریی مەشق پێكراوی سەر بە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراقە (جەماعەتی عەبدولعەزیز

حەکیم) لە شەڕی عێراق و ئێران دامەزراوە، بێ ئەوەی ئاگاداری لایەنە پێوەندارەکانی بەغدا و هەرێم و دیالە بکەنەوە، سەردانی ناوچەکانی دیالەی کرد و تاکو خانەقین و مەرزی مونزەرییە ڕانەوەستان. سەیر لە سەردانەکەدا نییە، بگرە دەبێت عیبرەت لەوە وەربگیرێت، توندڕۆیەکی عەرەبی سوننە و توندڕۆیەکی عەرەبی شیعە کە تاکو دوێنێ دژی یەک بوون شان بەشان و دەست لەناو دەست لە ناوچە کوردنشینەکانی ئەم پارێزگایە خۆیان بادەدەن و پەنجەی تەهدید ڕادەکێشن، چ بەتاک یان بەجووت.. ئەمە نامەیەکە بۆ لایەنی کوردستانی..!

لە گەڕانەوەی (مەحموود مەشهەدانی) بۆ بەغدا، بۆ یەکەم جارە سەرۆک وەزیران مالیکی بڕواتە پێشوازی و کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ببەستن. هەڵویستی مەشهەدانی راز و نیازی مالیکی بە تەحدید لە قۆناغی گومان دەرباز بووە و بووەتە سیاسەتێک. ئەمە نامەیەکە بۆ لایەنی کوردستانی...!

خۆشحاڵین بەوەی کە بە گفتوگۆ سوپای ناوەندیی بەغدا لە خانەقین کشایەوە وەلێ خانەقین گەمارۆ دراوە: (بناری حەمرین و مەندەلی و سەعدیە و جەلەولا و شێخ باوە و قەرەتەپە لەگەڵ مێخکەی جوحا)، لە پاڵ بەندەکانی ڕێککەوتننامەی شوومی (الجزائر) ساڵی ١٩٧٥، ڕۆڵی ئێران و وڵاتانی ئیقلیمی، هاندان و کەیفخۆشیی لێپرسراوانی ئیدارەی بوش لە بەغدا لە گومان دەرکەوتووە. هەڵویستی ناوەند وا روونتر بووەوە، کە هەر گورگەکەی جارانە و خانەقین مەبەست نییە، شۆڤینی و ڕەگەزپەرستەکانی ناوەند و تۆرانییەکان بە مرونەت و سازش و حیکمەت تون دو رەقتر دەبن. ئەمانە دژی کورد و کێشەی کوردن. چاویان هەتاکو بەو پۆست و ڕۆڵە پرۆتۆکۆلیانەش هەڵنایەت کە لە ناوەند بەکورد دراوە، بوونی کورد هەتاکو بۆ پاراستنی خۆیانیش بەزۆر دەزانن.

چی لەوە قەباحەتترە بۆ نوێنەرانی کورد لە بەغدا، بەو ئەندازەیە ئەو ئیهمال و گومان و تەحجیمکردنە. چیی تر لەوە قەباحەتترە کە گومان لە ئەرک و لە نیشتمانپەروەریی ئەوان بکەن کە تاکو ئێستاش سوورن لەسەر عێراقی

بوونیان و یەکێتیی عێراقی (هیوا و ئاشتی)...! تۆ بڵێیت درەنگ نەبێت بۆ پێداچوونەوەیەکی ستراتیجیی هەمەلایەنە کە دەبێت لە خودی ماڵی کوردەوە دەست پێ بکات ئینجا هاوپەیمانەکانی.

سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان یاری لەگەڵ کات دەکات و باشیش دەزانێت کات لە بەرژەوەندیی ئەودا نییە...!

تێبینی: ئەم بابەتە لە ٧، ١٠/ ٢٠٠٨/٩ لە رۆژنامەی (هاوڵاتی) بە دوو بەش بڵاو کراوەتەوە.

## چارەسەرکردنی قەباحەتی پەرلەمانی عێراق

## با بەلادانی مەشهەدانی دەست پێ بکات

رۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٢، ئەنجوومەنی نوێنەرانی کۆماری العراق، پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی پەسند کرد. لە دوا چرکەی پێش دەنگدان لیستی هاوپەیمانیی کوردستان کەوتنە خۆیان و کشانەوە. کشانەوەکەشیان نەک لەسەر ناوەڕۆکی بەتایبەتی مادە (٢٤)ی یاساکە، بگرە زیاتر لەسەر شێوەی دەنگدان بوو..! ئەگەر وا نییە ئەی بۆ ئەو دەقە کە ماوەیەکە جێگەی مشتومڕ و دانوستاندن بووە باس نەکراوە و پەسند کراوە و لایەنی کوردستانی لە هیچ لێدوان و باس و نیازیان ئاماژەیان پێ نەکردووە و، ڕای گشتیی کوردستان و عێراقیان بە تەحدید پێ ئاگەدار نەکردووەتەوە. ئەوەی بتوانێت دەقی وەها دەرباز کات لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی، هەر لە کاتی ئامادەکردنی و ناردنی بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی نوێنەران و دەربازکردنی و پەسندکردنی و ناردنی بۆ لێژنەکانی نێو ئەنجوومەن و گەڕانەوەی بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەن و تەسبیتکردنی لە بەرنامەی کاری ئەنجوومەن رۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٢ و، هەروەها و لە سەرەتاوە بە ئاگەداری گشت ناوەندەکانی دەسەلاتی کوردستانی لە ناوەند و لە هەرێم، ئێژین ئەوانەی بتوانن پرۆژەی وەها لەو هەموو قۆناغانە دەرباز کات، پشتڕاست بووە لە شێوە و بەرەنجامەکانی دەنگدانەکەش. ئەمە گومان و مەزەندە نییە، بگرە زیاتر پشتبەستنە بە خوێندنەوەیەکی ڕەوتی ڕووداوەکان لەوانە:

لایەنی کوردستانی لە هەموو ئەو قۆناغانە کە پێویستە پرۆژە یاسایەک پیادا تێ پەڕێت ئەندام و نوێنەرایەتیی هەیە، هەر لە سەرۆکایەتیی

ئەنجوومەنی نوێنەرانی العراق تاکو لێژنەکانی نێو ئەنجوومەن.

پێکهاتەی هەرسێ دەسەڵاتەکانی کۆماری العراق لەسەر بنەمای موحاسەسەیە و، بڕیارە چارەنووسسازەکان لەسەر پرەنسیپی (تەوافوق)ە.

بەدەر لەمانەش:

لایەنی کوردستانی داهێنەر و دەستپێشخەری پرەنسیپی (٣٢٪) بوون سەبارەت بەدابەشکردنی دەسەڵاتەکانی نێو ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک.

لایەنی کوردستانی لایەنگری دواخستنی هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکووک بوون.

لایەنی کوردستانی لایەنگری دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگای کەرکووک بوون لە ئەساسی ڕەگەزی نەک ئیستحقاقاتی هەڵبژاردن.

لایەنی کوردستانی ڕازی بوون بەدانانی لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ پیاچوونەوە و لێکۆڵینەوە لەمەڕ (خروقاتی لایەنی کوردی) لە کەرکووک.

(ئەولەویات)ی لایەنی کوردستانی لەگەڵ هەندێ لە (هاوپەیمانان)ی دەربازکردنی یاساکە و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بوو کە دەبێت لە مانگی ٢٠٠٨/١١ ئەنجام بدرێت، نەک (ناوەڕۆک)ی یاساکە.

ڕەخنەی لایەنی کوردستانی لە ناوزەدکردنی هێزی پۆلیس و ئاسایش و هێزە نیزامییەکانی تری کورد لە کەرکووک بە (میلیشیات)ی (الاحزاب) و، هێنانی هێزی چەکدار لە خواروو و ناوەڕاستی عێراق (چەکداری عەرەب) بۆ کەرکووک، کێشەیەکە: (یەکەمیان) لایەنی کوردستانی تاکو ئێستا حەسمی نەکردووە و (دووەمیشیان) خودی لایەنی کوردستانی ئاوەکەی ڕشتووە. ئەگەر لایەنی کوردستانی ئامادە نەبووایە لەژێر هەر بیانوو و پاساوێک، هێزی چەکداری کورد بنێرن بۆ ناوچەکانی بەغدا و ناوەڕاست و خوارووی عێراق، ئەوا لایەنی عەرەبی و غەیرە کوردی، زاتی ئەوەیان نەدەکرد داوای هێزی (عەرەب) بکەن بۆ ناو کەرکووک یان ئەگەر هەوڵیشیان دابێت پەرچدانەوەی مەنتیقی تر دەبوو لە ئێستا.

لایەنی کوردستانی سووره لەسەر دەستوور و پیادەکردنی دەستوور وەکو بڵێیت دەستوور (قورئانه) و دەقەکانی (ئایات)ن و قەت و تاکو ئێستا پێشێل نەکراوه و، یاساکه ناوەڕۆکی به لادان له دەستوور پێناسه دەکەن، له کاتێکدا هیچ دەستوورێک به قەد ئەمەی ئێستای عێراق بێ حورمەت نییه و خودی لایەنی کوردستانی بەو چەند خاڵەی سەرەوەی و، رەفتار و هەڵوێستی تریش ئەگەر دەستپێشخەر نەبێت ئەوه یان هاوکار بووه و یان لادەر.

ئەوه جاری یەکەم نییه گۆڵ له نوێنەرانی کورد دەکرێت. مێژوومان پڕ له رووداو و ئەزموونه. باسکردنیان وەکو بەزمی لێ لێ و لۆلۆیه. بازنەیەکە، سەرکردایەتیی فەرمیی ئەم وڵاته، لەمێژەوه تێیدایه و دەخولێتەوه. گرفت له رووداو نییه بەقەد عیبرەتەکەی. فەلسەفەی (نازانم رەحەتی گیانم) فریادڕەس نییه و (جێهێشتنی کێشەکان بۆ کات یان قەبووڵکردنی بەرەنجامەکانی و تەسریفکردنی بەتەقسیت) دەردەکانمان دەرمان ناکات و (خۆزگه به عەقڵی کورد دوای رووداو) گاڵتەکردنه به خۆ و چەواشەکردنی خەڵکه.

بۆ ٦ ساڵ دەچێت توێژەیەکی فراوانی خەڵکی کوردستان و رۆشنبیران و پسپۆڕان و سیاسەتوانان و هەندێک له ئەندامانی سەرکردایەتی و بنکردایەتیی لایەنه سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەتی لەنێو هەردوو حزبی دەسەڵاتدار (یەکێتی و پارتی)، ڕاشکاوانه ئاماژەیان بەنەبوونی ستراتیجییەتێکی روون و تۆکمه و به نارێکوپێکی و لاوازیی ئیدائی نوێنەرانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانیان له ناوەند کردووه. که زۆریان له ئەسڵدا شایستەی ئەو پۆستانه نین. بەپێچەوانەوه سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی زیاتر هۆگری ئەوانن و نه پرسیار و نه پرسینەوەش کراوه و دەکرێت له چۆنیەتیی دەستنیشانکردن و هەڵسوکەوت و ئیدائیان، هەر له سەرەتای داگیرکردنی العراق تاکو ئەنجوومەنی کاتیی دەسەلات و یاسای بەڕێوەبردنی العراق و مادەی (٥٨) و دەستووری هەمیشەیی و کێشەی پێشمەرگه و بودجەی کوردستان و نەوت و سامانه سروشتییەکان و فیدراڵییەت و دابەشکردنی دەسەلات.. تاد.

بوار و تواناکان تاکو دێت تەنگ دەبێتەوە و سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان تازە بەتازە باسی پێداچوونەوە بە هاوپەیمانییەتییەکانی خۆی دەکات. هەر باشە وەلێ پێشتر دەبێت لە خۆیەوە دەستی پێ بکات. کە خۆت بێ ئاگا و خەمخۆر و جیدی و چاک نەبیت چی لە دۆستی باش بکەیت...!

بەهەموو حیساباتێک هەڵوێستی هاوپەیمانەکانی کورد لە بەغدا، شاراوە نەبوو:

لایەنی عەرەبی سوننە هەر لە سەرەتاوە درێغییان نەکردووە و لیستی شیعە بەگشت باڵەکانیانەوە زۆربەی ڕاستەوخۆ وەک: (حزبی فەزیلە، تەیاری سەدری، ڕێکخستنی (الدعوة) و چەندین بە ناو سەربەخۆی نێو ئەم لیستە لەگەڵ القائمة العراقية و، الجبهة العراقية للحوار الوطني، الكتلة العربية المستقلة، تيار الاسلاح الوقتني، مجلس الحوار الوقتني، المستقلون، الجبهة التركمانية، الحركة الايزيدية، نوێنەری الشبک) یەک بوون و دەنگیان بەیاساکە دا و، ئەوانەی تری لیستی (شیعە) بە پرەنسیپی (التقية) وەک ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی (جەماعەتی حەکیم) کە (١٥-٢٠) ئەندامیان نەکشانەوە و بەشدارییان لە دەنگدانەکە کرد و، برێکی زۆر لە عەلمانییە شیعە و سوننەکانیش هەر وەها.

باسی هاوپەیمانیی ئەمەریکایی ناکەین. چونکە هەر یەک ڕۆژ پێش ئەو دەنگدانەی ئەنجوومەنی نوێنەران کۆماری العراق، باڵیۆزی ئەمەریکا لە بەغدا، رایان کرۆکەر، لە پیرمام بوو. ناوەڕۆکی دانیشتنەکانی لەگەڵ سەرۆکایەتیی هەرێم هەروەک ئاژانسەکان ئاماژەیان پێ دابوو زیاتر ئەم بابەتانە بوونە:

پرۆژەی ڕێککەوتننامەی ستراتیجی لە نێوان بەغدا و ئەمەریکا.

پرۆژە یاسای هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان.

پێوەندییە هەرێمییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ.

ئەرکی دیمستۆرا و ڕۆڵی (UN) لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)

پرۆژە یاسای نەوت و گازی ناوەندی بەغدا.

باری هاوپەیمانییەتیی ناوخۆ و دەرەکی و ئیدای لایەنی کوردستانی لە هەرێم و بەغدا چۆن بێت، ئەوەی پێش و پاش رۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٢ لە بەغدا و لە هۆڵی ئەنجوومەنی نوێنەرانی العراق رووی دا و زیاتر (سەرۆکی ئەنجوومەن "محمود المشهداني") پێ تاوانبار دەکرێت یەک رووی راستییەکانە چونکە:

لایەنی عەرەبی سوننەی بەشدار لە پرۆسەی سیاسیی العراق بەگشتی و (محمود المشهداني) بەتایبەتی لە هەموو لایەنەکانی تری العراق لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا نزیکن و دووریش نییە بێ تیشکی سەوزی ئەوان (المشهداني) تەحدیدەن بڕیاری وەها ترسناک و تاکڕەو نەدات بەتایبەتی (شێوەی دەنگدان لەسەر مادەی (٢٤)ی یاساکە کە دژ بەپرەنسیپی دەستوور (بەتایبەتی مادەی (٥٣) و مادەی (٢٩)ی یاسای پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەرانی العراق ساڵی ٢٠٠٦)ە.

ئەمە جاری یەکەم نییە (المشهداني) پۆستی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەن و پشتگیریی دەرەکی بەکار دێنێت بۆ پەکخستنی کاروباری یاسادانان و گێرەشێوێنی و ئیستهتار و یاریکردنی بەئاگر. لایەنی کوردستانی هەوڵێکی زۆری دا بۆ ڕاکێشانی ناوبراو بۆ لای خۆی و کۆمەڵێک ئیمتیازاتی مادی و مانەوییان پێ دا، بە جوانی نابینم ئاماژەیان بۆ بکەم، بە ئومێدی ئەوەی دەرسێک بێت، چونکە پشتبەستن بەم جۆرە کەسانە ئەنجامی پەشیمانییە.

بەگشتی لایەنە عەرەبییەکانی پرۆسەی سیاسیی عێراق یاری بەکارتی کورد دەکەن و تاکو ئێستا کورد دۆڕاوە بەتایبەتی لە پرسە چارەنووسسازەکاندا.

بڕیاری سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان لەمەڕ پێداچوونەوەی بە هاوپەیمانییەتییەکانی بڕیارێکی دروستە و پێویستە هەمەلایەنە بێت و، زیاتر لە خۆیەوە دەستی پێ بکات و هەنگاوی یەکەمیشی لادانی (محمود المشهداني) بێت لە پۆستی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی کۆماری العراق.

## رێککەوتننامە ستراتیجییە پێشنیازکراوەکەی ئەمەریکا و عێراق

### بەشی یەکەم

### خوێندنەوەیەکی پێشوەختە

ماوەیەکە لە ناوەوە و لە دەرەوەی ئەمەریکا و عێراق، باس باسی رێککەوتننامە یان پەیمانی ستراتیجیی نێوان ئەم دوو وڵاتەیە. زۆر دژن، کەم لەگەڵ هەریەک لەم دوو جەمسەرانە هۆکار و پاساوی خۆیان هەیە.

ئەمەریکا وەکو ئیدارە و هێز نەهاتووە وا بەئاسانی لە (عێراق) بکشێتەوە. ئەودەم دەکشێتەوە کە هەست بکات دۆڕاو نییە و بگرە سەرکەوتووە و بەدەستی بەتاڵیش نەگەڕاوەتەوە. مشتومڕی کۆمارییەکان و دیموکراتەکان لەسەر زۆرتر وەدەستهێنانی سوودە بۆ ئەمەریکا نەک کەمتر و، سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی نەتەوایەتیی ئەمەریکا، شتێک نییە بە گۆڕینی ئینتیمای حزبی سەرکۆمار و ئیدارەکەی جیاوازیی گەورە و، وەرچەرخان و گۆڕینی دراماتیکی بەسەردا بێت، چونکە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا (سیاسەتە) نەک (حزبایەتییە). ستراتیجییە نەک تاکتیک. پشتبەستنە بە سیاسەتی ناوخۆ نەک گەمە دەرەکییەکان. هەڵقووڵاوی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتە نەک سوودی تاکەحزبی و تاکەکەس.

ئەوەی تاکو ئێستا زانراوە رێککەوتننامەکە هەمەلایەنەیە: سیاسییە. ئەمنییە. ئابوورییە. کۆمەڵایەتییە. تەندروستی و پەروەردەییە.. تادا.

وەکو کورد بەشێکین لەم (عێراق)ە و، رەوایە خەڵکی کوردستان سوور بێت لەسەر مافەکانی و داوا لە سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان بکات، رۆڵ و هەڵسەنگاندنی بۆ هەر رێککەوتننامە و پەیمانێک بەتایبەتی ئەمەی نێوان

کۆماری (عێراق) و ئەمەریکا، بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستانی تێدا ڕەچاو بکرێت. پێویستە و زۆریش پێویستە، کوردستانییەتیان نەکەن بە قوربانی عێراقییەت. شەرعییەتی پۆست و دەسەڵاتی سەرکردایەتیی کورد لە ناوەند، لە هێز و متمانەی خەڵکی کوردستانەوەیە، بۆیە دەبێت ئەرک و هەڵوێستی سیاسی و دیپلۆماسییان هاوتەریبی ئەم پرەنسیپانە بن.

لێرەدا بەپێویستی دەزانین ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین:

ئێمەی کورد هیچ کات لە بەرژەوەندیی باڵای نەتەوایەتیمان نییە لە دژی ئەمەریکا بین وەکو میللەت و وەکو دەوڵەت و، وەکو هێز و تاکە جەمسەری ئەم سەردەمە، هەروەها زۆربەی زۆری میللەتی ئەمەریکایش دژی کورد و کێشەکەی نین.

ئەگەر رایەکی نێگەتیڤمان هەبێت لەسەر ئەمەریکا، ئەوە لەسەر ئیدارە و دەزگاکانیەتی بەتایبەتی تاکو ئەوەندەی پێوەندیی بەکێشەی کورد و کوردستانەوە هەبووە هەیە.

بەپێی جوگرافیای سیاسی، باشووری کوردستان، بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق و ئەمەریکایش وای دەوێت و سووریشە لەسەری. هەر ڕووداو و گۆڕانکارییەکی نوێی ئەم وڵاتە، بەچاک و بەخراپ و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ، کاریگەری لەسەر دۆزی کوردیش هەیە. واتە (پرەنسیپی) عێراقیبوون فەرز کراوە. دەستوور سەلماندوویەتی. کە کورد ئیجبار کرا دەنگی بۆ بدات، ئیلتیزامیش واجیبە...!

بۆیە ناکرێت لە هەر جۆرە پێوەندییەکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لایەنی فەرمیی کوردستانی ئامادەبوونی نەبێت و، ئەم واقیعە لە بەرچاو نەگرێت و، لەبەر سوودی تایبەتی خۆی و، تاکتیکی ڕۆژانەی ئەم هێز یان ئەوەی تر بە ئەمەریکاشەوە، ئەم ئینتیمایە و ئەم ئیلتیزامەی وەکو هەیە لە بیر بکات.

بەداخەوە ئەزموونی سەدەی ڕابردوو تاکو دوا چرکەکانی، بەگشتی دەیسەلمێنی کە ئیدارەی ئەمەریکایی ئەوەندە لایەنگیری دۆزی کورد نەبووە

وەکو (پرس) بەقەد ئەوەی وەکو (کارت) لێی روانیوە و بەکاریشی هێناوە و دژایەتیشی کردووە و، زۆرجاریش یەک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی شکست و کارەسات و تراجیدیاییەکانی خەڵکی کوردستان بووە، بە پێویستی نازانم لێرەدا پێیدا بچەمەوە. وەلێ نابێت لە بیر بکرێت و وشیار نەبین. یان وەک هەندێ لە بەرپرسانی کورد بەسوودوەرگرتن لە لاوازیی هزری خەڵکی و مەینەتییەکانیەوە، هەوڵی پەراوێزکردنی دەدەن.

بەپێچەوانەی دید و بۆچوونی هەندێک لە بازنەی تەسکی باڵای دەسەڵاتی فەرمیی کوردستان، تاکو ئێستا کێشەی کورد بەگشتی و ئەوەی باشووری کوردستان بەتایبەتی چارەسەری بنەڕەتی نەکراوە ئەوەیشی وەدەست هێنراوە مسۆگەر نییە و پێشبینیی هەندێ پاشگەزبوونەوەش لە ئارادایە.

کە ئیدارەی بوش عێراقی رزگار کرد گوڵبارانمان کرد و، تەنیا سەرکردایەتیی کورد بوو، هەموو خاک و خەڵک و چارەنووسی کێشەکەی جارێکی تر خستە سەبەتی ئەمەریکاوە. لە سەرەتاوە تاکو ئێستا وا دەبینین گرفتەکان چۆن تەماشا دەکرێت و بۆ کوێ دەڕۆن: سەرەتاکانی قۆناغی (رزگاری) و پاشتر داگیرکردنی عێراق و هەڵوێست و هەڵسوکەوتی (پۆل بریمەر) و رێککەوتننامەی (العملية السياسية) و، راپۆرتی (بیکەر - هاملتۆن) و، بەشی یەکەمی راپۆرتی (ستیفان دیمستورا).. تاد، جگە لە پرەنسیپی فیدراڵییەت و سنووری کوردستان و کێشەکانی دیموکراتییەت و بنەماکانی مافی مرۆڤ و سەروەریی وڵات و پێناسەی عێراق و سەروەت و سامان و دەسەڵاتەکان، کە هەر هەموو وەکو بنەمایەکی دەستووری لە قۆناغی پێداچوونەوەدایە.

کاتی خۆیشی و ئێستایش بەگشتی، رەخنەمان لە چەند لایەنێکی سیاسەتی بوش و ئیدارەکەی هەبووە، بەتایبەتی ئەوەی کە پێوەندیی هەیە بەکێشە رەواکانی کوردستانەوە و، بەحوکمی عێراقیبوونی کوردیش، مافی خۆیەتی را و هەڵوێستی سەبارەت بەواقیعی ئەمرۆ و دوارۆژی (عێراق) و ناوچەکە هەبێت.

واتە ئەرکی کوردستانییەکان لەمەی ڕێککەوتننامە یان پەیمانی ستراتیجیی نێوان ئەمەریکا و کۆماری عێراق ئەرکێکی دووهێندەیە (مضاعف)ە.

نکوولّی لە گرینگیی ڕێککەوتن یان پەیمان بەستن لەگەڵ ئەمەریکا ناکرێت. چونکە لە زۆر لایەوە سوودگەیێنە. بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا: هەڵمەتی ئیرهاب و دەستتێوەردان و هەڕەشەی سەر سنوورەکان و ئەرکی بنیاتنانەوەی وڵات پرسی یەکەمە و، هێشتا وجوودی ئەمەریکا و داگیرکردنی وڵات، کێشەکانی ناوخۆ و ئیقلیمی گرژ و گەرمتر دەکەن و تاکو ئێستا ئەم تاکە جەمسەرەی جیهان نەیتوانیوە ئەو پرسە سەرەکییانە چارەسەر بکات، کە دوو لەسەر سێی ماوەی دەسەڵاتی (بوش)ی بۆ تەرخان کرابوو، واش مەزەندە دەکرێت لە دواساتەکانی ئەم دەسەڵاتەدا هەوڵی:

تەرحیلکردنی لایەنێکی بەرپرسیاریەتی لە شکستەکانی خۆی بێت لە عێراق، بۆ سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی ە(UN).

بەیاساییکردنی داگیرکردنی عێراق لە ڕێی ڕێککەوتننامە یان پەیمانێکی ستراتیجی لە پێش کۆتایی دەسەڵاتی و، تەواوبوونی مۆڵەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، سەبارەت بەمانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان لە عێراق.

فەرزکردنی ئەم واقیعە بەسەر ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا و بەستنەوەی بە ڕێککەوتننامەیەکەوە کە دوور نییە زۆر جووت نەبێت لەگەڵ ناوەڕۆکی بەرنامەکەیان بەتایبەتی دیموکراتەکان.

ڕێککەوتننامە یان پەیمانی دووقۆڵی لە نێوان ئەمەریکا و کۆماری عێراق نە شتێکی تازەیە و نە لەنگە و نە عەیبە چونکە:

بۆ نموونە عێراق، لە سەدەی رابردوودا، دوو ڕێککەوتننامەی ستراتیجی ئیمزا کردووە، یەکەمیان لەگەڵ بەریتانیا ساڵی (١٩٣٠) دووەمیان لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەتی جاران ساڵی ١٩٧٣ و، یەک لە ئەندامە چالاک و سەرەکییەکانی پەیمانی (سنتۆ) بوو لەگەڵ چەند وڵاتێکی ئیقلیمی و بەریتانیا

و ئەمەریکا لە پەنجاکانی هەمان سەدە، جگە لە ڕێککەوتننامە و پەیمانی تر لەگەڵ ئێران (١٩٧٥) و تورکیا و وڵاتانی عەرەب.

لە سەرەتای دروستبوونی ئەم (عێراق)ەدا، لە دوای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، کەم یان زۆر، بنکەی سەربازیی بێگانەی تێدا بووە. بنکە سەربازییەکانی ئینگلیز لە (حەبانیە و شعەیبە) تاکو پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨و، بوونی بنکە و سەربازی سۆڤیەت و میسری و، هەندێ جاریش بەناوی تەنسیق و هاوکاریی سەربازی و سیخوڕی دژی شۆڕشەکانی کورد، حکوومەتەکانی (عێراق) پەنایان بردووە بۆ هێزی تورکی و ئێرانی و سووری، یان بوونی بنکە سەربازییەکانی تورکیا لە خاکی عێراق، لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە و تاکو ئێستا، بەتایبەتی ئەوانەی (شێلادزی و بامرنی و ئامادیە... تاد).

ئەمەریکایش لەگەڵ زیاتر لە (١٣١) وڵاتی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕێککەوتننامەی ستراتیجی و پەیمانی هاوکاری و تەنسیقی سەربازیی هەیە و، زیاتر لە(٨٠)یان ڕێککەوتننامە و پەیمانی دووقۆڵین و، لەو وڵاتانەیش (٢٦)یان ئەندامی ناتۆن و، لە نێوانی ئەو وڵاتانە پێشتر فرەنسا و لیبیا و، تاکو ئێستا بەریتانیا و ئەڵمانیا و چەندان وڵاتی تری ئەوروپایی و یابان و تورکیا و چەندان وڵاتی پێشووی یەکەتیی سوڤیەتی جاران و، وڵاتانی کەنداو...!

تاکو ئەمڕۆ ئەمەریکا لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان زیاتر لە (٧٤٠) بنکەی سەربازیی هەمیشەییی هەیە جگە زیاتر لە (٣٠٠٠) دەزگای ئامادەسازی کە لە کاتی پێویستدا دەتوانێت و بۆی هەیە وەکو بنکەیەکی سەربازی بەکاری بێنێت.

لە دنیای تاک جەمسەری و جیهانگیری و تێکەڵبوونی بەرژەوەندییەکان کە تێیدا پرەنسیپی (سەروەری) و (سەربەخۆیی) لە دیاردەیەکی ڕەها بووەتە دیاردەیەکی ڕێژەیی و، کیانەکان بەرەو گردبوونەوە دەڕۆن، لە سوودی وڵاتێکی داڕماو و پڕ گرفت و دواکەوتوو و گەمارۆدراوی وەکو عێراقە، ئەگەر هاتوو

لەگەڵ زلهێز و تاکە جەمسەری جیهان پەیمان و ڕێککەوتننامەی ستراتیجیی هەبێت.

بۆ کوردی بێ پشت و پەنا و جینۆسایدکراو و بەزۆر لکێندراو بەم عێراقەوە، بەرچاوگرتن و گەرەنتیکردنی مافە رەواکانی، بەستنی پەیمان و ڕێککەوتننامەیەکی وەها و مانەوەی ئەمەریکا لەم وڵاتە و جێگیرکردنی ئەو مافانە لەو ڕێککەوتننامەیەدا، بۆ ئێستا، لە بەرژەوەندیی باڵای کوردستانە.

هێشتا بە فەرمی ناوەڕۆکی پرۆژەی (ڕێککەوتننامە یان پەیمان)ی ستراتیجیی نێوان ئەمەریکا و عێراق ئاشکرا نەکراوە و، لە قۆناغی دانوستاندن و پێداچوونەوەدایە و، دیارە خاڵی لاواز و دژ بە بەرژەوەندیی عێراق زۆرن و، ئەوەی دزەی کردووە بۆ ڕاگەیاندنەکان هەرە زەقەکانیەتی و، دوور نییە (ئەگەر وابێت) جۆرە (چەش) و چاوسوورکردنەوەیەک بێت لەسەر ئەو بنەمایە (مردنی نیشان بدە، تاکو بە تا ڕازی بێت). هەندێک لەو خاڵانەش دیارە لەلایەن زۆربەی زۆری لایەنە سیاسییەکانی (عێراق) قابیلی قەبووڵ نین و هەندێکی تریشیان شیمانەی پێداچوونەوەی لێ دەکرێت.

لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین کە تاکو ئێستا بۆ راگەیاندنەکان دزەی کردووە وەکو وتمان ئەگەر (وابێت):

جۆری ئەو پێکهاتنە: ڕێککەوتننامە بێت یان هاوپەیمانیەتی. واتە (اتفاقية) یان (معاهدة). بۆ ئێمەی عێراقی جیاوازیی نییە. دەستوور جیاوازی ناکات لە نێوان هەردووکیاندا، چونکە هەردوو لە دوا قۆناغیاندا دەبێت (ئەنجوومەنی نوێنەرانی کۆماری عێراق) پەسندی کات. وەلێ بۆ ئەمەریکا جیاوازە. (ڕێککەوتن) لە دەسەڵاتی سەرکۆمارە بەڵام پەسندکردنی (پەیمان) لە دەسەڵاتی کۆنگریسە. لەمەیشدا عێراقییەکان ناکۆکییان هەیە هەروەها ئەمەریکاییەکانیش، لەبەرئەوەی بۆ هەردوولا هەریەک لەو دوو جۆرە پێکهاتنە، ئەرک و ئیلتیزاماتی جیاوازیی تێدایە. ئیدارەی بوش کەمتر لە ٦ مانگی ماوە. لەم ماوەیەدا مەعقول نییە هەردوولا بەئاسانی کارێکی وا بکەن، ئەگەریش کرا دەبێت مەزەندەی ئەوە بکرێت وا بەئاسانی لە پەرلەمانی عێراق

و کۆنگریسی ئەمەریکایی دەرباز نابێت. بۆ عێراقییەکان مەرج و کاتەکەیەتی و، بۆ کۆنگریسی ئەمەریکاییش، کە ئێستا زۆرینەی هەردوو ئەنجوومەنەکەی (دیموکراتەکان)ن، جۆری پێکهاتنەکە و پەلەکردنەکەی (بوش)ەو، ئەگەر بۆیان بچێتە سەر بۆ سەرۆکی تازەی ئەمەریکا بەجێی دەهێڵن کەوا مەزەندە دەکرێت ئەمجارە نۆرەی دیموکراتەکان بێت و بە پێچەوانەیشەوە ئەگەر پەلەیش بکرێت ئەوا ئەوان لایەنگیری (پەیمان= معاهدة)ن نەک (رێککەوتننامە= اتفاقية)، لە کاتێکدا کۆمارییەکان بەتایبەتی بازنەی ئیدارەی بوش لایەنگیری (رێککەوتننامەن) و، هەر لەم بارەیەوە، راوێژکاری یەکەمی وەزارەتی دەرەوە و ئەندامی گرینگی شاندی وتووێژی ئەمەریکا لە بەغدا (دیڤد ساتیرفیلد)، لە لێدوانێکدا، رۆژی ٢٠٠٨/٦/١٠، ئاماژەی بەم لایەنە کرد و وتی: (ئەم رێککەوتننامە دووقۆڵییە درێژخایەنە لە نێوان عێراق و وڵاتە یەکگرتووەکان کە ئێستا وتووێژی لەسەرە، رێککەوتننامەیەکی تەنفیزییە هەروەها یاسای نێودەوڵەتییە لە نێوان دوو لایەن و، هیچ بەندێکی وای تێدا نییە کە داوا لە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا بکات بۆ پەسندکردنی) واتە و بەپێی لێدوانەکەی (ساتیرفیلد) رێککەوتننامە پێشنیاز کراوە نەک پەیمان.

گوایە ئەمەریکا مافی بەخۆی داوە یان داوای ١٤ بنکەی سەربازیی گەورە و زیاتر لە ٤٠ بنکەی سەربازیی موتەحەریک و بچووکتری کردووە. واتە باس لە زیاتر لە (٥٠) بنکەی سەربازی دەکرێت. لە کاتێکدا قسەکەرەکانی کۆشکی سپی جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە رێککەوتننامەکە نە باسی بنکەی هەمیشەیی تێدایە و نە ژمارەی سەربازەکان، دەڵێن رێککەوتننامەکەیان جیاوازیی ئەوتۆی نابێت لەگەڵ زیاتر لە (٨٠) رێککەوتننامەی هاوجۆر لەگەڵ وڵاتانی تر و، مانەوەی سەربازەکانیان بەند دەبێت بەباری ئاسایشی عێراق و، رێگە لە سەرکۆماری داهاتووەی ئەمەریکا ناگرێت و ئەو ئازادە لە چۆنیەتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ رەوشەکەدا و، هەر وەکو (ساتیرفیلد)یش ئاماژەی بۆ کرد (بەندەکانی رێککەوتننامەکە قابیلی پێداچوونەوەیە و، لەبەرئەوەی زۆرن دابەش کراوە بەسەر بوارەکانی سیاسی و ئەمنی و ئابووری

و کـۆمــەڵایەتی و تەندروســتی و پەروەردەدا و، چونکە وەزعی عــێــراق لە گۆڕاندایە، مافی خۆیەتی بۆ نموونە داوای هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتننامەکە بکات کاتێک هێزەکانی توانای پاراستنی ئاسایشی عێراقیان هەبێت.

بۆ هێزەکانی ئەمەریکا هەیە بنکەکان و خاکی عێراق بەکار بێنن بۆ هەر جۆرە جموجۆڵ و هێرشێک بۆ سەر وڵاتانی تر ئەگەر مەزەندەی مەترسیی لێ بکرێت.

ئاسمانی عێراق لە سفرەوە تاکو ٢٩ هەزار (فوت) لەژێر کۆنترۆڵی ئەمەریکا بێت. واتە ئاسمان و زەوی و ئاوی عێراق هەمووی.

ساڵانە کۆماری عێراق، (١٥) ملیار دۆلار خەرج بکات بۆ ئەمەریکا وەک مەساریفی بنکەکانی. ئەمەش مەرجێکی سەیرە لە کاتێکدا ئەمەریکا بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوایەتیی خۆی هاتووە بۆ عێراق و چەند جار بوش و ئیدارەکەی ئەم ڕاستییانەی درکاندووە و داکۆکییان لێ کردووە و، مانەوەشیان بەئاسایشی عێراق و ئەمەریکا پاساو داوە. دەبێت لە واقیعدا ئەوان پارە بدەنە عێراق.. ئەمەریکا لەبەر خاتری چاوی ڕەشی عێراقییەکان نەهاتووە بۆ عێراق لەبەر ئەوانیش نامێنێتەوە. ئەمەریکا بۆ تەئمینکردنی ئاسایشی نەتەوایەتیی خۆی هاتووە لە پێش هەمووشیانەوە نەوت و بەربەرەکانێی ئیرهاب و، چاودێریی ئێران و سووریا و هەموو جموجۆڵێک دژ بەئیسرائیل و هەروەها لەبەر مەترسییە ستراتیجییەکانی هەڵسانەوەی ڕووسیا و چین و هیند و چەند وڵاتێکی تری جیهان و گردبوونەوەیان (ڕێککەوتننامەی شەنگهای). بۆیە جگە لەوانەی سەرەوە، بوونی ئەمەریکا لە عێراق، تەواوکەری پشتوێنە ئەمنییەکەیەتی بەرامبەر بەو دیاردەیە (ڕێککەوتننامەی شەنگهای)، هەر لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست تاکو ئەفغانستان، پاکستان، کەندا، عێراق و تورکیا و، بێ سووریایش، لە ڕێگەی ئوردنەوە پشتوێنەکە دەگاتە ئیسرائیل. واتە گرێدانی ئۆقیانووسی هیندی بەدەریای خەزر و کەنداو و دەریای سپی..

ماوەی ڕێککەوتننامەکە وەکو پێشنیاز کراوە (١٥ تاکو ٢٠) ساڵە و قابیلی

درێژەپێدانە. ئەمەش ماوەیەکی درێژە و قسەی زۆر هەڵدەگرێت. چاودێرانی سیاسی مەزەندەی (٥) تاکو (١٠) ساڵ دەکەن بۆ بنیاتنانەوە و گەشەپێدانی عێراق و هەر ئەو ماوەش بەپەسند دەزانن بۆ رێککەوتننامەکە.

ئەمەریکا داوای کردووە سەرپەرشتیی هەردوو وەزارەتی بەرگری و ناوەخۆ بکات و هەروەها باسی وەزارەتی دەرەوە و نەفتیش دەکرێت، هەرچەندە وەکو واقیع هێشتا لەژێر رکێفی خۆیەتی وەلێ هەر هەموو ئەمانە، ئەگەر وجوودیان هەبێت خاڵی مشتومڕە.

نابێت یاسای عێراقی پیادە بکرێت لەسەر گشت سەربازگە و سەرباز و کارمەندانی کۆمپانیاکانی ئەمەریکا لە عێراق چ ئەمریکی و چ بیانی بە عێراقییەکانیشەوە.. واتە چی بکەن خۆیان وەکو ئەمەریکا مەسئوولن و تەنیا ملکەچی یاسا و رێسای ئەمەریکا دەبن و کەس لەمانە یان ئەوانەی هاوکارییان دەکەن نابێت دەستگیر بکرێن لەلایەن دەسەڵاتی عێراقییەوە. ئەمەیش تەبایە لەگەڵ هەڵوێستی ئەمەریکا سەبارەت بە رەفزکردنی قەبووڵکردنی بوونە ئەندامی لە دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی (المحكمة الجنائية الدولية) و، هەروەها ئەم جۆرە مەرجانە دژی دەستوور (مادە ٨) و یاسا و رێساکانی کۆماری عێراقە.

هەندێ لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە ناوەڕۆکی رێککەوتننامەکە جگە لە مەجالی سەربازی و ئاسایش و دەسەڵات، هاتنە ژوورەوەی هێز و سەرباز و کارمەند و هاوکارانی ئەمەریکایش (سەربازی و ئەمنی و مەدەنی) ئازادە و لایەنەکانی عێراقی پێ ئاگەدار ناکرێتەوە وەکو وەرگرتنی ڤیزا و موافەقەتی هاتنە ژوورەوە، وەکو کە ئێستا لە کوێت پیادە دەکرێت، سەرەڕای ئەمە، پێداویستییەکانی ئەمەریکا لە عێراق لە هاتنەوە ژوورەوە و دەرچوون، بێ مۆڵەت وەرگرتن و تۆمارکردن دەبێت وەکو چەک و تفاقی سەربازی وباڵەفڕ و پاپۆڕ و باریجاتی سەربازی و مەدەنی و شتومەکی تر و، ئەمەریکاییەکان و هاوکارانیان، نە داهاتیان لە عێراق و نە پێداویستییە هێنراوەکانیان بۆ عێراق، باج و ڕسووماتی عێراقی لەسەر دەبێت و ناپشکنرێن و بە کارهێنانی

داووزگا عێراقییەکانیش کراوە و بێ موقابیل دەبێت بۆیان.

بۆ ئەمەریکاییەکان هەیە هەر کەسێک لە عێراق چ عێراقی بێت یان بێگانە و لە چ پلە و پایەیەکدا بێت هەتاکو ئەگەر (حەسانە)شی هەبێت، بیگرن و دادگەییی بکەن.

مافی ئەمەریکاییەکانە لەناو خاکی عێراق بەندیخانە و گرتووخانەی تایبەتی و نهێنییان هەبێت. ئەمانە و دەیان مادە و بڕگەی تری ئەو ڕێککەوتننامەیە وەکو دزەی کردووە بۆ میدیاکان، خاڵی باس و دانوستاندنن و هێشتا نەگەیشتووەتە قۆناغی کۆتایی.

زۆربەی پرەنسیپ و بڕگەکانی سەرەوە هەر وەکو دیارە، پێوەندییان هەیە بە سەروەری و سەربەخۆییی عێراق و، زەحمەتە (وەکو خۆی) قابیلی قەبووڵ بێت و، ئەگەر لە ڕوانگەی هێز و گومڕایی ئیدارەی بوش و ئەمەریکا وەک تاکە جەمسەری جیهانی ئەمڕۆ و، واقیع حاڵی ئێستای عێراق، وەک وڵاتێکی داگیرکراو و لاواز و پڕ گرفت و گەمارۆدراو و خاوەن ڕژێمێکی هەجین و بێ ئیرادە و بازنەیەکی ناتەبا بەراورد بکرێتەوە، ئەوە دوور نییە بتوانن زۆر لەو بنەمایانە و شتی تریش بەسەر عێراقدا فەرز کەن، وەلێ ئەم عێراقە ئەزموونێکی دوور و درێژی هەیە لەگەڵ داگیرکەران و زلهێزەکان و، میللەتەکانی بە ئاسانی تەسلیم نابن و چۆک دانادەن و، قاڵبووی بەرخودان و ململانێن. دیاریشە ئەوەی بەزۆر و بەترس بسەپێندرێت بەزۆر لە ترسدا هەڵدەوەشێتەوە.

بەدەر لە سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان، زۆربەی هەرە زۆری لایەنەکانی پرۆسەی سیاسیی عێراق بەئاشکرا ناڕەزاییی خۆیان بەرامبەر ئەو بڕگە و پرەنسیپانە دەربڕیوە و، دوای سەردانەکەی مالیکی بۆ ئێران، لە ناوەڕاستی مانگی (حوزەیران)دا، بۆ یەکەم جارە ناوبراو بەتوندی هەڵوێستی حکومەتەکەی نیشان دا سەبارەت بە ڕەشنووسی ڕێککەوتننامەکە، بەتایبەتی ئەو مادانەی کە پێوەندییان هەیە بە سەروەریی خاکی کۆماری عێراق و، دژی ئەوە بوو کە (عێراق) ببێتە بنکەیەکی هێرشکردن بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ و

لەمەش زیاتر مەبەست (ئێران و سووریا)یە، بە ڕوونی هۆشداریی بە ئەمەریکا دا کە دوور نییە مافی خۆیان بەکار بێنن بۆ نوێنەکردنەوەی ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق کە لە کۆتاییی ساڵی ٢٠٠٨ تەواو دەبێت کە هاوزەمانە لەگەڵ کۆتاییهاتنی دوا قۆناغی حوکمڕانی (بوش) وەکو سەرۆکی ئەمەریکا.

## هەڵمەتێکی تری بە عەرەبکردنی کوردستان

لە ریپۆرتاجێکی ژمارەی رابردووی هەفتەنامەی (رووداو)دا، لەژێر ناونیشانی (داماک ئاوەدانییە یان مەترسی) ئاماژە بەچەند رستەیەک لە لێدوانی ئێمە بۆ هەفتەنامەی ناوبراو کراوە، سەبارەت بەگرێبەستەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیای (داماک)ی ئیماراتی.

شێوەی هەڵبژاردنی پچڕپچڕی لێدوانەکەمان بەپێی خواستی ریپۆرتاجەکە، هەندێ لە دید و بۆچوونەکانی ئێمەی لاواز کردووە و وەکو پێویست مەبەستیان نەپێکاوە، بۆیە بەپێویستی دەزانین دید و هەڵوێستی خۆمان سەبارەت بەو گرێبەستە بەوردی روون بکەینەوە، لەگەڵ چەند تێبینییەک لەسەر هەندێ لایەنی خودی ئەو ریپۆرتاجە.

پێشەکی بەش بەحاڵی خۆم بەگەرمی پێشوازی لە هەموو پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی گشتی و کەرتی تایبەت دەکەم، چ ڕاستەوخۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان یان کۆمپانیا بیانییەکان ئەنجامی بدەن. هاوکاری و کارئاسانی بۆ کەرتی تایبەت یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، بنەمای بنیاتنانەوە و گەشەپێدانی وڵاتەکەمان و، یەک لە خەسڵەتەکانی سیاسەتی ئابووری و دارایی هاوچەرخە و هاندان و پشتگیریی کۆمەڵگەشی گەرەکە، وەلێ وەکو پێشینان وتوویانە (هەموو شت بەخوێ و خوێش بەمیقدار). هەر لەم روانگەیەوە:

هەر حکومەتێک لە دنیا بچووک یان گەورە، دەبێت بەرنامە و پلانێکی چەند قۆناغەی هەبێت (کورت و مامناوەندی و درێژخایەن)، بۆ گشت بوارەکان، یەک لە بنەما هەرە گرینگەکانی بەرنامە و پلانی وا، دیاریکردنی پێداویستیی قۆناغەکان و ئەولەویات و تواناکان و تایبەتمەندیی وڵاتە.

بەرنامە و پلانێکی وا، پێش گەڵاڵەکردنی کۆتایی دەبێت ئاشکرا و ڕوون بێت و لە ڕێگەی داوودەزگا پێوەندیدارەکان و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە و پسپۆڕان.. تاد، بە تێروتەسەلی شەنوکەو بکرێت و، لە کەناڵەکانی میدیاوە خەڵکی وڵاتی پێ هۆشیار و ئاگەدار بکرێت و، دواتر بە فەرمی ڕابگەیەنرێ و پرسینەوەی لە دواوە بێت.

لە وڵاتێکی وەکو باشووری کوردستان، کە دەسەڵاتی ناوەند لەمێژە بە بەرنامە ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و، قەوارەی نەتەوەیی تێکوپێک داوە، دەبێت یەک لە ئەولەویاتی سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کارکردن بێت بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو دیاردەیە.

ئەوەی ڕەچاو دەکرێت لەم میانەدا، نەبوونی سیاسەتێکی ئابووری و داراییە، هەروەها نەبوونی بەرنامە و پلانێکی تۆکمە و ڕوونە، کە ئەولەویات و پێداویستی خەڵکی کوردستانی بە ڕوون و ئاشکرا تێدا بێت، بەتایبەتی ویستی چین و توێژە هەژارەکان کە زیاتر لە ٩٥٪ی ئەم کۆمەڵگەیەن و ڕاستەوخۆ تەرخانکراو بێت بۆ بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری و گەشەپێدانی کەرتە گرینگەکان بەتایبەتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و خزمەتگوزاری.

قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسی و بودجە و ئیمکانیاتی حکوومەت و ئاراستەکردنی بەرەو ئیحتیکارکردنی بوارەکانی ئابووری و خزمەتگوزاری لەلایەن نوخبە و، هەڕاجکردن و تێکدانی کارخانەکان و تەرکیزکردن لەسەر کەرتی مقاوەلات و عەقارات بەناوی بازاڕی ئازاد، هەڵپەهەڵپێکی ئوڵترا لیبراڵ و فەوزەوی، کە بەرەنجامەکانیشی هەر لە ئێستاوە ڕوونە: بایەخنەدان بەکەرتە بنەڕەتییەکان، پەراوێزکردنی ڕۆڵی حکوومەت لە بواری خزمەتگوزاری و بنیاتنانەوە، نەبوونی ئەولەویات و گرانی، هەڵاوسانی ئابووری، دەست بەسەرداگرتنی زەویوزاری گشتی و تایبەتی و، مانەوەی کۆمەڵگەی ئیستیهلاکی و نەک گۆڕینی بەرەو کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێنەر. ئەمانە و چەندان دیاردەی تر، جۆرە بازدان و خەتکێشانە بەسەر قۆناغێکی پێویست لە

رەوتی کۆمەڵایەتی و سیاسیی وڵاتەکەمان و، لاسایکردنەوەی بەهەڵەی چەند وڵاتێکی فرە ئیمکانیات و سەربەخۆ و پێشکەوتووە.

چ ئیدارەیەکی سەر ئەم زەوینە بەدەر لە ئیدارەی ئەم هەرێمە لە کۆی گشتیی کەمتر لە چوار ملیۆنی دانیشتوانی (١,٢) ملیۆن مووچەخۆر بێت و زۆربەی هەرە زۆریشیان کار نەکەن و لە ڕێگەی چەند کۆمپانیایەکی تایبەتەوە ئیستیرادی هێزی کار بکات! لەوەش زیاتر هێشتا خاوەن دوو بنکەی بڕیارە و دوو گیرفان و دوو دید و بۆچوون، حکوومەتێکی پەنجا بەپەنجا، لەوەش زیاتر پارچەیەک لە وڵاتێکی داگیرکراوە لەگەڵ کۆمەڵێک گیروگرفت لەگەڵ ناوەند.

ئەگەر تاکو قۆناغی پێش ڕزگاری و داگیرکردنی عێراق، بوونی بەرنامە و نەخشە و سیاسەتێکی ئابووری زۆر بەهەند وەرنەگیرابێت، ئەوە لە دوای ئەو قۆناخە بووەتە پێویستییەکی حەتمی و ئیدی ناکرێت پشتگوێ بخرێت، بەتایبەتی ئەمڕۆ ئەم سێ پارێزگایە کە پێی ئێژن (هەرێمی کوردستان) خاوەن بودجەیەکی وەهایە، کە زۆرترە لە دەیان وڵات کە بەپانتایی و دانیشتوان چەندان جار لەم هەرێمە گەورەترن و، زۆربەی بوارەکانی خزمەتگوزاری و ژیانیان لە ئێمە باشترە.

ئێمە ناڵێین هیچ نەکراوە یان ئەوەی کراوە خەتێکی بەسەردا بکێشین، بەپێچەوانەوە پرۆژە و شتی باش کراوە، شان بەشانی ئەوانەش هەندێ پرۆژەی بەناو وەبەرهێنان ئەنجام دراوە، نە ژێرخانی ئابووریی وڵاتەکەمان باشتر دەکەن و نە دەیبووژێنێتەوە.

بیناسازی و (شاری خەونەکان) و (ئاواییی ئینگلیزی و ئەمریکی و ئیتاڵی و ئەڵمانی)، باری خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت و گەنج و لاوی تازەپێگەیشتووی بێ خانووبەرەی تەیراوە و پۆتیناوە و بنەسڵاوە و کەسنەزان و دارەتوو و شاوێس و گشت ناوچەکانی تر چارەسەر ناکات. بوونی زیاتر لە (١,٢) ملیۆن کارمەند و مووچەخۆر، وای کردووە ئەو جۆرە پرۆژانە سوودێکی ئەوتۆیان نەبێ بۆ کێشەی بێکاری و (سوڕانەوەی سەرمایە= دوران رأس المال) و پارەی نەختینە لەنێو ئەم هەرێمەدا، بەپێچەوانەوە بەپشتبەستن بە

کۆمپانیا و هێزی کاری بێگانە پارەیەکی زۆری ئەم هەرێمە دەچێتە دەرەوە، چ بۆ خەرجی کەرەستەکانی بیناسازی و، چ وەکو سوود و کرێ.

دڵنیام لەوەی، (شاری خەونەکان) و (شوقەکانی بەناو زەکەریا و ئەو هەموو ئاوایییە مۆدێرنانە)، لە ئەولەویاتی خەڵکە هەژار و کەمدەرامەتەکانی شاری هەولێر نییە و، کێشەی نیشتەجێبوونیان چارەسەر ناکات. لەگەڵ ئەوەش ئەو پرۆژانە بەراورد ناکرێن لەگەڵ ئەوەی (داماک)ی عەرەبی کە هەر لە سەرەتاوە هەوڵ دەدرێت وەک پرۆژەیەکی ستراتجیی نیشان بدرێ.

گرێبەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیای (داماک)ی ئیماراتی عەرەبی، کە بە پرۆژەی ستراتیجی (تارین هیلز) پێناسە دەکرێت و، هەر وەکو لە مۆڵەتی دەستەی وەبەرهێناندا هاتووە لە نێوان هەولێر و پیرمام زەوییەکی بە پانتاییی ١٦ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار مەتری دووجای بۆ تەرخان کراوە بەخۆڕایی.

ئاشکرایە سەرانی ئیماراتی عەرەبی کاتی خۆی و هەندێکیشیان تاکو ئێستاش بەدۆست و پاڵپشتی سەدام و حەوێنەرەوەی دارودەستە لەناوچووەکەی ناسراون.

تاکو ئێستا ئەم گرێبەستە وەک گرێبەستەکانی بواری نەوت، ناوەڕۆکەکەی رانەگەیەندراوە و، بەدەر لە چەند کەسێک، کەس ئاگای لە ناوەڕۆکی نییە!

ئەم پرۆژەیە کە بەستراتیجی وەسفی دەکەن، تاکو ئێستا بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە و فەرمی نەگوتراوە بودجەکەی چەندە. هێرش موحەڕەم دەڵێت: مۆڵەتی ٦ ملیار دۆلاری پێ دراوە و، ئامادەن ١٣ ملیار دۆلار خەرج بکەن. کەچی نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر دەڵێت: ٤ ملیار دۆلار ئامادەن تاکو ١٥ ملیار دۆلاری لێ خەرج بکەن. ئەم جۆرە زانیارییانە پرسیار و گومان دروست دەکەن.

بەپێی یاسا وەبەرهێنانە شازەکەی هەرێمی کوردستان ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٦:

حکوومەتی هەرێمی کوردستان پارچە زەوییەکی کشتوکاڵیی نێوان (هەولێر

ـ مەسیف) بە پانتاییی ١٦,٣ ملیۆن مەتر دووجا = (١٦,٣) کم دووجا + (٣) مەتری دووجا تریش بۆ پرۆژەکە زیاد دەکرێ و، هەر هەمووی لەسەر ناوی کۆمپانیای (داماک)ی ئیماراتی تاپۆ دەکرێت. دوور نییە ئەم پارچە زەوییە لەسەر دوورگەیەکی نەوتیش بێت بەحوکمی نزیکبوونی لە یەکێک لە کێڵگە نەوتییە گەورەکانی ناوچەکە، نەک هەر ئەمە بگرە:

مافی (داماک)ی عەرەبییە خانوو و زەوی بفرۆشێت و تاپۆ بکات و بەکرێ بدات، بەپێی برگەی ١٠ی مادەی ٤ یاسای وەبەرهێنان.

سەرەڕای ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەم (١٦,٣) ملیۆن مەتر دووجایەی ئەو زەوییە ستراتیجییە، بێ بەرامبەر بۆ هەتاهەتا لەسەر کۆمپانیای (داماک)ی عەرەبی تاپۆ دەکات، لەسەر بودجەی حکوومەتی کوردستانیش، شەقامی تایبەتی لە هەرسێ لاوە و، ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و گەیاندن و خزمەتگوزارییەکانی تری بۆ دابین دەکرێ. دوور نییە ئەم خەرجییانەش سەدان ملیۆن دۆلار بن.

هەر بەپێی ئەو یاسا (شازە)ی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان، کۆمپانیای (داماک):

بەلای کەمەوە بۆ (١٠) ساڵ لە گشت باج و ڕسووماتێک دەبەخشرێت، هەروەها لە گشت باج ڕسووماتی هاوردەکانی پرۆژەکە و گشت مەرجەکانی مۆڵەت بەدەستهێنانی هاوردەن (اجازة الاستيراد) دەبەخشرێ.(مادەی پێنجەم ـ یەکەم و، دووەم)ی هەمان یاسا.

بۆ هەر فراوانکردنەوەیەک و گەشەپێدانێکی پرۆژەکە پاش تەواوبوونیشی هەمان ئەو لێبووردنانە و کارئاسانییانەی بۆ دەکرێت بەپێی یاسا.

بەپێی برگە (شەش)ی مادەی (پێنج)ی هەمان یاسا، مافی رەوای کۆمپانیای (داماک)ی دەوڵەتی ئیماراتە، گشت پێداویستییەکانی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە بهێنێ، لەنێو ئەوانە (هێزی کار) بەهەموو بەشەکانیەوە.

بەپێی ئەو گرێبەستەی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای

(داماک) گوایە زیاتر لە (٨) هەزار ڤێلا و (٦) هەزار شوقەی (لۆکس) و چەندان جێگەی نیشتەجێکردنی تری تێدا دروست دەکرێت، جگە لە هوتێل و جێگەی رابواردن و، خەستەخانە و مزگەوت و قوتابخانە لە باخچەی ساوایانی مندالآن تاکو زانکۆ و، لەسەر سیستەمی (ئیماراتی عەرەبی). ئەگەر وابێت نابێت مەزەندەی ئەوە بکەین کە کۆمپانیایەکی عەرەبی دەستپێشخەری وتنەوەی وانەی کوردی و کولتوور و زمانی کوردی بکات لە ولآتێک کە زمان و کولتوورەکەی لە مەترسیدایە.

ولآتێک وەکو ولآتەکەی ئێمە، بەپێی دەستوور پارچەیەکە لە ولآتێکی عەرەب، کە پێی ئێژن (کۆماری عێراق)، بۆ یەک سەدە دەچێت بە ئێستایشەوە، نەک هەر کێشەی کوردی چارەسەر نەکردووە، بگرە پرۆسەی بەعەرەبکردنی خاک و گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتی لەلایەن دەسەلآتی ناوەندیی بەغداوە وەکو توخمێکی ڕەگەزپەرست و تایفەگەری و شۆڤێنی و فاشیست تاکو ئاستی تاوانی جینۆسایدی ئەنجام داوە، پرۆسەکە هێشتا بەردەوامە و، دەسەلآتی ئێستای ناوەند، کە سەرکۆماری کوردە، جێگری سەرۆک وەزیرانی کوردە، وەزیری دەرەوەی کوردە، سوپاسالاری کوردە، دووەم لیستی پەرلەمانەکەی لیستی کوردە، زیاتر لە ١٥ وەزیر و جێگری وەزیر لەگەڵ دەیان بەرزەلێپرسراوی هەمەچەشنەی تری کوردە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەگەرمی هاوکار و پشتگیریی لێ دەکات، کەچی ئەم دەسەلآتە ئامادە نییە ناوچە تەعریبکراوەکان بگەڕێنێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، نەک هەر ئەوە، بگرە ڕەفزی ئەوەش دەکات کە داوای لێبووردن لە خەڵکی کوردستان بکات، سەبارەت بەتاوانەکانی ئەنفال و هەڵەبجە کە دادگە و پەرلەمانەکەی خۆیان بەتاوانی جینۆساید و دژی مرۆڤایەتی لە قەڵەمی داوە و، تاکو ئێستا تاوانبارانی وەکو (عەلی کیمیایی و سوڵتان هاشم و تکریتی) کە حوکمی لەداردانیان دەرەجەی قەتعی وەرگرتووە، تەسلیم بەلایەنی پێوەندار ناکەن بۆ ئەوەی بگەنە سزای خۆیان.

بۆیە هەر پرۆژەیەکی ئابووری یان خزمەتگوزاری لێکدانەوەیەکی وردی

گەرەکە، بەتایبەتی ڕەچاوکردنی ئەو واقیعە تاڵە و مەترسییەکانی داهاتوو، پێچەوانەکەش دوور نییە هەڵەیەکی گەورە بێت و یارییەک بێت بەئاگر.

(تەملیک)کردنی پارچە زەوییەکی کشتوکاڵی بە پانتاییی (١٦,٣) ملیۆن مەتری دووجا بۆ کۆمپانیایەکی عەرەبی، واتە دروستکردنی (٢٠) میرنشینی وەکو میرنشینی (موناکۆ)، یان تەملیککردنی (٢٠) شاری وەکو (هۆنگ کۆنگ) کە موڵکی عەرەب بن لە خاکی کوردستان، واتە دروستکردنی نزیکەی (٢٠) میرنشینی عەرەبی لەسەر خاکی کوردستان.!

مافی خەڵکی کوردستانە لە پاش نزیکەی یەک سەدە لە سیاسەتی جینۆساید و ئەنفال و کاولکردنی کوردستان و تەعریبکردنی بەزۆر لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا وەکو حکومەتێکی عەرەبی و بەهاوکاری و پشتگیری و، دووریش نییە هاندانی چەند وڵاتێکی عەرەبیش، لەوانە هەندێ لە وڵاتانی (کەنداو) و، بەردەوامبوونی پرۆسەکە بە عەمەلی تاکو ئێستا و، ڕێبازی جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠) و هەڵوێستی ئەمەریکا و UN و لایەنەکانی هاوپەیمانیی کوردستانی لە عێراقی هیوا و ئاشتیی ئێستا، دەڵێم مافی خەڵکی کوردستانە لەو واقیعەدا بەگومانەوە تەماشای ئەم جۆرە پرۆژانە بکات.

بەشبەحاڵی خۆم داوا دەکەم لە سەرکردایەتیی کوردستان سنوورێک دانێت بۆ ئەم پاشاگەردانییە و، چیی تر چارەنووسی ئەم گەلە نەخاتە مەترسییەوە بەبڕیار و یاسای پەرلەمان کە بەداخەوە خەریکن دەیکەنە پەرلەمانی (پەسندکەر) نەک (بڕیاردەر) و نەخشە و ئۆینی پرۆسەی تەعریبێکی ترمان بۆ دادەنێن.

هەڵگرتنی ئەم مەترسییە ئاسانە و یەک بڕیاری دەوێت، ئەویش هەڵوەشانەوەی (تەملیک)کردنی خاک و زەویوزاری کوردستان لەسەر بێگانە، بەناوی پرۆژەی ستراتیجی، واتە هەڵوەشانەوەی بڕگەی (سێیەم)ی مادەی (چوار)ی یاسای وەبەرهێنانی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ و، ئەو مادە و بڕگانە کە پێوەندارە بەم پرەنسیپەوە. دەکرێت حکومەتی کوردستانیش وەک هەر حکومەتێکی ئەم سەرزەوییە مافی بەکارهێنانی

زەویوزار بداتە بێگانە بۆ نموونە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئەگەر بەراستی پێویست و ستراتیجی بوو.

ئەو پاساوە لە جێگەی خۆیدا نییە کە دەڵێت ئەگەر زەوی تەملیک نەکرێت بۆ بێگانە ئەوە نایەن بۆ کوردستان و پارەی خۆیان خەرج ناکەن، یان دەبێت تەشویق بکرێن. جارێ:

خەڵکی ئێمە کێشەی وجوود و سنووری هەیە و تاکو ئێستا چارەسەر نەکراوە و تەوژمی شۆڤێنیزم لە حاڵەتی هەڵچووندایە. هەر هیچ نەبێت ئا لەم قۆناغەدا دەبێت ڕەچاوی ئەو گرفتانە بکرێت و خاکی کوردستان نەدرێت بە بەرژەوەندییەک کە لە ڕووی ستراتیجیی نەتەوایەتییەوە هەڕەشە لە بوونی کورد و خاکی کوردستان بکات.

بەپێی ئەم گرێبەستە دەبێت کۆمپانیای (داماک) ساڵانە بڕی (٦٠٠) یان (٤٠٠) ملیۆن دۆلار بۆ ماوەی (١٠) ساڵ لەسەر خاکێک کە بەبێ بەرامبەر بووەتە موڵکی و بەدەیان ملیۆن دولار کارئاسانیی تری بۆ دەکرێت، خەرج بکات لە کاتێکدا:

خودی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە توانایدایە ئەگەر پرۆژەی وا بەڕاستی ستراتیجی لە ئەولەویاتیدا بێت، ئەنجام بدا.

بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمساڵ وەکو دیاری کراوە تاکو کۆتاییی مانگی حوزەیران زیاتر لە (١٠) ملیار دۆلار دەبێت و، مەزەندە دەکرێت ئەگەر نرخی نەوت تاکو کۆتاییی ساڵی ٢٠٠٨ وا بڕوات و قەوارەی وەبەرهێنانیش وا ڕوو لە زیادبوون بکات، ئەوە دوور نییە خۆی لە سنووری (٢٠) ملیار دۆلار بدات. ئەگەر ساڵانە (١-٢) ملیار دۆلار لەو بودجەیە وەلاوە بنرێت بۆ ئەم پرۆژانە باشتر و دوور لە هەر مەترسییەکی دەرەکی ئەنجام دەدرێت، خاکی خۆمان بۆ خۆمان دەبێت و بەمەرج و شێوە و شێوازی خۆمان دروست دەکرێت و بەڕێوە دەچێت و کەرتی خۆماڵیی تایبەت و سەرمایەداری کوردی نیشتمانپەروەر سوودمەند و باوەڕی بەخۆی دەبێت، سەرمایە و بنمایەکەش هەر لە وڵات دەبێت وەلێ:

بۆ ئێستا و لەم قۆناخە، پرۆژەی وا لە ئەولەویاتی بەرنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بێت؟. دروستکردنی چەند کۆمەڵگەیەکی وەها کە دوور نییە لە داهاتوودا ببێتە (مستەوتەنە)یەکی عەرەبی لە پشت هەولێر و، نیازیش وایە هەمان شت لە (سلێمانی) و دوور نییە دواتر لە (دهۆک)یش ئەنجام بدرێت، بۆیە هەق بەئێمە دەدات مەزەندەی ئەوە بکەین کە دوور نییە لە پاشەڕۆژدا هەر هەموو ئەمانە ببنە سەرەڕمی هەڵمەتێکی تری بەعەرەبکردنی کوردستان، یان بیانوویەک بێت بۆ ئەوە.

تۆ بڵێی هەژارانی باداوە و تەیراوە، پۆتیناوە و بنەسلاوە و شاوێس و دارەتوو و کەسنەزان و سەروەرانی شاری هەولێر، کە زیاتر لە (٩٥٪) خەڵکەکەی هەژار و کەمدەرامەتە، پێویستیان بەوە بێت پارچەیەک لە خاکی باوو باپیرانی بەپانتاییی (٢٠) (مۆناکۆ) و (٢٠) (هۆنگ کۆنگ) ببێتە موڵکی عەرەب بێ بەرامبەر و ئازاد بن لەوەی چی لێ دەکەن؟

بەپێی زانیارییەکانی دەستەی وەبەرهێنان پرۆژە ستراتیجییەکەی (داماک) لە سنووری (٢٠) هەزار شوقەی لوکس و ڤێلا و شالیە مۆڵ و هوتێل ئەگەر نیوەشی ببێتە موڵکی عەرەب ئەوە دەکرێت مەزەندەی لە سنووری (١٠) هەزار خێزان بکرێت، هەر خێزانێک (٥) کەس بن ئەوە (٥٠) هەزار کەس، جگە لە مەزەندەکردنی ژمارەیەکی زۆری کارمەندی عەرەب و غەیرە کورد...... کاتی خۆی (حەویجە) گوندێک بوو، حکوومەتی یاسین هاشمی لە دوای ساڵی ١٩٣٢ چەند سەد خێزانێکی عەرەبی نیشتەجێ کرد، ئێستا قەزایەکە. (قەراج)ی هەولێر بەچەند ماڵێکی عەرەب دەستی پێ کرد ئێستا ناحیەیە و (دیمیستورا)یش رازی نییە بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، تەعریبچییەکانی پێش ساڵی ١٩٦٨، ئێستا بوونەتە ئەمری واقیع و لایەنی فەرمیی کوردستان نازناوی (عەرەبی رەسەن)ی لێ ناون، ئەمانە و شتی تریش گەواهیی ئەوە دەدەن کە کێشەی تەعریبی کوردستان لە سەرەتاوە بەچەند خێزانێک دەستی پێ کردووە. پارێزگاری هەولێر نیشتەجێبوونی (٢٠٠٠) خێزانی عەرەب لە هەولێر بەمەترسی لەسەر کوردستانیەتی هەولێر



جەوهەر نامیق سالم (٩)

له قەڵەم نادات. جا ئەگەر ئەمڕۆ بیر لە نیشتەجێبوونی (٢٠٠٠) خێزانی عەرەب نەکەینەوە لە هەولێر و سبەی ئەوەندەش لە بێخاڵ و شەقڵاوە و لە سلێمانی و ئەحمەد ئاوە و ئەزمەڕ یان دهۆک و سەرسەنگ کە بوو بەئەمری واقیع ئیدی پارە و پوول و قومارخانە و جێگەی سەفاهەتەکان دادمان نادەن. ئەوەی ئەمڕۆ خەمی سبەی نەخوات بەپەرۆشی ئەمڕۆ و دواڕۆژی وڵاتەکەشیەوە نایەت، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو وڵاتەکەت دەست بەیەخە بێت لەگەڵ سیاسەتی گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتی، ئەوانەی کە خوێن و زەحمەت و قوربانییان داوە بۆ بەربەرەکانێ و ڕاگرتنی ئەو پرۆسەیە هەست بەمەترسییەکانی دەکەن، ئەوانەی لەسەر سفرەی حازر تەراتێن بە خاک و سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە دەکەن، دوور نییە ئاخر شت بەخەیاڵیاندا بێت ئەم جۆرە مەترسییانە بێت. پارە و سەرمایە نە باوکی هەیە و نە دایک، نە وڵات و نە ئاین و نە ئینتیما.

تەعریب تەنیا هەڵگرتنی کورد نییە و عەرەب لە جێگەی دانرێت، بگرە چاندنی عەرەبیشە لە ناوچەرگەی کوردستان، ئەمە بۆچوونێکی نەک تەنیا هەڵە و پاساودانی جۆرەکانی تری تەعریبە، بەڵکو ڕێگە خۆشکردنە بۆ پرۆسەیەکی تری تەعریب و، نابێت لە ئاستیدا مرۆڤ بێدەنگ بێت. لە تەمەنی ئێمە چەندان ناوچەی کوردستان بێ ئەوەی کوردی لێ دەرکرێت بەعەرەب چاندرا و ئەمڕۆ بووەتە واقیعێک، هەر وەکو گوتمان وا (کورد) خۆی بەعەرەبی ڕەسەن پێناسەیان دەکات واتە هاووڵاتیی ڕەسەنی کوردستان.

ئەوانەی کە پێیان وایە تەشویقی وەبەرهێن بەم شێوەیە دەبێت کە لەگەڵ کۆمپانیای (داماک)ی عەرەبی کراوە، یان نەزانن یان کورتبین و بێ خەمن. با هەندێ بەوردی و بەژمارە حیسابێکی ئەم وەبەرهێنانەی کۆمپانیای (داماک)ی عەرەبی بکەین:

کۆمپانیاکە وەکو سەرمایەی وەبەرهێن لە نێوان (٤-٦) ملیار دۆلار خەرج دەکات لە ماوەی (١٠) ساڵ و بەدوو قۆناغ، واتە قۆناغی یەکەم (٥) ساڵە و لەو (٥) ساڵە (٢-٣) ملیار دۆلار خەرج دەکات، واتە ساڵانە لە نێوان (٤٠٠ -

٦٠٠) ملیۆن دۆلار.

بەرامبەری ئەمە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پارچە زەوییەکی بەخۆڕایی تەملیکی (داماک) کردووە، کە ڕووبەرەکەی (١٦) ملیۆن و (٣٠٠) هەزار مەتری دووجایە، هەروەها (٣) هەزار مەتر دووجای تریش، واتە لە سنووری (١٦,٥) ملیۆن مەتری دووجا.

ئەگەر هەر لە ئێستاوە نەبێت، ئەوە دوور نییە پاش (٥) ساڵ نرخی یەک مەتری دووجای ئەو زەوییە بەلای کەمەوە بگاتە (١٠٠٠) دۆلار. (١٦,٥ملیۆن مەتری دووجا) جاران (١٠٠٠) دۆلار = ١٦٣٠٣٠٠٠٠٠٠دۆلار = لە سنووری (١٦,٣) ملیار دۆلار. واتە کۆمپانیای (داماک) بەخەرجکردنی (٢-٣) ملیار دۆلار لە ماوەی (٥) ساڵ دەستکەوتی تەنیا لە زەوییەکەی (١٦,٣) ملیارە، واتە ڕێژەی سوودی لە سنووری (٨٢٥٪) ئەگەر نرخی خانووبەرە و هۆتێل.. تاد بخرێتە سەری ئەوە چەند ئەوەندەی تر زیاد دەکات! خۆ ئەگەر حیسابی (١٠) کە بکەین بەتەواوبوونی پرۆژەکە، ئەوە دوور نییە تەنیا نرخی زەوییەکە دوو سێ جار بەرزتر بێتەوە. (داماک)ی عەرەبی بەخەرجکردنی (٤- ٦) ملیار دۆلار لە ماوەی (١٠) ساڵ دوور نییە تەنیا نرخی زەوییە تاپۆکراوەکەی خۆی لە سنووری (٥٠) ملیار دۆلار بدات، جگە لەو هەموو شوقە و ڤێلا و هوتێل... تاد. واتە دوور نییە ڕێژەی سوود خۆی لە (٢٠٠٠٪) بدات.

با دەزگای وەبەرهێنان و پارێزگاری هەولێر پێمان بێژن، لە کام وڵات قازانجی وەبەرهێنان بەم شێوەیەیە، تۆ بڵێی لە (دوبەی و ئیمارات) کە زۆر موعجیبن پێیان، کاربەدەستانیان دەرگەی فەرهوودی وا والا بکەن بۆ خەڵکی بێگانە؟ جگە لەمانە هەر هەمووی، ئەوانەی شارەزاییان هەیە لە بازاڕی وەبەرهێنانی ئابووری دەزانن:

بەم گرێبەستە پێش هەموو شت (داماک) لە ڕێگەی پڕۆژەیەکی وەها لە ئێستاوە سەهم و سەنەداتی لە بۆرسە و بازاڕی بیناسازی و دارایی ڕوو لە بەرزبوونەوە دەکات.

متمانەی زیاتری پێ دەکرێت و دوور نییە دەروازەیەک بێت بۆ دەسکەوتی تر.

هەر کەموکورییەکی دارایی هەبێت بە زەماناتی ئەم (١٦,٣) ملیۆن مەتری دووجای زەویی بازرگانی و ئەو پرۆژەیە کە ڕێکلامی بۆ دەکات، دادەپۆشێت.

دەتوانێت خودی پرۆژەکە و دەسکەوتەکەی (تارین هێلز) بکاتە گەرەنتییەک بۆ پەیداکردنی سەرمایەی تازە.

وەکو (مستەوتەنە)یەکی عەرەبی لەسەر خاکی کوردستانێک کە هێشتا لەژێر پرۆسەی تەعریبدایە دەرگەیەکی کراوەیە بۆ پشتگیری و هاوئاهەنگیی گشت ئەوانەی کە هاوکار و پشتگیریی بەعەرەبکردنی کوردستانن و، ئەم خاکە بەخاکی عەرەب دەزانن. ئەگەر ئەمڕۆیش نەکرێت ڕۆژێک دێت پەنای بۆ دەبەن. یان هەر چ نەبێت مەترسی و شیمانەیەکە.

بەکورتی و بەکوردی:

پشتگیری و هاوکاریی کەرتی تایبەت، ڕاکێشانی سەرمایەی بیانی بۆ کوردستان باش و گرینگ و پێویستە.

یاسای وەبەرهێنانی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ شتی باشی تێدایە. (تەملیککردن) و مافی تەملیککردنی خاکی کوردستان بۆ بێگانە، لە بارودۆخی ئەمڕۆی باشووری کوردستان بەو هەموو ئاسانکارییەوە مەترسیدارە، ئەو دەسەڵاتە کە دراوە بەهەیئەتێکی بەناو (وەبەرهێنان) کە برێتین لە پێنج شەش کەس، سەبارەت بە تەسەڕوفکردنیان بە زەویوزاری کشتوکاڵی و ئەوانەی سنووری شارەوانییەکان و، زەویوزاری کشتوکاڵیی تر و موڵکی گشتی و تایبەت، دەسەڵاتێکی ڕەهای کەموێنەیە و پێداچوونەوەیەکی دەوێت.. ئومێدەوارین حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان بەزووترین کات چاوێک بە یاساکەدا بخشێننەوە و، چ مەجال نەدرێت بەناوی (وەبەرهێنان) زەویوزاری کشتوکاڵی و شارەوانیی شار و شارۆکەکانمان بۆ پرۆژەی سەر کاغەز وەکو (کارخانەی دروستکردنی باڵەفڕەی مەدەنیی هەولێر) یان پرۆژەی وەکو ئەمەی (داماک)ی عەرەبی مەترسیدار، زەوت نەکرێت.

## بەرەنجامەکانی ئۆپەراسیۆنی ٢٥ی سوپای تورک..!

ئۆپەراسیۆنی (٢٥)ی سوپای تورکیا دژ بەکورد بە عەمەلی لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧ دەستی پێ کرد. لە نێوان (٢٠-٢١/٢/٢٠٠٨) و لە چەند قۆڵێکەوە داخیلی هەرێمی کوردستان بوو، لە ٢٩/٢/٢٠٠٨ لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێم کشانەوە.

بەدەر لە گشت ئۆپەراسیۆنەکانی تریان، ئەمەی (٢٥)یان، لە رووی ئامادەسازی و پشتیوانیی ناوەخۆ و ئیقلیمی و دەرەکی بەتایبەتی ئەمەریکا و ئیسرائیل و رۆڵی راگەیاندن و شەقامی تورکی بێ نەزیر بوو، شکست و کشانەوەکەشی هەروەها بێ نەزیر بوو.

لە چەند بابەتێکی پێشوومان، باسی هۆکارەکانی هێرشەکمان کردبوو(*)، لەم بابەتەماندا، بە دید و بۆچوونی خۆمان، تیشک دەخەینە سەر هەندێ هۆکاری شکستی ئەم ئۆپەراسیۆنە، کە کۆدناوی (گیونەش = خۆر)ی پێ درابوو، لەوانە:

بەرەنگاری و شەڕی مان و نەمانی پێشمەرگەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK هێزی پاراستنی گەلی کوردستان).

گیانی بەرخودان و هەڵمەتی جەماوەری شار و شارۆکەکانی باکوری کوردستان بەگشتی و دیاربەکری دێرین بەتایبەتی و پەلاماردانی پۆلیس و دەزگا ئیرهابییەکانی حکومەت لەژێر دروشمی (ئیدی بەسە)، تاکو ئەو ڕادەیە کار بەرەو ڕاپەڕینێکی جەماوەریی سەرتاسەری دەڕۆیشت، ئەمەش

---

(*) بڕوانە هەفتەنامەی میدیا ژمارە ٣١١ لە ٢٣/١٠/٢٠٠٧، لاپەڕە (٦) و (میدیا) ژمارە (٣٢٨) لە ٢٦/٢/٢٠٠٨ لاپەڕە (٦).

حکوومەت و دەوڵەتی تورکیای دەهەژاند و دوور نەبوو هەنگاوێکی نەوعی بێت بەرەو رزگاری. دروشمی (ئیدی بەسە) دروشمێکی هاندەر و کۆکەرەوە و یەکخەری خەڵکی ستەمدید و مافخورای گونجاوی ئەم قۆناغەی کوردستانە و جێگەی خۆیەتی بایەخی زیاتری پێ بدرێت وەک دروشمێکی ناوەندیی سەرتاسەر و تاکو دەکرێت شۆڕ بکرێتە نێو ریزەکانی خەڵک و جەماوەری پێ گۆش بکرێت.

هەڵوێستی جالیەی کورد و گشت سەکۆ و خامە پاک و بە سۆز و نیشتمانپەروەرانی نەتەوەکەمان لە دەرەوەی وڵات.

هەڵوێستی شەقامی کوردی بەگشتی و لە باشووری کوردستان بەتایبەتی. ئەو هەڵوێستە فاکتەرێکی سەرەکی و پاڵدەر بوو کە چیی تر سەرکردایەتیی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار بێلایەن نەبن و هەر زوو سەرۆکایەتیی هەرێم وەدەنگ هات و ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ سەر حکوومەتی ناوەندیی بەغدا سەبارەت بەهەڵویستی نیشتمانی دەرهەق بەسنوور بەزاندنی سوپای تورک و تۆپبارانکردنی ناوچەیەکی درێژ و فراوانی هەرێمی کوردستان وەک پارچەیەکی العراقی هیوا و ئاشتی..!

بەدەر لە هەندێ تەوەقوعات، سەرکردایەتیی (PKK)، حەکیمانە مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەکاندا کرد، چ لە مەیدانی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە و چ لە مەیدانی پێوەندی و ئیدارەکردنی چالاکییە مەدەنییەکان، لە خۆپێشاندان و مانگرتنەوە و کاری جەماوەری و ڕاگەیاندن و دیپلۆماسی و ئامادەسازییان بۆ هەر دەستپێشخەرییەک یان هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی کێشە رەواکەی باکوری کوردستان لە رێگەی دیالۆگ و دانوستاندن...

هەڵوێستی ڕاگەیاندنی هەندێ لایەنی کوردستانی و جیهانی بەتایبەتی سایتی (سبەی) و هەفتەنامەی میدیا و هاوڵاتی، قەناتی (رۆژ تیڤی) و (الجزیرة)... تاد، کە هەر لە سەرەتای ئۆپەراسیۆنەکە کوردستان و جیهانیان پێ ئاگەدار کردەوە و بەپێچەوانەی ئابلۆوقەدانی هەواڵەکان و قەدەغەکردنی هاتوچۆ بوو لە ناوچەکانی شەڕ.

ڕاپۆرتە مەیدانییەکانی (الجزیرة) لە زۆر بواردا، درۆودەلەسەکانی سەرانی حکوومەتی تورکیا و جەنەراڵەکانی بە درۆ دەخستەوە و ڕاستییەکانی گەیاندە خەڵک.

هەڵوێستی وڵاتانی ئەوروپایی و ناڕەزاییان لەسەر هێرشەکە، بەتایبەتی رووسیا و دواتر بەریتانیا.

هەڵوێستی ئیدارەی بوش، پاش بەرخودان و ڕاپەڕینی گەریلا و خەڵکی کوردستان و ناڕەزایی ڕای گشتی. بەتایبەتی پاش ئەوەی دەرکەوت کە ئامانجی هێرشەکە هەر لە سەرەتاوە زیاتر دژ بەکورد و هەرێمی کوردستانە و ئەم هەرێمەش بەشێکە لە العراق و پاراستنی سنوور و ئاسمان و ئەمن و ئاسایشی العراق لە ئەستۆی ئەمەریکایە، لە کاتێکدا ئیدارەی بوش لە زەلکاوی عێراقدا چەقیوە و رەوتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا بەلای دیموکراتەکاندا دەشکایەوە و شەڕی ئەمەریکا لە العراق و ناڕەزاییی شەقامی ئەمەریکایی لەسەر ئەو شەڕە خاڵێکی هەرە گرینگی ململانێیەکانی ناوەخۆی خودی ئەمەریکا و پرۆسەی هەڵبژاردنەکانە.

کەشوهەوا و بەفر و باران و سەرماوسۆڵە...

بەهەموو حیساباتێک سوپای تورک هەر چۆن لە ئۆپەراسیۆنەکانی تردا شکا لەمەش هەروەها، وەلێ شکستی ئەمجارەیان نەک هەر بێوێنە بوو بگرە ئیفرازاتێکی زۆری لێ بووەوە و هێشتا بەردەوامە لەوانە:

بڕیاری دیوانی سەرۆکایەتیی دادگەی ئەوروپا (THE COURT OF FIRST INSTANCE OF THE EUROPEAN COMMUNITE، کە بارەگەی لە لۆکسەمبۆرگە سەبارەت بە نایاساییی دۆسیەی تاوانبارکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) وەک ڕێکخستنێکی (تیرۆریست). ئەمەش لە واقیعدا یەک لە بەرەنجامەکانی ئەو گەلەکۆمەکردنە چەند لایەنە بوو لەسەر کورد و کێشە ڕەواکەی، نەک لە باکوری کوردستان بگرە لە باشوور و پارچەکانی تری ئەم وڵاتە. بەتیرۆرناساندنی (PKK) لەلایەن ئەمەریکا و

یەکـەتیی ئـەوروپا و ڕاگـەیاندنی، زیاتر پرۆژەیەکی سـیـاسـی بوو نەک ئـەمنی. ئەگەرچ کاتی خۆی (PKK)، بەهۆی چەند کردەوەیەکی هەرزەکارانە بەرامبەر بەچەند ئەندامێکی لادەری خۆی و چەند لایەنێکی کوردی تر لە چەند وڵاتێکی ئەوروپا، زەوینەی خۆش کرد بۆ ئەو هەڵوێستانە.

پاش شـکسـتـهـێنانی ئۆپەراسـیـۆنی ٢٥ و کـشـانەوەی کـتـوپڕی هێـزە هێرشکەرەکەی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، هەروەکو ئاماژەمان بۆ کرد، هێزە عەلمانییەکانی تورک کەوتنە ویزەی سوپا. ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی تورکیا ئەو هێزانە پەلاماری سوپا دەدەن و لە (پیرۆز)ی مانگە موقەدەسەکەی (ئەتاتورک) کەم کەنەوە و گومان بخەنە سەر نیشتمانپەروەریی پارێزەرانی کۆمار و عەلمانییەت. جەنەراڵە شکستخواردووەکانی مەیدانی شەڕ، ئەم پەلاماردانەیان مەحکوم کرد و سوپاسالاری تورکیا، بۆچوونەکانی هێزە عەلمانییەکانی، بە شەڕێکی ناڕەوا و دژ بەتورکیا و دژ بەسوپا وەسف کرد، کە لە شەڕی (PKK) ترسناکترە بۆیان..! گرینگیی بڕیاری دادگەکە لەوەدایە کە لە ساڵی ٢٠٠٤ (PKK) سکالایەکی دابوو بە دادگەی ئەوروپایی سەبارەت بە بڕیاری یەکەتیی ئەوروپا لەمەڕ تاوانبارکردنی (PKK) و کۆنگرەی گەل، وەکو ڕێکخستنێکی تیرۆریست. لە پاش نزیکەی چوار ساڵ و پاش پێداچوونەوەی یاسایی، (دیوانی سەرۆکایەتیی دادگەی ئەوروپا)، بڕیاری دادگە وەک ناساندنی ئەو دوو ڕێکخستنە بە تیرۆریست، بە دروست نازانێت. ئەم بڕیارە گومانی خستە سەر گشت دۆسیەکە و ڕێگەی واڵا کرد بۆ ورووژاندنەوەی. بەدیدی بەندە چەند ئەم بڕیارە بۆ (PKK) گرینگە، ئەوەندەیش بۆ هەرێمی کوردستان و دۆزی کورد، چونکە یەک لە پاساوەکانی دەسەڵاتدارانی تورک دژ بە کێشەی ڕەوای باکوری کوردستان بەتایبەتی و هەرێمی کوردستان و پرسی کورد بەگشتی، مەهانەی بوونی هێزێکی (ئیرهابی)یە و پاساوی هاوکاریی ئەمەریکا و ئیسرائیل و حکوومەتی کۆماری العراقی هیوا و ئاشتی و لایەنەکانی تریش هەر لەژێر پەردەی بەربەرەکانێ و بنبڕکردنی (ئیرهاب)ە. ساغکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەم بڕیارە، تەنیا ئەرکی (PKK) نییە، بگرە ئەرکی

هەموو لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان و هەموو کوردێکی دڵسۆزە بە نەتەوە و نیشتمانەوە. بۆ پەکخستنی بڕیاری (دیوانی سەرۆکایەتیی دادگەی ئەوروپا)، تورکیا گشت داگیرکەرانی کوردستان لە حاڵەتی دژەهێرش و هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپایی لەبەر بەرژەوەندیی جیاواز و پاڵپەستۆی ئەمەریکا بەئاسانی نایەنە ژێر بار و، ئەمەریکا هەر چۆن تاکو ئێستا ئامادە نییە حزبی کۆنگرەی باشووری ئەفریقیا و نیلسۆن ماندێلا لە لیستی (تیرۆریستان) بسڕێتەوە، زەحمەتە پێشبینیی کارئاسانیی لێ بکرێت.

لە تەک ئەمە، چ بەفیتی حزبە عەلمانییەکان چ سوپا، داواکاری گشتیی دادگەی تێهەڵچوونەوەی باڵای تورکیا (عەبدوڕەحمان چەتین قایا) سکاڵایەکی فرەلایەنەی داوە بە دادگەی باڵا، سەبارەت بەقەدەغەکردنی پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) لە کارکردن. سکاڵاکە (١٧) بەرگەو بەسەدان بەڵگەنامە بە خۆیەوە دەگرێت و ناوەڕۆکی تاوانەکانیش: دژایەتیی پارتی ناوبراوە دەرهەق بە سیستەمی عەلمانییەت. واتە دژی دەستووری کۆماری تورکیا.. داواکاری گشتی، پارتی (AKP) و زیاتر لە (٧٢) کەس لە سەران و لایەنگرانی لە ئاستی سەرکرادیەتیی حزب و دەوڵەت، بەتەحدید (سەرکۆمار عەبدوڵڵا گول و سەرۆک وەزیران رەجب تەیب ئۆردوگان)، بە تاوانباریان دەزانێت. ئەم کێشەیە سەرانی ئەم حزبە و حکوومەت و دەوڵەت و شەقامی تورکیای شڵەژاندووە.

لە دوو خولی هەڵبژاردن، کێرڤی بەرەوپێشەوە چوونی پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەرز دەبووەوە. هۆکاری بەرزبوونەوەکەشی زۆرە، دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەهەندێکیان بکەین:

جەختکردنی سەرانی (AKP) لەسەر ناسنامەی تورکیا وەک یەک لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی پاش زیاتر لە (٧٠) ساڵی تەغەروب و دوورکەوتنەوە لە کولتوور و داوونەریتی تورک.

کارکردن لەناو چین و توێژە هەژارەکان و یاری بە ئیحساساتیان، بەتایبەتی لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

بەرهەڵستکاری (سوپا) بە تەدریج.

خۆپاراستن لە دیاردەی گەندەڵی و بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندیی تاکەکەسی بەتایبەتی لە خولی یەکەمی دەسەڵاتیاندا.

ڕاگەیاندنی چاکسازیی دەستووری و سیاسی بەتایبەتی (مادەی ٣٠١)ی دەستوور کە ماکی تورانیزم و کەمالیزمە و کرۆکی ڕەخنەی یەکەتیی ئەوروپا و هێزە ریفۆرمخوازەکان و بزاڤی نەتەوەکانی تورکیایە.

یاریکردنی بەئیحساساتی شەقامی کوردی لە باکوری کوردستان، بەوەی کە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن باسی کورد و کێشەی کوردیان دەکرد.

ئەگەر دادگەی باڵا هەموو یان هەندێ لە سەرانی (AKP) حوکم بدات، حکوومەتی ئۆردوگان نامێنێت و سەرکۆمار ناچار دەبێت یان کەسێکی تر تەکلیف کات حکوومەت دروست کات یان جارێ هەڵبژاردنێکی نوێ بدات، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو لە سنووری (٣٨) ئەندامی پەرلەمان حوکم دران یان ئەندامەتی پەرلەمانیان لێ سەندرایەوە، ئەوە پەرلەمان هەڵدەوەشێتەوە و دەبێت هەڵبژاردنی تازە بەرپا بکرێت.

هەر دوای بڕیاری کشانەوەی سوپا لە هەرێمی کوردستان و ڕاگەیاندنی فەرمیی سەربازی گوایە ئۆپەراسیۆنەکە دژ بەبنکە و گەریلاکانی (PKK) بووە و ژمارەیان (٣٠٠) چەکدارە و (٢٥٠)یان کوژران و باقیی تریان پەرت و بڵاو بوونەتەوە و نەمان، بەمەش ئۆپەراسیۆنەکە ئەنجامی تەواوی خۆی پێکا.. کشانەوەی کتوپڕ و ئەو جۆرە پاسا و و لێدوانە، بووە مایەی ڕەخنە و بگرە گاڵتەجاڕی لە نێوی خودی دەزگا فەرمی و ڕاگەیاندنەکانی تورک. تۆ بڵێیت (٣٠٠) چەکدار ئەو هەموو هەڕەشە و گوڕەشە و هاتوهاوار و خۆسازکردن و تەنسیق و هاوکاریی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و ڕاکێشانی ئەو هەموو سەرباز و تانک و باڵەفڕەی بووێت..؟!، کە (٢٥٠) کوژران و باقیی تر بریندار و هەڵهاتوو، ئیدی مانەوەی ئەو هەموو سەرباز و بنکە و چەک و تەقەمەنییە لە باکوری کوردستان و لەسەر سنوور و ئەو پاڵەپەستۆ خستنە سەر هەرێمی

کوردستان بۆچی و لە پای چی؟!

لە تەک ئەو کشانەوەیە، ئەردۆگان داوای کرد پێشمەرگەکانی (PKK) چەک دانێن و دەست لە خەباتی چەکداری هەڵگرن و خۆیان بدەنە دەستەوە و پاش عەفوکردنیان و تەسلیمبوونی سەرانی یان تەسلیمکردنیان، دەتوانن وەکو تورکێک داخلی پرۆسەی سیاسی بن و نیازیشی وایە برە پارەیەک تەرخان کات بۆ باشکردنی باری ئابووریی ناوچەکانی رۆهەڵاتی تورکی...! هەندێ بەرپرس یو لایەنی کوردستانی لێدوانەکانی ئەردۆگانی، زیاد لە لزووم بە هەند وەرگرت و زۆریان بە شان و باڵیدا هەڵدا، وەکو رێگەچارەیەکی تازە بۆ دۆزی کورد و سوودوەرگرتن لەو فەزا دیموکراتییە کە سەران و حکوومەتی (AKP) پروپاگەندەی بۆ دەکات. زۆری پێ نەچوو دیموکراتییەکەی ئەردۆگان و پرۆژە تازەکەی بۆ باکوری کوردستان بە گرتن و راونانی هەزاران خەڵکی سڤیل و پەلاماردانی ئاهەنگەکانی نەورۆز و تەعقیب و گرتنی کۆمەڵێک کەسایەتیی کورد کە بە فەرمی و لە رێگەی پرۆسەی سیاسیی دەوڵەتی تورکیا داخیلی گەمە سیاسییەکەن و ئەندامی پەرلەمان و سەرۆک و ئەندامی پارێزگا و شارەوانییەکان و بە تۆمەتی جیاجیا و بە تاک و بەکۆمەڵ دران بە دادگە و زۆریان بەند کران و هەندێکیان تاکو ئێستا چاوەڕوانی حوکم دەکەن و بە دەیانیش گیانیان لەدەست دا.. تاوانبارکردنی ئەندامی پەرلەمانی پێشووی تورکیا خاتوو (لەیلا زانا) بەوەی لە ئاهەنگی نەورۆزی ئەمساڵی دیاربەکر، ناوی (٣) سەرکردەی کوردی هێناوە و غەرامەکردنی (٢٣) سەرۆک شارەوانییە کوردییەکانی لەلایەن دادگەکانی تورکیاوە کە تەنیا تاوانیان ئەوە بووە لە دیدارێکیاندا لەگەڵ خودی رەجەب تەیب ئەردۆگان داوایان کردبوو کەناڵی (رۆژ تیڤی) دانەخرێت، دەڵێین ئەمانە و چەندان رووداوی تر، لێدوان و وەعدەکانی ئەردۆگان سەبارەت بە دیموکراتییەت و بایەخدانی بە باکوری کوردستان، مسداقییەتی خۆی لەدەست دا و دووپاتی کردەوە کە ئەردۆگان و حزبەکەی رووەکەی تری دراوی تۆرانییەت و کەمالیزمن و گوناهێکی گەورەیە کەسایەتی و لایەنی سیاسیی کورد هەوڵ و شاهیدی ناهەقیان بۆ بدات و

خەڵکی کوردستانی پێ چەواشە کات.

لە گەرمەی ئەم هەرایە، حکوومەتی ئەردۆگان لە هەفتەی ڕابردوودا دەستی کرد بەهەڵمەتێکی گرتن و ڕاونانی کەسانێکی ناسراوی حزبی و ئیداری و سەربازیی تورکیا بەتۆمەتی ئەوەی ئەمانە وەکو ڕێکخستنێکی نهێنین بەناوی (ئەگەر ناقۆن) و باڵێکی (حکوومەتی قول)ی نهێنیی تورکیان، کە کرۆکی تۆرانییەکان و کەمالیزمە و لەمێژەوە رەگی داکوتاوە لەنێو سوپا و ئاسایش و حزبە عەلمانییە رەگەزپەرستەکانی تورکیا. لەنێو گرتووەکانی ئەم هەڵمەتە جەنەراڵی خانەنشینی سوپا و ئاسایش و ئەندامی پەرلەمان و کاربەدەستی باڵای حکوومەت و زانکۆ و سەرانی حزبی بەدی دەکرێت وەک سەرۆکی حزبی کاری تورکی کە بەحزبێکی چەپی توندڕۆ ناسراوە، هەروەها ژمارەیەک لە ئەفرادی هەندێ لە گرووپەکانی مافیای تورک..!

بەپێچەوانەی گێروگرفتەکان واقیعی تورکیا وەکو ئەندامێکی ناتۆ و هاوپەیمانیی ئەمەریکا لەگەڵ ئێران، هاوئاهەنگی و ڕێککەوتنی مەیدانی لە نێوانیاندا هەر پاش ئۆپەراسیۆنی شکستخواردووی (٢٥) سوپای تورکیا ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کە ئەمانە دەرهەق بە دۆزی کورد هەردەم کۆکن...!

گواستنەوەی چالاکیی پێشمەرگایەتیی هێزەکانی (PKK) بۆ قووڵاییی باکوری کوردستان بەتایبەتی ناوچەکانی (جۆلەمێرگ و شەرنەخ و ماردین و سێرت و بدلیس و دیاربەکر و دەرسیم..)، هەر وەکو لەم ڕۆژانە سەرانی ئەم حزبە و کەناڵەکانی کوردستانی و بیانی بڵاویان کردەوە، پاش ئەوەی حکوومەتی تورکیا ئامادە نییە بەهیچ شێوەیەک ددان بە بزاڤی رزگاریخوازی باکوری کوردستان بنێت و بەردەوامە لە پڕوپاگەندە و دژایەتیی هەرێمی کوردستان و لە هەوڵی تەسریفکردنی تەنگژەکانی و ململانێ لەسەر دەسەڵاتی ناوەخۆ، بۆ دەرەوەی تورکیا و گرەوکردن بە شێمانەی پرسی کورد بۆ سازشکردنی ناوەخۆی دەسەڵات و ترساندنی شەقامی تورکی..!

تورکیا نەخشەی سەربازی و سیخوڕی لە ناوچەکانی سەر سنوور و لەناو هەرێمی کوردستان ڕانەگرتووە و لە بۆردمانکردنی ئەو ناوچانە و جموجۆڵی

سەربازی بەردەوامە.

ئەم حکوومەتە دۆستی کورد نییە. دەوڵەت و حکوومەت و کاربەدەست و لایەنی تۆرانی و رەگەزپەرستیی تورکیا، دوا دەوڵەت و حکوومەت و لایەن و تاک دەبن لەسەر گۆی ئەم زەوییە کە کورد و کیان و دەوڵەتی کوردستانیان پێ قەبووڵ دەکرێت. رەفتاری حکوومەتەکانی پێش ئەردۆگان و ئەم حکوومەتە و ئەوەشی دێت، رێک یەکن سەبارەت بەکێشەی کورد. هەرگاڤ خولیای پلان و نەخشەی لێدان و تێکدانیەتی. لەسەر لایەنی کوردستانییە رەچاوی ئەوە بکات:

کە حکوومەتی تورکیا بەردەوام بێت لەسەر سیاسەتی دەستتێوەردان و لەشکرکێشی و بۆردمانکردنی ناوچە سنوورییەکانمان. هەروەها لە گشت ئاستەکان و لە ناوەوە و لە دەرەوە، بە زەق و راشکاوی باسی کێشەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بکات لە عێراق و خۆی بکاتە تەرەفێک، ئەوە بەهەموو عورف و عادەتێک دەستتێوەردانە لە کاروباری کۆماری العراق و ئەمڕۆ کورد بەشدارە لە دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا و چەند پۆستێکی سیادییان هەیە، ئەگەر وەکو کوردیش نەبێت ئەوە وەکو عێراقییەک، مافی رەوای خۆیەتی لەسەر بنەمای (المعاملة بالمثل) و تاکو ئەو رادەیە دەلوێت، دەست بخرێتە کاروباری تورکیا و بە فەرمیش رابگەیەندرێت، هەرچۆن سەرانی تورک خروقات و تاوان و دەستتێوەردانەکانیان رادەگەیەنن.

تورکیاماڵەکەی لە شووشە ناسکترە، ئەگەر ئیرادە هەبێت، بەرگەی بەردی خەڵکی تر ناگرێت..!

پاش ئۆپەراسیۆنی (٢٥)ی حکوومەتی تورکیا دژ بەهەرێمی کوردستان و جموجۆڵی بنکە سەربازییەکانی سوپای تورکیا لە (بامەڕنی و کانی ماسی.. تاد) لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکە و هەڵمەتی ناڕەزایی و بەرگریی خەڵکی بەشەرەفی بامەڕنی و شێلەدزێ و ناوچەکانی تری باشووری کوردستان، پەرلەمانی کوردستان بڕیاری قەدەغەکردنی مانەوەی ئەو بنکە سەربازییانەی لە خاکی هەرێمی کوردستان دا. هەرچەندە بوونی ئەو بنکانە نە بەئاگاداریی

پەرلەمـان بووە و نە بەبڕیاری پەرلەمـانیش دانراوە، لە واقیـعدا پێویسـتی بە بڕیـاری واش نەدەکـرد، چونکە ڕاسـتـەوخـۆ پێـوەندیی بەسـەرۆکـایەتی و حکوومـەتی هـەرێمـەوە هـەیە، لەگـەڵ ئەوەشدا پەرلەمان کـارێکی باشـی کرد کـە ئەو بڕیـارەی دا، وەلێ تاکـو ئێـسـتـا ئەو بنکانە مـاونـەتەوە و خـراوەتە قـاڵبی ئەوەی کـە هـەر وەکـو دەزگاکـانی ڕاگـەیاندنی کـوردسـتـان بڵاویان کـردووەتەوە، لەژێر دیراسـەتکردنـدایە و دوور نـیـیـە بگـەڕێتـەوە بـۆ پەرلەمـان و لە پاش ئەوە لەگـەڵ حکوومـەتی ناوەندیی بەغـدا باس بکرێت هـەروەهـا دەسـەڵاتدارانی ئەمـەریکا..! واتە ئەم هـەویرە ئاو زۆر دەکـێـشـێت..!! تورکـیـا بەردەوامـە لە جـمـوجـۆڵ و بۆمـبـبـارانی ناوچەکـانی دەڤـەرەکـانی سنووری هـەرێـم... لە بەرژەوەندیی کێشەی کورد و هەرێمی کوردستان نییە ئەم جۆرە بڕیارانە کاڵ بکرێنەوە و بەم شـێـوەیە مـامـەڵەی لـەگـەڵ بکرێت. ئـەگـەر لایەنی تـورکی یان ناوەندیی بەغدا یان ئەمـەریکایی لاساری دەکەن لە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە، با بکرێت بەکێشـەیەکی جەماوەری و لـە ڕێگەی خەباتی مـەدەنی و شارسـتانی ئیجباری ئەو لایەنانە بکرێت.

مـانەوەی بنکەکـانی سـەربازی و سیخـوڕی حکوومـەتی تورکـیا لە هـەرێمی کوردسـتـان، سـەرەڕم و هێلانـەی دەسـتـتـێوەردان و ئـاژاوە و دوژمنایەتیـیـە، دەرهـەق بەخەڵکی کوردستان.

سـەرکـردایەتیی فـەرمـیی هـەرێمی کـوردسـتـان بەجـیـدی بیـر کـاتەوە لە بەدیلێکی گونجاو سەبارەت بەکۆنترۆڵکردنی بازاڕی هەرێم لەلایەن کۆمپانیا و کالاکانی تورکیاوە. بۆ (١٦) ساڵ دەچێت تورکیا بازاڕی کوردستانی کۆنترۆڵ کـردووە، بە واتـەیەکی تر ئـەم هـەرێمـەی داگیـر کـردووە و لەوەش خـەتەرناکـتـر، هـەرێمی کوردستانیان کردووەتە کۆگایەکی گەورەی کالای ئێکسپایەر و خراپ و قەدەغـەکراو. ئەمەش تەنیا زیانی سیاسی و ئابووریی نییـە، بگرە کاریگەری خـــراپی هـەبووە و هـەیە لـەســـەر تـەندروســـتـــیـی ئەم نەوەیە و نـەوەی پاشـەڕۆژیشـمـان. داهـات و دەرامـەتی هـاووڵاتـیـانـی ئەم هەرێمـە نەک هـەر تەخـشـان و پەخـشـان دەکـرێت، بگرە دژ بـەخـودی ئەو خـەڵکە بەکـار دێنن.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ بەرپرسیاری یەکەمە لەو تاوانانە. ئەگەر ڕێگەچارەیەک نەدۆزنەوە بۆ ئەم دیاردە خەتەرناکە، لەسەر پسپۆڕان و ڕۆشنبیران و راگەیاندنی ئازاد و رێکخراوە مەدەنییەکان و بنکە و جەماوەری لایەنە سیاسییەکان وەدەنگ بێن و بەهەموو جۆرێک پاڵەپەستۆ بخەنە سەر حکوومەت بۆ ئەوەی حەدێک بۆ ئەم پاشەگەردانییە دانێن و ئەو کۆمپانیا و سەرانی بازرگانیکەر بە ژیان و تەندروستیی ئەمرۆ و دوارۆژی ئەم خەڵکە دەکەن، ڕووبەڕووی دادگە بکرێنەوە. کار گەیشتووەتە ئەو ڕادەیە لە مێزگردێکی تەلەڤزیۆنی، یەک لە پسپۆڕانی ئەو بوارە بڵێ: حکوومەتی سەدام بە (تەحدید) خەڵکی ئەم دەڤەرە یان ئەوی تریان جینۆساید دەکرد، کەچی ئەمرۆ حکوومەتی هەرێم گشت نەوەکانی ئەمرۆ و نەوەکانی داهاتوویشمان جینۆساید دەکات...!

باسکردنی کێشەی کەرکووک یان هەر کێشەیەکی تر کە پێوەندیی بەباشووری کوردستانەوە هەبێت لەگەڵ حکوومەتی تورکیا وەکو تەرەفێک، کارێکی نادروستە. بەمەش تورکیا زیاتر بوغرا دەبێت.

ئەم هەموو مامە حەمەیە بۆ حکوومەتی تورکیا بەناوی حیکمەت و مرونەت بەرژەوەندیی لەگەڵ (تاڵانکردنی بڕی زۆری داهاتی کوردستان) لە ڕێگەی بازرگانی بەکاڵای ئێکسپایەر و رعایەتکردنی بەرژەوەندیی تورکیا، زیاتر بەزەرەری کورد و کێشە رەواکەی شکاوەتەوە. ئەزموونی (١٦) ساڵ لەگەڵ حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیا، ئەو دوژمنکارییەی لێ کەوتەوە کە ڕۆژانە دەرهەق بەپرسی کورد ئەم کیانە و سەرانی پیادەی دەکەن و هەڵوێستی شەقامی تورکیا و راگەیاندنەکانیان گوزارشتی لێ دەدەن. دەبێ ئەو ڕاستییە قەبووڵ بکەین کە چەند بەرژەوەندیی تورکیا لەم هەرێمە زیاد کات ئەوەندە زیاتر دوژمنایەتیی کورد دەکەن و کێشەمان بۆ دروست دەکەن و دەست و پێمان گرێ دەدەن. ئەوەی بۆ حکوومەتێک و کیانێکی سەربەخۆ لەبار بێت بۆ کیان و لایەنێکی تابیع گونجاو نابێت. ئەوەی بۆ بازنەیەکی تەسکی ئەم وڵاتە باش بێت مەرج نییە بۆ خەڵکی کوردستان و کێشەی کورد باش

بێت. وا خەریکە وەکو قەلەڕەشمان لێ دێت لە هەردوو ڕۆیشتنەکە دەبینەوە. هەر سەرکردە و حکوومەت و تاک و کۆمەڵ حورمەت و ڕێزی خۆی بەدەست و لای خۆیەتی و کاتی ئەوە هاتووە لایەنی کوردستانی بەمجۆرە پێوەندی و مامەڵەیە بچێتەوە و چیی تر خۆی بەکەم نەزانێ بەرامبەر بەسەرانی تورکیا..!

جووڵانەوەی سکاڵاکانی خەڵکی ناوچە زەرەرمەندەکانی هێرشە سەربازییەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لە ڕێگە فەرمییەکانی کۆماری العراق تاکو دەگاتە ناوەندەکانی عەدالەتی نێودەوڵەتی. هەروەها وروژاندنی ئەو کێشانە و گشت کێشەکانی تری دوژمنانەیی حکوومەتی تورکیا، لە دەزگا نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ئیسلامی و عەرەبی و مرۆڤایەتییەکان.

هەر وەکو چۆن حکوومەتی تورکیا لە دوژمنکاری کورد و کێشە ڕەواکەی جیاوازی ناخاتە نێوان باکور و باشووری کوردستان، باشتر وایە بۆ نەتەوەکەمان و کێشە ڕەواکەی و پاراستن و بەهێزکردنی ئەم هەرێمە، جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە کاتی ململانێ و خەباتی هەموو جۆرەی خۆیدا، جیاوازی نەخاتە نێوان ریز و بەشەکانی کوردستانی داگیرکراو. شەڕ و ململانێ و توندوتیژی ناوخۆی کورد تەحریم و تەجریم بکات، لەگەڵ چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد بێت لە هەموو جێگەیەک. گشت لایەنەکانی بەرخودان و پاراستنی کورد و کوردستان و دیفاع لە بوون و مافی خەڵکەکەی بەخەباتی پێشمەرگایەتییەوەیش بە ڕەوا ببینێت، تاکو ئەو ئاستەی داگیرکەرانی کوردستان ددان بە بوون و مافەکانی کورد دەنێن.

پاڵەپەستۆ خستنە سەر گەریلای کوردستان و سووککردن و بە کەمزانینیان و بگرە تاوانبارکردنیان، لەژێر پەردەی خەباتی چەکداری باوی نەماوە، یان گرفت بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکەن و ئەم ئەزموونەمان لە دەست دەدەن بۆ واقیعی ئەمڕۆی کوردستان، هەڵەیەکی گەورەیە.

کێشەی کورد لە هیچ پارچەیەکی کوردستانی دابەش و داگیرکراو بەباشووری کوردستانەوەیش چارەسەر نەکراوە. بۆیە ئیلهاکردنی جەماوەر بە

دروشم و دەسکەوتی کاتی و پەراوێز و خاوکردنەوەی لە ململانێ بەرامبەر بە نەیارانی و چەواشـــەکـــردنی و بایەخنەدان بە خـــواست و ویست و پێداویستـەکـانی و بڵاوبوونـەوەی گـەندەڵی و نـاعـەدالەتی، لـە بەرژەوەندی و سوودی نەیارانی کوردە و ئەوانیش هەر ئەوەیان دەوێت..!

ئەم قۆناغە ئەو قۆناغە نییە سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان بێ منەت بێت لە خەڵکی کوردستان و پشتڕاست بێت لە نەیارانی کورد و خۆی بکاتە جاملوخی ئەم زلهێز یان ئەوی تر. ئەگەر چارەسەری گرفتەکانی ئەو خەڵکە نەکات و بەدەنگی داخوازییەکانیەوە نەیەت و سوور نەبێت لەسەر پرسە ستراتیجییەکان و خەڵکی کوردستان بەشدار نەکات لە بڕیارە چارەنووسسازەکان و ئامادەسازی نەکات بۆ گشت شیمانەکان، تووشی شکست و نسکۆ دەبێت. شکست و نسکۆی ئەمجارەیان، ئەگەر خوا نەکات ڕوو بدات، ئەوە وەکو جارانی تر نابێت و دوور نییە ڕابوونیان مەحاڵ بێت..!

یەکشەم ٢٠٠٨/٤/٢٧

ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) ژمارە (٢٠٢) لە ٢٠٠٨/٤/٢٧ لاپەڕە (١٠-١١) بڵاو کراوەتەوە.

## دەبێت عەلی کیمیایی و سوڵتان هاشم و
## حوسێن ڕەشید تکریتی بە سزای گەل بگەن

ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/٢١ گەورەلێپرسراوانی سەردەمی رژێمی لەناوچووی سەدام "عەلی حەسەن مەجید لێپرسراوی حزبی بەعس و حاکمی دەسەڵات رەهای قۆناغی هەڵمەتەکانی ئەنفال لە کوردستان و سوڵتان هاشم قائید فەیلەق و وەزیری بەرگریی عێراق و حوسێن رەشید تکریتی جێگری سوپاسالاری عێراق و سابیر عەبدولعەزیز ئەلدوری بەڕێوەبەری دەزگای ئیستخبارات و فەرحان موتلەگ جبوری سەرۆکی ئیستخباراتی عەسکەری باکور (کوردستان) و تاهیر تەوفیق ئەلعانی پارێزگاری مووسڵ، کە لە نێوان (١٩٨٧–١٩٨٨)" تاوانی ئەنفالکردنی (١٨٢) هەزار کوردی بێ گوناھ و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و دەیان تاوانی تریان ئەنجام دابوو، بەپێی یاسا، دران بە دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق.

بەدرێژاییی (٦١) دانیشتنی دادگەکە کە (١١) مانگی خایاند و، پاش پێداچوونەوە بەزۆربەی زۆری زیاتر لە (١٨) تەنی بەڵگەنامەی داوودەزگا فەرمی و حزبی و سیخوڕییەکانی رژێمی فاشیی سەدام، سەدان نووسراو و دیکۆمێنت و فیلمی ڤیدیۆی دەزگا پێوەندارەکانی ئەو سەردەمەیان خرایە ڕوو، کە هەر هەمووی، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، گەواهیی کردەوە دڕندانەکانی ئەو تاوانبارانەیان دەدا، جگە لە دەیان داواکار (مدعي) و شاهیدعەیان لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و تێکۆشەرانی ناوچە پێوەندارەکان، وەکو پێشمەرگە و هاووڵاتی زەرەرمەندی کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجەی شەهید، سەرەڕای ئامادەبوونی چەندان پسپۆڕ و زانای بواری چەکی کۆکوژ و

جینۆساید و گۆڕی بەکۆمەڵ کە لە بەردەم دەستەی سەرۆکایەتیی دادگە و بەئامادەبوونی تاوانباران و، بەرامبەر کامێراکانی تەلەڤزیۆنە ئاسمانییەکان، ڕا و بۆچوون و موعایەنەتی مەیدانی خۆیان لەسەر کردەوەکانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان بەپێی بواری پسپۆڕییان خستە ڕوو. دەستەی داواکاریی گشتیی دادگە و، دەستەی داکۆکیکار کە کۆمەڵە پارێزەرێکی تێکۆشەر و خۆبەختکەری کورد بوون و پێک هاتبوون لە پارێزەرانی بەڕێز: (مستەفا عەسکەری، محەمەد ساڵح ئامێدی، عەبدوڕەحمان زێباری، مستەفا عەلی ئەحمەد، گۆران ئەدهەم ڕەحیم، هەدار زوبێر بارزانی، ئەیاد ئیسماعیل کاکەیی) پەردەیان لەسەر گشت تاوانەکانی تاوانباران هەڵداوە و داوایان کرد تاوانباران بەتاوانی قڕکردنی کورد، کە بەپێی نەخشە و پیلانێکی داڕێژراو ئەنجام دراوە و، هەموو جۆرە چەکێک بەکار هێنراوە بەچەکی کۆکوژیشەوە، سزا بدرین، مەعلوومیشە ئەو تاوانانە کە دەرهەق بەکورد پیادە کراوە، تاوانی (قڕکردنی بە کۆمەڵ و شەڕ و دژی مرۆڤایەتییە) و، تاوانباران نکوڵییان لە بەشداری و ڕۆڵی خۆیان نەکرد لەو تاوانانە و، بگرە شانازیشیان پێوە دەکرد.!

ڕۆژی ٢٠٠٧/٦/٢٤، دادگەی ناوبراو، تاوانبارانی ئەنفالی بەتاوانی جینۆسایدکردن و تاوانەکانی شەڕ و دژی مرۆڤایەتی... تاد، بڕیاری لەداردانی هەریەک لە (عەلی حەسەن مەجید و سوڵتان هاشم و حوسێن ڕەشید تکریتی) دا و، سزای هەتاهەتاییشی بۆ (صابر عبدالعزیز الدوري و فەرحان موتڵەگ)ی بڕییەوە و (طاهر توفیق العاني)شی ئازاد کرد.

ئەم دڕندانە کۆکردنەوەی (١٨٢) هەزار مرۆڤی کورد (لە منداڵ و ئافرەت و پیاو و پیر و جوانی)ی ئەو دێهاتانەی کە سوپای عێراق دەستی زاڵ بوو بەسەریاندا و، ڕەوانەکردنیان بۆ کۆگە کۆمەڵکوژییەکانیان و، لەوێشەوە بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە بیابان و جێگە نادیارەکانی سەرتاسەری عێراق، بەئەرکێکی نیشتمانی و پیرۆزیان وەسف دەکرد و، بۆ یەک جاریش لەو کردەوە چەپەڵانەیان پەشیمان نەبوونەوە..!

له ٢٠٠٧/٩/٥ دادگەی تێهەڵچوونەوە (تمیز) سزاکانی پەسند کرد و، بۆ هیچ دەسەلاتێک و لایەن و کەسایەتییەک نییە دەستکاریی حوکمی دادگەی بالای تاوانەکانی عێراق بکات پاش ئەوەی پلەی یەکلاییکەرەوە (دەرەجەی قاتیعانە)ی خۆی وەرگرت.

بەپێی برگە (٢)ی مادەی (٢٧)ی یاسای ژمارە (١٠)ی دادگەی بالای تاوانەکانی عێراق، دەبووایە سزای لەداردانی ئەو (٣) تاوانبارە لە ماوەی (٣٠) رۆژدا جێبەجێ بکرێت (لە رۆژی پەسندکردنی سزاکان لەلایەن دادگەی تێهەڵچوونەوەی عێراق (تمیز- ٢٠٠٧/٩/٥)، کەچی وا زیاتر لە (٦) مانگ بەسەر وادەی یاسایی سزاکە تێ پەڕی و بەپێچەوانەی داکۆکیی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران و ویستی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی و عێراق بەگشتی و، بێ گوێدان بە هەست و ئازار و ئاه وفیغانی گشت کەسوکار و پاشماوەکانی ئەنفالکراوەکانمان و، بەدەر لە داکۆکیی شەقامی کوردستانی و عێراقی لەمەڕ گرینگی و پێویستی گەیاندنی ئەو (٣) تاوانبارە بەسزای گەل، ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی بەتەحدید وا خەریکی مردارکردنەوەی ئەو حوکمەیە و، لە دوای بیانوو و حیلە شەرعی و پینەوپەڕۆ دەگەڕێت.

ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق و ئەنجوومەنی وەزیران چ لەسەر دەسەلات و چ وەکو گەمەیەکی سیاسی و حزبی و تایفەگەری، لەمێژەوە ناکۆکییان لە نێواندایە. دۆسیەی لە داردانی ئەو (٣) تاوانبارە وەک کارتێک بووەتە یەک لە جوغزەکانی ململانێیەکانیان و، هەروەکو ئاماژەمان بۆ کرد:

جێبەجێکردنی ئەو حوکمە لە دەسەلاتی (دەسەلاتی جێبەجێکردن)ە. دەسەلاتی جێبەجێکردنیش پێکهاتووە لە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجوومەنی وەزیران.

ئەنجوومەنی وەزیران چەند جار هەڵوێستی خۆی پێشان داوە و، ئامادەیە سزای لەداردانەکە بەسەر (عەلی کیمیایی و سوڵتان هاشم و حوسێن رەشید تکریتی) جێبەجێ بکات وەک یەک پاکێت، لەوەش زیاتر نیگەرانە لەبەر

هەڵوێستی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی و، واش وەسف دەکرێت کە هەڵوێستی (سەرۆکایەتیی کۆمار) کارتێکی پاڵپەستۆی سیاسی و حزبایەتی و تایفەگەریی تەسکە و، دەستتێوەردانە لە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و، جۆرە پاڵپەستۆ و ئیبتیزازێکە و، بووەتە کێشەیەکی ململانێ و دووبەرەکی و تاکو ئەو رادەیەی دەستەی سەرۆکایەتیی کۆمار، لەو بارەیەوە داوای رای دادگەی باڵای فیدراڵیی کردووە. سەرچاوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران جەخت لەوە دەکەنەوە گوایە دادگەی فیدراڵ رای گەیاندووە، کە حوکمی تاوانبارانی ئەنفال دروستە و دەکرێ بێ گەڕانەوە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی بڕیارەکە جێبەجێ بکرێت، بەپێچەوانەی ئەمە سەرچاوەکانی دەستەی سەرۆکایەتیی کۆمار جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، گوایە دادگەی باڵای فیدراڵ رای وایە کە جێبەجێکردنی سزای لەداردانی ئەو (٣) تاوانبارە پێویستی بە (مەرسوومێکی کۆماری) هەیە و، ئەوەی ئاشکرایە لەناو دەستەی سەرۆکایەتیی کۆماریش (٣) بۆچوونی جودا هەیە:

یەکەمین سەرکۆمارە، کە بەبۆنە و بێ بۆنە سوورە لەسەر ئەوەی کە ئەو ئامادە نییە ئیمزا لەسەر حوکمی لەداردان بکات. پاساویشی بۆ ئەمە ئەوەیە گوایە سکرتێری یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە و یەکێتیش ئەندامە لە سۆشیال ئینترناشیناڵ، لەوێش ئیمزای دیکۆمێنتێکی کردووە کە داوای هەڵگرتنی سزای لەداردان دەکەن. ئەو حورمەتی ئیمزای خۆی دەگرێت و، دەڵێت (من بڕیاری لەداردان ئیمزا ناکەم و، بەلایەوە، (سوڵتان هاشم): ئەفسەرێکی بەڕێزە و ئەو فەرمانەکانی سەدام حوسێنی جێبەجێ کردووە وەک سەربازێک و، نەیتوانیوە سەرپێچیی لێ بکات"، لەوەش زیاتر دەڵێت (ئێمە موعاریزی لەداردانی ئەوین). بەداخەوە ناچارم بۆ جاری دووەم دووپاتی بکەمەوە کە ئەم پاساوانەی جەنابی سەرکۆماری عێراق نە یاساییە و نە مەنتیقییە و، کاتی خۆیشی ئەم لایانانەمان روون کردووەتەوە. ئومێدەوارم جەنابی سەرکۆمار وەک نوێنەری ئێمەی کوردستانییەکان بەکەسوکاری ئەنفالکراوەکان و رۆحی بێگەردی ئەو (١٨٢) هەزار شەهیدانە و، هەست و

سۆزی شەقامی کوردستانی و نەتەوایەتیشمانەوە، چیی تر مانیع و ڕێگر نەبێت لە جێبەجێکردنی حوکمی دادگەی باڵای تاوانەکان کە بەسەر ئەو (٣) تاوانبارانە سەپێندراوە.! بەچی یاسا و مافێک تاوانبارێکی وەکو (سوڵتان هاشم) کە لە (٨) ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا بەشدار بووە وەکو قائید فەیلەق و هەر بۆ ئەمەش لە خوارووی عێراقەوە گواستراوەتەوە بۆ کوردستان و، خۆی و سەربازەکانی (١٨٢) هەزار ژن و منداڵ و جوان و پیری کوردیان وەکو مریشک و پەز کۆ کردەوە و جەڵەبی کردوون بۆ قەسابخانەکانی سەدامی خوێنڕێژ، هەروەها (حوسێن ڕەشید تکریتی وەکو جێگری سوپاسالاری سەدام)، دەڵێین بە چ یاسا و ماف و ویژدانێک ئەم تاوانبارانە ڕەدئیعتیبار بکرێنەوە و، وەسف بکرێن بە ئازا (شوجاع) و لێهاتوو، جیا بکرێنەوە و هەوڵی ڕزگارکردنیان بدرێت لە سزای گەل..؟!

جێگری سەرکۆمار (د. عادل عبدالمهدي)، هەر وەکو زانراوە نەک هەر سوورە لەسەر جێبەجێکردنی ئەو حوکمە بگرە ئامادەیشە لە جیاتیی سەرکۆماریش ئیمزای بکات.

جێگری سەرکۆمار (د. طارق الهاشمي)، لەگەڵ جێبەجێکردنی سزاکان نییە و، دیارە زبانحاڵی توێژێکی عەرەبی سوننەی ناوەوە و دەرەوەی دەسەڵاتی ناوەندە و، هەر لە سەرەتاوە دژی لەدادگەدانی سەرانی تاوانباری ڕژێمی لەناوچووی سەدامن. هاشمی کێشەی (سوڵتان هاشم و حوسێن ڕەشید تکریتی) وەکو کارتی پاڵەپەستۆ دژ بە بەرامبەرەکانی بەکار دێنێت، جارێک بەناوی ئەوەی کە نابێت ئەفسەرەکانی ڕژێمی سەدام دادگەیی بکرێن بە بیانووی ئەوەی گوایە ئەمانە سەرباز و فەرمانی سەرووی خۆیان جێبەجێ کردووە و، جارێکی تر بەناوی (ئاشتبوونەوەی نیشتمانی) وەکو بڵێیت ئەو ئەفسەرە تاوانبارانە کە لە تاوانەکانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان بەشدار بوونە و، دارودەستە و گورزوەشێن و نینۆکی سەدام بوون بۆ ئەو هەموو تاوانانە و، پێشەنگی گشت شەڕەکانی بوون لە کوردستان و هەروەها دژی ئێران و کوێتیش، دەبێت دوور بن لە لێپرسینەوە و

لەدادگەدانیان لەسەر ئەو تاوانانە کە راستەوخۆ بەشدارییان کردووە، بەواتایەکی تر دەبێت ئەم تاوانبارانە بەدەر بن لە یاسا. ئەم دید و بۆچوونە دژی بنەماکانی دەستووری هەمیشەییی کۆماری عێراقە...!!

بۆ ئەم تاوانبارانە لەسەر حیسابی عەرەبی سوننە لە قەڵەم بدرێن و، بۆ (ئاشتبوونەوەی نیشتمانی) گرێ بدرێ بەچارەنووسی ئەم تاوانبارانە، کە هەموو ژیانی پیشەیی و سیاسی و ئیدارییان تەرخان کردبوو بۆ تێکدانی نیشتمان...؟

یان بە چ پێوەرێک سوڵتان هاشم و نموونەی سوڵتان هاشم بەئازا (شجاع) و لێهاتوو لە قەڵەم بدرێن لە کاتێکدا لەبەر پلە و پایە و رازیبوونی خوێنرێژێک و فاشییەکی وەک سەدام ئامادە بوون زیاتر لە (١٨٢) هەزار ژن و منداڵ و پیر جوانی کورد راپێچ کەن و بیانێرن بۆ کۆگەی کۆمەڵکوژی و ئەوەی خوا و گشت پرەنسیپەکانی ئاینی و مرۆڤایەتی نەهیی لێ کردووە ئەم تاوانبارانە و دڕندەکانیان دەرهەق بەو بێ تاوانانە ئەنجامیان داوە و، زیاتر لە (٤٥٠٠) گوندو شارۆچکەی کوردستانمانیان کاول کردووە و ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتیمانیان تێکوپێک داوە. ئەگەر سوڵتان هاشم (شجاع) بوو، بۆ لەبەر رۆحی خۆی زیاتر (١٨٢) هەزار مرۆڤی بێ گوناهی کوردی کردە قوربانی..؟ یان ئەگەر ئەوەندە لێهاتوو و ئازا (شجاع) بوو، بۆ وەکو وەزیری بەرگری کۆماری عێراق، بەرگریی لە عێراق نەکرد کاتێک سوپای ئەمەریکا و هاوپەیمانانی داگیریان کرد و هەڵهات و تەسلیم بوو...؟! ئەمانە ئەگەر دەستیان بڕوات ئەو دڕندانەن کە ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەیان کرد و، ئەگەر لێیان قەوما ئەوە ئەو کەسانەن کە رازین وا بەسەرشۆڕی بژین. سوڵتان هاشم و حوسێن رەشید التکریتی وەکو (عەلی کیمیایی و بەرزان و تاها رەمەزان و خەزرەجی و سامەرائی و تاریق عەزیز) و سەدان و هەزارانی دیکە لە ئەفسەرە پلەدارو لێپرسراوە بازنەکانی سەددام، پەروەردە و دەرچووی قوتابخانەی حزبی بەعسی فاشین و لە منداڵدانی بیر و هزر و میزاجی ئەواندا لە دایکبوونە و پێیان گرتووە و بوون بەو دڕندانە. ئەمانە کەسانی

دیکتـاتـۆ رو فـاشـی و ملهـوڕ و خـۆویسـت و کـورتبین و مـەغـروورن، لە کـاتی دەسـەڵاتدا حـیساب بۆ کـەس ناکەن وەلێ کە شـکان و بێ دەسـەڵات بوون، ئەوە بەهـەموو نۆکـەرییەک و ملشۆڕییـەک رازین. شـەرم و پیـاوەتی لای ئەمانە بوونی نییە. ئەمانە ژن و منداڵکوژ.! سـەیر لەوەدایە کە (طارق الهاشمي) لە سـەرەتای ئەمـسـاڵ سـەردانی هەڵەبجـەی شـەهیـدی کـرد، مـەدالیـای شـەهیـدی نەمـر (عومەری خاوەر)ی پێشکێش کرا.

تاکو ئێستا ئەو (٣) تاوانبارە لای ئەمـەریکاییەکانن و ئامـادە نین تەسلیمی حکوومـەتی عـێراقی بکەن. هەرچی بێت هۆکـار، هەڵوێسـتی کـاربەدەسـتـانی ئەمەریکایی ناتەبایە لەگەڵ یاسا و دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراق، کە هەردەم سەرانی ئەمـەریکا بە (بوش)ەوەش جەختی لەسـەر دەکەن، جگە لەوەش بێڕێزییـە لە ویست و خـواسـتی خـەڵکی کـوردسـتـان و برینداركـردنی هەسـتی نەتەوەیەکی زیاتر لە (٤٠) ملـیـۆنییـە و، سـووکـایەتیکردنە بـەتراجـیـدیاکـانی ئەنفـال و هەڵەبجە، واتە جینۆسـایدکردنی کورد و پەڕاوێزکردنی، ئەمـەش یەک لەو بنەمـا سـەرەکییانەیە کە گوزارشت لە نیاز و ویسـتی ئیدارەی (بـوش) دەکا دەرهـەق بەخـەڵکی کوردسـتـان و، درێژەپێدەری بوونی هـەمان سیـاسـەتی کۆنی ئەمـەریکایە سـەبارەت بەهاوکـاری و بەهێزکردن و پشـتگیریـان بۆ سـەدام و رژێمە فـاشییـەکەی و چاوپۆشی و پاسـاودانی گشت تاوانەکـانی سـەردەمی ئەو رژێمــە فـاشــیـیـەیە بەتایبــەتی دژ بەمـیللـەتی کـورد، هـەر لە رێککـەوتننامــە شــوومـەکـەی جـەزائیـری ١٩٧٥ تاکـو شـەڕی عـێـراق و ئێـران و کـاولـکردنی کــوردســتــان و ئـەنفــال و جـینۆســایدکـردنمان و شــەڕی کــوێت و، کــۆڕەوە ملیـۆنییـەکـەی ١٩٩١ و (رێگرتن لە رزگـارکـردنی ناوچە تەعریبکراوەکـانمان) و هـەوڵی سـنووردارکـردن و بچـووککردنەوەی رۆڵ و پێگە و دەسـەڵاتی کـورد لە ناوەند و پشـتگیری لە گـەندەڵی و گیـانی بەرەڵایی و هـاوکـاری و هـاوئاهـەنگی لەگەڵ سوپای تورکیا بۆ تێکدانی ژێرخانی ئابووری و داگیرکردنی وڵاتەکەمان و لەباربردنی ئەم ئەزمـوونە و... تاد. سـەیرە ئیدارەی بوش لەبەر رووداوی ١١/ ئەیلوولی ٢٠٠١ و، لەدەســتــدانی دوو هــەزار هـاووڵاتیی خــۆی (ئـەگــەرچی

کەمتەرخەمی و درزە ئەمنییەکانی خودی ئەمەریکا هۆکاری سەرەکیی ئەو رووداوە بوو)، دوو وڵاتی داگیر کرد. دوو رژێمی گۆڕی. تاکو ئێستا زیاتر لە (٤) هەزار سەربازی فەرمیی ئەمەریکایی گیانیان لەدەست داوە و بەدەیان هەزاری تریان بریندار و سەقەت بوون و، خەرجی مانگانەی شەڕەکەیشی ١٢ ملیارد دۆلارە و، قوربانییەکانی هاووڵاتییانی عێراق یەک ملیۆنی تێپەڕ کردووە و، سەرەڕای خاپوورکردنی ژێرخانی ئابووری و شەڕی ناوەخۆیی تایفەگەری و رەگەزی و بڵاوبوونەوە و زیاد بوونی کردەوە و رۆشنبیری تیرۆر و توندوتیژی لە ناوچەکە و لەعێراق و بوونی ئەم وڵاتە بە ناوەندێکی راکێشانی تیرۆر (جەزبی ئیرهاب) جگە لە زەرەر و زیانی مادی و مانەوی، ئێژین بۆ بۆ (٢) هەزار هاووڵاتیی خۆی ئەم هەموو بەزمەی دروست کردووە..؟ و، بۆ دەبێ بەرامبەر بەتاوانبارانی قڕکردنی زیاتر لە (١٨٢) هەزار کوردی بێ تاوان وا بێ هەڵوێست بێت و، دووریش نییە پاڵەپەستۆیش بێت بۆ ئەوەی سوڵتان هاشم و حوسێن رەشید تکریتی لەدار نەدرێن...؟!

هەرچی بێت هۆ و هۆکار و مەبەستە سیاسی و مەزهەبی لە پشت دواخستنی جێبەجێکردنی حوکمی دادگەی باڵای تاوانەکان (پاش ئەوەی هەموو قۆناغەکانی یاسایی خۆی بڕیوە و حوکمەکەش پلەی یەکلاییەکەرەوە "دەرەجەی قەتعی" وەرگرتووە) و، جیاکردنەوەی (عەلی کیمیایی) و پەسندکردنی سزاکەی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی و، راگرتنی جێبەجێکردنی سزای (سوڵتان هاشم و حوسێن رەشید تکریتی)، لادانە لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق و دەستتێوەردان و تەجاوزە لەلایەن (دەستەی سەرۆکایەتی)یەوە لەسەر دەسەڵاتی دادوەری و، ناکۆکە (مخالفة) لەگەڵ بنەماکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق.

ئەوەی لای ئێمە و شەقامی کوردستانی بەتەحدید جێگەی سەرسوڕمان و نیگەرانییە، خۆگێلکردنی سەرانی فەرمیی کوردستانە یان هەڵهاتن و بگرە پاساودانەوەی هەندێکیانە، چ لەدواخستن یا جێبەجێنەکردنی سزاکان یان وەسفکردنی گشت کێشەکە بەکێشەیەکی یاسایی نەک سیاسی. بەچ

دەسەڵات و مەنتیقێک سەرکۆمار و جێگرێکی، وا بەزەقی یاسا و بنەمای دەستوور پێشێل دەکەن بۆ چەند تاوانبارێک، کە بەدەیان بەڵگە و بەدانپێدانانی (ئیعتیرافی) خۆیان سەرپەرشت و جێبەجێکەری لەناوبردنی زیاتر لە (١٨٢) هەزار مرۆڤی کوردی بێ تاوانن...!

بۆ (سوڵتان هاشم) ئەفسەرێکی (شجاع) و (بەڕێز) بێت یان وەکو ئەفسەرێک فەرمانی سەرووی خۆی جێبەجێ کردووە واتە فەرمانی (سەدام)ی جێبەجێ کردووە..؟ ئەگەر وایە بۆ تەها جەزراوی و شابەندەر و بەرزانی برای سەدام لەدار دران..؟ ئەگەر بەم مەنتیقە بڕۆین خۆ (عەلی کیمیایی)یش فەرمانی سەدامی جێبەجێ کردووە و، دەیان تاوانباری تری سەرانی رژێمی لەناوچووی سەدام هەر هەمان شت..!

ئەگەر راستە (سوڵتان هاشم) نۆکەریی بۆ (CIA) کردووە یان دەزگایەکی تری سیخوڕی ئەمەریکایی یان پێوەندیی بەبەرهەڵستکاری عێراقییەوە هەبووە، یان بە سەرانی کورد یان عەرەبی عێراق لە بەرهەڵستکارانی سەدامی دوێنێ و سەرانی عێراق یان کوردستانی ئەمڕۆ، دەڵێین بۆ پێش یان لە کاتی لەدادگەدانی ئەو تاوانبارە بەڵگەکان نەخرانە ڕوو؟! یان بۆ کەسێک لەوانەی کە ئەمڕۆ بەرگریی لێ دەکەن نەهاتنە بەردەمی دادگە و لە بەرچاوی خەڵکی عێراق و کوردستان و جیهان هەڵوێستی (سەلیمی) ئەو تاوانبارە روون بکەنەوە...؟!

بۆ (٦) مانگ دەچێت ئەم کێشەیە دوادەخرێت و هەوڵی ئەوە دەدرێت بە (تقسیت)، لە بیری خەڵکی کوردستان و عێراقی ببەنەوە...!

لە وتارێکماندا لەژێر ناونیشانی (بەڕێز سەرۆکی کۆمار ئەگەر ئیمزاشی ناکەی ئاسانکار بە) کە لە هەفتەنامەی (میدیا)ی ژمارە (٣١٥) لە ٢٠٠٧/١١/٢٠، لاپەڕە (٦) بڵاو کرایەوە، بەدوور و درێژی باسی ئەم کێشەیەمان کردووە و، ئەو دەم بە ئێستایشەوە داوامان لە دەستەی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کرد کۆتا بەو نەخشەی دواخستنی جێبەجێکردنی سزاکان بێنن...

بەشبەحاڵی خۆمان زیاتر ئەم داخوازییە ڕووبەڕووی بەڕێز سەرکۆماری عێراق دەکەینەوە بەو پێیەی کە ئەو لەو پۆستەدا نوێنەری لیستی هاوپەیمانیی کوردستانە و، دەبێت لە هەموو ئەوانی تر سوورتر بێت لە بەدەنگهاتنەوەی خەڵکی کوردستان و، کێشەکە دوور خاتەوە لە گەمەی سیاسی و تایفەگەری و ململانێی نێوان دەستەی سەرۆکایەتی و سەرۆک وەزیران و، بەرژەوەندیی کاتی ئیدارەی بوش لە عێراق.

ئەم هەڵوێستە نەک تەنیا ڕێزنەگرتنە لە هەست و خواستی بەدەیان ملیۆن کوردستانی و عێراقی و مرۆڤدۆستی ئەم جیهانە بەڵکو بەئاشکرا و بەزەقی پێشێلکردنی دەستوور و یاسایە و شکاندنی حورمەتی دەسەڵاتی دادوەرییە و بەتەحدید لادانە لە حوکمی یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق، کە بەپێی ئەو یاسایە، حوکمەکانی ئەم دادگەیە نە قابیلی دواخستنە و نە راگرتن و نە دەستکاریکردنی واتە لێبووردن یان سووککردن.. تاد.

وەکو هەنگاوی یەکەم، لەم رۆژانە دەستەی سەرۆکایەتی، بڕیاری جێبەجێکردنی سزای لەداردانی (علي حسن المجيد)ی راگەیاند، کەچی چارەنووسی لەداردانی تاوانباران (سوڵتان هاشم و حوسێن رەشید تكريتی) تاکو ئێستا بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، ئەمەش جۆرە فەرق و جیاوازییەکە لە نێوان (٣) تاوانبار کە لەلایەن یەک دادگەوە و بەچەندان تاوانی وەک یەک لەوانە تاوانی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان، سزای لەداردانیان لەسەر دراوە و دادگەی تێهەڵچوونەوە پەسندی کردووە و حوکمەکەش یەکلاییکەرەوەیە (قاتيعانيە).

(عەلی کیمیایی و سوڵتان هاشم و حوسێن رەشید تکریتی) سێ تاوانباری سەرەکین لە تاوانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی خەڵکی کوردستان و خاپوورکردنی ژێرخانی بەهەموو بەرەنجامەکانیەوە لە دەستدرێژی (ئیغتیساب) و تالان (فەرهوود)کردنی سەروەت و سامان و ڕاگوێزان و ژیانی کوێرەوەری و زەلیلی و... تاد، خەڵکی کوردستان.

سزاکانی (کیمیایی و سوڵتان هاشم و تکریتی)، بەپێی بڕگە و مادەکانی

یاسای ژماره (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق، کە لە خوارەوە ئاماژەی بۆ دەکەین حوکم دراون و، بەدەلالەتی مادەی (١٥- یەکەم و دووەم) و مادەی (٢٤)ی یاسای ناوبراوی سەرەوە و، بەپشتبەستن بەمادەکانی (٤٠٦ -١ -ر-ب- و) و، (٤٢١-ر -ب -د) و (١٣٩٣- ١- ج) و (١٨٢-د) و چەندان برگە و مادەی تری یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو:

١- برگەکانی مادەی (١١- یەکەم)ی ئەو یاسایە. کە تایبەتە بەتاوانەکانی قڕکردن و کۆکوژی (جريمة الابادة الجماعية).

٢- برگەکانی مادەی (١٢- یەکەم)ی ئەو یاسایە. کە تایبەتە بەتاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی (جريمة چد الانسانية).

٣- برگەکانی مادەی (١٣- یەکەم- دووەم- چوارەم)ی ئەو یاسایە، کە تایبەتە بە تاوانەکانی جەنگ (جرائم الحرب).

وکو پرەنسیپ بەندە هەر لە سەرەتاوە بەباشم زانی جێبەجێکردنی سزاکانی دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق جێبەجێ نەکرێت تاکو کێشەی تاوانبارانی ئەنفال و هەڵەبجە و بارزانییەکان و فەیلییەکان، کۆتاییی پێ دێت وەلێ سەدام و بەرزان و جەزراوی.. لە دار دران و، هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان پێشوازی لە بریاری سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق دەکات سەبارەت بەجێبەجێکردنی سزای لەداردانی تاوانبارێکی وەک (عەلی کیمیایی) وەلێ جیاکردنەوەی (عەلی کیمیایی) و دواخستنی جێبەجێکردنی هەمان سزای عەلی کیمیایی بەسەر (سوڵتان هاشم و حوسێن رەشید تکریتی)، بریارێکی نایاسایی و دژی مادەی (٢٧)ی یاسای ژمارە (١٠)ە، واتە یاسای (دادگەی باڵای تاوانەکانی کۆماری عێراق) و برگە (١) و (٨)ی مادەی (٧٣)ی دەستووره و، تەجاوزێکی تری دەستەی سەرۆکایەتیی کۆمارە لەسەر دەسەڵاتی یاسادانان. بەپێی ئەو دەسەڵاتانە کە هەیانە، لەسەر دەسەڵاتی فەرمیی هەرێمی کوردستانە بەسەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەت و پەرلەمانی کوردستانەوە، وەک لادانێکی دەسەڵاتی ناوەند لە دەستوور بۆ کێشەیەک کە

پێـوەندیی ڕاسـتـەوخـۆی بەپرسی کـورد و مـوقـەدەسـاتی نـەتەوەیەکـەوە هـەیە بەپەلە:

داوا لە دەسـەڵاتی جـێبـەجێکردنی کۆماری عێراق بکات بەهەمـان شـێوەی (عـەلی کـیـمـیـایی)، (سـوڵـتـان هـاشم و حـوسـێن ڕەشـیـد تکریتی)یش بگەن بەسزای خۆیان و حوکمی دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق وەک یەک پاکێت جێبەجێ بکەن. جەخت لـەسەر نوێنەرانی لیستی هـاوپەیمانیی کوردستانی لە دەسەڵاتی کارگێڕی بەهەردوو باڵەکەیەوە و لە ئەنجوومەنی نوێنەران بکات، کە ڕۆڵی خـۆیان ببـینن و پێداگرن لەسـەر جـێبـەجـێکردنی سـزای لەداردانی (سـوڵـتـان هـاشم و حـوسـێن ڕەشـیـد تکریتی) و، ئـەگـەر ئـەنجـوومـەنی سـەرۆکایەتیی کۆمار، سوور بوون لەسەر هەڵوێستی ئێستـای خۆیان بانگ بکرێن بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران و، لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەگەر هەر سوور بن لەسـەر هەڵوێستی خۆیان ئیجرائاتی یاساییـان لەگەڵدا بکرێت هەر وەکو لە دەستووردا هاتووە و، لەسەر:

دەسـەڵاتی فـەرمـیی کـورد لە بەغدا و هـەرێمی کـوردسـتـانە کـە لە دەرەوە پاڵەپەسـتـۆ بخـاتە سـەر ئیدارەی بوش بۆ ئەوەی چیی تر ئەو دوو تاوانبـارە نەپارێزێت و تەسلیمی حکوومەتی عێراقیان بکات و کۆسپ و تەگەرە دروست نەکات لە بەردەم جێبەجێکردنی ئەو سزایە و، دەست هەڵگرن لە پێشێلکردنی دەسـتـوور و یاسـاکـانی کـۆمـاری عـێـراق و، چیی تر هـەوڵی لاواز و مرداركردنەوەی تراجیدییەکانمان نەدەن کە خودی دەسەڵاتی ئەمـەریکایی لە زۆر بواریدا هاوکار و بەشدار و چاوپۆش بووە. هەروەها لەسەر:

ناوەندەکانی پێوەندار بەکێشەی ئەنفال بەتەحدید و گشت ڕێکخراوەکانی مـەدەنی لە کـوردسـتـان و لە دەرەوە و لایەنە سـیـاسـیـیـەکـان و گـشت هاوولاتییـەکی ئەم کوردستـانە، ئەم پێشێلکردنە و ئەم کورد بەکەمزانینە لە هەر لایەک بێت، بـەهەند وەربگرن و هـەمـوو شێوە و شێوازێکی ئاشتـییـانەی شارستانی و یاسایی بەکار بێنن وەکو پاڵەپەستۆ و پرۆتێست، لە سـەروو دژ بەوانە کـە هـەوڵی دواخـسـتن و خـاوکـردنەوەی سـزاکـان دەدەن و، داوای

پەلەکردن لە جێبەجێکردنی ئەو سزایانە بەسەر دوو تاوانبارەکانی تریش بکرێت و، لەسەر دەزگا جیاجیاکانی راگەیاندنی کوردستانە دەستکەن بەهەڵمەتێکی فراوان و هەمەلایەنانە لەمەڕ هۆشیارکردنەوەی شەقامی کوردستانی و تەعبیئەکردنی، هەروەها ریسواکردنی ئەو داوودەزگایانە کە هەوڵی جێبەجێنەکردن یان خاوکردنەوەی سزاکان دەدەن.

گرینگیی ئەم هەڵۆیستانە و ئەو هەڵمەتە زیاتر لەوەدایە کە رۆژی ۲۰۰۸/۲/۲۹ ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی کۆمار بەدەر لە یاسا، لەداردانی عەلی کیمیاییی بەفەرمی پەسند کرد و، چارەنووسی هەردوو تاوانبارانی تر واتە (سوڵتان هاشم و حوسێن رەشید تکریتی)ی وەکو خۆی هێڵاوەتەوەو، لە کاتێکدا وتەبێژی حکوومەتی عێراق عەلی دەباغ رای گەیاند کە (د. نووری مالیکی) بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی بەدابەشکردنی سزاکان قەبووڵ ناکات و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت هەر (۳) تاوانباران پێکەوە لەدار بدرێن و، بۆ دەسەڵاتی سەرۆکایەتی نییە نە سزاکان دابەش کات و نە دەستکارییانیش بکات.

مالیکی پێی وایە کە پێویستە گشت تاوانبارانی دۆسیەی ئەنفال بەیەک جار تەسلیم بکرێن، بەو پێیەی کە لە یەک دۆسیەدا تاوانبارن و، سزای هەرسێکیان وەک یەک وایە (لەداردانە) و تاوانەکانیانیش وەک یەک وایە ئەویش (تاوانی قڕکردن و کۆکوژی= جرائم الابادة الجماعية) و (تاوانی دژی مرۆڤایەتی = جرائم ضد الانسانية) و (تاوانی شەڕ = جرائم الحرب)ە. هەڵوێستی (مالیکی) لەم بارەیەوە جێگەی رێز و (تەقدیرە) و پێویستی بەپشتگیریی گشت لایەنەکانی پێوەندار هەیە و لە پێش هەموویانەوە دەسەڵاتی فەرمیی کوردستان و میدیاکان و شەقامی کوردستانی.

تۆ بڵێیت ئیدی تاوان لەو تاوانانە گەورەتر هەبێت کە ئەم دڕندانە دژ بە خەڵکی کوردستان ئەنجامیان داوە. ئەگەر لایەنە فەرمییەکانی کوردستان حزب و رێکخراوەکان و دەزگاکانی راگەیاندن لەمە بێدەنگ بن و نەیکەن بەهەرا، باشە ئیدی لەسەر چی بەدەنگ دێن..!

## بەغدا پێی خۆشە و شەرمیش دەکات

لە پاییزی ساڵی پارەوە، حکوومەتی تورکیا لە حاڵەتی هەڕەشە و گوڕەشە و لەشکرکێشدایە بۆ سەر هەرێمی کوردستان. بە رواڵەت لێدانی بنکەکانی PKK و، لە واقیعدا تەسریفکردنی تەنگژە و ململانێکانی دەسەڵاتی ناو خۆیەتی بۆ دەرەوەو، پاڵەپەستۆیە بۆ تێکدانی باری ئارامیی هەرێمی کوردستان و پرۆسەی سیاسیی عێراق و رێگرتنە لە گەڕانەوەی ناوچە تەعریبکراوەکان و چەسپاندنی مافی رەوای خەڵکی باشووری کوردستانە.

لە ٢٠٠٧/١٠/١٦ حکوومەتی ئوردۆگان پرۆژەیەکی دا بەپەرلەمانی تورکیا سەبارەت بە رێگەدان بە سوپای تورک بۆ ئەوەی هەر کات ویستی داخیلی هەرێمی کوردستان بێت و سەروەری و (پیرۆزیی) خاکی (العراق) ببەزێنێت. لە ٢٠٠٧/١٠/١٧ ئوردۆگان رای گەیاند کە پەرلەمانی تورکیا مۆڵەتی بەسوپا داوە سنووری هەرێمی کوردستان (باکوری عێراق) ببەزێنێت و، مۆڵەتەکەش بۆ یەک ساڵە و، ئامانجەکەشی نەک تەنیا بنکەکانی PKKیە، بەڵکو هەر ئامانجێک کە خودی سوپا بەدوژمنی بزانێت کێ بێت و لە کوێش بێت..!

لە ٢٠٠٧/١٠/٢٤ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوایەتیی تورکیا بەسەرۆکایەتیی سەرکۆمار عەبدوڵڵا گول کۆ بووەوە و چەندان بڕیاری دژ بەکورد و هەرێمی کوردستان دا، لەوانە شیمانەی سەپاندنی ئابڵووقەی ئابووری، بڕینی کارەبا، کشاندنەوەی کۆمپانیا و بەڵێندەرکانیان. دیراسەتکردنی نەخشە سەربازییەکان سەبارەت بەهێرشێکی چاوەڕانکراو بۆ سەر "باکوری عێراق" دژ بەگەریلاکانی PKK و ئەوانەی هاوکار و پشتیوانیی هەمەجۆریان دەکەن لە ناوچەکەدا ... تاد.

بۆ ئەم مـەبەسـتـە حکوومـەتی تورکـیـا بـەهـەوڵێکی هـەمـەلایانە لە ئـاسـتی ناوەخـــۆ و ئیـــقلیـــمی و نێـــودەوڵەتی و لـە ڕێگەی بـەرزەلێـــپـرســـراوەکـــانی (سـەرکۆمـار، سـەرۆک وەزیران، وەزیری دەرەوە). لەحاڵەتی زەوینە خۆشکردن و ئامـادەکاری بوون بۆ پیادەکردنی نەخشـەکەیان دژ بەباشووری کـوردسـتـان لەوانە:

لە ٢٠٠٧/١١/٣ کــۆنگرەی وڵاتانی دراوســێی کــۆمــاری (العــراق)، لە ئەسـتـەنبـۆڵ کە ٢٥ دەوڵەت و ڕێکخـراوی نێودەوڵەتی و ئیـقلیـمی لە ئاسـتی وەزیرانی دەرەوە تێیـدا بەشـدار بوون. ئەگـەرچی کـۆنگرەکـە بۆ چارەســەری گرفتەکانی عێراق بوو، وەلێ حکوومـەتی تورکیـا توانی بیکاتە سـەکۆیەک بۆ هاندانی رای گشتیی ناوەخۆ دژ بە PKK و باشووری کوردستان و کورد.

لە ٢٠٠٧/٥/١١ سەرۆک وەزیرانی تورکیا سـەردانی کۆشکی سپیی کرد و ئیـدارەی بوشی راکـێـشـا بۆ نێـو گـەمـەکـە و هەڵدانـەوەی لاپەڕەی PKK و تاوانبارکردنی وەکو (ڕێکخراوێکی تیرۆریستی) و، مسۆگەرکردنی تەنسیق و هاوکاریی دەزگای سـەربازی و سیـخوڕی ئەمـەریکا دژ بە PKK و، وەرگرتنی چرای ســەوز لە بوش بۆ ئۆپەراســیـۆنێکی ســەربازیی فـراوان و بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان.

کۆبوونەوەی لووتکەی سووریا و تورکیا و، تورکیا و ئیسرائیل.

سـەردانی سـەرکۆماری تورکیا بۆ کۆشکی سپی و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەوروپا. گـول، هـەمـان بەرنامـەی پێـشـووی ئۆردوگـانی پیـادە کـرد و باسی سـەردانەکانی زیاتر تەرخان بوون بـۆ کێشـەی کەرکووک و PKK، هـەروەهاش گەشتەکانی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ وڵاتانی ئیقلیمی.

لەگەڵ ئەم کۆمـەڵە جموجۆڵ و دیدارە دووقۆڵی و چەند قـۆڵییانەی سـەرانی تورکیا و ئەمەریکا و ئیسرائیل، هێرشە ئاسمانییەکانی سوپای تورک بۆ سەر ناوچە سنوورییـەکـانی هـەرێمی کـوردسـتـان دەسـتـیـان پێکرد، بە تەنسـیق و هاوکاریی سـوپای ئەمـەریکا و تەکنەلۆجیـای ئیسـرائیل و دەزگا هـەواڵگری و

سـیـخـوڕپیـەکـانیـان و بۆمـبـابارانی ناوچەکـانی سـەر سنووری باشـووری کوردستانیان لە پارێزگای دهۆک و هەولێر و سلێمانی، تاکو دەهات فراوان و خــەســـتـــتـــر دەبوو، جـــاری وا هـەبووە بـەجـــارێک ٥٠ باڵـەفـــڕەی ئێف ١٦ سەرتاسەری ئەو ناوچانەیان تۆپباران دەکرد، دەیان گوندو ڕێگەوبان و پردی ناوچەکـانی زاخـۆ و ئامـێـدی و نێـروە و ڕێکان و مـێـرگـەسـوور و چۆمـانیـان تێکوپێکداو بەدەیان هاووڵاتیی ئەو گـوندانە گیـانیـان لەدەست دا و هەزارانی تریش بەم سـەرماوسـۆڵە ماڵوێران و سـەرگـەردان و دەربەدەر بوون، هەزاران ئاژەڵ و مـــەڕومـــاڵاتـیـــان لـەدەست دا و باخ و ڕەز و کـــێـــڵگە و چەنگەڵی ئەو دەڤەرانە سووتان و تووشی زەرەر و زیان بوون.

حکوومـەتی ئیـرهـابی ئۆردوگان لە تەک ئەم دەسـتـدرێژی و سنووربەزاندن و تاوانەکانی، سـەرقـاڵـی ئامـادەکاریی هێـرشـێکی زەوینـیی بەرفـراوان بوو. ئەم ئامـادەکاری و خـۆسازکردنە شاراوە نەبوو، ڕۆژانە کاربەدەسـتـانی سیـاسـی و ئـیــــداری و ســــەربازیـی تـورک دووبـارە و چـەند بـارەیـان دەکـــــردەوە و دوا کەسیشـیـان، عەلی بابەجانی وەزیری دەرەوەیان بوو، کە لە ٢٠٠٨/٢/١٩ بە دیقـەت باسـی ئەوەی کـرد کـە بیـرۆکـەی هـێـرشـی زەوینی تـاوتوێ دەکـرێت و دەستپێکردنی ئەو هێرشە پێوەندیی بەباری کەشوهەواوە هەیە.

شـەوی ٢١ لەسـەر ٢٠٠٨/٢/٢٢ سـوپای تورکیـا هێـرشێکی بەربڵاوی کـردە سـەر هەرێمی کـوردسـتـان و لـەژێر کۆدنـاوی (گـیـونەش= خـۆر)(*). ئاژانسـە

---

(*) ناوی ئۆپەراسـیـۆنی ئەمـجـارەی سـوپای تورک (گـیونەش)ە کە بەکوردی مـانـای (خـۆر) دەگـەیەنێت و، ناوی کـچی سـەربـازێکی سـوپای تورکـە بەناوی قـاسـم ئاکسـۆی، کـە لـە کـۆتاییی سـاڵی رابردوو لە هێـرشـێکی تـورکـیـادا بـۆ سـەر گەریلاکانی PKK کوژرا. کاتی خـۆی وێنەی ئەم کچە (گیـونەش) بەگۆرەوییـەکی دڕاوەوە لە زۆربەی ڕۆژنامـە و گـۆوارەکانی تورکیـا بڵاو کـرایەوە، بەمـەبەسـتی ڕاکێشانی سۆزی شەقامی تورکی و ئامادەکرنی لە ڕووی دەروونییەوە دژی PKK و کـورد و هەرێمی کـوردسـتان. تورکـیا بەناونانی ئەم ئۆپەراسـیـۆنە بەم کۆدناوە دەیەوێت تۆڵەی ئەو کچە لە کورد بکاتەوە.

هەواڵدەرییەکانی ناوەوە و دەرەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە لەم هێرشەدا زیاتر لە ١٠ هەزار سەربازی پیادە بەپاڵپشتیی هێزی ئاسمانی و تۆپخانەی قورس و هاوئاهەنگیی مەیدانی و سیخوڕی ئەمەریکا و ئیسرائیل، لە چەند قۆڵێکەوە سنووری هەرێمی کوردستانیان بەزاندووە بەتایبەتی لە قۆڵی (شەرانش، کانیی ماسی، باسیا و مێرگەسوور). شەڕی دژوار لە نێوان گەریلاکانی PKK و هێزەکانی تورکیا دەستی پێ کردووە و تاکو نووسینی ئەم بابەتە بەردەوامە و لەشکرکێشیش بەرەو سنووری هەرێمی کوردستان لە زیادبووندایە.

ئەم هێرشە بە ئاگەداریی ئەمەریکا وەکو هێزی داگیرکەری عێراق و بەرپرسیاری پاراستنی سنووری زەوینی و ئاسمانی ئەم وڵاتە بووە، هەروەک چۆن حکوومەتی عێراق لەسەر ئاستی سەرکۆمار، سەرۆک وەزیران و سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان ئاگادار کراونەتەوە. چەند وڵات و ناوەندی نێودەوڵەتی داوایان لە تورکیا کردووە ڕێز لە سەروەریی عێراق بگرێت هەندێکیان داوای کشانەوەشیان کردووە، وەلێ هیچ لایەک تورکیای تاوانبار نەکردووە. حکوومەتی ناوەندی بەغدا (تیغی دوو دەمی لە گەروودایە و پێی خۆشە و شەرم دەکات) و ئەمەریکای هاوپەیمان و دۆستی کورد (دەلاڵ و هاوکار و پشتیوان)، هەندێ لە دەسەڵاتی فەرمیی کوردیش لە سەرەتای ئەم شەڕە بێ ئاگایانە پرخەی دەهات و، تاکو پاش نیوەڕۆی ٢٠٠٨/٢/٢٢ هەموو هێرشێکی زەوینیی تورکی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان ڕەت دەکردەوە، دواتر کردیان بەچەند سەربازێکی تورک کە بەدوای چەکدارانی PKK کەوتوون و تاکو ناچار دانیان بەهێرشەکە نا.

دەسەڵاتی فەرمیی کوردستان ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/٢٣ بەفەرمی لێدانی سڤیل و ناوچە ئاوەدانکراوەکانی هەرێمی کردە خەتی سوور و ئەم هێرشەیان مەحکوم کرد و زیاتر بەدژی هەرێمی کوردستان و ئەمن و ئارامی و ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان لە قەڵەمیان دا نەک دژی PKK و، پاراستنی سنوور و ئاسمانی هەرێمیان وەک خاکی کۆماری عێراق خستە ئەستۆی دەسەڵاتی ئەمەریکا. داواشی کرد ئەم هێرشە ڕابگیرێت و لەشکری تورکیا لە باشووری

کوردستان بکشێتەوە و، بەرامبەر بەمە حکوومەتی ئیرهابیی تورکیا پانتایی و قـوولایی و ئـاسـتی تاوانەکـانی دژ بەچیـا و دار و بەرد و ڕێگەوبـان و پرد و ناوچە سنوورییەکان و ناوچە ئاوەدانکراوەکانی سنووری دهۆک و هەولێر لە پەرەسـەندندایەو باڵەفڕە شەڕوانەکانی جەنگییەکانی بەسـەر زاخۆ و چیای مەتین و بەری گارە و مێرگەسوورو ڕانیە و لای چۆمان.. تاد، بەنزمی دەفڕن و خەڵکە سڤیلەکەی ناڕەحەت و نیگەران دەکەن و سەروماڵیان لە مەترسیدایە.

تورکیـا کـیانێکی پاشـمـاوەی دەوڵەتی هەڵوەشـاوەی عوسـمـانیی لە شـەڕ دۆڕاوە، دەوڵەتێکی لاواز و فسەیفیسایی بەزۆر پێکەوە گرێدراو و ناتەبا و فرە گـرفـتـە و، هـەڵـقـوولاوی بیـر و هـزرێکی ڕەگـەزپەرسـتی و ڕەوشت فـاشی (تۆرانیـزم) و، سیسـتـەمێکی عەسکەرتاری فـراوانخـواز و فرسـەت تەڵەب و ڕووتێنەرەوەیە (ابتزازي).

لە سـەرەتای دامـەزراندنیـەوە تاکو ئەمڕۆ، تورکیـا تاکە دەوڵەتی سـەر گۆی زەوییــە، کــە ســـەران و دەســـەڵاتدارانی بەراست و چەپ و عـــەلمانی و ئیسلامییەوە، بەعەسکەر و سـڤیلیانەوە، سوورن لەسـەر ئەوەی گشت نەتەوە و گەلانی ئەو دەوڵەتەیان تورکن و خاکی کۆمارەکەیان خاکی تورکە و سەروەت و سامانی سەر خاک و ژێرخاکی هی تورکە و هەتاکو ئەو هەوایەش کە نەفەسی پێدەکێشن هی تورکە. لە کاتێکدا لە کۆی گشت پانتاییی خـاکی ئەم دەوڵەتە ٢٧٪ی خاکی باکوری کوردستانە کە بەزۆر داگیری کردووە و زیاتر لە ٢٧٪ی کۆی گشتیی دانیشتوانی کۆمـاری تورکیا کوردن، کە دان بە مـاف و بوونیان نانرێ، جگە لە عەرەب و چەرکەس و لاز و ئەرمەنی.

لەبەر بنەمـا و هۆکـار و هـەلی هـاتنە مـەیدانی تورک لە کێشـە و گرفتـەکانی ڕۆهـەڵاتی ناوەڕاست و خـۆشـاردنەوە لـەژێر چـەتری پیـرۆزی ئیـســلام لە ســـەدەکــانی پێش ســـەدەی بیـــست، دەســەڵاتدارانی تورک ئـەودەم و، کەمـالیسـتـەکـانی سـەرەتا و ئێسـتـا بەسـەرانی پارتی داد و گەشـەپێدان و جەنـەراڵەکانیشیـانەوە، لە حاڵەتی شیزۆفرینیادا دەژین. ئەوان سـوڵتانەکانی بابولعالین و، ڕەگەزە ناتورکەکان کۆیلە و سوارە حەمیدییەکانیانن..!

دەسەڵاتدارانی تورکیا دوژمنی سەرسەختی کوردن، بۆ سەرکوتکردن و ڕێگرتن لە بوون و مافی کورد، لە هەر کوێ هەبێت، هەموو شێوە و شێوازێک دەگرنە بەر. ئەم تاقمە جگە لە زمانی زەبر و زۆر هیچ شێوەیەکی تر نە دەزانن و نە دەسەلمێنن و نە تێ دەگەن. ئەمەش یەک لە خەسڵەتەکانی دەسەڵاتی ڕەگەزپەرست و فاشیستییە. کە دەستیان ڕۆیشت و بۆیان لوا لە هیچ سڵ ناکەنەوە و کە بەرەنگاری بوویت و لە لووتت دا هیچ سەرشۆڕییەکیان لا شەرم نییە..!

لەوێ کێشەی کورد هەیە و تورک دەسەڵاتی هەبووە، پێشەنگ و هاندەر و بەشدار بووە، لە نەخشە و پلان بۆ تێکدان و لەناوبردنی هەر جۆرە ماف و دەستکەوتێکی ئەم نەتەوەیە. بێ گەڕانەوە بۆ قۆناغی دەوڵەتی عوسمانی (١٣٢٦-١٩٢٤) و تاوانەکانی دژ بەکورد و نەتەوەکانی تری ژێر دەستیان، لەوەتەی کۆماری تورکیا دەوڵەتە بۆ یەک چرکەش دەستی لە پیلان و دوژمنایەتیی خەڵکی کوردستان هەڵنەگرتووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تاکو ئەمڕۆ، دەسەڵاتدارانی کۆماری تورکیا دژ بەبزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان لە سەنگەر و هێرشدایە.

لەوەتەی باشووری کوردستان بووەتە مەڵبەندی سەرهەڵدان و ڕاپەڕین و شۆڕش و نزیکبوونەوە لە مافەکانی، دەسەڵاتدارانی تورک، هاندەر و پاڵپشتیی نەیارانی بوونە بۆ لەباربردنی.

قۆناغی (١٩٩٢-٢٠٠٨) یەک لەو قۆناغانەیە کە گەواهی لە ڕۆڵی حکوومەتی ئیرهابیی تورکیا دەدەن لە بەرامبەر ئەزموونی باشووری کوردستان، کە تاکو چ ئەندازەیەک ئەم کیانە ئیرهابییە مەترسییە لەسەر بوون و مافی کورد و ئەمن و ئاسایشی نەتەوەییمان، کەچی لە کاتی ئەم ١٦ ساڵەدا سەرکردایەتیی فەرمیی باشووری کوردستان هیچ نەماوە بۆ تورکیای نەکات.

لایەنی کوردستانی بەتایبەتی (پارتی و یەکێتی)، شان بەشانی جەندرمە و سوپای تورک شەڕی گەریلاکانی PKKیان کرد لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان و تورکیا. PKKیان لاواز کرد، وەلێ نەتوانرا هەرەسیان پێ بێنن.

ســـەرەتای ســـاڵی ١٩٩٧ رازی بوون بـەدانانـی چەندان بنکەی ســـەربازی و سـیـخـوڕیی تورکـیـا لە هـەرێمی کـوردسـتـان، لەوانە بنکە سـەربازییـەکـانی ناوچەکـانی (بامـەرنی، باتوفـا، کـانیی مـاسـی، بێگۆڤـا.. تاد) لـەگـەڵ هەندێ بنکەی لۆجیستی لە چەند ناوچەیەکی تر، جگە لە بنکە سیخوڕییەکانی میت و تیمە تایبـەتییەکانی تورکیا لە ڕانیە، سلێمانی، هـەولێر، دهۆک و زاخۆ. زیاتر لەوەش هەمـوو دەروازەی ئیـبـراهیـم خـەلیل و بازاڕی هەرێمـی کـوردسـتـان کرایەوە بۆ کۆمپانیا و کاڵای تورکی و، ژووری بازرگانیی کوردستان بزاڤی بازرگانی لەگەڵ تورکیا بۆ پار ساڵ بە زیاتر لە ٥ ملیار دۆلار مەزەندە دەکات و، گشت پرۆژە گەورەکانی حکوومەتی هەرێم دراونەتە کۆمپانیاکانی تورکیا و لە نێوان ئەوانەشدا چەند گرێبەستێک لە بواری گەڕان و دەرهێنانی نەوت.

تورکـیـا هەرێمی کـوردسـتـانی کـردووەتە وێسـتگەیەک بۆ ناردنـی کـاڵای ئێکسپایەر و کاری ساختەکاری و ناوچەیەکی تەسریفکردنی ململانێیەکانیان بەتایبەتی لە قۆناغی حوکمڕانی پارتی داد و گەشەپێدان، وا ئێستا سوپاکەی لەسـەر خاکی هەرێمی کوردسـتانە و ناوچە سنوورییـەکـانمان کـاول دەکا و خـەڵکی بێ تاوانی کوردسـتانیان تووشی مـەترسـی و دەربەدەربوون کـردووە. سـوپای تورک چووبێـتـە هەر شـوێنێک یان بەزەبر یان لە ترسـان دەرچووە و دەرکراوە، ئەگینا هەر ماوەتەوە. ئەوە بنکە سەربازی و سـیخوڕییەکانی کە لە سـەرەوە ئـامـاژەمـان بۆ کردن و، ئەزمـوونی حکوومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان لەگـەڵ (قـەبلان)ی تورک و هـێـزی PMF کـە لە سـاڵی ١٩٩٨ تاکـو ٢٠٠٣ بەپێچـەوانەی ویست و خواستی دەسەڵاتی فـەرمی، هەولێر و کۆیە و رانیـە و ناوچەکانی تریان بەجێ نەدەهێشتن. ئەگەر ئەمـەریکاییـەکان نەبوان دوور نەبوو ئەوانیش وەکو بنکەکانی بامـەرنی و بێگوڤا.. تاد تاکو ئێستاش لەسەر دڵ و دەروونی خەڵکی کوردستان بووان.

دەکرێت مـروڤ لـە نێـوان دوو کـەواندا بڵـێت (تورکـیـا بـەفـیـعلی هـەرێمی کـوردسـتـانی داگیـر کـردووە)، بـەتایبـەتی لە ڕووی ئـابووری و کـولتـووری و هەڕەشەی سەربازی و دەستتێوەردان.

سوپای تورک بەفەرمی یەک ساڵ مۆڵەتی وەرگرتووە لە پەرلەمانەکەی کە دەستی کراوە بێت لە باشووری کوردستان. ئەم ساڵە بۆ باشووری کوردستان چارەنووسسازە و مانەوەیان لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان خەتەرناکە بۆیە لەسەر لایەنی کوردستانییە:

پاڵەپەستۆ بخاتە سەر حکوومەتی ناوەندیی بەغدا کە دەبێت بەجیدی و هەستکردن بەگیانی بەرپرسیاریەتی ڕووبەڕووی ئەم تاوانە ببێتەوە، ئەمە بەزاندنی سنووری عێراقە و شکاندنی سەروەرییەتی. هەڵوێستی ناوەند تاکو ئێستا سستە و بۆنی لێدێت. دەبێت لایەنی کوردستانی لە ناوەندی بەغدا ئەم کێشەیە زیاتر بەهەند وەرگرێت و داوا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و کۆمکاری عەرەب و کۆنگرەی ئیسلامی و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بکرێ کە بەپەلە کۆ ببێتەوە و ئەم تاوانە مەحکوم بکەن و لەشکری تورکیاش خاکی عێراق بەجێ بێڵێت و زیانەکانی خەڵکی ناوچەکانمان قەرەبوو بکاتەوە.

پاڵەپەستۆ بخاتە سەر ئیدارەی بوش بۆ کشانەوەی سوپای تورک و ڕاگرتنی ئەم شەڕە. هاوکاری و ڕێگەدانی ئیدارەی بوش بەدەسەڵاتی ئیرهابیی تورکیا ئا بەم شێوەیە، تورکیا کۆمەرا و پشت گەرمتر دەکات لە هەڵوێستی توندی دژی کورد، هەڵوێستی خەڵکی کوردستان لە هەر کوێ بێت، بەرامبەر بەئەمەریکا دەگۆڕێت. دەبێت ئیدارەی بوش ئەو ڕاستییە بزانێت کە ئەوەی دەیکات، دژی نەتەوەیەکی ٤٠ ملیۆنییە و ئەم کردەوەیە پاڵدانییەتی بەرەو دوژمنایەتیی ئەمەریکا و، ئامادە نین کارەساتی ساڵی ١٩٧٥ و ئەنفال و جینۆسایدی ١٩٨٨و کۆڕەوێکی تری ملیۆنیمان وەک ١٩٩١ بەسەر بێنیت. ئەمەریکا دەتوانێت سنوور بۆ حکوومەتی ئۆردوگان و جەنەراڵەکانی دابنێت و بەرپرسیایەتیی ئەمەریکا کەمتر نییە لە دەسەڵاتدارانی تورکیا ئەگەر زیاتر نەبێت.!

سەرکۆماری عێراق دەعوەتی گول ڕەت بکاتەوە. بەشبەحاڵی خۆم شێوە و کاتی ئەم دەعوەتە بەدوور لە هەموو داوونەریت و پرۆتۆکۆڵە دیپلۆماسییەکان لە قەڵەم دەدەم، چونکە جگە لە لووتبەرزی و بەکەمزانینی کورد، چیی تری لێ بەدی ناکرێ.

ئەم هێرشـە دژی خـەڵکی کوردسـتـان و ئـامـانجـە ڕەواکـانیـەتی و مـەبەست واقـیـعی ئەمڕۆ و دوارۆژی ئەم هـەرێمـەیە، بۆیە یەک هـەڵوێـسـتی و یەکڕیزی و یەک خـیـتـابیی نیـشـتـمـانی و نەتەوایەتیی تۆکمـە و ڕوون و شـەفـافی گـشت لایەنەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانی گەرەکە.

جـوولانەوەی هێـزی جـەمـاوەری کـوردسـتـان بە کـۆڕ و کـۆبـوونەوە و خـۆپێـشـاندانی ئاشـتـیخـوازانە و سـەرتاسـەری یەک لە هەنگاوە دروست و پێویستـەکانە. هـەر هـەمان شت سـەبارەت بەجالیەی کوردستـانی لە دەرەوەی ولات. دەبێت ئەمەریکا و خەڵکی تریش بزانن کە خـەڵکی کوردسـتـان تووڕە و نیگەرانە و ئەوەی تورکیا بەپاڵپشتیی ئەمـەریکا دەیکات قابیلی قبـووڵ نییە و، دەبێ سنوورێک بۆ دەسـتـتێـوەردانەکـانی تـورکـیـا لـە کـاروباری عـێـراق و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان دابندرێت.

ڕاکـێـشـانی سـەرنجی دەسـەڵاتدارانی تورکـیـا سـەبارەت بە بەرژەوەندییـە ئابوورییـەکانی لە کوردستان و بەکارهێنانی گرانیی ڕۆڵی کورد لە دەسـەڵاتی ناوەند بۆ هـەمـان مـەبەست. دوور نییـە باری ئـابووریمان هەندێ ئاڵۆز بکەن، بەلام ئیبـراهیم خەلیل تاکە دەروازەی ژیان نییـە بۆ خـەڵکی کـوردسـتـان. بێ تورکیـایش کورد دەتوانێت بژیت و بەرەنجام تورکیـا زیاتر لە کورد زیانی پێ دەکەوێت.

ئامادەسازیی سەربازی لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان. دەبێت سـەرکردایەتیی فـەرمیی کوردسـتـان لە کاتی پێویست و زیادەڕەوی سـوپای تورک، بەڵێنەکانی خۆیان بەجێ بێنن، بەتایبەتی کە قەناعەتیان وایە مەبەست لەم هێـرشـە زیاتر هەرێمی کـوردسـتـانە، نەک PKK. بەدەر لەوە دەسـەڵاتی تورکیا زیاتر مەغروور و چاوسوور دەبێت.

بەم هێرشە دەسەڵاتدارانی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیـا (جس نبچ)ی ئەمـەریکا و ولاتانی ئیـقلیمی و یەکـەتیی ئـەوروپا دەکەن، سـەبارەت بەدەست بەسـەرداگرتنی ناوچەکـانی سـەر سنووری هەرێمی کـوردسـتـان و مـانەوەی هێـزەکـانیـان وەکـو گـورزێکی ئامـادەکـراو دژی چارەنووسی ناوچە

تەعریبکراوەکانمان و چەسپاندنی مافەکانی خەڵکی کوردستان و باری ئەمن و ئاسایشی دەڤەرەکە، لە کاتێکدا بەرەو هێورکردنەوە دەڕوات. هەروەها تاقیکرنەوەیەکی دەسەڵاتی فەرمیی کوردستانە، سەبارەت بە ڕەدفیعلیان لەمەڕ ئەم نەخشەیە و بەڵێنەکانیان.

مافی خەڵکی کوردستانە هەڵوێستەیەک لەمەڕ هێرشی گەورەترین سوپای (ناتۆ) بکات کە بەتەنسیق و هاوکاریی تەکنەلۆجیی سوپای ئیسرائیلی گوایە بەتواناترین سوپای ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستە و بەهاوئاهەنگی و پشتیوانیی مەیدانی و ئیستیخباراتی ئەمەریکا کە تاکە زلهێزی ئەم جیهانەیە، دەرهەق بە چەند سەت کچ و لاوێکی گەریلای PKK، کە بۆ ماوەی ٣ مانگە ڕووبەڕوویان بوونەتەوە و، وا ڕۆژانە تەرمی سەربازە کوژراوەکانی تورکیا ڕەوانەی شارەکانی تورکیا دەکرێن، لە کاتێکدا تەنیا ئیرادە و هەستی کوردایەتییان و چیاکانی کوردستان هێز و پشت و پەنایانە، ئەمەش دیاردەیەکی بێ وێنەی سەرەتای ئەم سەدەیەیە..!

ئەگەر ئێمە وەک کورد سۆز و عاتیفەشمان نەجووڵێ، ئەوا ئەرکی مرۆڤایەتیمان وامان لێ دەخوازێت کە بەچاوی ڕێز و بەرزییەوە ئەو بەرخودانە بێ وێنەی گەریلاکانی pkk بنرخێنین، بەتایبەتی ئەوە بۆ ٧ساڵ دەچێت ئەم هێزە شەڕی ڕاگرتبوو و ئامادە بوون لەگەڵ حکوومەتی تورکیا دانیشن و کێشەی کورد لە باکور بەئاشتی و لە ڕێگەی دانوستاندن چارەسەر بکەن و، ئەودەم چەکیش دادەنێن و دەبنە لایەنێکی بەشداریی پرۆسەی سیاسیی ئەو وڵاتە. کەچی حکوومەتی داد و گەشەپێدانی تورکیا بە تانک و تۆپ و ئاگر و ئاسن وەڵامیان دەداتەوە.

هەر لەسەر ئاستی نێوەخۆش، باشتر وایە بۆ ڕێزگرتنی هەستی شەقامی کوردی کە بەگشتی دژی هێرشی تورکیایە و سۆزی لەگەڵ گیانی بەرخودانی ئەوانەیە کە لە حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەدان لە بەرامبەر ئالەتی شەڕی تورکیادا، دەزگا ڕاگەیاندنەکانمان، بەتایبەتی سەتەلایتەکان بۆ ئەو ڕێزگرتنە، کەمتر شایلۆغان و بەرنامەی بێ نێوەڕۆک بڵاو بکەنەوە و زیاتر بەدوای گواستنەوەی

هەواڵەکان و ئاکامەکانی ئەم هێرشە و نارەزاییی خەڵکی دەربەدەربووی ناوچە سنوورییەکانەوە بن.

زەبر و زۆر و شەڕ و پێکدادان و نکووڵیکردن لە بوونی کورد و کوردستان ئەنجامەکانی زیانگەیێنە بۆ حکوومەتی تورکیا و دواڕۆژی ئەو وڵاتە، ئەمەریکاش بەچاوپۆشی و هاوکاریکردنی تورکیا میسداقیەتی خۆی لە دەست دەدات بەرامبەر بە کورد و گەلانی ناوچەکە و، بەم هێرشەش نە PKK لەناو دەچێت و تەنگژەی تورکیا چارەسەر دەبێت، نە تەنگژەی ئیدارەی بوش لە عێراق سووک دەکات و نە رەوتی ئاشتی و ئازادی و رزگاریی خەڵکی کوردستان رادەوەستێنێت!

ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی (میدیا) ژمارە (٣٢٨) لە ٢٠٠٨/٢/٢٦ لاپەڕە (٦) بڵاو کراوتەوە.

## چەند سەرەقەڵەمێکی بەپەلە لەمەڕ بودجەی ساڵی ٢٠٠٨

١

یەک لە ئەرکە گرینگەکانی حکوومەت (هەر حکوومەتێک)، تەئمینکردنی ئاسایش و ژیانی خەڵک و چاککردنی باری ئابوورییان و دەست پێوەگرتن و گەشەپێدانی سەروەت و سامانی وڵات و بەکارهێنان و ئیدارەکردنی بەشێوەیەکی عەقڵانی و داهێنەر و لەسەر بنەمایەکی زانستی و بەپێی نەخشە و پلانێکی هاوچەرخ، بەسوودوەرگرتن لە گشت بوارەکانی هێزی بەرهەمهێنان و لە پێناو پێوەندییەکی ئابووریی ئەوتۆ کە لە خزمەتی تاک و کۆمەڵ و پێشکەوتنی وڵاتدا بێت.

ئەو حکوومەتانە (چ پێک هاتبێت لە یەک لایەن یان چەند لایەنێکی هاوپەیمان) پێش ئەوەی ببنە حکوومەتی خەڵک و بە هۆ و لە ڕێگەی ئەوانەوە متمانە وەربگرن و هەردەم لەژێر چاودێری و پرس و پرسینەوەین، سەرەتا (لایەن یان لایەنەکانی) و لە پێش هەڵبژاردنیان بەرنامەی گشتییان هەیە و عەرزی ئەو خەڵکەی دەکەن. بەرنامە یان بەرنامەکانیان گوزارشت لە دید و بۆچوونی نزیک و دووریان دەکات. لەسەر ئەو ئەساسە دەنگی دەنگدەران وەردەگرن و پاشتر لەسەر ئەو بەرنامەیە، پرس و پرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت و سەرکەوتن و شکستی سیاسیشیان بەندە بە ئیلتیزام و توانای جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە.

لایەنی ئابووری بەگشتی یەک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بەرنامەی هەر هێزێکە، کە هەوڵی دەسەڵات وەرگرتن دەدات. کە سەرکەوتن، هەر ئەوەش دەبێتە بنەمای بەرنامەی حکوومەتەکەی و بە (سیاسەتی ئابووری)ی حکوومەت پێناسە دەکرێت، سیاسەتی ئابووریش لە کاتی پیادەکردنی

ساڵانەی، لە خودی بودجەی گشتیی حکوومەت بە دی دەکرێت.

بودجەی گشتیش، بەکورتی، دیاریکردنی بڕە پارەیەکە سەبارەت بەداهات و خەرجیی دەوڵەت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە پێی دەڵێن (ساڵی دارایی – سنە مالیە). واتە مەزەندەکردنی گشت داهاتی دەوڵەت و چۆنیەتیی خەرجکردنی لە ماوەی یەک ساڵ بە رەچاوکردنی قۆناغەکانی تری مامناوەندی و درێژخایەن و لە پێناویشیاندا. هەر لەسەر رۆشنایی ئەو دوو بەشە واتە (داهات و خەرج) دەکرێت بڵێین بودجەی گشتی تەمسیلی سیاسەتی دارایی دەوڵەت دەکات (السیاسة المالیة للدولة)، مەعلوومیشە دانانی سیاسەتی دارایی دەوڵەتی کۆماری (العراق)، بەپێی دەستووری هەمیشەیی، لە دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکوومەتی ناوەندیی فیدراڵە (مادە ١١٠- بڕگەی سێیەم)، حکوومەتی ناوەند مولزەمە بەدانان و ڕاگەیاندنی بودجەی گشتیی کۆماری (العراق) بەبودجەی هەرێمی کوردستانیشەوە، هەر چۆن حکوومەتی هەرێمی کوردستان مولزەمە بەدانانی بودجەی هەرێم بەمەرجێک پەرلەمانی کوردستان پەسندی بکات، بەو شێوەیە کە خودی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ و یاسای ناوخۆی پەرلەمان دیاری کردووە.

یەک لە بنەماکانی نەخشەی دانانی بودجە، بوونی ستراتیجییەت و بەرنامەیەکی ئابووریی دەسەڵاتە. ستراتیجییەتێکی وەهاش دەبێت پێش هەموو شت، پشتی بەستبێت بەزانیارییەکی زانستییانە لەسەر بوارە جیاجیاکانی کەرتەکانی ئابووری و ویست و خواستی خەڵک و تەئمینکردنی بەدەستهێنان و توانای بەکارهێنانیان... هتد.

زۆر لەو جەمسەرانە بێ ئیرادەی جێبەجێکردن و ئاسۆیەکی روون و روحی کراوەیی و شەفافیەت، پیادەکردنی زەحمەتە و دوور نییە مەحاڵیش بێت.

لە ئاستەنگەکانی بەناو (ناوەندەکانی بڕیار)ی هەرێمی کوردستان، نەبوونی ستراتیجییەت و بەرنامەیەکی ئابووریی حکوومەتەکەیەتی، لەوە خەتەرناکتر نەبوونی زانیاریی تەواوە ورد لەسەر داهات و سەروەت و سامانی خەڵکی کوردستان و ئەوەشی هەیە لە بازنەی نهێنی و بگرە (موحەرەماتە).

کە شەفافیەت نەبوو چاودێری و بەدواداچوونیش نابێت، کە چاودێری و بەدواداچوون نەبێت، ئیشاعات و ئێزگەی (گوتو گوتو) دەکەوێتە کار، ئەم بارودۆخەش باشترین زەوینە خۆشکەرە بۆ کزبوونی باوەڕی و نەمانی گیانی هەستکردن بە مەسئوولیەت و بەرەڵایی و ماکی گەندەڵی.

لە هەلومەرج و واقیعێکی وەهادا، ناچار هەندێک جار مرۆڤ بەدوای سەرەداوێکدا بگەڕێت، کە دەستی کەوت دیسان ناچار لە دووی بچێت، بە هەموو کەموکورتی و رادەی باوەڕ پێکردن بەسەرچاوەی ئەو سەرەداوە.

لە ڕێگەی لێدوانێکی بریکاری وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان (رەشید تاهیر)، بۆ رۆژنامەی خەبات رۆژی ٢٠/١١/٢٠٠٧ کە تایبەت بوو بەبودجەی ساڵی داهاتووی (٢٠٠٨)ی حکومەتی ناوەندیی بەغداو هەندێک گیروگرفتی دارایی نێوان ناوەند و هەرێم و بودجەی داهاتووی هەرێم.. هتد. سەرەداوێکمان وەدەست کەوت و لەو ڕێگەیەوە هەندێ زانیاریمان بۆ دەرکەوت، بە دید و بۆچوونی خۆمان هەوڵ دەدەین تیشکێک بخەینە سەر هەندێک لەو دیاردانە کە جەنابی (بریکار) درکاندوویەتی، بە ئومێدی ئەوەی خوێنەرانی ئەزیزی پێ ئاشنا بکەین و سەرەتایەک بێت بۆ پسپۆڕان و رۆشنبیرانی خەڵکی کوردستان بەپێی توانا لەم بوارە بکۆڵنەوە بەتایبەتی، قەولە لەم رۆژانە، بودجەی (العراق) بنێردرێت بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ پەسندکردنی، دوور نییە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ی هەرێمیش بنێرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆ تاوتوێکردن و هەڵسانگاندن و پەسندکردنی، خوازیاری ئەوەین بودجەی ساڵی داهاتوو هەمان شێوە و شێواز و مامەڵەی بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ی لەگەڵدا نەکرێت..!

٢

رۆژنامەی (خەبات) ژمارە (٢٦٨١ رۆژی ٢٠/١١/٢٠٠٧) و لە لاپەڕە (٢)دا، لێدوانێکی بریکاری وەزارەتی دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەوەکالەت (رەشید تاهیر)ی لەسەر بودجەی ساڵی داهاتووی (٢٠٠٨) و،

هەندێک گیروگرفتی نێوان ناوەند و هەرێم، سەبارەت بە بەشی هەرێم و بودجەی گشتی بڵاو کردبووەوە.. بەپێی ئەو لێدوانە:

بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ی حکوومەتی (العراق) (٥٨,١) ترلیۆن دینارە، بەنرخی ئەمڕۆی دۆلار لە سنووری (٤٨) ملیار دۆلارە.

بەشی هەرێمی کوردستان لەو بودجەیە (٦,٤٧٢) ترلیۆن دینارە.

لەو بڕە پارەیە کە تەرخان کراوە بۆ دەسەڵاتی ناوەند و ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەوانەوە (قەولە) سەرف بکرێت بۆ پارێزگاکان، بەشی هەرێمی کوردستان لە سنووری (١) ترلیۆن دینارە.

لە بودجەی دەزگا سیادییەکانی ناوەند وەکو (سەرۆکایەتیی کۆمار، سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران، وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی بەرگری، چەندان دەزگای هەواڵگری و هەیئاتی سەربەخۆ... تاد)، بەپێی قەناعەتی بریکاری وەزارەت، دەبێت (١٧٪) بودجەکانیان (تەحویلی سەر بودجەی هەرێمی کوردستان بکرێت یان لە هەرێمی کوردستان خەرج بکرێت)!! هەرچەندە جەنابی بریکاری ئاماژەی بەو بڕە پارەیە نەکردووە چ کۆی گشتی یان ڕێژەکەی، هەروەها ڕوونی نەکردەوە ئەم (دەبێت)ە بە یاسایە یان بە ئیتیفاقە..؟! ئیتیفاقیش زارەکییە (جەنتلمان) یان بەنووسینە؟!

بەپێی کۆی گشتیی خاڵی (٢+٣+٤)، بەشی هەرێمی کوردستان لە (٧,٥) ترلیۆن دینار زیاترە واتە نزیکەی (٧,٥) ملیار دۆلار بەنرخی ئەمڕۆی دۆلار.

دیارە ناوەند داوای حیساباتی خیتامی ساڵانی (٢٠٠٧، ٢٠٠٦، ٢٠٠٥، ٢٠٠٤) حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە بە (داهات و خەرج)ەوە. ئەم داخوازییەش بەندێکی یاساییە، لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ تەسبیت و تەسدیق کراوە. ئەمەش گرفتێکی نێوان ناوەند و هەرێمە. ئەگەر نێردراوە چەندە و ئەگەر نەنێردراوە بۆ؟ نە بریکار باسی کردووە و نە دەزانرێت.!

سەبارەت بەبودجەی وەزارەتی پێشمەرگە، بریکاری وەزارەت دەڵێت (خاڵێکی گەورە تا ئێستا چارەسەر نەکراوە و چارەنووسی نادیارە ئەویش

پرسی وەزارەتی پێشمەرگەیە. لە ساڵی ٢٠٠٧ قانوونی بودجەی (العراق) یەکێک لە مادەکانی باس لەوە دەکات دەرماڵە و بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە دەکەوێتە سەر وەزارەتی بەرگریی فیدراڵ. لە ساڵی ٢٠٠٧ نە لە بودجەی (العراق) و نە لە بودجەی هەرێمی کوردستان خەرجییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە سەرف نەکراوە.. لە ئەنجوومەنی وەزیران چارەسەر نەکراوە. نووسراوی رەسمیش تا ئێستا لە ئەنجوومەنی وەزیرانی (العراق)ەوە بۆ پەرلەمان دەرنەچووە. (جەنابی بریکار روونی نەکردەوە بۆ حکوومەتی ناوەند ئەم مادە یاساییە جێبەجێ ناکات..؟! باسێک هەبوو کە لە کاتی داڕشتنەوەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ دەستکاریی ئەو بڕگەیە کراوە و دەرباز بووە بە سەر لایەنی کوردستانی، کە زانرا هەروەکو چەند بەرزە لێپرسراوی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی لە بەغدا و لە هەرێم رایان گەیاند، گوایە ئەو (فێڵە) چارەسەر کرا. کەچی جەنابی (بریکار) دەڵێت (لە ئەنجوومەنی وەزیران چارەسەر نەکراوە). یان ئەگەر یاسایە و ئەنجوومەنی نوێنەران پەسندی کردووە، بۆ دەبێت نووسراو لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بڕوات بۆ پەرلەمانی العراق..؟ ئەگەر وایە بۆ ئەم کێشەیە بەدرێژاییی نزیکەی یەک ساڵ چارەسەر نەکراوە...؟ ئەم کێشەیە یاسایی و حقوق و ئیستحقاقاتی توێژێکی هەژار و هێما و گرینگیی هەرێمی کوردستانە، هەر ئەمەش کراوە بەهۆکاری ئەوەی کە یارمەتییەکانیان هەرچەندە (لە سنووری نیوەی یارمەتیی سەربازێکی سەر بەناوەندە)، دوو سێ مانگ دوا دەخرێت. بۆ دەبێت پێشمەرگەیەکی هەژار دوو تا سێ مانگی چاوەڕوانی یارمەتییەک بێت یان بۆ دەبێت جیاوازی هەبێت لە یارمەتییەکان، لە کاتێکدا سەرانی کورد و بەرزەلێپرسراوانی کۆکن لەسەر ئەوەی کە کێشەی پێشمەرگەی کوردستان چارەسەر کراوە..؟ ئەگەر چارەسەر کراوە بۆ بودجەکەی وای لێ بێت و دواخستنی ئەو بڕە پارەیە و سوودی مانگانەی چەندە و کێ لێی بەرپرسیارە..؟ هەر بۆ نموونە ئەگەر ژمارەی پێشمەرگەی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار وەکو دیار کراوە (١٩٠) هەزار (پ.م) بێت و هەر پێشمەرگەیەک یارمەتیی مانگانەی وەکو سەربازێکی

ناوەند بێت کە کەمتر نییە لە (٥٠٠) دۆلار، ئەوە مانگانە ئەم بەشە دەکاتە (٩٥) ملیۆن دۆلار یەک ساڵ نزیکەی (١,٢) ملیار دۆلار. ئەگەر خەرجی تری بخرێتە سەر وەکو (دەرماڵە و خۆراک و جل و تفاق و کەرەسەی سەربازی.. هتد) سنووری (٢) ملیار دۆلارە دەرباز دەکات. ئەمەش لە سنووری (یەک لەسەر سێ)ی بودجەی ساڵی (٢٠٠٧)ە کە دەبووایە لەلایەن حکوومەتی ناوەندەوە تەحویلی هەرێم بکرایە.! ئەم برە پارەیە کەم نییە و ئەمە وەزیفەی بەرزەلێپرسراوانی کوردستانە لە هەرێم و لە ناوەند وەڵامی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بدەنەوە هەم لەم مامەڵەیە و هەم لە چارەنووسی ئەوە برە پارەیە و سوودەکەی و هەم لە کێشەی دواخستنی سەرفکردنی یارمەتیی پێشمەرگە بەو شێوەیە کە هەیە.. یەک ساڵ بودجەی پێشمەرگە لە نێوان ناوەند و هەرێم بزرە و ئاوها مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، لە دوا چرکەکانی ساڵدا وەبیریان دێتەوە و باسی دەکەن. سەیر لەوەدایە: دەسەڵاتدارانی هەرێم حکوومەتی ناوەند تاوانبار دەکەن. حکوومەتی ناوەندیش هەرێم و، پێشمەرگە و هەژارانی کوردستانیش تاوانباری هەردوولا دەکات..!

هەر وەکو سەرانی کورد هەردەم جەخت و شانازیی پێوە دەکەن: کە لە (العراق)ی هیوا و ئاشتی، کورد رۆڵی کاریگەری هەیە هەم لە دامەزراندنەوەی و هەم لە بەڕێوەبردنی. ئەوە نییە لە خوا بەزیاد بێت: سەرکۆماری (العراق) کوردە و وەزیری دەرەوەی (العراق) کوردە و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی (العراق) و بەرپرسیاری مەلەفی ئابووری لەنێو ئەو ئەنجوومەنە کوردە و جێگری سەرۆک پەرلەمانی (العراق) کوردە، ئەوە باسی (وەزیر و کزیر و نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە بەغدا... تاد) ناکەین. هەندێکی تری بەرپرس و (تازە خواپێنەداوەکانی کورد) ئەوەندە گەشبین ئیدی هیچ گیروگرفتێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نابینن و سوورن لەسەر ئەوەی کە (کێشەی کورد لە (العراق) حەل بووەوە و ئەوە نییە کورد حوکمڕانی العراقیش دەکات..!)، دەڵێین بەهەموو ئەو (الالقاب الکبیرة والالفاظ الجمیلة)ی ئەوانە، کەچی لایەنی فەرمیی کوردستان نازانێت: حکوومەتی (العراق) یەک

بەرمیلی نەوت بەچەند دۆلار دەفرۆشێت و داهاتی نەوتی (العراق) چەندە و لە کاتی دانانی بودجەی (العراق) ساڵی ٢٠٠٨ بەهەرێمی کوردستانیشەوە، نەک حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاگەدار نەکراوەتەوە، بەڵکو بریکاری وەزیری دارایی (العراق) کە کوردە و نوێنەری لیستی کوردستانییە، بێ ئاگایە لەم کەینوبەینە، هەروەها کە بەشی هەرێم لە میزانییەی گشتیی ساڵی ٢٠٠٨ بە رێژەی (٣٥٪) کەم کراوەتەوە بێ ئاگان، هەر وەکو بریکاری وەزارەتی دارایی هەرێم دەڵێت: (هەموو ساڵێک شاندی حکوومەتی کوردستان لەباری بودجەی گشتی و بودجەی کوردستان دەچووە بەغدا و لەوێش گفتوگۆی دەکرد، بەڵام ئەمساڵ بانگیان نەکردین و بەخۆیان رێژەکەیان دەستنیشان کرد (مەبەست٣٥٪)ەکەیە.. ئەگەرچی بریکاری وەزارەتی دارایی عێراقی فیدراڵ کوردە، بەڵام لە گفتوگۆیەکاندا (دانانی بودجەی گشتیی العراق) بەشدار نەبوو، ئامادە نەبوو، لە رێگەی ئەوەوە ئاگەدار نەکراوین)..!

ئەوە چوار ساڵە دەسەڵاتدارانی ناوەند و هەرێم بەدروستی بەشی هەرێمیان لە بودجەی کۆماری العراق دیاری نەکردووە هەر وەکو بریکاری وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان دەڵێت: (چ قانون و رێکخستنێک لە بەغدا نییە بۆیە هەموو ساڵێک گرفت روو دەدات. هەر ساڵێکش لە بەغدا بەهەر هۆیەک گرفتمان بۆ دروست دەکەن.. ئەوان بەئارەزووی خۆیان شت زیاد و کەم دەکەن. پێویستە رێککەوتنێک لە نێوان حکوومەتی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ بکرێ.... تا ئێستا قانوونێک دەرنەچووە لەباری داهاتەوە هەروەها وتی (ساڵی ٢٠٠٧ رێککەوتنێک لەسەر ئەوە کرابوو بودجە لەسەر داهات بدرێتە کوردستان واتە داهاتی هەموو عێراق بچێتە یەک جێگە و لەوێ ١٧٪ی بۆ کوردستان تەرخان بکرێت، ئەمە لە داهاتی فیعلی.. کە چووینە بەغدا بەهۆی کەمکردنەوەی ئەو برە پارەیە، ئەوان وتیان: ئێمە ئەو برە پارەیە لەسەر داهاتی ئەمساڵی نەوت بە ئێوە دەدەین و داهاتی نەوتیش ئەوەندەیە. داهاتی تری خۆشتان بۆ خۆتان و هی خۆمان بۆ خۆمان، بۆ زانیاریش ١٠٪ داهاتی ئەمساڵیش هی پێوەندییەکانە (اتصالات) کە نزیکەی ٣ ملیار و ٧٥٠

ملیۆن دۆلار بووه و لە ٢ کۆمپانیای مۆبایل وەرگیراوە و لە کوردستان..).

لەنێو قسەکانی بریکاری وەزارەتی دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چەند راستییەکمان بۆ دەردەکەوێت:

سەبارەت بەباری ئابووری و بودجە، دەستووری هەمیشەیی (العراق) بە روونی دیاری کردووە وەلێ دیارە تاکو ئێستا لایەنی کوردستانی نەیانکردووە بەکێشەی خۆیان و ئامادە نەبوونە یەکلایی بکەنەوە لەگەڵ ئەو بێ ئیلتیزامییەی ناوەند.

وەکو پرەنسیپ (١٧٪)ی بودجەی (فیعلی)ی کۆماری (العراق) پێشنیاز کراوە بۆ هەرێمی کوردستان. واتە پاش ئەوەی داهاتی العراق مەزەندە و دیاری دەکرێت (بودجەی فیعلی). وەکو زانراوە (٥٪)ی ئەو بودجەیە تەرخان دەکرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی تاوانەکانی رژێمی سەدام دەرهەق بە کوێت و ئێران و قەرزەکانی ئەو رژێمە، بەشێکی تری بۆ (سوود = فائدة)ی قەرزەکانی (پۆل بریمەر) سەبارەت بە(سندات)ی خەزێنەی ئەمەریکا یان بانکی نێودەوڵەتی، هەروەها بەشێکی تر لە (بودجەی فیعلی) تەرخان دەکرێت بۆ خەرجیی سالانەی داوودەزگا سیادییەکانی کۆماری (العراق) کە ژمارەیان لە بیست دەسەلات و دەزگا و هەیئاتی سەربەخۆ زیاترە، لەوانە: (سەرۆکایەتیی کۆمار. سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران. ئەنجوومەنی نوێنەرانی (العراق). وەزارەتی دەرەوە. وەزارەتی بەرگری. گشت دەزگا ئیستیخباراتی و سیخوڕییەکانی (العراق).. دەیان هەیئات و دەزگای سەربەخۆ وەکو هەیئەتی نەزاهەت و موفەوەزیەتی بالای هەڵبژاردنەکان و هەیئەتی بنبڕکردنی بەعس. دادگەی بالای تاوانەکانی العراق. هەیئەتی مونازەعاتی موڵکداریی زەویوزار. هەرچی خەرجی پێوەندار هەیە بەکۆنگرە و دانوستاندن و کۆڕ و کۆبوونەوەی دەسەلاتی ناوەند لە ناوەوە و لە دەرەوە.. تاد). ئەوەی دەمێنێتەوە (١٧٪)ی بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان دەکرێت. لە قسەکانی (رەشید تاهیر) دەردەکەوێت کە ناوەند (١٣٪)ی بودجەی فیعلی بۆ کوردستان حیساب دەکات، ئەمەش ناگونجێت لەگەڵ تەفاسیلی ئەو چەند زانیارییانەی کە لەسەر

بودجەی ناوەند هەیە و باس کرا، چونکە تەنیا قەرەبووکردنەوەی قەرزەکان (٥٪) بودجەی العراق پێک دێنێت. واتە (٢,٤) ملیار دۆلار. ئەگەر ئەم ڕێژەیە (٥٪)ە، خەرجە سیادییەکانی لێ دەربکەین، ئەوە ڕێژەی فیعلی لە بودجەی گشتیی ناوەند کە تەرخان دەکرێت بۆ هەرێم دەبێت لە (١٣٪) کەمتر بێت. دوور نییە ڕێژە فیعلییەکەی هەرێم لە نێوان (٨-١٠٪)ی بودجەی فیعلیی کۆماری العراق بێت. جا نازانین ئەو (٥٪)ی بودجەی ناوەند کە تەرخان کراوە بۆ قەرەبووکردنەوەی تاوان و قەرزەکانی ڕژێمی سەدام، سڕاوەتەوە، نەماوە، یان قسەکانی بریکاری وەزارەت دروست نییە و لەگەڵ تەفاسیلی خەرجیی (قەرزەکان و سیادییەکان) تەبا نین..؟

بەپێی لێدوانەکی بریکاری وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان، بودجەی العراق لەسەر داهاتی نەوت مەزەندە کراوە و دەڵێت نرخی یەک بەرمیل نەوت بە(٥٠) دۆلار دانراوە، ئێستا نرخی یەک بەرمیلی نەوت لە ٨٠-٩٠ دۆلار زیاترە گەیشتە (١٠٠ دۆلاریش). داهاتی العراق بۆ ساڵی ٢٠٠٨ لە سنووری (٤٨) ملیار دۆلار مەزەندە کراوە. هەروەها بەرهەمی دەرهێنانی نەوت لە العراق تاکو ئەمڕۆ، هەر وەکو سەرچاوە فەرمییەکانی العراق و ڕێکخراوی (ئۆپیک) رایان گەیاندووە، لە سنووری (٢) ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانەیە. دیارە لە سنووری (٥٠٠) هەزار بەرمیل لە بەرهەمە ڕۆژانەکەی ئەم وڵاتە تەرخان کراوە بۆ ئیستیهلاکی (ناوەخۆ) و (١,٥) ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە بۆ ناردنە دەرەوەیە واتە بۆ فرۆشتن. ئەگەر هاتوو وا مەزەندە بکەین هەر هەموو ئەو (٢) ملیۆن بەرمیلەی ڕۆژانەی نەوت دەنێردرێتە دەرەوە بۆ فرۆشتن، هەر بەرمیلێکیشی بە (٥٠) دۆلار حیساب کرابێت، ئەوە کۆی گشتیی بڕە پارەی نەوت ڕۆژانە دەکاتە (١٠٠) ملیۆن دۆلار. مانگانە (٣) ملیار دۆلار و ساڵێک (٣٦) ملیار دۆلار. واتە حیسابکردنی نرخی یەک بەرمیلی نەوت بە (٥٠) دۆلار لەگەڵ بڕە پارەی بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ کە مەزەندە کراوە زیاتر لە (٤٨) ملیار دۆلار جووت نییە..! خۆ ئەگەر تەنیا حیسابی (١,٥) ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانەی نێردراوەی دەرەوە بکەین ئەوە داهاتی نەوتی مەزەندەکراوی ساڵی ٢٠٠٨

دەکاتە (٢٧) ملیار دۆلار، ئەمەش جیاوازییەکی یەکجار گەورەیە!

(ڕەشـــید تـاهیــر) دەڵێت (بۆ زانیــاریش ١٠٪ داهـاتی ئەمـــســاڵیش هی پێوەندییەکانە (اتصالات) کە نزیکەی ٣ ملیار و ٧٥٠ ملیۆن دۆلار بووە و لە ٢ کـۆمـپـانیـای مـۆبایل وەرگیـراوە و لە کـوردسـتـان...). ئێـمـەومـانان لە ڕاگەیاندنەکانی کوردستان و (العراق) و بیـانییـەکان و لەسەر زاری خودی وەزیری گەیاندنی حکوومەتی ناوەندیی بەغدا گوێبیستی ئەوە بووین کە:

وەزارەتی گـەیاندنی ناوەندیی بەغـدا پاش مشـتـومڕ و بەرگرییـەکی زۆر، گرێبەستێکی ئیمزا کردووە لەگەڵ (٣) کۆمپانیای مۆبایل (الاپیر و ئاسیاسێل و کۆڕەک) بە (٣) ملیار و (٧٥٠) ملیۆن دۆلار. بەشی هەر کۆمپانیایەک (١) ملیـار (٢٥٠) ملیـۆن دۆلارە، بەپێی ئەم گـرێبـەسـتـە ئەم (٣) کـۆمـپـانیـایە مۆنۆپۆلی پێوەندیی تەلەفۆنی مۆبایلیان لە سـەرتاسەری کۆماری (العراق) بۆ ماوەی (١٥) سـاڵ کردووە. باوەڕ ناکەم ئەو (٣) کۆمپانیایە پێشـەکی و کاشی ئەو بڕە پارەیەیان دابێت بە وەزارەتی گـەیاندن یا وەزارەتی ئابووریی (العراق) تاکو بخرێتە بودجەی سـاڵی ٢٠٠٨ەوە. بەڵکو تەنیا حیسابی (قیستی سـاڵی ٢٠٠٨) لە بـودجـەی ئـەو سـاڵە دەکـرێت، ئەگـەر مـەبەست لە داهـات و باج و رسوماتی ئەو کۆمپانیایانە بن ئەوە خۆ:

دوو لەو (٣) کۆمپانیـایە لە هەرێمی کوردسـتـانن و ئەوە زیاتر لە (٥) سـاڵە مـۆنـۆپـۆلی بازاڕی هـەرێمـیـــان کـردووە، هەردوو وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردسـتان و هـەردوو وەزارەتی پێشـووی گـەیاندنی جـارانی هـەرێم (وەزارەتی گـەیاندنی یەکگرتووی ئێسـتـا)، بەرپرسـیـارن لـە وەرگرتنی باج و رسـومـات و چاودێریی کاروباری ئەم دوو کۆمپانیا زەبەلاحەی بازاڕی هەرێم و (العراق).

ئەگەر مـەبەسـتی جـەنابی بریکار ناڕاسـتـەوخۆ ئەو کێشـەیەیە کە لە نێوان کـۆمـپـانیـای (مـۆبایلی کـۆڕەک) و وەزارەتی ناوەندیی بەغـدایە سـەبارەت بەچۆنیـەتیی دەفـعکردنی ئەو (١) ملیـار و (٢٥٠) ملیـۆن دۆلارە، کـە لەسـەر (کۆڕەک)ە و وەکو پرەنسیپێک ئەو بڕە پارەیە کراوە بە (اقسـات) چ بەمانگانە یان بە وەرز یان بەسـاڵ لەسـەر (کۆڕەک)ە دەفـعی کـات بۆ وەزارەتی ئابووریی

(العراق). وەکو زانراوە (لەبەر هەر هۆیەک بێت) کۆڕەک ئەو (قیستانەی) دواخستووە یان لە کاتی خۆی وەکو پێویست دەفعی ناکات. وەزارەتی ناوبراویش بڕیاری داوە ئەگەر (کۆڕەک) بەردەوام بێت لەسەر ئەو رەفتارە، ئەوە ناچار دەبن یان ئیجرائاتی یاسایی دژی پیادە بکەن یان ئەو (قیستانە) لە بودجەی هەرێمی کوردستان دەبڕن. ئەگەر ئەم جۆرە مشتومڕ و باسانە راست بن، ئەوە ناهەقییەکی گەورەیە ناوەند دژی خەڵکی هەرێم ئەنجامی دەدات، بڕینی ئەو بڕە پارەیە لە بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەم نایاساییە و هەم لەدەستدانیەتی، چونکە چی زەمان نییە (کۆڕەک) ئەو بڕە پارەیە تەسلیم بە وەزارەتی دارایی یان گەیاندنی هەرێمی کوردستان بکات. دوور نییە بەپێی لاساییکردنەوە و چاو لە چاوبڕکێ (ئاسیاسێڵ) هەمان هەڵوێست وەربگرێت. مەعلوومیشە هەردوو کۆمپانیاکە کۆمپانیایەکی ئاسایی نین و هەردوو لە هەرێمی کوردستان سەر بەلووتکەی دەسەڵاتن و لەلای ئەوانیشەوە پشتگیری دەکرێن واتە (مودەرەع)ن!

(٩٦- ٩٨٪) - بودجەی کۆماری (العراق) سەرچاوەکەی داهاتی نەوتە. ئەو بودجەیەی کە لە ناوەندەوە دیاری کراوە بۆ هەرێم وەکو بودجەی ساڵی ٢٠٠٨، تەنیا بەشی هەرێمە لەو داهاتە، هەر وەکو لە لێدوانەکەی بریکاری وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستاندا هاتووە کە لە بەغدا پێیان وتن (ئێمە ئەو بڕە پارەیە لەسەر داهاتی ئەمساڵی نەوت بەئێوە دەدەین و داهاتی نەوتیش ئەوەندەیە. داهاتی تری خۆشتان بۆ خۆتان و هی خۆمان بۆ خۆمان). هەرێمی کوردستانیش داهاتی نەوتی هەیە. وەلێ ئەو داهاتە هەر وەکو داهاتەکانی تری ئەم هەرێمە پەردەپۆش کراون لە راگەیاندن و خەڵکی کوردستان. بۆیە دیسان ناچار دەبین پشت بەچەند زانیارییەک ببەستین کە لە چەند سەرچاوەیەکی ئاگەدار گەیشتووەتە راگەیاندنەکان و بە (مەزندە) باسی ئەم لایەنە بکەین. ئەوەی تاکو ئێستا مەعلوومە لە هەرێم (دوو کێڵگەی) نەوت بە فەرمی راگەیەندراوە و بەرهەمیان هەیە. یەکەم: بیرەکانی (شیواشۆکە) کە بۆ زیاتر لە ٨ ساڵ دەچێت بەرهەمی هەیە چۆنە و چەندە بەفەرمی حکوومەتی

هەرێم دیاری نەکـردووە. دووەمــیــان: (کـێـڵـگەی زاخـۆ)یە، لـە ڕێگەی چەند لێدوانێکی لێـپرسـراوانی کۆمـپـانـیـای (DNO)ی نەرویجی گوایە لە هاوینی ئەمـسـاڵەوە بەشـێـوەیەکی (تجاري) سـەرقـاڵی دەرهێنانی نـەوتن و ڕۆژانە لە سنووری (٢٠) هەزار بەرمیل بەرهەمیانە. چەند جار ئەم هەواڵە بەشێوەیەک لە شــێــوەکــان چەند بەرپرســێکی حکوومــەتی هـەرێم دووپاتیــان کــردەوە. گرێبـەسـتی نێوان حکوومـەتی هـەرێمی ئەودەم (ئیدارەی هەولێر) و ئێسـتـای یەکگرتوو لـەگەڵ کۆمـپـانـیـای (DNO)ی نەرویجی لەســەر ئەسـاسی (مشاركة الانتاج)ە، کاتی خۆی لە ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) و (خەبات) و چەند سەکۆیەکی تری ڕاگـەیاندنی ناوەوە و دەرەوەی کـوردسـتــان، باسی چەند لایەنێکی ئەو گرێبەستانەمان کرد کە هەردوو ئیدارەی ئەودەم (سلێمانی و هەولێر) لـەگەڵ کـۆمـپـانـیـاکـانی (تورک و بیـانـیـەکـانی تر) ئیـمـزایان کـردووە، بە تایبـەتی شـاردنەوەی ناوەڕۆکیـان لە دەزگا پێوەنداره فـەرمی و مـەڵبـەندەکانی بڕیار و خـەڵکی کـوردسـتـانیش، چونکە بەهەمـوو پێـوەرییـە، نـەوت و گـاز کـاڵایەکی ستراتیـجییە و چارەنووسسازە بۆ خـەڵکی کوردستان و کێشـەی کورد ناکرێت بەسـادەیی و بەچاوی بزنس و قازانجی تایبـەتی و چڵێسـانە مـامـەڵەی لەگەڵ بکرێت. جگە لە کــار و کـاردانەوەی لایـەنە نەتـەوایەتی و نیــشــتــمــانی و سیاسییەکەی ئەو گرێبەستانە، ئەوەی دوای ئەوانەش ئیمـزا کراون، لایەنێکی هونەری و یاسایی و ئابووریی هەیە (لە دەرفەتێکی نزیکدا بەتەفسیرتر باسی ئەو لایەنانە دەکەین)، وەلێ لەم دەرفەتە تەنیا ئاماژە بە دوو لایەنی دەکەم.

یەکەمیان: جۆری گرێبەستەکانە (مشاركة الانتاج)ە. ئەمەش گرێبـەستێکی کـلاسـیکی و بەسـەرداچوو و کـۆنی کـەرتی پیـشـەسـازیی نـەوتی سـەردەمی پەنجـاکـان و شـەسـتـەکـانی سـەدەی ڕابردووە، ئەویش لە هەندێ وڵات کـە شیمـانەی دۆزینەوە و خـەرجیی گەڕان و دەرهێنانی نەوت یەک جـار زۆر بایە. پرەنسیپە سەرەکییـەکانی ئەوەیە کە کۆمپانیا هەڵدەسێت بەدوای گەڕان و دەرهێنانی نەوت لەو سنوورەی کە بۆی دیاری کراوە. پاش دۆزینەوەی نەوت لە ئاستی (بازرگانی) واتە جۆر و قەوارەی نەوتەکەی.. هتد، کۆمپانیاکە گشت

خەرجیی خۆی بەنەوت یان پارە دەگەڕێنێتەوە، حکوومەتیش (ریع)ی خۆی هەڵدەگرێت بەهەمان شێوە، سافیی بەرهەمەکەش دابەش دەکرێت (٥٠) بە (٥٠) لە نێوان حکوومەت و کۆمپانیاکە. ئەم جۆرە گرێبەستانە بۆ وڵاتێکی وەکو (العراق) و کوردستان و بۆ نەوتێک وەکو نەوتی کوردستان و (العراق) دەبێت لە چوارچێوەی (موحەرەمات)دا بێت، چونکە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی (العراق) مەسح کراون و شیمانەی بوونی نەوتیان تێدا مسۆگەر کراوە بەشێوەیەکی (تجاری) و بە کولفەیەکی یەکجار هەرزان، هەروەها بە چۆنایەتییەکی باش و نایاب و چەندایەتییە زۆریش....

دووەمیان: لایەنە ئابوورییەکەیەتی: ئەوەی پێوەندیی هەبێت بەباسەکەمانەوە وەکو مەعلوومە، (٩٦-٩٨٪) بودجەی کۆماری (العراق) سەرچاوەکەی داهاتی نەوتە. ئەو بودجەیەی کە لە ناوەندەوە دیاری کراوە بۆ هەرێم وەکو بودجەی ساڵی ٢٠٠٨، تەنیا بەشی هەرێمە لەو داهاتە، هەر وەکو لە لێدوانەکی بریکاری وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، (ئێمە ئەو برە پارەیە لەسەر داهاتی ئەمساڵی نەوت بەئێوە دەدەین و داهاتی نەوتیش ئەوەندەیە. داهاتی تری خۆشتان بۆ خۆتان و هی خۆمان بۆ خۆمان). هەرێمی کوردستانیش، هەر وەکو لە سەرەوە باسمان کرد، داهاتی نەوتی هەیە. ئەوەی (شیواشۆک) زانیاریی ئەوتۆی لەسەر نییە، وەلێ ئەوەی (زاخۆ) و بەپێی چەند لێدوانێکی کاربەدەستانی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی و سەلمێندراو لەلایەنی هەندێ کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم رۆژانە لە سنووری (٢٠) هەزار بەرمیل بەرهەمی هەیە (ئابی ٢٠٠٧ - دوور نییە زیادی کردبێت).

واتە مانگانە (٢٠٠٠٠ × ٣٠) = ٦٠٠٠٠٠ بەرمیل و ساڵانە (٦٠٠٠٠٠ × ١٢= ٧٢٠٠٠٠٠ بەرمیل. نرخی یەک بەرمیلی نەوت بۆ کۆتایی ئەمساڵ مەزەندە دەکرێت بگاتە (١٠٠) دۆلارە. (٧٢٠٠٠٠٠ × ١٠٠) = (٧٢٠٠٠٠٠٠٠) دۆلار واتە (٧٢) ملیۆن دۆلار. لەم کۆگشتییە پێش دابەشکردنی لە نێوان کۆمپانیا و حکوومەتی هەرێم دووبڕە پارە یان نەوتی لێ دەردەکرێت: ١- (ریع)ی حکوومەت کە بەپێی پرەنسیپەکان (١٢٪)ی کۆی گشتیی بەرهەمی

نەوتەکەیە (هەرچەندە وەکو زانراوە ئەم ڕێژەیە لە گرێبەستە کۆن و نوێکانی هەرێم کەمترە لەو پرەنسیپە)، ئەو بەشە بەپارە دەکاتە (٧٢٠ 12%) = ٨٦,٤ ملیۆن دۆلار. ٢- دەرکردنی خەرجیی کۆمپانیاکەیە لە دەستپێکەوە تاکو دەرهێنانی: خەرجی یەک بەرمیل نەوت بەگشتی لە (العراق) و لە کوردستان زۆر کەمە، مەزەندە دەکرێت لە نێوان (١-٣) دۆلار. با ئێمە (٣) دۆلارەکە دابنێین وەکو حەدی بالآ (٧,٢) ملیۆن بەرمیل 3 دۆلار= ٢١,٦ ملیۆن دۆلار. (بڕە پارەی ریع)ی حکوومەت + بڕە پارەی خەرجیی کۆمپانیا دەکاتە: (٨٦,٤+ ٢١,٦)= (١٠٨) ملیۆن دۆلار. ئەوەی دەمێنێتەوە دابەش دەکرێت لە نێوان حکوومەتی هەرێم و کۆمپانیای DNO بە (٥٠ بە ٥٠): ٧٢٠ ملیۆن دۆلار ١٠٨ ملیۆن دۆلار = ٦١٢ملیۆن دۆلار ÷ ٢= ٣٠٦ ملیۆن دۆلار بەشی هەریەک لە حکوومەت و کۆمپانیاکە. واتە بەشی گشتیی حکوومەتی هەرێم: (٨٦,٤+ ٣٠٦) = ٣٩٢,٤ ملیۆن دۆلار. بەشی گشتیی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی (٢١,٦) + ٣٠٦) = ٣٢٧,٦ ملیۆن دۆلار. تەماشای بەشی کۆمپانیاکە بکەن لە یەک ساڵ بەو بەرهەمەی کە ئاماژەمان بۆ کرد و بەدانانی حەدی بالآی کولفەی بەرهەمهێنان (٣) دۆلار، واتە سوودی یەک دۆلار (٤٠٪)ە دووریش نییە دوو ئەوەندە بێت. بەمەش دەردەکەوێت گرێبەستی (مشارکة الانتاج) چەند زەرەرگەیێنە بەداهاتی خەڵکی کوردستان بەهەر پاساوێک بێت. ئەگەر نەوتی (شیواشۆک)یش ساڵانە ئەوەندە بەرهەمی هەبێت ئەوە تەنیا لەم دوو پڕۆژەیە ساڵانە لە سنووری (١) ملیار دۆلار داهاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. وەکو باس دەکرێت نەوتی شیواشۆک پاش پاڵاوتنی تێکەڵی نەوتی تر دەکرێت و لە بازاڕی هەرێم دەفرۆشرێت. هەروەها نەوتی (کێڵگەی زاخۆ)یش لە ڕێگەی چەند ئامرازێکی پاڵاوتنی بچووک لە هەرێم تێکەڵ دەکرێت و پاشماوەکەش دەفرۆشرێت بۆ کوورەخانەکان و کارخانەی تاسڵوجە وەکو سووتەمەنی بەکار دێت.

حکوومەتی ناوەندیی بەغدا بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ی لەسەر ئەساسی داهاتی نەوت داناوە، بەو پێیە ئاگەداری شاندیی هەرێمی کوردستانیان

کـردووەتەوە کـە هەر لەسـەر ئەوە بنەمـایە بودجـەی هەرێمی کـوردسـتـانیـان داناوە، لەم بارەیەوە (بریکار) دەڵێت: ئەوان وتیـان ئێـمـە ئەو پارەیە لەسـەر داهاتی ئەمسـاڵی نەوت بەئێوە دەدەین و داهـاتی نەوتیش ئەوەندەیە و داهاتی تری خۆشتان بۆ خۆتان و هی خۆمان بۆ خۆمان.). با هەندێ ورد بینەوە لە دوا رسـتـەی ئەم پەرەگـرافـە واتـە (داهـاتی تری خـۆشـتـان بۆ خـۆتان و هی خۆمان بۆ خۆمان):

تاکو ئێستا خەڵکی کوردستان و دەزگا پێوەندیدارەکان وەکو حکوومەت و پەرلەمـان و بگرە زۆربەی زۆری ئەندامـانی سـەرکـردایەتیی هەردوو حـزبی دەسـەڵاتدار و ناوەندەکـانی بڕیار و دەزگـای راگـەیاندن.. هتـد، بێ ئاگـان لە داهاتی گشتیی کوردستان بە سەرچاوە و تەفاسیلی دابەشکردن و چۆنیەتیی خــەرجکردنی، جگە لەوەی کــە لەم یەک دوو ســاڵەی دواییــدا، لە رێگەی دەزگاکانی ناوەند و راگەیاندنەکان هەندێ بەتەفسیل باسی بودجەی گشتی و بەشی هەرێم و هەندێ لایەنی تری ئەو داهاتە دەکـرێت. یان کــەناڵەکــانی راگەیاندنی ئیقلیمی و جیهانی لێرە و لەوێ جاروبار ئاماژە بەداهاتی هەرێمی کوردستـان دەکـەن. زۆرجار زۆر بەرز و هەندێ جار کـەمتـر. واتە هاووڵاتیی کوردستـان بەتایبەتی لە تەفسیلی سـەرچاوە و قـەوارەی داهاتی هەرێمەکەی بێ ئاگایە و لەژێر پاڵەپەستۆی راگەیاندنی بیانی و هاتوهاواری ناوەخـۆدایە. (داهـاتی تری خــۆشــتــان بۆ خــۆتان ئەوە دەگـەیەنێت کـە باج و رســوومی خاڵەکانی گومرگی (باشماخ و پەروێزخان و مونزرییە و حاجی ئۆمەران و ئیـبـراهیم خـەلیل.. هتـد) لەگـەڵ هەمـوو رسـووم و باجی ناوەخـۆی هـەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستـانە و، دەخرێتە سـەر ئەو بودجــەیەی کـە لە بەغـدا دانراوە بـۆ هەرێم. لەبـەرئەوەی هیچ ژمــارەیەکی فەرمی لەسەر ئەو داهاتە لە بەردەستدا نییە و لە چوارچێوەی (موحەرەمات)ە، هەتاکو بۆ زۆر لە دەزگا پێوەندیدارەکانی هەرێم و ئەفرادی حکوومەتیش، ئەوە ناچار دەبین بگەڕێینەوە بۆ ئەو زانیارییانە کە تاکو ئێستا لە راگەیاندنەکان یان توێژینەوەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە دووریش نییە زۆر ورد و جێگەی باوەڕی

نەبن. زۆربەی زۆری ئەو لایەنانە کە باسی ئەم بابەتەیان کردووە بەگشتی داهاتی ناوەخۆی هەرێمی کوردستان ساڵانە لە نێوان (٤-٨) ملیار دۆلار مەزەندە دەکەن، ئەو داهاتەش مانگانە لە بەرزبوونەوەدایە. با هەندێ بە مەوزووعییەتەوە تەماشای ئەو بڕە پارەیە بکەین بڵێین نە (٨) ملیار و نە (٤) ملیاریش با (٤,٥) ملیار دۆلار بێت. ئەگەر ئەم بڕە پارەیە وەکو داهات بخرێتە سەر ئەوەی لە ناوەندی بەغدا دیاری کراوە بۆ هەرێم (٧,٥) ملیار دۆلار، ئەوە دەکرێت داهاتی ساڵی ٢٠٠٨ی هەرێمی کوردستان مەزەندە بکرێت بە (١٢) ملیار دۆلار. دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە جگە لەو دوو سەرچاوەی داهات واتە (ئەو داهاتە کە بودجەی ناوەندی بەغدا تەرخانی کردووە بۆ هەرێم ٧,٥ ملیار دۆلار لەگەڵ باجی داهاتی گومرگەکان و باج و رسووماتی ناوەخۆی هەرێم + بەشی هەرێم لە خەرجە سیادییەکان کە تەنیا بەشی لە بەرگری لە سنووری (٢) ملیار دۆلارە + داهاتی نەوتی ناوەخۆ + سیادییەکانی تر کە مەزەندە دەکرێت بە (١) ملیار دۆلار)، کە هەر ئەمانە مەزەندە دەکرێن بەزیاتر لە (٤,٥ ملیار دۆلار)، جگە لەوانە هەندێ سەرچاوەی داهاتی تری هەرێم هەن بەتایبەتی: ئەو بڕە پارانە کە لە ڕێگەی ئەمەریکاییەکان یان کۆرییەکان یان (INGS)ەوە سەرف دەکرێن لە شارەکانی هەرێم. ئەو بڕە پارانە گوایە بیانییەکان بەناوی (وەبەرهێنان سەرفی دەکەن لە هەرێمی کوردستان)دا و ئەو بڕە پارانە کە جالیەی کوردستانی بۆ کەسوکاری خۆیان دەینێرنەوە یان پڕۆژەی تایبەتی پێ دروست دەکەن.

ئەو داهاتانە بۆ توانای بازاڕ و میکانیزم و ئالیاتی هێزی بەرهەمهێنان و توانای هێزی کاری هەرێم و باری تەکنیکیی وڵاتەمان، ئەگەر بەعەقڵانیەت و لەسەر نەخشە و پلانێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی کاری پێ بکرێت و لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساکان و پرەنسیپی شەفافیەت سەرف بکرێت، ئەگەر زۆر نەبێت کەم نییە و دەتوانرێت بارودۆخی ئەم (٤) ملیۆن کەسەی هەرێمی کوردستان چەند جار لە ئێستا باشتر بکرێت و تەنگژەکانی خزمەتگوزاریی خەڵکی کوردستان باشتر جێبەجێ بکرێت. لێرەدا بەپێویستی دەزانم وەکو

بەراوردێک ئاماژە بە(BNP)ی ساڵی ٢٠٠٦ی چەند وڵاتێکی جیهان بکەم، لە لیستێکی (١٨٣) وڵات، کە بەئەمەریکا دەست پێ دەکات و بە ئەفغانستان کۆتاییی پێ دێت. لەو لیستە (٩٧) وڵات لەسەر گۆی ئەم زەوییە داهاتی ساڵانەی کەمترە لە (١٢) ملیار دۆلار، واتە لە داهاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و، لەنێو ئەو وڵاتانە (ئۆروگوای کە نفوسی زیاتر لە (٣٢) ملیۆن کەسە و (BNP)کەیان (١١,١) ملیار دۆلارە و، یەمەن زیاتر لە ٣٢ ملیۆن کەس و (١٠,٨) ملیار دۆلار و، ئۆزبەکستان (٢٤) ملیۆن کەس و (١٠) ملیار دۆلار، ئوردن زیاتر لە (٥) ملیۆن کەس و (٩,٩) ملیار و، لتوانیا زیاتر لە (٤) ملیۆن کەس و (٩,٧) ملیار دۆلار و، ئازەربایجان (٨) ملیۆن کەس و (٧,١) ملیار دۆلار و، ئەسیوپیا زیاتر لە (٥٥) ملیۆن کەس و (٦,٦) ملیار دۆلار و، نیکەراگوا (٥) ملیۆن کەس و (٤,١) ملیار دۆلار.... هتد)(*). (بڕوانە (gogl) و (klick)ی (BNP) ). لە نێوان ئەو (٩٧) وڵاتانەی کە داهاتیان کەمترە لە داهاتی کوردستان و بەپێی نفووس و پانتایی چەند جار لە هەرێمی کوردستان زۆر و گەورەترن، حکوومەتەکانیان توانیویانە بنەما سەرەکییەکانی خزمەتگوزاری وەکو کارەبا و ئاوی پاک و سووتەمەنی.. هتد، تەئمین بکەن. ڕاستە ژمارەی (ملیۆنێر و ملیاردێرەکانیان) زۆر کەمترە لەوی لای ئێمە وەلێ باری ئابووری بەگشتی خەڵکەکانیان ئاسایی و دادوەریترە..!(*)، (لێرە ئێمە باسی بودجەکانیان ناکەین کە زۆر کەمترە لە (BNP)یەکانیان بۆ نموونە بودجەی وڵاتێک وەکو سووریا ٣,٣ ملیار دۆلارە و ئوردن ٤,٤ ملیار دۆلار... تاد).

(العراق) و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بەقۆناغێکی هەستیار و نائارام و هەڵچوون و داچوونێکی چەندایەتیدا تێ دەپەڕێت و ڕەوتی گۆڕانکارییەکان ئەگەرچی سست دەڕوات و ڕووبەڕووی کۆمەڵێک تەنگوچەڵەمەی جۆراوجۆر دەبێتەوە، وەلێ ڕاناوەستێت.

مامەڵەکردنی بێ بنەما و سیاسەتی ڕۆژ و گەمارۆدان و ئیحتیواکردنی ڕەوشەکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەسەڵات و ئیستیغلالکردنی ئاستی سۆز و

نیشتمانپەروەری جەماوەرو شاردنەوەی ڕاستییەکان، لە غەیری دواکەوتن و کارەسات و لەدەستدانی دەسەڵات و ریسوابوون ئەنجامی تری نەبووە.

گۆڕانکاریش پێویستی بەفەزایەکی تەندروست و ئازاد هەیە، بەکردەوە نەک تەنیا بە قسە و بۆ ئیستیهلاکی ناوخۆ و شانۆگەری و چەواشەکردنی ناوەوە و دەرەوە. ئەمڕۆ لە وڵاتی ئێمە ئازادییەکان لە قاڵب دراون و بەناوی بازاڕی ئازاد ئابووریی وڵات قۆرخ کراوە.

بازاڕی ئازاد فەرهوودکردنی سەروەت و سامانی وڵات نییە. ئابووریی ئازاد یاسا و ڕێسا و داوونەریتی کێبەرکێی خۆی هەیە و ئەوە نییە دەسەڵات و جەمسەر و بوارەکانی لە بازنەی تایبەتی خۆیدا و لە ناوەخۆیدا قەتیس و مۆنۆپۆلی بکات. هیچ وڵاتێک بە پرۆژەی ئیستیهلاکی و خزمەتگوزاری و پشتبەستن بە بێگانە و لاساییکرنەوەی بە رواڵەت، بنەمای ژێرخانی ئابووریی خۆی قایم و مسۆگەر ناکات. بەپێچەوانەوە ناتەندروست و مشەخۆر دەبێت و بەری هیچ جۆرە گرفت و تەنگژەیەکی جیدی ناگرێت. پێوەندیی ئابووری لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کۆماری تورکیا، یەک لەو نموونە سەقەتانەیە کە ئەمڕۆ و دواڕۆژی هەرێمی کوردستانی پێوە گرێ دراوە.

بەو هەموو ئیمکاناتانەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا کە لە بەردەستی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، دەبینین هەر لە پارچە نانێک و تەڕە و میوەجات تاکو دەگاتە سووتەمەنی و هەندێک لە بوارەکانی خزمەتگوزاری چۆن قوفڵ کراوە بەبازاڕی تورکیاوە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو لە ڕێگەی بواری ئابووری، وا کولتوور و داوونەریتی تورک خەریکە لە هەرێمی کوردستان باڵادەست دەبێت. تەنگژەی مانگی رابردوو لە نێوان حکوومەتی تورکیا و هەرێمی کوردستان پەردەی لەسەر لایەنێکی گرینگی ئەو پێوەندییە ئابوورییە سەقەتەی هەڵدایەوە و جادەی کوردستانی وروژاند و هەیبەت و ئەدائی حکوومەتی خستە سەرسنگی مەحەک.

پێش ئێستا لە نووسینێکماندا، سەبارەت بەئاسایشی نەتەوایەتیی کوردستان، وەکو پرسیار وەڵامێک بۆ ئەو کاربەدەست و بەرزەلێپرسراوانی

هەرێمی کوردستان کە زۆریان زۆر بەگەرمی جەختیان لەو لایەنە دەکرد و زۆریش گەشبین بوون و هەرێمی کوردستانیان کردبووە (شامی شەریف)، وتمان:

با هەموو ئەو لێپرسراو و خەڵکی کوردستان رۆژانە تەماشای سفرەی نانخواردنی خۆیان بکەن و بزانن:

نان و چا و پەنیر و ماست و کەرە و سەوزە و میوە و برنج و ڕۆن و ساوەر و نیسک.. تاد و بەئاوی (حیاة)یشەوە بەرهەمی کوردستانە یان دەرەوەی کوردستان...؟؟ باشە وتمان:

ناچارین لە دەرەوەی کوردستان ئیستیراد کراون، ئەوجا بپرسین:

سەرچاوەی ئەو کالاّنە کوێیە و لە کوێیەوە داخلی کوردستان دەبێت.؟ دیسان ناچار دەبین بڵێین چی بکەین ئەوە جوگرافیای هەرێمی کوردستانە و ئەو سەرچاوانە (تورکیا و سووریا و ئێران)ن و ئەگەر بەداگیرکەر و دوژمنی بەشێکی کورد و کوردستان دایاننەنێین ئەوە ناکەونە بازنەی ئەو وڵاتانەیش کە کەیفیان بە کورد و کوردستان دێت و چاویان هەڵنایەت بەئەزموونی باشووری کوردستان. تاکو ئێرەش ناچار با بڵێین باشە با وابێت، وەلێ دەبێت پرسیارێکی تریش لە خۆیان بکەن:

ئەوە ئەو کالاّیانە ئیستیراد دەکرێت، سەرچاوەکانی وڵاتانێکی دۆستی ئەم هەرێمە و ئەزموونەکەی نییە، باشە ئەی سەرچاوەی ئەو پارەیە کە ئەو کالاّیانەی پی تەئمین دەکرێن و هێزی کڕین دەدات بە هاووڵاتییانی ئەم هەرێمە لە کوێیەوە دێت و بەدەستی کێیە..؟ بێگومان وەلاّمەکەی حازرە: لە بەغداوە دێت و بەدەستی زۆرینەی (عەرەب)ە..!

جا ئەگەر حکوومەتێک یان کۆمەڵگەیەک نەتوانێت ئاسایشی خۆراکی هاووڵاتییانی مسۆگەر بکات، هەق نییە لاف و گەزافی تەئمینکردنی ئاسایشی نەتەوایەتیی پێ بدات، بەتایبەتی لە قەوارەیەکی فاشیل و گەندەڵدا.

هەر بۆ زانیاری: پێش ماوەیەک دوو رێکخراوی نێودەوڵەتی (رێکخراوی

ئاشتی) و (ڕێکخراوی شەفافیەت) و، بە دوو ڕاپۆرتی جیاجیا، کۆماری (العراق)ی هیوا و ئاشتییان دانابوو لە ریزبەندیی وڵاتانی گەندەڵکار و فاشیل، وەکو مەعلوومیشە (هەرێمی کوردستان) بەپێی دەستووری هەمیشەیی بەشێکە لەم (العراق)ە.

ئەگەر مەترسییەکانی گەندەڵی و هۆکارەکانی دەوڵەتی فاشیل لە مەترسییەکانی تیرۆر و گرژیی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی زیاتر نەبێت، ئەوە کەمتر نییە و لە نێوان هەموو لایەنەکانی گەندەڵیی ئەم هەرێمە، گەندەڵیی ئابووری لە لووتکەیە و هەر ئەو گەندەڵییە وای کردووە کە ئەوە بۆ (١٦) ساڵ دەچێت هەرێمی کوردستان بازاڕێکی مشەخۆر و پاشکۆ و کراوە و مەیدانێکی تەسریفکردنی کاڵای ئیستیهلاکی و دەروازەیەکە بۆ هەڵهاتن و دەرچوونی بەشێکی گەورەی داهاتەکەی، دوور لە چاودێری و کۆنترۆڵ. ئەو پاشکۆیی و مشەخۆرییە وای کردووە نەک ناتوانێت لە تێکەڵی وابەستە و گەندەڵیی ناوەوە و دەرەوە رزگار ببێت، بەڵکو بووەتە ئەسیری ئەو هاوبەستییە و گشت لایەنە نەگەتیڤ و ناتەندروستییەکانی ناوەند و دەرەوەی لێ گرد بووەتەوە.

لەم هەرێمەی ئێمە، سەنتەری بزاڤی ئابووری بەدەست خەڵکانێکی نەزان و جاهیل بە بازاڕ و یاساکانی و دوور لە پەروەردە و داوونەریتی بازرگانی. لە ڕێگەی دەسەڵاتی حزبی و ئیداری و لە غیابی ململانێ و ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و مسادەرەکرنی بڕیاری سیاسی، ژیانی ئابووریی هەرێمی کوردستان خەفە کراوە و بەرەنجامەکانی زۆرن، لەوانە: زاڵبوون و پەرەسەندنی ئابووریی ئیستیهلاکی و نەبوونی پرۆژەی بنیاتنەرەوەی ژێرخانی ئابووری و کەرتی پیشەسازی و کزی و نەبوونی سیولەی تەواو لە بازاڕ و ئیفلاسکردنی بانک و هەڵواسین (التضخم) و گرانی و تەوژمی خۆراک و کاڵەی ئێکسپایەر و هەڵهاتنی سەرمایەیە بۆ دەرەوە بەتایبەتی بۆ (ئیماراتی عەرەبی و تورکیا) کە جگە لە ئەورووپا دوو وڵاتی جەزبی سەرمایەی هەڵهاتووی هەرێمی کوردستانن.(**)

(بەپێی سەرچاوە ئاگەدارەکان، ساڵی ٢٠٠٦ پلەی سەرمایەی عێراقی هەڵهاتوو بۆ ئیماراتی عەرەبی دووەم بووە، ساڵی ئەمساڵ (٢٠٠٧) بووەتە پلە یەک. گومان نییە لەنێو ئەو سەرمایە هەڵهاتووەی (العراق) بۆ ئیماراتی عەرەبی ڕێژەیەکی باشی لە هەرێمی کوردستانەوە هەڵدێت) ڕەخساندنی فەزایەکی ئازادو هەڵگرتنی سانسۆر و لەمپەرەکانی سەرڕێگەی دەزگا و مینبەرەکانی: ڕاو بازاڕ و چالاکیی کۆمەڵایەتی و مافی ئافرەتان و منداڵ.. هتد، ئەوەدەم ڕاست و دروست و ڕەسەنە، کە دەسەڵات و جەمسەرەکانی هەوڵی کۆنترۆڵ و ئیفسادکردن و بەکارهێنانی نەهێنێت بۆ پاساودان و تەلیعکردنی خودی دەسەڵات و پەڕاوێزخستنی پرۆسەی گیانی هەستکردن بە مەسئوولیەت و نوێخوازی و ڕەخنە و هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوایەتی.

ئەم پرۆسەیە هەمەلایەنە بەئەندازەی ئەوەی لەسەر دەسەڵاتە کە زەوینەی بۆ خۆش بکات و ڕێگر نەبێت، ئەوەندەش زیاتر لەسەر خودی جەماوەری نوخبەی هۆشمەندی بەشەرەف و خاوەن پرەنسیپ و ناوەندەکانی دروستکردنی ڕا و هەڵوێست و کۆمەڵگەکانی مەدەنیی ئازاد، بەجیدی و ژیرانە کاری بۆ بکەن و ئامادەبن هەڵوێست وەربگرن و خۆڕاگر بن لە بەرامبەر لافاوی فیکر و ڕۆحی چەواشەکەر و رووخێنەر و تێکدەری کۆمەڵگەی کوردەواریمان. لە فەزایەکی وەهادا لەسەر دەسەڵاتە بەشەفافیەت و سادیقانە دیاردەکان بخاتە ڕوو و، گوێڕایەڵی هەست و خواستی خەڵکی کوردستان بێت و ئەوەی بۆ خۆی و بازنەی دەوروبەری بەڕەوا دەبینێت بۆ خەڵکیش هەروەها.

نەبوونی فەزایەکی شەفاف و ڕاست و تەندروست وای کردووە لە درزی قسەکانی ئەم یان ئەو لێپرسراو کێشەکانی بنرخێندرێت یان مەزەندە بکرێت، ئەمەش ناتەبایە لەگەڵ دەستوور و بنەماکانی کۆمەڵگەی دیموکرات و ئازاد.

کاتێک کاربەدەستانی هەرێم داوا دەکەن لە دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا کە دەبێت:

زانیاریی تەواویان پێ بدرێت لەسەر قەوارەی فرۆشتنی نەوت و گرێبەستەکان و نرخی فرۆشتنی یەک بەرمیلی نەوت.

مەجال بدرێت بەشاندی هەرێمی کوردستان تەماشای حیساباتی دارایی حکوومەتی ناوەند بکەن.

دەبێت ئاگەدار بکرێنەوە لە گشت داهات و خەرجی ناوەند.

(هەرچەند نازانین ئەم داخوازییانە تا چەند یاساییە)، وەلێ سوور بوون لەسەر پابەندبوونی ناوەند بەپرەنسیپی هاوبەشی و یەکسانیی کورد لە دەسەلات و جەختکردن لەسەر ئاگەداربوونی لایەنی کوردستانی سەبارەت بەگشت زانیارییەکان بەتایبەتی ئابووری و نەوت و داهات و شەفافیەت.. هتد، کارێکی پێویست و گرینگ و نایاب و زۆر باشە، بەمەرجێک سەرانی فەرمی کوردیش هەمان ماف بدەن بەحکوومەت و پەرلەمان و دەزگا پێوەندارەکانی خۆیان سەبارەت بەداهات و خەرجی و شەفافیش بن لەگەڵ خەڵکی کوردستان و گشت ئەو زانیارییانە بخەنە بەردەستیان، بۆ ئەوەی ئاگەدار بن و سنوورێکیش دابنرێت بۆ ئەو هەموو هەرا و هوریایە لەمەڕ تەڵەسمی داهات و خەرج و سەلاحییات و گرێبەستە ئابوورییەکان، بەتایبەتی لە کەرتی نەوت کە ئەو تەنگژەی دروست کرووە لە نێوانی حکوومەتی هەرێم و ناوەندی بەغدا..!

مافێکی ڕەوای خەڵکی کوردستانە لە ناوەڕۆکی ئەو بابەتانە ئاگەدار بکرێتەوە. ئەوەی شەفاف نەبێت و ڕاستییەکان لە خەڵکی خۆی بشارێتەوە، دەبێت تەوەقوع بکات بەرامبەر بە ئەو خەڵکی تریش دەتوانێت شەفاف نەبێت و مەنعی بکات لە زانیارییەکان...!

ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) ژمارە (١٢١، ١٢٢) ڕۆژانی ١٧-٢٠٠٧/١٢/١٨ بڵاو کراوەتەوە.

## چارەنووسی ناوچە تەعریبکراوەکانمان
## لە نێوان ریفراندۆم و ئەنجامی هەڵبژاردنی ٢٠٠٥دا

پانتاییی خاکی باشووری کوردستانمان لە (٨٦) هەزار کیلۆمەتری دووجا زیاترە. لەو رۆژەی ئەم (العراق)ە داتاشراوە دامەزرا و بەزۆری زۆردار و بێ ویست و خواستی خەڵکەکەی ئەم بەشەیان پێوە لکاند (باشووری کوردستان) و، پرۆسەی بەعەرەبکردنی دەستی پێ کرد. هەرچی بێت هۆ و هۆکار ئەمڕۆ (٥١،٤٪)ی خاکی تەعریبکراوە، لە هەموو هەوراز و نشێوەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کورد ئەو دیاردەیەی نە سەلماندووە و نە (تقنین)یشی کرد، هەرگیز گومانیشی نەخستبووە سەر کوردستانیەتی.

پاش ساڵی ٢٠٠٣ بۆ یەکەم جارە لە مێژووی ئەم نەتەوەیەدا سەرانی نەک هەر بەشدار و پەسندکاری ئەوەن کە ئەو (٥١،٤٪)ە بکرێت بە (مناطق متنازع عليها) لە نێوان کورد و زۆرینەی عەرەبی باڵادەست لە (العراق). بەڵکو: (تقنين)کراو بووەتە مادەیەک لە مادەکانی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە (مادە ٥٨)، پاشتر مادە (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەییی العراق.

ئیجباری خەڵکی کوردستان کرا کە بە (بەڵێ) دەنگ بدات بۆ ئەو (٥١،٤٪)ی خاکەکی کە ناوچەیەکی (متنازع عليها)یە و هەمان ماف درا بەعەرەبی (العراق)ی باڵادەست کە ببێتە (مدعي) سەبارەت بە خاوەندارێتیی ئەو خاکە.

بۆ گەڕانەوەی ئەو (٥١،٤٪)ە بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان، پاش ئاساییکردنەوە و سەرژمێری، دەبێت ریفراندۆم بکرێت. واتە خودی سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان گومانی خستە سەر کوردستانیەتی زیاتر

له نیوەی خاکەکەی کە: (٤) جار لە پانتاییی وڵاتێکی وەکو (لبنان ١٠ هەزار کم٢) یان (٢) جار لە پانتایی فەلەستین (٢١ هەزار کم٢) یان لە پانتاییی وڵاتێک وەک دانیمارک (٤٣,١ هەزار کم٢) یان سویسرا (٤١,٣ هەزار کم٢) یان هۆڵەندا (٤١,٥ هەزار کم٢) زیاترە.

حەسمکردنی یاساییی سنووری باشووری کوردستان و گەڕانەوەی ناوچە تەعریبکراوەکانمان بەندە بە بڕیار و خواستی زۆرینەی عەرەبی باڵادەستی کۆماری العراق (ئەنجوومەنی نوێنەرانی العراق).

(١٦) ساڵە ئەم (هەرێمە) فەرمییەی ئەمڕۆمان پارێزراو و ئازادە و لە بندەستی خودی کوردە. سەرکردایەتیی فەرمیی ئەم هەرێمە نەک ناوچە تەعریبکراوەکانی رزگار نەکرد، بگرە تاکو قۆناغی (رزگار) و (داگیرکردنی) العراق تەوژمی تەعریب لە پەرەسەندندا بوو. هەلی سەرەتای (رزگاری) نەقۆزرایەوە. قۆناغی داگیرکردنی (العراق) بەهەرێمی کوردستانیشەوە فەرامۆش کرا. راونان و دەرکردنی کورد لە هەندێ ناوچە تەعریبکراوەکاندا پەرەی سەند. ناوشاری مووسڵیان لە کورد چۆڵ کرد و کەرکووک بۆ چوار ساڵ دەچێت لە حاڵەتی شەڕی رەگەزیی ناوخۆدا دەژیت، هەزاران کوردی بێ تاوان گیانیان لەدەست داو چەند ئەوەندەیش بریندار و سەقەت و ماڵوێران و دەربەدەر بوون. دووز و تەلەعفەر و شنگاڵ و مەخموور و جەلەولا و مەندەلی.. هتد. حاڵیان لە ناوچەکانی تر باشتر نییە.

سەرانی فەرمیی هەرێمی کوردستان قوماریان لەسەر مادەی (٥٨) کرد ئەنجامی هیچ بوو. موراهەنەیان لەسەر مادەی (١٤٠) کردەوە و تاکو دوا رۆژی ماوەکەی خەڵکی کوردستانیان پێ چەواشە دەکرد، گوایە لە پێش وادەی خۆی (٢٠٠٧/١٢/٣١) جێبەجێ دەکرێت و بەهیچ شێوەیەک قایل نابن لەسەر دواخستنی یان تەدویلکردنی کەچی:

ماوەکەی تەواو بوو، جێبەجێش نەکرا.

نەک قایلبوون بەتەدویلکردنی بگرە تێکەڵبوونی (UN) بەرز دەنرخێن و بەگرەنتی دەناسێن..! ئەمەشیان بەدەستکەوت لە قەڵەم دا و گەڕاندیانەوە بۆ



جەوهەر نامیق سالم (١٣)

مـاوەی مـادەی (١٤٠) تـەواو بوو. دوارِۆژ و باری یاسـایـی و دەسـتـووری کەوتووەتە ژێر گومـانەوە. شـەرعییـەتی لە نێودەستی دادگەی باڵای فیدراڵە و تاکو ئێستا سـەرۆکی ئەنجوومـەنی نوێنەرانـی کۆماری العراق نەیناردووە بۆ دادگەی باڵا و چارەنووسـی نادیارە. هەوڵ دەدرێت بە (حیلە شـەرعی) مـاوەی جێبەجێکردنی بۆ (٦) مـانگ درێژ بکرێتـەوە وەلێ مـسـۆگەر نییـە و، ئەوەی لە سنووری (٤) سـاڵ جـێبـەجێ نەکـرا، دەیانەوێت بە (٦) مـانگ ئـەنجـام بدرێت. بەقودرەتی قادر خـەتێک بەسـەر قۆناغی ڕابردوودا کێشـرا و سڕایەوە و هەموو هۆکـارەکانی کەمـتـەرخـەمی و ڕەفزکردنـی جێبـەجێکردنی ئەو مـادەیە لەلایەن لایەنـی کـوردسـتـانـی و ناوەندی بـەغـدا کـۆ کـرایـەوە لە یەک زاراوە ئـەویش (خـەڵەلی هونەری..!!). مـاوەی شـەش مـانگی داهاتووش بووە (الاسـراع فی التنفـیـذ)..! قـۆناغی (الاسـراع بالتـنفـیـذ)یش پـێویسـتـی بە چەندان یاسـا و ڕێسای (ئەنجوومەنی نوێنەرانی العراق و ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی هەیە. ناکۆکیی ئەم (٣) دەزگایە لەمـەڕ خـاڵە سـەرەکییـەکانی مادەی (١٤٠)، هـەر وەکو خۆی مـاوەتەوە و کەڵەکەی کردووە و بگرە لە هـەندێ بواریدا توندتریش بووەتەوە..!

وا مانگی یەک تەواو بوو و، پێمان لە مانگی دوو نا و هێشتا ئەرکە یاسایی و بنەڕەتییەکان لە جێگەی خۆیەتی. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە سەرانی فەرمیی هـەرێمی کـوردسـتـان جـەخت لەسـەر ریفـراندۆم دەکەن و جـارِ بۆ گـەڕانەوە بۆ ئەنجـامـی هەڵبـژاردنی سـاڵـی ٢٠٠٥ دەدەن وەک بەدیل بۆ ریفـراندۆم، کـەچی تاکو ئێسـتـا ئامرازی یاسایی و کەرەسـتـەی هونەری و ئیداری بۆ ریفـراندۆم ئامـادە نەکراوە و بەتەمـای (حندر حۆی)ی (یوئێن) و نیـازپاکیی هاوپەیمانیی عەرەبی سوننە و شیعە و دۆستانی ئەمەریکا و تورکیان..!

خـەڵکانێکی پسـپـۆڕ و رۆشنبـیـر و خـەمـخـۆری ئەم مـیللـەتە زۆریان وت و نووسی لەسـەر ریفراندۆم و بەرەنجام و کەمـوکورتییـەکانی و، بەندەیش یەک لەوانە بوو هـەر لە سـەرەتای راگەیاندنی مـادەی (٥٨) و پاشتر مادەی ١٤٠، بە

چەندان وتار و دواتر لە تۆێی دوو کتێبدا، ڕا و بۆچوونی خۆمان دیاری کرد.

خودی مادەی (٥٨ و پاشتر ١٤٠) بەسەقەتی لەدایک بوو، بەسەقەتی ژیا و بەسەقەتی ئەودیو کرا. ریفراندۆم لەسەر کوردستانیەتی بستێکی خاکی کوردستان ڕەوا نییە. دەبووایە لایەنی کوردستانی قەبوولی نەکردایە.

جاڕدان بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ وەکو ئامرازێک بۆ حەسمکردنی کوردستانیەتی ناوچە تەعریبکراوەکان هەڵەیەکەی کوشندەی ترە. ئومێدەوارم سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان باشتر و قووڵتر بیری لێ بکاتەوە، چونکە دژی بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانە و تەسلیم بوونە بەواقیعی تەعریب و فەرزکردنیەتی. نابێت بەهیچ شێوەیەک و لەژێر هەر بارێکدا کورد سەرسەختیی زۆرینەی عەرەبی بالادەستی العراق و پاڵپەستۆی ئەمەریکایی و تەنگەنەفەسیی ناوەخۆ ملکەچی بکات بۆ قەبووڵکردنی ئەو واقیعە..!

بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان نییە...؟

وەکو مەعلوومە لە رووی مێژوویی جوگرافیایی و دیمۆگرافیاوە، سنووری باشووری کوردستان دیارە و چەندان بەڵگە و دۆکیۆمێنتی جیاجیا گەواهیی بۆ دەدەن.

باشووری کوردستان یان (کوردستانی عێراق) لە پاش ساڵی ١٩٢٥ بووەتە باکوری العراق، (هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی عەرەبی شیعە و سوننەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کۆماری العراق)ی هیوا و ئاشتی و کاربەدەستانی تریان، لە کۆڕ و کۆبوونەوە فەرمییەکاندا لە دەرەوە و لە ناوەوەی العراق، بەسەرسووڕمانەوە دەڵێن (تەنیا وڵات لەسەر ئەم زەوییە کە باکوری نییە عێراقە..!)، دەڵێن ئەم بەشەی کوردستانمان پانتاییەکەی زیاتر لە (٨٦) هەزار کیلۆمەتری دووجایە و نزیکەی (١٨٪) سەرجەمی گشتیی خاکی (العراق)ە.

هەر بۆ نموونە: لە کۆی (٤٤) دەوڵەتی قارەی ئەوروپایی ڕووبەری باشووری کوردستان کە (زیاتر لە ٨٦) هەزار کیلۆمەتری دووجا، لە (٢٦)یان گەورەترە،

لەوانە (نەمسا، ئیرلەندا، دانیمارک، سویسرا، هۆڵەندا، بەلجیکا، ئەلبانیا، ئەستونیا، لیتوانیا، لۆکسمبۆرگ، چیک، سلۆڤاکیا، یۆنان و کرواتیا... هتدا)..*

باشووری کوردستان لە نێوان هەشت پارێزگای (العراق)دا دابەش کراوە ئەوانیش (هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کەرکووک) و هەندێ ناوچەی تر کە کەوتوونەتە نێو هەر چوار پارێزگاکانی (دیالە و مووسڵ و سەلاحەدین و کوت).

هەرێمی فەرمیی کوردستان کە ئەمەریکا بڕیاری لەسەر داوە و سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان قەبووڵی کرد و لە دەستووری هەمیشەییی کۆماری (العراق)دا تەسبیت کرا و خەڵکی کوردستانیش ئیجبار کرا بە ریفراندۆم قەبووڵی بکات، بریتییە لەو ناوچانە کە تاکو ٢٠٠٣/٣/١٩ لەژێر ئیدارەی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار بوو، (پارتی و یەکێتی) واتە ئیدارەی (هەولێر و سلێمانی) ئەودەم.

بۆ تاکو (٢٠٠٣/٣/١٩)؟..

چونکە ئەو مێژووە رۆژی هێرشکردنی (ئەمەریکا) بوو بۆ سەر (العراق) کە بە هەڵمەتی (رزگاری)ی العراق پێناسە دەکرێت.

ئەو ناوچانە بریتی بوون لە پارێزگاکانی (دهۆک و هەولێر و سلێمانی). پانتاییەکانیان بەپێی دابەشکردنی ئیداریی عێراق ساڵی ١٩٩١ بەم شێوەی خوارەوەیە(**):

| ز | پارێزگا | رووپێو (کم٢) | رێژە لە رووپێوی کوردستان |
|---|---|---|---|
| ١ | دهۆک | ٦٥٥٣ | ٪٧,٦ |
| ٢ | هەولێر | ١٤٤٧١ | ٪١٦,٧٧ |
| ٣ | سلێمانی | ١٧٠٢٣ | ٪١٩,٧٣ |
| | کۆی گشتی | ٣٨٠٤٧ | ٪٤٤,١ |

واته پانتاییی هەرێمی فەرمیی کوردستان برێتییە لە (٣٨٠٤٧) کیلۆمەتری دووجا و ڕێژەکەشی (٤٤,١٪)ی ڕێژەی گشتیی باشوور کوردستانە..

بۆ ئەوەی زیاتر تیشک بخەینە سەر واقیعی باشووری کوردستان و خاکی تەعریبکراومان و بەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ بەپێویستی دەزانین لێرەدا ئەم خشتانەی خوارەوە تەسبیت بکەین:

خشتەی یەکەم

ڕووپێو و ڕێژەی خاکی کوردستانی بەپێی دابەشکردنی ئیداریی فەرمیی عێراق ساڵی ١٩٩١:

| ز | پارێزگا | ڕووپێو (کم٢) | ڕێژە لە ڕووپێوی کوردستان |
|---|---|---|---|
| ١ | سلێمانی | ١٧٠٢٣ | ١٩,٧٣٪ |
| ٢ | مووسڵ | ١٤٦٩٦ | ١٧,٣٥٪ |
| ٣ | هەولێر | ١٤٤٧١ | ١٦,٧٧٪ |
| ٤ | دیالە | ١٣٨٨٤ | ١٦,٩٪ |
| ٥ | کەرکووک | ٩٦٥٩ | ١١,٢٠٪ |
| ٦ | دهۆک | ٦٥٥٣ | ٧,٦٪ |
| ٧ | سەلاحەدین | ٤٠١٩ | ٤,٦٦٪ |
| ٨ | کوت | ٣٧٤٠ | ٤,٣٣٥٪ |
| ٩ | عمارە (میسان) | ٢٢٢٤ | ٢,٥٨٪ |
| ڕووپێوی کوردستانی عێراق | | ٨٦٢٦٩ | ١٠٠٪ |

خشتەی دووەم

رووپێو و رێژەی ناوچەکانی کوردستان (دابەشبوونیان لەسەر پارێزگاکان) بەپێی دابەشکردنی ئیداریی عێراق ساڵی ١٩٩١:

| ز | پارێزگا | رووپێو (کم٢) | رێژەی لە کوردستانی تەعریبکراو |
|---|---|---|---|
| ١ | دیالە | ١١٨٤ | ٪٢٦,٦٣ |
| ٢ | مووسڵ | ١٠٧٨٩ | ٪٢٤,٣٤ |
| ٣ | کەرکووک | ٩٦٥٩ | ٪٢١,٧٩ |
| ٤ | کوت | ٣٧٤٠ | ٪٨,٤٣ |
| ٥ | سەلاحەدین | ٣٠٥٠ | ٪٦,٨٨ |
| ٦ | هەولێر | ٢٧٨٣ | ٪٦,٢٨ |
| ٧ | عمارە (میسان) | ٢٢٢٤ | ٪٥,٠٢ |
| ٨ | دهۆک | ٢٨١ | ٪٠,٦٣ |
| ٩ | سلێمانی | ٠ | ٪٠ |
| رووپێوی کوردستانی تەعریبکراو | | ٤٤٣٣٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی سێیەم:

ڕووپێو و ئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥)ی ئەو ناوچانە کە لیستی کوردستانی زۆرینەی دەنگەکانی وەدەست نەهێناوە(٪)(***):

١- پارێزگای مووسڵ

| ز | ناوچە | ڕووپێو (کم٢) | ڕێژەی دەنگ |
|---|---|---|---|
| ١ | ناحیەی قەیرەوان (بلیج) | ٧٧٠ | ٤٤,٧٢٪ |
| ٢ | مەرکەزی قەزای تەلەعفەر | ٨٢٤ | ٢,٩٢٪ |
| ٣ | ناحیەی ڕەبیعە | ٤٣١ | ٢,٦٤٪ |
| ٤ | ناحیەی العیاضیة (ئافگەنی) | ٧٨٤ | ٤٧,٧٪ |
| ٥ | ناحیەی کەڵەکی یاسین ئاغا | ٣٢٥ | ٢٩,٤٥٪ |
| ٦ | مەرکەزی قەزای قەرەقۆش | ١٧٥ | ١٠,٩٧٪ |
| ٧ | ناحیەی بەرتللە | ٢١٥ | ٧,٥٥٪ |
| ٨ | نەمرود (خدر الیاس) | ٤٧٣ | ٣,٧٪ |
| ٩ | مەرکەزی قەزای تلکیف | ٤٠١ | ٤٥,٨٪ |
| ١٠ | قەزای بەعاج | ٥٠٠ | ١,٩٨٪ |
| | کۆی گشتیی ڕووپێوی ناوچەکان | ٤٨٩٨ | |

٢- پارێزگای سەلاحەدین

| | | | |
|---|---|---|---|
| -١ | مەرکەزی قەزای خورماتوو | ٢٣٠٢ | ٥٤,٨٥٪ |
| -٢ | ناحیەی سلیمان بەگ | ٧٧٤ | ٢٠,٦٤٪ |
| -٣ | ناحیەی ئامرلی | ٢٨٩ | ١٥,٢٧٪ |
| | کۆی گشتیی ڕووپێوی ناوچەکان | ٣٣٦٥ | |

٣- پارێزگای کەرکووک

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | قەزای حەویجە | ٢٥٦٤ ناوەندی قەزا | ٠,٧٣٪ |
| | | ناحیەی عباسی | ٠,٠٣٪ |
| | | ناحیەی ریاز | ١,٢٣٪ |
| | | ناحیەی بایجی | ٧,٠٨٪ |
| | | ناحیەی زاب | ٠,٠٧٪ |
| ٢ | ناحیەی تازە | ٢٨٦ | ٠,٩١٪ |
| ٣ | گەڕەکی تسعین (مەرکەزی ژمارە ٣٨١) ناوشار | | ١٣,١٪ |
| ٤ | قادسیة (ڕاپەڕین) (مەرکەزی ژمارە ٣٨٢) ناوشار | | ٥٠,١٨٪ |
| ٥ | ڕێگەی بەغدا (مەرکەزی ژمارە ٣٨٦) ناوشار | | ٢٤,٥٣٪ |
| ٦ | عەرەفە (مەرکەزی ژمارە ٣٨٨ ) ناوشار | | ٤٣,٥٩٪ |
| ٧ | برایەتی (مەرکەزی ژمارە ٣٨٩ ) ناوشار | | ٢٦,٣٦٪ |
| ٨ | تازە (رشاد) (مەرکەزی ژمارە ٣٩١) ناوشار | | ١,٦٦٪ |
| ٩ | موصەلی (مەرکەزی ژمارە ٣٩٢ ) ناوشار | | ٣٨,٩٥٪ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠ | رزگاری (مەرکەزی ژمارە ٣٩٤) ناوشار | | ٤٨,٥٣٪ |
| ١١ | خاسە (مەرکەزی ژمارە ٣٩٧) ناوشار | | ٢١,٤٥٪ |
| ١٢ | رووناکی (مەرکەزی ژمارە ٤٠٣) ناوشار | | ٢٢,٩٣٪ |
| | کۆی گشتیی رووپێوی ناوچەکان | ٢٨٥٠ | |

٤- پارێزگای دیالە

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | ناحیەی جەلەولا | ٢٥٠ | ٣٨,٦٤٪ |
| ٢ | ناحیەی سەعدیە | ٦١٠ | ٢٥,٠٢٪ |
| ٣ | بەلەدرووز | ١٨٤٠ | ١,٥٥٪ |
| ٤ | قەزای مەندەلی | ١١٩٢ | ١٦,٣٨٪ |
| ٥ | شارەبان (المقدادية) | ٧٦٨ | ١,٩٪ |
| | کۆی گشتیی رووپێوی ناوچەکان | ٤٦٦٠ | |

٥- پارێزگای واست (کوت)[١]

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | ناحیەی القزانیە | ٣٢٤٨ | |
| ٢ | ناحیەی جصان | ١٨٥٦ | |
| ٣ | م. قەزای بەدرە | ١٧٩٤ | |
| | کۆی گشتیی رووپێوی ناوچەکان | ٦٨٩٨ | |

(١) لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی لە سەرتاسەری پارێزگای (کوت = واست) (١٢٨١) دەنگی هێنا واتە لە ناوەندی قەزای بەدرە و ئەو (٢) ناحیەیە کەمتر لە (٠,٣٪)ی کۆی گشتیی دەنگدەرانی ئەم پارێزگایەی وەدەست هێناوە. بەهۆی تەهجیر و دەرکردنی هاوولاتییانی کورد و تەعریبی سەرەتای ساڵەکانی حەفتای سەدەی رابردوو، بەهۆی شەڕی (عێراق و ئێران) ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨) ناوچەکانی ئەم دەڤەرە لە کورد چۆڵ کرا و زەویوزار و باخ و بێستان و خانوو و ماڵیان خاپوور کرا.

**پوختە و بەرەنجام:**

بەپێی ئەو خشتانەی سەرەوە:

کۆی گشتیی رووپێوی باشووری کوردستان لە (٨٦) هەزار کم٢ زیاترە. پانتاییی ناوچە تەعریبکراوەکانمان و ئەوانەی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی فەرمین (٤٤٣٣٠)کم٢ واتە (٥١,٤ ٪)ی رووپێوی باشووری کوردستان (کوردستانی عێراق).

کۆی گشتیی رووپێوی ئەو ناوچانە کە لە پارێزگاکانی (مووسڵ ٤٩٩٨ کم٢) و سەلاحەدین (٣٣٦٥ کم٢) و کەرکووک (٢٨٥٠ کم٢) و دیالە (٤٦٦٠ کم٢) و جەسان - کوت (٦٨٩٨ کم٢) کە بەپێی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ لیستی هاوپەیمانی کوردستانی کەمینەیە و دەکاتە (٢٢٦٧١) کیلۆمەتری دووجا، کە دەکاتە (٢٦,٣٪)ی کۆی گشتیی رووپێوی باشووری کوردستان و (٥١,٢٪)ی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی فەرمیی کوردستان. واتە لە سنووری دوو جار و نیو بەئەندازە رووپێوی وڵاتێکە وەکو (لبنان) یان نزیکەی پانتاییی وڵاتێک وەکو بەلجیکا.

زۆربەی زۆری ئەو ناوچانە ناوچەیەکی پڕ لە نەوت و گازن و، زەویوزارێکی بەپیت و بەرەکەتی کشتوکاڵن.

زۆربەی زۆری ئەو ناوچانە خەتی یەکەمی تەماسە لەگەڵ سنووری عەرەبی زۆرینە.

سەبارەت بەریفراندۆم هەر وەکو لە مادەی ١٤٠دا هاتووە و بەپێی بەرەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥، چ لەسەر ئەساسی ناحیە یان قەزا بێت، ئەوە کورد لە سنووری (٢٣) هەزار کیلۆمەتری دووجا لە دەست دەدات و بەرزامەندیی خۆی و بەدەنگدان تەنازول دەکا لەو رووبەرە. یەکەمیان (ریفراندۆم) تەوقێکە دەستوور فەرزی کردووە، مادەی (١٤٠)، هەرچەندە ماوەی یاساییی تەواو بووە، لە هەوڵی (حیلە شەرعی یان پینەوپەڕۆ)یەکن بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە. دووەمیان (ئەنجامی هەڵبژاردنەکان)

دەستووری نییە.

ئەگەر لەسەر ئەساسی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ بێت هەر وەکو لەم ماوەیەی دواییدا جاری بۆ دەدرێت، ئەوە رێژەی ئەو دەنگانە کە لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی بەدەستی هێناوە خۆی شەرعیی خۆی دەکات و دیسان لە سنووری (٢٣) هەزار کیلۆمەتری دووجا لە دەست دەدەین.

ئەگەر پرەنسیپی (المناطق المتنازع علیها) لەسەر بنەمای پارێزگە بێت و گشت ناوچە دابڕاوەکانی کەرکووک بگەڕێنەوە بۆ سەر پارێزگای کەرکووک، ئەوە گەڕانەوەی کەرکووک مسۆگەرە. وەلێ ئەگەر هەمان پرەنسیپ پیادە بکرێت (پارێزگا) ئەوە دوور نییە گشت ناوچەکانی تری تەعریبکراو لە دەست بدەین.

بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ خودی ناوشاری کەرکووک جێگەی نیگەرانییە.

ئەوەی لە ریفراندۆم و ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ بۆ لیستی کوردستانی هەڵکەوت دوور نییە ئەمجارەیان (ریفراندۆم یان هەڵبژاردنی نوێ) هەڵنەکەوێت، چونکە جگە لە رۆڵی نێودەوڵەتی (UN) و لایەنەکانی تری بەرهەڵستکاری لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی کە حزوور و رۆڵیان کاریگەرتر دەبێت، رۆڵ و دەستتێوەردانی ناوەندی بەغدا و وڵاتانی ئیقلیمی و ئەمەریکا فەرامۆش ناکرێت.

پەنابردن بۆ بەرەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ لەدەستدانی لە سنووری (٢٣) هەزار کیلۆمەتری دووجایە، ئەمەش بەهەموو پێوەرێک رووبەرێکی ئەوتۆ نییە دەستی لێ هەڵبگیرێت هەروەک هەندێ لە بەرزەلێپرسراوانی کورد زەوینەی بۆ خۆش دەکەن.

بۆ رێگەگرتن لە هەر جۆر سازشکارییەک لەسەر خاک و سنووری کوردستانی باشوورمان لە رووی جوگرافیا و مێژوو باشتر وایە:

پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی کراوە تەحریمی دەستکاریی

سنووری مـێـژوویی و جـوگـرافـیـاییی کـوردسـتـان بکات. هـەروەک لە بەڵگەنامـەکـاندا هـاتووە و بـەبڕیـارێک ئـەو سنـوورە تەسـبـیـت بکات و لە دەسـتـووری هـەمـیـشـەییی هـەرێمی کـوردسـتـان وەکو مـادەیەکی دەسـتـووری بیچەسپێنێت بۆ هیچ کەس و لایەنێک نەبێت دەستکاریی بکات.

ئەو ناوچە کوردنشینانە کە بەهۆی دابڕان و تەعریب و تەهجیر و دەرکردن، کورد کـەمـینەیە چەند بێت ژمـارەی کـورد، بەهـیـچ شـێـوەیەک ناچاری خـەڵکی کوردسـتان نەکرێت بە ریفراندۆم یان لەسـەر بنەمـای هـەڵبـژاردنەکانی ٢٠٠٥ ئەو گۆڕانکارییانە قەبووڵ بکرێت و ببێتە ئەمری واقیع.

سەرچاوەکان:

(*) و (**) (**): بۆ ئەم خـشـتـانە سـوودمـان لە چەند سـەرچاوەیەک وەرگـرتووە لەوانە:

١- کـورد لـە پارێزگـای مـووسڵ)، نـووسـینی خـەسـرەو گـۆران. دەزگـای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. ساڵی ٢٠٠٢. هەولێر.

٢- تنفیـذ المادة ١٤٠ الطریق الی الامن والاستـقرار، پروفـیسـور (خلیل اسـماعـیل محمد). کۆواری ١٤٠ ژمارە (١) ٢/١٥ /٢٠٠٧.

٣- ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥.

تێبینی: ئەم بابەتە لە رۆژنامـەی (رۆژنامـە) رۆژی ٢٠٠٨/٢/٦ و لە سـایتی (سـبـەی) رۆژی ٢/١٠/ ٢٠٠٨ بڵاو کرایەوە.

## بۆچی و لە پای چی کوردی ئێزدیمان قڕ دەکرێن..؟!

ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١٤ بەهۆی تەقینەوەی (٤) لۆری مینرێژکراو، لە کۆمەڵگەی (گری عوزێر) و (سیباشێخ خدر)ی سەر بەقەزای شنگال، زیاتر لە ٦٠٠ کوردی ڕەسەنی ئێزیدیمان گیانیان لەدەست داو دوو ئەوەندەیش بریندار بوون و بەسەدان خانوو و ماڵی خەڵکی سڤیلی بێ تاوان بەرکەوت و وێران بوو.

لە پاش رزگاربوون و داگیرکردنی (العراق) لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکا و لەنێو گشت کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەو قۆناغە، ئەمەی (شنگال) گەورەترین کردەوەی تیرۆریستی کۆمەڵکوژە تاکو ئێستا و، دووەم کردەوەی تیرۆریستی کۆمەڵکوژی گەورەی جیهانە، پاش ئەوەی (١١/ سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١)ی نیویۆرک.

وەلێ بەرەچاوکردنی ژمارەی دانیشتوانی نیویۆرک (٢٢) ملیۆن و، گری عوزێر و سیباشێخ خدری لە سنووری (٣٠) هەزار کەس، ئەو کردەوە تیرۆریستییەی (شنگال) یەکەم گەورەترین تاوانی تیرۆریستی کۆمەڵکوژە لە سەرەتای سەدەی (٢١)ە.

شنگال (١٢٠کم لە باکوری رۆئاوای مووسڵ)، شارۆکەیەکی کوردستانە و ناوچەیەکی کوردنشینی کۆنە و، یەک لە مەڵبەندە دێرین و پیرۆزەکانی کوردی ئێزیدیمانە و، رۆژێک لە رۆژان پەرژینێکی موحکەم و گرینگ بووە، بۆ پاراستنی پایەتەختی ئاشوورییەکان لە نەینەواو، یەک لە وێستگەکانی (ئەسکەندەری گەورە) و، مەیدانی ململانێ و پێکدادانی هەردوو ئیمپراتۆریەتی رۆمانی و فارسی بووە. ئاسەواری شووره رۆمانییەکەی و دەروازە گەورەکەی هێشتا ماوە و، هەر لەوێیشەوە هێزەکانی ئەسکەندەر، رووی کردووەتە ئەفریقیا و، لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلام و بەدرێژاییی

مێژووەکەی بەئەمڕۆیشەوە، وەک مەڵبەندێکی کوردی ڕەسەنی ئێزیدیمان و مەوقیعی جوگرافیایی و سەروەت و سامانی، خەڵکی (شنگال) تووشی دەیان کارەسات و تراجیدیای گەورە بوونە لە کوشتنی بەکۆمەڵ و تاڵان و ڕاگوێزان و پەڕاوێزکردن.

(شنگال) کە لە ساڵی ١٩٢٨ کراوە بە قەزا و پانتاییەکەی لە سنووری (٤٠٠٠)کم چوارگۆشەیە و ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە (٣٦٠) هەزار کەسە، بە درێژایی قۆناغی دەسەڵاتدارانی زۆرینەی عەرەبی باڵادەست و تاکو ئەمڕۆ، یەک لە ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی تەعریب و گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتیی کۆمەڵکوژییە.

ئەم شارۆکەیە کە تەنیا (١٩٩)کم دوورە لە دهۆک، بە درێژاییی ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٣) بێبەش بووە لە هەموو بایەخدانێکی دەسەڵاتی فەرمیی هەرێمی کوردستان بەحوکمی ئەوەی ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم بووە. لە دوای ڕزگاری و پاشان داگیرکردنی (العراق) لەلایەن ئەمەریکاوە، (شنگال) وەک زۆربەی هەرە زۆری ناوچە زەوتکراوەکانی کوردستانی باشوورمان، کەوتە بەر شاڵاوی تەعریبچییەکان و هێزە ڕەگەزپەرست و تیرۆریستەکان و بێباکیی هێزەکانی ئەمەریکا.

لە بەهاری ئەمساڵ تاکو ڕووداوە دڵتەزێنەکەی ڕۆژی ٨/١٤ ئەم ناوچەیە بەفیعلی گەمارۆ درابوو، جگە لە کاری تیرۆریستی و کوشتنی کوردی بێ تاوان بەتایبەتی ئێزیدییەکانمان، باری ئابووری و ژیانی خەڵکی ئەو دەڤەرە نالەبار و ئاڵۆز بوو، هەرچەندە بەرزەلێپرسراوان و دەسەڵاتدارانی فەرمیی کوردستان و ڕاگەیاندنەکانیان هەوڵی داپۆشین و پەڕاوێزکردنی ئەو بارودۆخەیان دەدا، وەلێ ئەو واقیعە تاڵەی خەڵکی ئەو دەڤەرە، هەندێ جار دزەی دەکردە نێو کەناڵە جیاجیاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان و ئاماژە بەو بارودۆخە ئاڵۆزە و بەو گەمارۆدانە دەکرا.

مخابن، نە هێزەکانی داگیرکەری ئەمەریکا و نە سوپای ناوەندیی بەغدا، کە

زیاتر لە یەک (فرقـة)ی لە مـووسڵ و دەوروبەرەکەی جـێگیـر بوونە و، زۆربەی هەرە زۆری کوردن (بە قـائید و لێپرسراوی لیوا و فەوجەکانی) و، نە هێز و ئیدارەی پارێزگای (مووسڵ) بەئیستیلاح گوایە لەژێر دەسەڵات و فەرمانی کوردە و، نە هێزی ناوەخۆ و پێشمەرگەی کوردستان، توانییان چارەسەری رەوشەکە بکەن و بێنە هانای ئەو کوردە بەدبەختانەوە، کە رۆژانە ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە، وەک ئەوەی لە بەهار و سەرەتای هاوینی ئەمساڵ کۆمەڵێکی ئێزیدیی هەژار و بێ تاوان و هەڵهاتوو لەبەر برسی و لە ترس، بە رۆژی نیوەڕۆ، ڕەگەزپەرستان و ئیرهابییەکان لەنێو ئاوی دیجلەدا ئەو کۆمەڵە هەژارانەیان خنکاند. هەر دوای ئەوە و لە مووسڵ ٢٤ کوردی هەژاری کارکەری ئێزیدییان وەکو مەڕ لە بەرچاوی حەشاماتێکی خەڵکی ئەو شارە سەربڕی.

سەیر لەوەدایە سەرکردایەتیی فەرمیی کورد ئامادەیە پێشمەرگەی کوردستان بنێرێت بۆ پاراستنی عەرەبی (سوننە و شیعە)ی گەڕەکەکانی بەغدا، یان ئامادەسازیی خۆی پێشان دەدات بۆ ناردنیان بۆ کەربەلا و نەجەف یان بۆ پاراستنی لوولە نەوتەکانی لای (شرقات) کەچی بایی ئەوەندە سوور نییە لە پاراستنی کوردە هەژارەکەی خۆی لە مەندەلی و سەعدیە و جەلەولا و خورماتوو کەرکووک و زمار و تەلەعفەر و شنگال..!

هەندێ لە بەرزەبەرپرسانی کورد، هۆکاری کۆمەڵکوژییەکەی (گری عوزێر و سیباشێخ خدری) دەگەڕێننەوە بۆ هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، یان نزیکبوونەوەی قۆناغی کۆتاییی جێبەجێکردنی ئەو مادەیە. لە کاتێکدا ئەم مادەیە هەر لە سەرەتاوە بە سەقەتی داڕێژراوە و لەدایک بووە و، بەئیعتیرافی لایەنی فەرمی خودی کوردی و ئەمەریکایی، چەقیوە و جێبەجێ نەکراوە.

بەدەر لە هەندێ دید و بۆچوونی ئیستیهلاکی و سەرزارەکیی بەرزەلێپرسراوانی حزبی و ئیداریی کورد، ئەم مادەیە بەفیعلی لە کۆتاییی ساڵی ٢٠٠٧ وەکو دانراوە، جێبەجێ ناکرێت. بۆ ئەمەش سەرانی کورد وا

ماوەیەکە سەرقاڵی ڕاهێنانی خەڵکی کوردستانن بەگشتی و خەڵکی ناوچە تەعریبکراوەکانمان بەتایبەتی، بۆ ئەو مەبەستە.

جەختکردنی هەندێ لەو بەرزەبەرپرسیارانە لەسەر دروشمی (دواخستنی مادەی (١٤٠) قابیلی قەبووڵ نییە بەڵام (تەرجیل)کردنی واریدە)، بەردەوامبوونیانە لە پەراوێزکردن و لەباربردنی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لەمەڕ گەڕانەوەی (٥١٪)ی خاکی تەعریبکراوی وڵاتەکەمان بۆ باوەشی هەرێمی کورستان، پاش ئەوەی بە غەدر و ناهەق کراون بەناوچەیەکی (متنازع علیها) لە نێوان کوردستانییەکان و زۆرینەی عەرەبی دەسەڵاتدار، بەئەوەندەش ئەم سەرانە دڵیان ئاوی نەخواردەوە و بگرە چارەنووس و داهاتووی ئەو (٥١٪)ەی خاکی کوردستانی باشوورمانیان خستە ژێر گومان و ڕاپرسین و، حەسمکردنی یاسایی و ئیدارییان بەند کرد بەبڕیاری عەرەبی زۆرینەی العراق.

(شنگال و ئێزدییەکانی شنگال)مان لە زۆر ڕووەوە وەک کەرکووک و گشت بستێکی ناوچەکانی تری کوردستان و خەڵکەکەی، ستراتیجی و گرینگن، چونکە پاش ڕەسەنایەتی و چەند بار مەزڵوومیەتی برایانی کوردی ئێزیدیمان لە ڕووی مێژوو و جوگرافیا و کۆمەڵایەتی و ئابووری، شنگال ناوچەیەکی بەپیت و بەرەکەت و یەک لە ناوەندەکانی گەشتوگوزاری بەرچاوی کوردستانە. چیای سنجار (٤٨٠٠) پێ و، ئەشکەوت و کانی و کارێزو کانزای بەردی (سنجارایت) و، سەروەت و سامانی کشتوکاڵ و میوە و میوەجات و، بوونی نەوت بەشێوەیەکی زۆر فراوان هاوتەریب لەگەڵ گیان و وزەی بەرخودانی بێ سنووری ئێزیدیەکانمان و داکۆکییان لەسەر ناسنامەی نەتەوایەتی و ئاینی خۆیان، یەک لە نهێنییەکانی ئەم دەڤەرەیە کە تاکو ئێستا ماوەتەوە و، هەر ئەوەش هۆکاری سەرەکیی کارەساتەکانی خەڵکەکەیەتی بەمەی (٨/١٤) و، دوور نییە لە داهاتووش!

ئەگەر کارەساتی هەڵەبجە و دەنفالکردنی (١٨٢) هەزار کەسی کورد، گەورەترین کردەوەی جینۆسایدی دوا چارەکە سەدەی رابردوو بێت، ئەوا

قەلاچۆکردنی کوردی رەسەنی ئێزیدیمان لە کۆمەڵگەی (گری عوزێر و سیباشێخ خدری) لە قەزای شنگال گەورەترین و ترسناکترین کاری تیرۆریستی و قەلاچۆکردنی مرۆڤە لە سەرەتای سەدەی (٢١)دا.

ئەگەر هەڵەبجە و ئەنفال لە چرکەیەکی غەفڵەتی مێژوو رووی دابێ، خۆ ئەمرۆ (العراق) بەهەرێمی کوردستانەوە لەلایەن ئەمەریکاوە داگیر کراوە و هەندێ لە سەرانی کورد بە (احتلال بغیض) پێناسەی دەکەن و هەندێکیشیان بە دۆست و هاوپەیمانیی ستراتیجی و، هێشتا مەلەفی ئەمنی و پاراستنی شنگال لە دەستی هێزەکانی ئەمەریکایە و، بەهەزاران سەربازی کورد لە سوپای (العراق)ی هیوا و ئاشتی و (فیدراڵ) لە مووسڵ و دەوروبەری شنگالن و(سوپاسالاری العراق کوردە) و، زیاتر لە سەد هەزار چەکداری فەرمیی مووچەخۆری هەرێمی کوردستانمان هەیە و، خەڵکی دەڤەری شنگال هەروەک خەڵکی مەندەلی لە پێش قەتلوعامەکەیان مەترسییەکانیان خستبووە روو، داوای پاراستنی سەروماڵی خۆیان دەکرد لە دەسەلاتدارانی ئەمەریکایی و لە کاربەدەستانی پارێزگای مووسڵ و لە حکومەتی ناوەندیی بەغدا و، لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە سەرانی هەردوو حزبی دەسەلاتدار، کەچی هەر گورگانخوارد کران..!

لە کاتێکدا زیاتر لە ٦٠٠ مرۆڤی کورد لە (گری عوزێر و سیباشێخ خدری-٣٥کم باشووری شنگال) شەهید بوون و هێشتا بە دەیان بێ سەروشوێن و دوو ئەوەندەیش بریندار و ماڵوێران و سەرگەردان و، هەندێک بەبنەماڵە قڕ کران و نەمان، سەرانی کورد کە لە بەغدا سەرقاڵی کۆبوونەوەکانیان بوون و، لە بەرامبەر میدیاکاندا تەبەسمیان بۆ یەکتر دەکرد و، ئەوەندەی لە خەمی رازیکردنی هەندێ لە باڵە سیاسییەکانی تاقمە تیرۆریستەکان بوون، ئەوەندە نەدەپەرژان بەسەر دڵدانەوە و هاوخەمی و سەرخۆشیی کوردی ئێزیدیی ستەم لێکراو و لێقەوماوان و، ڕاکێشانی سەرنجی ڕای جیهانی سەبارەت بەوەحشییەت و سامناکی و مەترسیی ئەو تاوانە.

جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە چۆن، سەرکۆماری ئەمەریکا



جەوهەر نامیق سالم (١٤)

بۆ چەند هەزار سەربازێکی لە (العراق)، هەزاران کیلۆمەتر دەبڕێت و حیساب بۆ هیچ مەترسییەک ناکات و، لە کاتی تەنگانە دەگاتە لایان و تاکو ئێستا هیچ جەژنێکی گرینگی لە ماڵی خۆی نەکردووە و نانی جەژن، لە بەغدا لەگەڵ سەربازەکانی دەخوا.

سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا (تۆنی بلێر) بۆ چوار پێنج هەزار سەربازی وڵاتەکەی چەند جار لە بەسرە و بەغدا سەردانی کردن، سەرۆک وەزیرانی ئوستralیاش بەهەمان شێوە، سەرەڕای سەردانی دەیان شاندی کۆنگریسی ئەمەریکایی و پەرلەمانی بەریتانیایی و ئوستralیایی و، وەزیر و بەرزەلێپرسراوانی تریان.

لەبەر دوو سێ هەزار سەربازی کۆریای باشوور، سەرۆک وەزیران و چەند وەزیر و بەرزەلێپرسراوانی ئەم وڵاتە هەردەم بە ڕێگەوەن بۆ سەردانیان لە هەولێر، لە کاتێکدا ئەو سەربازانە گوایە بۆ پاراستنی ئێمە نێردراون، کەچی دوو ئەوەندەی ژمارەکەیان پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایشی هەرێمی کوردستان پاسەوانییان لێ دەکەن..!

چی دەبوو ئەگەر هەر وەکو ماڵیکی بۆ ڕووداوەکانی کەربەلا و هەندێک جێگەی بەغدا سەردانی دەکرد، بەرپرسانی کوردیش لە دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا و لە کوردستان یان ئەو چوار پێنج دەرزنە وەزیرە و (١٧٠) ئەندامی پەرلەمانی هەرێم و ناوەند، دەڵێین چی دەبوو چ بەتاک و چ بەکۆمەڵ، سەردانی شنگالیان بکردایە و بۆ چرکەیش بێت لەنێو خەڵکە خەڵتان لە خوێنەکەی ببینرابان.

باوەڕ ناکەم ئەوەندە کاتی لێ گرتبان کە ببێتە مایەی دواخستنی یەکڕیزیی هێزەکانی (العراق)ی هیوا و ئاشتی و برایەتیی کورد و عەرەب و ڕۆحی عێراقچییەتی و بێلایەنییان.

بوونیان بۆ چەند چرکەیەک لە نێوان ئەو خەڵکە لێقەوماوەدا مانایەکی تری دەدا و هەندێ لە ئازارەکانیان کەم دەبووەوە. وەلێ ئەمە نەکرا و ڕووی نەدا نازانم بۆ؟

کارەساتی هەردوو کۆمەڵگەی (گری عوزێر و سیباشێخ خدری)ی برا و کەسوکاری ئێزیدییەکانمان، کە گەورەترین قەتلوعامی سەرەتای سەدەی بیست و یەکە، هەموو کورد و مرۆڤێکی خاوەن ویژدانی هەژاند و تاوانێکی تر خرایە سەر زنجیرە تاوانەکانی دوژمنانی کورد و کوردستان.

ئەم کارەساتە، وەڵامێکە بۆ کاکە بوش و رایان کروکەر و جەنەراڵ دێڤد پیترایوس و گشت ئەوانەی کە سوورن لە مانەوەی دەسەڵاتی ئەمەریکا و مامەڵەکردنی هێزەکانی لە (العراق) بەکوردستانیشەوە بەو شێوەیە کە تاکو ئێستا لەسەری دەڕۆن و، چارەسەرنەکردن و پشتگوێخستنی پرسی کورد و بەتەحدید سنووری کوردستانی باشوور و ناوچە تەعریبکراوەکان..!

## بەڕێز سەرۆکی کۆمار ئەگەر ئیمزاشی ناکەی ئاسانکاربە

چاوپێکەوتنەکەی بەڕێز سەرکۆماری عێراق لەگەڵ رۆژنامەی (الاهرام)ی میسری ژمارە (٤٤١٧٢) لە ٢٠٠٧/١١/١٤ سەرنجی ڕاکێشام، بەتایبەتی لە وەڵامی پرسیارێکی (اسامە سرایا)ی سەرنووسیاری رۆژنامەکە سەبارەت بە سوڵتان هاشم. بەڕێز سەرکۆمار دەڵێت (نحن معارضون لاعدامە- ئێمە دژی لەداردانی ئەوین)، (انا اعتقد انە ضابط عراقي قدير وقد نفذ الاوامر الصادرة من صدام حسين وهو عسكري لايستطيع مخالفة الاوامر- من لەو بڕوایەدام ئەو ئەفسەرێکی بەڕێزە و ئەو فەرمانانەی جێبەجێ کردوون کە لەلایەن سەدام حوسێنەوە دەرچوون، ئەویش کەسێکی سەربازی بووە و نەیتوانیوە فەرمانەکان جێبەجێ نەکات)، (وانا لن اوقع علي اعدامە- من بڕیاری لەداردانی ئیمزا ناکەم)..، (انا شخصيا ضد مبدأ حكم الاعدام وانا موقع علي وثيقة دولية تدعو لالغاء حكم الاعدام- من دژی بنەمای لەداردانم و پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی دژی لەداردانم ئیمزا کردووە).

پێش ئەوەی بێمە سەر ناوەڕۆکی وەڵامەکەی بەڕێز سەرکۆماری عێراق جارێ با بزانین (سوڵتان هاشم) کێیە و چ کارە بووە:

فەریق روکنی یەکەم (سلطان هاشم احمد الطائي) بەڕەگەز عەرەبە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٢ی شاری مووسڵە و لە خێڵی (الطی)ە و، سوننە مەزهەبەو دەرچووی کۆلێجی سەربازیی عێراقە لە ساڵانی شەستەکاندا، ساڵی ١٩٧٥ پەیمانگەی ئاسایشی نیشتمانی (معهد الامن الوطني) سەربازیی بەغدای تەواو کردووە (لێکۆڵینەوەکەی لەسەر هەواڵگریی سەربازی (الاستخبارات العسكرية) بووە و، پلەی (رکن)ی پێ دراوە. وەکو ئەفسەرێکی بڕواپێکراوی بەعس گشت پلە سەربازییەکانی بڕیوە، لە ملازمەوە تاوەکو

فەریق یەکەمی روکن.

لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨ بەپلەی ئامر لیوا و قائید فیرقە و قائید فەیلەق لە گشت قۆناغەکانی شەڕی عێراق و ئێران و شەڕی کورد و شەڕی کوێت بەشدار بووە و، لە پاش شکستە ئابڕووبەرەکەی سوپای عێراق لە کوێت، سوڵتان هاشم سەرۆکی لایەنی عێراقی بوو لە گفتوگۆکانی سەفوان و ئیمزاکردنی شەرت و مەرجەکانی فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا جەنەراڵ شوارزتسکۆف، کە بەتەسلیمبوونی خێوەتەکەی سەفوان (خیمة صفوان) ناسراوە و، پاش ئەوە سەدام ناوبراوی کردە جێگری سەرۆک ئەرکانی سوپا و، ساڵی ١٩٩٥ کردییە وەزیری بەرگریی عێراق و، وەک یەک لە ئەفسەرە هەرە نزیکەکانی سەدام حسێن لەو پۆستەدا مایەوە، تاوەکو دوا ڕۆژی حوکمڕانیی ئەم دیکتاتۆرە. کە ئەمەریکا عێراقی رزگار کرد لە ٢٠٠٣/٤/٩، سوڵتان هاشم یەک لەو (٥٥) کەسەی سەرانی رژێم بوو کە فەرماندەیی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، فەرمانی گرتنیانی دەرکرد، چ بەزیندوویی یان بەمردوویی. لە زنجیرەی ئەو ناوانەدا سوڵتان هاشم ژمارە (٢٧) بوو.

هێشتا هەندێ لە قسەکانی ناوبراومان لەیاد ماوە، کە پێش هەڵمەتی پرۆسەی ئازادیی عێراق دەیکرد، بەرامبەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن خۆی هەڵدەکێشا و هەڕەشەی لە ئەمەریکا دەکرد بە (الجبن ومستعبدی العالم) (ترسنۆک و کۆیلەکەرانی جیهان)... (وسوف نمرغ انف امریکا فی الوحل) (کەپووی ئەمەریکا دەخەینە ناو چڵپاوەوە = کەپووی ئەمەریکا دەشکێنن). کەچی هەر لە سەرەتای رۆژانی یەکەمی شەڕ، رای کرد و خۆی شاردەوە و لە ٢٠٠٣/١٢/١٩ لە مووسڵ خۆی تەسلیمی میجەر جەنەراڵ دێڤد پاتریۆس فەرماندەی ئەودەمی فیرقەی ١٠ی ئەمەریکا کرد، کە ئێستا فەرماندەی گشت هێزەکانی ئەمەریکا و فرەڕەگەزەکانە لە عێراق.

بەو پێیەی کە لە بازنەی نزیکی سەدام و جێی باوەڕی و گوێڕایەڵی بوو، سوڵتان هاشم لە سەرەتای شاڵاوە ڕەگەزپەرستییەکەی بەعسی فاشی دژی کورد، بەتایبەتی لە خوارووی عێراقەوە گوێزرایەوە بۆ کوردستان و لە گشت

هێرشەکانی پرۆسەی (ئەنفال)کردنی خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٨ بەشدار بووە، چ وەکو فەرماندەی فەیلەقی ٥ و چ وەکو فەرماندەی فەیلەقی یەک و تاوەکو دوارۆژی لەدادگەدانی ناوبراو شانازیی بەئەنجامدانی هێرشەکانی ئەنفالەوە دەکرد و بەئەرکێکی نیشتمانی پیرۆزی دادەنا و، دەڵێن کچێکی خۆیشی ناوناوە (ئەنفال)!

جێگەی داخە ئەفسەرێکی شۆڤێنی و منداڵ و ئافرەتکوژ و جینۆسایدکەری کورد و ترسنۆک و هەڵاتوو لە بەرامبەر سوپای بێگانەدا، وا وەسف بکرێ و هەوڵیش بدرێ بکرێتە پاڵەوان و مەزڵووم و لە سزای گەل و یاسا رزگار بکرێت..!

داوای لێبوردن لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەین سەبارەت بەم پێشەکییە، کە بەشبەحاڵی خۆم بەپێویستم زانی، پێش ئەوەی بێمە سەر ناوەڕۆکی ئەو ڕستانەی سەرەوە و هەوڵەکانی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق بەتایبەتی بۆ دواخستنی جێبەجێکردنی حوکمی دادگە بەسەر تاوانبار سوڵتان هاشم و عەلی کیمیاوی و حوسێن رەشید تکریتی... تد.

وەکو ئاشکرایە سوڵتان هاشم وەک یەک لە تاوانبارانی ئەنفالکردنی زیاتر لە ١٨٢ هەزار کوردی بێ تاوان، لەگەڵ (عەلی کیمیاوی و حوسێن رەشید تکریتی) درانە دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق و، لە ٢٠٠٦/٨/٢١، دادگەی ناوبراو دەستی کرد بە دادگەدانیان و، لە چەندان دانیشتنی دادگەدا بەئامادەبوونی دەیان هاووڵاتیی کوردستان کە خۆیان، یان خۆیان و کەسوکاریان قوربانیی ئەو تاوانانە بوون و، لە رێگەی چەندان نووسراو و فیلمی ڤیدیۆ و بەڵگە و دیکۆمێنتی فەرمیی جیاجیا و بەئامادەبوون و هەڵسەنگاندنی چەندان پسپۆڕی عێراقی و بیانی لە بواری چەکی کۆکوژ و گۆڕی بەکۆمەڵ لە دادگەدا، دادگەیی کران. دەڵێن لە پاش هەر هەموو ئەمانە و دانپێدانانی تاوانباران بەبەشداریکردنیان لە کردەوەکانی ئەنفال و، دوای ٦١ دانیشتنی کراوە لە رۆژی ٢٠٠٧/٦/٢٤ دادگە حوکمی لەداردانی بەسەر (عەلی کیمیاوی، سوڵتان هاشم و حوسێن رەشید تکریتی)دا. لە ٢٠٠٧/٩/٥

دادگەی تێهەڵچوونەوە (تمیز) ئەو حوکمەی پەسند کرد و بەپێی برگەی ٢ی مادەی (٢٧)ی یاسای ژمارە ١٠ی دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق دەبووایە ئەو حوکمە لە ماوەی ٣٠ رۆژدا جێبەجێ بکرێت (لە رۆژی پەسندکردنی لەلایەن دادگەی تەمیزەوە)، بەپێچەوانەوە هەر دوای ئەوە هەڵمەتێک دژی جێبەجێکردنی ئەو حوکمە دەستی پێ کرد و تاکو ئەمرۆیش بەردەوامە و، جەمسەری ئەو بەرهەڵستکارییە زیاتر لە سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق بەدی دەکرێت و لەناو ئەوانیشدا پەنجە بۆ بەڕێزان سەرکۆمار تاڵەبانی و تاریق هاشمی ڕادەکێشرێت و، جێگرەکەی تر واتە عادل عەبدولمەهدی سوورە لەسەر جێبەجێکردنی سزاکە.

لە سەرەتای باسەکەمان ئاماژەمان بەدەقی قسەکانی بەڕێز سەرکۆماری عێراق کرد: (نحن معارضون لاعدامه).

پاساوکەران (فەریقی روکنی یەکەم سوڵتان هاشم)یان کردووەتە سمبول بۆ دواخستنی جێبەجێکردنی سزاکان و چ بەعەفوکردنی یان سووککردنی سزاکەی، لە کاتێکدا دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق، ٤ سزای لەداردانی بەسەر سوڵتان هاشمدا سەپاندووە و، تاوانەکانیشی جینۆساید و کوشتنی بەکۆمەڵن...، ئەمانەش تاوانی نێودەوڵەتین.

لەنێو پاساوەکانی هەردوو جەمسەر خاڵی هاوبەش و جیاواز بەدی دەکرێن لەوانەش:

جێبەجێکردنی سزای لەداردان پێویستی بەمەرسوومێکی کۆماری هەیە.

سوڵتان هاشم، سەربازە و فەرمانی سەرەوەی خۆی جێبەجێ کردووە، واتە (سەدام)، بەرپرسیارە لەو تاوانانە نەک ئەو.

سەرکۆمار نازانم وەکو پارێزەرێک یان وەکو سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە ئەندامە لە سۆسیال ئینتەرناشناڵ، پێش دامەزراندنی لە پۆستی سەرکۆماری عێراق، ئیمزای دۆکۆمێنتێکی کردووە سەبارەت بەقەدەغەکردنی لەداردان و گوایە ئەم هەڵوێستە وای کردووە کە

نزیكی پەسندكردن و ئیمزاكردنی لەداردان نەكەوێتەوە.

گوایە سوڵتان هاشم، پێش تەسلیمبوونی بەڵێنی لە ئەمەریكاییەكان وەرگرتووە كە دەیپارێزن، یان گوایە پێش قۆناغی رزگاریی عێراق پێوەندیی بەئەمەریكاییەكانەوە كردووە... هتد.

جێبەجێكردنی سزاكە كاردانەوەیەكی سلبیی دەبێت لەسەر پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی..!

بەشبەحاڵی خۆم گازندەم لە هەڵوێست و پاساوەكانی تاریق هاشمی نییە. ئەوە ئەرك و وەزیفەی تایبەتی خۆیەتی دەیبینێت، بەڵام وەك هاووڵاتییەكی كوردستان رووی گلەیی و گازندەكانمان لە بەڕێز سەركۆماری عێراق دەكەین، وەكو نوێنەری خەڵكی كوردستان بۆ ئەو پۆستە. جارێ بۆ وەسفكردنی ئەو تاوانبارە بەو شێوەیە و پاشتر رۆڵی لە جێبەجێكردنی سزاكە و دواجاریش هەڵوێستی لە پرەنسیپی لەداردان.

سوڵتان و كیمیاویی و تكریتی و ئەوانەی تریش بەتاوانی ئەنفال حوكم دراون. ئەنفالیش تاوانێكە دەرهەق بەزیاتر لە ١٨٢ هاووڵاتیی كوردستان ئەنجام دراوە و دەكەوێتە خانەی تاوانە نێودەوڵەتییەكان. بەڕێز تاڵەبانیش دەرچووی كۆلێجی مافە و دوور نییە لە ئێمە و خەڵكانێكی تر زۆر شارەزایی و ئاشناییی زیاتر بێت لە یاسا و دیكۆمێنتە نێودەوڵەتییەكان و مادە و بڕگەكانی دەستوور و یاساكانی ناوخۆ. بۆچی و لەسەرچی بەرهەڵستكاری لەداردانی (سوڵتان هاشم)ە؟ ئەگەر كێشەكە یاساییە با بزانین دەستوورو یاسا لەم بارەیەوە چی دەڵێت:

أ- بڕگەی ٢ی مادە (٢٧)ی یاسای ژمارە (١٠)ی دادگەی باڵای تاوانەكانی عێراق، كێشەی جێبەجێكردنی حوكمی ئەم دادگە یەی یەكلایی كردووەتەوە: مادەی (٢٧- دووەم) (لايجوز لاية جهة كانت بما في ذلك رئيس الجمهورية اعفاء او تخفيف العقوبات الصادرة من هذه المحكمة وتكون العقوبة واجبة التنفيذ بمرور (٣٠) يوما من تاريخ اكتساب الحكم او

القرار درجة البتات). و مادەی (١٣٤)ی دەستووری هەمیشەییی كۆماری عێراقیش جەخت لەسەر مانەوەی ئەم دادگەیە دەكات و دەڵێت: (تستمر المحكمة الجنائية العراقية العليا باعمالها بوصفها هيئة قضائية مستقلة، بالنظر في جرائم النظام الدكتاتوري البائد ورموزه، ولمجلس النواب الغاؤها بقانون بعد اكمال اعمالها).

ب- دەسەڵاتەكانی سەركۆماری عێراق (سەرۆكایەتی)، سەبارەت بەمجۆرە كێشانە، برگەی (یەكەم) و (هەشتەم)ی مادەی (٧٣)ی دەستووری هەمیشەییی دیاری كردووە: مادەی ٧٣ دەڵێ (يتولى رئيس الجمهورية الصلاحيات التالية: اولاً: اصدار العفو الخاص بتوصية من رئيس مجلس الوزراء، باستثناء ما يتعلق بالحق الخاص، والمحكومين بالجرائم الدولية والارهاب والفساد المالي والاداري"، ثامنا" المصادقة على احكام الاعدام التي تصدرها المحاكم الخاصة).

بەپێی ئەم دەقانە و چەندان بەڵگەی یاسایی تر و رەوتی رووداوەكان ئەو پاساوانە بێ بنەمان چونكە:

حوكمی دادگەی باڵای تاوانەكانی عێراق پاش پەسندكردنی لە دادگەی تێهەڵچوونەوە، دەبێت لە ماوەی ٣٠ رۆژدا جێبەجێ بكرێت، حوكمەكەش قەتعییە و نە قابیلی هەڵوەشاندنەوەیە و نە سووككردن و دواخستنیش. بەپێی دەستوور و خودی یاسای ژمارە (١٠)ی دادگەی باڵای تاوانەكان، سەركۆمار (سەرۆكایەتیی كۆمار) بۆی نییە دەستكاریی ئەو حوكمە بكات. رستەی (وتكون العقوبة واجبة التنفيذ بمرور (٣٠) يوما من تاريخ اكتساب الحكم او القرار درجة البتات) زۆر روونە.

سزاكانی سوڵتان هاشم پێوەستن بەتاوانە نێودەوڵەتییەكان، واتە پێشێلكردنی مافی مرۆڤ و كوشتنی بەكۆمەڵ و ڕاگوێزان و تاوانەكانی شەڕ.. تاد. ئەم جۆرە تاوانانەش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە كە بەشدارن لە نەخشە و فەرماندان و جێبەجێكردنیان و كارئاسانی و چاوپۆشی.. تاد،

برگەی (یەكەمی)ی مادەی (٧٣)ی دەستوور لەم بارەیەوە روونە (.. باستثناء مایتعلق بالحق الخاص، والمحكومین بالجرائم الدولیة)، كەواتە ناكرێ لێبووردنی بۆ دەربكرێ. هەروەها عێراق ئەو یاسا و دیكۆمێنتە نێودەوڵەتییانەی قەبووڵ كردووە، بەپێی مادەی (٨)ی دەستووری هەمیشەییی عێراق و، دەبێت پابەندیان بێت. واتە سوڵتان هاشم و كیمیاویی و گشت ئەوانەی تاكو ئێستا سزا دراون بەتاوانی ئەنفال وەكو سەدام حوسێن بەرپرسیارن لە تاوانەكانی ئەنفال. سوڵتان هاشم بەشدار بووە لە نەخشەكێشان و جێبەجێكردن.. تاد، ئەگەر لەسەر ئەو پاساوە برۆین كە سوڵتان هاشم سەربازە و فەرمانی پێ كراوە و ناتوانێت لێی دەرچێت و، ئەگەر جێبەجێی نەكردبایە ئەوە دەكوژرا هەر وەكو سوڵتان هاشم خۆی لە یەكێك لە دانیشتنەكانی دادگەدا دركاندی و، ناوەڕۆكی پاساوەكەی بەڕێز سەركۆماریش ناڕاستەخۆ هەر وا دەخوێندرێتەوە. ئەوە حوكمەكانی دادگەیی (نۆرمبرگ- ١٩٤٥) و دادگەی (تۆكیۆ-١٩٤٦) كە تەرخان كرابوون بۆ گەورەئەفسەران و لێپرسراوانی وڵاتانی میحوەر بەتایبەتی ئەڵمانەكان و یابانییەكان.. تاد، جگە لە دەیان دادگەی نیشتمانی ئیتاڵیا لە بەریتانیا و فرەنسا... هتد، كە هەزاران تاوانبار درانە ئەو دادگەیانە و حوكمی جۆراوجۆریان بەسەردا دان. هیتلەر و مۆسۆلینی و سەرانی هەرەمی دەسەڵاتی یابان نەبوونە شەفیعی ئەوانەی خوارەوەیان. یان لەدادگەدانی (سلۆڤودان میلۆسۆفیچ)ی سەرۆكی یوگسلاڤیای كۆن و (رادۆفان كارادیچ)ی سربی نەبووە هۆی ئەوەی كە بڕیاری گرتن و دادگەییی چەند بەرپرسێكی خوارەوەی ئەوان نەدرێت. ئەمە چ مەنتیقێكە ئەفسەرێك بەشداریی كردبێت لە نەخشە و پلانی ڕاگوێزان و ناردنی زیاتر لە (١٨٢) هەزار كەسی بێ تاوان و بێ دەسەڵات بەرەو قڕكردن و، وێران و تاڵانكردنی سەروەت و سامانیان، تەنیا بۆ ئەوەی خۆی رزگار بكات لە لێپرسینەوەی سەرەوەی خۆی؟!

سوڵتان هاشم لە ٢٠٠٣/١٢/١٩ لە مووسڵ خۆی تەسلیمی ئەمەریكاییەكان كرد، واتە پاش زیاتر لە ٨ مانگ لە رزگاریی عێراق و ٦ رۆژ

له پاش دەستگیرکردنی سەدام حوسێن. ئەگەر پێوەندیی هەبووە لەگەڵ ئەمەریکاییەکان بۆ هەر لە سەرەتاوە هاوکاریان نەبوو؟ یان بۆ ناوی خرابووە لیستی داواکراوانی ئەمەریکا و ژمارەی (٢٧)ی ئەو لیستە بوو؟، یان بۆ درا بەدادگە وەکو خەڵکانێکی تر تەرحیل نەکرا و نەبرایە دەرەوە؟!. سەرەڕای هەر هەموو ئەمانە زیاتر لە جارێک وتەبێژی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق سەبارەت بەم لایەنە، وەسفی بەڵێنی جەنەراڵ پاتریوسی بە (انها غیر فعالة– ئێستا لە کاردا نییە) یان (نحن طلبنا منه الاستسلام وضمان سلامته اثناء الاستسلام فقط ولایمتد الامر الی مایلي ذلك = ئێمە داوامان لێ کرد خۆی بەدەستەوە بدات و سەلامەتییەکەی بپارێزین تەنیا لە کاتی خۆبەدەستەوەدانیداو ئەوە پێوەندیی بەماوەی دوای ئەوەوە نییە) دووبارە کردەوە. سیخوڕی CIA، ریک فرانکۆنا لە کەناڵی (الجزیرة) پێوەندیی سوڵتان هاشم و هاوکاریکردنی لەگەڵیان رەت کردەوە. گوتی ساڵی ١٩٩٦ لە رێگەی مام جەلالەوە پێوەندیمان پێوە کرد، بەڵام ئامادە نەبوو هاوکاریمان بکات.

هەروەها بەستنەوەی راگرتنی جێبەجێکردنی حوکمی لەداردانی ئەو تاوانبارانە بەئاشتبوونەوەی نیشتمانی، پێشێلکردنی دەستوور و یاسا و واقیعە. سوڵتان و کیمیایی و گشت قاتیلانی کوردستانی و عێراقییەکان ماکی ناتەبایی و ئاژاوە و تێکدانی نێوانی میللەتانی عێراقن و، هیچ یاسا و رێسایەک رێگە نادات ئەوانەی کە سزا دراون بەقڕکردن و جینۆسایدی خەڵک، چاوپۆشییان لێ بکرێت و هەوڵی رزگارکردنیان بدرێت لە سزاکانیان، کە چەند مادە و بڕگەی دەستووری هەمیشەییی عێراق زۆر بە ڕوونی رێ لەو پێشێلکارییە دەگرن.

بەڕێز مام جەلال ئازادە وەکو مرۆڤ چ هەڵوێستێک وەردەگرێت بەرامبەر سزای لەداردان و جێگەی رێز و پێزانینە و دەبێت حورمەتی بگرین، بەڵام:

– دەستووری هەمیشەییی عێراق سزای لەداردانی مەنع نەکردووە و، لە کاتی داڕشتنەوەی دەستوور لە ساڵی ٢٠٠٥ هەوڵێکی زۆر درا بۆ قەدەغەکردنی، بەداخەوە هەوڵەکان سەریان نەگرت. یاساکانی عێراقیش

هەروەها سزاکەیان هەڵنەگرتووە، بەڵکو کاری پێ دەکرێ.

– یەکێک لە ئەرکەکانی سەرکۆماری نەک هەر پابەندبوونە بەدەستوور بگرە سووربوون و چاودێری و جێبەجێکردنی دەستوور و یاساکانیشە. لەو ڕۆژەوەی جەنابی سەرکۆماری عێراقە دەیان سزای لەداردان ئەنجام دراون و بەپێی برگە (٨)ی مادەی (٧٣) دەبێت سەرکۆمار پەسندیان بکات. واتە یەک لە وەزیفە و ئەرکەکانی جەنابیانە، جا چ ڕاستەوخۆ خۆی ئیمزایان بکات یان دەسەڵاتەکە بداتە یەکێکی تر. ئەمە وەکو ئەوە وایە من خۆم تۆ ناکوژم، بەڵام ئەمر بەکەسێکی تر دەکەم تۆ بکوژێ (دەسەڵاتەکەم بەکار بێنێت)!

– پۆستی سەرکۆماری عێراق پۆستێکی کەسی (شەخسی) نییە، بگرە بەتەوافوق بەر کورد کەوتووە. بەڕێزی پاڵێوراوی لیستی هاوپەیمانی کوردستانە. خەڵکی کوردستان دەنگی پێ داوە. ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سزای سوڵتان هاشم و کیمیایی و گشت کیمیاییەکانی وەک ئەوان، دژی داخواز و ویستی خەڵکی کوردستانە و بریندارکردنی هەستی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و سووککردنی خودی تاوانەکە و کێشەکەیانە. زۆر جوان نییە بۆ نوێنەری کوردستان (سەددام، بەرزان، بەندەر، جەزراوی) بەتاوانی کوشتنی ١٤٨ کەس لەدار بدرێن ڕێگری نەکات، کەچی عەلی کیمیایی و سوڵتان هاشم و حوسێن تکریتی کە تاوانبارن بەکوشتنی زیاتر لە ١٨٢ هەزار مرۆڤی بێ تاوانی کورد، نوێنەری کورد لە بەغدا سوور نەبێت لەسەر جێبەجێکردنی سزاکەیان، بەڵکو ڕێگر بێت لە جێبەجێکردنی سزاکەیان بەبیانووی ئەوەی پێش چەند ساڵێک دۆکۆمێنتێکی ئیمزا کردووە. بەشبەحاڵی خۆم وەکو کوردێک بەدروستی نازانم نوێنەرانی میللەتەکەم دەسەڵاتی خۆیان بەکار نەهێنن یان تەحویلی کاربەدەستێکی تری بکەن، ئەوە پێشێلکردن و ڕێزنەگرتنە لە پرەنسیپی دەسەڵاتەکانی کارگێڕی و دادوەری. شانازی بوو بۆ نوێنەری کوردستان بەئیمزای ئەو مەرسوومی جێبەجێکردنی سزای سەدام و هاوەڵانیی ئەنجام بدرایە، هەروەها سزای عەلی کیمیایی و سوڵتان هاشم و تکریتی. ئەمانە قاتیلی خەڵکی کوردستانن و بەرپرسیاری

تەعریب و تەبعیس و کاولکردنی زیاتر لە ٤٠٠٠ گوند و شارۆکەی ئێمە و شێواندنی بنەمای کۆمەڵایەتی و ئابووری و قەوارەی نەتەوایەتیمانن. ئەمانەش پێشێلکردنی بنەماکانی مرۆڤایەتی و ژینگە و سروشت و یاساپارێزین. پرەنسیپی سزای لەداردان ماوە و دیارە هەر دەمێنێت، باشتر وایە جەنابی مام جەلال، چارەیەک لەم حاڵەتە بکات، یان پاشگەز ببێتەوە لەو هەڵوێستە و سزاکان ئیمزا بکات یان ڕێگر نەبێت، یان خۆی لەو پۆستە ڕزگار بکات.

ئەگەر بەتەمای چاکسازیی یاسایی و گۆڕینی برگە (٢)ی مادەی (٢٧) یاسای ژمارە (١٠)ی دادگەی باڵای سزاکانی عێراقیش بن، دیارە تاکو ئێستا لە ئەنجوومەنی نوێنەران مەحاڵە. چاکسازیی دەستووریش زۆری ماوە. ئەگەر دەربازیش بێت ریفراندۆمی لە بەردەمە..! با خوێنی ١٨٢ هەزار کەسی ئەنفالکراومان و ئەنفالی بارزانییەکان و فەیلییەکان و خوێنی گەشی ٥ هەزار کەسی هەڵەبجەی شەهیدمان نەکەینە قوربانیی ململانێی دەسەڵات و گەمەیەکی سیاسی و کارتی سازشکردن! زۆر سازش کرا ئیدی بەسە!

لێرەدا جێگەی خۆیەتی ڕوو بکەینە سەرکردایەتیی فەرمیی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی سەرۆکایەتیی هەرێم و سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان، باشە ئەگەر سەرۆکایەتیی کۆمار و گوایە ئەمەریکاییەکان بوونەتە کۆسپ لەسەر ڕێگەی جێبەجێکردنی سزای لە لەداردانی ئەو تاوانبارانە، ئێوە بۆ ئەوەندە بێدەنگن سەبارەت بەدواخستنی ئەنجامدانی سزای ئەو تاوانبارانەی ئەنفال. ئەو کشوماتییەی راگەیاندن و بایەخنەدانی حزب و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان لە چی و بۆچی؟، بەتایبەتی ئەوانەی کە ئەرکی بەرگری لە ماف و کێشەی ئەنفالکراوەکانیان خستووەتە ئەستۆی خۆیان، یان وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان (هەرچەندە بیستوومە ئەو وەزارەتە داوای هەڵوێستیان کردبوو). ئەی ئێوە ڕۆشنبیران و خامە ئازادەکانی گەلەکەمان، قوتابییان و خوێندکاران و لاوانی خوێنگەرم و لێپرسراوانی دوارۆژمان بۆ دەنگی نارەزایی بەرز ناکەنەوە. مەجال نەدەن سازش لەسەر خوێنی شەهیدان

و موقەدەساتی خەڵکی کوردستان بکرێت. ڕەوا نییە تورکی ڕەگەزپەرست و کەمالیست و تۆرانی تەنگژەی ململانێی ناوەخۆی خۆیان و داخی بڕیاری تاوانبارکردنیان لەلایەن ئەمەریکاوە سەبارەت بەقڕکردنی ئەرمەنییەکان، بە کورد و هەرێمی کوردستان بڕژێنن. ململانێ و گەمە سیاسییەکانی نێو دەسەڵاتی فەرمیی کۆماری عێراق و باڵەکانیان دەبێت کورد نرخی بدات. بۆ کێ..؟ بۆ (سلطان هاشم احمد الطائي). ئەو سوڵتانە ئەوە ڕابردووی بێت و لە خێڵی (الطي) بێت و (الطي)یش لەو خێڵە عەرەبانەن کە سەرەڕمی تەعریب بوون لە کوردستان و زۆریان لە ڕیزی (فرسان الوليد)دا بوون. کەس هەیە لە کورد سەرۆک جاش (شێخ حەنش) کە سەرۆکی خێڵی (الطي) بوو لە یاد نەبێت، کە چۆن پێشمەرگەکانی کوردستان لە ١٩٦٨/٤/١٣ سزای گەلیان بەسەردا سەپاند.

شەرمە بۆ ئێمەی کوردستانی، عەرەبی شیعە لە بەغدا و خوارووی عێراق خۆپێشاندان و کۆڕ و کۆبوونەوە ساز بکەن بۆ جێبەجێکردنی حوکمی دادگە بەسەر عەلی کیمیایی و سوڵتان هاشم و حوسێن ڕەشید تکریتی و، کوردستانییەکانیش بێدەنگ و تەماشاکەر و تا حەدێکیش ڕێگرین.

## دوای وەلاوەنانی لێپرسراوەتیی یاسای (سەدام)
## لە جینۆسایدکردنی کورد چ بکرێت باشە..؟

رۆژی (٢٠٠٣/١٢/١٣) لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە بەغدا (پۆل برێمەر) سەرۆکی ئیدارەی مەدەنیی هێزی داگیرکەری ئەودەمی ئەمەریکا لە عێراق، دەستگیرکردنی دیکتاتۆری خوێنرێژ، (سەدام حوسێن)ی، لەلایەن هێزە سەربازییەکانی خۆیانەوە بەفەرمی ڕاگەیاند.

لە رۆژی (٢٠٠٥/١٠/١٩) (سەدام حوسێن و تاقمەکەی) لەسەر، کێشەی شارۆکەی (الدجیل)، بەتاوانی کوشتنی (١٤٨) کەس لە ئەندام و لایەنگران و کەسوکاری ئەو تاقمەی کە بە نەخشە و پلانی (حزبی دەعوەی ئیسلامی) ساڵی ١٩٨٢ هەوڵی تیرۆریی سەدامیان دابوو، دەست بە لەدادگەدانیان کرا لەلایەن (دادگەی تاوانکاریی عێراقی باڵا) بە سەرۆکایەتیی دادوەری کورد (رزگار محەمەد ئەمین) و، پاش ئەوەی (رزگار) لە ٢٠٠٦/١/٦ ناچار خۆی کێشایەوە لەو کێشەیە، دادوەری کورد (رەئووف رەشید) وەکو سەرۆکی ئەو دادگەیە دەستبەکار بوو، پاش چەندان دانیشتن و، لە رۆژی ٢٠٠٦/١١/٥، بە حوکمی لەداردانی (سەدام حوسێن) و (بەرزان)ی برای سەدام و (عواد البندر) و بەندکردن و بەرەڵاکردنی چەند تاوانبارێکی تر، کۆتا هێنرا بەو کێشەیە لەو دادگەییە و، حوکمەکان (تمیز) کران.

لە رۆژی ٢٠٠٦/١٢/٢٦، دادگەی تێهەڵچوونەوە (تمییز) حوکمی لە لەداردانی (سەدام حوسێن و بەرزان ئیبراهیم و عواد بەندەر)ی پەسند کرد و، حوکمی (تەها جەزراوی)ی رەت کردەوە و، داوای کرد ئەو حوکمە توندتر بکرێت واتە ئەویش (اعدام) و، دیارە دادگەی (تمیز) حوکمەکانی تاوانبارانی تری پەسند کردبوو.

له رۆژی (٢٠٠٦/٨/٢١) لەدادگـەدانی (سـەدام حـوسـێن) و تاقـمـێکی تر له دارودەسـتـەکـەی، بە تـاوانی (الانـفـال) لەلایـەن هـەمـان دادگـە (دادگـەی تاوانکاریی عێراقی باڵا) دەستی پێ کرد و، تاکو ئێستاش (٣٤) دانیشتنی کردووە و هێشتاش بەردەوامە.

له سـەعات (٦)ی بەرەبەیانی رۆژی ٢٠٠٦/١٢/٣٠، کە یەکەم رۆژی جەژنی قوربانی پیرۆز بوو (سەدام حوسێن) لەدار درا.

واتە لەدادگـەدانی سـەدام و تاقـمـەکـەی (٢٠٠٥/١٠/١٩) تاکـو لەداردانی (٢٠٠٦/١٢/٣٠) نزیکەی (١٤) مانگ و (١١) رۆژی خـایاند و له کۆی گشـتیی ئەو مـاوەیە کـە لە سـنووری (٤٣٦) رۆژ بـوو، تەنیـا لە سـنووری (٣٨) رۆژی دادگەیی بووە (دانیشتن).

بەشبەحاڵی خۆم لەو باوەڕەدام هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و وڵاتپارێز، لە ناوەوە و لە دەرەوەی کوردستان دڵخۆش بوون، بەدارِمانی رژێمی سـەدام و گـرتنی و دادگـەییکردنی بەتاوانی (قـڕکـردنی بـە کـۆمـەڵ) و (تاوانـەکـانی دژ بەمرۆڤایەتی) و (تاوانـەکانی شـەڕ) و (پێشـێلکاریی یاسـاکانی عێراقی)، هەر وەکو لە یـاسـای دادگەی تاوانکاریی عێـراقی باڵا (بەشی دووەم ــ لقی یەکەم تاکو لقی چوارەم – دیاری کراوە و، بەمـادەکانی (١١– ١٤) روون کراوەتەوە و، ئێـمـەی کـوردسـتـانی چاوەڕوانی ئەو رۆژە بووین ئەم دیکتـاتۆرە فـرە دڕندە، بدرێتـە دادگـە و دادگـەیی بکرێت لەسـەر تـاوانەکـانی ئەنفـالکردنی زیاتر لە (٢٠٠) هـەزار کـــــوردی بێ تـاوان و گـــــوللـەبـاران و لـە لـەداردان و بێ سـەروشوێنکردنی بە دەیان هەزاری تر و کیمیـابارانی هەڵەبجە و کـاولکردنی زیاتر لە ٤٥٠٠ ئاوایی و شـارۆکـەی کـوردسـتـان و راگـوێزان و تـەعـریب و تەبعـیس و تاڵانکردنی سـەروەت و سـامـانی وڵاتەکـەمـان و گـشت تاوانەکـانی تری، دەرهەق بەگەلانی عێراق بـە کـورد و عـەرەبی شـیعـە و عـەرەبی سـوننە و تورکمـان و کلدان و ئاشـوور و سریانـی و، بگرە هەتاکو دژ بە سـەرانی حزبە فـاشی رەفتـارەکـەی خـۆی و، خـزم و ئەفرادی نـزیکی خـانەوادەکـەی و، تاوەکو دەگاتە شـەڕی دژ بەکۆماری ئیسلامیی ئێران (١٩٨٠) و داگیرکردنی دەوڵەتی

کوێت (١٩٩٠) و هەردوو شەڕە دۆڕاوەکەی دوا قۆناغی حوکمڕانی واتە: شەڕی ساڵی ١٩٩١ (گەردەلوولی بیابان) و شەڕی ساڵی (٢٠٠٣)ی رزگاریی العراق و پاشان داگیرکردنی لەلایەن هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکاوە... هتد.

بەڵێ، هیچ کوردێک یان مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و خاوەن ویژدان نییە کە چاوەڕوانی دادگەیی و حوکمێک نەبووبێت کە ئەم تاوانبارە و گشت داروودەستەکەی بگەیەننە سزای دادوەرییانەی خۆیان.

بەڵام کەم کەس هەبوو مەزەندەی ئەوەی دەکرد کە سەدامی تاوانبار، تەنیا لەسەر ئەوەی کە (١٤٨) کەسی لە حزبی (الدعوة) یان لایەنگرانی ئەو حزبە، بەتاوانی هەوڵدانی (تیرۆرکردنی)، لە ساڵی ١٩٨٢، حوکمی لە سێدارەدانی لەسەر ئەو تاوانە ئەدرێت و، وا بە پەلە و بێ ئەوەی چاوەڕوان بکرێت هەتاکو کۆتاییهێنانی لەدادگەدانی لەسەر تاوانی (الانفال) کە هەروەکو لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد لە (٢٠٠٦/٨/٢١) دەستی پێ کردبوو، تاکو رۆژی لە قەناردانی سەدام (٣٣) دانیشتنی کردبوو، هەر بەردەوامە و (سەدام) تاوانباری ژمارە سەرەکی و خاوەن بڕیار و بەرپرسیاری یەکەم بوو لەوە و، لە گشت تاوانەکانی تریش.

هەر لە سەرەتای لەدادگەدانی سەدام و سەرانی تاوانباری رژێمەکەی وەکو دەرکەوت، پەلە پەل و فەوزا و بێ سەروبەریی پێوە دیاربوو، چ لە رووی پێکهاتە و تەکنیکەوە و چ وەکو مینبەرێک، تاوانباران ئیستیغلالی ئەو کەشوهەوایە بکەن و هۆڵی دادگە بکەنە مەیدانی ململانێی سیاسی و، زۆرجار وای لێ هاتبوو ئەوان دەبوون بە دادوەر و ئەمەریکا و رژێمی عێراق و دادگە و سەرۆکایەتیی دادگەکە تاوانبار و، هەردەم لە حاڵەتی هێرشدا بوون و سنووری داوونەریتی دادگەیان دەشکاند و بە دروشمە ژەنگاوییە کۆنەکانی جارانیان هەوڵیان دەدا رای گشتی بۆ لای خۆیان راکێشن، بەتایبەتی جادەی عێراقی و عەرەبی و ئیسلامی و، لەو بارەیەوە تاکو حەدێک سەرکەوتن و، سەدامێکی تاوانبار، لەژێر سێبەری عەدالەتیی دادگە و کەناڵەکانی راگەیاندنی جیهانی، وەکو (فارس العروبة) رەفتاری دەکرد و، لە جەلادێکی

تاوانبار بۆ قوربانییەکی غەدر لێکراو..!

هەرچی بێت هۆ و هۆکاری ئەو بێ سەروبەرییەی پرۆسەی لەدادگەدانی (سەدام و سەدامییەکان)، لە زۆر رووەوە سەرکەوتوو نەبوو، هەروەها ئامانجی خۆشی وەکو پێویست نەپێکا، هەر لە هەڵبژاردنی یەکەم تاوانی (الدجیل) تاکو بەڕێوەبردنی دادگە و پاشان حوکمدان و شێوە و شێوازی جێبەجێکردنی ئەو حوکمە. سەدام و سەدامییەکان تاوانی زۆر گەورەتر و خەتەرناکتر لە تاوانی (الدجیل)یان ئەنجام دابوو، چ بە ژمارە و پانتایی و چ لە شێوە و شێوازی جێبەجێکرنی ئەو تاوانانە و بەرەنجامەکانیانیش.

لەدادگەدانی (سەدام حوسێن) و دارودەستەکەی بەو شێوە و شێوازە کە ئاماژەمان بۆ کرد ئەگەر بڕیارێکی (عێراقی) بێت، ئەوە حکوومەتەکەی مالیکی وەکو حکوومەتێکی زۆرینەی عەرەبی شیعە مەزهەب و، مالیکی خۆی وەکو نوێنەری حزبی دەعوەی ئیسلامیی شیعی، نەدەبووایە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم کێشەیە لە روانگەی حزبایەتییەکی تەسک و بۆچوونێکی مەزهەبی تەسکتر بووایە، هەروەها لایەنی کوردستانی بەتایبەتی، نەدەبوایە وا بەهاسانی کێشەی (الدجیل)یان لە پێش ئەنفال و هەڵەبجەی شەهید قەبووڵ بکردایە، لە کاتێکدا دەسەڵاتی فەرمیی کورد هەردەم دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، لە (العراق)ی هیوا و ئاشتی، کورد شەریکە لە بڕیار و حوکمڕانی، یان هەر چ نەبووایە چاوەڕوانی ئەوەیان بکردایە تاکو لەدادگەدانی (سەدام و دارودەستە تاوانبارەکانی) لەسەر ئەنفال و هەڵەبجە تەواو دەبوو و، (سەدام)یان (حضوریا) بەو تاوانانە حوکم دەدا.

ئەگەر سەرانی دەسەڵاتی فەرمیی العراق هەندێ بەدووربینی و بەرچاوفراوانی و ستراتیجی سەیری لەدادگەدانی (سەدامیان) بکردایە وەکو (رجل دولة) رەفتاریان بکردایە، بەتایبەتی لە عێراقی پاش رزگاری و قۆناخی داگیرکردنی لەلایەن زلهێزی ئەمەریکاوە و ئەو شەڕە ناوەخۆییە (مەزهەبی و رەگەزییە) و ئەو هەموو دەستتێوەردانە دەرەکییە، هەر وەکو هەندێ لە چاودێران و لێکۆڵەری جیاجیا باسیان کردووە، دەبووایە لە تاوانەکانی خودی

سەدام و سەدامییەکانەوە، دەرهەق بە سەرکردایەتییەکی خودی حزبی بەعس و هاوڕێیانی خودی سەدام و کەسوکاری خۆی و (ئەنفال) و (هەڵەبجە) و (الدجیل) و ڕاپەڕین و شەڕ و تراجیدیاکانی تری ئەم تاوانبارانە دەستی پێ بکردایە چونکە:

سەدام و سەدامییەکان لە مێژووی العراق و ناوچەکە دیاردەیەکی تازە نەبوو. لە بەکارهێنانی زەبر و زۆر و پاوانکردنی دەسەڵات و سەروەت و سامان و حوکمی تاک و بنەماڵە و نوخبە، میراتێکە ڕەگ و ریشە هەڵکوتاوی نێو کۆمەڵگەی ئەو وڵاتانەن و گۆشکراوی کولتوورێکی داڕێژراوی زیاتر لە ئەوەندە سەدەیە و، بەدرێژاییی زیاتر لە یەک چارەکە سەدە (سەدام) و سەدامییەکان نوێنەر و زبانحاڵ و پراکتیزەکەری ئەو کولتوورە بوون و، تاکو دەهات بەئەمڕۆیشەوە بیروباوەڕ و هەڵسوکەوت و شێوە و شێوازی حوکمڕانی و دیاردەی (سەدامیزم) لە پەرەسەندندا بووە و، زۆر کۆمەڵگەی ئەمڕۆشمان دیاردەی (سەدامیزم)ی پێوە دیارە و گیرۆدەی ئەو ڤایرۆسەن.

بۆیە دەبووایە لەدادگەدانی سەدام تەنیا لەدادگەدانی دیکتاتۆرێک و کەسێکی نەخۆش و تاوانبار نەبووبایە، بگرە دادگەییکردنی قۆناغێک و (منظومە)یەکی فیکری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بێت بەهەموو بوار و بەرەنجامەکانیانەوە.

بەم پەلەکردنە و بەو شێوە کاڵفامییەی حکوومەتی ناوەندیی بەغدا، ئەو دەرفەتە گەورەیەی لە دەست دا و بگرە لە جێبەجێکردنی حوکمەکەش کێشەکەی ئاڵۆزتر کرد و، تاکو ئەو رادەیە سەرکۆماری ئەمەریکا بەڕێز (جورج دەبلیو بوش)یش ناچار بێت، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ (جیم لێرر) لە کەناڵی تەلەڤزیۆنی (PBC)، کە ڕۆژی ٢٠٠٧/١/١٧ کەناڵە ئاسمانییەکان بڵاویان کردەوە، ئاماژە بەوە بکات کە کارەکە باش بەڕێوە نەچوو و، حکوومەتەکەی مالیکیی وەسف کرد بەوەی کە هێشتا (پێ نەگەیشتووە = غیر ناضجة).

ئەگەر لەداردانی (سەدام) وا بە پەلە، بڕیار و خواستێکی ئەمەریکایی بوو، واتە ئیدارەی بوش، ئەوە هێشتا هەڵەکە گەورەتر و خەتەرناکترە چونکە:

* هەرچی پێی دەڵێن سەروەریی العراق هێشتا فرِی بەواقیعەوە نییە لە زۆر بواردا هەر وایە، چونکە بەقسەی خودی مالیکی (توانای جووڵانەوەی تەنیا یەک (سریە) سەربازیشی نییە).....!
* هەرچی پێی دەڵێن هەوڵی ئاشتبوونەوەی گشتی و دامرکانی شەڕی ناوەخۆ و بنبڕکردنی توندوتیژی کەوتە گومانەوە، هەروەکو (طارق الهاشمي) جێگری سەرکۆماری العراق رای گەیاند لە لەندەن.
* هەرچی پێی دەڵێن شەفافیەت و مافی گەلان و مرۆڤ و پرۆسەی دامەزراندنی دیموکراسی و گۆڕینی رۆهەڵاتی ناوەڕاست دوورە لە راستی کاتێک هیچ حیسابێکی وەها نەکرابێت بۆ هەست و خواستی گەلانی عێراق و لە پێش هەمووشیانەوە گەلی کورد و تراجیدییەکانی.

بەندە وەکو کوردێک و لە ڕوانگەی کێشە چارەسەرنەکراوەکەی گەلەکەم و بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەکەم، بە هەموو مەترسییەکانی ئەم قۆناغە، لەداردانی (سەدام) وا بەپەلە و پێش تەواوبوونی دادگەییکردنی (حضوریا) لەسەر (ئەنفال و هەڵەبجە)ی شەهید و گشت تاوانەکانی تری دەرهەق بە نەتەوەکەم تاوانێکە نەک تەنیا دەرهەق بە ئێمەی زیندووی ئەمڕۆ و نەوەی داهاتوومانە، بەڵکو دژ بەقوربانییەکانی غەدری مێژوو و گشت تراجیدییەکانمان لە سەرووی هەموویشی کارەساتی (ئەنفال) و (هەڵەبجە) بوو.

کەسێکی بەویژدان مووتەئەسیف نییە لە حوکمی لەداردانی (سەدام)، وەلێ ئەوەی کە سەرنجڕاکێشە، بێدەنگیی لایەنی فەرمیی کوردستانە و رۆڵی وەکو (شەریک) لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی ئەم حکوومەتە لە گشت ئاستەکان، سەبارەت بەئەولەویاتی لەدادگەدانی تاوانبارانی رژێمی پێشوو، ئەو بە پەلەکردنە و، ئەو بێ ئاگاییە لە شێوە و شێوازی جێبەجێکردنی حوکمەکە، بە تایبەتی هێشتا دادگەیی سەدام و داروودەستەکەی لەسەر تاوانی (الانفال) بەردەوامە و زۆریشی نەمابوو، هەروەها هێشتا کێشەی (کیمیابارانی هەڵەبجە) دەستی پێ نەکردووە.

ئەوەی ئێمەی هاوولاتی ئاگەدارین و بەردەوام دەسەڵاتی فەرمیی کورد لە

بەغدا و لە هەرێم جەختی لەسەر دەکەن ئەوەیە، کە حکوومەتەکانی (العراق)ی پاش قۆناغی (رزگاری) حکوومەتی (خۆمانە) و حکوومەتێکی هاوبەشە و گشت بڕیارەکانی بە (توافق)ە و، بێ کورد نە دەسەڵاتی ئەمەریکا لە العراق و نە حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکان و بەتایبەتی حکوومەتی (المالیکی) بێلایەنیی کوردی دەستنوێژیشیش ناگرن...!

لە هەرسێ دەسەڵاتەکەی ئەم (دولة العراق)ەدا کورد بوونی هەیە بە (دادگەی تاوانکاریی عێراقی باڵا) و دادگەی (تێهەڵچوونەوە = تمیز)یشەوە، هەروەها لە هەرێمی کوردستانیشدا حکوومەتێکمان هەیە و لە سەرووی هەردوو حکوومەتیشەوە (دادگەی فیدراڵیی باڵا)ش هەیە و، لایەنی کوردستانیش دوو حزبی دەسەڵاتداری هەیە کە سەرکردایەتییەکانیان لە گشت نەخشە و پلانەکانی بواری پێوەندار بەکێشەی گەلی کوردستانەوە بەرپرسیارن، کەچی:

هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی دادگەییکردنی (سەدام) و داروودەستەکەیەوە چ لە ئەولەویاتی تاوانەکان و چ لە شێوە و شێوازی بەڕێوەچوونیدا، جیدییەت و وردبینیی لایەنی دەسەڵاتی فەرمیی کوردی پێوە دیار نەبوو، هەروەها:

ئەو یاسایانەی کە سەدامیان پێ دادگەیی کرد، کورد لە داڕشتن و لە پەسندکردنی بەشدار بوو. لە مادە (٢٧- دووەم)یدا هاتووە (لا یجوز لأیة جهة کانت بما في ذلك رئیس الجمهوریة اعفاء او تخفیف العقوبات الصادرة من هذه المحکمة وتکون العقوبة واجبة التنفیذ بمرور (٣٠) یوما من تأریخ أکتساب الحکم او القرار درجة البتات) و ئەم دەقەش روونە.

دەبووایە لایەنی کوردستانی کاتێک کە زانی پرۆسەی دادگەییی (سەدام) بە ڕووداوی (الدجیل) دەست پێ دەکا لەم مادەیە ورد بوونایەتەوە و بەم دەقە رازی نەبوونایە و، دەکرا هەر لەو کاتە بە (تعدیل)، یان چاکسازی، یان لە ڕێگە یاساییەکانی ترەوە، یان هەرچی نەبێت بەپێی پرەنسیپی (التوافق) چارەسەری ئەو دەقە بکرایە و، پەلە بکرایە لە کۆتاییهێنان بە کێشەی (الانفال) و هەڵەبجە... هتد و، ئەو کاتە هەنگاوە یاساییەکانی تریش ئەنجام بدرایە.

ئەگەر کورد خۆی بایەخی بەم لایەنەش نەدابێت یان بیری لێ نەکردبێتەوە، خۆ پێش لەداردانی (سەدام) دادوەری گشتی گوتی (ئەگەر تاوانی ئەنفال لەسەر (سەدام) ئیسپات بوو، ئەوە ناتواندرێت سزایەکی تری لەسەر بسەپێندرێ، چونکە تاوانەکەی لەسەر لادەچێ ((عنه الجرم)).

لەدادگەدانی (سەدام و تاقمەکەی) بەپێی یاسای (دادگەی تاوانکاریی عێراقی بالآ) بەڕێوە چوو، ئەم یاسایەش ڕێگەی بەو دادگەیە داوە کە سوود لە یاسای (اصول المحاكمات الجزائية)ی عێراقی ژمارە (٢٣) ساڵی ١٩٧١و بڕیار و یاسای تریش وەرگرێت و، چۆنیەتیی جێبەجێکردنی لەداردانیش بەتایبەتی بەپێی مادەکانی (٢٨٣-٢٩٣) لە فەسڵی دووەمی ئەو یاسایەدا (اصول) بەوردی باس کراوە و، بۆ کێشەی دەرچوواندنی (مرسوم جمهوري)ش لەلایەن ئەنجوومەنی سەرۆکایەتییەوە دیارە پشت بەستراوە بە بڕگە (سادسا) لە (امر مراعاة العمل بعقوية ائعدام رقم (٣) لسنة ٢٠٠٤) کە لەلایەن سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی گواستنەوەی عێراقەوە (د.اياد علاوي) دەرچوو کە دەڵێت (سادسا: استثناء من حكم الفقرة (ب) من المادة (٢٨٥) من قانون أصول المحاكمات الجزائية رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ والمادة (٢٨٦) منه، تنفذ عقوبة ائعدام بعد موافقة رئيس الوزراء ومصادقة مجلس الرئاسة.) و، لە (دەستووری هەمیشەییی (کۆماری العراق)یشدا لە مادەی (١٣٤)یدا جەختی لەسەر مانەوە و کارکردنی دادگەی تاوانکاریی عێراقی بالآ) کردووە.

لێرەدا باسی یاسایی و نایاساییی ئیجرائاتەکان و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنیان ناکەین، ئەمە بۆ یاساناسان و پسپۆڕانی ئەو مەیدانە جێ دەهێڵین، بەڵام ئەوەی لای ئێمە ڕوونە کە (تصديق)کردن بێ پەسندکردنی (ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی) نابێت و، گوتراویشە کە گوایە لایەنە پێوەندارەکان ئاگایان لە ڕۆژ و کات و شوێنی لەداردانی (سەدام) نەبووە، لەوانەیە ڕاست نەبێت، چونکە لە دیدارێکی کەناڵی ئاسمانیی (العربية)دا (د. نوري المالكي) سەرۆک وەزیرانی (العراق) شەوی ٩ لەسەر ١٠ی ٢٠٠٧/١ گوتی: (ان كل المعنيين أعلموا بالتنفيذ). تاکو ئێستایش لایەنەکانی پێوەندار

کە ئەم گازندەیەیان دەکرد ئەم قسەیەی مالیکییان بە درۆ نەخستووەتەوە.

گریمان وابێت دەسەڵاتی کورد بێ ئاگا بووە لەو پرۆسەیە بە (فەرمی)، باشە ئەدی کاری ئەو هەموو نوێنەرانەی کورد چییە لە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی و لە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان و جێگران و دیوان و ڕاوێژکاران و مەکتەبەکان، یان ئەوانەی لە دەزگا هەواڵگرییەکان و ئاسایشی العراق و، دەزگا ئەمنییەکانی کوردستان و ڕێکخستنی هەردوو حزبی دەسەڵاتداردا کار دەکەن چۆن لەو هەموو مشتومڕەی نێوان سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران و سەفارەت و کاربەدەستانی ئەمەریکا لە (العراق) تاکو دەگاتە کۆشکی سپی و سەرۆک بوش وەئاگا نەهاتن.؟!، تۆ بڵێیت تاکو ئەو ڕادەیە کورد بێ خەبەر و بێ ئاگا بێت لەو کێشەیە و، نەزانێ لەم وڵاتەدا چی ڕوو دەدات..!

هەروەها گریدانی ئەو پەلەکردنە سەبارەت بە لەداردانی (سەدام) بەتەمەنەوە، یان لە (ترسی هەڵهاتنی)، ئەوەش یاسا چارەسەری کردووە بەوەی کە لایەنی (کەمی) تەمەنی دیاری کردووە کە نابێت لە (٢٠) ساڵ کەمتر بێت زۆریی (تەمەن)ی دیاری نەکردووە و، هەتا ئێستایش، نە لایەنی ئەمەریکایی کە (سەدام)یان لەلا بەند بوو تاکو تەسلیمکردنی بەدەسەڵاتی فەرمیی (عێراقی) و، نە خودی دەسەڵاتی فەرمیی عێراقیش، پەلەکردنی لەداردانی (سەدام)یان گرێ نە داوە بەباری (ئەمنی)، یان لە ترسی هەڵهاتنی.

ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستانی ناوەوە و دەرەوە لەمەڕ چۆنیەتیی جێبەجێکردنی حوکمی لەداردانی ئەو تاوانبارانەوە، ڕەخنە و نیگەرانیی خۆیان پێشان دا وەکو سەرۆک بوش و بلێر و یەکێتیی ئەوروپا، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و بەریتانیا و چەند ڕێکخراوێکی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ لە رووی ڕێزنەگرتنی حکومەتی مالیکی لە یاسا و ڕێساکان لە کاتی جێبەجێکردنی حوکمەکە بەتایبەتیش بەرچاونەکردنی ڕۆژی جەژنی قوربانی پیرۆز.... هتد.

بەهەرحاڵ ئەو کەموکورتییانە بوونە یەک لەو فاکتەرە سەرەکییانەی کە پانتاییەکی زۆر لە جادەی عێراقی و عەرەبی و ئیقلیمی و جیهانی بە کوردیشەوە ڕەخنە و نیگەرانیی خۆیان نیشان بدەن، نە (ترحماً) بۆ (سەدام)

بگره (احتراماً) بۆ یاساو ڕێسا و بەهای لایەنە ڕۆحییەکانی مرۆڤ، با ئەو ئیجرائاتە دەرهەق بە تاوانبارێکی دڕندەی وەکو (سەدام)یش بێت، هەر ئەم کردارەش بووە هۆی ئەوەی کە سەدامییەکان ئیستیغلالی بکەن.

پاساوادنی لە بێ هەڵوێستیی دەسەڵاتی فەرمیی کورد، بەگشت ئاستەکانیەوە، چ لە سوورنەبوونیان لەسەر ئەولەویاتی لەدادگەدانی تاوانبارانی ڕژێمی پێشوو و دواخستنی جێبەجێکردنی لەداردانی (سەدام) تاکو هەر چ نەبێت کێشەی داداگەییی (الانفال) تەواو دەبوو، یان بەشدارنەکردنی نوێنەری کورد لە پیادەکردنی دەسەڵاتێکی دەستووری لە پرۆسەی جێبەجێکردنی حوکمەکە و پاساودانی، بە(نەمانزانی)، یان (بۆ ئەوەی عەرەب نەکرێت بە دوژمنی کورد) یان (سوننەی عەرەب نەبێتە دوژمنی کورد)، بیر و بۆچوونێکی یەکجار لاواز و بێ بنەما و دوورە لە هەستکردن بە گیانی لێپرسراوەتی وەک ئەوەی (نەزانین) مرۆڤ لە مەسئولیەت رزگار بکات، یان وەک ئەوەی گوایە (سەدام حوسێن) و داروەستە تاوانبارەکەی نوێنەری عەرەب بن، یان نوێنەری عەرەبی سوننە بن، یان وەک ئەوەی بڵێی بێدەنگی دەبێتە مایەی ڕاوەستانی هەڵمەتی دژایەتی و تیرۆر دژی کورد لەلایەن تاقم و داروەستەی شۆڤێنیزم و سەدامییەکان و تیرۆریستانەوە.

بەواتایەکی تر ئەم جۆرە پاساو و بۆچوونە چەوتانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ ئەوە دەمانبا کە ئەوانەی پلە و پایەی فەرمییان پڕ کردووەتەوە مافی شەخسی و ئیمتیازی تایبەتی خۆیانە، نەک (مافی کورد)، لەلایەکی تریشەوە ئەمە وەکو دانپێدانانێکە بەوانەی کە لەلایەن بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردەوە، دژ بەسەدام و ڕژێمەکەی کراوە و گوتراوە، دژ بەعەرەب و دژ بەعەرەبی سوننە بووبێ، نەک بەرگری لە ماف و مانەوەی گەلی کورد.

ئەم جۆرە بیر و بۆچوون و پاساودانەوە و، بێدەنگییە لە ڕاپێچکردنی تاوانبارێکی وەکو (سەدام) وا بەپەلە، لە ڕاستیدا (ڕاپێچکردنی) مافێک و قۆناغێکە کە لەگەڵ ئەودا هەموو دۆسیە شاراوەکانی گشت ئەو تاوانانەی دژ بە کورد و کوردستان: (ڕاگوێزان، تەعریب، تەبعیس، گۆڕینی قەوارەی

نەتەوایەتی، ئەنفال. ئەنفالکردنی بارزانییەکان و فەیلییەکان و، کیمیابارانی هەڵەبجە) وەک بەرپرسی یەکەم زیندەبەچاڵ کرا. بەمەش سیاسەتی جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان، کە بەفەرمان و بە نەخشە و پلانی خودی (سەدام) ئەنجام دران، لەلای ڕای گشتیی جیهان و لەنێو پانتایی عەرەبی العراق و جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و بەتەواوی ڕوون نەبووەوە و بەبێ ئەوەی دیکۆمێنتیش بکرێن هەمووی وەها ڕۆیشت..!

ئەوەی سەدامی گەیاندە پەتی قەنارە، وڵاتەکەمانی بەرەو ئەم تەنگژە برد، ئەو ئەقڵییەتە بوو کە هەردەم حیسابی بۆ بەرژەوەندی و هەست و خواستی خەڵک و بەها رۆحی و کۆمەڵایەتییەکانی میللەتەکەی خۆی نەدەکرد.

ئێمە ڕووی ڕەخنەمان لە مالیکی و حکوومەتەکەی مالیکی دەکەین بە باڵە کوردییەکەشیەوە، هەروەها لە دەسەڵاتی فەرمیی هەرێمی کوردستانیش، سەبارەت بەو پەلەکردنە و بەبێ ڕەچاوکردنی هەست و خواستی نەتەوەی دووەمی ئەم (العراق)ە کە خاوەن گەورەترین تراجیدیای جینۆسایدی کۆتایی سەدەی بیستەمە و، ئەو پرەنسیپانەش کە هەردەم جەختی لەسەر دەکەن لەمەڕ ڕێزگرتن لە دەستوور و یاسا و، ڕەچاونەکردنی قودسیەتی بەها ڕۆحییەکان و قوربانییەکانی (ئەنفال و هەڵەبجە) کە دوو هێمای سەرەکیی گەورەن بۆ ئێمەی کورد کە لە دەستووریشدا جەختی لەسەر کراوە.

ئەم لاسارییە و ئەم بێباکییە لە کورد و لە قوربانییەکانی، وەکو هێزێکی کاریگەر لە بەرهەڵستکاری سەدام و سەدامییەکان و لە ڕماندنی ڕژێمەکەی و لە دامەزراندنەوەی ئەم (العراق)ە و لە پێکهاتنی حکوومەتەکەی خودی مالیکی و مانەوەی لەسەر دەسەڵات و پاراستنی ئەم (العراق)ە، پێویست بەهەڵوێست و پێداچوونەوە دەکات و، ئەم جۆرە عەقڵییەت و ڕەفتارەش جێگەی مەترسییە و ناکرێت دەسەڵاتی فەرمیی کورد بەهەند وەری نەگرێت.

ئەگەر ئەم پەلەکردنە لە دەسەڵاتی مالیکییەوە بووبێت ئەوە ماهیەتی ئەم تاقمە دەسەڵاتدارەی ئێستای ناوەندی بەغدای ڕۆشنتر کردەوە، بەتایبەتی دید و مامەڵەکردنیان لەگەڵ کورد و کێشە و داخوازییەکانی کە دیارە هێشتا

لەلای ئەوان لە ڕوانگەی (دوو نیەت) و هاووڵاتی دەرەجە نزمەوە سەرچاوە وەردەگرێت.

نازانم کورد چۆن لە ماف و دوارۆژی خۆی دڵنیا دەبێت، ئەگەر ئەمانە بەم شێوەیە مامەڵە بکەن نەک تەنیا لەگەڵ کێشەی ئەمڕۆ و زیندووەکانیدا، بگرە لەگەڵ شەهیدانی و لەگەڵ موقەدەساتیشیدا وەها ڕەفتار بکەن...؟!

ئەگەر لایەنی ئەمەریکاییش لە پشت لەداردانی (سەدام) بووە بەو شێوەیە و بەو پەلەیە وەک چەپکە گوڵێکی کاکە (بوش) بۆ کۆتاییی ساڵی ٢٠٠٦ و سەرەتای ستراتیجییەتە تازەکەی ساڵی ٢٠٠٧ لەمەڕ (العراق)، ئەوە ئێمەی کورد، پاش ڕاپۆرتی (بیکەر- هاملتون) و، بەرنامە تازەکەی بوش بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەکانی (العراق) و، بێ گوێدان بەداخوازی و هەستی خەڵکی کوردستان و کەسوکاری قوربانییانی ئەنفال و هەڵەبجە.. هتد، دەڵێین: خوا بکا ئاخیری خێر بێت..!

بەهەرحاڵ لەداردانی (سەدام) و (بەرزان)، وا بەپەلە، فرسەتێکی هەرە گرینگی لەدەست داین سەبارەت بەزانینی نهێنییەکانی تاوانی (الانفال) و کیمیابارانی (هەڵەبجە) و (ئەنفالی بارزانییەکان و فەیلییەکان) و هەموو لایەنە شاراوەکانی تری تاوانی جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان، لەگەڵ ئەم دوو تاوانبارە خرایە ژێر گڵ، ئەمە لە لایەک، بەڵام لایەکی تری هێشتا ماوە، ئەویش بەردەوامبوونی لەدادگەدانی تاوانبارانی تری تاوانی (ئەنفال) و تاوانی (کیمیابارانی هەڵەبجە) و تاوانەکانی ترە کە سەدام و سەرانی ڕژێمەکەی بەرپرسیار بوون لێیان و، ئەوەی کە ماوەتەوە تا لە دەستی نەدەین و مردار نەکرێتەوە، بەباشی دەزانم ئەم هەوڵانە بدرێت:

پشتگیری و هاوکاری و کارئاسانی باشتر بکرێت بۆ ئەو پارێزەرانەی کە وەکو هەیئەتی (دیفاع) لە ئەنفالکراوەکان و کەسوکاریان خۆیان بەخت کردووە و، هەروەها بەهێزکردنی ئەو هەیئەتە بەزیادکرنی پسپۆڕ و شارەزای ئەو بوارانە.

یەک لە کەناڵە ئاسمانییەکانی تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان تەرخان بکرێت بۆ دانیشتنەکانی (پێشوو و ئێستای) ئەم دادگەیە و ڕۆژانە پێشان بدرێت، بە تەرجوومەی فەوریی ئینگلیزی و تۆژینەوەی پسپۆڕانەوە و، ئەگەر بکرێت کەناڵێکی رادیۆیش بۆ ئەم کارە تەرخان بکرێ.

دانیشتنەکانی دادگە کۆپی بکرێت و بدرێت بەگشت ناوەندەکانی حزبی و ڕێکخراو و مەڵبەندەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ناوەوە و لە دەرەوە و، هەروەها تەلەڤزیۆنەکانی جیهانیش و، ئەو ناوەندو ڕێکخراوانەش ڕاسپێردرێن کە کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناری بۆ ساز بکەن.

دەسەڵاتی فەرمیی کوردستان و گشت لایەنە پێوەندارەکان کار بۆ ئەوە بکەن وەک چۆن: لە ساڵی ٢٠٠٠دا دانیشتوانی ئوستراليا ڕێپێوانێکی گەورەیان ساز کرد کە پتر لە ٢٠٠هەزار کەس تێیدا بەشدار بوون بۆ ئەوەی داوای لێبووردن لە دانیشتوانی ئەسڵیی ئوستراليا بکەن لەسەر ئەو زوڵم و زۆرەی کە دەرهەقیان ئەنجامیان داوە، هەر بەم بۆنەیەشەوە لەسەر باڵەخانە بەناوبانگەکەی ئۆپەرا ئاڵایەکی مەزنیان هەڵکردووە و لەسەریان نووسیوە (Sorry) واتە (ببوورە) ئەمەش وەکو دیکۆمێنتێکی ڕوودراوەکە.

لەمانگی ئاداری ساڵی ٢٠٠٠دا پاپای فاتیکان لە هەڵوێستێکی چاوەڕواننەکراودا لە نوێژێکدا لە خوا پاڕایەوە لە گوناهەکانی کڵێسا خۆش بێت کە دەرهەق بە جوولەکەکان و ئاشتی و خۆشەویستی و ئاینەکانی تر کردوویانە، ئەم ئیعتیرافەش دیکۆمێنتکردنی ئەو ڕووداو و کارەساتانەیە کە کڵێسا لەم بوارانەدا ئەنجامی داوە.

پەرلەمانی فرەنسایش پارساڵ قەتلوعامی ئەرمەنییەکانی تورکیای دیکۆمێنت کرد.

هەروەها پێویستە بە شێوە و شێوازی جیاجیای تریش کار بکرێ بۆ ئەوەی:

یەکەم: بەفەرمی جینۆساید تەسبیت بکرێت لە ئاستی دادگە و پەرلەمان و حکوومەتی (العراق) و داوای لێبووردنی فەرمی لە خەڵکی کوردستان بکرێ و

قوربانییان قەرەبوو بکرێنەوە.

دووەم: کۆنگریسی ئەمەریکایی تاوانەکانی ئەنفال و هەڵەبجە، وەک کردەوەیەکی جینۆسایدی رژێمی سەدام حوسێن دژ بەخەڵکی سڤیلی کوردستان دیکۆمێنت بکات، بەتایبەتی کە هەندێ لە کاربەدەستانی بەرزی ئەمەریکا لە ئاستە جیاجیاکاندا دانیان پێدا ناوە.

سێیەم: بەفەرمی لایەنە نێودەوڵەتییەکان تاوانی (جینۆسایدکردنی کورد) ئیدانە بکەن، کە سەدام حوسێن و رژێمەکەی ئەنجامیان داوە و، هەروەها دیکۆمێنتیش بکرێت، چونکە هەم ئەمەریکا و هەم زۆر لە وڵاتانی ئەوروپا و نێوەندەکانی نێودەوڵەتی کەم یان زۆر هاوکار و ئاگەدار بوون لە دروستکردنی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی لەلایەن رژێمی عێراقەوە، زۆرجاریش لە کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و گشت تاوانەکانی تری سەدام و رژێمەکەی، نەک هەر بێدەنگ دەبوون، بگرە پاساویشیان بۆ دەهێنایەوە...!

چوارەم: هەموو بەڵگە و فایلەکانی دادگەی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید و گشت تاوانەکانی تری رژێمی نەفرەت لێکراوی سەدام و بەعسی فاشی دەرهەق بەخەڵکی کوردستان، لەگەڵ ناوی گشت شەهیدانی کوردستان، کۆ بکرێنەوە و لە ناوەندێکی زانستی تایبەتدا بپارێزرێن.

دوور نییە جێبەجێکردنی ئەم پێشنیازانە کارێکی وا ئاسان نەبێت، وەلێ مەحاڵیش نین ئەگەر درێغیی لێ نەکرێت..!

تێبینی:

* ئەم نووسینە لە کۆواری (هەرێمی کوردستان) بەدوو بەش یەکەمیان لە ژمارە ٣٩٧ لە ٢٣/ کانوونی دووەم و بەشی دووەم لە ژمارەی (٣٩٨)دا لە ٣٠ کانوونی دووەم ٢٠٠٧ بڵاو کرایەوە.
* لە سایتی دەنگەکان بڵاو بووەوە.

## عێراقی ئەمڕۆ و دۆزی کورد

(العـراق) هـەر لە کـاتـی دروسـتکردنـی، بەتەحـدیـد، لە نێـوان سـاڵانی (١٩٢١-١٩٢٥)، پێکهـاتەیـەکی دەسـتکرد و داتاشـراو و، ناتەبایە لـە نێـوخـۆ و لەگـەڵ دەوروبەری.

ئەم کـیـانە داتاشـراوە، بەخـاک و بەسنوور و بـەدەسـەڵات و بەدەسـتـوور، دەستکردی زلهێزەکانی ئەودەمە بوون، بەتایبەتی بەریتـانیا و هـاوپەیمانانی و، تەعبـیریش بوو لە بەرژەوەنـدییەکانیـان و، بەدەر لە بەرژەوەندیی نەتـەوەکانی ناوچەکە.

ئیـدی لەو ڕۆژەوە ئەم کـیـانە سـەقـەتە ئارامی و ئاسـوودەیی بەخـۆیەوە نەبینـیـوە و هـەتاکـو وابێت لـە خـراپەوە بەرەو خـراپتـر دەڕوات و، ئەمـڕۆشی گـەواهـیی دوێنێـیـەتی و، ئەوەی بەسـەقـەتی دروست بوو هـەر بەسـەقـەتیش دەڕوات و، تاکو ڕەوشـەکە گەیشت بەوەی کە سـەرلەنوێ ئەم کیانە داڕمێنن. ئەمـجـارەیان لەلایەن زلـهێزی ئەمـەریکا و هـاوپەیمـانانی، پاش ڕزگـارکـردنی، (العراق)یان بە هـەرسێ دەسـەڵات و بـەدەستـوور و بە سـوپا و پۆلیس و گشت دەزگا داپلۆسێنەرەکانی هەڵوەشێننەوە و، ڕژێمێکی لاواز و دەستکرد لەسـەر بنەمـای دەسـتـوورێکی (کـاتی و هەمـیـشـەیی) و پڕ لە گـرفت و تـەناقـوزات بسەپێنن و، ئەمـەی ئەمڕۆی (العراق) و بەرەنجامەکانی زیاتر لە هەشتا ساڵی پێکەوەگرێدانێک و ژیانێکی بێ ئارەزوومەندانە و سیاسـەت و ستراتیـجییەتی زلهێزەکانە و، بەتەحدید ئەمەریکا، کە سیما سەرەکییەکانی:

ناوچەیەکی جەزبی ئیرهابی جیهانی..

دەسـتـوور و سـیـسـتـەمـێکی (پەرلەمـان و حـکوومـەت)ی زۆرینەی ئیـسـلامی

سیاسی، تێدا ئەو حکوومەتە بە یارمەتیی زیاتر لە (١٧٠) هەزار سەربازی هاوپەیمانان، کە نزیکەی (١٥٠) هەزار سەربازی ئەمەریکاییە، دوو ئەوەندەیش عێراقی کەچی تاکو ئێستا نەیانتوانیوە ئەمن و ئاسایشی (ناوچەی سەوز، کە لە ٣ تاکو ٤کم زیاتر نییە) مسۆگەر بکەن.

نەبوونی ئاسایش و ئارامی و پەرەسەندنی توندوتیژی و شەڕێکی ناوەخۆی تایفەگەری لە نێوان عەرەبی (سوننە و شیعە) و، رەگەزی دژ بەکورد.

گرانی و قڕوقاتی و تالانی سەروەت و سامانی وڵات و نەبوونی کەرەسەکانی خزمەتگوزاری.

هەڵهاتن و ئاوارەبوونی چەند ملیۆن کەسی عێراقی لە ناوەوە بۆ ناوەوە و لە ناوەوە بۆ دەرەوە.

دەستتێوەردانی دەرەکی بەتایبەتی هەندێ لە وڵاتانی دراوسێ.. هەر چۆن ئەمەریکا، سەرکەوتوو بوو لە رزگاریی العراق و جێگەی رێزی زۆربەی گەلان و ناوچەکە بوو، هەروەها بەگۆڕینی رۆڵی خۆی بۆ داگیرکەر، لەگەڵیدا غروور و کەللەڕەقیی بوش و ئیدارەکەی بووە مایەی نارەزایی و مەهانەی دەستتێوەردان و ئیرهاب و ماکی شەڕی ناوەخۆ و، ئەو بارودۆخە کورد و کوردستانیشی گرتووەتەوە چونکە:

کوردیش فاکتەرێکی هاوکێشەکانە و، کێشەکەشی یەک لە بنەما سەرەکی و گەرمەکانی ئەم هاوکێشانەیە کە:

هێشتا نیوەی خاکەکی لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆیدایە و، لە ناوچەکانی تەماس لەسەر ناسنامەی کورد تیرۆر دەکرێت و، ڕاو دەنرێت و، ئەمڕۆ لە سنووری (یەک ملیۆن و نیو) هاووڵاتیی کورد ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هێشتووە و لە وڵاتی خۆیان ئاوارەنە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی مووسڵ و بەغدا و دیالە... هتد.

بەهەزاران هاووڵاتیی کورد لە ماوەی ئەم دوو سێ ساڵەی دواییدا گیانیان لەدەست داوە و، لەوەش زیاتر تووشی زەرەر و زیانی مادی و مانەوی بوونەو،

هیچ لایەکیش وەکو پێویست ئاوڕیان لێ نادەنەوە.

کێشەی کورد کە وەکو (کێشە) بەتایبەتی برێتییە لە قەوارەی (فیدراڵییەت) بەسنوور و دەسەڵات و سەروەت و سامان... هتد، تاکو ئێستاش چارەسەر نەکراوە وەکو پێویست، ئەوەشی کە کراوە پڕ لە کەموکوڕی و کۆسپەو، لەوەش خەتەرناکتر، نیوەی کوردستانی باشوور (کوردستانی عێراق)، کە پانتاییەکەی لە سنووری (٤) جار بە ئەندازەی وڵاتێکە وەکو لوبنان، بەپێی دەستوور کراوە بە (المناطق المتنازع علیها)، واتە ماف درا بەزۆرینەی عەرەبی العراق وەکو کورد ببێتە (مدعي) لەسەر نیوەی خاکی باب و باپیرانمان و، بڕیاری چارەنووسسازیشی بەدەستی ئەوانە...

هەندێ لەو مافانەش کە لە دەستووردا هاتووە یەک لە خاڵەکانی ناکۆکیی ئەمڕۆی ئەم (العراق)ەیە و مەترسیی پاشگەزبوونەوەش هەیە لەوانە: شێوەی فیدراڵییەت.. دەسەڵاتی هەرێم...سەروەت و سامان... ناسنامەی العراق.. مادەی (١٤٠)... هتد.

پرسیارەکەتان:

ئاخۆ مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەییی کۆماری العراق جێبەجێ دەبێت یان شیمانەیەکە..؟ دەڵێن ئەم مادەیە نە پێش ئەم بارودۆخە و، نە ئێستا و نە لە داهاتووش قابیلی جێبەجێکردن نییە. هۆکاریش زۆرە لە سەرووی هەموویانەوە کەموکورتیی مادەکە و میکانیزمی جێبەجێکردنەکەیەتی و، ساڵانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ و چەند هەفتەیەک پێش ئێستاش بە دوور و درێژی باسمان کردووە.

مەعلوومە لە پاش قۆناغی رزگاریی (العراق)دا ئەمەریکا خاوەن بڕیارە، دەسەڵاتی کوردی بەفەرمی هەرگاف جەختیان کردووە کە هاوپەیمانیی ئەمەریکان لە گشت قۆناغەکانی ئەو پرۆسەیە بە ئەمڕۆیشیەوە و، شەریکن لە داڕشتنەوە و بەڕێوەبردنی ئەم عێراقە، وەلێ ڕەفتاری ناوەندی بەغدا تاکو ئێستا جێگەی نیگەرانییە لە زۆر رووەوە، خاڵەکانی ڕاپۆرتی بیکەر۔ هاملتۆن

که له ٢٠٠٦/١٢/٦ راگەیەندرا و بە فەرمی درا بە سەرۆک بوش و پاشتر بڵاو کرایەوە، چ بەگشتی و چ ئەوەی تایبەتمەندە بەکێشەی کوردەوە، وەرچەرخانێکی خەتەرناکە، نەک تەنیا ئاو دەخاتە سەر جۆگەی ئاشی گشت لایەنەکانی ناوخۆ و ئیقلیمی لەمەڕ هەڵوێستی نێگەتیڤیان سەبارەت بەکێشەی کورد، بەڵکو ئەم لێژنەیە مامەڵەی نەکردووە لەگەڵ کوردان:

نەک وەکو لایەنێکی عێراقی پێوەندار بە ئێستا و داهاتووی العراق و بەشدار لە بەڕێوەبرنی ئەم وڵاتە و هاوپەیمانیی ئەمەریکا و، نەک وەکو خاوەن کێشەیەک کە بەشێکی خیلاف و ناکۆکیی ئەمڕۆی لایەنە بەرهەڵستکارەکانی العراق (ناوەخۆ و دەرەکی) ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پێوەندارە پێی...

هەروەها خودی لایەنی کوردی گلە و گازندەی زۆری هەیە لە ڕەفتاری ئەمەریکا و داخوازی و هەڵوێستی لایەنەکانی عێراقی و ئیقلیمی بە بەرهەڵستکاران و بەناوەندی بەغدایشەوە، چونکە ئەمانە هێشتا وەکو تابیع و بەرهەڵستکار و هاووڵاتیی پلە دووەم تەماشای کورد و دەسەڵاتی کوردستانی دەکەن، نەک وەکو شەریک و هاوبەش لەم وڵاتە، لە کاتێکدا هیچ لایەنێک بەئەندازەی کورد قوربانیی نەداوە لە پێناوی ئەوەی بەدی هاتوو و ئەوەی هەیە.

دەڵێین سەرەڕای ئەمانە هەر هەموو... (لێژنەی بیکەر ـ هاملتۆن) لە ماوەی (٩) مانگی تۆژینەوە و سەردان و بەدواداچوون و پرس ورا وەرگرتنی سەدان تاکی عێراقی و بیانی و دەیان مەڵبەندی دیراسات و تۆژینەوەی جیاجیا، کەچی:

نەهاتنە کوردستان...

و نە پرسی لایەنە پێوەندار و بەرپرسەکانی کوردستانیان کرد...

و نە حیسابی (زاری، مقتدی، الحکیم، الهاشمي و سیستانی.. هتد)یان بۆ سەرانی کورد کرد..!

دیارە ئەمەریکاییەکان لەسەر ئەو پرەنسیپە کار دەکەن کە دەڵێت (پێدار

بگره و بێ پێ بەردە) !

لە کاتێکدا ئەم ڕاپۆرتە ڕاگەیەندرا، سیاسەت و ستراتیجییەتی بوش و ئیدارەکەی لە العراق بنبەست بووبوو، گەلی ئەمەریکا لە ٢٠٠٦/١١/٧ ڕەدی کردەوە و، لە پێش ١١/٧ و لە پاش ئەویش بوش (پەلوپۆ کرابوو)، بۆ نموونە: لێپرسراوی (سی ئای ئەی)ی پێشوو ڕۆیشت، (کۆلن پاول) ڕۆیشت، جێگری وەزیری بەرگریی ئەمەریکا ڕۆیشت، (رامسفیلد) ڕۆیشت و، (جۆن بلتون) ڕۆیشت و (خلیل زاد) دەڕوات.

لێژنەی (بیکەر- هامیلتۆن) (٧٩) ڕاسپاردەی پێشکێش بە (بوش) کردووە، وەکو هەر چارەسەرکردنێکی نموونەییی ئەمەریکایی، هەوڵیان داوە هەموو لایەک رازی کەن (کورد نەبێت) بە کۆمەڵە پێشنیازێکی دژ بەیەکتر.... لە رووی تیۆرییەوە ئەم هەموو ڕاسپاردانە مولزەم نینە: بۆ بوش. بۆ حکوومەتی العراق و بۆ لایەنەکان، بەڵام لە پراکتیکدا، بەتایبەتی بۆ بوش، پەتی رزگارییە لە زەلکاوی العراق و مەخرەجێکە بۆ بادانەوە تاکو رادەی (١٨٠) پلە، بەپێچەوانەی ئەمە، بە دووری نەزانین لە بەرامبەر کۆنگرێسێکی زۆرینەی دیموکرات و نارەزاییەکی بەرفراوانی گەلی ئەمەریکا و ئەوروپا پانتاییەکی فراونی تری جیهان، ناچار بکرێت بۆ جێبەجێکردنی لایەنێکی گرینگی ئەو ڕاسپاردانە.

بۆ ئێمەی کوردیش دەبێت روون بێت:

نە (العراق) پارچە پارچە دەبێت و، نە ئەمەریکاش کوردستانی سەربەخۆمان پێشکێش و زامن دەکات..

و نە فیدراڵیەتەکەش وەکو ئەو فیدراڵیەتەیە کە کورد خوازیاریەتی و ئەوەی هەشە مەزموونە...

و پێناسەی دۆستیش ئەوە نییە کە دەسەڵاتی کوردی هەردەم جەختی لەسەر دەکات..

دیارە بەدەر لە کورد، بەگشتی لایەنەکانی عەرەبی عێراق و وڵاتانی

ئیـقلیـمی و ئەمـەریکا و بەریتـانیـا و وڵاتـانی تری هاوپەیمان پێـشـوازی لە ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتە دەکەن...

و هەرچۆن ئەم ڕاپۆرتە بۆ بوش و ئیدارەکەی و لایەنی تریش دەروازەیەکە بۆ بادانەوە، بۆ دەسـەڵاتی کـوردیش دەرفـەتێکە بۆ پێـداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو دید و بۆچوون و هەڵوێستەی کە لە پاش ٢٠٠٣/٣/١٩ بە ئەمڕۆیشەوە لەسەری ڕۆیشتوون و، ئەم دەرفەتەش مردار نەکرێتەوە و، گشت شێوەکانی خەبات و بەرخودانی مەدەنی و دیپلۆماسی و جەماوەری بخرێتە گەڕ، شان بەشان ئامادەسازییەکانی تر.

٢٠٠٦/١٢/٧

تێبینی: ئەم بابەتە لە کۆواری (هەرێمی کوردستان) ژمارە (٣٩٢)ی ٢٠٠٦/١٢/١٢ بڵاو کرایەوە، هەندێ رستە و وشەی لە کاتی چاپدا شێوێنرابوو.

## تەسریفکردنی ململانێیەکانی ناوەخۆی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان

## تەنگژەکانی ئۆردوگان و عەسکەر چارەسەر ناکات!

دەوڵەتی تورکیا کە (٧٩٥٤٥٢) کم چوارگۆشەی پانتایی، ٧٠ ملیۆن کەس دانیشتوانیەتی، یەک لە ئیفرازات و بەرەنجامەکانی شەڕی جیهانیی یەکەمە و، دەوڵەتێکی فسیفسائی دروستکراوی بەرەی هاوپەیمانیی ئەو سەردەمە، بەسەرۆکایەتیی بەریتانیای عوزەما. سەقەت و ناتەبا و لاواز و مشەخۆر لە ڕووی ئابووری و، وڵاتێکی فرە ڕەگەز و فرە ئاین و فرە مەزهەب و فرە نەیار و، نموونەیەکی سەردەمی پڕ لە تەناقوزات و ململانێ و گیروگرفتی ناوەخۆ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییە و، کیانێکی بەزۆر پێکهێنراو و ئەسیری رابردوو و گەمارۆدراو بەناحەزان: لای ڕۆئاوا و باکور و رۆهەڵاتییەوە: یۆنان، قوبرس، ئەرمینیا و ئێران. لەلای ڕۆئاوایەوە لبنان و سووریا و کوردستان و عێراق و، بە درێژاییی مێژووی بە ئێستایشیەوە، یان لە شەڕ یان لە حاڵەتی شەڕدا بووە.

نزیکەی سەدەیەکە ئەم کیانە لە هەڵپەهەڵپی قاڵبدانی ئەو کۆمەڵگە فسیفسائییەدایە و، گردکردنەوەیان لەنێو یەک نەتەوە، یەک زبان و یەک کۆماری عەلمانی.

لەبەر ئەوە فەرزکردنی گۆڕانکاری و لەقاڵبدان و چاکسازی و بازدان بەسەر قۆناغ و ڕەوتی پێشەوەچوونی کۆمەڵگە بەلاساییکردنەوە و زەبر و زۆر مەحاڵ و بێهوودەیە. ئەم کیانەی کە پێی ئێژن تورکیا، زەواجێکی کاسۆلیکی، ٩٠ ساڵەی خۆی لەگەڵ (عەلمانییەت) و (تەغرب) گۆڕییەوە بەزەواجێکی عورفی و، تازە بەتازە دەگەڕێتەوە بۆ ئەسڵ و فەسڵی کۆنی خۆی وەکو کۆمەڵگەیەکی

ئاسیایی و موسڵمان. لە ناخەوە خێڵی (مەڕی سپی و مەڕی ڕەش) و، بەئاسۆ (عوسمانلی) و بەهێز (ئیسلامی)، لە واقیعیشدا ئەندامێکی ناتۆ و هاوپەیمانێکی ستراتیجیی ئەمەریکا و ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چاوی لە ئەندامیەتیی یەکەتیی ئەورووپاشە.

لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری ناوەکی و دەرەکی و سروشتی دروستبوونی کۆماری تورکیا، وا بۆ نەوەت ساڵ دەچێت، لەبەر ڕۆشنایی بیر و بۆچوونی تۆرانی و کەمالیزم و دەسەڵاتی فیعلیی عەسکەر، ئەم وڵاتە عەوداڵی ناسنامە و ئارامییە و، لە شەڕێک بۆ ئەوی تر و لە تەتگژەیەک بۆ یەکێکی تر.

شەڕی لەگەڵ یۆنانییەکان، شەڕی قوبرس، شەڕی دژی ئەرمەن، شەڕی دژی عەلەوییەکان و دژی کورد، کەم یان زۆر بەردەوامە و، یەک لەو کێشانەشی چارەسەر نەکردووە. بەپێچەوانەوە ئەو شەڕانەی قووڵ و فراوانتر دەبن: یۆنان و قوبرسییەکان گەرووی دەسەڵاتدارانی تورکیایان گرتووە و هەرچی ئیدعای دیموکراسی و بنەماکانی شارستانیەتی و مرۆڤایەتییان هەیە بەرپەرچ دەدەنەوە و، کۆسپ و ئاستەنگن لە ڕێگەی بە ئەورووپیبوونیان. ئەرمەنییەکان پاش ۹۲ ساڵ لە کۆکوژکردنیان، لە نێوان ساڵانی (۱۹۱٥–۱۹۲۱) لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە ئێستا وەکو تاوانێکی جینۆساید ساخ کرایەوە. کورد هەر لەو ماوەیەدا زیاتر لە ۹ شۆڕش و ڕاپەڕینی بەرپا کردووە و، دوا شۆڕشیان کە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو هەڵگیرسا، وا بۆ ماوەی زیاتر لە ۲٤ ساڵە بەردەوامە و ڕۆژانە زیانێکی زۆری مادی و گیانی بەتورکیا دەگەیەنێت و، لە مێژووی نوێی نەتەوەکەماندا دەکرێت بەدرێژترین شۆڕشی نەپساوە پێناسە بکرێت.

وەکو مەعلوومە تاک و لایەن و هێزی ڕەگەزپەرست و پاشڤەڕۆ، هەردەم کورتبین و تەنگەنەفس و دۆڕاوە. لەبەر زاڵبوونی ئەو عەقڵییەتەش لە تورکیا، نە دەستووری ساڵی ۱۹۲٤، نە چاکسازییەکانی ساڵانی ۱۹۳۷ و ۱۹٤٦و، ساڵانی شەستەکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو، کە بەسەر ئەم دەستوورەدا هاتن و، نە کودەتاکانی خودی سوپای تورکیای ساڵانی (۱۹٦۰ و

١٩٧١ و ١٩٨٠) كه هەر عەسكەر و دید و بۆچوونی عەسكەر دەستپێشخەر و پیادەكەری بوو، نەیانتوانی تەنگژە و ناسنامە و كێشەی دەسەڵات لەم وڵاتە چارەسەر بكەن، بەپێچەوانەوە تاكو دەهات ناكۆكییەكان ئاڵۆزتر دەبوون و، عەقڵییەتی عەسكەرتاریانەی دەسەڵاتی فەرمی وشكتر دەكرد، تاكو كار گەیشتە ئەوەی تەوژمی ئیسلامیی سیاسی بەپێشەنگی حزبی داد و گەشەپێدان AKP و بەسوودوەرگرتن لە دەستوور و چاكسازییەكانی ئەو قۆناخانە، تەنگ بەدید و بۆچوون و عەقڵییەتی عەسكەرتاری و تۆرانی و كەمالیزمی فەرمی هەڵكێشێت و، ئیحتیوای عەلمانییەت بكات و، سنوورێک بۆ دەزگای دەسەڵاتداری عەسكەر دانێت و، وا خەریكە هەنگاو بەهەنگاو سەركەوتووانە بەرەكەش لەژێر پێیان ڕادەكێشێت.

ئەمڕۆ هەردوو جەمسەری ململانێی توركیا، حزبی داد و گەشەپێدان و دەزگای فەرمیی سوپای توركیا بە هەرچوار باڵەكەی: زەوینی، ئاسمانی، دەریایی و جەندرمە. بەرەو حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوە دەچن. یەكەمیان پشت قایمە بەشەقامی توركی، دەستووری وڵاتەكەی، كەشوهەوای ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و، خۆی بەسەركەوتوو دەزانێت و دەیەوێت بەهێمنی ئەو سەركەوتنە هەزم بكات. دووەمیان پاشەكشە پێكراو و بریندار و لە حاڵەتی بەرگریدایە. لە بەرژەوەندیی یەكەمدا نییە بەردەوام بێت لە هێرشكردن، دووەمیش تەنگاوە و ناتوانێت پەنا بۆ كودەتا بەرێت، هەرچەندە هەر ئەوەشی بەدەستەوە ماوە.

بۆ تەسریفكردنی ئەم تەنگژەیە، هەردوو جەمسەر ڕوو لە دەرەوە دەكەن. كورد و باشووری كوردستانیان كردووەتە ئامانج. تەیب ئۆردوگان و ئەركانەكانی حكوومەتەكەی بۆ پشوودانێک و، عەسكەر و جەنەراڵەكانیش بۆ تەنفیس و گەڕانەوەی هەندێ لە ئابڕووە تكاوەكەیان.

وتاری هەردوو جەمسەر بۆ شەقامی توركی زیاتر بۆ موزایەدە و ئیستیهلاكە. ئەگەرچی گوتاری ئەم ڕۆژانەی تەیب ئۆردوگانی سەرۆک حزب و سەرۆک وەزیران، هەندێ توندی و بێ منەتی و ناهاوسەنگیی پێوە دیاربوو وەک:

"ئامادەین ئەنجامی ڕەخنەی دەرەکی تەحەمول بکەین سەبارەت بەناردنی هێزمان بۆ ناو خاکی عێراق"، یان "چوونمان بۆ ناو خاکی عێراق پێویستی بەمۆڵەت وەرگرتن نییە لە کەس و.. ئامۆژگاریی کەسمان پێویست نییە"، وەلێ گرێدانی چوونە نێو خاکی باشووری کوردستان بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران و پەسندکردنی لەلایەن پەرلەمان و دەرچوواندنی بڕیارێک بۆ ئەو مەبەستە و پاشان پەسندکردنی لەلایەن سەرکۆمار، خۆی لە خۆیدا جۆرە خاوکردنەوە و هێورکردنەوەی تەنگژە و پاڵەپەستۆی عەسکەر و توندڕۆیە کەمالیست و تۆرانییەکانی وڵاتەکەیەتی، بەتایبەتی ئەم پرۆسەیە هەفتەیەکە دەستی پێ کردووە و دوور نییە ماوەی تریشی پێویست بێت و، شان بەشانی ئەمەش گشت دەرگاکانی دیپلۆماسییەتیان لەسەر پشت کردووەتەوە، چونکە:

لەمێژە ناکۆکی و ململانێ لە نێوان عەسکەر، وەکو پارێزەری کەمالیزم و کۆمار و عەلمانییەت و، لایەنە ئوسوڵییەکانی تورکیا لە ئارادا بووە. هەر لە سەرەتای قۆناغی یەکەمی حکوومەتی حزبی داد و گەشەپێدان ناکۆکییەکان لە نێوان حکوومەت و عەسکەر بەزەقی سەری هەڵدا. بۆ ئەوەی بەرنامەی خۆی و چاکسازییە دەستوورییەکانی داهاتوو پراکتیزە بکات، ئۆردوگان تەحەدای عەسکەری کرد. لە پرۆسەیەکی دیموکراتی ئازاد و شەفافدا، بەپێچەوانەی هەڵوێست و ویستی عەسکەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمان، دەنگی زۆرینەی خەڵکی تورکیای بۆ خۆی مسۆگەر کرد. ئۆردوگان دەزانێت جەمسەری بەرامبەری کە عەسکەرە بریندارە و، بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەوەت ساڵەی کۆماری تورکیا، حزبێکی خاوەن بیروباوەڕ و بەرنامەی ئیسلامی، لە دوو هەڵبژاردنی گشتیدا توانی نەک هەر سەرکەوتنێکی ڕەها وەدەست بێنێت، بگرە هەرسێ دەسەڵاتەکەش بۆ خۆی مسۆگەر کات (پەرلەمان، حکوومەت، سەرۆکایەتیی کۆمار). ئەم سێ دەزگایە و هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی جگە لە گرینگیی مانەوی، دەسەڵاتێکی گرینگ و فراوانیان هەیە و یەکەم جارە کێشەی دەسەڵات لە کۆماری تورکیا بەم شێوەیە یەکلایی دەکرێتەوە.

لەسەر پۆستی سەرکۆمار و بەپێچەوانەی خواست و ویستی عەسکەر و

ئیعلانکردنی نارەزایی خۆیان، حزبی داد و گەشەپێدان، عەبدوڵڵا گول خۆی فەرز کرد و ناچار عەسکەریش قەبووڵی کرد.

حکوومەتی ئۆردوگان سەرقاڵی چاکسازیی دەستووره و قەوله پێش کۆتایی ئەمساڵ پرۆژەکە بداتە پەرلەمان و پاشان لە رێگەی ریفراندۆم میللەتانی تورکیا رای لەسەر بدات. بنەمای چاکسازییەکان، هەروەک جێگری سەرۆک وەزیران جەمیل چیچەک باسی کرد، پێشنیازە یاساییەکانی لایەنە سیاسییەکان و، رەشنووسی دەستووری یەکەتیی ئەورووپا و بریارەکانی دادگەی نێودەوڵەتی سەبارەت بەبنەماکانی مافی مرۆڤە. جیاوازی لە نێوان حزبی دەسەڵاتدار و عەسکەر، لەو بوارانەدا زۆرن. هەرچی ئۆردوگان و حکوومەتەکەیەتی لەگەڵ یەکەتیی ئەورووپان و عەسکەریش دژیەتی. جادەی تورکیا بەگشتی و بنکەی پارتی داد و گەشەپێدان بەتایبەتی لەگەڵ (تەغرب) و ئەمەریکا نین. عەسکەر ئەگەرچی دڵگرانە لە ئەمەریکا، وەلێ زیاتر لایەنگیری ئەمەریکایە و سووره لەسەر (تەغرب). لە هەموویشی گرینگتر مەبەستی ئۆردوگان و حزبەکەی لەم چاکسازییە زیاتر دوورخستنەوە و کەمکردنەوەی رۆڵی عەسکەره لە ناوەندەکانی دەسەڵات و گەمە سیاسییەکان و سازکردنی تورکیایە بۆ ئەندامیەتی یەکەتیی ئەورووپا.

رۆژی ٢٠٠٧/١٠/٩، لێژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێسی ئەمەریکا بەزۆرینەی دەنگ قەتلوعامی ئەرمەنییەکانی لە نێوان ساڵانی ١٩١٥-١٩٢١ کە لە تورکیا رووی دابوو وەکو تاوانێکی جینۆساید ناساند و، حکوومەتی ئەودەمی تورکیای پێ تاوانبار کرد. قەوله پێش کۆتایی ئەمساڵ بریارەکە بخرێتە بەردەم کۆنگرێسی ئەمەریکا. بەپێی هەواڵەکانی ناو کۆنگرێس مەزەندە دەکرێت تاکو ئێستا زیاتر لە ٢٣٣ ئەندامی کۆنگرێس لەگەڵ بریارەکەدا بن. بەمەش ئەمەریکا، پاش فرەنسا، دووەم وڵاتە کە ئەو کۆکوژییە بەجینۆساید پێناسە دەکات. دوور نییە لە داهاتوو وڵاتی تریش لەسەر هەمان تاوان هەڵوێست وەربگرن. بریاری لێژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێسی ئەمەریکا، حکوومەتی تورکیا و جەنەراڵەکانی نیگەران و ئاڵۆز کردووە.

بەرامبەر بەمانە و، لەمیانەی زیاتر لە ٩٠ ساڵ لە سەرکوتکردن و تاڵان و کۆکوژی و سیاسەتی ڕاگوێزان و تەتریک و گرتن و بڕین و نکووڵیکردن لە بوون و مافی کورد و باکوری کوردستان کە زیاتر لە ٢٨٪ی خاک و ٣٠٪ی نفووسی تورکیایە، هەروەها، وا ٢٤ ساڵە شۆڕش و بەرخودانی ئەم میللەتە بەردەوامە و، حکوومەت و سوپای تورکیا جگە لە زیان وماڵوێرانی و پاشەکشێکردن و نابووتکردنی وڵاتەکەیان و لەدەستدانی سەروەت و سامانێکی زۆر، چی وەهای وەدەست نەهێناوە.

تورکیا وڵاتێکی دراوسێی ئێمەیە بەحوکمی جوگرافیا، قەدەری کورد و تورک و نەتەوەکانی تریشە کە دەبێت پێکەوە بژین. چەند نکووڵی لە بوون و مافی یەکتریش بکرێت، لایەک ئەوی تری پێ ناسڕێتەوە. هەرچەندە حکوومەت و جەنەراڵەکانی تورکیا خۆیان بە زل و بەهێز بزانن ناتوانن نەتەوەیەک و کوردستانێک فەرامۆش بکەن. کوردیش بەئەندازەی پانتاییی کوردستانەکەی و هێز و قودرەت و گیانی بەرخودانی زیاتر لە ٤٠ ملیۆنەکەی و، ئەو ئیمکاناتەی هەیەتی و ڕەواییی کێشەکەی و بواری ئیقلیمی و نێودەوڵەتیی سەردەم، دەتوانێت بەو ئەندازانە بەرەنگاری هەر جۆرە دەستتێوەردان و خراپەکاری و هەر لەشکرکێشییەکی تورکیا بکات و، زیان بەلایەنێکی گرینگی بەرژەوەندییەکانی بگەیەنێ، چونکە:

زیاتر بۆ ٦ سەدە دەچێت دەسەڵاتی تورک هەموو جۆرە نەخشە و پیلان و ئامرازەکانی بەکار هێنا بۆ سڕینەوەی کوردستان و نەهێشتن و تەتریککردنی کورد و، لەو هەوڵەش بەردەوام و سوورن، کەچی جگە لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی تری ئەم گەلە، وا بۆ زیاتر لە ٢٤ ساڵە گڵپەی شۆڕش و بەرخودانی لە گەشەسەندندایە و، سەرکردایەتیی بزاڤەکی، بەهەموو کەموکورتییەکانیەوە، دروشمی پێکەوەژیان و دانوستاندن و ڕێبازی ئاشتیی لا پێ پەسندترە، وەلێ ئەوان قەبووڵی ناکەن!

ئەمڕۆ کوردستانی باشوورمان وەکو واقیعێک بەشێکە لە (العراق) و (العراق)یش لەلایەن ئەمەریکاوە داگیر کراوە و پاراستنی گشت سنوورەکانی،

بەپلەی یەکەم مەسئوولیەتیی ئەو و حکوومەتی ناوەندییە. ئەم واقیعەش بەهیچ شێوەیەک لە مەسئوولیەتی حکوومەتی هەرێم و سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان، سەبارەت بەپاراستنی خاک و سەروماڵی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی لە ناوچەکانی سەر سنوور کەم ناکاتەوە. ئێمە بەدووری دەزانین ئەمەریکا و حکوومەتی ناوەندیی بەغدا، بتوانن بێلایەن یان بێدەنگ بن بەرامبەر هەر جۆرە بەزاندنێکی سنووری (العراق)، چونکە هەڵوێستی وەها دەرگە دەکاتەوە بۆ خروقاتی تری لەم چەشنە و تەنگژەی (بوش) و ئیدارەکەی لە (العراق) و ناوچەکە ئاڵۆزتر دەکات و، ڕاستگۆییان بەرامبەر سەروەری و یەکەتیی خاکی وڵاتەکە لەق دەکات و بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەشمان ناچار دەکات بۆ ئەلتەرناتیڤی تر.

کوردستانی باشوور بەهەموو کەموکورتی و گلە و گازندە و گەندەڵیی حزبی و ئیداری و مەترسییەکانی داهاتوو، وا بۆ ١٦ ساڵ دەچێت حوکمی خۆی دەکات و، لە ماوەی ئەم ١٦ ساڵە هەردەم هەوڵی پێوەندییەکی باش و دۆستانەی داوە لەگەڵ تورکیا و، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و دوور لە دەستتێوەران (ئەگەرچی جاروبار لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی نەتەوایەتیشمان بووە). لەم میانە بەپلەی یەکەم پارسەنگی ئەو پێوەندییە بەلای تورکیادا شکاوەتەوە. هەر بۆ نموونە:

زۆرجار شان بەشانی سوپای تورک پێشمەرگەی کوردستان شەڕی PKKی کردووە و سەدان کەسی لەدەست داوە و زیانێکی زۆرمان لێ کەوتووە و، بەسەدان گوندمان وێران و خاپوور کراوەتەوە و، تاکو ئێستایش ئاوەدان نەکراونەتەوە و خەڵکەکەشی هێشتا ئاوارەن.

بۆ ١٠ ساڵ دەچێت چەندان بنکەی سەربازی تورکیا لە چەند ناوچەیەکی پارێزگای (دهۆک) و هەندێکیشی کاتی خۆی لە پارێزگای سلێمانی جێگر بووە. تەنسیق و هاوئاهەنگی لە نێوان ئەو بنکە سەربازییانەی تورک و دەسەڵاتی ئیداری و حزبی باشووری کوردستان بەردەوامە.

لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، دەروازەی باشووری کوردستان کراوە بووە

بۆ تورکیا. کێرڤی ئاڵوگۆڕیی بازرگانی لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان هەردەم لە بەرزبووندا بووە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ تاکو ئێستا قەوارەی ئەو بازرگانییە وا مەزەندە کراوە کە لە ٤ ملیار دۆلار زیاترە.

لە سنووری ٥٠٠ کۆمپانیای گەورە و مامناوەندی و بچووکی تورکی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن و هەرچی گرێبەست و پڕۆژەی گەورە و مامناوەندی هەیە دراوە بەو کۆمپانیانە. تەنیا گرێبەستەکانی ساڵی ٢٠٠٦ی حکوومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیا تورکییەکان لە سنووری ١,٥ ملیار بوو.

بەهەزاران تەکنیککار و کارکەر و کاسبکاری تورکیا لە پڕۆژە و بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان کار دەکەن و، هەرێمی کوردستانیش بووەتە بازاڕ و بنکەیەک بۆ کۆمپانیا و کاڵای تورکیا بۆ گشت ناوچەکانی تری (العراق) و، لە ماوەی ئەم ١٦ ساڵە، بەشێکی بەرچاوی ئابووری و بازاڕی کاری تورکیا پشتبەستە بە بازاڕ و بازرگانیی هەرێمی کوردستان.

- بۆ یەکەم جارە کۆمپانیاکانی تورکیای تایبەت بەبواری نەوت و گاز داخیلی بازاڕی کوردستان و (العراق) دەبن. سەرەڕای مەترسییەکانی ئەم هەنگاوە لەسەر ئاسایشی نەتەوایەتیمان، ئەو کۆمپانیانە چەند گرێبەستێکیان لەگەڵ حکوومەتی کوردستان لە بواری نەوت و گاز ئیمزا کردووە و بەشێوەیەکی وەها کە زیاتر لە سوودی ئەو کۆمپانیانەن.

- لوولە نەوتی (کەرکووک- جیهان) سەرچاوەیەکی گرینگی ئابوورییە بۆ تورکیا و ئەهمیەتێکی ستراتیجیشی هەیە بۆ عێراق و دەرەوە. بە نەوت و بە جوگرافیا ئەو لوولە نەوتە لە خاکی کوردستانەوە دەگاتە بەندەری جیهانیی تورکی. لایەنی کوردستانی، ئەگەر ئیرادەی هەبێت، دەتوانێت تەحەکوم بەو بەرژەوەندییەوە بکات لە کاتی پێویست.

یەکەم جارە مەترسیی لێدانی بنکەکانی PKK و بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستانی باشوور لەلایەن سوپای تورک، ببێتە مایەی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە جیهان لە خوارەوەی ٨٠ دۆلارەوە بۆ یەک بەرمیل بۆ نزیکەی ٩٠

دۆلار. ئەم بەرزبوونە کتوپڕە ڕۆژانە خۆی لە ٦٠٠ ملیۆن دۆلار دەدات و، مانگانە دەکاتە زیاتر لە ١٨ ملیار دۆلار. ئەم زیادەیە باجدەرانی ئەمەریکا و ئەوروپا و هاوولاتییانی ولاتانی تری مستەوریدی نەوت دەیبژێرن. واتە ئەم تەنگژەیە کە حکومەتی تورکیا دروستی کردووە زیانێکی ئابووریی نێودەوڵەتیشی لێ کەوتەوە و، ئەگەر سوپاکەی تەجاوزی سنووری باشوورمان بکات، دوور نییە هێشتا زیانەکە زۆرتر و فراوانتر بێت.

لە دەرەوەی کوردستان جالیەیەکی کوردستانی گەورەمان هەیە و، چەندان ڕێکخراو و مەڵبەندی ڕۆشبیری و مرۆڤایەتی و سیاسییان دامەزراندووە و، ژمارەیەک کورد وەکو هاوولاتیی ئەو دەوڵەتانە لە ناوەندەکانی هەندێ لە داوودەزگا و حزب و ڕێکخراوەکانیان بەشدارن، جگە لە ڕێکخستنەکانی پارتە کوردستانییەکان و نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم و باڵوێزخانەکانی (العراق) بەتایبەتی باڵوێز و کارمەندانی کورد لەو دامەزراوانە. هەر هەموو ئەمانە ئەمڕۆ، هێزێکی جەماوەری و دیپلۆماسیی گرینگن، ئەگەر هاتوو سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان و حکومەتی هەرێم بەپێی بەرنامەیەکی ڕێکوپێک وەگەڕیان بخات. زیاتر لە ٧٠ ئەندامی پەرلەمانی تورکیا کوردن، سەرەڕای دەیان مەڵبەند و سەنتەری کولتووری و مرۆڤایەتی و حزبی PKK و لایەنەکانی تری سەر گۆڕەپانی سیاسیی باکوری کوردستان، دەتوانن بیانخەنە گەڕ لە پاڵ هێزی گەریلا و جەماوەرە ستەمدیدەکەیان.

لایەنی کوردستانی لەگەڵ هێمنی و پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانە و، خوازیاری پێوەندی نۆرماڵ و تەندروستە. دوور نییە حکومەتی ئۆردوگان (نەک لە بەرچاوی ڕەشی کورد)، هەمان خواستی هەبێت و، کار نەگەیەنێتە ئەو رادەیە کە گشت کارتەکان تێکەڵ بەیەک کات، چونکە لەو حاڵەتە هاوکێشەکە بەلای عەسکەر دەشکێتەوە و مەترسیی گەڕانەوەیان بۆ سەر شانۆی سیاسی و گەمەکەی لە ئەگەر دەردەچێت و، خورییەکەی ئۆردوگان دەکەنەوە ریس!

نکووڵیکردن لە بوون و مافی کورد و زەبر و زۆر و غروور و لەشکرکێشی و

ئەتریک و ڕاگوێزان و کورد بەکەمزانین، ڕێبازی ژمارەیەکی زۆری سەرکێش و کورتبینی داگیرکەرانی کوردستان بووە. ئەوان ڕۆیشتن و کورد باقی.

کێشەی بەربەرەکانێی گەریلاکانی PKK و ئۆپەراسیۆنی سەربازی تورکیا بۆ سەر سنووری باشووری کوردستان و تۆپبارانکردنی گوندەکانی پارێزگای دهۆک بەو شێوە دڕندانەیە، لە بنەڕەتدا کێشە و گرفتی ناوەخۆی تورکیایە و هەڕەشەکردن بەبەزاندنی سنووری هەرێم بەپاساوی ڕاونانی PKK و نەهێشتنی بنکە و بارەگایان لە چیا سەختەکانی سەر سنوور، ئەگەرچی ڕەوشی هەرێم و (العراق) و ناوچەکە نائارامتر دەکات و تەنگژەی ئەمەریکا لە (العراق) ئاڵۆزتر دەکات، وەلێ هەوڵێکی بێهودەی تری هەردوو جەمسەری ململانێیەکەی تورکیایە (حکوومەتی داد و گەشەپێدان و جەنەراڵەکانی سوپا) بۆ تەسریفکردنی تەنگژەکانیان و هەڵهاتنێکی تریانە بەرەو پێشەوە و، ناتوانن کوردی پێ ملکەچ کەن و، جەماوەری کوردستان بێدەنگ و سەرکردایەتیی فەرمیش بێلایەن.

هەردوولا چاویان لە ئەمەریکایە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک و، هەرسێ لا بەدوای مەخرەجێکدا دەگەڕێن و، دیارە مەخرەجیش تاکو ئێستا هەر هەڕەشەکردنە بەنەمانی PKK و بەزاندنی سنووری هەرێم!

ئێمە دڵنیاین ئەو بەزاندنە (ئەگەر ڕوو بدات) بێ چرای سەوزی ئەمەریکا نابێت و، چاوپۆشیی ئەمەریکاش لەم تاوانە پێشینە و سابیقەیەکی باشی لێ ناکەوێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو لێدوانەکانی ئەم دواییەی ئۆردوگان و پێشنیازەکەی بۆ پەرلەمان سەبارەت بەمۆڵەتدان بەسوپای تورکیا کە بۆ ماوەی یەک ساڵ ئۆپەراسیۆنەکانی لە هەرێمی کوردستان پیادە بکات، ڕەچاو بکرێت.

بەئومێدی ئەوەی دەسەڵاتدارانی تورکیا و ئەمەریکا و بەغدا ئەم بەڵایە لە کوردو لە هەرێمی کوردستان دوور خەنەوە و، مەودا نەدرێت سوپای تورکیا سنووری کوردستان ببەزێنێت، واش تەسەور نەکەن کورد و کوردستانی باشوور لاوازترین بازنەی مەیدانی ململانێیەکەیە!.

## چارەنووسی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی تر و مادەی ١٤٠

زیاتر لە چوار ساڵ بەسەر رزگاریی (العراق) و (٣) ساڵ بەسەر مادەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە تێ پەڕی و تەحویل کرا بۆ دەستووری هەمیشەییی العراق و بووە مادەی (١٤٠). لەودەم و تاکو ئێستا ناوەڕۆکی ئەو مادەیە تەراوح دەکات و لە جێگەی خۆی چەقیوە و، رۆژی (٢٠٠٧/١٢/٣١) دوارۆژی یاساییەتی و، نازانین ئەنجوومەنی نوێنەرانی کۆماری العراق چۆن بڕیار لە چارەنووسی دەدات. واتە کاتی یاساییی مادەی ١٤٠ تەواو بوو و ناوەڕۆکیشی جێبەجێ نەکرا.

بۆ جێبەجێ نەکرا و کێ بەرپرسیارە و چی بکرێت باشە؟ پرسی گرینگی قۆناغی داهاتوومانە..!

بەشبەحاڵی خۆم لایەنگیری ئەو ڕا و بۆچوونانەم کە دەڵێت لایەنی کوردستانی بە هەرسێ باڵەکەیەوە (نوێنەرانی کوردستانییەکان لە بەغدا. سەرۆکایەتی و حکوومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان. لایەنی کوردستانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک) بەرپرسیاری یەکەمن و ئەم ڕاستییە ئەوە ناگەیەنێت چاو لە ڕۆڵی دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا بەتەحدید (سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران) و ئەمەریکا بپۆشین. واتە پێش ئەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا و زۆرینەی عەرەبی العراق و لایەنی دەرەکی تاوانبار کەین، باشتر وایە دەست لەسەر کەموکورتیی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد سەبارەت بەکێشەی کەرکووک و گشت ناوچە تەعریبکراوەکان دابنێین.

دەستنیشانکردنی لاوازی و هەڵەکان بەهیچ شێوەیەک لە هەوڵ و ماندووبوون و، وەدەستهێنانی ئەوەی هەیە کەم ناکاتەوە و، بە رەغمی

کەموکورتی و کۆسپەکان دەستخۆشییان لێ دەکرێت.

بە ڕای بەندە هەڵە و لاوازیی قۆناغی رابردوو زۆرن لەوانە:

١- هەر وەکو زانراوە تاکو پێش ساڵی ٢٠٠٣، واتە پێش قۆناغی رزگاریی العراق زۆربەی هەرە زۆری هێزە بەرهەڵستکارە نیشتمانییەکانی العراق:

* کەم یان زۆر دانیان بەتەعریب و تەهجیر و گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتیی ناوچەکانی کوردستانیان نابوو. پەیمانی نەهێشتنی ئەو بارودۆخە درابوو. دیکۆمێنتەکانی کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی ئەو سەردەمە گەواهیی ئەوە دەدەن.
* گەڕانەوەی بارودۆخی کەرکووک بۆ دۆخی جارانی خۆی، لە زۆربەی زۆری ئەو دیکۆمێنتانە رەنگی دابووەوە. بۆ ئەم حاڵانە: بڕوانە بڕیارەکانی کۆنگرەکان و بەتەحدید دوا کۆنگرەیان: کۆنگرەی لەندەن (١٤-١٦-/١٢/ ٢٠٠٢) بە هەردوو دیکۆمێنتەکانی (بەیانی سیاسی)ی و پڕۆژەی (المرحلة الانتقالیة). بەندە یەک لە بەشدارانی دارشتنی رەشنووسی هەردوو دیکۆمێنتەکە بووم و، کاتی کۆنگرەکەش سەرۆکایەتیی لیژنەی تایبەت بەدیکۆمێنتی (المرحله الانتقالیه)یان پێ راسپاردین.
* دەزگا پێوەندیدارەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا بەتایبەتی و، گشت ناوەندەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەوانەی کە پێوەندییان هەیە بەمافی مرۆڤ و میللەتانی بندەست، لە واقیع و کارەساتەکانی کوردستانی باشوور بێ خەبەر و بێ زانیاری نەبوون. واتە زەوینە لەبار بوو بۆ راستکردنەوەی ئەو غەدرە مێژووییەی کە دژ بەباشووری کوردستان و خەڵکەکەی کرابوو.
* لە کاتی نەخشەکێشانی ئەمەریکا و لەشکرکێشی بۆ رزگاریی العراق، لایەنی کوردستانی دیکۆمێنتەکانی کۆنگرەی لەندەن (١٤-١٦/کانوونی یەکەم /٢٠٠٢) و بڕیارەکانی کۆبوونەوەی سەلاحەدین (٢/٢٦ - ٢٠٠٣/٣/١) بەدەستەوە بوو. کۆنگرە و کۆبوونەوەکەش بە سەرپەرشتیی ئەمەریکا بەڕێوە چوو. لە هەردووکیشی سەفیر (خەلیلزاد) ئامادە بوو، پاش تەواوبوونی کۆنگرەکە، بەچەند سەعاتێک، کۆشکی سپی بەگەرمی خۆشحاڵی و پشتگیریی خۆی ڕاگەیاند.

* له کـاتـی هەڵمــەتی رزگــاریی العــراق (١٩/٣- ٢٠٠٣/٤/١٠) لایەنی کوردستـانی لە باشـووری کوردسـتـان بە خـاک و بـە ئیداره و، بە هێز و بە جـەماوەر لە خـزمـەتی هێـزی (رزگـاری)کـەر بـوو بەبێ مـەرج. ئەودەم، رۆژی (٢٠٠٣/٤/١٠)، هـەرچۆن خــانەقـین و چەند گــوندو شــارۆکـــەی تر لـە تەعریبـچییەکان پاک کرانەوە، دەکرا و ئاسـان بوو لایەنی کوردستـانی تاکو (حـەمرین) لـە تەعـریبـچـیـیـەکـان پاک بکەنەوە و، دەسـەڵاتی کـوردستـانی دامـەزرێنێت. ئەو هەڵمـەتەش لە چەند سـەعـاتێکدا ئەنجـام دەدرا. گشت داوودەزگا و دەسـتوپێوەند و ئامـرازی رژێمی دارماوی سـەدامی فـاشی بە سـوپا و ئەمن و مـوخـارات و رێکخـسـتنی بەعس و تەعـریبـچییـەکان لەبەر تاوان و تـرسـی چارەنووسی رەشـی خــۆیان لـە هەمــوو کـــون و قــوژبنێک هەڵدەهاتن و، بەرامبـەر هـەر پاڵەپەستۆیەکی بچووک خـۆیان پێ رادەگیرا. لە جـیـاتیی ئەوە، ژمـارەیەکی بەرچاوی هێـزی لایەنـە کوردسـتـانیـیـەکـان بەتایبـەتی یەکێتیـو پارتی سـەرقـاڵی تاڵان و راگرتنی پرۆسـەی پاکسـازی و هەڵهاتنی تەعریبـچییەکان و زامنکردنـی مانەوەیان و، کێبـەرکێ لە نێوان هـەردوو ســـەرکـــردایەتی، کێ زیـاتر ســـەرۆک هۆز و بنەمـــاڵە و بنگەی تەعـریبـچـیـیـەکـان رادەکێـشـێت بۆ لای خـۆی. دوای نزیکەی زیـاتر لە ٧٢ سـەعـات لە رزگـاربوونـی ئەو ناوچانە، ئەمـەریکاییـیـەکان ئاگـادار بوونەوە و رەوش گۆڕا و، لایەنە عەرەبییەکانی نێو هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق، بۆ دروسـتکردنی بنکە و پـایەی لەنێـو شـار و شـارۆکـە تەعـریبکراوەکـان، بەهەڵەداوان نوێنـەرانیـان گەیشتنە ئەو ناوە و تەعریبـچی و کۆنەبەعسی و کوردکوژ بوونە خـاوەن بارەگـا و ئینتیـمـای حـزبی وەکو (INC) و تەیاراتی شیـعە و حـزبی ئیـسلامیی عێراقی و بەرەی تورکمـانی.. هتد. هەندێ کـەس لەنێو لایەنە کوردستـانییەکان لە ئەمەریکا و تورکیا و تەعریبـچییەکان زیاتر بەپەرۆشی مانەوەی واقیعی تەعریب بوون لە کەرکووک و ناوچەکانی تر..!

٢- کە ئەمـەریکا لە هێزێکی رزگاریکەر بووە هێزێکی داگیـرکەر بەپێی بڕیاری ئەنجـوومەنی ئاسـایشـی نێودەوڵەتی، سـەرکردایەتیی سیـاسیی کـوردستـان

مامەڵەیان لەگەڵ هێزی داگیرکەر نەکرد وەکو نوێنەرایەتیی نەتەوەیەکی چەوساوە و بندەست و داگیرکەر، بگرە وەکو فەردێک یان هێزێکی عێراقی هاوپەیمانیی ئەمەریکا و (بێ مەرج). بەمەش لایەنی کوردستانی دەرفەتێکی زێڕینی تری لەدەست دا. چونکە گشت ڕێککەوتننامە و دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکان، ئەوە دەسەلمێنن کە دەسەڵاتی داگیرکەر، بەرپرسیارە لە دابینکردنی مافی میللەتانی بندەستی هەروەها تەئمینکردنی ژیان و ئەمن و ئاسایشیشی.

ئەودەم عێراق داگیر کرابوو. دەستوور و حکوومەت و دەزگاکانی هەڵوەشابووەوە، بە داگیرکردن و هەڵوەشانەوەی حکوومەت و داوودەزگاکانی، گشت یاسا و ڕێسا و بڕیارەکانی لە حوکمی هەڵوەشاندنەوەیە. بەداخەوە جارێکی تر لایەنی کوردستانی، وەکو نوێنەری نەتەوەیەکی بندەستی ئەمەریکا دانوستاندنی لەگەڵ نەکرد و، بەرنامەیەکی تۆکمە و پەسندکراوی ئامادە نەکرد و، خەڵکی کوردستانی پێ تەعبیئە و تەحشید نەکرد و، لە کاتی گفتوگۆ و هەنگاوەکانی تر رای کوردستانی و عێراقی و نێودەوڵەتیی پێ ئاگادار نەکرد و، بۆ هەر بڕیارێکی داگیرکەری، ئیجابی یان سلبی، پرۆژەیەکی نەبوو. ئەوەی هەبوو گوڵباران و هەڵپەرکێ و سەما و دروشمی بریقەدار و هەڵپەی رازیکردنی ئەمەریکا و پلە و پایە بوون، لەوەی زیاتر سوور بن لەسەر مافەکان و نەبەزاندنی خەتە سوورەکان. تاکو کار گەیشتە ئەو رادەیە، لە قۆناغی (بریمەر)، دەسەڵاتی نوێنەرانی هەردوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان (پارتی و یەکێتی) لە (ئەنجوومەنی دەسەڵاتی کاتیی عێراق)، لە ڕووی یاسایی و دەسەڵاتی بڕیاردان، زۆر لە سونگوڵ یان کەسانێکی وەک پاچەچی و موفق الربیعی، الیاور.. هتد، زیاتر نەبوو. هەرچەندە پرەنسیپی (فیدراڵییەت) دواتر یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە دەرچوێندرا، وەلێ ئەودەم بە ئەمرۆیشەوە ناوەرۆکیان خاڵی خیلافە و، ئەمەریکا و لایەنە عێراقییەکان نە کۆکن و نە لەسەری ڕێکن..!

٣- کە ڕێککەوتننامەی (العملية السياسية) لە نێوان سەرۆکی ئیدارەی مەدەنیی داگیرکەری ئەمەریکایی و ئەنجوومەنی دەسەڵاتی کاتیی عێراق

ئیمزا کرا، بەهیچ شێوەیەک بەلای کەرکووک یان ناوچە تەعریبکراوەکان یان سنووری کوردستان نەهات، باسی چارەنووسیان نەکرا بەمەش کارتەکەیان گەڕاندەوە دەستی زۆرینەی عەرەبی بالادەستی العراق. مەعلوومە کە ئەزموونی ماوەی زیاتر لە ٨٥ ساڵ سەلماندوویەتی ئەوان ئامادە نین مافی کورد قەبووڵ کەن وەکو کورد داخوازی دەکات، با لە چوارچێوەی العراقیشدا بێت.

٤- هەڵەی گەورەتر ئەوە بوو، کێشەی ناوچە تەعریبکراوەکان بە کەرکووکەوە لە قۆناغی دوای رزگاریی العراق لە کێشەیەکی (سیاسی) لە نێوان ناوەندیی بەغدا و خەڵکی کوردستان گۆڕا بەکێشەیەکی (ڕەگەزی. مەزهەبی. سیاسی). بۆ ئەمەش:

* لە بەغدا و ناوەڕاست و خوارووی العراق عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە تاکو ئێستایش لە شەڕێکی تایفەگەریی ناوخۆی نەگریسدان. کەچی لە کەرکووک و ناوچەکانی تری تەعریبکراو هەڵوێستیان یەکە بەرامبەر پرۆسەی بنبڕکردنی تەعریب.

* زۆربەی هەرە زۆری عەرەبی شیعەی (هاوردە) بۆ کەرکووک و ناوچەکانی تری تەعریبکراومان، سەر بەلیستی ئیئتیلافی شیعەن، پابەندن بەمەرجەعیەتی شیعە لە نەجەف و کەربەلا... تاد. ئەمڕۆ بەڕێز ئایەتوڵڵا سیستانی مەرجەعیەتی بالای ئەو شیعانەیە. نەک هەر بۆ ئەوانەی سەر بەلیستی هاوپەیمانیی شیعە، بگرە زۆر لە عەلمانی و لیبراڵەکانی عەرەبی شیعە گوێڕایەڵی مەرجەعیەتن و، هەتاکو ئەمەریکا و هەندێ لایەنی سوننە و کوردیش، زۆرجار دەچنە لای و داوای هاوکاری دەکەن. لەنێو سەرانی کورد هەن بەڕێز ئایەتوڵڵا سیستانی وا وەسف دەکەن کە بەڕێزی (هدية من السماء)ە بۆ گەلانی العراق. باشە بۆ داوا ناکرێت لەم (زاتە گەورەیە) تەنیا فەتوایەکمان بۆ بدات کە برایانی شیعەی (هاوردە) خاک و موڵک و مالاتی کوردستانییەکانیان داگیر کردووە، یان رژێمی فاشیی کۆن بەزۆر تەرحیلیان کردوون و کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێنەوە بۆ سەر زێدی باب و

باپیرانیان. ئەگەر نەکراوە باشە بکرێت و، ئەگەر کراوە و نایکەن، ڕای گشتی کورد و غەیرە کوردی پێ ئاگەدار بکرێتەوە.

* ئەوە حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان تاکو ئەمڕۆیش لەو قەناعەتەدایە کە دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا، ڕێگرە لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، واتە هۆکارە (سیاسییەکەی لە ناوەڕۆکدا وەک خۆی ماوەتەوە..!).

٥- لەوەش خراپتر لە کاتی دارشتنی یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە: بەمادەیەکی تایبەتی (م ٥٣) دووجار کەرکووکیان لە هەرێمی کوردستان دابڕی: جاری یەکەم (هەرێمێک نابێت لە (٣) پارێزگا زیاتر بێت. دووەم بەناو (کەرکووک) بۆی نەبوو داخیلی هیچ یەکەیەکی فیدراڵی بێت...!

٦- بەپێی مادەی (٥٨) و بەبەشداری و بەرەزامەندیی لایەنی فەرمیی کوردستان:

* گشت ناوچە دابڕاوەکانی کوردستانی باشوور، کرا بە (المناطق المتنازع علیها) لەنێو کوردستانییەکان خۆیاندا و لە نێوان کوردستانییەکان زۆرینەی عەرەبی بالادەست. واتە کورد بەرەزامەندیی خۆی بەدەقێکی یاسایی (لە دوو دەستووردا) کاتی (یاسای بەڕێوەبردن TAL) و لە ڕێگەی دەستووری هەمیشەییی العراق (مادەی ١٤٠) و دوو ریفراندۆم، ڕێگەی دا بە زۆرینەی عەرەب و خەڵکی تریش کە هەمان مافیان هەبێت لەسەر سنووری (٥٠٪) پانتاییی خاکی باشووری کوردستان. ئەوان وەکو زۆرینە و خاوەن ئیمکاناتی دەسەڵاتی ناوەندی مادی و بەشەری و قووڵاییی نەتەوایەتی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و کوردی ناڕێکوپێک و بێ بەرنامە و دوور لە ئیستراتیجییەتێکی نەتەوایەتی و گەمارۆدراو بەنەیاران بە تەنیا، ئەگەرچی ئەودەم و تاکو ئەمڕۆش سەرکردایەتییە فەرمییەکەی هێشتا لە خەونی (حب)ێکی یەک تەرەفەدایە لەگەڵ ئەمەریکا و، لەو ڕۆژەوە تاکو ئەمڕۆیش ئیدارەی بوش کوردی وەک کارتی پاڵەپەستۆ دژ بەلایەنە

عەرەبییەکان و بگرە وڵاتانی ناوچەیش بەکار دێنێت، وا دەبینین هەنگاو بەهەنگاو پەتەکە توند دەکات لە ئەستۆی کێشەی کورد. پێش دەسەڵاتی کۆماری العراق و دەسەڵاتی فەرمیی هەرێمی کوردستان، جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (نیگرۆپۆنتی) پاش سەردانێکی (٦) رۆژەی بۆ العراق، لە ١٢/٣ رای گەیاند ریفراندۆم "مادەی (١٤٠)" دواخرا بۆ ساڵی ٢٠٠٨، کەچی رۆژی (١٢/٩) پەرلەمانی هەرێمی کوردستان سوور بوون لەسەر جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ لە کاتی خۆیدا، وەلێ لە ١٢/٢٤ بڕیاریان دا (بێ قەید و شەرت)، پێشنیازە (٦) مانگەکەی نوێنەری یو ئێن لە العراق سەبارەت بەدرێژەدان بەماوەی مادەی ١٤٠ پەسند کرد. دوور نییە ئەم کێشەیە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی کۆماری العراق لە رووی یاسایی و سیاسی مەیدانی مشتومڕێکی تر بێت..!

* سنووری ئەو ناوچانە (المتنازع علیها) و کێشەکانی وەکو کەرکووک و سنجار و خانەقین.. تاد، گرێ دراوە بەگشت گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی پارێزگاکانی تری العراق کە لە سەردەمی رژێمی سەدام رووی داوە. واتە دابڕانی گوندێک یان شارۆکەیەک لە پارێزگای (نەجەف) کە خراوەتە سەر (کەربەلا) یان لەوان بۆ سەر (رمادی) یان ئەوانە کە لە بەغدا، یان قەزای (زاب) لە (مووسڵ) دابڕاون و.. تاد، هەمان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و لە هەمان کاتدا چارەسەر دەکرێت لەگەڵ کەرکووک و خانەقین و تەلەعفەر مەندەلی و شێخان و ئاکرێ و مەخموور.. تاد. واتە مەبەستی موشریع لەم داڕشتنە، ئیدارییە نەک تەعریب و گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتی و دیمۆگرافییایی. (م ٥٨-ج). ئەمەش یەک لەو هەڵە گەورانەیە کە (موشەرعینی) کورد لە لیژنەی داڕشتنی مادەی (٥٨) کردوویانەو بەسەریاندا دەرباز کرا، چونکە دەکرا کاتی خۆی لەیەک جودا بکرانەوە.

* کێشەی تەعریبی کوردستانی باشوور (حصر) کرا بەقۆناغی پاش ساڵانی ١٩٦٨. واتە گشت گۆڕانکاری و تەعریبی سەرەتای ساڵانی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی کوردستانی باشوور بەم کیانە داتاشراوە، لە

پاش ١٩٢٥ تاکـــو ســـاڵی ١٩٦٨ ســـڕایەوە. نەک هەر ئەوەش بگرە سەرکردایەتیی یەکێتی و پارتی نازناوی عەرەبی (رەسەنیان) لەو عەرەبانە نا کــە زۆربەی هەرە زۆریان بەمـــەبەســـتی تەعـــریب هێنراون بۆ ناوچە کوردنشینەکان.

* مـادەی (٥٨) پڕە لە زاراوەی ســەیروســەمــەرە و پێناســەنەکـراو لە رووی یاسـاییـیـەوە وەک: هاوردە، ئاوارە، نەفیکراو، ڕاگوێزاوەکان... تاد. مـادە (٥٨–أ ١) ئەمانە لە کاتی ویستی دروستکردنی کۆسپ ئیستیغلال دەکرێن.
* سەقفێکی زەمەنیی دیاریکراو دانەنرابوو بۆ جێبەجێکردنی. بڕوانە (بڕگەی (ج)ی، لەوەش سـەیرتر (مـوشـەرعـینی) لایەنی کـوردسـتـانی لە داڕشـتنی (م/٥٨) بیریان لەوە نەکردبووەوە: ئەگەر ئەم مـادەیە جێبەجێ نەکرا کێ و چ بکرێت.! هەر وەکو ئێستا تێ کەوتن.!
* لە هەمـووشی سـەیرتر لایەنی کـوردسـتـانی رازی بوو لەسـەر ریفـراندۆم سەبارەت بەچارەنووسی نزیکەی (٥٠٪) خـاکەکـەی.!! واتە گومـان خـرایە سەر خاک و سنوور و دیمۆگرافیای باشووری کوردستان...!
* پێشنیـازی حەسـمکردنی سنووری کوردسـتـان دراوە بە نیاز و ئیـرادەی (توافق). ئیرادەی (توافق)یش بەندە بەئەولەویاتی دەسـەڵاتی ئیدارەی بوش، ئەولەویاتی ئەوانیش نەوت و رێککەوتن لەگەڵ ناوەندیی بەغدا لەسەر نفوزی دواڕۆژیان و رزگـاربوون لەم زەلکاوە. دەســەڵاتی نـاوەندیی بـەغـدایش لای زۆرینـەی عـەرەبی عـێـراقـە و بڕیاری کـۆتاییش دراوە بە ئەنجـوومــەنی نوێنـەرانی العـراق واتـە بۆ زۆرینەی عـەرەبی العـراق بـە واقـیـعی حـزبی و ئایدۆلۆجیایی و ئایینی و مەزهەبییانەوە! (م/٥٨–ب).
* لایەنی کوردستـانی لە گشت قۆناغەکانی کاتی و گواسـتنەوە و بە قۆناغی ئێستای هەمیشـەییەوە، لە حـاڵەتی سازش و پاشەکشـەیە. خۆی ڕاناگرێت لە بەرامـبـەر پاڵەپەسـتۆکـان و لە هەمـووشی سـەیرتر قـەناعـەتی بەوەهمی دەسـتـتێوەردانی دەرەکیی کردووە و تەسلیمی هەندێ هەڕەشە و گوڕەشە بووە. خوا شاهیدە، هەندێ لە بەرپرسانی کورد، ئەوەندە بایەخ بە تورکیا و

مەترسیی دەستتێوەردانی تورکیا دەدەن خودی لایەنی تورکیا ئەوەندە کاری بۆ ناکەن و، ئەوەندە لە غەمی رازیکردنی کاک (ریان کروکەر)ن ئەوەندە ئاوڕ لە هەڵوێست و داخوازیی خەڵکی کوردستان نادەنەوە. ئەوەندە سەرقاڵی یەکخستنی هێز و لایەنەکانی عەرەبی عێراق و عروبەتی (العراق) و گەڕانەوەی بۆ باوەشی خاک و نەتەوەی عەرەبن، ئەوەندە بایەخیان نەداوە بەگەڕانەوەی سنجار و تەلەعفەر و مەخموور و کەرکووک و خانەقین و مەندەلی... تاد، بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان. ئەوەندە کار بۆ بەهێزکردنی سوپا و داوودەزگاکانی دەسەڵاتی ناوەند دەکەن وا کار بۆ بەهێزکردنی دەزگاکانی هەرێمی کوردستان ناکەن.

* هەر لە سەرەتای رزگاریی کەرکووک (٢٠٠٣) لایەنی کوردستانی لەبەر هەر هۆو هۆکارێک بێت، پێکهاتەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە نێوان کورد و عەرەب و تورکمان بەیەکسانی دابەش کرد (پرەنسیپی ٣٢٪). پاش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا کە بەپێی دەستووری هەمیشەیی (٢٠٠٥) ئەنجام درابوو، لایەنی کوردستانی بەپێچەوانەی ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە، دیسان ئەو پرەنسیپەی (٣٢٪)ی دووپاتکرایەوە. ئەمەش ناتەبایە لەگەڵ دەستوور و رێزنەگرتنە لە ئیرادەی زۆرینەی دەنگدەران و، سابیقەیەکی یاسایی خراپی لێ دەکەوێتەوە. لەوە بوو پاش نەمانی تەعریب و دیاریکردنی سنووری کوردستان و گەڕانەوەی کەرکووک بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان، ئیجرائات و هەڵوێستی وەها، مایەی نیگەرانی و مەترسی نەبێت بگرە دەستخۆشیی لێ بکرێت.

* کە قۆناغی حکوومەتی عەلاوی و جەعفەری تەواو بوو و مالیکیش وا بەرەو تەواوبوون دەڕوات، لایەنی فەرمیی کوردستان سەبارەت بەجێبەجێنەکردنی مادەی ٥٨ و تەحویلکردنی بۆ دەستووری هەمیشەییی العراق (م١٤٠)، زیاتر سەرقاڵی هەوڵی چەواشەکردنی خەڵکی کوردستان بووە وەک: (رێبازی جێبەجێکردن بەباشی دەڕوات). (حکومەتی مالیکی و ئەمەریکا سوورن لەسەر جێبەجێکردنی). (دەبێت پێش کاتی تەواوبوونی ماوەکەی

جێبەجێ بکرێت). (دەبێت لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت). یان (رازی نابین بەتەئجیلکردنی بەڵام مانعمان نییە دوا بخرێت!) یان (سەرکردایەتیی کورد دژی وشەی دواخستنە، چونکە وشەی دواخستن وشەیەکی ناپەسندە، درێژکردنەوەی ماوەکەی پەسندە.. تاد)، هەر هەمووی ئەمانە جۆرێکە لە دیماگۆگی یان دروستتر نەزانین و یاریکردن بەچارەنووسی کێشەیەک وەکو کێشەی کەرکووک و ناوچەکانی تری هاوچەشنی کەرکووک. ئەنجامی ئەوەش ئەو دۆخەیە کە ئێستا خودی لایەنی کوردستانی بەدەستییەوە دۆش داماون و، خودی شەرعیەتی مادەکە کەوتووەتە شیمانەوە. ئەودیوکردنی ئەم مادەیە پاش تەواوبوونی سەقفە یاساییەکەی (٢٠٠٧/١٢/٣١) بۆ (٦) مانگی تر پینەوپەڕۆیەکی ترە و، تاکو ئێستا بە روونی نەزانراوە لایەنەکانی نێو ئەنجوومەنی نوێنەرانی العراق رەدفیعلیان چۆن و چی دەبێت.

* ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی موهتەم و خەمخۆری کێشەی کورد، بەتوندی رەخنەیان لە چەند لایەنێکی (مادەی ٥٨) و پاشتر مادەی (١٤٠) گرت بەتایبەتی لە پرەنسیپی (المناطق المتنازع علیها) و ریفراندۆم... تاد. وا خودی ریفراندۆم بووەتە کێشەیەک و، تازە بەتازە سەرانی فەرمیی کورد بەدەستییەوە داماون: ئاخۆ لەسەر پرەنسیپی (المناطق المتنازع علیها) بکرێت، یان (ناحیە بە ناحیە و قەزا بە قەزا). یان (پارێزگا بە پارێزگا). لەم رۆژانەیشدا باس لە شێوەیەکی تر دەکەن ئەویش گوایە (ئەنجوومەنی شارەکان بڕیار بدەن)..! واقیعی تەعریب و کار و کاردانەوەی چوار ساڵی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی و عێراقی و رۆڵی ئەمەریکا دوای قۆناغی رزگاری و داگیرکردنی العراق و، بەرەنجامی حوکمڕانی (٣) حکوومەت و پیادەکردنی دوو دەستوور و دوو هەڵبژاردن، هەڵبژاردنی هەریەک لەو سێ ئالیەتە، بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم دەمانگەیەنێتە ئەو ئاقارە، کە کورد بە رەزامەندی و بەدەنگدانی خۆی، لە سنووری (١٥-٢٢) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی خاکی کوردستانی باشووری لەدەست بدات. واتە لە سنووری دووجار بە ئەندازەی وڵاتێکی وەکو لبنان. جا چ لایەنێکی کوردستانی و چ

سەرکردە و سەرکردایەتییەک جورئەتی وەها دەکات تەحەمولی تاوانێکی وەها بخاتە ئەستۆی خۆی و، کێیە ئەو کوردە کە ئامادە بێت لە بەشداری و سەرخستنی پرۆژەیەکی وەها نەفرەت لێکراو..!!

گشت قۆناغەکانی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) کە لە بەرنامەی کاری حکوومەتی مالیکی دیاری و تەسبیت کرابوو، لایەنی کوردستانی و ئەنجوومەنی نوێنەرانی العراق پەسندی کردبوو واتە: ئاساییکردنەوەکە دەبووایە لە ٢٠٠٧/٣/٢٩ تەواو بێت و، قۆناغی سەرژمێری کە دەبووایە لە ٢٠٠٧/٧/٣١ تەواو بێت و، قۆناغی کۆتاییی ریفراندۆمەکە دەبووایە لە ٢٠٠٧/١١/١٥ تەواو بێت، هەر هەموو ئەمانە نە لە کاتی خۆیاندا و نە تاکو ئێستا ئەنجام دراون. لە (٢٠٠٧/١٢/٩) لایەنی کوردستانی دەنگیان لێوە هات. ئەمە دووپاتکردنەوەی هەمان بەسەرهاتی مادەی (٥٨)ە کە پاش ئەوەی دوو حکوومەتی پێشوو (عەلاوی و جەعفەری) کە لە نێوان (٢٠٠٤/٦/٣٠ تاوەکو ٢٠٠٥/١٢/٣) هیچیان بەهیچ نەکرد و دەنگ نەکرا تاکو دوا سەعاتی تەمەنی (یاسای بەڕێوەبردنی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە). ئەودەم دیسان پەرلەمان کۆ کرایەوە. بڕیار وەرگیرا وەفدێکی باڵا بڕوات بۆ بەغدا. کە هاتەوە (٤) پەیمانیان هێنابووەوە. یەکەمیان نامەیەکی سەرکۆماری العراق بوو (الیاور). دووەمیان نامەیەکی (سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق بوو (د. فوئاد مەعسووم). سێیەمیان نامەیەکی باڵیۆزی ئەمەریکا بوو (جون نیگرۆپۆنتی) لە ١٥/ ٥/ ٢٠٠٥. چوارەمیان نامەیەکی سەفیری بەریتانیا لە بەغدا (ئەدوارد چاپلن) لە ١٥/ ٥/ ٢٠٠٥. هەر چوار نامە و بەڵێنەکان جەختکردن بوو لە پشتگیری و پێویستیی جێبەجێکردنی مادەی (٥٨)، لە کاتێکدا هەرسێ حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی العراق و تاکو ئەمڕۆیش نکووڵی لە پابەندبوون و جێبەجێکردنی (٥٨)ی ئەوسا و (١٤٠)ی ئێستا ناکەن و ئەوە کێشە نییە، وەلێ کێشەکە لە (کەی و چۆنیەتی و بەرەنجامی جێبەجێکردنەکەدایە.. هەر لەم بارەیەوە و پێش ئەو بەڵێنانەی سەرەوە و، لە ٢٠٠٤/١٢/٢٨ سەرۆک وەزیرانی ئەودەم

(د. ئەیاد عەلاوی) نامەیەکی ئاراستەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان کرد کە ناوەڕۆکی هەمان ناوەڕۆکی نامەکانی سەرەوە بوو. پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر لایەنی کوردستانی بەرپرسیارە و ئەوەندە جێبەجێکردنی ئەم مادەیەی لا مەبەست بوو، هەر وەکو خۆیان هەردەم (جەختی لەسەر دەکەن)، بۆ قۆناغ بەقۆناغ دەنگیان لێوە نەهات. کە بارودۆخی ناوچە بەعەرەبکراوەکان ئاسایی نەکرێتەوە (٢٠٠٧/٣/٢٩) چۆن پێشبینی دەکرێت سەرژمێری بکرێت تا (٢٠٠٧/٧/١٣). کە ئەو دوو قۆناغە ئەنجام نەدرێت ریفراندۆم چۆن دەکرێت (٢٠٠٧/١١/١٥) وەکو دوا قۆناغ..!!. قۆناغەکانی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) تەواو بوو. گەڕاینەوە بۆ هەمان سیناریۆی کۆن: لایەنی کوردستانی هەندێ هەڵچوون. لێژنەی بالای مادەی ١٤٠ دەعوەت کرا بۆ پەرلەمان. پەرلەمان کۆ کرایەوە. زۆر گوترا. دەعوەتی بەڕێز (ستیفان دیمستۆرا) کرا بۆ پەرلەمان قسەکانی ١٢/٣ی (جۆن نگرۆپۆنتی) دووپات کردەوە ئەویش پێشنیازەکەی (بیکر هامیلتۆن)ی پیادە کرد سەبارەت بەکەرکووک و ریفراندۆم و سەردانی کتوپڕی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ بەغدا و کۆبوونەوەی رۆژی ١٢/١٨ی لەگەڵ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و جەختکردنی لەسەر: (ضرورة تجاوز الادعات التأريخية حول المدينة) (واهمية كركوك لمستقبل العراق) لە کاتێکدا سوپای تورکیا و بەتەنسیق لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا هێرشیان دەکردە سەر ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و، خزاندنی (UN) بۆ نێو کێشەکە بەناوی هاوکاریی تەکنیکی و، گەڕانەوەی جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠) بۆ هۆکاری (تەکنیکی) هەروەک هەندێ لە بەرزەلێپرسراوانی کورد لە بەغدا و لە هەرێم رایان گەیاندووە و، دواتر راگەیاندنی بێ مەرجی پەرلەمانی کوردستانی رۆژی ٢٠٠٧/١٢/٢٦، تەعبیرە لە چارەنووسی داهاتووی کێشەی کەرکووک و مادەی ١٤٠!.

چی بکرێت باشە..؟

کە لە کاتی پێویست و لە فرسەتی رەخساو هیچی جیدی و حاسیم نەکرا. تاکو دێت پارسەنگی ململانێکان لە قازانجی لایەنی کوردستانی نییە. گۆڕینی

قەوارەی نەتەوایەتی بە یاسا و بە ریش ماچکردن و سیاسەتی کوردە نامووسە و دەست بەسەر کڵاوی خۆ بۆ ئەوەی با نەیبات، چارەسەر ناکرێت و مەنتقێکی چەوتە و دەلیلی نەکردنە. هەل تیغە نەبڕیت دەتبڕێت. واقیعی سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان لە کاتی ئەم چوار ساڵە بەتایبەتی لەوە دەچێت نەخشە و پلانیان بۆ ئەوە نییە ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە. زیاتر بۆ ئەوەیە کە ئەوەی هەیە دەستی بەسەردا بگیردرێت تاکو دەلوێت قۆرخی بکەن و، دیارە شیمانەی ئاڵۆزبوونی ئەو دۆخە لای ئەوان لە خانەی مەحاڵ بێت.

هەندێ جار ئۆباڵی رەوشەکە دەخەنە:

* سەر دەسەڵاتی ناوەند لە کاتێکدا خۆیان حوکمڕانن لە ناوەند..!

* دەمێکی تر دەیخەنە ئەستۆی تورکیا، کەچی تاکو بناقاقای هەرێمی کوردستانیان غەرق کردووە بە بەرژەوەندییەکانی تورکیا و، بە فیعلی تورکیا هەرێمی کوردستانی داگیر کردووە لە رووی ئابووری و کولتووری بگرە هەندێ بواری تریش. هەر لە لەتە نانێک و سەلکە پیاز و توور و باکێتێکی کێک و ئاوی (حەیات) و باڵەخانە و تەلار و گشت کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاریی ئیستیهلاکییەکان، کە کەرەسە و کاڵای زۆربەیان ئێکسپایەرە، تاکو بواری بەدواگەڕان و دەرهێنانی نەوت. زیاتر لە دوو لەسەر سێی ئەو کۆمپانیا بێگانانە کە لە کوردستان کار دەکەن تورکن. کەچی سەرەڕای ئەوەش ئەوەی حکومەتی تورکیا بە کورد و بەم کیانە دەیکات (با بە دەواری... ناکات). چی گوتنی نابەچی و سووک نەما بەکورد و بە سەرکردایەتیی کوردستان و بە ئەزموونەکەی نەیکەن. دانی پێ نانێت و هەڕەشەی گەمارۆی ئابووری و هێرشی سەربازی دەکات و سوپاکەی بە فەرمیی لە پەرلەمان و حکوومەتی ئەردۆگان مۆڵەتی وەرگرتووە لە ئێستاوە تاکو ساڵێکی تر هەرکات ویستی سنوورمان ببەزێنیت و ئەوەی بۆی کرا بیکات. رۆژانە گوند و چیا و دۆڵەکانی سنووری کوردستان تۆپباران دەکات. بنکە سوپاییەکانی لە بامەرنی و شیلادزێ و کانیی ماسی و رانیە.. تاد و، تیمە تایبەتییەکانیان لە شار و شارۆکەکانی هەرێم و،

(بەرەی تورکمانی) کە تاکو ئێستایش دان بە یاسا و ڕێساکانی هەرێمدا نانێن بارەگا و چالاکییان ئازادە و ڕاستەوخۆ دژی ئەم هەرێمە و دژی کورد لە گشت بوارەکاندا کار دەکەن و ئیمتدادی بالآی دەزگا سیخوڕی و سەربازییەکەی تورکیایە و درێغی ناکەن. سەرکردایەتیی فەرمیی هەرێم بە ڕاشکاوی دەڵێن ئێمە هەموو شتمان بۆ تورکیا کردووە و، ئامادەین هەموو شتیان بۆ بکەین بەڵام ئەوان ئامادە نین مامەڵەمان لەگەڵدا بکەن..!!

تەماشاکردنی پێوەندی لەگەڵ تورکیا لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی تایبەتی تەسکەوە وای لە هەندێ لە ناوەندەکانی بڕیاری ئەم هەرێمە کردووە زیاتر لەرزۆک بن بەرامبەر بە هەڕەشە و گوڕەشەکانی. پاساوەکانیان تەواوکەری هەڕەشە و گوڕەشەی دەسەڵاتدار و ڕاگەیاندنی تورک بن، کەچی دەبووایە لە جێگەی ئەوە: ئەو جۆرە کاربەدەستە کوردان و ڕاگەیاندنە فەرمییەکانیان، جەماوەری کوردستان ساز و تەعبیئە بکەن و، پاڵەپەستۆ بخەنە سەر تورکیا و، دەستتێوەردانەکانیان مەحکوم کەن، دنیای لێ پڕ کەن، کەچی بەمەهانەی عەقڵانیەت و سیاسەتی واقیعانە تورکیا وەسف دەکەن بە:

دەروازە و شادەماری ئابووریی هەرێمی کوردستانە.

دووەم سوپای ناتۆیە.

هاوپەیمانی ئیستراتیجیی ئەمەریکایە.

ئەردۆگان دۆستی کوردە. دانی بەمافی کورددا ناوە.... هتد.

ئیدی نابێت ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی نەکرێت. واتە شەرعیەت بدرێت بەدەستتێوەردانی تورکیا لە کێشەی ناوەخۆی وڵاتەکەمان.

کورد بۆ خۆی ئەویشی کردووەتە تەرەفێک لە کێشەی کەرکووک و گشت ناوچە تەعریبکراوەکانمان. بەڕاستی (مەنتیقێکی) سەیرە...! خۆت بۆ خۆت مێردزمە و بت دروست بکەیت و پاشان چۆکی بۆ دانێیت..!

دەڵێن:

* ئەمەریکا هاوپەیمان و دۆستی کوردە. کەچی ئەوان پێش لایەنی عێراقی و کوردستانی و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان هەر وەکو ئاماژەمان بۆ کرد،

رايان گەياند كە كێشەی كەركووك و پرۆسەی ريفراندۆم ئەمساڵ ناكرێت، ئەوديو كرا بۆ ساڵی ٢٠٠٨!

* بوش رزگاركەری (العێراق)ە. هاوپەيمانە. يەكەم جارە بەرژەوەنديی كورد لەگەڵ زلهێزێكی جيهان يەك دەگرێتەوە. ئەمەريكا پرۆژەی هەيە بۆ رۆهەڵاتی ناوەڕاست. ديموكراتييەت و رزگاری و عەلمانييەت و عەولەمەی هێناوە... تاد. بۆيە نابێت كورد لە قسەی ئيدارەی بۆش دەرچێت. (گارنەر) يان (بريمەر) پاشتر (خەليلزاد) و ئێستا (كرۆكەر)، چی ويست ئەوە باشە و، دەرچوون لێی هەڵە و تاوانە..!

ئەم جۆرە پانكردنەوە بۆ ئيدارەی تەواوبوو و لاواز و دۆڕاوی بوش، لەلايەن بازنەيەكی باڵای دەسەڵاتدارانی هەرێمی كوردستان، بۆچوونێكە كە لە زۆر لايەوە جاميد و كۆن و ناتەندروستە.

هەموو كوردستانييەكی هۆشيار و دڵسۆز دەزانێت ئەو ئيدارەيە بۆ هات و چی دەوێت و، لە بەرچاوی رەشی كوردان نەهاتووە و لێرە نەماوەتەوە.

راستە لە رماندنی و نەهێشتنی رژێمی تاوانباری سەدام، كورديش سوودگەێين بوو، بۆ ئەمەش كورد زياد لە لزووم قوربانيمان دا و، لەوەش زياتر سوپاس و پێزانی لايەنی كوردستانی لە سنووری پێويست دەركەوت كەوتووەتە خانەی خۆ بەكەمزانين و چەمانەوە، لەگەڵ ئەوەش تاكو ئەمڕۆيش ئەم ئيدارەيە پەيمانێكی بە كورد نەداوە سەبارەت بەدوارۆژی، جگە لە هاووڵاتييەكی عێراقی.

ئەم خۆبەكەمزانين و خۆچەمانەوە لەلايەن لايەنێكی بەرچاوی بازنەی دەسەڵاتی فەرميی كوردستانی، نەخۆشييەكی كوشندەی ئەم دەسەڵاتەيە كرۆكەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ تيۆرييەكی خەتەرناك و هەڵە كە ناوەڕۆكەكەی برێتييە لەو هاوكێشەيەی كە دەڵێت:

* ئەوەی بۆ ئيدارەی بوش باش بێت بۆ سەركردايەتيی كورد باشە..!
* ئەوەی بۆ سەركردايەتيی كورد باش بێت بۆ نەتەوەی كورد باشە.!!
* لە كاتێكدا پێچەوانەی ئەم هاوكێشەيە راست و دروستە.

بۆیە تاکو سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان ئەم هاوکێشەیە راست نەکاتەوە و، دەست لە تاکتیکی (مامەڵەی رۆژ) هەڵنەگرێت و هەموو کارتەکانی ململانێ نەخاتە گەڕ و ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە نەبێت، ئەوە هیچ حەلێکی تری جیدی نییە بۆ ئەم تەنگژە و، هەموو کات نەیاران تەماح لە کێشەی میللەتەکەمان دەکەن و دۆستانیشی لە کاتی پێویستدا پەڕاوێزی دەکەن یان دەکرێتە قۆچی قوربانی.

ئێمە دژی ئاڵۆزی و توندوتیژی و شەڕوشۆڕ و پێکدادانین. تاکو بکرێت و لە تەحەمولدا هەبێت دۆستایەتیی ئەمەریکا و دەروجیران فەرامۆش نەکرێت. بەڵام چۆن خەڵکی تر خەتی سوورو بەرژەوەندی باڵای نەتەوایەتیی هەیە کوردیش هەروا و، لە کوێ و تاکو کوێ، چۆن خەڵکی تر دەتوانێت پاڵەپەستۆ بخاتە سەر و بەربەرەکانێی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی تر بکات، کوردیش هەروەها. واتە هەر نەتەوەو بزاڤێک بە ئەندازەی هێز و توانا و بەرژەوندی خۆی ئەتوانێت کاریگەری خۆی هەبێت، سلبی یان ئیجابی، لەسەر بەرژەوەندیی خەڵکی تر.

لە نێوان خەباتی سەرمێز و دیالۆگی فەرمیی و نهێنی تاکو ڕادەی توندوتیژی، دەیان بوار و ئامراز و شێوە و شێوازی تری خەبات و ململانێی مەدەنی و ئاشتیخوازی هەیە. دەستکەوتی یەک سەدەی ئەم میللەتە لە ئەنجامی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی جەماوەری ئامادەساز و خاوەن پرەنسیپ و دیسپلین و بیروباوەڕ و خاوەن کێشە بووە. هەر ئەم هاوکێشەیشە بۆ ئێستا و داهاتوومانیش وەسفەیەکە لە زۆر رووەوە دروستە و، هەلومەرجەکان زۆر لە جاران لەبارترە. هەرچیش بکرێت بۆ گەڕانەوەی لە سنووری (٥٠٪)ی خاکی باشووری کوردستان بۆ باوەشی هەرێم کەمە و، لەسەر ئەمە کورد خوانەخواستە تێک چێت لەگەڵ بەغدا بەرز و بەڕێز و گەورەترە لەوەی لەسەر شتێکی تر...!

٢٠٠٧/١٢/٣٠

## یەکجاری واش نا..!

لە ژمارەی (٥٣٥) گوڵان کاک (فەلەکەدین کاکەیی) نووسیویەتی و دەڵێت "لە یادمە یەکەمین چالاکیی راگەیاندنمان دوای شکستی ١٩٧٥ بە یەک دوو مانگ دەستی پێ کرد (بەڵام زۆر بەنهێنی)، لەو سەردەمە لە شاری (نەغەدە) دادەنیشتم، لەگەڵ چەند هەڤاڵ بەسەرپەرشتیی (ا. ب) (ادریس بارزانی) و سامی عبدورەحمان، خانوویکمان بەکرێ گرت، بەڕواڵەت بۆ رێکخستنی ئیداریی کاروباری پەنابەران بوو کە تازە لە نزیکی سنوورەوە بۆ قووڵاییی ئێران، بەکۆمەڵ دەگوێزرانەوە، بەڵام بەنهێنی خەریکی هەندێ کاروباری سیاسی و رێکخستنەوەی ناوەخۆی پارتی بووین. لە ژوورێکی ئەو بارەگەیەدا چەندان تایپمان دانابوو، یەکێک لەو تایپانە ئەرکێکی مێژوویی بەجێ هێنا، ئەویش تایپکردنی یەکەمین بەیاننامەی پارتی بوو، دوای ١٩٧٥ کە دەڵێت (کوردستان گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خەباتە) و مزگێنیی تازەبوونەوەی خەبات و موقاوەمەت لەسەر خاکی نیشتمان دەدات، کە وەڵامێکی گرینگی رێککەوتننامەی (جەزائیر)ی نێوان رژێمی شا و رژێمی سەدام بوو).

(ئەو تایپە خرایە ژێر خاک و ئێستا داڕزاوە، چونکە بەدەرچوونی بەیاننامەکە، (کە لای رژێمی شا خەتی سوور بوو!)، دەزگاکانی ئێران پاڵەپەستۆیەکی توندیان بۆ سەر هێنایین، کەوتنە چاودێری و لێکۆڵینەوەی ورد، مەسعوود بارزانی و، چەند هەڤاڵ لە تاران (لەسەر ئەو بەیاننامەیە) دەستگیر کران..... هەڤاڵانمان لە (نەغەدە) تایپەکەیان خستە ژێر گڵ. هەر لەو کاتانە بوو چەند شارەزای دەزگاکانی ئێران هاتنە بارەگاکەمان و، کەوتنە تاقیکردنەوەی تایپەکان، دەرکەوت هیچ لەو تایپانە بەیاننامەکەی پێ چاپ نەکراوە ! بەڵام پاڵەپەستۆیان بەردەوام بوو، گومانیان نەبڕایەوە. ئەوەیان لە

دوادوایی پایز بوو).

کاکە فەلەک: ئەو هەڤاڵانەی کە لە نزیکەوە ئاگەداری وردەکارییەکانی ئەو سەردەمەن دەزانن کە:

سەرەتای چالاکیی ڕێکخستنەوەی پارتی پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، هەر دوادواییی مانگی ئاداری هەمان ساڵ دەستی پێ کرد. لە دانیشتنێکی (تایبەتی) نزیکی ناوەڕاستی مانگی نیسانی ١٩٧٥ لە دەرەوەی بازاڕی (نەغەدە) هێڵە سەرەکییەکانی کار دیاری کراو، نەواتی (سەرکردایەتیی کاتی) لێ بووەوە.

لەو دەقەی سەرەوە، کە کاک (فەلەک الدین)، لە سەرەتاوە بەیەکەمین چالاکیی ڕاگەیاندنمان دەست پێ دەکات دەڵێتیش زۆر (نهێنی بوو) لەو سەردەمە، روون نییە. ئەو کات نە ڕۆژنامەمان هەبوو، نە چاپکراوێکی دەوری و، نە (نەشرەیەکی حزبی) و، نە (بەیاننامە) و، نە ئێزگە. زۆربەی هەرە زۆری کارەکانمان، بە دیتن و بە سەردان ئەنجام دەدرا. ئەوانەی کە لەو (خانووە) کاری ڕۆژانەمان دەکرد لە ژمارەی پەنجەی دەست کەمتر بووین، ئەرکەکانیشیان دیاربوو، تایپ و ڕۆنیۆکانی (ژوورە)کەش بۆ کاری پەناهەندەکان بوو.

ئەو (بەیاننامە)یەش کە کاک فەلەک باسی دەکات نە (چالاکیی ڕاگەیاندنمان) بوو لەو خانووە و، نە لە (نەغەدە) نووسرابوو و، نە (فەلەک الدین)ش ئاگەداری بوو و نە بە تایپی ئەو (ژوورە)ش چاپ کرابوو و، نە ئەو تایپەش خرایە ژێر گڵ و، ڕاستییەکەشی بەم شێوەیەیە: پاش گەڕانەوەی کاک مەسعوود لە ئەمەریکا لە پایزی ١٩٧٥ داوای کردین بۆ تاران. (حەمە رەزا و عارف تەیفوور و کەریم سنجاری و بەندە) لە نەغەدەوە ڕۆیشتین و، قەول بوو (ئازاد بەرواری)یش لەو جێگەیە کە تازە نەقل کرابوو بۆی بگاتە لامان. کۆ بووینەوە و، چەند بڕیارێکی گرینگ وەرگیرا لەوانە دەرکردنی بەیاننامەیەک بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرکردایەتیی کاتی (ناچارم پاش (٣٠) ساڵ بۆ یەکەم جار، بڵێم کە بەندە تەکلیف کرا بەنووسینی..)، بەیاننامەکەم

نووسی و بە دروشمی، (كوردستان الساحة الحقيقية للنضال. ناضلي ياجماهيرنا وارفضي واقع النكسة) ڕازاندەوە. کە گەڕاینەوە بۆ نەغەدە لە ئورمیە تایپێکی بچووکی (جانتام) کڕی. لەسەر حەرەکەت بووین بۆ کوردستان. کاک عارف کە دەبووایە لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تر بەرەو (هەرێمی دوو) حەرەکەتی بکردایە، داوای کرد بەیاننامەکەی بۆ چاپ کەین (لەو سەردەمە لە نێوان ئەو هەڤاڵانە تەنیا بەندە شارەزاییی هەبوو لە تایپ و تایپکردن و ڕۆنیۆ). (دەستنووسەکەمان لەلا بوو، تاکو ئێستاش هەر ماوە)، بەو شەوە هەر چوارمان بە نهێنی چووینە ئەو خانووە کە کاک فەلەک الدين باسی دەکات، (ئەو کاتە ئەو (خانووە) ڕۆڵی جارانی نەمابوو، چونکە زۆربەی زۆرمان یان گواسترابووینەوە بۆ شارەکانی تری ئێران یان بڕیاری گواستنەوەی درابوو و، (نەغەدە) سووک بووبووەوە لە پەناهەندەکان، بەتایپەکەی خۆم بەیانەکەم چاپ کرد لەسەر ئیستێنسل بەیەک لە ڕۆنیۆکانی ژوورەکە، بەپێویستی کاک عارف ژمارەیەکی باشمان لێ ڕاکێشا)...

تەنیا (حەمە رەزا و عارف) لەلایەن ساواکی شاوە دەستگیر کران، ئەویش لە (نەغەدە) بوو نەک لە (تاران) و گرتنەکەیان پێوەندیی بەو بەیاننامەوە نەبوو، بگرە بەهۆی هەڵەیەکی (حەمە)وە بوو. لە پشکنینی ماڵی حەمە رەزا (تەنیا یەک دانە) لەو بەیاننامەیەیان دۆزییەوە. پاشان نەقڵ کران بۆ گرتیگەی (ئەوین) لە تاران. وەکو ئێمە ئاگەدارین:

ساواک کاک مەسعوودی نەگرت (گرتنی وا هاسان نەبوو..)، بگرە بانگ کرا و پرسیار و پاڵەپەستۆیەکی زۆر خرایە سەر ئەو و شەهید ئیدریس و، هەڵوێستی جوامێرانەی کاک مەسعوود و ڕۆڵی شەهید ئیدریس و داکۆکیکردنی بارزانیی نەمر بەتایبەتی، بووە مایەی ئازادکردنی ئەو دوو هەڤاڵە.

ئەو ئێوارەیەی ئەو دوو هەڤاڵە دەستگیر کران لە نەغەدە (بەندە و کەریم)یش، سەردانی خوالێخۆشبوو (ئەسعەد خۆشەوی)مان کرد کە پێشتر تەکلیف کرابوو بۆ دەربازبوونمان. شەو (د. نجم الدين عمر) هەردووکمانی

گەیاندە ماڵی (ملازم یونس ڕۆژبەیانی) لە مەهاباد، بەیانی زووی ڕۆژی پاشتر برایەکی خۆی لەگەڵدا ناردین تاکو لای دەلیلەکانمان کە خوالێخۆشبوو (ئەسعەد خۆشەوی) تەئمینی کردبوو. لە ماوەی کەمتر لە (١٢) سەعات لە سنووری ئێران دەرباز بووین. پاش ماوەیەکی کورت تایپەکەم و هەندێ کەلوپەلی هەردووکمان، بە هەمان ڕێگە گەیشتە دەستمان. هەموو بەیاننامە و (نامیلکە)ی حزبی و ڕێکخستن و، ڕۆژنامەی (خەبات)، کە لە کوردستان دەرمان دەکرد بەناوی (سەرکردایەتیی کاتی) پارتی، لە نێوان پایزی ساڵی ١٩٧٥ و سەرەتای هاوینی ١٩٧٩، بە تەحدید، هەر بەو تایپە تایپم دەکرد، (لە پاش بەهاری ساڵی ١٩٧٨ لە کوردستان، لایەنێکی کاری ڕاگەیاندنمان شەهید (سامی) دەیبرواند، لای ئەویش شت چاپ دەکرا ...). بەدرێژاییی ئەو ماوەیە کاک (فەلەک الدین) چی پێوەندیی بە ڕاگەیاندنی پارتیمانەوە نەبوو، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ژیانی پەناهەندەییی ناوبراو و، گشت دڵسۆزانی پارتی لەو سەردەمەدا لە ئێران. دوور نییە لەلایەن خوالێخۆشبوو شەهید ئیدریس، یان کاک مەسعود، تەکلیف کرابێت بەنووسینی هەندێ شتی تایبەتی.

٢٠٠٥/٥/١٠

## بەڵێ "شەرعییەتدانەوەیە بە ناشەرعییەت"

ڕۆژنامـــەی (هـەولێـــر)، بەنـاوی (چـاودێرێک)ەوە، لـە ژمـــارە (٧٨٠) لـە ١٣/٥/٢٠١٠دا، بابـەتێکی لـەژێر نـاونیــشــانـی (شـــەرعـــیـــیـــەتدانـەوە بە ناشـەرعییـەت) ئـەو پرسـیـارانـەی ڕووبەڕووی (جـەوهـەر نامـیـق سـالم) دەبنەوە بڵاو کـردووەتـەوە. بابەتەکـەی (چاودێرێک)، هەڵچـوونێکە، لـەمـەڕ لێـدوانـێکی تەلەفـۆنی کـورتـی یەک رسـتـەییـمـان، بۆ ڕۆژنامـەی (ڕۆژنامـە) کـە لە ژمـارە (٥٨١)ی ڕۆژی ١١/٥/٢٠١٠ بڵاو کـراوەتەوە، کـە بەرەنجـامـی پرسـیـارێکی ڕۆژنامــەنووسی لاو (دلێـر عـەبدولخـالق) بوو لـە ئێـمـە و چەند برایـەکی تری (پسـپۆڕ و بەرپرسی پارتی و یەکێتی و یەکگرتووی ئیسـلامی و کۆمـەڵ). وەک وەڵام، ئەمـەش دەقی ڕستـەکەمـانە: (بەگشتی پێم وانییـە ئەم کۆنگرانە گرفتـە بنەڕەتیـیـەکـانی ناو ڕێکخـستـی حـزبەکان چارەسـەر بکەن بگرە وەک تەقلید بریتی دەبن لە شـەرعییـەتدان بە ناشـەرعییـەتی ئەو ئیجرائاتانەی کە کراون، ئەوەی پێوەندیی هەیە بە ڕەوت و باڵباڵێنەوە دۆخەکە بە کۆنگرە ناگۆڕێت..... شـەرعییەتیش دەدرێت بەستـافێکی تازە، کە ٨٠٪ی لەلایەن جەماوەری حزب و خـەڵکی شـارەزا، چاوەڕوان کراوە..). لە یەک دوو پەرەگرافـی ڕیپۆرتاجـەکەی، ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)دا دەستەواژەی (شـەرعییەت دان بە ناشـەرعییەت) دووپات کراوەتـەوە و وەک مانشـێتی دووەمـیش، لە لاپەڕە یەکی ڕۆژنامەکەدا دابەزیوە، نکووڵی لە لێدوانەکەی خۆمان ناکـەین، مـانشێت و ئاماژەکردن بەلێدوانیش، زیاتر بەندە بەخودی ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەکەوە.

هـەرچـەندە ورووژانـدن و لێکدانـەوە و ئـەو هــەڵچـــــوون و داچـوونـەی (چاودێرێک)، ئەوەنـدە ناهێنێ لەسـەری ڕاوەسـتین و شـایەنی ئەوە نـیـیە وەڵام بدرێتـەوە وەلێ، لەبەرئەوەی ڕۆژنـامـەی (هـەولێر) ڕۆژنامـەیەکی ڕۆژانەی پارتی

دیموکراتی کوردستانە و ئەو (چاودێر)ە چاوی ئەوانە و دیارە بەمەبەست، ناوەڕۆکی لێدوانەکەمانی شێواندووە، ئاماژەکردنێکی چەواشەکارییان بە کۆنگرەی (١٠)ی ساڵی ١٩٨٩ کردووە، چ بە ئاگا یان لە بێ ئاگایی، تەوقیتکردنی بڵاوکردنەوەی بابەتی وا لەگەڵ سەرەتای دەستپێکی تەسعیدی هەڵمەتی ڕاگەیاندن و گرژیی دۆخەکە، وای لێ کردین کە بڵێین (ئەم ماستە بێ موو نییە) و بێدەنگ نەبین لێی و ئەم ڕوونکردنەوەمان لە ٢٠١٠/٥/١٥ ئامادە کردبوو. بڵاوکردنەوەکەی هەندێ دواکەوت، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ویست و خاتری خاترداران و گرژیی نێوان ڕاگەیاندنەکانی سەر بە (پارتی) و (گۆڕان) و هەندێ میدیای (ئەهلی). ڕوونکردنەوەکەمان بریتییە لە سێ خاڵی سەرەکیی ناو بابەتەکەی ئەو (چاودێر)ە:

١ـ ئاخۆ باس و لێکدانەوە و ڕەخنە و مەزەندەکردنی شیمانەکان لە ناوەوە و دەرەوەی حزب لە (پێش و لە کات و لە پاش)ی کۆنگرەی هەر حزبێک، لەلایەن خەڵکانی پسپۆڕ و سیاسەتوار و چاودێری سیاسی و میدیاکان.. هتد، قەدەغەیە یان بەندە بە مۆڵەت وەرگرتن یان مۆڵەتدانی سەرکردایەتیی ئەو حزبانە؟

٢ـ مەبەستمان چییە لە (شەرعییەتدان بە ناشەرعییەت) و ئەو ناشەرعییەتانەی کراون و کۆنگرەکان دەبێت شەرعییەتیان پێ بدەن؟!

٣- شەرعییەتی (ئێمە) لە کات و دوای کۆنگرەی (١٠)ی ساڵی ١٩٨٩ی (پارتی)!

١

کاتی خۆی کە لەناو پارتیدا بووین، زۆرجار دەمگوت، کەسانێکمان هەن لە "لووتکە و بنکە"، خۆیان ناوێرن ڕەخنە بگرن و قسە بە سەرکردایەتیی پارتی و پارتی بکەن، بگرە هەموو کات خولیای ئەوەن، چۆن خەڵک و لایەنی تر ناچار بکەن بەو کارە هەڵسن، بەمەش ڕامان دەکێشن بۆ وەڵامدانەوە، هەندێ جار دۆخەکە دەگاتە ئەو ئاستەی کە (دۆ و دۆشاو) تێکەڵ بکرێت. بەدووری نازانم

یەک لە ئامانجەکانی هەڵچوون و داچوونی (چاودێریک)ی (سەرکردایەتی)ی پارتی لە شێواندنی لێدوان و رووداوەکان و بەکارهێنانی هەندێ وشەی (نابەجێ) بۆ ئەوە بێت بکەوینە ئەو داوەوە، وەلێ هەڵسوکەوت و بەروار و ئەزموونی موتەوازیع و ئەخلاقیاتی رێزگرتن لە مێژووی (پارتی) و خودی خۆم، رێگەمان پێ نادات رەفتاری وەها بکەین.

وەکو پرەنسیپ حزب بەگشتی دیاردەیەکی سیاسیی کۆمەڵایەتییە، مەفرووزە لە گردبوونەوەی ئارەزوومەندانەی خەڵکانێک پێک بێت کە پرۆگرامەکەی پەسند بکەن و پابەند بن بەپەیرەوی ناوخۆی و بەو پێیەش کاری بۆ بکەن. وەک هەر دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی زیندوو. حزب، نە لە بۆشایی و نە لە ئەستێرەیەکی تری ئەم کەونە دەژێت، بگرە لە کۆمەڵگەیە و بۆ کۆمەڵگەیە، لە واقیعێکی کراوە و فرەیی و روو لە دیموکراتییەت، ناکرێت بەرنامە و هەڵسوکەوت و چالاکییەکانی لە گشت بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری.. هتد، لە ژوور و دۆسیە داخراوەکاندا قەتیس بکرێت، دوور لە چاو و گوێ و لێکدانەوە و خامەی خەڵک. ئەم رۆڵ و هاوئاهەنگی و تێکەڵبوونە، زیاتر گرینگ و زەقتر دەبێت، ئەگەر هاتوو، حزب بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، سەرقافڵەکێشی یەکەمی بزاڤی میللەتێک بێت و خاوەن چەندان (دەسکەوتی گەورە) و (شکستی کەمەرشکێن) و دەسەڵاتدار بێت، وەک (پارتی دیموکراتی کوردستان)، بۆیە ئەوەی وا تەسەور دەکات، کە ژیان و بڕیار و سیاسەت و کۆنگرەکان و هەڵسوکەوت و رەفتار و هەڵوێستی سەرکرادیەتیی حزبێکی وەها، شتێکی ناوەخۆ و داخراوی تایبەتی خودی حزبە و بۆ هیچ کەس و لایەنێک نییە ورد بێتەوە لێیان و بەدوایاندا بچێت و شەنوکەویان بکات، لە پێش و لە کات و لە پاش کۆنگرەکان، دیارە دوورە لە واقیع و گوزارشتە لە دید و بۆچوونێکی شموولی کۆن و کات بەسەرچوو و هەوڵێکیشە بۆ بچووککردنەوە و تەهمیشکردنی خودی حزبەکە و لێرەدا مەبەستم بەتەحدید (پارتی)یە.

هۆ و هۆکار زۆرن بۆ پسپۆڕان و ناوەندەکانی تۆژینەوە و چاودێران و

سیاسەتوانان.. هتد، لە دەرەوەی حزبەکان لە دۆخ و بەرنامە و سیاسەت و پێوەندی و ژیانی ناوخۆی حزب و هەڵسوکەوتی کادیران و ئەندامانی سەرکردایەتییەکانیان بکۆڵنەوە، لە پێش و لە کات و لە پاش کۆنگرەکانیان، شیمانە و مەزەندەکانیشیان لێ قەدەخە ناکرێت، مۆڵەتیش لە سەرکردایەتیی حزب وەرناگرن.

هەرچەندە لێدوانەکەی ئێمە گشتی بوو، ناوی هیچ حزبێکمان نەهێنابوو، وەلێ ئەو (چاودێر)ە، لە بابەتەکەیدا دەیشکێنێتەوە بۆ سەر پارتی، با وابێت، تاکو پێش ئەو بابەتە (تەنیا ئاگامان لەوە بوو کە برایانی یەکێتیی نیشتمانی لە ٦/١ و برایانی پارتیش لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ کۆنگرەی خۆیان دەبەستن)، بۆیە ئەم روونکردنەوە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەو بەڕێزانەیە کە (چاودێر)ەکەیان تەکلیف کردووە، بۆ ئەمەش وەک دەستپێک پێمان باشە ئاماژە بەم سێ خاڵەی خوارەوە بکەین:

١ـ پارتی، یەک لە دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمی کوردستانە. لەگەڵ برایانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) هەرسێ دەسەڵاتەکانی ئەم هەرێمەیان، وەک لیستی زۆرینە، پەنجا بەپەنجا قۆرخ و دابەش کردووە، بەرپرسیارن لە گشت بڕیار و هەڵوێستی چارەنووسسازی گەلەکەمان، نوێنەری کوردن لە بەشەکەی لە دەسەڵاتی ناوەند، بۆ پۆستە سیادییەکانی هەرێمی کوردستان و ناوەند، بەشی شێریان هەیە، تاکو ئێستا جگە لە عێراق، لە ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی نوێنەرایەتیی کورد دەکەن. لە شکست و دەسکەوت تاکو ئێستا بەشی شێریان هەبووە و هەیە، وەکو حزب و هێز، (پارتی)، بێ مونازیع ئیدارە و ئاسایشی هەولێر و دهۆک و چەندان ناوچەی مووسڵیشیان لە ئەستۆیە، تۆ بڵێی کۆنگرە و بەرنامە و بڕیار و ئیجرائات و هەڵوێست و گرفتی حزبێکی وەها بۆ چاودێران و توێژەران و لایەن و شەقامی کوردستانی، بەتایبەتی، مایەی چاودێری و لێکدانەوە و بایەخدانیان نەبێت؟! لە کۆنگرەکاندا، چەند خودی ئەندامانی پارتی، لەمەڕ بەرنامە و بڕیار و ئیستراتیجییەت و تاکتیکی حزبەکەیان

بەرپرسیارن، ئەوەندەش بەرپرسیارن لە ڕەچاوکردنی دۆخ و ویست و خواست و ژیان و چارەنووسی میللەتی کورد و کێشە ڕەواکەی. عەقلێەتی عەزلکردنی پارتی لە خەڵک و چاودێران و پسپۆڕان بەسنووردارکردنی لێکدانەوەکان و قەتیسکردنی بەمۆڵەتی ناوەندیی بڕیاری حزب، بچووککردنەوە و پەراوێزکردنی (پارتی)یە و عەقڵیەتێکی کۆن و باوی نەماوە، بەتایبەتی لەم دۆخەی وڵاتی ئێمە کەوا پێی ناوەتە قۆناخی فرەیی و بزاڤەکەی لە هەوڵی فراوانکردنی ئازادییەکان و چەسپاندنی بنەماکانیەتی، وەک دەستپێکێکی ڕاستەقینەی پێویست لە بنیاتنانی سیستەمێکی دیموکراتی.

٢ـ سەرکردایەتیی پارتی و پارتی، نە لە بۆشاییدا دەژی و نە لە ڕاژان و چیا و دۆڵەکاندان، بگرە لە ناوجەرگەی شارە ملیۆنییەکانی کوردستاندان و هەموو هەڵسوکەوت و بڕیارەکانی، لای لایەنەکان و چاودێران و بنکەی خودی پارتی و خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی، کەم یان زۆر شاراوە نییە، زۆر لەو دیاردانە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ئەمڕۆ و دواڕۆژی ئەو خەڵکەوە هەیە، بۆیە مافی ڕەوای خۆیانە بە زەرەبین ورد ببنەوە لە پارتی (کە جێگەی باسەکەی ئێمەیە) وەک جەمسەرێکی سەرەکی کاریگەری دەسەڵات و یەکێتیی نیشتمانی، وەک جەمسەرەکەی تر هەروەها لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش وەک بەشێک لەو دەسەڵاتە (یاسادانان). چەند پرۆگرام و بڕیار و کۆنگرە هەتاکو سەرکردە و سەرکردایەتیی حزبەکان، بۆ ئەندامانی حزب، تایبەت و گرینگ بێت، ئەوەندەش ڕۆڵ و گرینگی و تایبەتمەندی بۆ شەقامی کوردستانی، لە زۆر ڕووەوە، دوور نییە کەمتر نەبێت.!

٣ـ پارتی لە چوارچێوەی (خاص) دەرچووە، ئەمڕۆ (عام)ە، (بەو مانایەی کە حزبێکی نهێنی نییە و خەباتیش خەباتی ژێر زەوینی نییە..)، بگرە بەهۆی کەڵەکەبوونی میراتی مێژووی بەدەستکەوت و شکستەکانیەوە و پرەنسیپی تەوافقی پەنجا بەپەنجا و گەمەی زۆرینە و کەمینەی حوکمڕانی، خاوەنی

کۆمەڵێک سەروەری و ئیمتیازات و دەسکەوتی مەعنەوی ومادییە، بەگشتی خەرجی ئەو واقیعەی ئێستای پارتی (بە حزب و هێزی ناوخۆ و پێشمەرگە و ئیدارە... هتد) لەسەر داهاتی خەڵکی کوردستان چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، مەزەندە دەکرێت زیاتر لە ٢٠٪ی بودجەی فەرمیی هەرێمی کوردستان بێت. مافی ڕەوای خەڵکی کوردستان و گشت ئەوانەی کە خەمخۆری ئەم میللەتەن بە ئاگا بن لە سیاسەت و بڕیار و هەڵسوکەوت و ناوەندەکان و سەرکردەکانی ئەم حزبە وەک یەک لە جەمسەرە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی هەرێم نەک لە دوای کۆنگرەکانی بگرە لە پێش و لە کاتیشیاندا.

لەبەر ئەم هۆیانە و چەندان هۆ و هۆکاری تر، جەختکردنی (چاودێرێک)ی (سەرکردایەتی)ی پارتی، لەسەر ئەوەی کە "قسەکردن سەبارەت بە کۆنگرە و بابەت و بەرنامەکانی وردەکارییەکانی مەسەلەگەلێکی زۆر تایبەتن بە حزب و ئەوەی حزب ڕێگە نەدات بەبڵاوکردنەوەیان، هیچ شتێکی تریان قابیل نین بۆ گفتوگۆی ئاشکرا و کراوە تەنانەت لەلایەن ئەندامانی حزب خۆیشییەوە، جا چ جای لەلایەن خەڵکانی دەرەوەی حزب.."! گوزارشتێکی ترە لە لۆجیک و بیری شموولی بەسەرچوودا.

٢

سەرکردایەتیی پارتی لە ڕێگەی (چاودێر)ەکەیانەوە لە ئێمە دەپرسن: "ئەو ناشەرعییەتانە کە دەبێت کۆنگرە شەرعییەتیان پێی بدات چین..؟".

پێشەکی جارێکی تر سەرنجی خوێنەرانی هۆشمەند ڕادەکێشم بۆ ئەو رستەیە کە لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی: "بە گشتی پێم وانییە ئەم کۆنگرانە گرفتە بنەڕەتییەکانی ناو ڕێکخستنی حزبەکان چارەسەر بکەن بەڵکو وەک تەقلید بریتی دەبن لە شەرعییەتدان بە ناشەرعییەتی ئەو ئیجرائاتەی کراوە، ئەوەی پێوەندیی هەیە بە ڕەوت و باڵباڵێنەوە دۆخەکە بە کۆنگرە ناگۆڕێت.... شەرعییەتیش دەدرێت بەستافێکی

تازه، کـه ٨٠٪ی لەلایەن جـەمـاوەری حـزب و خـەڵکی شـارەزا زانراوە و چاوەڕوان کراوە..). ئەو (چاودێر)ە تەنیا (شـەرعییـەتدان بە ناشـەرعییـەت) قـۆزراوەتەوە و چەند جـار دووپاتـی کردووەتـەوە و، لەوەش گـرینگتـر لە ئێـمـە دەپرسێت: "چین ئەو ناشـەرعییـەتانەی کراون..؟!". وەکو بڵـێیت (نازانن)..!، ئەمەیە مەبەست، خۆیان نایڵێن، وەلێ خـەڵکی تر ڕادەکێشن بۆ ئەوەی باسیان بکات.

دڵنیام هـەر خـوێنەرێکی هۆشیار ئەگەر لە سیاقی ریپۆرتاجەکەی ڕۆژنامەی (ڕۆژنامـە) ورد بێتـەوە لە ناوەڕۆکی قسـەکانی ئێمـە کە لەو ڕستەی سـەرەوەدا هـاتـووە، تێ دەگـات کـە بە ڕوونی وەڵامـی پرسـیـارەکـەمـان داوەتـەوە، واتە "شـەرعییـەتدان بە بڕیار و ئیـجرائاتی" بەدەر لە دەسـتووری حزب وەلێ (لغاية في نفس يعقوب) لێدوانەکەمان دەشێوێنن و یەخەمان دەگرن.

مـەبەست لە (بڕیار و ئیـجـرائاتی ناشـەرعی)، ئەوانەن کە سـەرکـردایەتیی حـزبەکـان بـەدەر لە پەیڕەو و پرۆگـرامـی حـزب، وەریان گـرتووە. بەشـبـەحـاڵی خۆمان و دەرهـەق بە پارتی وەک هـەڵوێست، ئەم وتنەی ئێمە شتێکی نوێ نییە، لە کـاتـی خـۆیدا، چ بە داخـراوی لە ئاسـتـی سـەرکـردایەتی و چ بـە باس و تۆژینەوە، بە هـاوکاری و ڕاوێژی چەندان هەڤاڵی دێرینی پارتی و پسـپـۆڕانی ئەو بوارە بەتایبـەتی لە نەوەتەکانی سـەدەی ڕابردوودا، دیکۆمێنت کراوە و لای کادیران و ناوەندەکان و لووتکەی دەسـەڵاتی پارتی، روون و ئاشکرایە، ئەگـەر قسـە و باسـەکانمان لە یاد چوویێتـەوە خۆ تۆژینـەوەکان دەبێت لە ئەرشـیـڤی پارتیدا مابن، جگە لە هـەوڵ و تەقەلای موتەوازیعانەمان تاکو ئەو دەمەی لەناو پارتیدا مـابووین. ئەمـەش پاکانە نییە بۆ بـەرپرسیـارەتیی هـاوبـەشمـان لەمـەڕ ئەو بڕیار و ئیجرائاتـە ناشەرعییانە کە لە پاش کۆنگرەی (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩ تاکو بەهاری ٢٠٠٣ لەلایەن سەرکردایەتیی پارتییەوە وەرگیراون.

بۆ پارتی و هـەر حزبێکی تریش، دیاردەیەکی نامـۆ نییـە کە لە نێوان دوو کۆنگرەیاندا، سەرکردایەتییـەکەی هـەندێ مادەی پرۆگرام و پەیڕەوەکەی وەلاوە نێت یان لە پراکتیکدا و لە ئاستی لووتکە و بنکەی حزب بایەخی پێ نەدرێت،

یان ئیهمال و پیادەی نەکەن، یان ئیجرائات و بڕیاری ناشەرعی وەربگرێت یان دووچاری بێت. چی بێت و چەند بێت و چۆن بێت، ئەوە کۆنگرەیە کە دەبێت پێیاندا بچێتەوە و چارەسەریان بکات، زۆرجاریش پاساو هەبووە، وەکو دەڵێن (لكل قاعدة استثناء). بەگشتی کێشەکە لەوەدا نییە کە سەرکردایەتیی حزبێک بڕیار و ئیجرائات بەدەر لە دەستووری حزب وەردەگرێت (ناشەرعی) بگرە وەک پرەنسیپ: (چەندن و چۆنن بۆ)یەکانی گرینگە. بە دیوەکەی تردا (استثناء) واریدە وەلێ (استثناء) بکرێت بە(قاعیدە) سەرنجڕاکێشە چونکە بەگشتی ڕێزنەگرتن لە دەستوور و پرۆگرامی حزب و لادانی کەم یان زۆر، کارێکی باش نییە. نموونەی پابەندنەبوون یان وەلاوەنان و لادانی سەرکردایەتیی پارتی لە دەستووری حزبی خۆی لە پاش کۆنگرەی (١٢)ی ١٩٩٩، لە واقیعدا وەک وەڵامی پرسیارەکەیان ناچارین ئاماژە بۆ هەندێکیان بکەین:

١- بڕێک لە مادەکانی پرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩ لە بوارە جیاجیاکان چ هەڵوێست لە ناوەندی بەغدا و باری ژیانی خەڵک و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و کەرتەکانی ئابووری و پیشەسازی و کشتوکاڵ و... هتد، یان کاتیان بەسەرچووە یان وەکو پێویست بایەخیان پێ نەدراوە یان بەپێچەوانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، وەک دەسەڵات (بە تاک و بە جووت) لە پاش کۆنگرەی (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩.

٢- ئەو هەموو گۆڕین و گۆڕانکارییانەی نێوان (١٩٩٩ ـ ٢٠١٠) چ لە هەرێم یان عێراق و دەرەوە تا چەند گونجاوە لەگەڵ پرۆگرامی پارتی (١٩٩٩) بەگشتی..؟

٣- چەند ئیلتیزام کراوە بەماوەی کۆنگرە کە دەبێت(بەلایەنی کەمەوە هەر چوار ساڵ جارێک بێت: بەشی حەوتەم مادەی شازدەم)ی پەیڕەوی کۆنگرەی (١٢) ١٩٩٩؟. ئەوە بۆ ١١ ساڵ دەچێت هێشتا نەبەستراوە. جێگەی پرسیارە، سەرکردایەتیی پارتی لە ماوەی ١١ ساڵدا کۆنگرە نەبەستێت، کەچی عێراق رزگار کرا، دواتر داگیر کرا، دوو حاکمی

ئەمەریکایی حوکمڕان بوون (گارنەر و بریمەر) و گۆڕان، ٣ حکومەتی عێراق گۆڕا و چوارەم بە ڕێگەوەیە، ٣ هەڵبژاردنی گشتیی سەرتاسەری عێراق ئەنجام درا، لە کاتێکدا بەهەموو پێوەرێک ئەم عێراقە بۆ ٦ ساڵ دەچێت و ئێستایشی لەگەڵدا بێت، خاڵی سەرەکیی جەزبی ئیرهابی نێودەوڵەتییە و باری ئەمن و ئاسایش و رەوشی سیاسی و ئابووریی خودی بەغدا و ناوەڕاست و خوارووی عێراق زۆر نائارامە و، ئەو ناوچانە لە زۆر لایەوە، لەنێو شەڕی ناوەخۆ یان حاڵەتی شەڕی ناوەخۆدا دەتلێتەوە، ئەو ڕەوشە لە زۆر ڕووەوە بەراورد ناکرێت لەگەڵ ڕەوشی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی باری ئارامی و تەبایی، لە ئاستی ئیمکانیاتی مادی بەهەموو بەش و کەناڵەکانیانەوە، هیچ کات بەئەندازەی ئەم ١١ساڵە بەگشتی و قۆناخی دوای ٢٠٠٣ بەتایبەتی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان وا باش و لەبار نەبووە.

٤- بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩، تاکو چەند ئیلتیزام کراوە بە بەشی (دووەم)ی واتە چۆنیەتیی وەرگرتنی (پاڵێوراو) و بوون بە (ئەندام) وەک مەرج و ڕاهێنان و پەروەردە، یان مەرجەکانی (کادیر)... هتد؟

٥- چەند ئیلتیزام کراوە بەمادەکانی بەشی (یەکەم)ی ئەو پەیڕەوە، بەتایبەتی هەڵبژاردنی (لێژنەکان) لە خوارەوە بۆ سەرەوە (شانە و شانەی سەرەکی و ڕێکخراو.. هتد)؟

٦- چەند ئیلتیزام کراوە بە (ژمارەی) ئەندامانی لێژنەکانی (ڕێکخراو و ناوچە و لق و مەکتەبەکان) (بەشی سێیەم خاڵی چوارەم و پێنجەم.. هتدی پەیڕەو)؟ چەندیان بەهەڵبژاردن و چەندیان بە تەعین دامەزراون؟. بۆ نموونە لق، پێک دێت لە بەرپرس و جێگرەکەی و لێپرسراوانی ناوچەکان و (٥ ـ ٧) ئەندام بۆ کارگێڕ، ئەو کارگێڕانە لەنێو لێپرسراوانی ناوچەکاندا (ئەندامانی لق) لە نێوان دوو کۆبوونەوەی لقدا هەڵدەبژێردرێن. لقی وا هەیە دوور نییە چەند جار لەو (ژمارە)یە کە دەستووری حزبی دیاری

کردووە زیاتر بێت. هەر هەمان شت لە لێژنەی ناوچە و مەکتەبەکان.

٧- وابزانم دوای ساڵی ٢٠٠٣، ژمارەی لقەکانی پارتی لە ٨ لقەوە بووە ٢٢ لق. بەپێی (بەشی سێیەم خاڵی پێنجەم)ی پەیڕەوی ١٩٩٩، دەبێت لێپرسراوی لق ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی بێت. ئەگەر هەڵە نەبم تەنیا دوو یان سێ لق نەبێت، ئەوە بەرپرسەکانی لقەکانی تر تاکو ئەمڕۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نین.

٨- لە کام مادە و بڕگەی پەیڕەوی ناوخۆی پارتی پلەی (ئەندام یەدەگی مەکتەبی سیاسی) تەسبیت کراوە؟!

٩- سەبارەت بەجێگری سەرۆک، (کاک نێچیرڤان بارزانی) لە ڕاگەیاندنەکانەوە خۆی بەباشی ئاماژەی بەم خاڵە دا.

١٠- کەی دیاردەکانی گەندەڵی و ناعەدالەتی و لایەنە لاوازەکانی تری ناو پارتی لە ئاستی هەندێ بەرپرس و ناوەند، لە مەرجەکانی ئەندام و ژیانی حزبایەتی وەک لەو پەیڕەوەدا ڕیز کراوە دەگونجێت؟ بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە نەک هەر جێگەی نیگەرانیی زۆر لە ئەندام و کادیرانی دڵسۆزی پارتییە، بگرە وەک دیاردەیەکی نێگەتیڤە و بووەتە وێردی سەر زبانی پانتاییەکی فراوانی شەقامی کوردستانی و دەرەوەش.

ئەوە کۆنگرەیە کە شەرعیەت دەدات بە (پرۆگرام و پەیڕەو و بڕیار) و سەرکردایەتیی حزب. بڕیار و ئیجرائاتی سەرکردایەتیی ئەودەم شەرعی دەبێت کە هاوتەریب و هەڵقووڵاو پشتی بەستبێت بە مادە و بڕگەکانی دەستووری حزب، نەک بەپێچەوانەوەیان. بۆیە ئەو بۆچوونانە لەنگ و بێ سەنگن کاتێک کارتەکان تێکەڵ دەکرێن و مافێکی (یاسایی) دەشێوێنێت و (حزب) و (کۆنگرە) لەیەک جودا ناکاتەوە، بڕیارەکانی کۆنگرە و بڕیارەکانی سەرکردایەتیی حزب وەک یەک دەخاتە ڕوو، هەروەک لەم ڕستەیەی ئەو (چاودێرە)دا هاتووە: "شەرعییەتی بڕیارەکانی سەرکردایەتی شەرعییەتیان لە شەرعیەتی حزبەوە وەرگرتووە"!. بێ ئەوەی ئاماژە بکات بەوەی کە تەنیا ئەو

بڕیار و ئیجرائاتانەی سەرکردایەتیی حزب (شەرعی)ن کە لە نێوان دوو کۆنگرەدا تەبا بن لەگەڵ پەیڕەو و پرۆگرامی حزبەکەی. ئەم جۆرە تەنزیرە، "بڕیارەکانی سەرکردایەتیی شەرعییەتیان لە شەرعیەتی حزب وەرگرتووە"، جۆرە گەڕانەوەیەکە بۆ (تسویق)کردنی بیرۆکەی کات بەسەرچووی حزب و سیستەمە شمولییەکان، کاتێک خەڵکیان لە حزبدا چڕ دەکردەوە و حزبیش لە سەرکردایەتییەکەی و سەرکردایەتییەکەشی لە هێما!.

٣

ئەو (چاودێر)ە دەڵێت: "دەپرسین، کاک جەوهەر کە لە ساڵی ١٩٧٩وە پاش کۆنگرەی (٩)ی پارتی دیموکراتی کوردستان تا ١٩٨٩ واتە دە ساڵی ڕەبەق پارتی جێ هێشت و لەو ماوە زۆر هەستیار و ئاڵوزەدا هیچ کارێکی حزبیی نەکرد و دانیشت، پاشان بەر لە کۆنگرەی (١٠) گەڕایەوە و پارتیش ڕێی پێ دا بەشداریی کۆنگرە بکات و لەوێ بووە ئەندامی سەرکردایەتی و بەئەندامی مەکتەبی سیاسیش هەڵبژێردرا، ئاخۆ کۆنگرە شەرعییەتی دا بەناشەرعییەت کە ئەندامێکی لە حزب دەرچووی هێنایەوە و بە ئیرادەی کۆنگرە کردییەوە ئەندامی سەرکردایەتی؟ ".

جێگەی سەرسووڕمانە لەناو (سەرکردایەتی)ی پارتی خەڵکانێک هەبن، بەم جۆرە (چاودێرەکە)ی ئاراستە بکات و خۆی لە بابەتێکی وەها بدات وەک پرس بەرەوڕووی ئێمەی بکات کە جگە لە شێواندنی ڕووداوەکە لە (چاودێرەکە)ی و لە خەڵکیش چیی تری لێ بەدی ناکەین. بەشبەحاڵی خۆم هیچ کات، بە مروئەت و شەهامەتم، نەزانیوە باسی خۆم و خەبات و ڕابردووی خۆم بکەم، ئەگەر چ باسکردنی شتی وا نە لەنگە و نە شەرمە. بەداخەوە بەدرێژاییی خەباتمان لەنێو پارتیدا هەوڵی قرتاندن و شێواندنی هەندێ لایەنی ئەو ماندووبوونە دراوە، ئازادن، وەلێ هیچی بەئەندازەی ئەوە بێ سەنگ نییە کاتێکی بەدەر لە واقیع هەوڵی شێواندنی ڕاستییەکان بدرێت و منەتباریش بکرێیت. بەندە هەردەم قەناعەتی وایە، دەبێت (کار و هەڵوێست و خەباتی

مرۆڤ) خـۆی باسی خـۆی بکات. بەداخـەوە دیسـان (لەناو سـەرکـردایەتی)ی پارتـی لە ڕێگەی (چـاودێر)ەکـەیانەوە ناچـاریان کـردین، بەکـورتی و بە چەند خاڵێک، ئاماژە بۆ قۆناخی (١٩٧٩–١٩٨٩) بکەین، (تەنیا ئەوەندەی پێوەندیی بەباسەکەیانەوە هەبێت):

١ـ زۆر لە ئەندامــان و ســەرکــردایەتیی پارتی و بـەتەحـدید بەڕێز ســەرۆکی پارتی، باش دەزانن بۆچی و لە پای چی لە کۆنگرەی (٩)ی ساڵی ١٩٧٩، لە کۆی گشـتیی ١٥ ئەندامی سـەرکردایەتی، ١٠یان ڕەفزیـان کرد خـۆیان بۆ ســـەرکــردایەتیی پـارتی هەڵبــژێرنەوە، یەک لەوانە بەندە بـوو. زۆر لە ئامـادەبووانی ئەو کـۆنگرەیە لە یادیانـە کە چەند ڕۆژێک کـۆنگرەکـە لەبەر ئەو هەڵوێستە وەستا.

٢ـ یەکێک لە بڕیـارەکانی کۆنگرەی ٩ تایبـەت بوو بەو ١٠ کەسـە و باوەڕ ناکەم زاکیـرەی ئەوانەی لە پشت ئەم پـرسـەن، ئەوەندە لاواز بێت ئەو بـڕیارەیانە لە یاد چووبێت کە ئەمەش دەقەکەیەتی: "ان القيادة المؤقتة قد طورت نضال وقيادة الحزب و ثورة ٢٦ أيار الوطنية التقدمية، وقادتها حتى أنعقاد المؤتمر التـاسع للحزب، فـأستـحقت التـقدير على ذلك وأن بعض اعضـاء (القـيادة المؤقتة) قد رأوا أنه ليس من المصلحة تجديد ترشيح أنفسهم الى القيادة في المؤتمر، وقـرروا عـدم تحـمل المسـؤليـات القـيـادية وأن يواصلوا النضـال كأعضـاء في حزبنا و يضعوا كامل أمكانياتهم بكل أخلاص تحت تصرف اللجنة المركزية للحزب عامة، والرفيق المناضل رئيس الحزب خاصـة، لينفذوا أي مهمة نضـالية تناط بهم بكل أخلاص ونكران ذات" بەڵگەنامەی (القرارت السياسية والبلاغ الختامي للمؤتمر التاسع للحزب الديمقراطي الكردستاني المنعقد في تشرين الثاني ١٩٧٩، لاپەڕە (٣٤ ـ ٣٦).

٣– سـاڵی ١٩٨٠ لەو ١٠ ئەندامـە، ٧یان (پارتی گەل)یان دامـەزراند. هەوڵێکی زۆریان لەگـەڵمـادا، چ لەبەر ئەو (ئیلتـیـزام)ە و، چ لەبـەر هەلومـەرجی ئەو سـەردەمـە و شـێوە و شـێوازی چۆنیـەتیی دامـەزراندنی ئەو حـزبە، دید و هەڵوێسـتی تایبەتی خـۆم، پێش ئەو هەنگاوە، کە زۆر لەو ئەندامـە بەڕێزانە

بەئاگان لێی، بەشدار نەبووین.

٤- لە نێوان (١٩٨٠ - ١٩٨٨)، کە ئەو (چاودێر)ە: "بە(١٠) ساڵی ڕەبەق لە دابڕانی ئێمەی دادەنێت"، پێوەندیی دۆستانەمان لەگەڵ برایانی سەرکردایەتی و پارتی بەگشتی و لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی پارتی بەتایبەتی نۆرماڵ بوو. لەو ماوەدا دووجار لەسەر داخوازیی جەنابی سەرۆکی پارتی، سەردانی (ڕاژان)مان کرد، یەکەمیان لە ناوەڕاستی هەشتاکان و دووەمیان لە ساڵی ١٩٨٩، لە دەرەوەش چەند جار یەکترمان بینیبوو. کە ساڵی ١٩٨٩ سەردانی (ڕاژان)مان کرد. میوانی جەنابی سەرۆکی پارتی بووین. نە بەنیاز و نە بەناوی کۆنگرەوە ڕۆیشتبووم و هەر نەشماندەزانی پارتی کۆنگرە دەبەستێت. لە (ڕاژان) زانیم نیازی کۆنگرەیان هەیە. ئەگەر بمزانیایە کۆنگرەکە وا نزیکە بەتەئکید سەفەرەکەم دوا دەخست. هەڵوێست و رامان، پێش و لە کات و لە پاش کۆنگرەی (١٠)ی ساڵی ١٩٨٩، مەتروکە بۆ جەنابی سەرۆکی پارتی و کاک هۆشیار زێباری.(....)

٥- بەهەرحاڵ تۆ بڵێی بڕیاری کۆنگرەی (٩)ی پارتی ١٩٧٩ی ئاماژە بۆکراو، دەرهەق بەئێمە و بەشداربوونمان لە کۆنگرەی (١٠)ی ١٩٨٩ شەرعی نەبێت..؟! خۆ(جدلا) ئەگەر شەرعییش نەبێت بڕیار و بەرنامەی کۆنگرەکە (شەرعییە) و بەمەش شەرعییەتی داوە بەو (ناشەرعییە)!.

٦- تانەی ئەوەمان لێ دەدەن کە لە زرووفێکی هەستیار و ئاڵۆز پارتیمان جێ هێڵاوە (١٩٨٠-١٩٨٨). نازانم قۆناخی دوای (ئاداری ١٩٧٥ - ١٩٨٠) و قۆناخی دوای (١٩٨٨) واتە دوای ئەنفال و هەڵەبجەی شەهید، کە بەقەناعەتی ئێمە (نسکۆیەک بوو، بە بەراوردکردنی قەوارە و زیانە گیانی و ماددییەکانی، ئەگەر لە نسکۆی ١٩٧٥ گەورەتر نەبێت لەو کەمتر نەبووە)، ئێژین ئەو قۆناخە هەستیارو سەخت و ناهەموارتر بوو یان قۆناخی (١٩٨٠- ١٩٨٨)؟! بەشبەحاڵی خۆم، خوازیاری هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی قۆناغی (١٩٨٠ - ١٩٨٨) نیم و ئامادەیش نیم بەراوردی قۆناخەکان بکەم و دەستپێشخەریش نابم. قرتاندنی لایەنێکی ئەو

قۆناخانە خوێندنەوەی ڕووداوەکان بەو شێوەیە دروست و باش نییە و مێژووش چەواشە ناکرێت و تەنیا بەهێزەکان ناینووسنەوە.

٧ـ ئەو (چاودێر)ە لە ڕستەیەکی بابەتەکەیدا دەڵێت: "کەواتە کە کاک جەوهەر گومان دەخاتە سەر شەرعییەتی ناو پارتی باشتر وایە بۆ ڕاستگۆیی و سەلماندنی ئەوەی پارتی ناشەرعییەتی تێدایە، لە خودی خۆیەوە دەست پێ بکات و شەرعییەتی پلە و پایە حزبی و ڕەسمییەکانی بخاتە ژێر پرسیارەوە)!.

پێشەکی سەرنجی خوێنەرانی بەڕێز ڕادەکێشم کە چۆن ئەم (چاودێرە) بۆ جارێکی تریش، هەوڵی شێواندنی ناوەڕۆکی لێدوانەکەی ئێمەی داوە بەوەی گوایە ئێمە (گومان)مان خستووەتە سەر (شەرعییەتی ناو پارتی) یان وتوومانە (پارتی ناشەرعییەتی تێدایە). ئەمەش نە لە دوور و نە لە نزیک لە لێدوانەکەی ئێمەدا نەهاتووە. ئێمە وتوومانە و دەیڵێینەوە: کۆنگرە "شەرعییەت دەدات بەناشەرعییەتی ئەو ئیجرائاتانەی کراوە"، مەبەستیش وەکو باسمان کرد لە سەرەوە ئەو ئیجرائات و بڕیارانەن کە بەدەرن لە دەستووری حزب. لەو لێدوانەی ئێمە باس لە ناشەرعییەتی ناو حزبەکان نەکراوە و ناوی پارتیشمان نەهێناوە.

لەگەڵ ئەو هەموو تێکەڵ و پێکەڵەی ئەو (چاودێر)ە داوامان لێ دەکات و دەڵێت: "با کاک جەوهەر لە خودی خۆیەوە دەست پێ بکات و شەرعییەتی پلە و پایە حزبی و ڕەسمییەکانی بخاتە ژێر پرسیارەوە! ". باشە با وابێت بەندە لەمێژەوە دەستی پێ کردووە وەلێ دروست و مەنتیقیترە ئەگەر هاتوو هەر هەموومان واتە بەندە وەک ئەندامێکی سەرکردایەتیی پێشووی پارتی و ئەوانەی کە تاکو ئێستا لە ئاستی سەرکردایەتین وەک ئەو (چاودێرەیان) خوازیاریەتی: ئەوە عەرز و ئەوە گەز، با هەموومان لە خۆمانەوە دەستی پێ بکەین: چیمان کردووە و چی دەکەین، چیمان هەبوو و چیمان هەیە، چیمان ویست و چیمان دەوێت، چیمان شەرعییە و چیمان ناشەرعی!

لە دوای بەهاری ٢٠٠٣، بۆ ٧ ساڵ دەچێت چەندین بابەت و دیداری

ڕۆژنامـــەوانـی و ڕادیۆیی و تـەلەڤـزیۆنیـــمـــان ئەنجــام داوە، ڕوونکردنەوە و هەڵسەنگاندن و ڕەخنـەکانمان لە (سیسـتەم)ە، جا سیستـەمی حزبی بێت یان ئیـداری، نـەک تاک. هەردەم وتوومـانـە: ئەگـەر دروست بین (دوو پاداشـتـمـان هەیە) ئەگەر دروست نەبـین (یەک) و (سبحانـە من لا یخطی)، ناهـەقیشـمان لە سەرکرادیەتیی پارتی نەکردووە و ناکەین، ئـەگەر لەناو سەرکردایەتیی پارتیدا ناهەقی لە پارتی نەکرێت، کەس ناتوانێت ناهـەقی لەگەڵدا بکات، کەموکورتی و لادان لە شـەرعییەتی دەستووری حزب و گەندەڵی، پێشـەکی سـەرکردایەتیی حزب لێی بـەرپرسیارە. شـەرعییەتی و ناشەرعییـەتی ئیجرائات و بـڕیارەکانی سـەرکـردایەتیی هەر حـزبێک لە کـۆنگرەکـانی حـزبدا چارەسـەر دەکـرێت، بـاسکردنی لادان و کـــەمـــوکـــورتـی ناو هـەر حـــزبێک و مـــەزەندەکـــردنـی بەرەنجامەکان، لە پێش و لە کات و لە پاش کۆنگرە، سـەندنەوەی ئیـرادە نییە لە حزبەکان.

هـەڵوێســـتــــمـــان پێش و پاش کـــۆنگرەی (٩ و ١٠ و١١ و ١٢) چ لـە پلـە حـزبییـەکـانماندا یان وەکـو سـەرۆکی پەرلەمـان، بە ئێـستـایشـەوە روونە نە خـۆمـانمان پێ هـەڵکێشـاوە و نە هـەڵدەکـێشـین و نە منەتیش بەسـەر کـەسـدا دەکـەین و نە منەتی کـەسـیـشـمـان قـەبووڵە و نە سـڵـمـان لە تەحـەمـوولی بەرپرسیارەتی کردووە و نە سڵیش دەکەین و نە ناهـەقیمان لە کەس کردووە و نە ناهـەقیش لە کەس قەبووڵ دەکەین.

بێ سـەنگییە بۆ (چاودێرێک) کە قسەیەکی گشتیی ئێمە دوور لە ناوەڕۆکی خۆی لێک بداتەوە و بیخـاتە سەر پارتـی و ئینجاش هـەوڵی ڕاکێشـان و هـانی لایەنەکانی تریش بدات بۆ ئەو مەبەستە.

٢٠١٠/٥/١٥

## روونکردنەوەیەک بۆ دیمانەکەی د. شێرزاد

بەبۆنەی (٣٤)ەمین ساڵوەگەڕی شۆڕشی گوڵان، (دوکتور شێرزاد نەجار)، لە لاپەڕە (١١- ١٥)ی، ژمارە (٧٨٢) لە ٢٤/ ٥/ ٢٠١٠)ی گۆواری (گوڵان) و لەژێر ناونیشانی " شۆڕشی گوڵان.. لەو ئاگەداریی خۆی بۆ ئەو سەردەمە، تیشکی خستووەتە سەر چەند لایەنێک لە سەرەتاکانی دەستپێک و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی (٢٦ی گوڵانی /١٩٧٦)ی پێشکەوتنخواز. وێڕای دەستخۆشیمان لە نووسەری بەڕێز سەبارەت بەو باسە بەپێزە، دیارە لە داڕشتنی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ئەو قۆناخە، ئاماژەی بەچەند خاڵ و بازنەی ڕووداو و کەسایەتییەکان کردووە کە، لە هەندێ ڕووەوە پاش و پێشی پێوە دیارە یان، نەگونجاوە لەگەڵ خودی بەسەرهاتەکە و هەندێکی تریشی بەو شێوەیە نەبووە کە نووسەر بۆی چووە. ئیدی نازانم ڕەوتی ڕووداوەکان و ئاستی ئاگەداریی نووسەری بەڕێز و مەودای ماوەکە هۆکارە یان پەلەکردنی داڕشتنەوەیەتی؟!

بەپێی بەشداریمان لە چەند لایەنێکی ئەو قۆناخە و ئەو دیکۆمێنتانەی کە لامانە، بەباشم زانی تیشک بخەمە سەر هەندێ لایەنی بابەتەکەی کاکە (د. شێرزاد)، ئەمەش بەهیچ شێوەیەک لە ناوەڕۆک باسەکەی برای بەڕێزمان کەم ناکاتەوە بەپێچەوانەوە دەکرێت بێژین تەواوکەریەتی:

١- لە لاپەڕە (١١)دا، نووسەر دەڵێت: "دەستەبژێرێک لە گەنجە شۆڕشگێڕەکانی کورد ڕووبەڕووی ئەم واقیعە بوونەوە و ڕازی نەبوون ملی بۆ کەچ بکەن. هەر بۆیە لەبارەی بارودۆخە تراجیدییەکانی دوای ڕێککەوتنی ٦ی ئادار دەستیان کردە تێڕوانین و بڕیاریان دا لە خەباتی چەکداری بەردەوام بن، بۆیە بەنهێنی کۆبوونەوەکان دەستی پێ کرد و

کادیره شۆڕشگێڕەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەدەستەواژەیەکی دیاریکراوی بەرخودانەوە پابەند بوون، بەو مەبەستەوە ئەم کادیرانە: (هەردەم لە یاد شەهید ئیدریس بارزانی و سەرۆک مەسعوود بارزانی و شەهید سامی عەبدوڕەحمان و جەوهەر نامیق و محەمەد ڕەزا و عارف تەیفوور) و دەستیان کرد بە مـوداوەلە و لێژنەیەکیان پێک هێنا کە هاوشێوە بوو لەگەڵ سەرکردایەتییەکی نوێ بۆ پارتەکە و بەناوی (سەرکردایەتیی کاتی) ناونرا، ئەم سەرکردایەتییە کاتییە بەشێوەیەک جیدییانە و لە پێناوی بەردەوامبوون لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا هەستان بەجووڵانەوە..".

دەستپێکی بەرخودان و بەگژداچوونەوەی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، لە دوا چرکە ساتەکانی پێش کۆتاییی مانگی ئاداری ١٩٧٥وە دەستی پێ کرد. لە سەرەتای نیسانی ١٩٧٥ و پاش چەند دانیشتن و لێکدانەوەی ڕەوشەکە و پێش ناوەڕاستی مانگی نیسانی ١٩٧٥، دەستەبژێریک لە سەرکردایەتی و کادیرە پێشکەوتوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بارزانی نەمر، وەک (ناوکی = نواە)ی (سەرکردایەتیی کاتی) ئەرکی ڕێکخستنەوە و ئامادەکاری بۆ قۆناخی نوێیان خستە ئەستۆی خۆیان، ئەوە دەستەیە برێتی بوون لە (شەهیدی نەمر کاک ئیدریس بارزانی و جەنابی کاک مەسعوود و بەڕێزان حەمە ڕەزا و عارف تەیفوور و کەریم سنجاری و ئازاد بەرواری و نووسەری ئەم بابەتە). یەکەم دانیشتنی فەرمیی ئەم دەستەیە لەسەر (کانییەکی) دەرەوەی شاری (نەغەدە) ئەنجام درا لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ١٩٧٥، کە جگە لە (شەهیدی نەمر کاکە ئیدریس) هەر (٦)ی ترمان ئامادە بووین. لەو دانیشتنەدا هێڵە سەرەکییەکانی کارکردن و پێوەندییەکان دیاری کرا، هەر دوای ئەوە لە (نەغەدە) دەست کرا بەزنجیرەیەک دانیشتنی هەمەجۆر، زۆرجار بەئامادەبوونی هەردوو شەهیدی نەمر کاکە ئیدریس و کاکە سامی بوو. لەو سەردەمەدا شەهیدی نەمر کاکە ئیدریس سەردانی تارانی کرد، پاش گەڕانەوەی و لە دانیشتنێکی تایبەتی لە ماڵی شەهید کاک



جەوهەر نامیق سالم (١٩)

سامی له (نەغـەدە)، ئاگـەداری کـردین کـه (ساواک) به وردی چاودێریمان دەکات و دەبێت هۆشیار بین (...)، دوای ئەوە ئەو جـۆرە دانیشتنانە چڕ و کەم کرایەوە و دواتر لێژنەیەک بۆ سەرپەرشتیی ئاوارەکان لە نەغەدە دروست کرا شـەهید سامی و چەند ئەندامـێکی دەستـەکـە بەڕێوەیان دەبرد. (دەستـەکە) بەردەوام بوو لە کارەکانی و خۆیان ئامادە دەکرد بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان بە زووترین کات (....).

سـەفـەری بارزانیی نەمر بۆ موعالەجـە و لەسـەر پێشنیازی جـەنابی کاک مـەسـعـوود دەبووایە ددان بەخـۆمـاندا بگرین تاکـو دەگـەڕێتـەوە. و ئەودەم شـەهیدی نەمر کاکـە ئیدریس سـەرپەرشتیی دانیشتنەکانی (دەستـەکەی) دەکرد. لە سـەرەتای پایزی ١٩٧٥ و بەگەڕانـەوەی کاک مـەسـعـوود چووین بۆ (تاران کـەرەج) لە دانیـشتنێکی تایبـەتی (دەستـە) کە لە مـاڵی جـەنابی کاک مەسـعـوود و پاش لێکدانەوەی ڕەوشـەکە (بەکۆنووسێکی فەرمیی ئیمزاکراو لەلایەن ئامادەبووان (کـاک مـەسـعـوود، جـەوهـر نامـیق، حـەمـە ڕەزا، عـارف تەیفوور، کـەریم سنجاری)، (شـەهیـد ئیدریس لای بارزانیی نـەمر بوو، ئازاد بەرواری لـە پارێزگـایەکی تری ئـیـران بـوو پێی نەکـرا ئامـادە بێت)، چـەندان بڕیاری چارەنووسـساز وەرگیرا کـە، دابەش بووبوون لـەسـەر(٣) جـەمسـەری سـەرەکی:

جـەمـسـەری یـەکـەم: گـەڕانـەوە بۆ کـوردسـتـان. بـۆ ئەمـەش بـڕیار درا کـوردسـتـانی عـێـراق بکرێت بەدوو هـەرێم: (١) و (٢). جـادەی هـامـیلتـون سنووریان بێت. هـەر هـەرێمـێک بەپێی هـەلومـەرج و توانای خۆیان هـەیکەلیـەتی ڕێکخستنەکانی داڕژێنێتـەوە و چ بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆی پارتی و چ لـەسـەر هێڵ و بۆڵ، ئامادەسـازی بکرێت بۆ خـەباتی چەکداری (...). بۆ هـەرێمی یەک (بەندە و کـەریم سنجـاری) دانرا و بـۆ هـەرێمی دوو (عـارف تەیفـوور) کـە دەبووایە (شەهید شێرکۆ عەلی و شێخ عەزیز یوسف شەدەڵەیی) لەگەڵیا بن. (حـەمـە ڕەزا)ش بۆ (لق)ی ئەوروپا و (ئازاد بەرواری) جاری لە ئێران بێت بۆ تەنسیق و هـاوکاریی کاک مـەسـعـوود (...). ئەودوو ناوەندە لە کوردستان

(رۆڵی سەرکردایەتیی مەیدانی) دەبینن. (بەندە و کەریم) لە ڕێگەی کوردستانی باکور گەیشتینە جێگەی خۆمان (...). (عارف وحەمە رەزا) لە نەغەدە گیران، بەگرتنی (عارف دامەزراندنی (هەرێمی ٢) تووشی شکست بوو، دواتر چەندان هەوڵ درا وەلێ وەکو پێویست بەباشی سەری نەگرد (...).

جەمسەری دووەم: بەیانێک بەناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان) ئامادە بکرێت تێیدا باس لە هۆکارە سەرەکییەکانی نسکۆ و هێڵە سەرەکییەکانی خەباتی نۆیمان بکات و (بەندە) تەکلیف کرا بەنووسینی ئەو بەیانە. دروشمی بەیانەکەم بە (کوردستان الساحة الحقيقية للنضال.. ناضلي يا جماهيرنا وارفضي واقع النكسة) ڕازاندەوە (....). لە دوا کۆبوونەوەمان بڕیار درا ئەو بەیانە بەناوی (القيادة المؤقتة – سەرکردایەتیی کاتی) پارتی بێت، مێژووی (١٩٧٥/١٢/١٠)مان وەک (سەعاتی سفر) بۆ دانا، بەو پێیە کە دەبێت لەو ڕۆژەدا لە هەردوو هەرێم بڵاو بکرێتەوە. دواخستنی ڕاگەیاندنی و بڵاوکردنەوەی بۆ ئەو مێژووە، بەند بوو بەهەلومەرجی جووڵانەوە و گەیشتنمان بەمەنزلی خۆمان (بەندە و کەریم) بۆ ناوچەکانی بادینان و (عارف و هەردوو هەڤاڵی) بۆ دەوروبەری سەرگەڵوو، دامەزراندنەوەی سەرەتاکانی ڕێکخستنەکانمان هەروەها لە بۆ غافیلکردنی دوژمنانی کورد (....).

جەمسەری سێیەم: سەبارەت بە ڕۆڵ و بەشداری برایانی سەرکردایەتیی پارتی کە مابوونەوە لە ئێران بەتایبەتی ئەندامانی (م. س) و (ل. م)، جەنابی کاک مەسعوود وەکیلمان بێت لەگەڵ شەهید ئیدریسی نەمر بە ڕەچاوکردنی چەند تێبینییەک کە لە کۆنووسی دانیشتنەکەماندا تۆمار کرابو و(...). واتە سەبارەت بەدەستپێک و گەڕانەوەمان بۆ کوردستان و نووسین و ناوەڕۆکی (بەیانی یەکەمی سەرکردایەتیی پارتی) لە غەیری ئەوانەی لە دانیشتنەکانی (کەرەج) نەبێت کەسێکی تر ئاگەدار نەبوو. ئەودەم شەهید (سامی) لە کەرەج بوو، بێ ئاگا بوو لەم کۆبوونەوە، هەروەها لە (بەیان) و بڕیاری گەڕانەوەمان بۆ کوردستان. بە دووری نازانم دواتر جەنابی کاک مەسعوود ئاگەداری کردبووەوە (...).

٢- د. شێرزاد دەڵێت ".. پێوەندییەکان دەستیان پێ کرد و لەگەڵ زۆربەی ڕێکخستنەکانی دەرەوە بەتایبەتی لەگەڵ ئەوروپا، شەهید سامی عەبدوڕەحمان هەڵسوڕێنەری ئەو پێوەندییانە بوو کە لە پێناوی گەڕانەوەی چالاکیی حزبی و پتەوکردنی پێوەندییە حزبییەکان زۆر چالاک بوو، هەر لەو بارەیەوە لە هاوینی ١٩٧٥ سەردانی (ڤییەننا)ی کرد و ژمارەیەک کۆبوونەوەی لەگەڵ کادیرەکانی ئەو وڵاتە ساز کرد لەوانەش نووسەری ئەم چەند دێرە لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار بوو کە تیایدا بناغە سەرەکییەکان دەستنیشان کرا لەبارەی چونیەتیی کارکردن بۆ داهاتوو هەروەها ڕێکخستنی چالاکییەکانی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا)... هتد " (لاپەڕە ١٢).

لە ڕووی مێژووییەوە، شەهید سامی هاوینی ١٩٧٥ لە ئێران بوو (کەرەج). زستانی ١٩٧٥ سەفەری کرد بۆ لەندەن. وەک پەناهەندەیەکی سیاسی لەوێ جێگر بوو، بەرپرسیاریەتیی ئەوروپا وەک ئەندامێکی (سەرکردایەتیی پارتی) لە ئەستۆی بوو. دواتر لەگەڵ (خوالێخۆشبوو نووری شاوەیس ١٩٧٦و جەنابی کاک عەلی عەبدوڵڵا ١٩٧٧) کە یەک لە دوای یەک گەیشتنە لەندەن و بەڕێزان (حەمە ڕەزا و عارف تەیفوور لە مانگی ئادار ١٩٧٦ لە گرتیگەی (ئەوین) ئازاد کران و لە مانگی ١٩٧٦/٥ گەیشتنە نەمسا)، ئەو (٥) بەڕێزانە (بوونە بنکەیەکی سەرکردایەتیی کاتی) لە ئەوروپا.

گومان نییە (شەهید سامی)، لە قۆناخی دوای نسکۆ ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو بەگشتی و لە بووژاندنەوەی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەوروپا و دروستکردنی پێوەندییەکان بەتایبەتی، وەلێ (شەهید سامی) لە هاوینی ١٩٧٥ سەردانی (ڤییەننا)ی نەکردبوو، هەر وەکو لە نووسینەکەی کاک د. شێرزاد هاتووە، بگرە ئەو دەمە لە ئێران بوو، دوور نییە ئەو سەردانە لە بەهاری ١٩٧٦ بێت.

٣- کاک د. شێرازد دەڵێت " لە مانگی حوزەیرانی ١٩٧٥دا لیژنەی ڕێکخستنی دەرەوە هەستان بەدەرکردنی بەیاننامەیەکی گرینگ کە تیایدا

گرینگترین ئەو فاکتەرانەی کە بوونە هۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول باس کرد و لەگەڵ بانگهێشتنکردن بۆ یەکگرتن و چالاکیی زیاتر لە پێناوی بەزاندنی ئەوە بارەی کە بەسەر گەلی کورد و شۆڕشەکەیدا سەپێندرابوو...". لاپەڕە (١٢). سەبارەت بەو بەیانە:

* بەیانەکە بەناوی (سەرکردایەتیی لقی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوە = قیادة فرع الحزب الديمقراطي الكوردستاني) بوو.
* لە مانگی حوزەیران ١٩٧٥ دەرنەچوو بگرە لە (٢٦/ تەمووزی/١٩٧٥) بوو.
* ئەو بەیانە گوزارشت بوو لە واقیعی دوای نسکۆ و بانگهێشتنی ئەندامان و هەوادارانی پارتی لە دەرەوە بوو، بۆ یەکخستنەوەی تواناکان و ڕێکخستنەوەی ریزەکانیان. هەڵسەنگاندنەکانی باری شۆرش و پارتی، بەرەنجامی زنجیرەیەک باس و لێکدانەوەی دانیشتنی بەرپرسان و کادیران و ئەندامانی دوای نسکۆ بوو، کە ئەرکی (چۆکدادان بەو نسکۆیە) لە سەرەوەی ئەجندایان بوو (....).

٤- هەر لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێت:" هاوکات پێوەندیی نێوان سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی نەمساوی دەستی پێ کرد کە بە سەرۆکایەتیی ڕاوێژکار (برونۆ کرایسکی) بوو...".

ڕاوێژکار (برونۆ کرایسکی) سەرۆکی پارتی سۆشیال دیموکراتی نەمسا بوو، نەک (پارتی کۆمۆنیست)ی نەمسا.

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە، پێوەندییەکانی نێوان (پارتی دیموکراتی کوردستان) و زۆرێک لە پارتە کۆمونیست و چەپ و لیبراڵەکان بەگشتی، یان نەما بوو یان زۆر باش نەبوو، هۆکارەکانیش زۆر بوون لەوانە: پێوەندییەکانی سەرکردایەتیی شۆرشی ئەیلوول، لەگەڵ رژێمی شای ئێران و ئەمەریکا و ئیسرائیل، (کە خودی ئەمریکاییەکان و ئیسرائیلییەکان هەر دوای نسکۆی، ١٩٧٥پەردەیان لەسەر زۆر لایەنی لادابوو) لەلایەکەوە، و پاڵەپەستۆ و پروپاگەندەی رژێمی بەعسی فاشی دژ بەکورد و شۆڕشەکەی و هەڵوێستی

سۆڤیەت و بلۆکی شەرقی بەگشتی لە رژێمی بەغدا و پاڵپەستۆی لەسەر لایەنە سیاسییەکان بازنەکانیان لەلایەکی ترەوە (....)، ئەمانە و هۆکار تریش، مەهانەیەک بوو بۆ ئەو دابڕانە (...). بۆیە نوێکردنەوە و دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ ئەو لایەن و رێکخراوە چەپ و لیبرالآنە لە ئەوروپا و لەگەڵ باڵەکانی بزاڤی رزگاریخوازی گەلان، کاتی دەویست و ئەوەندەیش ئاسان نەبوو. (شەهید سامی) و برایانی تر لە دەرەوەی کوردستان رۆڵێکی گرنگیان بینی لەم بارەیەوە. پێوەندیی بەڕێز (مەسعوود بارزانی) لەگەڵ بزاڤی رزگاریخوازی فەلەستین (فتح) و شەخسی خوالێخۆشبوو (یاسر عەرەفات) و دەستپێشخەری کرانەوەی ئەوان و هەندێ لە باڵەکانی تری ئەو بزاڤە بەرامبەر بە (پارتی) و لایەنە کوردییەکانی تر بەگشتی کاریگەرییەکی گرینکی هەبوو بۆ خاوکردنەوەی هەڵوێستە نێگەتیڤەکان (...).

٥- لە لاپەڕە (١٢-١٣)دا نووسەر دەڵێت " دەستەبژێرێک لەم نەوە نوێیە کە بەهزری شۆڕشگێرانە دەوڵەمەند بوون و جاروبار دەوڵەمەند بەهزری رادیکالی نیزیک بەهزرەکانی (گیڤارا) و (ترۆتسکی)، هەر لە هزری (بوون وجوودییەت) تاکو ئایدیالیزمی و یۆتۆپیانیزمییەت، رووبەرووی بارەکە بوونەوە و بە بوێرانە و ئەمانەت و دڵسوزانە ئەو بەرپرسیارەتییەیان لە ئەستۆ گرت..."

دوای نسکۆ وەک (سەرکردایەتیی کاتی) لە رووی بیروباوەڕ و شیرازەی رێکخستن و دروشم و ئامانج پابەند بووین بە پرۆگرام و پەیڕەوی (کۆنگرەی ٨ی پارتی) تاکو ئەو ئەندازەیە کە لەبار بوو بۆ رەوشی دوای نسکۆ. ئەمەش بە وردی و بەجیدی لە ئاستی (سەرکردایەتیی کاتی) و ناوەندەکانی رێکخستنەکانمان لە ناوەوە و لە دەرەوە، کاری بۆ دەکرا و لە راپۆرتی سەرکردایەتیی کاتی بۆ کۆنفرانسی ئابی ١٩٧٦ (طريق الحركة)دا بە زەقی جێگیر بووبوو و لە کۆنگرەی (٩) ساڵی ١٩٨٩ی پارتی، پەسند کرا و لە پرۆگرامەکەیدا تەسبیت کرا: (يسير الحزب في نضالة السياسي والاجتماعي والاقتصادي على ضد النظرية الماركسية اللينينية، ويقوم بتثقيف وتسليح كوادرة

ومنتسبية مركزيا بها، كما ويستفيد من تجارب الشعب الكوردي، وتراث البارزاني الفكري، ومن تجارب حركات التحرر الوطني في العالم.) بۆیە لەناو پارتیدا (سەرکردایەتی و کادیر و ئەندامانی)، لەو سەردەمەدا، بیروباوەڕی (تروتسکی) و (هزری بوون = وجوودییەت.. هتد) هەروەکو (کاکە شێرزاد ئاماژەی بۆ کردووە)، بەفەرمی بوونی نەبووە و دوور نییە کەسانێک هەبن بۆ خۆیان لایەنگیری ئەوە دید و بۆچوونانە بن (....). واتە بۆ لێکدانەوە و خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هێڵەکانی ڕێکخستن و هۆشیاریی حزبی و جەماوەری، (سەرکردایەتیی کاتی) پشتبەست بوو بە بنەما و چوارچێوەی، مادەی (٥)ی پرۆگرامی کۆنگرەی (٨)ی پارتی، وەک هێڵی سەرەکیی بنەمای فیکری، دوور لە توندڕەوی و دەمارگیریی ئایدیۆلۆجی (...)، بە دیدی بەندە جەختکردنی سەرکردایەتیی کاتی لەسەر هوشیارکردنەوە و پەروەردەکردنی شانە چەکدارەکانی پێشمەرگە و ئەندامان و کادیران بەو بیروباوەڕ و بایەخدان بەو لایەنانە، یەک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی هەڵسانەوە و زاڵبوونمان بوو بەسەر نسکۆ و شاڵاوی دوژمنانمان (....).

٦- کاکە (شێرزاد لە لاپەڕە (١٣)دا دەڵێت "... بەو شێوەیە، تیشکە سەرەتاییەکانی شۆڕشی گوڵان دەستی بە دەرکەوتن کرد و سەرەڕای هەموو مەترسی و سەرکەشییەکان و وێڕای ستەمداریی ڕژێمەکان لە ٢٦ی گوڵانی ١٩٧٦ یەکەمین پریشکی شۆڕشەکە هەڵگیرسا، ئەویش لە ڕێگەی ئەنجامدانی ژمارەیەک لە ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە دژی بنکە سەربازییەکان کە لە هەمان ئەو کاتانەدا شەهید (سامی عەبدوڕەحمان) لەو بارەیەوە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە (لەندەن) ئەو باسەی ڕاگەیاند کە بەشێوەیەکی مەیدانی ڕابەرایەتیی شۆڕشەکەی کرد لە ناوەوەی کوردستان سەرەڕای کەموکوڕی لە ئیمکانییەتەکان.. هتد"

(شۆڕشی ٢٦ی گوڵانی ١٩٧٦)، لە هەرێمی یەکەوە ڕاگەیەندرا، بەیانی ڕاگەیاندنی (بەندە) نووسیویەتی و لەگەڵ (کەریم سنجاری) ئەودەم تەنیا دوو ئەندامی (مەیدانی سەرکردایەتی) بووین لە کوردستان لە گەڵ ژمارەیەکی

کادیری ڕێکخستن و پێشمەرگەی قاڵبووی خەبات و بەئەمەک و لەخۆبردوو کە بەئەندازەی چیا سەرکەشەکانی کوردستان مەردایەتی و پیاوەتییان لێ دەباری. لە دوای مانگی تشرینی دووەم ١٩٧٦، (کەریم)، بۆ موعالەجە گەیشتە لەندەن، تاکو هاوینی ١٩٧٧ (تەنیا ئەندامی سەرکردایەتیی مەیدانی بووم) کە جگە لە سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستن و ئامادەکردنی شانە و مەفرزە سەرەتایەکانی پێشمەرگایەتی و بەسەرکردنەوەیان لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی یەک، هەم ڕاگەیاندنی پارتی لە کوردستان (بەیانەکان و دووبارە دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی خەبات لە ژمارە (٥٢٦) وە و، بەتایپێکی بچووک و ئامێرێکی ڕۆنیۆوە دەردەکران) و، هەروەها نامە و نامیلکەی ڕۆشنبیری بۆ ڕێکخستنەکان)یش، هەم (پێوەندییەکانی پارتی لەگەڵ حزب و کەسایەتییەکانی کوردستانی تورکیا و سووریا و برایانی کوردی لبنان و لایەنە عێراقیەکان لە سووریا)یشمان لە ئەستۆ بوو، بە هاتنی (کاک عارف وریا)، وەک دوو ئەندامی سەرکردایەتی بۆ سووریا لە پایزی ١٩٧٦، ئەرکی پێوەندییەکانی سووریا و لبنان بە گشتی سووک و لە کۆڵ بووەوە. لە سەرەتای هاوینی ١٩٧٧ کاک (عەبدوڕەحمان پێداوی وەک ئەندامێکی سەرکردایەتی) لەگەڵ چەند کادیرێکی تر لە دەرەوەی وڵات گەیشتنە لامان، دواتر لە سەرەتای زستانی ١٩٧٧ شەهید (سامی) و (وریا و ئازا و ئازا خەفاف و ئازاد بەرواری)یش گەیشتن، بە گەیشتنی (شەهید سامی) ١٩٧٧ کێشەی سەرەکیی ڕاگەیاندنی خستە ئەستۆی خۆی (...).

چالاکییەکان مانگی چەند جار بەنهێنی بۆ چوار (ناوەند)مان دەنارد: بۆ (جەنابی کاک مەسعوود)، بۆ (شەهید ئیدریسی نەمر لە (ئێران)، بۆ لەندەن (شەهید سامی) و بۆ ڤیەننا (حەمە ڕەزا و عارف) هەریەک لەو (٣) ناوەندەش لە ڕێگەی خۆیانەوە هەمان چالاکییان دەنارد بۆ (جەنابی کاک مەسعود) کە زۆر جار لە حەرەکەتدا بوو لە نێوان ئەمەریکا وئەوروپادا (....).

وردەکارییەکانی ڕاگەیاندن و دەستپێکی شۆڕشی گولان بە (جفرە) و بەدەم لە ڕێگەی کادیرێکی متمانە پێکراوی خۆمانەوە کە دەبووایە بگاتە لەندەن،

گەیاندییە شەهیدی هەردەم لە یاد کاک سامی و هەڤاڵانی لە لەندەن. هەر زوو لە کـۆنگرەیەکی رۆژنامـەوانیـدا لـە لەندەن (شـەهیـد سـامی) ئەو هـەواڵانەی راگەیاند زۆرێک لە ئاژانسەکانی جیهان ئاماژەیان پێ دا (...).

شـەهیـدی هـەردەم لە یاد (کـاک سـامی) رۆڵێکی گـرینگی هەبوو لەمـەڕ چالاکـیـەکـانی رێکخـسـتنەوەی پارتی لە دوای نسکۆی ١٩٧٥ و سـەرەتای ١٩٧٦ هـەروەها لـە ئامـادەکارییـان بۆ کۆنگرەی خـوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و دواتـر کـۆنفـراسـی پـارتـی لـە ئابـی ١٩٧٦، سـەرەرای نوێکـردنـەوە و دروسـتکردنی پێوەندییەکان لەگـەڵ حزب و رێکخـراوە ئەوروپاییـەکان وەلێ (شەهیدی نەمر) سەرکردایەتیی (مەیدانی) شۆڕشی گوڵانی نەکردووە چونکە، (شـەهید نەمر) هەر وەکو لـە سەرەوە باسـمان کرد، لە کۆتاییی پایزی ساڵی ١٩٧٧ گەیشتە لامان لە کوردستان.

بۆیە ئەوەی لە نووسینەکەی کاک (د. شێرزاد) هاتووە کە " لە ٢٦ی گوڵانی ١٩٧٦ یەکەمین پریشکی شۆڕشـەکە هەڵگیرسا.... کە لە هەمان ئەو کاتانەدا شەهید (سامی عەبدوڕەحمان) لەو بارەیەوە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە (لەندەن) ئەو باسـەی راگـەیاند کـە بەشـێـوەیەکی مـەیدانی ڕابەرایەتیی شـۆڕشـەکـەی کـرد لە ناوەوەی کـوردسـتـان سـەرەڕای کـەمـوکـووڕی لە ئیمکانییەتەکان.. هتد"، سەبارەت بەوەی کە شـەهید سامی بەشێوەیەکی مەیدانی ڕابەرایەتیی شۆڕشەکەی کردووە پێویستی بەراستکردنەوە هەیە.

(شەهید سامی هەردەم لە یاد) لە کۆنگرەی (٩)ی پارتی لە ساڵی ١٩٧٩ بە ئەمانەت و ڕاستگۆیانە کە باسی گەڕانەوەی خۆی کرد بۆ ناو شۆڕش ساڵی ١٩٧٧ فەرمووی: (ئێمە گەڕاینەوە سەر ماڵێکی حازر و ئاوەدان..).

ئاماژەکردن بۆ ئەم لایەنە تەنیا لە رووی مێژووەیە بە هیچ شێوەیەک لە رۆڵ و تێکۆشـانی شـەهیـدی هەردەم لە یادمـان (کـاکـە سـامی) کـەم ناکـاتەوە بەپێچەوانەوە (ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیرانی پارتی لە کوردستان) وەک ئەندامێکی سەرکردایەتی حیسابی (برا گەورەیان) بۆ شەهیدی نەمر دەکرد (...).

٧- لەمەڕ کۆنفراسی ئابی/١٩٧٦ نووسەر دەڵێت " لەناو سەرکردایەتیشدا کۆمەڵێک خەباتگێڕ دەنگیان پێ درا لەوانە سەرۆک مەسعوود بارزانی، شەهیدی هەردەم زیندوو ئیدریس بارزانی، شەهید سامی عەبدوڕەحمان، جەوهەر نامیق، محەمەد رەزا، عارف تەیفوور، وریا سەعاتی، فازیڵ جەلال، عەبدوڕەحمان پێداوی، دوکتور کەمال کەرکووکی. ئینجا بۆ لقی ئەورووپای پارتیش محەمەد رەزای تێکۆشەر هەڵبژێردرا تاکو بەرپرسیاریەتیی لقەکە لە بەرلینی رۆئاوا بۆ ڤیەننا بگوازێتەوە.. هتد" (لاپەڕە ١٥)

لە کۆنفرانسی ئابی ١٩٧٦، کە لە (بەرلین) بەسترا، بنەمای دەسنیشانکردنی سەرکردایەتی و هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلوول و هۆکارەکانی نسکۆ و کاری داهاتوومان، زیاتر پشتبەست بوو بە دانیشتنەکانی (ناوکی = نواە)ی سەرکردایەتیی کاتی (نەغەدە و کەرەج) بە تایبەتی و بە هێڵە سەرەکییەکانی (بەیانی یەکەمی سەرکردایەتیی کاتی ساڵی ١٩٧٥) و، بەیانی راگەیاندنی شۆڕشی ٢٦ی گوڵان. تاکو ئەودەم ئەندامانی سەرکردایەتی بە سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر (شەهید ئیدریس، کاک مەسعوود و شەهید سامی، خوالێخۆشبوو نووری شاوەیس، عەلی عەبدوڵڵا، جەوهەر نامیق، حەمە رەزا، عارف تەیفوور، کەریم سنجاری و ئازاد بەرواری) بوون، لە کۆنفراس تەنیا پێشنیازی (عەبدوڕەحمان پێداوی، وریا رەئووف ساعاتی، ئازا خەفاف، کەمال کەرکووکی و دڵشاد میرانی) کرابوو کە وەک ئەندامی سەرکردایەتی لە کۆنفراس هەڵبژێردرێن، بە مەرجێک دەبێت بگەڕێنەوە بۆ کوردستان (...).

(عەبدوڕەحمان پێداویو وریا رەئووف و ئازا خەفاف) لە نێوان هاوین و زستانی ١٩٧٧ گەیشتنە لامان وەک ئەندامانی سەرکردایەتیی کاتی، (کەمال) کە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٦ لە ئێرانەوە لەگەڵ چەند کادیرێکی لێهاتووی پێشمەرگایەتی بەچەند وەجبەیەک گەیشتنە ناوچەکانی (هەرێمی ٢)، ئەودەم وەکو کادیر تەنیا (شێخ عەزیز شەدەڵەیی) چالاکیی هەبوو، بە گەیشتنی

(کەمال) و ئەو دەستەیە ڕێکخستنەکانی پارتی لەو ناوچانە بوژانەوە و پەرەی سەند، لە کۆتاییی ساڵی ١٩٧٦ (کەمال) حەرەکەتی کرد بەرەو سووریا، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ لە تورکیا لەگەڵ شەهید عەبدوڕەحمان ساڵح گیران (...)، پاش هەوڵێکی یەکجار زۆر، لە سەرەتای ١٩٧٨دادگە تەسلیمی (سووریا)یانی کرد و پاشان گەڕانەوە لامان لە هەرێمی یەک، بۆیە (کەمال) بەدەر بوو لە مەرجی گەڕانەوە بۆ کوردستان. ژمارەی ئەندامانی سەرکردایەتیی کاتی کە لە پێش کۆنفرانسی ئابی ١٩٧٦ (١١) کەس بوون دوای کۆنفرانس و گەڕانەوەی ئەو هەڤاڵانە بوونە (١٥) کەس.

جارێکی تریش دەستخۆشی لە برای خۆشەویستم کاکە (د. شێرزاد) دەکەین بۆ باسە بەپێزەکەی و دەرفەتیکیش بوو بۆ ئەوەی هەندێ لایەنی باسەکەی دەوڵەمەند بکەین، بە ئومێدی ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا هەندێ وردتر و فراوانتر، سەرەتاکانی قۆناخی دوای نسکۆی ١٩٧٥ و هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵان و ڕۆڵی پێشمەرگە و کادیران و تێکوشەرانی ئەو سەردمە باس کەین.

سڵاو لە گیانی پاکی گشت شەهیدانی کورد و کوردستان.

یادی گوڵان بەخێر.

٢٠١٠/٥/٢٦

## بەڵێ "شەرعیەتدانەوەیە بە ناشەرعیەت"

رۆژنامەی (هەولێر)، بەناوی (چاودێرێک)ەوە، لە ژمارە (٧٨٠) لە ٢٠١٠/٥/١٣دا، بابەتێکی لەژێر ناونیشانی (شەرعیەتدانەوە بە ناشەرعیەت ئەو پرسیارانەی رووبەڕووی (جەوهەر نامیق سالم دەبنەوە) بڵاو کردووەتەوە. بابەتەکەی (چاودێرێک)، هەڵچوونێکە، لەمەڕ لێدوانێکی تەلەفۆنی کورتی یەک رستەییمان، بۆ رۆژنامەی (رۆژنامە) کە لە ژمارە (٥٨١)ی رۆژی ٢٠١٠/٥/١١ بڵاو کراوەتەوە، کە بەرەنجامی پرسیارێکی رۆژنامەنووسی لاو (دلێر عەبدولخالق) بوو لە ئێمە و چەند برایەکی تری (پسپۆڕ و بەرپرسی پارتی و یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵ). وەک وەڵام، ئەمەش دەقی رستەکەمانە: «بەگشتی پێم وانییە ئەم کۆنگرانە گرفتە بنەڕەتییەکانی ناو رێکخستنی حزبەکان چارەسەر بکەن بگرە وەک تەقلید برێتی دەبن لە شەرعیەتدان بە ناشەرعیەتی ئەو ئیجرائاتانەی کە کراون، ئەوەی پێوەندیی هەیە بە رەوت و باڵباڵێنەوە دۆخەکە بە کۆنگرە ناگۆڕێ..... شەرعیەتیش دەدرێت بە ستافێکی تازە، کە ٨٠٪ی لەلایەن جەماوەری حزب و خەڵکی شارەزا، چاوەڕوان کراوە..». لە یەک دوو پەرەگرافی ریپۆرتاجەکەی، رۆژنامەی (رۆژنامە)دا دەستەواژەی (شەرعیەتدان بە ناشەرعیەت) دووپات کراوەتەوە و وەک مانشێتی دووەمیش، لە لاپەڕە یەکی رۆژنامەکەدا دابەزیوە، نکووڵی لە لێدوانەکەی خۆمان ناکەین، مانشێت و ئاماژەکردن بە لێدوانیش، زیاتر بەندە بەخودی رۆژنامەنووس و رۆژنامەکەوە.

هەرچەندە ورووژاندن و لێکدانەوە و ئەو هەڵچوون و داچوونەی (چاودێرێک)، ئەوەندە ناهێنێ لەسەری راوەستین و شایەنی ئەوە نییە وەڵام بدرێتەوە وەلێ، لەبەرئەوەی رۆژنامەی (هەولێر) رۆژنامەیەکی رۆژانەی پارتی

دیموكراتی كوردستانه و ئەو ( چاودێر)ە چاوی ئەوانە و دیارە بەمەبەست، ناوەڕۆكی لێدوانەكەمانی شێواندووە، ئاماژەكردنێكی چەواشەكاریان بە كۆنگرەی (١٠)ی ساڵی ١٩٨٩ كردووە، چ بە ئاگا یان لە بێ ئاگایی، تەوقیتكردنی بڵاوكردنەوەی بابەتی وا لەگەڵ سەرەتای دەستپێكی تەسعیدی هەڵمەتی ڕاگەیاندن و گرژیی دۆخەكە، وای لێ كردین كە بڵێین (ئەم ماستە بێ موو نییە) و بێدەنگ نەبین لێی و ئەم ڕوونكردنەوەمان لە ٢٠١٠/٥/١٥ ئامادە كردبوو. بڵاوكردنەوەكەی هەندێ دواكەوت، هۆكارەكەش دەگەڕێتەوە بۆ ویست و خاتری خاترداران و گرژیی نێوان ڕاگەیاندنەكانی سەر بە (پارتی) و ( گۆڕان) و هەندێ میدیای (ئەهلی). ڕوونكردنەوەكەمان برێتییە لە سێ خاڵی سەرەكیی ناو بابەتەكەی ئەو ( چاودێر)ە:

١- ئاخۆ باس و لێكدانەوە و ڕەخنە و مەزەندەكردنی شیمانەكان لە ناوەوە و دەرەوەی حزب لە (پێش و لە كات و لە پاش)ی كۆنگرەی هەر حزبێک، لەلایەن خەڵكانی پسپۆڕ و سیاسەتوان و چاودێری سیاسی و میدیاكان.. هتد، قەدەخەیە یان بەندە بە مۆڵەت وەرگرتن یان مۆڵەتدانی سەركردایەتیی ئەو حزبانە؟

٢- مەبەستمان چییە لە (شەرعیەتدان بە ناشەرعیەت) و ئەو ناشەرعیەتانەی كراون و كۆنگرەكان دەبێت شەرعیەتیان پێ بدەن؟!

٣- شەرعیەتی (ئێمە) لە كات و دوای كۆنگرەی (١٠)ی ساڵی ١٩٨٩ی (پارتی).

## ١

كاتی خۆی كە لەناو پارتیدا بووین، زۆرجار دەمگوت، كەسانێكمان هەن لە "لووتكە و بنكە"، خۆیان ناوێرن ڕەخنە بگرن و قسە بە سەركردایەتیی پارتی و پارتی بكەن، بگرە بەردەوام خولیای ئەوەن، چۆن خەڵک و لایەنی تر ناچار بكەن بەو كارە هەڵسن، بەمەش ڕامان دەكێشن بۆ وەڵامدانەوە، هەندێ جار دۆخەكە دەگاتە ئەو ئاستەی كە (دۆ و دۆشاو) تێكەڵ بكرێ. بەدووری نازانم

یەک لە ئامانجەکانی هەڵچوون و داچوونی (چاودێرێک)ی (سەرکردایەتی)ی پارتی لە شێواندنی لێدوان و ڕووداوەکان و بەکارهێنانی هەندێ وشەی (نابەجێ) بۆ ئەوە بێت بکەوینە ئەو داوەوە، وەلێ هەڵسوکەوت و مێژوو و ئەزموونی موتەوازیع و ئەخلاقیاتی ڕێزگرتن لە مێژووی (پارتی) و خودی خۆم، ڕێگەمان پێ نادات ڕەفتاری وەها بکەین.

وەکو پرەنسیپ حزب بەگشتی دیاردەیەکی سیاسیی کۆمەلاّیەتییە، مەفرووزە لە گردبوونەوەی ئارەزوومەندانەی خەڵکانێک پێک بێت کە پرۆگرامەکەی پەسند بکەن و پابەند بن بە پەیڕەوی ناوەخۆی و بەو پێیەش کاری بۆ بکەن. وەک هەر دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەلاّیەتیی زیندوو. حزب، نە لە بۆشاییی و نە لە ئەستێرەیەکی تری ئەم کەونە دەژێت، بگرە لە کۆمەڵگەیە و بۆ کۆمەڵگەیە، لە واقیعێکی کراوە و فرەیی و ڕوو لە دیموکراتییەت، ناکرێت بەرنامە و هەڵسوکەوت و چالاکییەکانی لە گشت بوارەکانی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری.. هتد، لە ژوور و دۆسیە داخراوەکاندا قەتیس بکرێت، دوور لە چاو و گوێ و لێکدانەوە و خامەی خەڵک. ئەم ڕۆڵ و هاوئاهەنگی و تێکەڵبوونە، زیاتر گرینگ و زەقتر دەبێت، ئەگەر هاتو، حزب بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، سەرقافڵەکێشی یەکەمی بزاڤی میللەتێک بێت و خاوەن چەندان (دەسکەوتی گەورە) و (شکستی کەمەرشکێن) و دەسەلاّتدار بێت، وەک (پارتی دیموکراتی کوردستان)، بۆیە ئەوەی وا تەسەور دەکات، کە ژیان و بڕیار و سیاسەت و کۆنگرەکان و هەڵسوکەوت و ڕەفتار و هەڵوێستی سەرکردایەتیی حزبێکی وەها، شتێکی ناوەخۆ و داخراوی تایبەتی خودی حزبە و بۆ هیچ کەس و لایەنێک نییە ورد بێتەوە لێیان و بەدوایاندا بچێت و شەنوکەویان بکات، لە پێش و لە کات و لە پاش کۆنگرەکان، دیارە دوورە لە واقیع و گوزارشتە لە دید و بۆچوونێکی شموولی کۆن و کاتبەسەرچوو و هەوڵێکیشە بۆ بچووککردنەوە و تەهمیشکردنی خودی حزبەکە و لێرەدا مەبەستم بە تەحدید (پارتی)یە.

هۆ و هۆکار زۆرن بۆ پسپۆڕان و ناوەندەکانی تۆژینەوە و چاودێران و

سیاسەتوانان.. هتد، لە دەرەوەی حزبەکان لە دۆخ و بەرنامە و سیاسەت و پێوەندی و ژیانی ناوخۆی حزب و هەڵسوکەوتی کادیران و ئەندامانی سەرکردایەتییەکانیان بکۆڵنەوە، لە پێش و لە کات و لە پاش کۆنگرەکانیان، شیمانە و مەزەندەکانیشیان لێ قەدەغە ناکرێ، مۆڵەتیش لە سەرکردایەتیی حزب وەرناگرن.

هەرچەندە لێدوانەکەی ئێمە گشتی بوو، ناوی هیچ حزبێکمان نەهێنابوو، وەلێ ئەو (چاودێر)ە، لە بابەتەکەیدا دەیشکێنێتەوە بۆ سەر پارتی، با وابێت، تاکو پێش ئەو بابەتە (تەنیا ئاگامان لەوە بوو کە برایانی یەکێتیی نیشتمانی لە ٦/١ و برایانی پارتیش لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ کۆنگرەی خۆیان دەبەستن)، بۆیە ئەم روونکردنەوە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەو بەڕێزانەیە کە (چاودێر)ەکەیان تەکلیف کردووە، بۆ ئەمەش وەک دەستپێک پێمان باشە ئاماژە بەم ٣ خاڵەی خوارەوە بکەین:

١ـ پارتی، یەک لە دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمی کوردستانە. لەگەڵ برایانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) هەرسێ دەسەڵاتەکانی ئەم هەرێمەیان، وەک لیستی زۆرینە، پەنجا بە پەنجا قۆرخ و دابەش کردووە، بەرپرسیارن لە گشت بڕیار و هەڵوێستی چارەنووسسازی گەلەکەمان، نوێنەری کوردن لە بەشەکەی لە دەسەڵاتی ناوەند، بۆ پۆستە سیادییەکانی هەرێمی کوردستان و ناوەند، بەشی شێریان هەیە، تاکو ئێستا جگە لە عێراق، لە ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی نوێنەرایەتیی کورد دەکەن. لە شکست و دەسکەوت تاکو ئێستا بەشی شێریان هەبووە و هەیە، وەکو حزب و هێز، (پارتی)، بێ مونازیع ئیدارە و ئاسایشی هەولێر و دهۆک و چەندان ناوچەی مووسڵیشیان لە ئەستۆیە، تۆ بڵێی کۆنگرە و بەرنامە و بڕیار و ئیجرائات و هەڵوێست و گرفتی حزبێکی وەها بۆ چاودێران و توێژەران و لایەن و شەقامی کوردستانی، بەتایبەتی، مایەی چاودێری و لێکدانەوە و بایەخدانیان نەبێت؟! لە کۆنگرەکاندا، چەند خودی ئەندامانی پارتی، لەمەڕ بەرنامە و بڕیار و ئیستراتیجیەت و تاکتیکی حزبەکەیان بەرپرسیارن،

ئەوەندەش بەرپرسـیـارن لە ڕەچاوكـردنی دۆخ و ویست و خـواست و ژیان و چارەنووسی میللەتی كورد و كێشە ڕەواكەی. عەقڵیەتی عەزلكردنی پارتی لە خـەڵك و چاودێران و پسـپـۆڕان بەسنووردارکـردنی لێكدانـەوەكـان و قـەتیـسكردنی بە مـۆڵەتی ناوەندی بڕیاری حـزب، بچـووككردنەوە و پەڕاوێزكردنی (پارتی)یە و عەقڵیـەتێكی كۆن و باوی نەماوە، بەتایبـەتی لەم دۆخـەی وڵاتی ئێـمە كـەوا پێی ناوەتە قـۆناخی فـرەیی و بزاڤـەكـەی لە هەوڵی فراوانكردنی ئازادییەكان و چەسپاندنی بنەماكانیەتی، وەک دەستپێكێكی ڕاستەقینەی پێویست لە بنیاتنانی سیستەمێكی دیموكراتی.

٢ـ سـەركـردایەتیی پارتی و پارتـی، نە لە بۆشـاییـدا دەژی و نە لە ڕاژان و چیا و دۆڵەكاندان، بگرە لە ناوجەرگەی شـارە ملیۆنیـەكانی كوردسـتاندان و هەموو هەڵسوكەوت و بڕیارەكانی، لای لایەنەكان و چاودێران و بنكەی خودی پارتی و خـەڵكی كوردسـتان، بە تایبـەتی، كەم یان زۆر شـاراوە نییـە، زۆر لەو دیاردانە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ئەمڕۆ و دواڕۆژی ئەو خەڵكەوە هەیە، بۆیە مـافی ڕەوای خـۆیانە بە زەڕەبین ورد ببنەوە لە پارتی (كـە جێگەی باسـەكەی ئێـمـەیە) وەک جـەمـسـەرێكی سـەرەكی كـاریگەری دەسـەڵات و یەكـێـتـیی نیشتمانی، وەک جەمسـەرەكەی تر هـەروەها لایەنەكانی ئۆپۆزیسیۆنیش وەک بەشێک لەو دەسـەڵاتە (یاسـادانان). چەند پرۆگرام و بڕیار و كۆنگرە هەتاكو سـەركردە و سەركردایەتیی حزبەكان، بۆ ئەندامـانی حزب، تایبـەت و گرینگ بێت، ئەوەندەش ڕۆڵ و گرینگی و تایبەتمەندی بۆ شەقامی كوردستانی، لە زۆر ڕووەوە، دوور نییە كەمتر نەبێت.

٣ـ پارتی لە چوارچێوەی (خاص) دەرچووە، ئەمڕۆ (عام)ە، (بەو مانایەی كە حزبێكی نـهێنی نییـە و خـەباتیش خـەباتی ژێر زەوینی نییـە..)، بگرە بەهۆی كەڵەكەبوونی میراتی مێژووی بە دەستكەوت و شكستەكانیەوە و پرەنسیپی تەوافوقی پەنجا بە پەنجا و گەمـەی زۆرینە و كەمینەی حوكمڕانی، خاوەنی كۆمەڵێک سـەروەری و ئیمتیازات و دەسكەوتی مەعنەوی و مـادییـە، بەگشـتی خەرجی ئەو واقیعەی ئێسـتای پارتی ( بە حزب و هێزی ناوەخۆ و پێشمـەرگە

و ئیداره... هتد) لەسەر داهاتی خەڵکی کوردستان چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، مەزەندە دەکرێت زیاتر لە ٢٠٪ی بودجەی فەرمیی هەرێمی کوردستان بێت. مافی ڕەوای خەڵکی کوردستان و گشت ئەوانەی کە خەمخۆری ئەم میللەتەن بە ئاگابن لە سیاسەت و بڕیار و هەڵسوکەوت و ناوەندەکان و سەرکردەکانی ئەم حزبە وەک یەک لە جەمسەرە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی هەرێم نەک لە دوای کۆنگرەکانی بگرە لە پێش و لە کاتیشیاندا.

لەبەر ئەم هۆیانە و چەندان هۆ و هۆکاری تر، جەختکردنی (چاودێرێک)ی (سەرکردایەتی)ی پارتی، لەسەر ئەوەی کە "قسەکردن سەبارەت بە کۆنگرە و بابەت و بەرنامەکانی وردەکارییەکانی مەسەلەگەلێکی زۆر تایبەتن بە حزب و ئەوەی حزب ڕێگە نەدات بە بڵاوکردنەوەیان، هیچ شتێکی تریان قابیل نین بۆ گفتوگۆی ئاشکرا و کراوە تەنانەت لەلایەن ئەندامانی حزب خۆیشییەوە، جا چ جای لەلایەن خەڵکانی دەرەوەی حزب.." ! گوزارشتێکی ترە لە لۆجیک و بیری شموولی بەسەرچوودا.

٢

سەرکردایەتیی پارتی لە ڕێگەی (چاودێر)ەکەیانەوە لە ئێمە دەپرسن: "ئەو ناشەرعیەتانە کە دەبێت کۆنگرە شەرعیەتیان پێی بدا چین..؟".

پێشەکی جارێکی تر سەرنجی خوێنەرانی هۆشمەند ڕادەکێشم بۆ ئەو ڕستەیە کە لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) بڵاو کراوەتەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی: "بە گشتی پێم وانییە ئەم کۆنگرانە گرفتە بنەڕەتییەکانی ناو ڕێکخستنی حزبەکان چارەسەر بکەن بگرە وەک تەقلید بریتی دەبن لە شەرعیەتدان بە ناشەرعیەتی ئەو ئیجرائاتەی کراوە، ئەوەی پێوەندیی هەیە بە ڕەوت و باڵباڵێنەوە دۆخەکە بە کۆنگرە ناگۆڕێت، شەرعیەتیش دەدرێت بە ستافێکی تازە، کە ٨٠٪ی لەلایەن جەماوەری حزب و خەڵکی شارەزا زانراوە و چاوەڕوان کراوە..). ئەو (چاودێر)ە تەنیا (شەرعیەتدان بە ناشەرعیەت) قۆزاوەتەوە و چەند جار دووپاتی کردووەتەوە و، لەوەش گرینگتر لە ئێمە دەپرسێت: "چین ئەو



جەوهەر نامیق سالم (٢٠)

ناشـەرعـیـەتانەی کـراون ..؟!". وەکو بلـێـیت ( نـازانن)..!، ئەمـەیە مـەبەست، خۆیان نایلێن، وەلێ خەڵکی تر ڕادەکێشن بۆ ئەوەی باسیان کات.

دڵنیام هەر خـوێنەرێکی هۆشیار ئەگەر لە سیاقی ریپۆرتاجەکەی رۆژنامەی (رۆژنامـە) ورد بێتـەوە لە ناوەڕۆکی قسـەکانی ئێمـە کە لەو رسـتەی سـەرەوەدا هاتووە، تێ دەگـات کـە بـە روونی وەڵامی پرسـیـارەکـەمـان داوەتـەوە، واتە " شەرعیەتدان بە بڕیار و ئیجرائاتی" بەدەر لە دەستووری حزب وەلێ (لغایە فی نفس یعقوب) لێدوانەکەمان دەشێوێنن و یەخەمان دەگرن.

مـەبەست لە (بڕیار و ئیـجـرائاتی ناشـەرعی)، ئەوانەن کە سـەرکـردایەتیی حـزبەکان بـەدەر لە پەیڕەو و پرۆگـرامی حـزب، وەریان گـرتووە. بەشـبـەحـاڵی خۆمان و دەرهەق بە پارتی وەک هەڵوێست، ئەم وتنەی ئێمە شتێکی نوێ نییە، لە کـاتی خـۆیدا، چ بە داخـراوی لە ئاسـتی سـەرکـردایەتی و چ بـە باس و تۆژینەوە، بە هـاوکاری و راوێژی چەندان هەڤـاڵی دێرینی پارتی و پسـپـۆڕانی ئەو بوارە بەتایبـەتی لە نەوەتەکـانی سـەدەی رابردوو، دیکۆمـێنت کراوە و لای کـادیران و ناوەندەکـان و لووتکەی دەسـەڵاتی پارتی، روون و ئاشکرایە، ئەگـەر قسـە و باسـەکـانمان لە یاد چووبێتـەوە خۆ تۆژینەوەکان دەبێت لە ئەرشـیـڤی پارتیدا مابن، جگە لە هەوڵ و تەقەڵای موتەوازیعانەمان تاکو ئەو دەمەی لەناو پارتیدا مـابووین. ئەمـەش پاکانە نییە بۆ بـەرپرسـیـارەتیی هـاوبـەشمـان لەمـەڕ ئەو بڕیار و ئیجرائاتە ناشـەرعیانە کە لە پاش کۆنگرەی (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩ تاکو بەهاری ٢٠٠٣ لەلایەن سەرکردایەتیی پارتییەوە وەرگیراون.

بۆ پارتی و هـەر حـزبێکی تریش، دیاردەیەکی نـامـۆ نیـیـە کە لە نێـوان دوو کۆنگرەیاندا، سـەرکردایەتییـەکەی هەندێ مادەی پرۆگرام و پەیڕەوەکەی وەلاوە نێت یان لـە پراکتیکدا و لە ئاستی لووتکە و بنکەی حزب بایەخی پێ نەدرێ، یان ئیهمال و پیادەی نەکەن، یان ئیجرائات و بڕیاری ناشەرعی وەربگرێت یان دووچاری بێت. چی بێت و چەند بێت و چۆن بێت، ئەوە کـۆنگرەیـە کـە دەبێت پێیـاندا بچێتـەوە و چارەسەریان بکات، زۆرجاریش پاساو هەبووە، وەکو دەڵێن (لکل قاعدة استثناء). بەگشتی کێشەکە لەوەدا نییە کە سەرکردایەتیی حزبێک

بڕیار و ئیجرائات بەدەر لە دەستووری حزب وەردەگرێت (ناشەرعی) بگرە وەک پرەنسیپ: (چەندن و چۆنن بۆ)یەکانی گرینگە. بە دیوەکەی تردا (استثناء) واریدە وەلێ (استثناء) بکرێت بە(قاعیدە) سەرنجڕاکێشە چونکە بەگشتی ڕێزنەگرتن لە دەستوور و پرۆگرامی حزب و لادانی کەم یان زۆر، کارێکی باش نییە. نموونەی پابەندنەبوون یان وەلاوەنان و لادانی سەرکردایەتیی پارتی لە دەستووری حزبی خۆی لە پاش کۆنگرەی (١٢)ی ١٩٩٩، لە واقیعدا وەک وەڵامی پرسیارەکەیان ناچارین ئاماژە بۆ هەندێکیان بکەین:

١ـ بڕێک لە مادەکانی پرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەی (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩ لە بوارە جیاجیاکان چ هەڵوێست لە ناوەندی بەغدا و باری ژیانی خەڵک و عەدالەتیی کۆمەڵایەتی و کەرتەکانی ئابووری و پیشەسازی و کشتوکاڵ... هتد، یان کاتیان بەسەرچووە یان وەکو پێویست بایەخیان پێ نەدراوە یان بەپێچەوانەوە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، وەک دەسەلات (بە تاک و بە جووت) لە پاش کۆنگرەی (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩.

٢ـ ئەو هەموو گۆڕین و گۆڕانکارییانەی نێوان (١٩٩٩ ـ ٢٠١٠) چ لە هەرێم یان عێراق و دەرەوە تا چەند گونجاوە لەگەڵ پرۆگرامی پارتی (١٩٩٩) بەگشتی..؟

٣ـ چەند ئیلتیزام کراوە بە ماوەی کۆنگرە کە دەبێت ( بە لایەنی کەمەوە هەر چوار ساڵ جارێک بێت: بەشی حەوتەم مادەی شازدەم)ی پەیڕەوی کۆنگرەی (١٢) ١٩٩٩؟ . ئەوە بۆ ١١ ساڵ دەچێت هێشتا نەبەستراوە. جێگەی پرسیارە، سەرکردایەتیی پارتی لە ماوەی ١١ ساڵدا کۆنگرە نەبەستێت، کەچی عێراق رزگار کرا، دواتر داگیر کرا، دوو حاکمی ئەمەریکایی حوکمڕان بوون ( گارنەر و بریمەر) و گۆڕان، ٣ حکوومەتی عێراق گۆڕا و چوارەم بە ڕێگەوەیە، ٣ هەڵبژاردنی گشتیی سەرتاسەری عێراق ئەنجام درا، لە کاتێکدا بەهەموو پێوەرێک ئەم عێراقە بۆ ٦ ساڵ دەچێت و ئێستایشی لەگەڵدا بێت، خاڵی سەرەکیی جەزبی ئیرهابی نێودەوڵەتییە و باری ئەمن و ئاسایش و رەوشی سیاسی و ئابووریی

خودی بەغدا و ناوەڕاست و خوارووی عێراق زۆر نائارامە و، ئەو ناوچانە لە زۆر لایەوە، لەنێو شەڕی ناوخۆ یان حاڵەتی شەڕی ناوخۆدا دەتلێتەوە، ئەو رەوشە لە زۆر ڕووەوە بەراورد ناکرێت لەگەڵ رەوشی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی باری ئارامی و تەبایی، لە ئاستی ئیمکانیاتی مادی بەهەموو بەش و کەناڵەکانیانەوە، هیچ کات بە ئەندازەی ئەم ١١ساڵە بەگشتی و قۆناخی دوای ٢٠٠٣ بە تایبەتی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان وا باش و لەبار نەبووە.

٤- بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩، تاکو چەند ئیلتیزام کراوە بە بەشی (دووەم)ی واتە چۆنیەتیی وەرگرتنی (پاڵێوراو) و بوون بە (ئەندام) وەک مەرج و ڕاهێنان و پەروەردە، یان مەرجەکانی (کادیر) ...هتد؟

٥- چەند ئیلتزام کراوە بە مادەکانی بەشی (یەکەم)ی ئەو پەیڕەوە، بەتایبەتی هەڵبژاردنی (لێژنەکان) لە خوارەوە بۆ سەرەوە ( شانە و شانەی سەرەکی و رێکخراو.. هتد)؟

٦- چەند ئیلتیزام کراوە بە (ژمارەی) ئەندامانی لێژنەکانی (رێکخراو و ناوچە و لق و مەکتەبەکان) ( بەشی سێیەم خاڵی چوارەم و پێنجەم .. هتدی پەیڕەو)؟ چەندیان بە هەڵبژاردن و چەندیان بە تەعین دامەزراون؟. بۆ نموونە لق، پێک دێت لە بەرپرس و جێگرەکەی و لێپرسراوانی ناوچەکان و (٥ ـ ٧) ئەندام بۆ کارگێڕ، ئەو کارگێڕانە لەنێو لێپرسراوانی ناوچەکاندا (ئەندامانی لق) لە نێوان دوو کۆبوونەوەی لقدا هەڵدەبژێردرێن. لقی وا هەیە دوور نییە چەند جار لەو (ژمارە)یە کە دەستووری حزبی دیاری کردووە زیاتر بێت. هەر هەمان شت لە لێژنەی ناوچە و مەکتەبەکان.

٧- وابزانم دوای ساڵی ٢٠٠٣، ژمارەی لقەکانی پارتی لە ٨ لقەوە بووە ٢٢ لق. بەپێی (بەشی سێیەم خاڵی پێنجەم)ی پەیڕەوی ١٩٩٩، دەبێت لێپرسراوی لق ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی بێت. ئەگەر هەڵە نەبم تەنیا دوو یان سێ لق نەبێت، ئەوە بەرپرسەکانی لقەکانی تر تاکو ئەمڕۆ ئەندامی کۆمیتەی

ناوەندی نین.

٨ـ لە کـام مـادە و بڕگـەی پەیڕەوی ناوەخـۆی پارتی پلـەی ( ئەندام یـەدەگی مەکتەبی سیاسی) تەسبیت کراوە؟!

٩ـ سـەبارەت بەجـێگری سـەرۆک، (کـاک نێـچـیـرڤـان بـارزانی ) لـە ڕاگەیاندنەکانەوە خۆی بە باشی ئاماژەی بەم خاڵە دا.

١٠ـ کـەی دیاردەکـانی گـەندەڵی و ناعـەدالەتی و لایەنە لاوازەکـانی تری ناو پارتی لە ئاستی هەندێ بەرپرس و ناوەند، لە مەرجەکانی ئەندام و ژیانی حـزبایەتی وەک لەو پەیڕەوەدا ڕێز کـراوە دەگـونجـێت؟ بڵاوبـوونەوەی ئەم پەتایە نەک هەر جـێگەی نیگەرانیی زۆر لە ئەندام و کـادیرانی دڵسـۆزی پارتییـە، بگرە وەک دیاردەیەکی نێگەتیـڤـە و بووەتە وێردی سـەر زبانی پانتاییەکی فراوانی شەقامی کوردستانی و دەرەوەش.

ئەوە کـۆنگرەیە کـە شـەرعیـەت دەدا بە (پرۆگـرام و پەیڕەو و بڕیار) و سـەرکردایەتیی حـزب. بڕیار و ئیـجرائاتی سـەرکردایەتیی ئەودەم شـەرعی دەبێت کـە هـاوتەریب و هەڵقـووڵاو پشـتی بەسـتـبێ بە مـادە و بڕگـەکـانی دەسـتـووری حـزب، نەک بە پێـچـەوانەوەیـان. بۆیە ئەو بۆچوونانە لـەنگ و بێ سـەنگن کاتێک کارتەکان تێکەڵ دەکرێن و مافێکی (یاسایی) دەشێوێنێ و (حـزب) و (کۆنگرە) لەیەک جودا ناکاتەوە، بڕیارەکانی کۆنگرە و بڕیارەکانی سـەرکـردایەتیی حـزب وەک یەک دەخـاتـە ڕوو، هەروەک لەم ڕسـتـەیـەی ئەو (چاودێرە)دا هاتووە: "شەرعیەتی بڕیارەکانی سەرکردایەتی شەرعیەتیان لە شەرعیەتی حزبەوە وەرگرتووە"!. بێ ئەوەی ئاماژە بکات بەوەی کە تەنیا ئەو بڕیار و ئیـجرائاتانەی سـەرکـردایەتیی حـزب (شـەرعی)ن کـە لە نێـوان دوو کۆنگرەدا تەبا بن لەگـەڵ پەیڕەو وپرۆگـرامی حزبەکـەی. ئەم جـۆرە تەنزیرە، "بڕیارەکانی سەرکردایەتی شەرعیەتیان لە شەرعیەتی حزب وەرگرتووە"، جۆرە گەڕانەوەیەکە بۆ (تسـویق)کردنی بیرۆکەی کات بەسـەرچووی حـزب و سیستەمە شمولییەکان، کاتێک خەڵکیان لە حزبدا چڕ دەکردەوە و حزبیش لە سەرکردایەتییەکەی و سەرکردایەتییەکەشی لە هێما!

## ٣

ئەو (چاودێر)ە دەڵێت: "دەپرسین، کاک جەوهەر کە لە ساڵی ١٩٧٩وە پاش کۆنگرەی (٩)ی پارتی دیموکراتی کوردستان تا ١٩٨٩ واتە دە ساڵی رەبەق پارتی جێ هێشت و لەو ماوە زۆر هەستیار و ئاڵوزەدا هیچ کارێکی حزبیی نەکرد و دانیشت، پاشان بەر لە کۆنگرەی (١٠) گەڕایەوە و پارتیش رێی پێ دا بەشداریی کۆنگرە بکات و لەوێ بووە ئەندامی سەرکردایەتی و بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیش هەڵبژێردرا، ئاخۆ کۆنگرە شەرعیەتی دا بە ناشەرعیەت کە ئەندامێکی لە حزب دەرچووی هێنایەوە و بە ئیرادەی کۆنگرە کردیەوە ئەندامی سەرکردایەتی؟ ".

جێگەی سەرسوورمانە لەناو (سەرکردایەتی) پارتی خەڵکانێک هەبن، بەمجۆرە (چاودێرەکە)ی ئاراستە بکات و خۆی لە بابەتێکی وەها بدات وەک پرس بەرەورووی ئێمەی بکات کە جگە لە شێواندنی رووداوەکە لە (چاودێرەکە)ی و لە خەڵکیش چیی تری لێ بەدی ناکەین. بەشبەحاڵی خۆم هیچ کات، بە مروئەت و شەهامەتم، نەزانیوە باسی خۆم و خەبات و رابردووی خۆم بکەم، ئەگەر چ باسکردنی شتی وا نە لەنگە و نە شەرمە. بەداخەوە بەدرێژاییی خەباتمان لەنێو پارتیدا هەوڵی قرتاندن و شێواندنی هەندێ لایەنی ئەو ماندووبوونە دراوە، ئازادن، وەلێ هیچی بە ئەندازەی ئەوە بێ سەنگ نییە کاتێکی بەدەر لە واقیع هەوڵی شێواندنی راستییەکان بدرێ و منەتباریش بکرێیت. بەندە هەردەم قەناعەتی وایە، دەبێت (کار و هەڵوێست و خەباتی مرۆڤ) خۆی باسی خۆی بکات. بەداخەوە دیسان (لەناو سەرکردایەتی)ی پارتی لە رێگەی (چاودێر)ەکەیانەوە ناچاریان کردین، بە کورتی و بە چەند خاڵێک، ئاماژە بۆ قۆناخی ( ١٩٧٩-١٩٨٩) بکەین، (تەنیا ئەوەندەی پێوەندی بە باسەکەیانەوە هەبێت):

١- زۆر لە ئەندامان و سەرکردایەتیی پارتی و بە تەحدید بەڕێز سەرۆکی پارتی، باش دەزانن بۆچی و لە پای چی لە کۆنگرەی (٩)ی ساڵی ١٩٧٩، لە

کۆی گشتیی ١٥ ئەندامی سەرکردایەتی، ١٠یان ڕەفزیان کرد خۆیان بۆ سەرکردایەتیی پارتی هەڵبژێرنەوە، یەک لەوانە بەندە بوو. زۆر لە ئامادەبووانی ئەو کۆنگرەیە لە یادیانە کە چەند ڕۆژێک کۆنگرەکە لەبەر ئەو هەڵوێستە وەستا.

٢ـ یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرەی ٩ تایبەت بوو بەو ١٠ کەسە و باوەڕ ناکەم زاکیرەی ئەوانەی لە پشت ئەم پرسەن، ئەوەندە لاواز بێت ئەو بڕیارەیان لە یاد چووبێت کە ئەمەش دەقەکەیەتی: ((ان القيادة المؤقتة قد طورت نضال وقيادة الحزب و ثورة ٢٦ أيار الوطنية التقدمية، وقادتها حتي أنعقاد المؤتمر التاسع للحزب، فأستحقت التقدير على ذلك و أن بعض أعضا و (القيادة المؤقتة) قد رأوا أنة ليس من المصلحة تجديد ترشيح أنفسهم الى القيادة في المؤتمر، و قرروا عدم تحمل المسؤليات القيادية و أن يواصلوا النضال كأعضا و في حزبنا و يضعوا كامل أمكانياتهم بكل أخلاص تحت تصرف اللجنة المركزية للحزب عامة، و الرفيق المناضل رئيس الحزب خاصة، لينفذوا أي مهمة نضالية تناط بهم بكل أخلاص ونكران ذات)) بەڵگەنامەی (القرارت السياسية والبلاغ الختامي للمؤتمر التاسع للحزب الديمقراطي الكردستاني المنعقد في تشرين الثاني ١٩٧٩، لاپەڕە (٣٤ ـ ٣٦).

٣ـ ساڵی ١٩٨٠ لەو ١٠ ئەندامە، ٧یان (پارتی گەل)یان دامەزراند. هەوڵێکی زۆریان لەگەڵما دا، چ لەبەرئەو (ئیلتیزام)ە و، چ لەبەر هەلومەرجی ئەو سەردەمە و شێوە و شێوازی چۆنیەتیی دامەزراندنی ئەو حزبە، دید و هەڵوێستی تایبەتی خۆم، پێش ئەو هەنگاوە، کە زۆر لەو ئەندامە بەڕێزانە بە ئاگان لێی، بەشدار نەبووین.

٤ـ لەنێوان (١٩٨٠ ـ ١٩٨٨)، کە ئەو (چاودێر)ە: "بە(١٠) ساڵی ڕەبەق لە دابڕانی ئێمەی دادەنێت"، پێوەندیی دۆستانەمان لەگەڵ برایانی سەرکردایەتی و پارتی بەگشتی و لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی پارتی بە تایبەتی نۆرماڵ بوو. لەو ماوەدا دووجار لەسەر داخوازی جەنابی سەرۆکی پارتی، سەردانی (ڕاژان)مان کرد، یەکەمیان لە ناوەڕاستی هەشتاکان و دووەمیان لە ساڵی

١٩٨٩. له دەرەوەش چەند جار یەکترمان بینیبوو. کە ساڵی ١٩٨٩ سەردانی (ڕاژان)مان کرد. میوانی جەنابی سەرۆکی پارتی بووین. نە بەنیاز و نە بەناوی کۆنگرەوە رۆیشتبووم و هەر نەشماندەزانی پارتی کۆنگرە دەبەستێت. لە (ڕاژان) زانیم نیازی کۆنگرەیان هەیە. ئەگەر بمزانایە کۆنگرەکە وا نزیکە بە تەئکید سەفەرەکەم دوا دەخست. هەڵوێست و رامان، پێش و لە کات و لە پاش کۆنگرەی (١٠)ی ساڵی ١٩٨٩، مەتروکە بۆ جەنابی سەرۆکی پارتی و کاک هۆشیار زیباری.(....)

٥ـ بەهەرحاڵ تۆ بڵێی بڕیاری کۆنگرەی (٩)ی پارتی ١٩٧٩ی ئاماژە بۆکراو، دەرهەق بە ئێمە و بەشداربوونمان لە کۆنگرەی (١٠)ی ١٩٨٩ شەرعی نەبێت..؟! خۆ (جدلا) ئەگەر شەرعییش نەبێت بڕیار و بەرنامەی کۆنگرەکە (شەرعییە) و بەمەش شەرعیەتی داوە بەو (ناشەرعییە).

٦ـ تانەی ئەوەمان لێ دەدەن کە لە زرووفێکی هەستیار و ئاڵۆز پارتیمان جێ هێڵاوە (١٩٨٠–١٩٨٨). نازانم قۆناخی دوای (ئاداری ١٩٧٥ ـ ١٩٨٠) و قۆناخی دوای (١٩٨٨) واتە دوای ئەنفال و هەڵەبجەی شەهید، کە بە قەناعەتی ئێمە (نسکۆیەک بوو، بە بەراوردکردنی قەوارە و زیانە گیانی و مادییەکانی، ئەگەر لە نسکۆی ١٩٧٥ گەورەتر نەبێت لەو کەمتر نەبووە)، ئێژین ئەو قۆناخە هەستیار و سەخت و ناهەموارتر بوو یان قۆناخی (١٩٨٠ ـ ١٩٨٨) ؟! بەشبەحاڵی خۆم، خوازیاری هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی قۆناغی (١٩٨٠ ـ ١٩٨٨) نیم و ئامادەش نیم بەراوردی قۆناخەکان بکەم و دەست پێشخەریش نابم. قرتاندنی لایەنێکی ئەو قۆناخانە خوێندنەوەی ڕووداوەکان بەو شێوەیە دروست و باش نییە و مێژووش چەواشە ناکرێت و تەنیا بەهێزەکان ناینووسنەوە.

٧ـ ئەو ( چاودێر)ە لە ڕستەیەکی بابەتەکەیدا دەڵێت:" کەواتە کە کاک جەوهەر گومان دەخاتە سەر شەرعیەتی ناو پارتی باشتر وایە بۆ راستگۆیی و سەلماندنی ئەوەی پارتی ناشەرعیەتی تێدایە، لە خودی خۆیەوە دەست پێ بکا و شەرعیەتی پلە و پایە حزبی و رەسمییەکانی بخاتە ژێر پرسیارەوە".

پێشەکی سەرنجی خوێنەرانی بەڕێز رادەکێشم کە چۆن ئەم (چاودێرە) بۆ جارێکی تریش، هەوڵی شێواندنی ناوەڕۆکی لێدوانەکەی ئێمەی داوە بەوەی گوایە ئێمە (گومان)مان خستووەتە سەر (شەرعیەتی ناو پارتی) یان وتوومانە (پارتی ناشەرعیەتی تێدایە). ئەمەش نە لە دوور و نە لە نزیک لە لێدوانەکەی ئێمەدا نەهاتووە. ئێمە وتوومانە و دەیڵێینەوە: کۆنگرە "شەرعیەت دەدات بە ناشەرعیەتی ئەو ئیجرائاتەی کراوە"، مەبەستیش وەکو باسمان کرد لە سەرەوە ئەو ئیجرائات و بڕیارانەن کە بەدەرن لە دەستووری حزب. لەو لێدوانەی ئێمە باس لە ناشەرعیەتی ناو حزبەکان نەکراوە و ناوی پارتیشمان نەهێناوە.

لەگەڵ ئەو هەموو تێکەڵ و پێکەڵەی ئەو (چاودێر)ە داوامان لێ دەکات و دەڵێت: " با کاک جەوهەر لە خودی خۆیەوە دەست پێ بکات و شەرعیەتی پلە و پایە حزبی و رەسمییەکانی بخاتە ژێر پرسیارەوە. ". باشە با وابێت بەندە لەمێژەوە دەستی پێ کردووە وەلێ دروست و مەنتیقیترە ئەگەر هاتو هەر هەموومان واتە بەندە وەک ئەندامێکی سەرکردایەتیی پێشووی پارتی و ئەوانەی کە تاکو ئێستا لە ئاستی سەرکردایەتین وەک ئەو (چاودێرەیان) خوازیاریەتی: ئەوە عەرز و ئەوە گەز، با هەمووومان لە خۆمانەوە دەستی پێ بکەین: چیمان کردووە و چی دەکەین، چیمان هەبوو و چیمان هەیە، چیمان ویست و چیمان دەوێت، چیمان شەرعییە و چیمان ناشەرعی!

لە دوای بەهاری ٢٠٠٣ بۆ ٧ ساڵ دەچێت چەندان بابەت و دیداری رۆژنامەوانی و رادیۆیی و تەلەڤزیۆنیمان ئەنجام داوە، روونکردنەوە و هەڵسەنگاندن و رەخنەکانمان لە (سیستەم)ە، جا سیستەمی حزبی بێت یان ئیداری، نەک تاک. هەموو کات وتوومانە: ئەگەر دروست بین ( دوو پاداشتمان هەیە) ئەگەر دروست نەبین (یەک) و ( سبحانە من لا یخطی)، ناهەقیشمان لە سەرکردایەتیی پارتی نەکردووە و ناکەین، ئەگەر لەناو سەرکردایەتیی پارتیدا ناهەقی لە پارتی نەکرێت، کەس ناتوانێت ناهەقی لەگەڵدا بکات، کەموکورتی و لادان لە شەرعیەتی دەستووری حزب و گەندەڵی، پێشەکی سەرکرایەتیی حزب

لێی بەرپرسیارە. شەرعیەتی و ناشەرعیەتی ئیجرائات و بڕیارەکانی سەرکردایەتیی هەر حزبێک لە کۆنگرەکانی حزبدا چارەسەر دەکرێت، باسکردنی لادان و کەموکورتیی ناو هەر حزبێک و مەزەندەکردنی بەرەنجامەکان، لە پێش و لە کات و لە پاش کۆنگرە، سەندنەوەی ئیرادە نییە لە حزبەکان.

هەڵوێستمان پێش و پاش کۆنگرەی (٩و ١٠و ١١ و ١٢) چ لە پلە حزبییەکانماندا یان وەکو سەرۆکی پەرلەمان، بە ئێستایشەوە روونە نە خۆمانمان پێ هەڵکێشاوە و نە هەڵدەکێشین و نە منەتیش بەسەر کەسدا دەکەین و نە منەتی کەسیشمان قەبووڵە و نە سڵمان لە تەحەمولی بەرپرسیارەتی کردووە و نە سڵیش دەکەین و نە ناهەقیمان لە کەس کردووە و نە ناهەقیش لە کەس قەبووڵ دەکەین.

بێسەنگییە بۆ (چاودێرێک) کە قسەیەکی گشتیی ئێمە دوور لە ناوەڕۆکی خۆی لێک بداتەوە و بیخاتە سەر پارتی و ئینجاش هەوڵی ڕاکێشان و هانی لایەنەکانی تریش بدا بۆ ئەو مەبەستە.

٢٠١٠/٥/١٥

بەشی دووەم

# دیمانەکان

## دیمانه لەگەڵ کۆواری "نێوەند"

دووشەمە ٢٠١٠/٥/٣

جەوهەر نامیق سالم سیاسەتوانی ناسراوی کورد و سەرۆکی یەکەم پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی ئەم دیمانەیەوە باس لە دواین پێشهاتەکانی ڕەوشی سیاسیی عێراق دەکات و تیشک دەخاتە سەر هەوڵ و هەنگاوەکان بۆ دروستکردنەوەی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق و شێوە و جۆری هاوپەیمانیەتیی کوردیش لەگەڵ پێکهاتە و لیستە براوە عەرەبییەکان دەستنیشان دەکات و پێی وایە شیعەکان زیاتر لە کورد نزیکترن تا سوننە. لە بەشێکی تری دیمانەکەدا جەوهەر نامیق باس لەوە دەکات لە کاتی هەوڵدان بۆ هەر پاشەکشە پێکردنێک بەکورد لە عێراقدا، لە بەرامبەردا پێویستە کورد داوا و داخوازییەکانی لە فیدراڵییەتەوە بۆ کۆنفیدراڵی بەرز بکاتەوە. دواتر سەرۆکی پێشووتری پەرلەمانی کوردستان ڕەشبینیی خۆی بەرامبەر بەچارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و حکوومەتی ناوەندی ڕادەگەیەنێت و پێی وایە شیمانەی زۆر هەیە بۆ پاشگەزبوونەوەی زیاتری عەرەبەکان لە هەمبەر دەستکەوتەکانی گەلی کورد. هەر لە دیمانەکەدا تیشک دەخاتە سەر گەشتە لە دوای یەکەکەی بارزانی و تاڵەبانی بۆ عەرەبستانی سعوودیە و پێی وایە سعوودیە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی ئەمەریکاییدا کار دەکات بۆ هێنانە پێشەوەی جارێکی تری سوننەکان. لە کۆتاییی دیمانەکەشدا جەوهەر نامیق باس لە گرینگیی بەدەستهێنانەوەی پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار دەکات بۆ کورد، بەڵام بەمەرجێک نەبێتە بارگرانی بەسەر کوردەوە و پۆستێکی پرۆتۆکۆڵیش نەبێت.

* بەشێک لە چاودێرانی سیاسی هێما بۆ ئەوە دەکەن ناکۆکییەک هەیە لە نێوان یەکێتی و پارتی لەسەر بەشداریکردنی کورد لە حکوومەتی داهاتووی عێراق. بەبڕوای ئێوە کورد پێویستە هاوپەیمانیی لەگەڵ کام لیست و قەوارەدا پێک بهێنێت؟.

– هەڵبژاردنی پێکەوەژیان و هاوپەیمانیەتی و هاوکاریی (حزب و لایەن) لەگەڵ بەرامبەردا، ئیختیارێکی ئازادانەی رەها نییە، بگرە زیاتر بەندە بە واقیع و ژینگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئیستراتیجییەت و ئەولەویاتی ئەو حزب و لایەنانە. عێراق دەستکردە. لە رۆژی دروستکردنی تاکو ئەمرۆ لە رووی جوگرافیی و نەتەوایەتی و مەزهەبییەوە ناتەبایە، ئەمەش یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی نائارامی و نائاساییی ئەم وڵاتەیە. بەدەر لە مێژووی نزیکەی (٩٠) ساڵی حوکمڕانی نوێنەرانی عەرەبی سوننەی، پڕ لە کارەسات و تراجیدیای جۆراوجۆرە تاکو ئاستی جینۆساید، ئەوە نەخشەی جوگرافیایی و رەگەزی و مەزهەبیی (٣) هەڵبژاردنی گشتیی عێراقی دوای ٢٠٠٣، بە تەحدید ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەم عێراقە نە دەوڵەتی هاووڵاتی بووە و نە دەبێت. کورد لە باشووری کوردستان لایەنگیری کوردە و عەرەبی سوننە بۆ خۆیان و شیعەیش بۆ شیعە.

عەرەبی شیعە کە لە سنووری (٨٠٪ عەرەبی عێراق پێک دێنن)، بەدرێژاییی بوونی لەم ناوچەیە بە گشتی و لە سەرەتای دروستکردنی ئەم عێراقە داتاشراوەدا و تا ٢٠٠٣، دەسەڵاتی نوێنەرانی کەمینەی عەرەبی سوننەی عێراق، بە نەخشە و هاوکاریی داگیرکەرانی بیانی (بەریتانیا و ئەمەریکا) و هاوکاریی وڵاتی عەرەبی سوننە مەزهەب، ئەوەی پێیان کرا و بۆیان لوا، دژ بە شیعەکان، درێغییان نەکرد. لووتکەی ئەو سیاسەتە چەوتە، قۆناغی دەسەڵاتی سەردەمی حوکمڕانی حزبی بەعسی فاشی بە (١٩٦٨–٢٠٠٣) بوو. ئەو غەدرەی کە لەوان کرا مەگەر هەر لە کورد کرابێت.

شیعە وەک پێکهاتە، لە یەکەم فرسەت و هەلی مێژوویی، پشتیان

بەسندووقی دەنگدان و زۆرینەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیان پێک هێنا. کە نەیارانیان هەوڵی لە قاڵبدان و پەراوێزکردنیان دان، بە پاڵپەستۆ و چاندنی دووبەرەکی و توندوتیژی و هێز، بەهەمان شێوە و شێواز وەڵامیان دانەوە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا پردی دانوستاندن و لە بەرچاوگرتنی ڕەوشەکەیان لە دەست نەدا. ئەوان زۆرینەن. دەسەڵاتیان بەدەستە. ناوچە جوگرافیاییەکانیان تەماس نین لەگەڵ کوردستان، تەنیا لە سنووری (قەزای بەدرە و ناحیەی جەسان)هوە نەبێت، ئەو ناوچانەش بە قەزای (تەلەعفەر)یشەوە لووتکەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بەئارەزووی خۆیان و دژ بەدەستووری عێراق دەستیان لێ هەڵگرت و لە سنووری مێژوویی و جوگرافیایی کوردستانیان سڕییەوە و نازانین بۆ؟. هەروەها ئەوە ئەوانن کە لە پێش و پاش ٢٠٠٣، کەم یان زۆر، نزیکی کوردن و، باشتر لە عەرەبی سوننە لە ئێش و ئازاری کورد دەگەن و بەپشتیوانی و هاوکاریی نوێنەرانی هەندێ لایەنی ئەوان چەند مافێکی کورد لە دەستووری هەمیشەییی چەسپاو ئەوەشی ماوە دوور نییە، تاکو ئێستا، بەپشتیوانی و هاوکاریی ئەوان دەستکاری ناکرێت.

سەرەڕای هەر هەموو ئەمانە و شتی تریش، لەدەستدانی چەندان هەلی مێژوویی لەلایەن لووتکەی دەسەڵاتی فەرمیی کورد لە پاش ٢٠٠٣ و هەڵسوکەوتی لەگەڵ داگیرکەری ئەمەریکایی و لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی عێراق بەشیعە و وسوننەیانەوە تاکو ئەو ئاستەی کە خۆی دووچاری ئەوە کردووە کە دەبێت لەگەڵ (ئەو کوتلە پەرلەمانییە بێت کە زۆرینەن). بەپێی بەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ٣/٧، لیستەکانی هەڵبژاردنی شیعە زۆرینەی دەنگەکانیان وەدەست هێناوە. مەزەندەی ئەوەش دەکرێت هەر ئەوان (ئەو فراکسیۆنە پەرلەمانییە پێک بێنن کە زۆرترین ئەندامی دەبێت) و سەرکۆماریش لە پاش دەستپێکردنی خولی نوێی ئەنجوومەن هەر دەبێت تەکلیفی پاڵێوراوی ئەو (کوتلەیە)ی ناو ئەنجوومەن بکات کە زۆرینەیە، هەروەک لە بڕگەی (یەکەمی مادەی ٧٦)ی دەستووردا هاتووە.

چەند شیمانەی یەکگرتنەوەی لیستەکانی هەڵبژاردنی شیعە نزیک و واقیعییە و پێکهاتنی گەورەترین فراکسیۆنی ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی واریدە، ئەوەندە هاوپەیمانیەتیی لیستی ئەلعێراقیە لەگەڵ (٢) لیستەکەی شیعە دوورە، هەروەها بەپێی تەرکیبە و هەڵوێست و بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی (العراقية) و کیانەکانی نێو (العراقية) دەرهەق بە کورد و پرسی کورد و فیدراڵییەت، رێککەوتنی لیستەکانی (کوردستانی و گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ) بە تاک، یا بە کۆمەڵ لەگەڵ (العراقية) دەبێت لە حوکمی مەحاڵ بێت. بۆ کورد ئەو هاوپەیمانییە دروستە کە مافەکانی بەدروستی دەسەلمێنێت. وەک (شەریک) لەگەڵ عەرەبی عێراق کوردیان قەبووڵ بێت. وەک دوو کیانی نەتەوایەتی پێناسەی عێراق بکرێت.... هتد. بەکورتی بوونی کورد لە ناوەند و دەسەڵات و مافەکانی، دەبێ دوور بێت لە هەڵویستی حزبی و میزاجی و گەمەی دیموکراسیی پەرلەمانی و تەرازووی هێز و ئەجیندا یان غەیر خواستی لووتکە. کێشەی نەتەوەییەکە، نوێنەرانی لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوەی عەرەب وەک دوو تەرەفی (شەریک) لەم عێراقە، بە دۆکۆمێنت و زامنکراو بەدەستوور حەسم بکرێت.

* کورد، مالیکی و جەعفەری و عەلاویشی تاقی کردووەتەوە، ئێستاش هەر ئەو سێ کەسایەتییە پاڵێوراوی سەرەکین بۆ گرتنەوە دەستی جڵەوی حوکمڕانی بۆ ماوەی چوار ساڵی تر. دەمەوێت ئەوە بپرسم کورد پێویستی بە چ سیاسەتێکی تازەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی داهاتوو؟

– لە پاش ٢٠٠٣ لووتکەی عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە شەڕی دەسەڵات دەکەن. لووتکەی شیعە لەنێو خۆیاندا شەڕی کورسی دەکەن. عەرەبی سوننە گیرۆدەی ڕابردوون. لووتکەی دەسەڵاتی فەرمیی کوردیش سەرقاڵی ئیمتیازاتی پۆست و بودجەن. شەخسەنتکردنی پرسی کورد لەنێو خۆیدا و لەگەڵ بەرامبەرەکانی لەمپەرە. کێشەی کورد کێشەی حەسمکردنی سنوور و

چەسپاندنی بوونە، وەک خاک و گەل، بەرامبەر بە عەرەب و خاکی عەرەبی عێراق. واتە وەک دوو گەل، دوو کیان، دوو پێکهاتە. بەکورتی تاکو ئێستا ئەم هاوکێشەیە بە لەنگی دەڕوات.

لە پاش ٧/٢٥ و ٣/٧، هەندێ گۆڕان لە ئاستی بەرنامە و بۆچوون بەدی دەکرێت ئەوەیش زیاتر پاڵەپەستۆ ئۆپۆزیسیۆن و پاڵەپەستۆی بنکەکانی حزبی لیستی دەسەڵات و نیگەرانیی شەقامی کوردستانییە. بۆیە ئەو هەڵوێست و سیاسەتە کوردستانییە باشە کە ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانەوە کێشەی بوون و سنوور حەسم بکات، بە بەرنامە و ئەولەویات دیکۆمێنت بکرێت، سەقفی زەمەنیی بەرنامەکە و بەدائیل دیاری بکرێت، لە کاتی پاشەکشێ و خۆدزینەوەی ناوەند بەدائیل پیادە بکرێت. بەنەهاتنە پێشی بەرامبەر، سەقفی داخوازییەکان بەرز بکرێتەوە لە (فیدراڵییەتەوە) بۆ (کۆنفیدراڵییەت)، ئەگەر سووریش بن لە نکووڵی، پەنا بەرن بۆ (ڕاپرسینی کوردستانییەکان لەمەڕ چارەنووسی خۆیان)!.

* بەرەنجامی هەڵبژاردنی ٣/٧، ئەوەی دەرخست کە سوننەکان بە هێزێکی گەورە و پشتیوانییەکی ناوچەییەوە دەیانەوێت بگەڕێنەوە سەر دەسەڵات، لە بەرامبەریشدا شیعەکان کە خاوەنی زۆرینەی کورسییەکانن بەهەردوو هاوپەیمانیەتیی نیشتمانی و دەوڵەتی یاساوە لە هەوڵی یەکگرتندان!، ئەمەش چاودێرانی سیاسیی نیگەران کردووە و هێما بۆ ئەوە دەکەن کە پێ دەچێت جارێکی تر توندوتیژییەکان بگەڕێنەوە بۆ عێراق. پرسیارەکەی من ئەوەیە لە شێیمانەکی ئاوهادا پرۆژەکەی "بایدن" بۆ دابەشکردنی عێراق بەسەر سێ هەرێمدا نابێتە باشترین ڕێگەچارە بۆ عێراق؟.

– وەک لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوو بەیانمان کرد لە واقیعدا عێراق پێک هاتووە لە (٣) کیان. لە ماوەی (٩٠) ساڵی رابردوو هەموو جۆرە سیاسەتێک

بەکـــار هێنرا بۆ تواندنەوەیان ســـەری نەگـــرت. پاش (٢٠٠٣) و لە (٣) هەڵبژاردنی سەرتاسەریی گشتیی عێراق، بە عەمەلی ئەو واقیعە بەزەقتر دەرکەوت. کە چۆن کورد لە ناوچەکانی خۆیدا دەنگی بۆ کورد داوە، شیعەیش لە ناوچە جوگرافیاییەکانی خۆیاندا بۆ خۆیان و (سوننەی عەرەبیش) بۆ سوننەی عەرەب. واتە ئەوە واقیعە و پێش پێشنیازی (بایدن) بوونی هەبووە و دوای ئەویش هەر بەردەوامیـــشـــە، هەرچەندە (بایدن) پاش ئەوەی بووەتە جێگری سەرکۆمار، پاشگەز بووەتەوە لە پێشنیازەکەی خۆی! لیستی عێراقییە و عەلاوی کە زیاتر نوێنەرایەتیی شۆڤێنیزمی عەرەبی عێراق دەکات، بە ڕاشکاوانە تەهدید دەکـــەن یان حکوومـــەت لەوان بێت یان توندوتیـــژی، بەردەوامن لە ئیرهابیی فیکر و ترساندنی شەقامی عێراقی و تەبریرکردنی ئیرهاب!! سەیر لەوەدایە لێیان قەبووڵ دەکرێت!.

* چەندان پرسی هەڵواسراو لە نێوان هەرێمی کوردستـــان و ناوەندا هەیە. وەک خۆت لەو بڕوایەدایت کە کورد بتوانێت لە چوار ساڵی داهاتوودا ئەو کێشانە بەقازانجی خەڵکی کوردستان چارەســەر بکات؟. یان ئەگـەر ئەو پرسانە چارەسەر نەکرێت و بەهەڵواسراوی بمێننەوە داهاتووی هەرێمی کوردستـان بەکوێ دەگات؟.

– هەموو ئاراستەکان بۆ ئەو ئاقارە دەڕوات کە زۆربەی زۆری ئەو پرسانە نەک چارەسەر ناکرێت، بگرە مەترسیی پاشگەزبوونەوە و پشتگوێخستنیان لە ئارادایە. لەلایەکەوە خۆشباوەڕی و زاڵبوونی ئەولەویاتی حزبی و تاکەکەسی و گرینگیدان بەئەجیندای غەیرە کورد بووە مایەی پەراوێزکردنی زۆرێک لە مافە دەستوورییەکان و ئەودیوکردنی هەندێ لەو پرسانە لە حکوومەتێکی ناوەند بۆ ئەوەی تر و لە خولێکی پەرلەمـانی بۆ خولێکی تر. هەر چۆن چارەنووسی مادەی (٥٨) گواسترایەوە بۆ خولی (٢٠٠٥)ی ئەنجوومەن و ١٤٠ ئەودیو کرا بۆ خولی (٢٠١٠)، هەر هەمان شت سەبارەت بەزمانی کوردی و ئەنجوومەنی

فیدراڵ و نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان لە باڵیۆزخانەکانی عێراق و کێشەی دەسەڵاتەکانی هەرێم و خودی پرەنسیپی فیدراڵییەت نەک وەک زاراوە بگرە وەک سیستم و کێشەی بەشداریی کورد لە فەرمانگەکانی ناوەند بۆ نموونە سوپا کە تاکو ئێستا بەشی کورد لە سنووری (٨٪)یەتی، بەشی کورد لە زەمالات و لە بودجە و چەندان پرسی تر، یان ئەو پرسانە کە دووچاری گەمەی تەوافوق و زۆرینە و کەمینەی ئەنجوومەنی نوێنەرانن، مەزەندەی ئەوە دەکرێت پاڵەپەستۆ زیاتر دەبێت لەسەر کورد، بەو پێیەی رەوش و گەمە سیاسییەکەی عێراق لە دوای دامەزراندنی حکوومەتی داهاتوو بەگشتی، جیاواز دەبێت لە قۆناغی (٢٠٠٣-٢٠٠٩) لەبەر چەندان هۆ و هۆکار لەوانە:

* تەوژمی دیاردەی ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنیزم لە پەرەسەندندایە و رەوتەکانی لە نێوان کیانەکانی عەرەبی سوننە، بە ئیسلامی سیاسی و نەتەوەپەرست و پاشماوەی بەعسی فاشی، هەتاکو لە نێوان توێژەیەکی بەرچاوی شیعەی عەرەبیش، ئیدی شاراوە نییە. یەک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی پەرەسەندن و نزیکبوونەوەیان، هەڵوێستە لە پرەنسیپی فیدراڵییەت و ڕۆڵ و دەسەڵاتی ناوەند و مادەی ١٤٠ و ناسنامەی عێراق و کێشەی سەروەت و سامانی نەوت و دەسەڵاتەکان.. تاد. هەر هەموو ئەمانە دوور یان نزیک پەیوەندیی بە کوردەوە هەیە.
* پرۆژەی هەموارکردنی دەستووری عێراق لە خولی ڕابردوودا ئامادە کراوە. یەک لە بابەتە گەرمەکانی دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی داهاتوو دەبێت. بەپێی پرۆگرامی کیانە سیاسییەکانی براوەی هەڵبژاردنی ٣/٧، دەربازبوونی زۆرێک لە خاڵە دژ بەمافەکانی کورد شیمانەیەکی واریدە.
* لەم هەڵبژاردنە دەستتێوەردانی ئەمەریکا و وڵاتانی ئیقلیمی لە هەڵبژاردنەکانی پێشتر زەقتر بوو. هەڵپەهەڵپ و هەڵەداوانی لایەنە براوەکان، بە شیعە و سوننە و کوردەوە بەرەو ئەو وڵاتانە ئاستی دەستتێوەردانەکە و بێ باوەڕیی بەخۆ و بەیەکتری لایەنەکان وەدەردەخات.
* لە پێش و لە پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ٣/٧، رۆڵی بێ سەروبەری

سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق زەقتر بەدەرکەوت، پشتگیری و هەوڵی فەرزکردنی (لیستی ئەلعێراقیە) و دەلاڵیان بۆ عەلاوی و هاوپەیمانانی عەلاوی کە زیاتر ئەوانەن کە هەر لە سەرەتاوە زۆریان دژی پرۆسەی سیاسیی عێراق بە ئیتیجاهی فیدراڵییەت و دیموکراتییەت و دابەشکردنی دەسەلاتەکان بوون و نەیانشاردووەتەوە و بەردەوام دەبن لەسەری، مەترسیی ئەم پشتگیرییەی ئەمەریکا بۆ ئەو لایەنانە زیاتر بەرجەستە دەبێت کاتێک دەزانین، پاش کەمتر لە دوو مانگ ئەمەریکا دەست دەکات بەکشانەوەی هێزە سەربازییەکانی لە عێراق.

لە واقیعی وەهادا و بەپێی پێوەر و هەڵسوکەوتی (٦)ساڵی لیستی دەسەلاتی کوردی لەمەڕ پرسی کورد چ لە ئاستی ناوەخۆ و ناوەندی بەغدا و چ لە ئاستی ولاتانی ئیقلیمی و ئەمەریکا، زۆر گەشبینمان ناکات، ئەوەی هەندێ گەشبینمان دەکات ڕێزبەندیی هێزەکانی عەرەبی عێراق و شیمانەی هۆشیاربوونەوەی ئیدارەی (باراک ئۆباما)یە، سەبارەت بەپشتگیری لە لایەن و هێما گەندەڵ و نەفرەتلێکراوەکانی گەلانی عێراق، شیمانەی پیاچوونەوە بەلایەنێکی بەرچاوی نەخشە و پلان و سیاسەتی سەرنەکەوتنی ئیدارەی پێشوو (بوش) و هەڵسوکەوتی ماوەی یەک ساڵی حوکمڕانی خودی ئیدارەی نوێ، لەوەش گرینگتر شیمانەی ڕۆڵی پۆزەتیڤ و ئەکتیڤی چاوەڕوانکراو لە ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانە لە تەک نوێنەرانی لیستی دەسەلات لە ناوەند.

* لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پادشای شانشینی عەرەبستانی سعوودیە، هەریەک لە بارزانی و تاڵەبانیی بانگهێشتنی ولاتەکەی کرد و خەلاتی تایبەتی پێشکێش کردن!. دەمەوێت بپرسم سعوودیە دەیەوێت لە ڕێگەی کوردەوە بەچ ئامانجێک بگات؟

– دەوڵەت و شاهانی سعوودیە بە ئەمەی ئێستایشەوە پشت و پەنای دەسەلاتدارانی عەرەبی سوونەی عێراق بوونە، ماوەیەکی دوور و درێژ هاوکاریی مادی و مانەویی بەعسی فاشیی بەغدا بوون. لە پاش دارمانی

دەوڵەتی عێراق و حکوومەتی نوێنەرانی ڕەگەزپەرستی عەرەبی عێراق، هاوکار و پشتیوانیی لایەنە بەرهەڵستکارەکانی بەناو (عێراقی نوێ)نە، بە ئیسلامە سیاسی و نەتەوەپەرستی شۆڤێنیزمەکانیشەوە. هەڵوێستی ئەو لایەنانەش دژ بەناخی پرسی کوردە لە سنوور و، لە بوون. ئەو دەستپێشخەرییەی (ئال سعوود)، هەوڵێکی ئەمەریکاییە بۆ بەهێزکردنی تاقمی عەرەبی سوننە و ڕاگرتنی تەرازووی ململانێ لە نێوان ولاتانی ئیقلیمی بە سوننە و شیعەیانەوە و گەواهییەکی ترە بە ناسەروەریی بڕیاری عێراقی و ئاستی دەستتێوەردانی دەرەکی. هەر دیدار و سەردان و پێشوازییەکی سەرانی کورد بۆ دەرەوەی ولات کارێکی باشە و ناکرێت پەراوێز بکرێت، وەلێ خۆزگە لەگەڵ (گلادەی ڕێزلێنان)ی شا عەبدوڵلا بۆ بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی، (چاوداگرتنێک)یشی لەگەڵدا بووبایە، بۆ (هاشمی) و (عەلاوی) و (موتڵەگ) و هاوشێوەکانیان، لەمەڕ هەڵوێستیان دژ بە کورد و دەرهەق بە پرسی کورد و کەرکووک و ناوچە تەعریبکراوەکانمان.

* رۆڵی سەرۆکی هەرێم چۆن دەبینن لەمەڕ کۆکردنەوەی لیست و قەوارە براوەکانی کوردستان؟

– دەستخۆشییان لێ دەکەین.

* لیستی هاوپەیمانیی کوردستان زۆر بەتوندی داکۆکی لەوە دەکات کە دەبێت پۆستی سەرکۆماری بدرێتەوە بەکورد. پرسیارەکەم ئەوەیە ئەو پۆستە دەتوانێت چ سوودێک بەبەرژەوەندییە بالاکانی کورد بگەیەنێت؟.

– ئەرکی سەرەکیی لیستی کوردستانی و لیستەکانی تریش، داکۆکیکردنە لەسەر پرسی کورد، ئەوەی هەیە و ئەوەی بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە و ئەوەشی کە پاشەکشەی پێ دەکرێت، وەک (یەک پاکێت)، یەک لە خاڵەکانی ئەو پرسە، بەشداریی کوردە لە دەسەلاتەکان، لەوەش پۆستە سیادییەکان، لە

نێوان پۆستە سیادییەکانیش پۆستی سەرکۆمار، وەک یەک پاکێت. ئەوەی زیاتر گرینگە و پێوەندیی هەیە بە بەرژەوەندیی باڵای کوردەوە، بوون و سنووری کوردستانە وەک جوگرافیا و چەسپاندنی فیدراڵییەت لە عێراق وەک دوو کیانی شەریک. نکووڵی ناکرێت لە ئەهمیەتی بوونی کوردێک لە پۆستی سەرکۆمار وەلێ بەمەرجێک نە ئەو پۆستە نە هیچ پۆستێکی تر ببێتە بارگرانی لەسەر پرسی کورد، ئەو پۆستەیش پرۆتۆکۆڵی و بێ دەسەڵات نەبێت واتە وەکو عەرەب دەڵێن (عرط التوت بالديوان هيبة) نەبێت.

ئەم دیمانەیە لە کۆواری (نێوەند) ژمارە (٧٤) نیسانی ٢٠١٠ و سایتی کلاوڕۆژنە بڵاو کراوەتەوە.

## دیمانە لەگەڵ ڕۆژنامەی "ڕووبەر"

٢٠١٠/٤/٢٨

لەم دیمانە تایبەتەی ڕووبەردا نووسەر و سیاسەتوان جەوهەر نامیق تیشک دەخاتە سەر هەڵەکانی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا و پرسی بەشداریکردنی کورد لە حکومەتی داهاتووی عێراق و دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن و چەند تەوەرێکی تر.

* ڕەنگە جەنابتان یەکەمین سیاسەتوانی کورد بووبن کە بەکتێب و نووسین لەسەر ڕووبەری ڕۆژنامەکان بە دروستی ڕەخنەتان لە کەموکوورییەکانی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ گرتبێت، ئاخۆ بۆچی؟

– پێشەکی ئەم دەوڵەتە دەستکردە بە کیان و بە ناو، داگیرکەری بێگانە بۆ بەرژەوەندیی خۆی دروستی کرد، بە زۆری زۆرداری (٣) پێکهاتەی لە قاڵب دا، ناچاریانی کردووە بەبێ ئارەزووی خۆیان لەو کیانە داتاشراوەدا بژین، کابرایەکی عەرەبی سوننەی بۆ ئیستیراد کرد و کردی بەپادشا، سیستەمێکی حوکمڕانی تایفەگەریی چاند، دەسەڵاتی دایە دەستی نوێنەرانی کەمینە (عەرەبی سوننە)، ئەم دەوڵەتە بۆ کورد بووە دۆزەخ، داگیرکەری بەریتانیایی لەگەڵ وڵاتانی سەرکەوتووی شەڕی جیهانیی یەکەم کە بە وڵاتانی هاوپەیمان ناسراو بوون (بەریتانیا، فرەنسا، ئەمەریکا و... هتد)، پاشگەزبوونەوە لە ناوەڕۆکی پەیماننامەی سیڤەر سەبارەت بەدروستکردنی دەوڵەتی کوردی، لە کاتێکدا خاوەن پەیمانی خۆیان بوون سەبارەت بەنەتەوەکانی تری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. دژ بەویست و بەرژەوەندیی کورد، باشووری

کوردستـان (ویلایەتی مووسڵ)یان خستـە سـەر (عێراقی عـەرەبی) کە تا ساڵی ١٩٢٥ تەنیا لە (ویلایەتـی بەغدا و ویلایەتـی بەسرە) پێک هـاتبـوو. بە درێژاییی نزیکەی (٩٠) سـاڵ لە تەمـەنی ئەم کیـانە، بەشـی کورد تەنیـا کوشتن و بڕین و ماڵوێرانـی و ڕاگوێزان و گۆڕینی قـەوارەی نەتەوایەتی و جینۆسـاید بووە، بۆیە رەخنـەکـانی منیش لەم ڕوانگەیـەوە بووە کـە کـورد غـەدری لـێ کـراوە، بێ ئارەزووی خـۆی بەشـێک لـە وڵاتەکـەی بە خـاک و بە خـەڵکەوە لکێندراوە بەم (عێراق)ـەوە و هیچ کاتێک کورد لەم عێراقەدا خۆشیی بەخۆیەوە نەبینیوە.

* رەخنەی جـەنابت لـە سـاڵی ٢٠٠٥ بـەدواوە لەسـەر ئەو بنەمـایە بوو کـە عـێراق بۆ هەتاهەتایە نـاتوانێت کورد وەکو خـۆی قـبـووڵ بکات و بەڵێنی زلهێزەکانیش سوودێکی ئەوتۆ بەکورد ناگەیەنن؟

– زۆر لایەنی ئەو پرۆسـەیە وەکو ئاماژەم پـێ کرد لە عێـراقی نوێ و بگرە تا ئێستـاش بەردەوامـە، ئەو نەهامـەتییانە بـە نەخشـە و پشتگیریی زلهێزەکان، یان بەئاگـاداریی ئەوان بووە، بەتایبـەتی بەریتـانیـا و ئەمـەریکا ئێـسـتـاشـی لەگەڵدا بێت، لە سـاڵی ١٩٩١ ئەمـەریکا و هـاوپەیمانانی کورد و ئۆپۆزسیـۆنی عــەرەبی عــێــراقــیــان دژ بەرژێمی ســەدام هان دا، لە ڕاپـەڕین کــورد تا (حەمرین)ی رزگار کرد، لە دژەهێرشێکی سـوپای سەدامی شکستخواردوو و بە ئاگەداری و رەزامـەندیی ئیدارەی ئەمـەریکایی، پاش هەڵمەتێکی جینۆساید دژ بەعـەرەبی شـیـعـە و کـورد، ڕاپەڕینەکـە شکسـتـی هێنا، کـوردی تووشـی گـەورەترین کـۆڕەو کـرد، پاش داگـیـرکـردنی عـێـراق لـەلایەن ئەمــەریکا و هـاوپەیمـانـانـی لە ٢٠٠٣، دەسـەڵاتی فــەرمــیـی کــورد جــارێکی تر هـەلـی رزگـارکـردنی کـوردسـتـانەکـەی لە دەست دا. دیسـان داگـیـرکـەری بیـانی (ئەمەریکایی و بەریتانیایی) دەوڵەتی عێراقی دەستکردیان تێک دا، ئێستایش سـەرلەنوێ بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان خەریکی دامەزراندنەوەین، جارێکی تر ژیانـی نائارەزوومــەندانەیان بەسـەر کـورددا فـەرز کـرد، دەسـتـوور و ئاڵا و مـەجلیـسـی حـوکم و پەرلەمـانیـان بۆ دانا، هەمـدیسـان سـیـسـتـەمـە

حوکمڕانییەکەی لەسەر بنەمای مەزهەبی دامەزراند (عەرەبی شیعە). هەمدیسان کورد چۆن لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لە دامەزراندنی (عێراق) پێشەنگ بوون، لە ئێستاشدا هەر بەم جۆرە بوون. واتە ئەم تراجیدیایە وا بۆ چەندان جار دووپات دەبێتەوە، ئەو هێزانەی کارتی کورد بەکار دێنن بۆ بەرژەوەندی خۆیان، ئەگەر سوودێکی کاتیشی هەبێت دواتر کارەسات رووی داوە.

* لایەنە کوردییەکان جگە لە هەوڵەکانیان بۆ دامەزراندنەوەی عێراق، بەشداریی نووسینەوەی دەستووریش بوون، ئاخۆ دەستوور زەمانەتە بۆ بەشداریی کورد لەم وڵاتەدا؟

– لە وڵاتێکی دەستکرد و بەزۆر لکێندراو و داگیرکراو و فرە نەیار و دوور لە بنەما و داوونەریتی دیموکراسی و بەدەزگابوون، کە تاکو ئێستا خودی حکوومەتەکەی قودرەتی پاراستنی خۆی نەبێت و ئەو دەستوورەیش کە بۆی دانراوە و زۆرینەی عێراقییەکان بە کوردیشەوە دەنگیان بۆ داوە پێشێل بکرێت و پرۆژەیەکی هەموارکردنی بە ئاراستەی پاشگەزبوونەوە لە هەندێ مافی کورد و کەمکردنەوەیان ئامادە کرابێت و رەوتی ڕەگەزپەرستی و دژ بەکورد لە زیادبووندا بێت، ئیدی باسکردنی زەماناتی دەستوور بۆ کورد لاوازە و بگرە مانای خۆی لە دەست دەدا. راستە لە دوای (٢٠٠٣)ەوە کورد روونتر و ئەکتیڤتر بەشدار بوو لە پرۆسەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی عێراق، وەلێ لە دەستووردا ئەم عێراقە دەوڵەتێکی عەرەبییە وەکو (کیان و خاک)، ئەو مافانەش بۆ کورد جێگیر کراوە، زۆری تا ئێستا مرەکەبی سەر کاغەزە، یان هەڵپەسێردراوە، یان ناوەند بە پێچەوانەیانەوە رەفتار دەکات. هەر کات زۆرینەی عەرەبی عێراق پێک بێن دەتوانن دەقەکانی دەستوور بگۆڕن بە مافی (ڤیتۆی) (٣) پارێزگایەکەشەوە، هەروەها ئەو دەقەش کە لە پێشەکیی دەستووردا هاتووە گوایە "پابەندبوون بەم دەستوورە یەکەتیی سەربەستانەی گەل و خاک و سەروەریی عێراق دەپارێزێت" (خودی ئەو دەقە تەفسیراتی زۆر

هەڵدەگرێت). ئەو کات دەستوور زامنە ئەگەر هاتوو بە ڕاشکاوی و زەق و لە مادەیەکیدا جەخت لەسەر مافی چارەنووسی کوردی بکردایە و سەقفێکی زەمەنیشی بۆ دیاری بکردایە بۆ ریفراندۆمی کورد سەبارەت بەدیاریکردن و حەسمکردنی ئەو مافە (هەر وەکو لە دەستووری (سوودان)دا هاتووە سەبارەت بەخەڵکی باشووریان)، یان ناوەڕۆکی ئەو مافە لە ڕێککەوتننامەی ئیستراتیجیی نێوان ئەمەریکا و کۆماری عێراق ئاماژەیان پێ بکردایە، یان لە ڕێککەوتننامەیەکی چەشنی ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئاداری ١٩٧٠، بە زەماناتی ئەمەریکا وەکو هێزی داگیرکەر، یان نەتەوە یەکگرتووەکان زامن بکرایە.

* ڕوانگەی حکوومەتی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان بەتەواوی ڕوون نییە، پێت وایە چۆن لە هەرێمی کوردستان دەڕوانن؟

– ئێستاش بەگومانن لە کورد. هەرچەندە لە (عێراقی نوێدا) کورد پۆستی باڵای هەیە، بۆ نموونە سەرکۆمار و سوپاسالاری عێراق و چەندان پۆستی سیادی و ئیداریی تر کوردن، سەرکردایەتیی فەرمیی کورد خۆی بەوە هەڵدەکێشێت کە لە دامەزراندنەوەی سوپای عێراق ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو کە یەکەم یەکەکانی سەربازیی ئەو سوپایە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێک هاتووە، کەچی ئێستا ڕێژەی کورد لەو سوپایە کەمترە لە (٨٪)، لە کاتێکدا نەدەبوو لە (٢٥٪) کەمتر بێت، مالیکی لەشکرکێشیی کرد بۆ خانەقین و قەرەتەپە و کەرکووک ئەو هەموو زلە بەرپرسانە و دەسەڵاتی هەرێم بێ ئاگا بوون، ناوەند پێشمەرگە بە میلیشیات لە قەڵەم دەدات، فیدراڵییەت زیاتر زاراوەیەکە و لە پراکتیکدا یەک تەرەفەیە، واتە یەک ناوەندی بەهێز و هەرێمێکی (٣) پارێزگای کوردستانی لاسەنگ و زیاتر لە (لامەرکەزییەت) دچێت، لەوەی لە دوو کیانی یەکسانی فیدراڵی، دەسەڵاتەکان حەسم نەکراوە، سەروەت و سامان وەک بەش، یان وەک بوون چارەسەر نەکراوە، لە هەمووشی گرینگتر سنووری هەرێمی کوردستان وەک (یەکەیەکی فیدراڵی)، تا دێت

بچووک دەکرێتەوە، سڕینەوە (قەزای بەدرە و ناحیەی جەسان و قەزای تەلەعفەر) لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان (لە سنووری مێژووی و جوگرافیایی هەرێم)، لەلایەن خودی لووتکەی دەسەڵاتی فەرمیی پارتی و یەکێتییەوە، لە مردارکردنەوەی مادەی ١٤٠، سازش لەسەر مافی خەڵکی کوردستان لە ڕێگەی یاساکانی ناوەند، وەکو: یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی کە لایەنی کوردستانی زیاتر لە (٧) کورسیی لە دەست دا و.. هتد. بەکورتی نەک هەر ناوەند بە گومانە لە کورد و لە ئارەزووەکانی دەسەڵاتی کوردی بگرە خودی لووتکەی دەسەڵاتی کوردیش بەگومانە لەمەڕ مافەکانی کورد، یان خستوویەتە ژێر گومانەوە..!

* ئاخۆ ڕات لەسەر عێراقی نوێ چییە، بەتایبەت کە (٧) ساڵ بەسەر سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی کراوە، ئاخۆ ئەو دەوڵەتە مافی هاوولاتیبوون بە پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بەڕەوا دەبینێت؟

– بەکورتی ئەم دەوڵەتە کە پێی ئێژن (العراق) کیانێکی بەزۆر گرێدراو بەیەکەوەیە، تێدا کورد جینۆساید کراوە. سەرەڕای ڕووداوەکانی پێش ٢٠٠٣، (٣) هەڵبژاردنی گشتیی دوای ئەو مێژووە گەواهی لەوە دەدەن کە ئەم کیانە ناتەبایە، لە (٣) پێکهاتەی جودا لەیەک: (کورد) و (عەرەبی شیعە کە نزیکەی (٨٠٪)ی عەرەبی عێراقن) و (عەرەبی سوننە)، هەریەک لە ناوچەکانی خۆیان دەنگ بۆ پێکهاتەی خۆیان دەدەن، کورد دەنگ بەلیستەکانی کورد و، عەرەبی شیعە بەلیستەکانی عەرەبی شیعە و، عەرەبی سوننە بەلیستەکانی عەرەبی سوننە دەدەن. ئەم دەوڵەتە هیچ کات دەوڵەتی (هاوولاتی نەبووە) و نابێتە دەوڵەتی (هاوولاتییش).

* ڕەخنەیەکی زۆرت لە دەستووری کاتی و هەمیشەییی عێراق گرتووە و هەموو کونج و کەلەبەرەکانت دەرخست، دوای ئەوەی سەرجەم ڕاکانی جەنابت بە کردەوە ئیسپات بوون، ئێستا دەتەوێت چی بە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بڵێیت؟

– تەنیا ئەوەندە کە عیبرەت لە شکست و تەنگژە و لەدەستدانی هەلەکان وەربگرن و حیساب بۆ کات بکرێت.

* هێشتاش ئەو دەنگانە زۆرن کە پێیان وایە دەستووری هەمیشەیی تەنیا بەناوی عێراقەوە نووسراوە، ئەگەرنا پرۆژەیەکی ئەمەریکاییە و مەبەستەکەی شەرعییەتدانە بەداگیرکاری، ڕای بەڕێزت لەمبارەیەوە چییە؟

– بنەما سەرەکییەکانی ئەم دەستوورە پێش داگیرکردنی عێراق، بەهاوکاری و چاودێری و ڕێنوێنیی پسپۆڕ و دەزگا فەرمییەکانی ئەوان لەدایک بوو. پڕە لە دەقی تەماوی و فرە تەفسیرهەڵگر و ناتەبایە، هێزی داگیرکەر لە کەلێنەکانی دەستوورەوە سیاسەتی (پەرتکە و بگرە)ی خۆی پیادە دەکات و سوودی لێ وەردەگرێت.

* مەرجەکانی کورد بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق زانراون، ئەگەر لە ئەزموونی جەنابتەوە ئەو پرسیارە بکەین، ئاخۆ لیستە براوەکان بەو داوایانەی کورد ڕازی دەبن و شیمانەی پابەندبوون بە بەڵێنەکانیان چەندە؟

– بەپێی ئەزموونی کۆن هیچ کات داگیرکەرانی ڕۆئاوا بەتایبەتی بەریتانیا و دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا و، نوێنەرانی عەرەبی سوننە دوای ٢٠٠٣ بەداگیرکەری (ئەمەریکا) و دەسەڵاتی ناوەندی نوێنەرانی زۆرینەی عەرەبی شیعە، پابەند نەبوونە بە بەڵێنەکانیان دەرهەق بە کورد، هەر کات پێویستیان بە کورد بووە یان بۆ کارتی پاڵەپەستۆ یان لە لاوازی، سەخی دەبن لە وەعد پێدان و هەندێ مافیش، کە پێیان هەندێک لە زەوی قایم دەبێت پەڕاوێز و پشتی تێ دەکەن، کە زیاتر بەهێز دەبن، تەعریب و قەتڵوعامی دەکەن، کە (عەلاوی) لە دەسەڵات بوو (لاوازترب وون لە ئێستا) لایەنێکی باش لە مافەکانی کورد لە دەستووردا تەسبیت کرا، زۆری لێ جێبەجێ نەکرد کە

خۆری بەرەو ئاوابوون دەچوو وەک سەرۆک وەزیران بە دیکۆمێنتیش وەعدی دا، کەچی هیچی نەکرد، ئێستا عەلاوی خۆی بەهێزتر دەبینێ، لە ئاستی ناوەخۆ لیستەکەی سەرتاپا نوقمە لە نوێنەرانی شۆڤێنیترین لایەن و کەسایەتیی عەرەبی سوننە و شیعەی دژ بە کورد، وەک (موتڵەگ و عانی و هاشمی و نجیفی) و دەیان لایەن و کەسایەتیی تری وەک ئەوان، لە ئاستی عەرەبی و ناوچەکە زۆربەی وڵاتانی عەرەب پشتگیریی لێ دەکەن، لە هەمووشی گرینگتر ئەسپی تاقیکردنەوەی جەولەی سێیەمی ئەمەریکایە، پاڵێوراوی لیستەکەیەتی بۆ سەرۆک وەزیران، بەو پاشخانەی خۆی و ئەو گەلەگورگەی ناو لیستەکەی، دەبێت چاوەڕوانی چی لێ بکرێت. (جەعفەری) کە سەرۆک وەزیران بوو، نە مافە دەستوورییەکانی کوردی جێبەجێ کرد و نە پابەند بوو بەناوەڕۆکی دیکۆمێنتی هاوپەیمانییەتی لایەنی کوردستانی لەگەڵ لیستەکەی. هەڵوێستی لیستی کوردستانی هۆکارێکی کاریگەر بوو لە لادانی. (مالیکی) بە پشتیوانیی لایەنی کوردستانی بووە سەرۆک وەزیران، بە دیکۆمێنت پەیمانی دابوو مافە دەستوورییەکانی کورد جێبەجێ بکات، کەچی نەک هەر پاشگەز بووەوە، بگرە لەشکرکێشیی کرد بۆ ناوچە دابڕاوەکان، زۆر لە مافە دەستوورییەکان بە هەڵپەسێردراوی هێڵایەوە، جەخت لە دەسەڵاتێکی بەهێز و هەرێمێکی پەراوێزکراو و لاواز دەکات، نێوان ناوەند و هەرێم گرژتر بووە، ئەمەریکایش وەک هێزی داگیرکەر دیارە لایەنگیری ئەو هەڵوێستانەیە دژ بەکورد یان هەر هیچ نەبێت بێدەنگە لێیان، بۆیە ئەگەر لایەنی کوردستانی بەهەمان گەز و پێوانە و هەڵوێستی جاران هەڵسوکەوت بکەن، لەگەڵ نوێنەرانی دوو پێکهاتە عەرەبەکانی عێراق (شیعە و سوننە) و ئەمەریکا و خولیای پۆست و دەستکەوتی تاکەکەسی و حزبی بن، ئەوە هەڵوێستی ئەو لایەنانە باشتر نابێت لە ئێستا. وەک ئەزموون ناوەند دەستکراوە و سەخینە بۆ فەراهەمکردنی پۆست و دەستکەوت بۆ تاک هەر چۆن بەخیلن لەمەڕ پرسی کورد. بەئومێدی ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان بتوانێت ئەو سیاسەتە کۆنەی لیستی دەسەڵات بگۆڕن. مەزەندەی ئەوە دەکەم نوێنەرانی کوردستانییەکان،

بە بەرنامە و دووربینی لەگەڵ لیستی دەسەڵات هەڵسوکەوت بکەن، لەمبارەیەوە، جیدیتر وریاتر و ئەکتیڤترن لە جاران.

* لەگەڵ پێکهێنانی کابینەکەی مالیکیدا ڕێککەوتنێکی چوارقۆڵی لە نێوان کورد و لایەنە شیعەکان ئیمزا کرا، دواتر پەیمانی سێ قۆڵی هاشمی و کوردی هاتە سەر، پێت وایە ئەمجارەش هەمان سیناریۆ دووبارە بێتەوە؟

– ڕاستە، ئەو مەترسییە هەیە.

* کێشەکانی یەکێتی و پارتی تا چەند ڕەنگدانەوەی لە ئەدای کورد لە حکوومەتی مالیکیدا هەبووە، پێت وایە ئەمجارە کە لیستەکان زیاتر بوون، کورد لە بەغدا هەر خەریکی ململانێی یەکتری دەبێت؟

– ناتەبایی و بوونی کێشە لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان خزمەت بە دۆزی کورد ناکات و گرانی و هەیبەتی لایەنی کوردستانی لاواز دەکات. زیادبوونی لیستەکان پێویستییەکی مێژووییە، فرەیی دیاردەیەکی سروشتییە. ململانێی خەسڵەت و سروشتی لایەنە سیاسییەکانە، نە ڕاوەستاوە و نە رادەوەستێت و دەشبێت هەر وابێت، وەلێ ئەو کاتە ناتەندروستە ئەگەر ئەو ململانێیە ببێتە مەترسی لەسەر پرسە ستراتیجی و چارەنووسسازەکانی خەڵکی کوردستان و ئاسایشی نەتەوایەتیمان.

* جەنابتان یەکەم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوون، تەنیا ئەو ماوەی سەرۆکی پەرلەمان بووی چەندان کابینە گۆڕان، کەواتە با ئەو پرسیارە بکەین، ئاخۆ دەکرێت هەڵسەنگاندنێک بۆ کابینەکان بکرێت؟

– هەر کابینەیەک لەو کابینانە لە هەلومەرجی تایبەتی خۆیدا کاریان

کردووە، هەریەک بەئەندازەی خۆی و بواری هەلومەرجەکان خزمەتی خەڵکی کوردستانیان کردووە، دوو جەمسەری لووتکە و پرەنسیپی پەنجا بەپەنجا، هەرسێ دەسەڵاتەکانی ئیفلیج کردووە و لە پێش هەموویانەوە حکوومەت، ڤایرۆسی گەندەڵی، کە ژینگەی پەنجا بەپەنجا و دەسەڵاتی دوو جەمسەری کێڵگەی پەرەسەندنیەتی، ماکی لەدەستدانی لایەنێکی زۆری داهات و وزە و توانای حکوومەتە. تاکو ئەو هاوکێشانە حاکم بێت گرفتەکانی حکوومەت ئەگەر زیاد نەبێت کەم نابێتەوە.

* تەوەرێکی تری گرینگ پێوەندیی نێوان یەکێتی و پارتییە، ئاخۆ لەگەڵ دەرکەوتنی هێزی تر لە کوردستان پێوەندیی ئەم دوو حزبە بەرەو کوێ دەچێت؟

– تا ئێستا دیاردە گەندەڵییەکانیان ئاشکراتر دەبنەوە، تەنگژە ناوەخۆیان قووڵتر دەبێتەوە، قەوارە و بنکەی جەماوەرییان بچووک و تەسکتر دەبێتەوە، رەوتی گۆڕان و ریفۆرمخوازان و پێدا چوونەوە بە سیستەم و ئەدای حزبیی خۆیان زەقتر دەبێتەوە، مەودای دەسەڵاتیان کورتتر دەبێتەوە. لەنێو خۆیاندا رێککەوتنی ئیستراتیجییان بە گومانتر دەبێت.

* باس لەوە دەکرێت پارتی کەمتر مەیلی بەلای پابەندبوون بەرێککەوتننامەی ستراتیجییەکەی نێوان خۆیان و یەکێتییەوە هەیە، رای بەرێزت لەمبارەیەوە چییە؟

– وەکو هاووڵاتییەک بەفەرمی گۆڕانێکی ئەوتۆ بەدی ناکەین، بەڵام لە پشت پەردە و ژیانی ناوەخۆیان بێ ئاگاین.

* نزیکبوونەوەی پارتی و گۆڕان بەتایبەت نێچیرڤان بارزانی و گۆڕان، بووەتە جێگەی نیگەرانیی یەکێتی، کەوابێت سەرەنجامی پێوەندییەکانی ئەو لایەنانە بەرەو کوێ دەچێت؟

- گۆڕان دیاردەیەکە نە نکوولّیی لیّ دەکریّت و نە پەراویّزیش دەکریّت، نازانم ئەو پیّوەندییە هەیە یان نا، ئەگەر هەیە چەند و چۆنە وەلیّ بوونی ئەو پیّوەندییە لە نیّوان پارتی و یەکیّتی و گۆڕان و گشت لایەنەکانی تری پرۆسەی سیاسیی هەریّمی کوردستان نەک زۆر باشە، بگرە پیّویستە.

* زۆرجار باس لە چاکسازیی ناو پارتی دەکریّت، وەکو تیّکۆشەریّکی دیّرین لەو حزبەدا چۆن ڕاڤەی ئەوە دەکەی؟

- بەدڵنیاییەوە ریفۆرم و چاکسازی و گۆڕان و گۆڕین کاریّکی باشە و پیّویستە.

تیّبینی: ئەم بابەتە لە رۆژنامەی (ڕووبەر) ژمارە (١١) لە ٢٠١٠/٤/٢٠ بڵاو کراوەتەوە.

## دیمانە لەگەڵ ڕۆژنامەی "چەتر"

هەینی ٢٠١٠/٤/٢٣

* لێکدانەوەی بەڕێزت بۆ دەوڵەتی عێراق وەک پرسێکی مێژوویی لە ڕابردوو و ئێستادا، سروشتی کێشەکانی عێراق؟

– وشەی عێراق فارسییە بەمانای ئەراک (شاری شاهان). لە نەخشەکانی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامیی کۆن، بە دوو ناوچە وتراوە (عێراق) ؛ (عێراقی عەرەبی) ناوچەکانی نێوان کوفە و بەسرە، (عێراقی عەجەمی) کوفە و ناوچەکانی تری فارس. هەروەک لە خوێندنەوەکەی بەڕێز (مسعود عبدالخالق) بۆ دەقەکانی کۆنگرەی سیڤەردا هاتووە، عێراقی عەرەبی مێژووی سیاسیی نییە جگە لەوەی لە سەردەمی عەباسی پایەتەختیان لە بەغدا بوو، ویلایەتەکەش لە بەسرەوە تا سامەڕا دیاری کرا، بێ ئاماژەدان بۆ (عێراقی عەرەبی یان عەجەمی). لە سەردەمی عوسمانی لە کۆی (٣٢) ویلایەت، ویلایەتێکیش نەبوو بەناوی عێراق کەچی کوردستان گەیشتە ئاستی ئەیالەت، هەر بۆیە ناوی (عێراق) زۆر نامۆ بووە بەخەڵکەکەشی. پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و سەرکەوتنی وڵاتانی هاوپەیمان بە پێی یەک لە ڕێککەوتننامەکانی ئەودەمە کە بە ڕێککەوتننامەی (سایکس بیکۆ) ساڵی ١٩١٦ ناسراوە، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابەشکراو، ناوچەکانی لەسەر نەخشە بەپیتی (A، B) و ڕەنگی (سوور و شین) تەسبیت کرا، لە (سیڤەر) و (سان ریمۆ) هەر بۆ نموونە بۆ ناوچەکانی خوارووی بەغدا، وشەی (میزۆپۆتامیای عەرەبی) بەکار هات. بۆ یەکەم جار وشەی (عێراق) لە مادەی (٣)ی ڕێککەوتننامەی (لۆزان ١٩٢٣) بەکار هاتووە. (عێراق) وەک ناو و وەک (دەوڵەت) کیانێکی داتاشراو و

دەستکردی داگیرکەری بەریتانیا بوو، سەرەتا لە (ولایەتی بەغدا و ولایەتی بەسـرە) پێک هات و لە ساڵی ١٩٢٥، هەر بەپیلان و زۆری زۆرداریی داگیرکەری بەریتانیا، باشووری کوردستان (ولایەتی مووسڵ)یان پێوە لکاندن. ئەم دەوڵەتە دەستکردە، بە زۆری داگیرکەر لە (٢) گەلی لەیەک جودا (بە رەگەز و زبان و خاک و مێژوو و ئابووری و کولتوور) پێک هێنرا، ئەوەیش (کوردی باشووری کوردستان و عەرەبی عێراقی عەرەبی)، ئەو عەرەبانەش (٨٠٪) (عەرەبی شیعەن) کەمتر لە ٢٠٪یش عەرەبی سوننەن). واتا هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم کیانە دەستکردە، هەوێنی ناکۆکی و پێکەوەژیانی نائارەزوومەندانەی لەخۆ گرت و لەو رۆژەوە تاکو ئەمڕۆ یەک لە خەسڵەتە زەقەکانی ئەم دەوڵەتە، نائارامی و شەڕ و پێکدادانی ڕەگەزی و تایفەگەریی ناوخۆ و ئیقلیمییە، تاکو ئاستی راگوێزان و گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتی و جێنۆسایدکردنی (کورد) و هەوڵدان بۆ قووتدانی خاکەکەی لوقمە لوقمە، ئەم پرۆسەیە تاکو ئەمڕۆش لە هەندێ بواریدا بەردەوامە. عێراقی ئەمڕۆ درێژە پێدەری عێراقی دوێنێیە، مۆزایکێکی فرە ڕەگەزی و ئاینی و مەزهەبی، ناگونجاو، ناتەباو، داگیرکراو، پڕ کێشە. سروشتی کێشەکانی؛ نەتەوایەتی و مەزهەبی و نیشتمانی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە، نە لەنێو خۆیدا گونجاوە و نە لە ناوچەکەدا، هەروەها مانەوەی وەک وڵاتێکی داگیرکراو و جەغزی جەزبی ئێرهاب.

* ئەو ئاماژە و ئاراستانەی لە پشت عێراقەوە دەگوزەرێت چین و کاریگەرییان هەیە لەسەر دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی عێراق؟

– خودی واقیعی ناتەبای ئەم کیانە لە ڕووی نەتەوایەتی و مەزهەبی و دروستکردنی بەدەستی زلهێزی داگیرکەر (بەریتانیا) و بەزۆر پێکەوەگرێدان وەکو کیان، دەسەڵاتیش لەسەر ئەساسی مەزهەبی (عەرەبی سوننە) و داڕمانی پاش ٩٠ ساڵ هەر بەدەستی زلهێزی داگیرکەر (ئەمەریکایی ٢٠٠٣) و دامەزراندنەوەی سەرلەنوێ لەسەر هەمان پرەنسیپی بەزۆر پێکەوەگرێدانی

ڕەگەزی، دەسەڵاتیش لەسەر ئەساسی مەزهەبی (عەرەبی شیعە). واتە لە ماوەی ئەم (٩٠) ساڵە، ئەم عێراقە، لە گێژاوە و داوی داگیرکەر و ململانێی پێکهاتەکانی (کورد و عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە) و کێشمەکێشی سێ قۆڵیی بەهێز؛ (ئێران) و وڵاتانی (عەرەب) و (تورکیا و وڵاتانی رۆئاوا) دەتلێتەوە. واتە جگە لە فاکتەرە ناتەباکانی ناوەخۆ، عێراق بووەتە گۆڕەپانی ململانێیەکانی ئەمەریکا و وڵات و هێزەکانی رۆهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی ئێران و چەند وڵاتێکی عەرەبی و تورکیا.

* ریشەی کێشەی کورد لە عێراقدا چییە؟

– پاشگەزبوونەوەی داگیرکەری وڵاتانی هاوپەیمانی بە سەرۆکایەتیی بەریتانیا و فرەنسا و ئەمەریکا لە ناوەڕۆکی بەندەکانی (کۆنگرەی سیڤەر ١٩٢١)ی پێوەندار بە کورد، پەراوێزکردنی ئەو مافانەی کە لە (لۆزان ١٩٢٣) دیاری کرا و دواتر سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی دەسەڵاتدارانی عەرەبی عێراق تاکو ئاستی جینۆساید. ئەو زلهێزانە کیانێکی سەقەتیان دامەزراند وا بەسەقەتی دەڕوات و بەسەقەتیش پەرتەوازە دەبێت.

* فاکتەرەکانی چارەسەری چین؟

– ڕاگەیاندنی مافی چارەی خۆنووسین بەشێوەی (کۆنفیدراڵی) وەکو هەنگاوی یەکەم بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

بەپێچەوانەی سیاسەت و ئیدعای دەسەڵاتی فەرمیی هەرێم، پاش ٢٠٠٣ بەتایبەتی هەلەکان لە زۆر لایەوە لەبار بوو. ئێستایش نەچووە بچێت، هێشتا هەلەکان باییی ئەوەندەی تێدا ماوە، چونکە جگە لە پێشینە مێژووەکانی پرسی کورد و رۆڵی زلهێزەکان و پەیمان و رێککەوتننامە خۆجێیی و نێودەوڵەتییەکان، کورد لەم بەشەی کوردستان جینۆساید کراوە و وڵاتەکەی کاول کراوە و ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و قەوارەی نەتەوایەتی شێوێندراوە، لە دادگە فەرمییە دەستوورییەکەی عێراق ئیقرار کراوە، لە

هەندێ ناوەند و پەرلەمانەکانی ڕۆئاوا هاوسۆزییان نیشان داوە، بەدەر لە جینۆسایدکردنی ئەرمەنی لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورک و جوولەکەکان لە ڕێگەی نازییە ڕۆئاواییەکان کە وەک لە مێژوو باس دەکرێت، هێشتا جینۆسایدکردنی کورد بە ڕووداو و بەڵگە و قوربانییەکانی زیندوون، زۆرێک لە تاوانبارانی ئەو کارەساتە ماون چ ئەوانەی لە زیندانن یان لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق ئازادن، سەرەڕای ئەمانە ئەو تاوانانەی کە دژ بەکورد کراوە، لە هەندێ ڕوویەوە بە ئاگەداری بگرە بەپشتیوانی و هاوکاریی هەندێ لە وڵاتانی زلهێز بووە و ئەمەریکا یەک لەوانەیە، ئەمڕۆ ئەمەریکایش داگیرکەری عێراقەو بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان کۆمەڵێک ئەرک و ئیلتیزاماتیان لە ئەستۆیە، دەکرێت پاش ئەم ئەزموونە دوور و درێژە تاڵەی کورد لەگەڵ دەسەڵاتی زۆرینەی عەرەبی عێراق و چەقینی پرسەکەی لە ناوەند و بێ گیانی (فیدراڵییەت) و بەرزبوونەوەی تەوژمی ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنی عەرەبی، لایەنی کوردستانی پێ داگرێت لەسەر (کۆنفیدراڵی) هەر چۆن پیادە کراوە لە هەندێ وڵاتانی عەرەب و چەندان وڵاتی تری جیهان. هەڵوێست و هەنگاوی وا پێش هەموو شت بەندە بەئیرادەی دەسەڵاتی کوردی و هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی و ئامادەسازکردنی شەقامی کوردستانی.

* ئەو هەلومەرجەی ئێستا هەیە چەند ئومێدگەێینە بەئاراستەی چارەسەربوونی کێشەی کورد و ڕەوتی پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکانی تری عێراق؟

– بەندە لەو باوەڕەدایە پرەنسیپی پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانی کورد لە عێراق لە حوکمی مەحاڵە، هەرچی هەوڵ و تەقەلایەک بەو ئاراستەیە بێ بەسەربردنی کاتە و فەراهەمکردنی هەلە بۆ دەسەڵاتی زۆرینەی عەرەبی عێراق بۆ خۆگردکردنەوە، هەندێ مرونەتی ئەو لایەنانە، بەندە بەتەرازووی هێز چ لەنێو خۆیاندا و چ لە بەرامبەری کورد و هەلومەرجی دەرەکی. ئەزموونی ئەم (٦) ساڵە بەتەحدید گەواهی لەو ڕاستییە دەدات کە ئەم (عەرەبە) بەو

واقیعەیش کە تێ کەوتووە و بەو هەموو سازشکارییانەی دەسەلاتی کوردی، ئامادە نییە ئەوەی دوێنێ قەبووڵیان کرد ئەمڕۆ پیادەی کات.. زیاتر لە (٨٠) ساڵە دەسەلاتی (عەرەبی سوننە) وەک کەمینە حوکمڕانی ئەم عێراقەیان دەکرد، ئەوەی پێیان کرا دژ بە کورد (بەتایبەتی) کردیان تاکو ڕادەی جینۆساید، ئەوە (٦) ساڵە دەسەلات لەلایەن (عەرەبی شیعەوە) بەڕێوە دەچێت، بەرەنجامی خۆلادان لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد و کات بەسەربردن و قووڵبوونەوەی دوژمنایەتیی ڕەگەزی و تایفەگەری و بەرەنجامی زیاتر لە (٣) هەڵبژاردنی سەرتاسەری عێراق گەواهی لەو ڕاستییە دەدات کە ئەم (عێراق)ە کیانێکی ناتەبا و ناسروشتییە، خەڵکی کوردستان دەنگ بەلایەنی کوردستانی دەدەن، عەرەبی سوننە لە ناوچەکانی خۆیان دەنگ بە نوێنەرانی خۆیان دەدەن و هەروەها هاوولاتییانی ناوچەکانی عەرەبی شیعە بەلیست و نوێنەرانی خۆیان. واتە ڕەوتی پێکەوەژیانی پێکهاتەکان تیۆرییە و تەقسیمبەندییەکەی واقیعێکی حاشاهەڵنەگرە. تاکو ئەو واقیعە وەکو خۆی چارەسەر نەکرێت ڕەوتی پێکەوەژیان لەنگە و غەیری نەهامەتی چاوەڕوانی شتی تری لێ ناکرێ.

* کورد چۆن دەتوانێت لە داهاتووی دیموکراتیزەکردنی عێراقدا پێشەنگ بێت؟

- دەکرێت بڵێیت: سازشکاری دەسەلاتی فەرمیی کورد لەسەر مافەکانی کورد، بەرامبەر بەغەیرە کورد وەکو پێشەنگ (یەجووز)ە، ئەمما پێشەنگ بێت بۆ دیموکراتیزەکردنی عێراق ئەوە هەر (لایەجووز)ە. هۆ و هۆکاری ئەم (لایەجووز)ە زۆرن؛ خودی واقیعی هەرێمی کوردستان و دیاردەی دوو جەمسەری و قەبووڵنەکردنی زۆرینە و کەمینە، دووڕوویی لە نێوان دەسەلات و خەڵک و لە هەرێم و لە بەغدا، مامەڵەکردنی ئەم دەسەلاتە لە بەغدا لە دامەزراندنەوەی عێراق و مافەکانی کورد، مەوقیع و گرانیی ڕۆڵی کورد و عەقڵیەتی چین و توێژە دەسەلاتدارەکانی عەرەبی عێراق سەبارەت بە

پرەنسیپی دیموکراتییەت، کە لەم وڵاتە، وەک ژێرخان و سەرخان بوونی ئەوتۆی کۆنکرێتییان نییە، ئەوەش کە هەیە سەرەتایەکە، ئەو سەرەتایەش لە چەندان لایەوە سەقەت و کۆپی کراوە و بەسەربردنی کاتە. پرسی کورد یەک لە خاڵە سەرەکییەکانی نائارامیی بارودۆخی ئەم عێراقەیە. نائارامیش دوژمنی دیموکراتییەتە، لایەنی عەرەبی عێراق بە گشت پێکهاتەکانیەوە و لەگەڵ قووڵاییی نەتەوایەتییان ئامادە نین مافی کورد وەک کورد خوازیاریەتی وەک یەک پاکێت بسەلمێنن، ئەگەر هەندێکیشیان قەبووڵ کرد، ئەوە لە هەلومەرجی گونجاو پاشگەز دەبنەوە.

* مەترسییەکانی بەردەم کورد چین؟

– دابەشکردنی باشووری کوردستان لە یەک بەشەوە بۆ چەندان بەش. تەماشاکەن سەرکردایەتیی فەرمیی ئەم هەرێمە، تاکڕەوانە، لە پێش ئەودیوکردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێم لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان (قەزای بەدرە و ناحیەی جەسان و قەزای تەلەعفەر)یان لە مادەی (۲)ی ئەو پڕۆژەیە سڕییەوە، لە کاتێکدا بەشێک بوون لە مادەی (١٤٠) وەک مادەیەکی دەستووری عێراق. واتە بەفەرمانی لووتکە دەسەڵاتی فەرمیی پارتی و یەکێتی، پەرلەمانەکەیان، ناوچەیەکی کوردستان کە نزیکەی پانتاییی (لوبنان)ە بە خوتوخۆڕایی لە سنووری مێژوویی و جوگرافیاییی نەتەوایەتیمانیان سڕییەوە، نەک هەر ئەوە بگرە هەندێ لە بازنەی لووتکەی ئەو دەسەڵاتە بەخشپەکی تەنزیر بۆ (قەزای حەویجە و ڕەیاز و چەندان ناوچەی تر دەکەن) گوایە با بۆ عەرەب بێت و بارگرانییە لەسەر پرسی کورد واتە ئامادەییان تێدا هەیە ئەو ناوچانەش بە دەردی (بەدرە و جەسان و تەلەعفەر)ی بەرن، هەروەها لە نێوانیاندا هەیە کار بۆ ئەوە دەکەن کە (کەرکووک) وەک پارێزگایەک با لە دەرەوەی هەرێم بێت. ٦ ساڵ ئەولەویاتیان پۆست و بودجە و دەستهەڵگرتن بوو لە چەندان ناوچەی کوردستان نەک بوون و سنووری کورد و کوردستانی باشوور. بە ئومێدی ئەوەی شکستەکانی

لیستی دەسەڵات و بوونی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن فریادڕەسێک بێت بۆ ڕێگرتن لەو سیاسەتانە.

* داهاتوو چۆن دەبینن؟

– عێراقێکی ئارام و یەکگرتوو و دیموکرات و ئازاد و خاوەن سەروەریی خۆی بەو شێوەیە تەخریجی بۆ دەکرا، شیمانەکە لە ئاستی مەحاڵە. پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە ئارەزوویەکی نەزۆکە. فیدراڵییەت زاراوەیەکی بێ گیانە. ئەوەی هەیە هێشتا واقیعی دیفاکتۆ فەرزی کردووە و نائاساییە.

پرەنسیپی (شەراکەت) بەهەڵسوکەوت و مامەڵەی لووتکەی دەسەڵاتی فەرمیی هەرێمی کوردستان و عەقڵیەتی دەسەڵاتی عەرەبی عێراقی هیوا و ئاشتی، دوورە لە واقیع. یان بەخۆداچوونێکی بنەڕەتی و هەڵسانەوەیەکی نەتەوایەتی و نیشتمانیی هەمەلایەنە یان لە دەستدانی ئەوەی هەشە!

ئەم دیمانە لە ڕۆژنامەی (چەتر) ژمارە () و سایتی (کلاوڕۆژنە) بڵاو کراوەتەوە.

## دیمانە لەگەڵ ڕۆژنامەی "ئاوێنە"

ئا: عیسا خدر

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان و کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی کورد، جەوهەر نامیق، لەسەر کەمکردنی دەنگی کورد لە ناوچە جێناکۆکەکان بۆ ئاوێنە دەدوێت.

* ئاخۆ ئۆباڵی بەفیڕۆچوونی دەنگەکانی کورد لە ناوچە جێناکۆکەکان، لە ئەستۆی لیستی کوردستانییە، یان لیستی گۆڕان، یان لیستی کوردستانی و ئۆپۆزسیۆن هەموویانن بەگۆڕانیشەوە؟

– بەپلەی یەکەم لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی و بە تەحدید زیاتر یەکێتی و پارتی بەرپرسیارن، چونکە: یەکەم: پرسی ئەو ناوچانە لە نێوان ناوەند و دەسەڵاتی هەرێم لەمێژەوە چەقیوە و نوێنەرانی پارتی و یەکێتی پێوەنددارن. دووەم: لە ڕووی حزبییەوە لە دوای (٢٠٠٣)وە ڕێکخستنەکانی پارتی و یەکێتی زیاتر لە لایەنەکانی تر دەستڕۆ و بەئیمکاناتترن و هاوکات نوێنەرانی ئەم دوو حزبە دەسەڵاتی ئیداریی کەرکووک و نەینەوایان بەدەستەوە بوو. سێیەم: دەسەڵاتی هەرێم پەنجا بەپەنجا لە دەستی ئەم دوو حزبەیە، هەموو کەموکورتیی پێوەندیی هەرێم و ئەو ناوچانە، دەسەڵاتی ئەم دوو حزبە لێی بەرپرسیارن. چوارەم: ڕێگە والاکردن بۆ دەستێوەردانی دەرەکی، دیسان ئەم دوو دەسەڵاتە لێی بەرپرسیارن، چ لە ڕێگەی خۆشکردن، یان بێدەنگی لە ئاستی ناوچەکان یان هەرێم و زیاتر لە ناوەندی بەغدا و نێودەوڵەتی. پێنجەم:

مـامـەڵەكـردنی لایەنـی حزبی و ئیداریی كـوردی لەو ناوچانە لەگـەڵ پێكهـاتە غـەیرە كـوردییـەكـان مـامـەڵەیەكی حـزبی و تاكـەكـەسی بووە، لـەوەی جـۆر هـاوسـەنگ و ئـیعـتبـاراتی مێـژوویی و نەتەوایەتیی دروست و ڕەسـەن بێت. لە بواری ڕێكخسـتن و پێوەندی لـە هـەندێ ڕووەوە تـارمـایی و شـێـوە و شـێـوازە كارتۆنییەكانی بەعسی پێوە دیاربوو.

بۆ پرۆسـەی هـەڵبـژاردنی ٣/٧ لیـسـتی دەسـەڵات ئەوەندە جـیدی و سـوور نەبوو لە عەرزكردنی بەرنامەیەكی نەتەوایەتی بۆ یەكخستنی هەڵوێستی لایەنە كوردسـتانییەكـان بەو ئاراستـەی راكێشـانیان بۆ نێو جوغزی یەكگرتووی ئەو بەرنامـەیە، بەئەندازەی ئەوەی لە هـەوڵی لیسـتـەكـەی خۆیان بوون و لـە نێوان ئەوەش هـەریەک بۆ خـۆ. خـۆ ١١ حـزبی هـاوپەیمـانیـیـان لەگـەڵدا بوو لەو هەڵبـژاردنەدا زیاتر حزبایەتی كرا و لـە ناوچانەدا زیاتر كێبـەركێی یەكتریان دەكـرد لەوەی دژی ئەلعێراقـیـە و موتڵـەگ و نجـێفی و بەرەی توركمـان بن. بەكورتی بـەرپرسـیاریەتیی گـەورە لەسـەر شـانی دەسـەڵات و هـێزی گـەورەیە، ئۆپۆزسـیۆنیش بایی گرانیی رۆڵی خۆی مـەسئولیاتی دەكـەوێتە سـەر شـان. بەهـەرحـاڵ وانـەیـەكی باش بوو، بە ئـومـێدی ئـەوەی هـەمـوو لایەک سـوودی لێ وەربگرن.

* ئاخـۆ كـە ورد دەبینـەوە لە ئەنجـامی هـەڵبـژاردنەكـان، هەست ناكـەن ئۆپۆزسـیـۆنیش وەسـتـاوە و هـیچ بەرەوپێش نـەچووە لەم هەڵبژاردنەدا؟

– نەخـێـر ئـۆپۆزسـیـۆن بەرەوپێـشـەوە دەڕوات لە ڕووی جـەمـاوەری و جوگرافیاییەوە.

* تۆ دەڵێی ئۆپۆزسیۆن بەرەوپێش چووە، هۆكەی چییە؟

– كـەموكـورتیی دەسـەڵا تو بەهـەند وەرنەگـرتنی شـەپۆلی ناڕەزاییی بنكەی حزبی و جەماوەرییان و كورتهێنانیان لە ئاستی پرسە چارەنووسسازەكان.

* تا چەند ڕاستــە ئۆپۆزســیـۆن بەتایبـەتی گـۆڕان، لە ناوچەی سلێمانی حەسر بووە، هاوکات هەمان عەقڵیەتی یەکێتییەکان بەڕێوەی دەبەن؟

- وای نابینم. هێـزی جـەمـاوەریی گـۆڕان لەو ناوچەیە حـەسـر نـەبووە، دروستتر پێگەی سەرەکیی لەو ناوچەیەیە و لەوێشەوە پەلوپۆی ڕاکێشاوە بۆ ناوچەکانی تر لە بەغداوە بۆ زاخۆ و دەرەوەی وڵات.

ئەم دیمانە لە ڕۆژنامـــەی (ئاوێنە) ژمـــارە () و لە ســـایتی (کـــلاوڕۆژنە) بڵاو کراوەتەوە.

## دیمانە لەگەڵ ڕۆژنامەی (ڕووداو)

٢٠١٠/٤/٥

* هەرچەندە ئەمەریکا ئەوە ڕەت دەکاتەوە، بەڵام بەپێی زۆر لە لێکدانەوەکان ئەمەریکا هەوڵی داوە بۆ سەرخستنی لیستی عەلاوی. بۆچی ئەمەریکا دەیەوێ عەلاوی ببێتە سەرۆک وەزیران نەک کەسێکی وەک مالیکی؟

– ئەمەریکا خاوەن بەرژەوەندییە. دەسەڵاتی داگیرکەرە لە عێراق. بەپێی بەرژەوەندیی خۆی مامەڵە لەگەڵ ئەکتەرەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراق دەکات. لەمێژەوە دیاردەی پشتگیریی ئەمەریکا لە عەلاوی و موتڵەگ و هاشمی و نجێفی شاراوە نییە. پێشینەی عەلاوی و کەناڵەکانی پێوەندیی نیشتمانی و ئیقلیمی بەو ئاراستەیە دەڕوات. عەلاوی و مالیکی دوو کارەکتەری جودان لە ڕووی ئایدیۆلۆجی و ئینتیما و قووڵاییەوە. ئەمەریکا کاتێک پێویست بوو لایەنگیری مالیکی بوو، ئێستاش عەلاوی، وەلێ مەرج نییە هاوکێشەکە هەر وا بڕوات.

* شەقامی کوردی تا ڕادەیەک بەش بووە لە نێوان ئەوەی کورد هاوپەیمانیی لەگەڵ عەلاوی بکات یان مالیکی، بەڵام زۆربەی دژی عەلاوییە بەهۆی بوونی کۆنە بەعسییەکان لەنێو لیستەکەیدا، بەڵام هەندێ ڕۆشنبیر و سیاسیی کورد عەلاوی بە لیبراڵ ناو دێنن، لە هەمان کاتدا ئەو ڕایەش هەیە کە عەلاوی کەسێکی شۆڤێنییە. ڕای بەڕێزتان لەو بارەوە چییە؟

– قسـەیەکی کۆن هـەیە دەڵێت (پێم بڵـێ کێ دۆست و هـاوکارتە پێت دەڵێم ئیتیجاهی سیاسیت چییە). عەلاوییەکی دۆست و هاوکار و هاوپەیمانی ساڵح موتڵەگ و نجێفی و هاشمی.. تاد و، بەرەگەز عەرەب و بەپاشخان و ئینتیمای فیکریی نەتەوەپەرستی توندڕۆ و پەروەردەی حزبی بەعسی سەدامی و نزیک لە تۆڕی خودی ئەو دیکتاتۆرە، لە ڕووی مەزهەبی شیعە و بە ئیدعا لیبراڵ و تێکەڵ بەکەناڵەکانی ئیقلیمی و ئەمەریکا دەبێت کورد چاوەڕوانی چی لێ بکات.

* بەپێی ئەنجامە راگەیەندراوەکانی ئێستا، بەگوێرەی دەستوور دەبێ لیستی عێراقیەی عەلاوی بۆ پێکهێنانی حکومەت رابسپێردرێ، پێت وایە عەلاوی بتوانێ حکوومەت پێک بێنێ؟

– بەپێی واقیعی پێکهاتەکانی عێراق رەنگ و سەنگی لایەنە سیاسییەکان و نەخشـەی دەنگدان لە زیاتر لە ٣ هەڵبـژاردنی گشـتی، بەڕاشکاوی بەلای زۆرینەی عەرەبی شیعەدا دەشکێتەوە و لە نێوان ئەوانیش لایەنە مەزهەبییە سیاسییەکاندا. ئەم هاوکێشەیە گۆڕینی دراماتیکی بەسەردا نەهاتووە. مەنتیق دەڵێت لە بەرامبەر یەک هەڵوێستی عەرەبی شیعە چانسی عەلاوی لە ئارادا نییە. وەلێ ئەمەریکا و هێزە ئیقلیمییەکان ئامادەییەکی زەقیان هەیە. عەلاوی و مالیکیش لە بەرامبەر بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەو جەمسەرانەدا بچووکن.

* پێت وانییە مالیکی بەهۆی بوونی مەشوەرەتی ئاشکرای ئێران بۆ شیعەکان، سەرئەنجام شیعە حکوومەت پێک دێنێتەوە و کورد پێویست ناکات بە خۆنزیککردنەوە لە عەلاوی زیانێکی پێشەکی بۆ خۆی دابنێ؟

– ئەوەی مەنتیقە ئەوەیە پۆستی سەرۆک وەزیران لە دەست لایەنی ئیسلامی سیاسیی شیعە دەرناچێت. خیلافی ئەمە چ بە پلان یان پیلان

ڕەوشی عێراق نائارامتر دەبێت.

* وەک ڕاگەیەندراوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چوار لیستە براوە کوردییەکە دادەنیشێ بۆ ڕێککەوتن لەسەر یەک گوتاری کورد بۆ بەغدا، بەڕای تۆ ئەو ڕێککەوتنە دوا نەکەوت و ئاخۆ لیستەکانی: رافیدەین (یونادم کەننا-٣ کورسی) و ئەنجوومەنی کلدانی سریانی ئاشووری (٢ کورسی) و ئەندام پەرلەمانی دەرچووی کوردی شەبەکیش بەشدارییان پێ بکرێ لەو کۆبوونەوەیەدا باشتر نییە؟

- بەڵێ درەنگە، وەلێ هێشتا کات ماوە. چی و چۆن ڕیزەکانی پێکهاتە و لایەنە کوردستانییەکان بەهێز بکات باشە. بڕیاریش لای سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لایەنە براوەکانە.

* پێت وایە بردنەوەی زۆرینەی کورسییەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی پارتی و یەکێتیش ڕێککەوتنێکی تازە بکەن بۆ بەشکردنی کورسی و پۆستەکانی بەغدا کە وەک جاران نیوە بەنیوە نەبێ؟

- جارێ بە دووری دەزانم.

## دیمانه لەگەڵ رۆژنامەی "رۆژنامە"

٢٠١٠/٣/٢٤

سازدانی: سیروان رەشید

جەوهەر نامیق سالم سیاسەتوان و سکرتێری پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی، باوەڕی وایە خوازیارانی گۆڕین و گۆڕانکاری لەناو پارتیدا کەمتر نییە لە یەکێتی و دەڵێت: کە گرفت و ناعەدالەتی و تەنگژە هەبێت، گۆڕان مەتڵەبە و ئەگەر چارەسەر نەکرێت، بە دووری نازانم کە رەوتەکە لەناو پارتی زەق و فراوانتر بێت.

جەوهەر نامیق کە یەکەم سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بوو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ یەکێک لە شاکارەکانی ئۆپۆزسیۆن بە ئیمتیاز، درووژاندی بودجە و ئەو پێداگرتن و وردەکارییە بۆ "گۆڕان ئەزموونێکی نوێیان هێنایە کایەوە".

لەم چاوپێکەوتنە تایبەتەدا جەوهەر نامیق هێما بۆ ئەوەش دەکات کە تا دێت هەست و خواستی گۆڕان و گۆڕین لە پەرەسەندندایە و خەڵک خوازیاری گۆڕینی ئەم رەوشە سەقەتەیە و ئۆپۆزسیۆنیش ئامرازەکەیەتی.

* ماوەیەکی زۆرە رەخنە لە کەموکورتییەکانی دەسەلات دەگرن، ئاخۆ لەسەر هەمان شێوازی سیاسەتکردن بەردەوام دەبن؟ نیازتان نییە بەشێوەیەکی تر رەخنەکانتان فۆرمۆلە بکەنەوە و بە عەمەلی بێنە ناو پرۆسە سیاسییەکەوە؟

- هیچ دەسەڵاتێک بەبێ کەموکورتی نییە و نابێت. رەخنە، هەڵسەنگاندنە و

هەڵسەنگاندنیش دوو لایەنی هەیە، پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ، مەبەستیشمان سیستەمە و گۆڕینی سیستمێکە کە لە زۆر بواریدا بووەتە کۆسپ لە بەردەم پرسی کورددا و ناتەبایە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان و پێداویستیی قۆناغ و داهاتوومانداا. پاش (١٩) ساڵ لە دەسەڵاتی خۆجێیەتی وا دەبینین، زۆربەی زۆری پرسە چارەنووسسازەکانمان چەقیون و لە هەندێک بواریدا پاشەکشێ دەکات. دوور لە پلە و پایە و مەسئولییەت، نزیکەی (٧) ساڵە، تا ئەو ئاستەی بۆمان کرابێت درێغیمان نەکردووە، چۆن دەستمان پێ کردووە هەر واش بەردەوامین. لێت ناشارمەوە، گەشبینم بەوەی کە تا دێت هەست و خواستی ڕیفۆرم و گۆڕان و گۆڕین لە پەرەسەندندایە و پاش ( ٢٥/ ٧ /٢٠٠٩ و ٢٠١٠/٣/٧) وەک هێز و قەوارە لە ڕووی جەماوەری و یاساییەوە جێگیر بووە. سەبارەت بە فۆرمولەکردنی دید و بۆچوونەکان، هەست ناکەم لە دەرەوەی پرۆسەکەم.

* وەک سیاسەتوانێک، چ وێنەیەکتان لە بەرەنجامی هەڵبژاردنی (٣/٧) لا دروست بوو؟

– بۆ هەڵسەنگاندن و حوکمدان، هێشتا زووە. ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاو کراوەتەوە، لە زۆر لایەوە بۆ ئێمە موفاجەئە نەبوو.

* چۆن؟

– مەزەندەی ئەوەم دەکرد کە هەر لایەنی شیعە زۆرینە بن و دووریش نییە حکومەت هەر بۆ ئەوان بێت. سوننەی عەرەب و ڕەوتی شۆڤێنیزم و کۆنە بەعسییەکان، چ بە بەشداری و دەنگ و چ بە کورسی و ڕۆڵ و هەڵوێست ئەکتیڤتر دەبن. کورد، کورسی و ڕۆڵ و مونەپۆڵی لیستی دەسەڵاتی (پارتی و یەکێتی) کەمتر دەبێت، نوێنەرامان لە بەغدا چالاکتر دەبن. بەهەرحاڵ لە کوردستان بە ئارامی بەڕێوە چوو، لیستی دەسەڵات پاشەکشێی کردووە، ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ)، بەژمارەی دەنگ و کورسی پەرەی

سەندووە و بەداخیشەوە، دەستتێوەردان و خروقات دیاردەیەکی ناشیرینی بوون.

* هەرچەندە ئەم هەڵبژاردنە تا ئاستێکی زۆر قەوارەی راستەقینەی هێزەکانی دەرخست، بەڵام نابەرابەرییەکی زۆر لە نێوان لیستی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا هەستی پێ کرا، لە بەکارهێنانی پێگەی حکوومەت بۆ لیستێکی دیاریکراو تۆقاندن و هەڕەشە و تەزویر. چی بکرێت بۆ ئەوەی رێگە لە بەکارهێنانی ساختەکاری و دزینی دەنگی هاووڵاتییان بگیرێت؟

– بەداخەوە، دەستتێوەردان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا لای لایەنە سیاسییەکان بە گشتی و دەسەڵات بەتایبەتی، بووەتە کولتوور. ئەم دیاردەیە لە رێکخستنەکانی هەندێک حزبی کوردستانییەوە گوازراوەتەوە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتی. بۆ نموونە کە سەرکردایەتییەک ئامادە بێت بۆ هەڵبژاردنی ناوەندەکانی خوارەوە تا کۆنفراس و کۆنگرەی حزبیی خۆی، بە زەبری پارە و دیاری و ئیمتیازات و کوتلەبازی، بکەونە وێزەی کادیران و ئەندامانی حزبیی خۆیان بۆ یاریکردن بەدەنگەکان، لەمەوە بۆ ئەوی تر، لەم رەوتەوە بۆ ئەوی تر، چۆن سڵ کات لە دەستتێوەردان لە هەڵبژاردنێکی گشتی وەک پەرلەمان، کە خۆی و دەسەڵاتەکانی لە تاقیکردنەوەدا بن. لایەنە فەرمییەکانی هەرێم بێلایەن نەبوون، راگەیاندنی بودجە لە سەرەتای هەڵمەتی هەڵبژاردن، دانانی بەردی بناغەی پڕۆژەکان، مەقەس لێدان و کردنەوەی پڕۆژە و وەعد و پەیمانی سەخی و بێ گومرگی هەڵبژاردن و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە لە ئۆپۆزسیۆن و زۆر نموونەی تر، گەواهی لەو دیاردەیە دەدەن. تەزویری رێکخراو لە رێگەی ئەندام و کادیری حزبییەوە، مەسخکردنی مرۆڤە. بە رای بەندە، دزینی دەنگ و فەرزکردنی شەرعییەتێک لە رێگەی تەزویر و دەستتێوەردانەوە، مەسخکردنی ئەو ئەندامو کادیرانەیە، چاندنی ڤایرۆسی گەندەڵییە و پێشێلکردنی مافی هاووڵاتییان و ئیرادەی راستەقینەی

خـەڵکە و بـەردەبازێکە بۆ دەسـەڵاتـی شـمـولی و تاکڕەوی و ئەسـتـونێکێـتی.
چارەسـەرکردنی ئەم پەتایە، هەمـەجۆر و هـەمەلایەنەیە، لـە ماڵ و قـوتابخـانە و زانکۆ بۆ نـاو مـزگـەوتەکـان و راگـەیانـدن و کـۆڕ و کـۆنـفراسـی جـەمـاوەری، لە بنکەکـانی دەنگدان، ئـامـادەکـاری بۆ ڕووبـەڕووبوونـەوەی تـەزویرچیـیـەکـان، کـەشـفکردنی ئـامـراز و شـێـوە و شـێـواز و بنکە و ناوچـەکـانی تـەزویر و لە قـاودانی لایەنـەکان، لە هـەمـووشی گـرینگـتر، سـەرژمـێری و کـارتی دەنگدانی ئەلیکترۆنییە و.. هتد. بەهەرحاڵ، پەتی ساختە و درۆ کورتە و ئەو لایەنەش کە پشتبەستە بە تەزویر، زیاتر فێڵ لە خۆی دەکات.

* یەکـێکی تر لە بەرەنجـامـە بەرچاوەکـانی هـەڵبـژاردنی (٣/٧)، فـراوانبـوون و گەشـەکردنی ئۆپۆزسـیـۆنە لە هـەرێمـدا، لێکدانەوەی ئێوە چییە؟

– هـەر دەبێت ڕەوشـەکـە وا بـڕوات و هـەڵبـژاردن، گـەڕانـەوەیە بـۆ خـەڵک. دابڕان لە نێوان دەسـەڵات و خـەڵکدا فـراوان و قـووڵتر دەبێت و تەنگژەکانیـان لەوە دەرچووە باس نەکرێن و هـەڵوێست وەرنـەگیرێت بەرامبـەریان. دەسـەڵات گشت بوارەکـانی ژیانی کـۆمـەڵگەی مـۆنۆپۆڵ کـردووە، دەسـەڵات لە خـزمـەتی حـزب و حـزب لە خـزمـەتی لـووتکەدایە، ئـامـادەیش نییـە بەئـاسـانی دەسـتی لێ هـەڵگرێت تاکـو ئاسـتی دەسـتـتـێـوەردان و چاوسـوورکـردنەوەش. ئەم جـۆرە سیستمە ناتوانێت خـواستەکانی خـەڵک وەک پێویست جێبەجێ بکات. لە زۆر بواردا، دەسـەڵات و بەدرێژاییی (١٨) سـاڵ، تەنگژەکـانی قـووڵتـر دەبنەوە و ڕەوتی هەلەکان خێراتر دەڕۆن و ئەم هەڵبژاردنەش گەواهیی لەوە دا. دەسەڵات نایەوێت وەکو پێویست بەهەڵەکانی پێش (٢٠٠٩/٧/٢٥)دا بچێتەوە و قۆناغی دوای (٧/٢٥) ئۆپۆزسـیۆن بوونی خـۆی سـەلماند و رەوشـەکەی شـڵـەقاند و لە هـەندێک بواردا پەردەی لەسـەر رووی دەسەڵات لادا. خـەڵک خوازیاری گۆڕینی ئەم رەوشە سەقەتەیە و ئۆپۆزسیۆنیش ئامرازەکەیەتی.

* بەپێی ئەو ئەنجامـانەی لە بەردەستی مندان، ئەمجارەش دەنگی

پارتی و یەکێتی، لە کورتیی داوە و لە سنووری پەنجا هەزار دەنگ کەمتریان لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥) هێناوە؟

– هێشتا بە فەرمی ئەنجامەکان ڕانەگەیەنراون، وەلێ کورتکردنی ئەو دوو لایەنە، دوور نییە لەو ژمارەیە کە ئاماژە دەدات بۆ دواوە لەوانەیە گەورەتریش بێت، ئەگەر وا بێت، دیاردەیەکی سروشتییە، چونکە بەرهەم بەندە بە تۆ و ژینگە و چۆنیەتیی چاندنەوە.

* کاریگەریی ئەو بەرەنجامە سلبییە، زیاتر بەسەر قەوارەی یەکێتیی نیشتمانیدا شکاوەتەوە و بووەتە حزبێکی بچووکتر لە چاو پێنج ساڵی ڕابردوودا، ئاخۆ داخوازی بۆ گۆڕانکاری لەژێر دەسەڵاتی پارتیدا چۆنە؟

– ئێمە وەکو کورد، یەک کۆمەڵگەین، یەک ئامانجین و تووشی یەک دەسەڵاتی دوو جەمسەری بووین. خەڵک نیگەرانە لە دەسەڵات و ئەم سیستمە لە تەنگژەدایە و تەنگژەکەش لە حزبدایە و شۆڕ بووەتەوە بۆ ئیدارەو ناو کۆمەڵگە. یەکێتی، چ بە دابڕانی ریفۆرمخوازانی و دواتر لەدایکبوونی بزاڤی گۆڕان، لایەک لە کێشە ناوخۆییەکی خۆی چارەسەر کرد. هەنگاوەکانی پاش (٧/٢٥) بە ئاراستەی چاکسازی ڕاگەیەنراون. پارتی لە ڕووی ڕێکخستن و سروشتی سەرکردایەتییەکەی و سیستمی حزبایەتییەکەی لە هەندێک لاوە وەک یەکێتی نییە، وەلێ خوازیارانی گۆڕین و گۆڕانکاری لەناو پارتیدا کەمتر نییە لە یەکێتی. کەس ناتوانێت بڵێت، لەناو پارتیدا گرفت نییە، داخوازی و هەڵوێستی گۆڕانکاری نییە، کە گرفت و ناعەدالەتی و تەنگژە هەبێت، گۆڕان مەتڵەبە و ئەگەر چارەسەر نەکرێت، بە دووری نازانم کە ڕەوتەکە زەق و فراوانتر بێت. قەوارە، بەژمارەی کورسی نییە، زیادبوونی کورسییەکانی پارتی لەم هەڵبژاردنەدا، هۆ و هۆکاری تری هەیە، وەک کەمبوونی کورسییەکانی یەکێتی. بەگشتی لەم هەڵبژاردنەشدا پارتیش کورت دەهێنێت، بە بەراوردکردنی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی تر، وەلێ حزبی یەکەمە. لیستی

کوردستانی (١٣) حزب بوون، هەریەک لەمانە چەند کاریان بۆ پاڵێوراوی خۆیان کردبوو، ئەوەندەیش بۆ لیستی کوردستانی. لەناو لیستی کوردستانیدا مونافیسی یەکەم، یەکێتی بوو، یەکێتیش تا ئێستا بەتەواوی نەیتوانیوە برینەکانی سارێژ بکات و دیاریشە لە هەڵمەت و میکانیزمی هەڵبژاردندا زۆر سەرکەوتوو نەبوو. هەلومەرجی هەولێر و دهۆک و ناوچەکانی لای مووسڵ بۆ پارتی کاریگەریی تایبەتی هەبوو، ناوچە هەبوو (١٨ ,٩٩ ٪) گوایە دەنگی بۆ پارتی داوە! نازانم تا چەند وایە، وەلێ. دڵنیام ئەگەر یەکێتی و پارتی هەریەک بە تەنیا لیستی خۆیان هەبایە وەک گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ، نە یەکێتی وا کورتی دەهێنا و نە پارتیش وا لە پێشەوە دەبوو، نە ئەو (١١) لایەنەش وایان بەسەر دەهات. تەنیا بەراوردی دەنگەکانی (پارتی) بکەن لە پارێزگای سلێمانی و گەرمیان، (نزیکەی ٦٤)ساڵ و بە وجوودی زیاتر (٦) لق و هەزاران ئەندامی لیست و مووچەخۆری حزبی و ئیداری، تا ئێستا کەمتر لە (١٠٪) هێناوە!

* بەپێی بەرەنجامەکان، هاوسەنگیی هێز لە نێوان پارتی و یەکێتیدا زۆر لاسەنگ بووە، لەم رووەوە چ بۆچوونێکتان هەیە؟

- بەپێی مەنتیق، وەکو دەڵێن، سیاسەت گوزارشتکردنە لە بەرژەوەندی. بەرژەوەندی پێویستی بەهاوسەنگیی هێز هەیە، سروشتییە دوای هەر هەڵبژاردنێک پێداچوونەوە بە هاوپەیمانییەتییەکان بکرێت، وەلێ ئەمەی نێوان پارتی و یەکێتی دوور نییە لەم هاوکێشەیە بەدەر بێت. دیاردەیەکی ئیستسنائییە و دیارە گرێدراوی هەلومەرجی تایبەتی خۆیەتی کە زیاتر تەعبیرێکی مەوەرکەزە لە دید و بۆچوونی لووتکەی هەردوولا. تا ئەو بەرژەوەندییە خوازیاری هەڵوێستی وەها بێت، ئەوە تەرازووی هێز، حیسابی ئەوتۆی بۆ ناکرێت.

* دەکرێت وردتر قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەیت، مەبەستت چییە لە بەرژەوەندیی لووتکەی پارتی و یەکێتی؟

– سیستمی ئەم دوو حزبە، سیستمێکی هیراکییە، هێما و لووتکە لەبەر کۆمەڵێک هۆ و هۆکار، وای لێ هاتووە کە هەقیقەت لای ئەوانە. چەند ساڵە باسی ڕێککەوتنی ستراتیجی دەکەن و زۆربەی هەرە زۆری سەرکردایەتیی ئەم دوو حزبە بەلای خاڵەکانیدا نایەن. تەسەور بکە، ڕێککەوتنێکی ستراتیجی لە نێوان دوو سەرکردایەتیدا کە ئەگەر وابێت، دوور نییە چارەنووسی خودی حزبەکەیان، ئەم ئەزموونە، پرسی کورد.. هتد، پێوە گرێ درابێت، کەچی نەک بنکە و کەوادیری ناوەندی هەردوولایان بێ ئاگان لێی، بگرە لە ئاستی بازنەی تەسکی سەرکردایەتیشیاندا، هەر وەکو خۆیان لە نێوان گشتی و تایبەتی خۆیان باسی دەکەن و ئەوە باسی حکوومەت و پەرلەمان و لایەنی سیاسییەکان بە هاوپەیمانەکانیشیانەوە هەر مەکە. ئەمما شەقامی کوردستان، ئەوە هەر تەقەی سەری دێت. ئەوەی دیارە بۆ رای گشتی، تەنیا چڕکردنەوەی پرەنسیپی پەنجا بەپەنجایە بە تایبەتی لە ئاستی پۆست و داهاتدا، بۆیە لەو باوەڕەدام تا بەرژەوەندییەکانی لووتکە گۆڕینی بەسەردا نەیەت، باسکردنی لاسەنگیی هێز لە نێوانیاندا ئەوەندە گرینگ نییە.

* چۆن، گۆڕانکاری بەسەر هاوسەنگیی هێزی پارتی و یەکێتیدا نەهاتووە، لە کاتێکدا لە بەغدا، پارتی پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی لە یەکێتی سەند و لە هەرێمیش جێگری سەرۆکی هەرێم نادات بە کۆسرەت ڕەسووڵ؟

– لەم هاوکێشە سیاسییەی نێوان لووتکەدا، هیچ کام لەو پۆستانە گرینگیی ئەوتۆیان نەبووە. تا ئەم سیستمە بەردەوام بێت، ئەو حیسابەی بۆ ناکرێت و دووریش نییە کە ئەم جۆرە مەسەلەیەش، یەک لە تەلیسمەکانی ڕێککەوتنی ستراتیجیی نێوان ئەم دوو لایەنە بێت.

* با بێینە سەر باسی کورد لە بەغدا، مشتومڕی کورد و سوننە لەسەر پۆستی سەرکۆمارە، چ بۆچوونێکتان هەیە؟

– بۆچوونمان لەمەڕ ئەم پۆستە و پۆستە سیادییەکانی تر، بە ڕاشکاوی لە پێش ساڵی (٢٠٠٥)، خستە ڕوو. ئەوسا و ئێستاش، پۆستی سیادی لە عێراق، یەکێکە لە مافەکانی کورد، وەلێ دوو ئیشکال هەیە. یەکەم: پرسی کوردە. دووەم: دەسەڵاتەکان لە عێراق و ئەو پۆستانەیە. بەدیاریکراوی چی بکەین لە پۆستێکی سیادیی پەراوێزکراو یان بێ دەسەڵات، یان کۆپیی موکەڕەر. بوونی کورد لە بەغدا، پۆست و ئیمتیازی حزبی و شەخسیی نییە، پرسی کوردە، پرسی کوردیش: خاک و سنوور و فیدراڵییەت و دەسەڵات و شەراکەتە لە ناوەند، نەک موشاریک. پاکێتیی نەتەوایەتییە، نەک حزبی و شەخسی. بەداخەوە، پۆستە سیادییەکان زۆرجار و لە زۆر بواریدا شەخسەنەکراون و بارگران بوون لەسەر ئەو پاکێتە! ئەگەر هەر وابێت، پێداگرتنی لایەنی کوردستانی، بەسەربردنی کاتە!

* ئەی بۆچی لە ئێستادا لیستی هاوپەیمانی، ئەوەندەی تەرکیز لەسەر پۆستی سیادی دەکات، ئەوەندە باسی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان ناکات؟

– باسی مافە نەتەوایەتییەکانیش کراوە و دەکرێت، وەلێ زەقبوونی ئەو پێداگرتنە لایەنێکی شەخسی و حزبیی هەیە. لایەکی تری دوور نییە قەناعەت وابێت، بوونی ئەو پۆستانە جۆرە زەمانێک بێت، بەو پێیە سەرکۆمار مافی ڤیتۆی هەیە. ڕاستە مافی ڤیتۆی هەیە، وەلێ دووانەکی تریش هەمان مافیان هەبوو. ئەو مافە بۆ کێشەیەکی یاسایی یەک جارە و واتە قەتعی نییە کە دەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمانی عێراق بڕیاری کۆتا لای ئەوانە، ئەم پرەنسیپەش بۆ یەک خولە، یان وای بۆ دەچن، کەناڵێکی پێوەندییە بەجیهانەوە، واتە بەسەرکۆماری وڵاتانی ترەوە. وڵاتانی ئیقلیمیش هەڵوێستیان روونە و ئەوەی گرینگە، ئەمەریکا و بەریتانیایە. بەپێچەوانەوە زۆرجار ئەو کەناڵە زیانگەیێنە لەسەر پرسی کورد. نموونە زۆرە، ئەو پۆستانە زیاتر پرۆتۆکۆڵی بوون. سەرکۆمارێک خۆی لە ئیمزاکردنی حوکمی لەداردانی دڕندەترین دوژمنی

کـورد لادات، وەک سـەدام و عـەلی کـیـمـیـاوی و بـەرگـری لە تاوانبـارێکی ئەنفالچی، وەک سولّتـان هاشم و تاریق رەمـەزان بکات لەژێر هـەر پاسـاوێکدا بێت، رەنجاندنی دڵی نەتەوەیەک و کەسوکاری هەڵەبجە و ئەنفالکراوەکانمانە، یان چ لە پۆستێکی وەزارەتی دەرەوە بکەین بۆ کورد کە رۆژانە سوپای تورکیا و ئێران حورمـەت و سـەروەریی وڵاتەکـەمـان دەشکێنن و گوند و مـاڵومـاڵاتمان بۆردمـان دەکـەن، تورکیا نزیکـەی (١٠) بنکەی سـەربازیی لە هـەرێمـەکـەماندا چاندووە، پەرلـەمـانی کوردسـتـان داوای کـردووە، دەبێت نەمێنن، هـەر مـاون و دوور نییە بەهێزتریش بکرێن. ئەگەر وەزیری دەرەوەی عێراق عەرەبێک بووایە، وروژاندنی دەیان پرسی وەها، ئاسانتر بوو بۆ کورد.

* لە پاش هەڵبژاردنی (٧/٣)، نەمانبینی کە سەرۆکایەتیی هەرێم هەنگاوی جـیـدی و بەپەلە و ئاشکرا بنێت بۆ نزیکبـوونـەوەی لە گۆڕان و بەرەی ئۆپۆزسـیـۆن بەگشـتی، لـە کاتێکدا مـەسـەلەکـە هاوپەیمانیـەتییـە لە بەغدا. ئاخۆ ئەم هەڵوێستـەی سـەرۆکایەتیی هەرێم، لەبەر خـاتری یەکـێـتـییـە، یاخـۆ پارتی خـۆشـی هەمـان بۆچوونی هەیە؟

– پێش هەڵبژاردنەکانی (٧/٣) و بۆ رۆژنامەی (رووداو)، تەمەننای ئەوەمان کرد کە هەر دوای هەڵبـژاردنەکان، سـەرۆکی هـەرێم و پەرلەمـانی کوردسـتـان وەک مەرجەعیەت، لەگەڵ لایەنە براوەکان، واتا لیستی (کوردستانی و گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمـەڵ) کـۆ بێـتـەوە و نـەخـشـە و سـتـراتـیـجـیی کـورد لە بـەغـدا بەمەرجەعیەت بکرێت، چونکە ئەو سەرۆکی هەرێمە و جگە لە لیستی دەسەڵات ئۆپۆزسـیـۆنیش هەیە. دڵڕاگرتنی یەکێتی لەم بارەیەوە هۆکار نییـە، هەروەها هەڵوێسـتی پارتیش. باسی وا هـەیە کـە دوای راگەیاندنی بەرەنجـامـەکـان بە فەرمی موبادەرەی وا بکرێت، ئەمەش باشـە وەلێ باشتر وابوو زووتر بێت. ئەم گـشـتگیـرییـە گـرفـتێکە، نەک هـەر ئەمـەش، بەڵکو تێگەیشتن لە پرەنسـیـپی مـەرجـەعیـەت هێشـتا نەگەیشـتووە و هەسـتکردن و حیسـابکردن بۆ قۆناغی

دوای (٧/٢٥) و بوونی یاسایی ئۆپۆزسیۆن هێشتا کامڵ نییە. چەندە ئەم کێشەیەش ئەرکی سەرۆکی هەرێم بێت، ئەوەندەیش ئۆپۆزسیۆن بەرپرسیارە و ناکرێت بێدەنگ و بێ هەڵوێست بێت. ئەمە مافی خەڵکە کە دەنگیان پێ داون.

کاتی هاتووە، بیر لە مەرجەعیەت بکرێتەوە، مەرجەعیەتیش بەپێی یاسای ئێمە، پەرلەمانی کوردستانە و مادەیەکی روون هەیە کە دەڵێت پەرلەمان مەرجەعی خەڵکی کوردستانە و بەرپرسیارە بەرامبەر هەموو کێشە چارەنووسسازەکان. کێشەکانی ئێمەش لە بەغدا زۆربەی هەرە زۆری چارەنووسسازن، هەروەها بەپێی یاساش، سەرۆکی هەرێم بەرپرسە لەم هەرێمە، بۆیە من تەمەننام دەکرد هەر دوای هەڵبژاردن بە رۆژێک، سەرۆکی هەرێم دەعوەتی هەموو لایەنەکان بکات و گفتوگۆ لەسەر ئەو پێشهاتە تازەیە بکەن و هەر لەو بانگهێشتنەدا سەرۆکی هەرێم لێژنەیەکی لە لیستە براوەکانی هەڵبژاردن (لیستی هاوپەیمانی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) دروست بکردایە بۆ داڕشتنی پرۆگرامێک بۆ چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لە نێوان هەرێم و بەغدا و مەرجەعیەت و دوای ئەنجامی کۆتا ئەنجامی هەڵبژاردنەکەش کە لایەنە براوەکانی سەر ئاستی عێراق دەرکەوتن، لێژنەکە دیسان دابنیشتنایە و ئەو پرۆژەیەیان باشتر دیراسە بکردایە و دەشیانتوانی بیدەنە راگەیاندن بۆ ئەوەی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە زیاتر دەوڵەمەند بکرایە و دواتریش بنێردرایەتە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی بەتێروتەسەلی زیاتر موناقەشە بکرایە و بووبووایە بە میساق و قانوونێک بۆ ئەوەی نوێنەرانی ئێمە پابەندی ئەو مەسەلەیە بن، بۆ ئەوەی پرسی کورد لە بەغدا رزگار بکەین لە میزاجییەت و حزبایەتیی تەسک و لە دەسەڵاتی تاکەکەس و بیکەینە پرسی میللەت و نەتەوەیەک. پێم وایە، ئێستاش کات ماوە، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ گرینگە یەکڕیزیی ئێمەیە. من باوەڕم بەو دروشمە نییە کە ئێمە لە ناوەخۆ چەند ناکۆک بین ئاساییە، بەڵام بۆ بەغدا یەک بین، بۆچوونێکی دروست نییە، چۆن دەبێت لێرە خەڵک بگیرێت و بزر بکرێت و لە نەخۆشخانە خەڵک بڕفێنرێت و نانی خەڵک ببڕدرێت و تەعامولی فەوقی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی براوە

بکرێت، هێشتاکە ئەنجامی کۆتاییی هەڵبژاردنەکە بڕیاری لەسەر نەدراوە و لایەنێکی سیاسی هەستێت پاڵێوراو بۆ سەرکۆمار دیاری بکات کە بەشی خەڵکی تریشی تێدایە، ئەم جۆرە ئیجرائاتانە ساردی دروست دەکەن.

* سەبارەت بەپێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی عێراق. بەپێی هەندێک زانیاری، جۆرێک لە ناکۆکی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا هەیە سەبارەت بە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ لیستە شیعی و سوننەکان؛ بۆچوونێک لەناو پارتیدا پێی باشە، لەگەڵ لیستەکەی عەلاوی رێککەوتن بکرێت و بۆچوونێکیش لەناو یەکێتی پێی باشە، لەگەڵ لیستەکەی مالیکی؟

– لەناو لیستی عێراقییەدا، یان زۆرینەی پێکهاتەی لیستی عێراقییە، زۆرترینی شۆڤێنیزمی عەرەبی تێدا کۆ بووەتەوە، سەرسەختانە بەربەرەکانێی کورد دەکەن و ئاواتەخوازم لیستی عەلاوی رۆڵی سەرەکی نەبێت لە حکوومەتی داهاتوودا. لەم سەراو و دەراوەدا ئەمەریکا رۆڵی کاریگەری هەیە. ئەوان چەند (ساڵح جەبرێکیان) هەیە، وەلێ تا ئێستا (نووری سەعید)ێکیان بۆ پەیدا نەبووە. جیاوازی لە نێوان حزبە کوردستانییەکان لەمەڕ هاوپەیمانیەتی لەگەڵ ناوەند، ئەگەر هەبێت باش نییە.

* بۆچی لە خیتابی کوردیدا ئەوە هەست پێ دەکەین کە مەسەلەی بەشداربوون و نەبوونی کورد لە حکوومەتی بەغدادا شتێکە بڕاوەتەوە و هەر بەشدار دەبێت، پێت وایە، پێویستە بەهەر شەرت و مەرجێک ئێمە بەشدار بین لە حکوومەتی داهاتووی بەغدادا؟

– نەخێر، دەبێت بەشداریی کورد لەسەر سەوابتی پرسی کورد بێت. خۆ لە سەردەمەکانی پێش رژێمی سەدام و لە سەردەمی ئەویشدا کورد هەر بەشدار بووە لە دەسەڵاتی ناوەند و چەندان تەها محێدین و تەها جەزراوی و... هەبووە.

* بۆچوونتان لەسەر بەشداریکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لە حکوومەتی داهاتووی عێراقدا چۆنە؟

– ئەوە مەسەلەیەکە پێوەندیدارە بەمەسەلەی لیستی دەسەڵات و (مەرجەعیەت)ەوە، سەبارەت بەهەڵوێستیان لەمەڕ ئۆپۆزسیۆن و چۆنیەتیی بەشداری لە ناوەند، بەهەرحاڵ ئەو پرسە بەجێ هێڵراوە بۆ خودی گۆڕان.

* ئەگەر گۆڕان بەشداری لە حکوومەتی عێراقدا بکات. ئاخۆ نابێت بە بەشێک لەو سیستمە گەندەڵەی کە ئێستا لە ئارادایە؟

– گەندەڵی دیاردەیەکی سەرتاسەرییە لە عێراقدا و دیاردەیەکە ناتوانرێت، نکووڵیی لێ بکرێت، وەرنەگرتنی پۆست چارەسەر نییە بۆ گەندەڵی. بەشداری، بەندە بە یەکەتیی خیتاب و هەڵوێستی کورد لەمەڕ پرسەکەی و هەڵوێستی دەسەڵاتی ناوەند سەبارەت بەو خیتابە.

* کەواتە لایەنگیری بەشداربوونی بزووتنەوەی گۆڕانی لە حکوومەتی عێراقدا؟

– پێش ئەوە، لایەنگیری بەشداریی کوردم، بەگۆڕانیشەوە. لایەنگیری حەسمکردنی پرسی کورد و ڕزگارکردنیم لە موحاسەسەی حزبی و تاکەکەسی و پۆست و ئیمتیازات.

* بۆچوونتان لەسەر ئەدای نزیک بەشەش مانگی کابینەی شەشەمی حکوومەتی هەرێم چۆنە، لە کاتێکدا هەندێک لە چاودێران پێیان وایە کە ئەم کابینەیە تا ئێستا نەیتوانیوە بە تەواوەتی هیچ خاڵێک لە بەرنامەکەی جێبەجێ بکات؟

– وتوومە و جەختیشی لێ دەکەمەوە کە کابینەی شەشەم، کابینەیەکی بێ بەرنامەیە، من مەبەستم بەرنامەیەکی روون و ئاشکرایە، نەک خیتابێک.

بەرنامەی حکوومەت، ئەو بەرنامەیەیە کە گشت وەزیرەکانی ئەنجوومەن بەشدار بن لە دانانی و پەسندکردنی و ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ موناقەشەکردن و تەسدیقکردنی. کە بەرنامەی فەرمی نەبێت چی لە مەزەندە بکرێت. بودجەی ئەم کابینەیە گەواهی لە بێ بەرنامەیی ئەم کابینە دەدات. پێم وایە، ئەم حکوومەتە نەچووەتە سەر سکەی خۆی لە بەرنامەی؛ کارکردن، خەرج.. هتد و هێشتا (خۆی بەغەریب و کاتی دەزانێت).

* یەکێک لەو شتانەی کە بەرپرسانی باڵای ئەم کابینەیە شانازیی پێوە دەکەن، مەسەلەی شەفافیەتی بودجەیە. ئێوە پێشتریش بۆچوونی تایبەتتان لەسەر بودجە هەبوو. ئێستا و پاش ئەو مشتومڕەی ناو پەرلەمان، بۆچوونتان چۆنە؟

– لە مێژووی ئەم (١٨) ساڵەی پەرلەمانی کوردستاندا، یەکەم جارە ئۆپۆزسیۆنێکی خاوەن بەرنامە و بەرچاوڕوون و جەریئمان هەبێت و یەکێک لە شاکارەکانی ئۆپۆزسیۆن بە ئیمتیاز، وروژاندنی بودجە و ئەو پێداگرتن و وردەکارییە بوو. مەبەستم لە ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو)ە، بە راستی رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو، بەتایبەتی نوێنەرانی گۆڕان ئەزموونێکی نوێیان هێنایە کایەوە. خۆشحاڵم پاش (١٨) ساڵ پەرلەمانی کوردستان لە قاڵبی پەنجا بەپەنجا دەرچێت، ئۆپۆزسیۆنێکی بەرپرسیار و ورد و بەهەڵوێست بەدەرکەوێت.

ئەو بودجەیە بودجەیەکی ناتەواوە و کاتی خۆی ناچار بووم کە وەسفم کرد بە(سەقەت) و شتی باشی تێدایە، بەڵام زۆرجار شتی خراپ شتی باشیش قووت دەدات، بۆیە لەوانەبووم کە زوو داوام کرد، باشترو دروستتر وایە، ئەو بودجەیە بگەڕێتەوە بۆ حکوومەت و جارێکی تر بە سوودوەرگرتن لەو تێبینییانە پێیدا بچنەوە و بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان. ئەو بودجەیە تەنیا شتی ناشەفافی تێدا نییە، بەڵکو یەکێک لە لایەنە خراپەکانی ئەوەیە کە یەکەم جارە لە رێگەی بودجەوە دەسەڵاتی کارگێڕی تەجاوزی دەسەڵاتی پەرلەمان و

دادوەری دەکات. لە مێژووی ئەم حکوومەتەی ئێمەدا نەبووە، ئەنجوومەنی وەزیران، بودجەی پەرلەمان بخەملێنێت.

* لە دوای ئەو رەخنە جیدییانەوە کە لەسەر بودجە گیراون، ئێستا بەشی پارتیش لە فراکسیۆنی کوردستانی، هاوڕان کە ئەم بودجەیە کەموکورتیی زۆری تیایە و پێویستە بگەڕێتەوە بۆ حکوومەت. ئەم گۆڕانە کە بەسەر تێروانینی بەشێک لە فراکسیۆنی کوردستانیدا هاتووە، چۆن دەبینیت؟

– ئەگەر وابێت، کارێکی باشیان کردووە و جێگەی خۆشحاڵییە، ئاواتەخوازم کوتلەی یەکێتیش ئەو هەقیقەتە بسەلمێنن.

* لە مێژووی حوکمڕانی هەرێمدا بزووتنەوی گۆڕان، توانی واقیعی بەرهەڵستکاری بچەسپێنێت و ئێستا ئەم بزووتنەوەیە دوو هەڵبژاردنی گرینگی تێ پەڕاندووە. بە ڕای ئێوە، پێویستە ئەم هێزە سیاسییە نوێیە چی بکات و چۆن خۆی ڕێک بخاتەوە، بۆ ئەوەی بۆ داهاتووش کاریگەریی پۆزەتیڤی بەسەر پرۆسەی سیاسییەوە هەبێت؟

– لە دوای (٧/٢٥)وە شتێکم لە میدیاکان بڵاو کردەوە و ئاماژەم بەوە دا کە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە، برادەرانی گۆڕان لە گردەکە بێنە خوارەوە و گۆڕان لە ڕەوتەوە بووە بە بزاڤ، کاتی ئەوە هاتووە، ناوەڕۆکی بزاڤ و قەوارەکەی ڕێکتر بکرێت. دوور نییە برایانی گۆڕان، ئەم کێشەیەیان چارەسەر کردبێت، وەلێ پانتاییەکی فراوانی شەقامی کوردستانی هێشتا ئەم بزاڤە بەبزاڤێکی (عەفوی) لە قەڵەم دەدەن و سۆز و عاتیفە و بزاڤی عەفەوی تا سەر بۆ کەس ماڵ نییە. هەندێک گۆڕان بەوە تۆمەتبار دەکەن، گوایە (سواری شەپۆلی نارەزاییەکانی خەڵک بووە)، بەتەئکید وەزیفە و ئەرکی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە، سواری شەپۆلی نارەزاییەکانی خەڵک ببێت.

بوونی ئۆپۆزسیۆن بەندە بە نارەزاییی خەڵکەوە و لازم و مەلزوومی یەکن. شەپۆلی نارەزایی شەپۆلێکی هەمیشەییە و دووربینیی و زیرەکیی لەوەدایە کە زوو پێی بزانێت و بیقۆزێتەوە و سواری شەپۆلەکەی بێت و جڵەوەکەی بگرێت. نابێت شێواندنی ژیانی رێکخستن و حزبایەتی لە کوردستان، پاساو بێت بۆ هەڵهاتن لە ژیانی حزبایەتی و سیستمی رێکخستن. حزبایەتی و ژیانی حزبایەتی و رێکخستن، عەیب و عار نییە و تا ئێستاش عەقڵی بەشەریەت، لە غەیری حزب، هیچ ئامرازێکی تری نەدۆزیوەتەوە بۆ مەسەلەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی و گۆڕین و گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و رێکخستن و کۆکردنەوەی جەماوەر. ئەمڕۆ گۆڕان بەرپرسە بەرامبەر ئەو رەوتەی کە خەڵک دەنگی پێ داوە و لە پشتیەتی. بەرپرسە بەرامبەر ئەو تەوژمەی کە بووەتە خواستی خەڵک.

* پێت وایە، پێویستە ئەم بزووتنەوەیە ئایدۆلۆجیای هەبێت، یان هەر بەرنامەیەکی نیشتمانی؟

– تۆ بڵێیت بزووتنەوەیەکی جیدیی هەبێت بەبێ ئایدۆلۆجیا و لەش بەبێ مێشک نابێت و هیچ شتێکیش نییە لە دنیادا پێوەندی بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییەوە هەبێت و بێ ئایدۆلۆجیا بێت. ئایدۆلۆجیا مەنزوومەیەکی فیکریی روون و ئاشکرایە و موتەکامیل و رێنیشاندەر و نەخشەی رێگەیە بۆ ئەو دیاردانە و بەرنامەیش هەڵقووڵاوی ئایدۆلوجییەتە.

تێبینی: ئەم دیدارە لە رۆژنامەی (رۆژنامە) ژمارە ٢٠١٠/٣/٢٤ و سایتی سبەی هەمان رۆژ بڵاو کراوەتەوە.

## دیدار لەگەڵ ڕۆژنامەی "کۆمەڵ"

دڵشاد هەرتەلی: ٢٠١٠/٣/٢١

سیاسەتوان و یەکەم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان جەوهەر نامیق سالم لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (کۆمەڵ)، تایبەت بەپرسی کورد لە دوای خولی نوێی پەرلەمانەوە لە بەغدا ئاماژە بەوە دەدات کە ناکرێ مامەڵەی سیاسیی کورد لەمەودوا وەکو رابردوو بێت، چونکە پێشتر وەرگرتنی پۆستی سیادی و بەرژەوەندیی حزبی و شەخسی لە پێشینەی داواکان بووە نەک پێداگیری لەسەر پرسە نەتەوەیی و چارەنووسسازەکان، ناوبراو پێی وایە گەر بەو شکڵەی رابردوو بمێنینەوە لە بەغدا باشتر وایە پێ لەسەر وەرگرتنی سەرۆکایەتیی کۆمار دانەگرینەوە، چونکە لە ڕووی سیاسی و مافە نەتەوایەتییەکانەوە کورد سوودی وەرنەگرتووە و پێویستە لەمەودوا پێوەندییەکانمان جیاواز بێت لە جاران.

لەلایەکی ترەوە جەوهەر نامیق دەڵێ:"سووربوون لەسەر پرسە ڕەواکانمان کارتێکی بەهێزە"، ئەم تەوەرانە و چەند پرسێکی بۆ داهاتووی کورد لە پەرلەمانی عێراق لەم گفتوگۆیەدا دەخوێنیتەوە.

* جیاوازیی ئەو فرە لیستییەی ئەمجارەی قەوارە کوردییەکان چییە، بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی کورد لە بەغدا؟

– مەنەپۆڵی پارتی و یەکێتی لەمەڕ پرسی کورد لە ناوەند خاو دەکاتەوە، ڕۆڵی نوێنەرانمان ئەکتیڤتر دەکات، مامەڵەی کورد لەگەڵ ناوەند شەفافتر دەبێت، شەقامی کوردستانی بەئاگاتر دەبێت.

* تا چەند گرینگە کورد یەک هەڵوێست بێت؟

– زۆر گرینگە، بەتایبەتی لەمەڕ پرسە چارەنووسسازەکان، بۆ ئەمەش جیاوازیی ئەوتۆ بەدی ناکرێت لە پرۆگرامی هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ و ٢٠١٠/٣/٧ گشت لایەنەکانی کوردی، واتە لیستی دەسەڵات و لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن، مەزەندەی ئەوە دەکەم هەر چوارلایان لەو بارەیەوە کۆک بن، هەڵوێستی برایانی کۆمەڵ و یەکگرتوو، وەک هێزێکی دەرەوەی لیستی دەسەڵات لە خولی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، پێشینەیەکی زیندووە، سەبارەت بەیەک هەڵوێستیی کورد، ئەزموونێکە بۆ ئەو دوولایەنە، بۆ کورد مایەی شانازییە. مانەوەی ئەو هەڵوێستە و بەهێزکردنی زیاتر بەندە بەتێڕوانین و هەڵسوکەوتی لیستی دەسەڵات لەگەڵ لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێم و لە بەغدا، گرینگیی یەک هەڵوێستی ئەمجارەی کورد پێویستترە، چونکە کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەڕێگەوەیە لە پێش هەموشیان، زیادبوونی رەوتی شۆڤێنیزم وەک قەوارە و ژمارە.

* ئاخۆ بەشداریکردنی لیستە کوردییەکان تا چەند گرینگە بۆ بەشداریکردن لە حکوومەت، هەروەک باس لەوە دەکرێت لە رابردوو وەرگرتنی ئەو پۆستانە هیچ ئیمتیازاتێکیان بۆ کورد نەبووە زیاتر بۆ شەخس بووە؟

– بەشداریی کورد لە هەرسێ دەسەڵاتەکانی ناوەند و گشت فەرمانگەکانی، یەک لە مافەکانی کوردە کە دەستوور زامنی کردووە، وەلێ هەموو مافەکانمان نییە، بەشداریی کورد لە حکوومەتی ناوەند گرینگە وەلێ تەنیا بۆ خۆی ئامانج نییە، بگرە ئامرازە، ئەزموونی ڕابردوومان زۆر پۆزەتیڤ نییە، من ناڵێم هیچ ئیمتیازاتێکیان بۆ کورد نەبوو وەلێ لە چەند لایەکەوە زیاتر سیفەتی کەسایەتی و سوودی تایبەتی پێوە دیاربوو، بۆیە لە هەندێ بواریدا بارگرانی بوون لەسەر پرسی کوردی و لەسەر خودی حزبەکانیان.

* پێتان وانییە لە ڕابردوودا زیاتر حزبایەتی کراوە؟

– زۆرجار حزبایەتیش نەکراوە، هەندێ لە نوێنەرانی ئەو حزبانە بەدەر لە پرۆگرامی حزبەکەیان یان پرۆگرامی لیستەکەیان هەڵسوکەوتیان کردووە، بەڵێ لەوێ حزبایەتی کراوە بەمانا عامەکەی، لەناو مانا عاماکەش هەندێ جار زیاتر بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان مەبەست بووە.

* ئەو هەڵانە چی بوون لە رابردوو کە نوێنەرانی کورد کردوویانە، بۆ ئەوەی ئەمجارە کورد بەو فرە لیستییەوە دووبارەی نەکاتەوە؟

– بێ پرۆگرامی، نەبوونی ئەولەویات، نەبوونی مەرجەعییەت، نەبوونی تەنسیق و هاوئاهەنگی لە نێوان نوێنەرانمان لە ناوەند و لە نێوان ئەوان و هەرێم، لەخۆباییبوونی ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو نوێنەرانەو خۆبەزلزانینیان، لە ئاستی دەسەڵاتەکانی هەرێم، وەک بڵێیت ئەوان بەبازوو و توانای خۆیان گەیشتوونەتە ئەو پۆستانە. هەرکام لەوانە بێ پرس و ئیرادەی کوردستانییەکان نە دەگەیشتنە ئەو جێگەیانە و نە حیسابیشیان بۆ دەکرا، واتە بێ ئەو ئیرادەیە بەدەر لەو نوێنەرایەتییە، دەسەڵات و چارەنووسیان باشتر نەدەبوو لە کابرایەک وەک تەها محێدین و تەها جەزراوی و دەیان کوردی تری وەک ئەوان.

* زۆر باس لە وەرگرتنی پۆستی سەرکۆمار دەکرێت لەلایەن کوردەوە، تا چەند گرینگە بۆ کورد ئەو پۆستە لەلایەن مام جەلال تاڵەبانییەوە وەربگیرێت؟

– پۆستی سەرکۆمار یا هەر پۆستێکی تری سیادی یان غەیرە سیادی ناوەند گرینگە، چونکە وەکو گوتم ئەمە یەکێکە لە مافەکانمان، ئەگەر پۆستی سەرکۆمار وەکو ئەو دوو دەورەیەی تر پرۆتۆکۆڵی بێت، بەو شکڵەی کە پیادە دەکرا بەشبەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەوە نیم کورد پێ دابگرێ لەسەر ئەو پۆستە،

ئەگەر ئەو پۆستە بەری کورد کەوتەوە و دەسەلاتەکانی هەروەکو ئێستا بێت تەمەننا دەکەم بەڕێز تاڵەبانی پاڵێوراوی نەبێت ئەگەر پاڵێورا رەفزی بکات.

* لەم دواییـیـەدا ئەیاد عـەلاوی و سـەرانـی عـەرەب سـەردانی کوردستانیان کرد باس لەوە دەکرێت بەمەبەستی هاوپەیمانییە، ئاخـۆ لیـسـتی هاوپەیمانی بەبێ ئۆپۆزسـیـۆن دەتوانێ ئەو هاوپەیمانییە بکات، یاخۆ تا چەند گرینگە ئۆپۆزسیۆنیش بەشدار بێت؟

- وەک پرەنسـیپ، هەر لیـسـتێک لە هەرێم و ناوەند، ئازادە لە سـەفـا و مـەروەی سیـاسی و بەستنی هـاوپەیمانیـەتی، خـسـوسـیـەتی پرسی کـورد و دابەشکردنی قـەوارە کـوردسـتـانییـەکـان پاش ۲۰۰۹/۷/۲۵ و بەرەنجـامی هەڵبژاردنەکان، ئیدی تاکڕەویی لیستی کوردستانی سەبارەت بەپرسی کورد و ڕۆڵی کـورد لە ناوەند بێ لە بەرچاوگـرتنی هـەرسێ لیـسـتی ئۆپۆزسـیـۆن سەرەتایەکی باش نییە، بگرە ڕێگە والا دەکات بۆ ئۆپۆزسیۆنیش کە تاکڕەوانە مامەڵە لەگەڵ قەوارە سیاسییەکانی ناوەند بکات، ئەمەش خزمەتی دۆزی کورد ناکـات، بۆیە بەشـداریی ئۆپۆزسـیـۆن شـان بەشـانی لیـسـتی دەسـەلات زۆر گرینگە.

* لە ئێسـتـادا بۆچوونی جیـاواز هەیە لەسـەر وەرگرتنی پۆسـتی سـەرکـۆمـار، بەتایبـەتی لەلایەن ئۆپۆزسیـۆنەوە بۆچـوونی جـەنابت چییە، لەم بارەیەوە؟

- من تەئکید دەکەمـەوە پۆسـتی سـەرکـۆمـار بەو واقیعـەی کە هەتا ئێسـتـا هـەیە، سـوودێکی ئەوتۆی نەبووە بۆ پرسـی کـورد، بەپێچـەوانەوە لە زۆر بواردا بارگـرانیـیـەک بووە. ئێـمـە پرسی مـیللـەتێکمـان هـەیە، پرسی مـیللـەتەکـەش ئاشکرایە چییـە، هەتاوەکو ئەو پرسـە و خـاڵە چەقـیـوەکانی یەک نەگـرێتـەوە لەگـەڵ ئەو لایەنـە سـیـاسـیـیـانـەی زۆرینەن و حکوومـەت دروست دەکـەن

باسکردنی پۆستە سیادییەکان و بەشداری لە حکوومەت ئەهمیەتێکی ئەوتۆی نابێت، مەبەستم ئەوەیە کە پرسە هەڵپەسێراوەکان و پۆستەکان یەک پاکێتە.

* کورد لەسەر چ بنەمایەک گرینگە هاوپەیمانی بکات؟

– لەسەر بنەمای پرسی کورد و شەراکەت لە دەسەلات، حەسمکردنی کێشە سەرەکییەکان، بەتایبەتی سنووری هەرێمی کوردستان، واتا چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکان و ورد کردنەوەی پرەنسیپی فیدراڵییەت و باقیی مەسەلە هەڵپەسێراوەکان، من چەند جار وتوومە و تەئکیدیشی دەکەمەوە پرسی کورد برێتییە لە حەسمکردنی سنووری کوردستان، واتە ناوچە تەعریبکراوەکانمان، بەکورتی تەعامول لەگەڵ هێزە عەرەبییەکانی عێراق لەسەر بنەمای هاوولاتیی عێراقی و برایەتی، دەردی ئێمە تیمار ناکات، کورد گەل و نەتەوەیەکە هەروەک عەرەب گەل و نەتەوەیەکە، زۆر لە ماف و خواست و ئەرکەکانمان لە دەستوور تۆمار کراوە، وەک دوو شەریک و دوو برا بە روون و ئاشکرا و راشکاوانە لەیەک حاڵی بین و پرسەکەمان رزگار کەین لە گەمەی موحاسەسەی حزبایەتی و بازاڕی رۆژ و میزاجییەت، برامان برای و کیسەمان جیایی.

* هەروەک دەزانین لە حکوومەتەکانی رابردوو مادەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرا، لە ئێستاشدا سوننەکان بەهێز بوون و وەک دەزانین بەپێی ئەنجامە بەراییەکان لیستەکەی عەلاوی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لە کەرکووک تێروانینی جەنابت چییە، لەبارەی جێبەجێکردنی ئەم مادە و داهاتووی کەرکووک؟

– هەڵسوکەوت و مامەڵەی هەردوولا، واتە لایەنی کوردستانی و هێزەکانی زۆرینەی عەرەبی عێراق، لە ساڵی ٢٠٠٤ تاکو ئێستا لەمەڕ مادەی ١٤٠ لە ئاستی پێویست نەبوون، تەمەننا ناکەم لیستی عەلاوی زۆرینەی هێنابێت لە کەرکووک، ئەگەر مامەڵەی لایەنی کوردستانی بەهەمان شێوە و شێوازی

ئێستا بێت ئەوە گەشبین نیم.

* هەروەک باس دەکرێت پێگەی کورد ئەمجارە بێهێزترە وەک ئەوە لە رابردوو دەبێت لەم حاڵەتەدا کورد چ کارتێکی لە دەست بێ بۆ بەدەستهێنانی مافە بەدەستنەهاتووەکانی؟

– کورد بەهێزە، کورد فاکتەرێکی سەرەکییە لەم وڵاتە، بەڵام ئەوەی کە بێهێزی کردووە ڕارا و بێ ئیرادەیی دەسەڵاتە، گرێدانی پرسی کوردە بە ئەجێندای غەیرە کورد، ئەولەویات بۆ پۆست و ئیمتیازات لەوەی بۆ پرسەکەی، لایەنەکانی ناوەندی بەغدا لەمێژەوە لەوانە گەیشتوونە، بۆیە دەبینین بۆ دەسکەوت و ئیمتیازاتی تایبەتی زۆر زۆر سەخین، کەچی بۆ پرسی کورد زۆر بەخیلن، من تەمەننا دەکەم ئەمجارە لە رێگەی ئۆپۆزسیۆنەوە ئەم بابەتە راست بکرێتەوە، ئێمە سوور بین لەگەڵ ناوەند سەبارەت بەپرسی کورد و دەستکەوتەکانی کورد و مافی کورد، با ناوەند سەخی نەبێت لە ئیمتیازاتی تایبەتی و شەخسی، بەنەتەوایەتیکردنی پرسی کورد و بەلاوەنانی هاووڵاتیبوون سەرەتایەکی گرینگە، ئەو دەم پرەنسیپی هاووڵاتیبوونی کورد دروستە کە کورد خاوەن سنووری دیاریکراوی خۆی بێت لەسەر خاک و نیشتمانی مێژوویی و جوگرافیایی خۆی، فیدراڵییەت کە لەسەر ئەساسی دوو نەتەوە بێت نەک ناوەندێکی بەهێز و هەرێمێکی پاشکۆ، چاو لە دەستی ناوەند بێت، خاوەن ئیرادە و دەسەڵاتی خۆی نەبێت. یادگارییەکانی کورد لە دەسەڵاتە یەک لە دوا یەکەکانی ناوەندی بەغدا بەئەمەی ئێستاشەوە پڕ لە تاڵی و تفتییە، ئەمانە کوردیان جینۆساید کردووە دەستیان بڕوات دەیکەنەوە، دەبێت چی کارت لەمە بەهێزتر بێت بۆ کورد، بەکورتی یەکڕیزی و سووربوون لەسەر پرسە ڕەواکانمان کارتێکی بەهێزترە.

تێبینی: ئەم دیمانەیە لە ڕۆژنامەی کۆمەڵ لە ٢٠١٠/٣/٢١ بڵاو کراوەتەوە.

## دیدار لەگەڵ ڕۆژنامەی "ڕووداو"

جەوهەر نامیق سالم، سیاسەتوان و سەرۆکی پێشووتری پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، لەبارەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و میکانیزمی دروستکردنی یەک گوتاریی کورد لە بەغدا، وەڵامی چەند پرسیارێکی (ڕووداو)ی دایەوە:

* چاوەڕوانی چ دەکەیت لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە، پێت وایە پێگەی گۆڕان و حزبە ئیسلامییەکان چی بەسەر بێت؟

– بەگشتی مەزەندەی ئەوە دەکرێت کە نوێنەرانی ئەو لایەنانە، ئەگەر دەنگی زیاتر نەهێنن، ئەوە بە (ڕێژە) دەنگیان لەوەی ٢٠٠٩/٧/٢٥ کەمتر نابێ.

* پێت وایە بەتێپەڕبوونی کات پێگەی حزبە دەسەڵاتدارەکان ڕوو لە لاوازبوون دەکات؟

– کات دوو دەمە، بینیمان لە ماوەی ١٩ ساڵی حوکمڕانی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار (پارتی و یەکێتی)، لە سەرەتادا لە کوێ بوون لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ گەیشتنە کوێ و چ چاوەڕوانیان دەکات لەم هەڵبژاردنە و ئەوانەی کە بەڕێگەوەن. کات و هەل زۆر لە بەرژەوەندیی ئەو دوولایەنە بوو، وەلێ لە ئاستی پرسی کورد وەکو پێویست هەلەکانیان نەقۆزتەوە، نە بیریان لە کاتیش کردەوە، سەبارەت بەبارودۆخی ناوەخۆی خۆیان، بەپێچەوانەوە وا دەیانبرێت. ئێستا لاوازن. ئەگەر بەردەوام بن لەسەر ئەم سیاسەتە گومان نییە لاوازتر دەبن.

* پێت وایە دوای هەڵبژاردن هاوپەیمانیی پارتی و یەکێتی هیچ گۆڕانێکی بەسەردا بێت؟

– پێمان خۆشە ڕێککەوتن و تەبایی، لەنێوان گشت لایەنەکانی ئەم هەرێمە

تۆکمە و فراونتر بێت زۆریش پێویستە. هاوپەیمانیەتیی سیاسی گوزارشتە لە بەرژەوەندی. بەرژەوەندیش بەندە بەتەرازووی هێــز، تەرازووی هێــزیش لە گۆڕاندایە. لووتکەی دەسەلاتی ئەم دوو حزبە خۆیان تەقدیری بەرژەوەندیی خۆیان دەکەن و تەرازووی هێزی خۆیان هەڵدەسەنگێنن، گۆڕین و گۆڕان سروشتییە.

* ئەگەر هەیە کە ئەم دووری و قسە لەسەر یەکترکردنەی نێوان گۆڕان و هاوپەیمانیی کوردستان بەتایبەتی یەکێتی، ببێتە هۆی دروست بوونی دوو گوتاری جیاواز لە بەغدا کە زیان بەکورد بگەیەنێ؟

- گوتاری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، قەبارە و قەوارە و سنووری خۆی هەیە، گرینگەکە ئەوەیە دوای هەڵبژاردن چی دەکرێت. بەرنامە و گوتاری هەموو لایەنەکانی ململانێ، بەدەر لە بارودۆخی ماوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکان، کۆکە لەسەر یەک هەڵوێستی لە ئاستی پرسە چارەنووسسازەکانمان لە ناوەندی بەغدا.

* یەک گوتاری لە بەغدا، یەک ئەجیندای رێککەوتن لەسەرکراوی پێویستە، پێویستە کێ ئەو کارنامە و ئەجیندا نیشتمانییەی کوردستان دیاری بکات و پێشنیاز دەکەی چ خاڵێکی تێدا بێت؟

- لە ئاستی نوێنەرایەتیی خەڵک پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان، راستەوخۆ ئەو مەرجەعییەتەیە بۆ ئێستا و بە هاوئاهەنگی و راوێژ و تەنسیق لەگەڵ لایەنە براوەکانی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠/٣/٧، بەرپرسیارن لە پرسە چارەنووسسازەکانی خەڵکی کوردستان. دیاریکردنی کارنامە و ئەجیندای نیشتمانی و بنەماکانی هاوئاهەنگی و تەنسیقی لایەنە کوردستانییەکان لە بەغدا، لە بەرنامەی هەڵبژاردنەکانی لایەنەکان بە ڕوونی بەدی دەکرێت.

## چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەی "هاوڵاتی"

* وەک دەبینرێت ڕەوشی سیاسیی عێراق بەشێوەیەکی گشتی روو لە گۆڕانکارییە، سوننەکان بە هێزەوە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن، شیعەکان تا ڕادەیەک لەیەک ترازاون، ئۆپۆزسیۆنی هەیە و بەلیستی جیا بەشدار دەبێت، ئاخۆ لاتان وایە ئەمە بەئاراستەی دیموکراتیدا دەڕوات یان بەئاراستەی توندوتیژی؟

– گۆڕان و گۆڕانکاری سوننەتی ژیانە، هەردەم بەرەو پێشەوە دەڕوات، ئەنجامدان و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا، بەهەموو کەموکورتییەکانیەوە، بەگشتی، گەواهی لەو ڕەوتە دەدات. پێش ٢٠٠٣ دەسەڵاتێکی شۆڤێنی و ڕەگەزپەرست و گشتگیری و فاشی حاکمیەتی عێراقی بەدەستەوە بوو. بیر و بۆچوون و ڕوحیەتی فاشییەت و ڕەگەزپەرستی و تاکڕەوی ناوەڕۆکی سیستەمەکەی بوو. دوای ٢٠٠٣ دەسەڵاتی فاشییەت، وەک سیستەم و هێما لەناوبرا، دەستپێکی قۆناغی فرەیی و یەکتر قەبووڵکردن و کراوە بەسەر یەکتر دەستی پێ کرد. بۆ گەیشتن بەدەسەڵات: هەڵبژاردن بووە ئامراز، سندووقی دەنگدان سەنگی مەحەک، دیموکراتییەت ئامانج، دەستوور حەکەم. بۆیە هەڵبژاردنەکان، بەگشتی، هەنگاو و هەوڵێکە لەسەر هێڵی سەرەکیی دەسپێکی ئەو پرۆسەیە. بەو پێیەی دیاردەی فرە لایەنی و فرە لیستی و دەرفەت ڕەخسان بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقی دەنگدان و ڕاهێنانیان بەو کولتووره، وەک ئەمرازێک بۆ ئەمدەست و ئەودەستکردنی دەسەڵات، یەک لە بنەماکانی ئەو پرۆسەیە نەک هەمووی.

هەڵبژاردنەکانی (٣/٧) تەکانێکی ترە بۆ قووڵکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیریی عێراقییەکان و پانتایی ئازادییەکان و سەلماندنی گرینگیی دەنگدەران و هەڵبژاردن و پێداچوونە بە ریزبەندیی هێزە رکابەرەکان. راستە (سوننە)کان بە هەموو قەوارە و دید و بۆچوونیان لە حاڵەتی گردبوونەوەدان، ئیدارەی ئەمەریکایی و زۆرێک لە هێزە ئیقلیمییەکان پشتگیر و هاوکاریانن، وەلێ پاش بڕیارەکانی (دەستەی لێپرسینەوە و دادوەری) و دوا بڕیاری دەستەی تێهەڵچوونەوە، سەبارەت بەهەندێ لە هێماکانی بەعسی ناو لایەنەکانیان، شیمانەی پاشەکشێی هەندێ لەو لایەنانەی لێ دەکرێت. پاشەکشێی ئەم توخمانە لەم هەڵبژاردنە، شیمانەی زیادبوونی توندوتیژیی بەدواوەیە، وەلێ گومان نییە ئەگەر هەڵبژاردنەکان بە شەفافیەت و دوور لە دەستتێوەردان و تەزویر بەڕێوە چوو، سەرمایەگوزارێکی ترە بەرەو پێشەوە. باوەڕ ناکەم کشانەوەی هەندێ توخمی بەناو (سوننە) تەئسیر لە میسداقیەتی هەڵبژاردنەکان بکات، یان بەرەنجامی ئەم هەڵبژاردنە ببێتە مایەی گۆڕانکارییەکی دراماتیکی لە ڕێزبەندیی هێز و پێکهاتەکان و لە نەخشەی سیاسیی عێراق. چونکە ئەو هێزانەی کە لە پشتی توندوتیژی و گەڕانەوەی عێراقن بۆ دۆخی پێش ٢٠٠٣ (چ لە دەرەوەی پرۆسەی سیاسیی ئێستا و چ لە ناوەوەی)، هەڵوێستیان تاکو حەدێک نەگۆڕە، سازشکردن لەگەڵ ئەم جۆرە هێزانە زیانگەیێنە. کشانەوەیان لە هەڵبژاردن و پرۆسەی سیاسی زیاتر گۆشەگیرتریان دەکات. لایەنی (عەرەبی شیعە) بەرەچاوکردنی هەڵبژاردنەکانی پێشوو، جۆرە ڕێزبەندییەکی نوێیان پێوە دیارە، هەر هەمان شت لایەنی کوردستانیش. ئەگەر لایەنی (عەرەبی سوننە) هێشتا لە گێژاوی ناسنامە و ڕێزبەندیی هێز و مەرجەعییەت کێشەیان هەیە، دوو لایەنەکەی تر (شیعە و کورد)، بە جیاوازیی دید و بۆچوونیان، سەبارەت بە چۆنیەتیی ئیدارەکردنی ململانێیەکان و ئالیەتی کارکردن خاوەن مەرجەعییەتن، بەتایبەتی لە پرسە ستراتیجی و چارەنووسسازەکانیاندا. (شیعەکان) مەرجەعیەتی مەزهەبی، لایەنی (کوردستانی) بنەما سەرەکییەکانی پرسە

ڕەواکانی کوردە، کە وا خەریکە حەسمی بکەوێتە لای پەرلەمانی کوردستانەوە.

توندوتیژی، دیاردەیەکە لە دێرزەمانەوە یەقەی ئەم (العراق)ەی گرتووە، پاش ٢٠٠٣، ڕەوت و شێوەو شێوازێکی تری گرتووەتە بەر. بەکورتی تا (بەعس) و سێبەرەکانی بەعسی فاشی بنبڕ نەکرێت وەک نازی و فاشییەکان ریشەهەڵکێش و قەدەغە نەکرێت، پرسی کورد لەسەر بنەمای بڕیاری مافی چارەنووس حەسم نەکرێت، ئەمەریکا بەم قەوارە و شێوەیە لە عێراقدا بمێنێتەوەو بەردەوام بێت لەسەر ئەو سیاسەتەی کە تاکو ئێستا لە سەری دەڕوات، توندوتیژی بەشێوەیەک لە شێوەکانی هەر بەردەوام دەبێت.

* کوردستان سەرباری ئەوەی کە تا ڕادەیەکی زۆر تەوژمی ململانێکان و بەشداریی هەڵبژاردن گەرمییەک بەخۆیەوە دەبینێت، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەوە ڕەئییەک هەیە کە لای وایە کورد وەک سالآنی پێشوو نابێتەوە بەخاوەن ئەو هێزەی کە هەیبووە، ڕای ئێوە لەو بارەوە چییە؟

– هەموو ڕەهەندەکان بەو ئاراستەیەیە، وەلێ ڕاستییەک هەیە نابێت لەبەرچاو نەگیرێت ئەوەش ئەوەیە کە هەرچەندە زیادبوونی کورسییەکانی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ناوەند گرینگە و ئەهەمیەتی خۆی هەیە بەهەموو سیاقاتێک وەلێ هەتاکو ئەگەر هاتوو ئەمجارە لە جاری پێشووش زیاتر بێت، هیچ شتێکی ئەوتۆی (جیدی) و (گرینگ) لە کێشە سەرەکییەکانی کورد ناگۆڕێت ئەوەیش لەبەر دوو هۆکار:

خۆبەستنەوەی لایەنی کوردستانی سەبارەت بەپرسی کورد، لە بەغدا، هەر لە سەرەتاوە تاکو ئێستا، بە ڕەنسیپی هاوولآتی و چرکردنەوەی لە چوارچێوەی حزب و هێما، مەودای مناوەرەی لایەنی کوردستانی تەسک کردووەتەوە زۆرجاریش چەقبەست. لەو باوەڕەدام یەک لە بەرەنجامەکانی گرینگیی هەڵبژاردنی (٣/٧)، گۆڕینی ئەو واقیعەیە واتە (لە هاوولآتی و

حزبیبوونی پرسی کورد) بۆ بە (نەتەوایەتیکردنی) ئەو پرسە.

تاکو ئێستا، بەوتنی خودی سەرانی لیستی کوردستانی، پێوەندییەکانی لەگەڵ لایەنەکانی عێراقی لەسەر ئەساسی (تەوافق)ە. ئەم پرەنسیپە لە دوولاوە لاوازە، یەکەمیان: لە رووی یاساییەوە و لە دەستووردا شتێک نییە بە ناوی (تەوافق) جگە لە مافی زۆرینەی دەنگدەرانی (٣) پارێزگا و ئەویش لە کاتی هەمووارکردنی دەستوور. گومان نییە مافێکی گرینگە وەلێ تیغێکی دوودەمە، سەرەڕای ئەوەش لە کاتی خزاندنی مادەی ١٤٢، کە پێوەندیی بە چۆنیەتیی هەموار و چاکسازیکردنی دەستوورەوە هەیە، بە بڕگەی دووەمی مەرجی (یەک پاکێت)ی داناوە، (چاکسازی و هەموارکردن)ی دەستوور زیاتر (جامد)تر کردووە. بۆیە لە واقیعدا ئەو (تەوافوقە)ی کە هەیە، دیاردەیەکی ئیستسنائی تاکو رادەیەک (فەوقی) و (میزاج)ی حزبی و تایفەگەری و تاکەکەسییە، لەوەی (تەوافوق)ێکی دەستووری و دیکۆمێنتکراوی نەتەوایەتیی زامنکراو بێت، واتە (تەوافوق) لە نێوان (کورد و عەرەب) وەکو دوو نەتەوە و گەلی (شەریک) نەک (مشارک)، (یەکسان) نەک (پەراوێز)کراو و (گومانلێکراو). مەزەندەی ئەوە دەکەین، خولی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی العراق، سەبارەت بە کورد، خولێکی جیاواز دەبێت لە دوو خولەکەی تر. کورسییەکانی کورد کەمتر دەبێت و رۆڵی لایەنەکانی کوردستانی ئەکتیڤتر دەبێت. زیادبوونی کورسییەکانی (سوننە) و هەڵوێستی توندڕۆکانی غەیرە کورد، پاڵپەستۆیەکی چاوەڕوانکراوە لەسەر پرسی کورد وەلێ حەدییەتی لایەنی کوردستانی لەمەڕ پرسە چارەنووسسازەکان و پێداگرتنیان لەسەر حەسمکردنیان، گۆڕین لە ریزبەندییەکانی هێزەکانی (شیعە و سوننە)، زامنی بەرپەرچدانەوەی ئەو پاڵپەستۆیەن. لەو باوەڕەدام هێزی کورد لە بەغدا، بەند نییە بە ژمارەی کورسییەکان، بگرە زیاتر بەندە بە یەکەتیی هەڵوێستیان، یەک هەڵوێستییش بەندە بەدەست هەڵگرتنی لووتکەی دەسەڵاتی (پارتی و یەکێتی) لە قۆرخکردنی دەسەڵات و تاکڕەویان لە مامەڵەکردنی لەگەڵ پرسی کورد لە پشت گەل و نوێنەرانی و رزگارکردنی ئەو پرسە لە

بەکارهێنانی بۆ ئەجیندای غەیرە کورد. سەرەڕای هەر هەموو ئەمانە، نوێنەری کورد بۆ خولی داهاتوو، دەچنە سەر کۆمەڵێک گیروگرفت و پرسێکی گرینگ زۆری هەڵپەسێراو (چ لەبەر بارودۆخە و چ لە کەمتەرخەمیی نوێنەرمان) لەوانە: مانەوەی ناوچە تەعریبکراوەکان و مادەی ١٤٠ و سنووری هەرێم، یەکلاکردنەوەی پرەنسیپی فیدراڵییەت، دەسەڵاتەکانی هەرێم، ئەنجوومەنی هەرێمەکان، پێشمەرگە، زبانی کوردی، نوێنەرایەتیی کورد لە داوودەزگاکانی ناوەند و پێوەندیی دەرەوە، سەروەت و سامان و کێشەی نەوت و گاز، رێژەی کورد لە سوپا و دەزگا ئەمنییەکانی ناوەند.. تاد، هەر هەموو ئەمانە لەگەڵ سیاسەتی دووفاقەی ئەمەریکا و بەهێزبوونی دەسەڵاتی ناوەند، تەحەداگەلێکی کەم نین و نوێنەرانمان دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتێکی گەورەوە.

* پێشبینیی چی دەکەیت لە هەڵبژاردنەوەی سەرکۆماری عێراق لاتان وایە ئەو پۆستە بەر کورد دەکەوێت؟

– دوای قۆناخی (رزگاری)ی عێراق (٢٠٠٣)، تاکو ئێستا ئەولەویاتی زۆرێک لەلایەنی فەرمیی کوردی رووی لە پۆست و ئیمتیازاتی پۆستە. گومان نییە پۆست گرینگە و لە مافە بنەڕەتییەکانی کوردە. تۆ بڵێیت کوردێک هەبێت خۆشحاڵ نەبێت بەوەی کە کوردێک سەرکۆماری عێراق بێت یان لە پۆستی تری سیادیی ناوەندی بەغدا بێت. وەلێ (پۆست) (ئامانج) نییە بگرە (ئامراز)ە لە پێناو (ئامانج). (ئامانج)یش پرسی کوردە. هەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧ چەند دیاردەیەکی لێ دەکەوێتەوە، کە ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ تەئسیر لەسەر ئەو پۆستە و پرسی تریش دەکات لەوانە:

گۆڕینی تەرازووی هێزە، لە نێوان هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق: (عەرەبی شیعە، عەرەبی سوننە، کورد)، لەمەشدا مەزەندە دەکرێت لایەنی (سوننە) بە گوڕ و تینێکی ترەوە بێنە مەیدان، بە هێز و بەژمارەی کورسی (ئەگەر لە نێوانیاندا پاشەکشێ روو نەدات).

گۆڕین لە ڕێزبەندیی لایەنەکانی نێو هەر پێکهاتەیەک لەو پێکهاتانە. لەمەش لایەنی کوردستانی بەشی بەرچاوی بەردەکەوێت.

ئەم دوو دیاردەیە وا دەکات هەم لە ئاستی پێکهاتەکان و هەم لەنێو خودی لایەنەکانی پێکهاتەکان، بەپۆستە سیادییەکانەوە بچنەوە. لەمەش پۆستی سەرکۆمار و ئەوانی تری سیادی قابیلی ئاڵوگۆڕە، بۆ نموونە لەمێژەوە لایەنی سوننە داکۆکی لەسەر پۆستی سەرکۆمار دەکەن.

بەهەرحاڵ لایەنی کوردی لە پاش ۲۰۰۳وە، پۆستی جێگری سەرکۆمار و پاشتر سەرکۆمار و وەزیری دەرەوە و جێگری سەرۆک وەزیران و سوپاسالار و سەرۆکی هەواڵگریی عێراق.. تاد بەرکەوتبوو، بە ئیقراری خۆیان هەموو توانای خۆیان تەرخان کردبوو بۆ دامەزراندنەوە و بەهێزکردنی (العراق)ی (هیوا و ئاشتی)، کەچی هەر بۆ نموونە: لە دامەزراندنەوەی سوپای عێراق بەشی کورد کەمترە لە (٩٪)، دەبوو کەمتر نەبێت لە (٢٥٪). چەندان بنکەی سەربازیی سوپای تورکیا لە قووڵاییی ولاتەکەماندا جێگیر بووە و سەرەڕەی تاوانەکانیان دەرهەق بەخاکی کوردستان ساڵانێکە بەردەوامە، سوپای تورکیا و ئێران، تۆپبارانی خەڵکە سڤیل و بێ تاوانەکانی گوند و شارۆکەکانی سەر سنوورەکانمان دەکەن، کەچی خاوەن پۆستە سیادییەکانمان ورتەیان لێوە نایەت، ئەگەر جارێکیش دەنگیان لێوە بێت ئەوە تەنیا بۆ لە کۆڵکردنەوەیە. هێشتا لە عێراقی (نوێ) و هیوا و ئاشتی کار بە چەندان ڕێککەوتنی ئەمنیی ئیقلیمی دژ بەکورد دەکرێت، کەچی بێدەنگن لێی، یەک فیرقەی کامیلی سەربازی عێراق حەرەکەتی پێ دەکرێت، بۆ قووڵاییی ناوچە تەعریبکراوەکانمان لەلایەن سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرەڤانی، کەچی نە سەرکۆمار و جێگری سەرۆک وەزیران و نە سوپاسالار و نە سەرۆکی هەواڵگریی عێراق ورتەیان لێوە دێت، کە دەبێتە سکەنداڵ، سووک و ئاسان دەڵێن بێ ئاگا بووین. تانک و زرێپۆش و سەربازی ئەمەریکای (هاوپەیمان) دەکەوتنە پێش ڕەگەزپەرست و شۆڤێنییەک وەک (نجێفی) دەیبەنە تەلکێف و ئەلقۆش.. تاد، بەدەر لە ویست و خواستی لایەنی کوردستانی، کەچی لایەنی

کوردستانی دەڵێن (دۆستەکەمان) حەز لە (گاڵتەوگەپ دەکات)، کە سازش بەلایەنی کوردستانی دەکەن لەسەر کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق، دەڵێن عەیب نییە داوایەکی پیاوێکی زەریف و گەورەی وەک (بایدن) رەت بکرێتەوە. بەقسەی خودی جەنابی سەرکۆمار لە دەرماڵە و برە پارەی ژێر دەستی بە درێژایییساڵی ٢٠٠٩، تەنیا (٥٪)ی بۆ کوردستانییەکان خەرج کردووە و باقیی بۆ غەیرە کورد بووە، بەهەموو پێوەرێک دەبووایە بەشی کوردستانییەکان کەمتر نەبێت لە (٣٠-٢٥٪)، کەتنی پەسندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (١٦) ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، ئەگەر ڤیتۆی هاشمی نەبووایە خۆ لە ئەنجوومەنی وەزیران و نوێنەران و سەرۆکایەتیی کۆمار دەرباز بووبوو.! پرسە چارەنووسسازەکانمان کە زۆربەی هەرە زۆری بەهەڵپەسراوی ماوەتەوە هەروەک پێشتر ئاماژەم بۆ دان. سەرکۆمارێک (بەپێی دەستوور دەسەڵاتەکانی پرۆتۆکۆلییە) یان هەر پۆستێکی تر بەو دۆخە کە تێدا کاری تێدا دەکەن یان بەو رۆڵ و هەڵسوکەوتە، تۆ بڵێیت شایستەی ئەو بێت لایەنی کوردستانی بیخاتە سەرەوەی سەری ئەولەویاتی خۆی..؟؟ پۆستێکی پرۆتۆکۆلی وا (سەرکۆمار) زیاتر بارگرانییە لەسەر پرسی کورد. ئەگەر هەر وابێت بەشبەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەوە نیم لایەنی کوردستانی ئەوەندە حیسابی بۆ بکات.

* بۆچوونێک هەیە لەسەر ئەوەی کە گۆڕانکارییەکان ئەو شیمانە بەهێز دەکەن کە جێگۆڕکێ بەسەر پێوەندیی لایەنە سیاسییەکاندا دێت، ئێوە لاتان وایە ئەو ئاستە جێگۆڕکێ دێتە پێشەوە کە لایەنە کوردییەکان دابەش بکات بەسەر لایەنە غەیرە کوردییەکاندا؟

- وەکو پرەنسیپ مەزەندەی ئەوە ناکەم لەبەر چەندان هۆکار لەوانە: گشت لایەنەکانی کوردستانی رێکن لەسەر خاڵە سەرەکییەکانی پرسی کورد: ناوچە دابڕاوەکان و چارەنووسی ١٤٠، فیدرالییەت، ماف و دەسەڵاتەکانی

کوردستانییەکان. سەروەت و سامان و هێزی پێشمەرگە.. تاد، بەکورتی لە دەستووری هەمیشەییی عێراق. ئەمەش کەم یان زۆر لە پرۆگرامی ئەو لایەنانە بەزەقی دیارە. هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆن لە پاش ٢٠٠٩/٧/٢٥ سەبارەت بەپرسە چارەنووسسازەکان: چ لە پەرلەمانی کوردستان و چ لە ئەنجوومەنی نوێنەران، لیستی (گۆڕان) و لیستی برایانی (یەکگرتوو)ی ئیسلامی بەتایبەتی لە کاتی هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ٢٠٠٩/١٢/٦، جێگەی خۆشحاڵی و نیشتمانپەروەرییە، ئەوەی ئەو هەڵوێستانە دەخاتە خانەی موزایەدات، کورتبینی و هەڵهاتنە لە راستییەکان. بۆیە شیمانەی دوو سەنگەری لە ناوەند بەو پێیە وارید نییە. ئەو کاتە دەبێت مەزەندەی شیمانەی وا بکەین کە لایەنێک سازش لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانمان بکات. سازشیش لەسەر پرەنسیپە چارەنووسسازەکان هەردەم مەحکوم کراوە.

تێبینی: ئەم بابەتە لە رۆژنامەی (هاوڵاتی) ژمارە (٦٠٣) لە ٢٠١٠/٢/١٧، سایتی هاوڵاتی و سایتی کلاورۆژنەش بلاو کرایەوە.

## دیدار لەگەڵ کۆواری (لڤین)

جەوهەر نامیق، سکرتێری پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە دیدارێکی تایبەتی لڤیندا باس لە ئەنجامدانی ریفۆرم لەناو پارتی دەکات و پێی وایە ئەگەر رەوشی پارتی وا بڕوات لە پرۆسەی هەڵبژاردنێکی ئازاد و شەفافدا هیچ گرەنتییەک نییە کە بتوانێ لە ئاستی رێژەی ئێستای بمێنێتەوە.

* زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە تەواوی حزب و هێزە سیاسییەکانی هەرێم پێویستییان بەجێبەجێکردنی بەرنامەی ریفۆرم هەیە بۆ ئەوەی وەک هێزێکی کاریگەر بتوانن لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستان و عێراق رۆڵ ببینن، لەم چوارچێوەیەدا ئەنجامدانی ریفۆرم لەم کاتەدا لەناو حزبێکی وەکو پارتی چ گرینگییەکی هەیە؟

– (ریفۆرم) نەک بۆ حزب و هێزی سیاسی گرینگە، بگرە هیچ دیاردەیەکی زیندوو ناتوانێت لە ژیاندا بەردەوام و پێش کەوێت بێ (ریفۆرم و ریفۆرمکار)ی لە ناخ و لە سروشتی ژیانی خۆی... (پارتی)یش وەک حزب و دیاردەیەکی زیندوو لەو قاعیدەیە بەدەر نییە. گرینگییەکەشی بۆ پارتی فرە لایەنەیە لە وانە:

١– پارتی حزبێکی دێرینە. تەمەنی (٦٤) ساڵە (١٩٤٦–٢٠١٠). منداڵدان و مامانی لەدایکبوونی زۆربەی زۆری پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستانە، هێزی بزوێنەر و هێمای دامەزراندنی زۆربەی زۆری حزبەکانی تری کوردستانی گەورە بووە. بنەمای پەیڕەو و سیستەم و پێکهاتەی ئەم حزبە، لە هەندێ بواریدا، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پاش

شەڕی جیهانیی دووەم، جەمسەرە سەرەکییەکانی ئەو سیستەمە لە ئاستی، (سەرخان و ژێرخان)یدا، زۆرجار جووت نەبووە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا. ناکۆکی و دووبەرەکی و ململانێی ناوخۆی پارتی مێژوویەک و مۆرکی خۆی هەیە. چەند واقیعی کێشەی کورد و فاکتەرە دەرەکییەکان و هەلە مێژووییەکان، کە زۆرجار چەتری داپۆشینی ناکۆکی و ململانێیەکان بوون، ئەوەندەیش وەک (ڤایرۆسێک) جەستەی ئەم حزبە و ژیانی حزبایەتی ماندوو و لاواز و ناتەندروست کردووە. لە واقیعێکی وەهادا زیاتر دیاردەی مشەخۆری و فرسەت تەڵەبی و بەرژەوەندیی تایبەتی و میزاجییەت و ناشەفافیەت پەرە دەستێنێ. حزب لە ئامرازێکی ڕێکخەر و بنیاتنەر و پوخت و چوست دەکاتە فەرمانگەیەکی ئیستعاب، زۆرێک لە کادیر و ئەندامانی دەبنە خەڵکانێکی ساردوسڕ و چاو لە دەست باڵا و بێ ئیرادە و نادەستپێشخەر، ئیلتیزام دەبێتە وەلاء و وەلائیش دەبێتە پاراستنی بەرژەوەندیی تایبەت. بەرژەوەندیی تایبەتیش بەتەرزیە، سیاسەتی تەرزیەش سیاسەتێکی ڕووخێنەرە. بۆ نموونە هیچ کات، لە ڕووی مادی (پارە) و ژمارەی ئەندامی (لیست) و کادیر (ستاف و کارمەند) و عەرز و ئیستیعراز (قەڵا و بارەگە)، پارتی وەکو ئێستا وا بەئیمکانیات نەبووە، کەچی نارەزایی و گلە و گازندە و بێ باوەڕی، لە نێوان سەرکردایەتی و بنکردایەتی لەلایەکەوە و لە نێوان ئەوان و شەقامی کوردستانی لەلایەکی ترەوە وەک ئێستا وا بەرز و فراوان و مەترسیدار نەبووە. پارتی لە حزبێکی شۆڕشگێڕ و جەماوەریی جاران پاشەکشێی کردووە بۆ کیانێکی زۆر و بۆر و بارگرانییەک لەسەر بۆماوەی مێژووی خۆیی و بودجە و داهاتی خەڵکی کوردستان. بەدیدی بەندە حزب ئامرازە بۆ گۆڕین و گۆڕانکاری و گەیشتن بەئامانج، نەک ئامانجە، فەلسەفەی بوون بەئەندام لە (حزبێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانی)، پێش هەموو شت، ڕزگارکردنی ئەو تاکەیە لە کۆت و داوی بەندایەتی و داوونەریتی نێگەتیڤی کۆمەڵگە و نەخۆشییەکانی نەخشەی زۆرداران و داگیرکەران، بە ڕاهاتنی

بەپەیڕەوی ناوەخـۆ و دروسـتکردنی دیسـپلین و ئیلتـیـزام بەرامـبـەر پرۆگرامـەکەی و هـەوڵدانی بۆ جێبەجێکردنی. واتـە دەستپێک: بنیاتنانەوە و داڕشــتـنـەوەی ئەندام و پاڵێـــوراوان و لـەو ڕێگەوە کــۆمـــەڵگەیش، بەبیروباوەڕی ئازادی و یەکسانی و ڕزگاری، نەک پەڕاوێزکردن و تێکدان و پاڵدانی بۆ مرۆڤێکی گەمژە و مشەخۆر و بێ ئیرادە.

٢- لووتکەی بەرزی (کێرڤی) توانا و هـێز و شـەعبیەتی پارتی سـاڵی (١٩٧٠) بوو، ئاستی نزمی دابەزینی (کێرفەکە)ش تاکو ئێستا (٢٠٠٩/٧/٢٥)ـە.

٣- پارتی خـاوەن کـۆمـەڵێک دەسکەوت و سـەرکـەوتنی گـەورەیە، کـە کـورد شـانازیی پێوە دەکات، هەر چۆن هۆکار و خاوەنی کۆمەڵێکی شکست و نسکۆیشـە. تاکو سـاڵی ١٩٧٥، پارتی بە سـەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو (بارزانیی نەمر) گەورەترین هێزی سیاسی و جەماوەری و چەکداری بوو، نەک تەنیا لە ئاستی باشووری کوردستان و عێراق و کوردستانی گەورە، بگرە لە ئـاسـتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتـیش. نفـوز و هەیبـەتی پارتی و (بارزانیی نەمر)، سنووری کوردستانی باشوور و عێراقی تێ پەڕاندبوو. لە نووسینێکماندا تەشبیهمان کردبوو بە (ئەو ئیمپراتۆریەتەی کە خۆری لێ ئاوا نابێت)! کەچی ئێستا:

* لەم هەرێمـە کـە تـەخـمین دەکـرێت تەنیـا بە (٥١٪)ی پانتـاییی باشـووری کوردستـان و بەعەمەلی لە پاش ١٩٩٢ دابەش کراوە بـەسەر دوو دەسەڵاتدا: (پارتی) لە دهۆک و زۆربەی ناوچەکانی هەولێر، (یەکێتی): لە ناوچەکانی تری هـەولێـر و سلێـمـانی و گـەرمـیـان. لـە بەشــەکـەی پارتی (نـاوچە سنووریـیـەکانی سنووری زاخۆ تاکو لۆلان) بە (بـەری گارە)یشـەوە، لەژێر نفـوز و هـەیبـەتی پارتیدا نییـە، ئەگـەر هەبێـتـیش ئەوە زۆر کـاڵ و لاوازە، ســەرەڕای ئـەوەش لەو دوو پارێزگــایە زیاتر لە (٢٠) پـارت و ڕێکخـراوی جیاجیا، ڕکابەرایەتی دەکەن، لە نێوانیاندا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کـە لە هەڵبـژاردنـەکانی سـاڵی (٢٠٠٥)ی پارێزگـاکـان بە تەنیـا (٣٦٪)ی کورسـییـەکانی ئەنجـوومـەنی پارێزگای هـەولێری مسـۆگـەر کرد، هـەروەها

گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵ... تاد.

* ساڵی ١٩٧٥ پارتی حزبێکی بێ مونافیس و سەرتاسەریی کوردستان بوو. ساڵی ١٩٩٢ بووە حزبێکی خاوەن (٤٦٪)ی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان پاشان (٥١٪)، لەبەر گیروگرفتی کێشەی حەسمنەکردنی دەسەڵات، (٥١٪) بووە (٥٠٪) و دەسەڵات و نفوز لەگەڵ یەکێتی لەسەر ئەساسی پەنجا بەپەنجا دابەش کرا. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ی پارێزگاکان رێژەی پارتی دابەزی بۆ ژێرەوەی (٤٠٪). لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بۆ (٢٧٪) (لە کۆی گشتیی (١١١) کورسی (٣٠ کورسیی بەرکەوت). واتا لە مەیانەی (١٩٧٥-٢٠٠٩=٣٤ ساڵ) لە سنووری (٧٥٪)ی لە پایە و شەعبیەتی خۆی لەدەست داوە، بەرەچاوکردنی بارودۆخی نائاسایی ناوچەکە و هەلە مێژووییەکان و ئەو هەموو ئیمکانیاتەی دەسەڵات چ مادی و چ مانەوی و چ (قودرەتی دەستتێوەردان)ی لە هەڵبژاردنەکان. لێژبوونەوەی کێرڤی دابەزینی ئەم حزبە لەوە دەرچووە بەهەند وەرنەگیرێت، نکووڵی لە نەبوونی تەنگژە و رێگرتن لە گۆڕان و چاکسازیی خۆخەپاندنە...

* بەڕای زۆربەی چاودێران یەکەم هەنگاوی ریفۆرم لەوە دەست پێ دەکات کە ئەو لایانەی دەیەوێ ریفۆرم بکات باوەڕی تەواوی بەئەنجامدانی ریفۆرم هەبێت، حزبێکی وەکو پارتی تا چەند باوەڕی بە ئەنجامدانی ریفۆرم هەیە و ئەگەر باوەڕی بەریفۆرم نییە پێت وایە لێدوانەکانی نێچیرڤان بارزانی دەچنە چ خانەیەکەوە لەبارەی ئەنجامدانی ریفۆرمەوە؟

- باوەڕهێنان بە ئەنجامدانی ریفۆرم بەندە بە چۆنیەتیی تەشخیس و ئیقرارکردنی گرفت و تەنگژەکان و ئالیەت و ئیرادەی جێبەجێکردن. ریفۆرم بەچەند وتەیەکی سەرزارەکی و لێکدانەوە و وەعدی ناو راگەیاندنەکان ناکرێت یان جێگۆڕکێی چەند دەموچاو و دروستکردنی لێژنە و دامەزراندن و

هەڵوەشاندنەوەی ئەم ناوەند و ئەو بنکە حزبییە نییە. ریفۆرم پرۆسەیەکی فرە لایەنە لە ئاستی بیر و بۆچوون و قەناعەت تاکو سیستەم و ئالیەت و ئیرادەی جێبەجێکردن و پیادەکردنیان. بەداخەوە لەمێژەوە مەفهوم و ئەرکی (حزب) بەمانا زانستییەکەی لەناو پارتیدا لاواز و کاڵ بووەتەوە، کیانێکە زیاتر (بۆ ماوەی) خۆی (ئیستهلاک) دەکات، لە هەندێ بواردا (وەک حزبی دەسەڵات) بووەتە ناوەندێکی بەخشینی شەرعیەت بۆ وەدەستهێنان و پاراستنی بەرژەوەندیی تایبەتی بەشێک لە بازنەیەکی تەسکی سەرکردایەتی و دەوروبەریان، نزیکە لە فەرمانگەیەکی (ئیستعاب)ی ماندوو نەک حزب. لەو باوەڕەدام ریفۆرم و گۆڕینی جیدی و بنەڕەتی لە واقیعی ئەمڕۆی حزبێکی وەهادا و بەکەرەسەی ئێستایدا، دوور نییە لە ئاستی مەحاڵدا بێت. لێدوانەکانی (نێچیرڤان) رەنگدانەوەی ئەو تەنگژەیە کە لەمێژەوە ئاماژەی بۆ کراوە و دوور نییە هەستکردن بێت لە مەترسییەکانی. هەردەم تەمەنام کردووە سەرکردایەتیی (پارتی یان یەکێتی و حزب و رێکخراوەکانی تری کوردستان) خۆیان لە خۆیانەوەو لەناو خۆیاندا دەست بەریفۆرمی جیدی بکەن چونکە باشتر و ئاسانتر و کەم گرفترە.

* نێچیرڤان بارزانی لە چەند دیمانەیەکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە خۆی سەرپەرشتی ریفۆرمی ناو پارتی دەکات، باسکردنی ریفۆرم لە ئێستادا لەناو پارتی بۆ چ ئامانجێکە؟

- بەشبەحاڵی خۆم بێ ئاگام لە لێدوانی وەها. ئەگەر شتی وەها هەبێت و بۆ هەر ئامانجێک بێت باسکردنی نیشانەی بوونی تەنگژە و گرفتە و دیارە چیی تر ناکرێت پەردەپۆش بکرێت (بەتایبەتی پاش هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥).

* بەشێک لە چاودێران پێیان وایە ئەنجامدانی ریفۆرم لەناو پارتی پێوەستە بەوەی کە مەسعوود بارزانی رەزامەندی نیشان بدات بۆ ئەم مەبەستە دەسەڵاتی تەواو بدات بەنێچیرڤان، پێت وایە مەسعوود بارزانی ئەم کارە بکات؟ ئەگەر نەیکات هۆکاری

نەکردنەکەی چییە؟

– وەکو وتمان سەبارەت بە ریفۆرم، تاکو ئێستا (پارتی) بە فەرمی شتی وەهای بڵاو نەکردووەتەوە، بۆ پرسی واش مەزندە و ئەگەر دروست نییە بەتایبەتی بۆ ئێمە. پارتی زیاتر حزبێکی کلاسیکیی خاوەن سیستەم و هەیکەلیەتی پاش شەڕی جیهانیی دووەمە، لەوەی حزبێکی مۆدێرن بێت، تەمەنی (٦٤) ساڵە. جگە لە خاڵە هاوبەشەکانی لەگەڵ زۆر حزب و رێکخراوی تری هاوشێوەی خۆی، تایبەتمەندیشی هەیە لە رووی دید و بۆچوون و گردبوونەوەی دەسەڵات و میکانیزمی کارکردن. تاکو ئەو ئاستەی بەندە ئاگەدار بوو، هیچ نەخشەو بڕیارێکی جیدیی بێ رەزامەندی و پشتگیریی (سەرۆکی پارتی) لەناو پارتیدا بوونی نییە.

* زۆرجار ئەوانەی باسی ریفۆرم دەکەن لەناو بەشی هەرە زۆری حزبەکان دواجار بەرنامەکانیان ناچنە خانەی جێبەجێکردنەوە و بگرە بەناچاری پەنا بۆ جیابوونەوە دەبەن، خوێندنەوەی تۆ چییە بۆ ئەم قسە و باسەی لەبارەی ریفۆرمەوە لەناو پارتی هاتووەتە ئاراوە و پێت وایە زیاتر بە چ ئاراستەیەک ئەم مەسەلەیە یەکلایی دەبێتەوە؟

– وەڵامی بەشی یەکەمی پرسیارەکەت راستە زۆرجار وابووە. هۆکار زۆرن لەوانە:

١– دروستبوون و رۆڵی حزب لە وڵاتی ئێمە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ واقیعی باشووری کوردستان و زوڵم و زۆری داگیرکەران. ئەو واقیعە دوو سەنگەری دروست کردبوو، سەنگەری (گەل) و سەنگەری (دوژمن). واتا هەر لە سەرەتاوە (حزب) خۆی بە (ئۆپۆزسیۆن) ناسیوە و ئەو رۆڵیشی گێڕاوە. بەحوکمی بارودۆخی پرسی کورد و دوو سەنگەری، فەزایەکی ئەوتۆ نەڕەخسابوو بۆ لەدایکبوونی رەوت و بیروباوەڕ و بەرنامەی ریفۆرم

ئاسای ناوەخۆ، بەدەر لە فۆرم و دید و داوونەریت و رەزامەندیی لووتکەی دەستڕۆی (حزب).

٢- بارودۆخی پرسی کورد و سروشتی کۆمەڵایەتیی سەرکردایەتی و قەوارە و بنیاتی رێکخستنەکانیان بەگشتی وای کردووە کە گشت دەسەڵات و زانست و حیکمەت و بڕیار لە لووتکە گلێر بکرێتەوە و لووتکە و هێما ببێتە (هاردديسک) و (خەزنە) و (دەسکەوتهێنەر) و (فریادڕەس)ی حزب. ئەم گشتگیرییە وای کردووە تا (حزب) (هاک) نەکرێت قابیلی (فۆرمات) نییە، بۆ (فۆرمات)یش تەنیا ئەوەی مەئلووف (کلیک) دەکرێت، ئەوەی (مەئلووف)یش ئەوەیە کە دەبێت لەگەڵ پێوەرەکانی هێما و لووتکە تەبا بێت. بەگشتی ئەگەر هەر (ڕا و هەڵوێست و بەرنامەیەک) بەدەر لەو پێوەرانە رووی دابێت، ئەوە هەر زوو ئیهمال یان ئیحتیوا کراوە یان سەرکوت کراوە یان خۆی جیا کردووەتەوە و هەندێ جاریش لە سەنگەری (دوژمن) گیرساوەتەوە. نەریتی ململانێ و سەکۆ و ڕا و بۆچوونی ئازادیی جیاجیا، موجادەلە و کێبەرکێی فیکری، باڵبالێنەی شەفاف و کراوە لەناو حزبەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کورد وجوودی نەبووە، ئەگەر هەبێتیش زۆر لاواز و کاڵ بووە (دەکرێت تا ڕادەیەک بڵێین بەدەر لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان).

هۆکاری دامەزراندن و شێوە و شێوازی رێکخستن و کارکردنی حزب لە ولاتی ئێمە وای کردووە کە لای (لووتکە) بوونی ڕا و بۆچوون و بەرنامەی جودا بەدەر لە مەئلووفی ناوەخۆ لە خانەی (ئۆپۆزسیۆن)ـە، (ئۆپۆزسیۆن)یش بەرەی (دوژمن)ـە. ئەم واقیعە لە پاش ساڵی ١٩٧٥ بەگشتی و ٢٠٠٣ بەتایبەتی هەندێ گۆڕانی بەسەردا هات وەلێ لووتکەی دەستڕۆی بەشێک لەو (حزبانە) و پەروەردە و ژیان و ئالیاتی کارکردنی ناوەخۆی (حزب) و کەڵکەڵەی (دەسەڵات و دەسکەوت و سەروەت و دەسەڵات)، تاکو ٢٠٠٩/٧/٢٥ رێگر بووە لە هەر جۆرە ریفۆرم و گۆڕین و گۆڕانکارییەکی جیدی و بنەڕەتی لەو بنەمایانە. پارتیش لەو هاوکێشەیە بەدەر نییە، مێژووی (٦٤) ساڵی

تەمــەنی نموونەیەکی زیندووی ئەو دیاردەیەیە، واقـیـعی لاوازی ئەمـرۆیشی گــوزارشــتــە لە باری ناوەخــۆی. ئەمــەش کــە بـاسی دەکــەن، لێـدوانێکی ڕۆژنامـەوانییە و، دوای ٢٠٠٩/٧/٢٧ هـاتووەتە ناو باسـەکانەوە، دوور نیـیە تەفسـیراتێکی زۆری بۆ بکرێت و هێشتا زووە حـوکمی قـاتیعانەی لەسـەر بدرێت.

* زۆرجـــار ئـامـــاژە بۆ ئەوە دەکـــرێت ئـامـــانج لە هێنانە ئارای بەرنامــەی ریفـۆرم داتاشـینی پۆسـتێکی بالایە بۆ نێـچـیرڤـان بارزانی؟

– کاک (نێچیرڤان) ئەندامێکی مـەکتەبی سیاسیی پارتییە. وەکو دەزانن. مـەوقیع و ڕۆڵی خـۆی هـەیە. لەناو حزبەکـەیدا چ تەکلیفێکی لێ دەکرێت و چ دەکات بۆ خۆی بۆ پارتی دەمێنێتەوە.

* دەکرێت ریفـۆرم لەسـەر دەسـتی کەسـانێک بکرێت کـە خـۆیان بەشـێک بوون لە هێنانە ئارای ئەو بارودۆخـەی کـە پێـویسـتی بەریفۆرم هەیە؟

– بێ تەشخیسکردن و ئاماژە بۆ هیچ کەسایەتییەک، پرسیارێکی گرینگە. لای من ریفۆرم و گۆڕین پرۆسەیەکی هەمەلایەنەیە، هەر لە مەنزوومەی فیکری تاکو سیستەم و ئالیەتی کارکردنی سیستەمە، کە جوغز و ئامانجی ریفۆرم و گۆڕین و گۆڕانخـوازییە. سیسـتـەم و ئالیـاتیـشی مرۆڤ دروسـتی کردووە و کاری تێدا دەکات واتە مرۆڤ هەم وەکو بیر و ئیرادە و هەم مادەی، ریفۆرم و گۆڕین واتا ئامراز و ئامـانج، بەشی شێری بەردەکەوێت. تاک یان تاکەکانی ریفـۆرمخـوازی نێو کیان یان کۆمـەڵگە، هاندەر و پراکتیـزەکەری ریفـۆرم و گـۆڕینن، ئەوان لە دەرەوەی دیاردەکـە یان لە ئـاسـمـانـەوە نایەن. کـێشـەکـە کێشەی تاک نییـە بگرە گرفتەکەمان لە سیستەمدایە. زۆرجار وتوومانە: سیسـتـەمی خراپ خـەڵکی باشیش خراپ دەکات و سیستـەمی باش خـەڵکی

خراپیش راست دەکاتەوە. ئەمەش نکووڵی نییە لە رۆڵی تاک و کاریگەری لەسەر رووداوەکان.

* بەئەنجامنەدانی ریفۆرم پارتی وەکو حزبێکی سیاسی چ زیانێکی بەردەکەوێت؟

– لەمەی ئێستا پێی گەیشتووە و تێیدا دەگلێتەوە باشتر نابێت ئەگەر خراپتر نەبێت.

* جێبەجێکردنی بەرنامەی ریفۆرم لە زۆربەی کاتەکاندا دەبێتە هۆی لێدان لە بەرژەوەندیی تاکەکەسی بەشێک لە بەرپرسانی پارتی، پێت وانییە ئەم بەرپرسانە تەواوی هەوڵی خۆیان دەخەنە کار بۆ ئەوەی ئەم جۆرە بەرنامانە جێبەجێ نەکرێن؟

– جارێ نازانین بەرنامەی وایان هەیە یان نا. ئەگەر هەبێتیش چۆنە و چییە؟. ئەگەر وەکو قسە و لێدوانەکانی جاران بێت یان ئەو جێگۆڕکێیە رۆتینییانەی کە لێرە و لەوێ کراوە، بەشبەحاڵی خۆم وەکو چاودێرێکی رەوشە سیاسییەکەی وڵاتەکەمان زۆر گەشبین نیم. سروشتییە گۆڕان و ریفۆرمی جیدی و بنەڕەتی ببێتە مایەی لێدانی بەرژەوەندیی تاکەکەسی (بەشێک) لە بەرپرسان. هەروەها دەبێت مەزەندەی ئەوەش بکرێت کە لە نێوان ئەوانەدا کەسانێک هەن هەوڵی پەکخستنی پرۆسە و بەرنامەی جیدیی وەها دەدەن (ئەگەر هەبێت)، ئەم رەفتارانە بەسروشتی دەبینم، ناسروشتییەکەش ئەوەیە کە ئەگەر ئەو لێپرسراوە دەستڕۆیانە بەرهەڵستکاری ریفۆرم و گۆڕین نەبن. بەتایبەتی هەندێ پۆستی حزبیی بەرز سەرچاوە و هۆکاری سەرەکیی وەدەستهێنان و فراوانکردن و پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیانە. بەڵام کەی تاکی بەرژەوەندپەرست خۆی بەرامبەر رەوتی ریفۆرم و گۆڕانی جیدی رادەگرێت.

* زۆرجار باس لەوە دەکرێت باسکردنی ریفۆرم لەناو پارتی

بەتایبەت لەلایەن ئەندامێکی بنەماڵەی بارزانییەوە بۆ ئەوەیە کە رێگری بکرێت لە دەرکەوتنی هەر ڕەوتێکی ریفۆرمخوازی راست؟

– بەگشتی، لووتکەی هەر دەسەڵاتێک، خوازیاری مانەوەی شێوە و شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵات و دەسکەوت واقیعی حاڵی خۆیەتی، تاکو بۆی بکرێت و بلوێت و گونجاو بێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیدا وەلێ زۆر شت لە رووی ململانێی فیکری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و رەوتی رووداوەکان زۆرجار بەویست و خواستی بەرامبەر نییە. (بنەماڵەی بارزانی) و پارتی لازم و مەلزوومی یەکن. پارتیش لەو بارودۆخەی ئێستایدا خۆی باسی خۆی دەکات، ریفۆرمیش ئەگەر جیدی بێت دەبێت هەمەلایەنە بێت واتە هەر لە مەنزوومەی فیکرییەوە تاکو بنیات و هەیکەلیەت و ئالیات و میکانیزمی بەڕێوەبردن. وتمان تاکو ئەو ئاستە ئاگەدار بووم، هیچ ریفۆرم گۆرانکارییەکی جیدیی بێ رەزامەندی (سەرۆکی پارتی) ناکرێت. هێشتا بیرۆکە و پرۆسەی وەها رانەگەیەنراوە. کە بە فەرمی راگەیەنرا زۆری پێ ناچێت نیاز و ئامانجی دەردەکەوێت. ئەگەر بیانەوێت پارتی لە گەمە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان و عێراق دوانەکەوێت، ئەوە پارتییەکی رێکوپێک و تۆکمە لە رووی بیر و بۆچوون و بەرنامە و رێکخستن و دیسپلین باشتر و بە سوودترە و پێش هەموو کەس لە بەرژەوەندیی ئەواندایە، پێچەوانەکەشی دروستە. چەند رێگە لە بەردەم چارەسەرکردنی (تەنگژە) و (گرفتەکانی) ناوەخۆی حزب بگیرێت و دەنگی ریفۆرمخوازان کپ بکرێتەوە و ریفۆرم مەنع و دوا بخرێت، ئەوەندە گرفتەکان کەڵەکە دەکات و دەنگ و خواستەکان پەنگ دەخواتەوە و جەستەی حزبەکە شەکت و بێ تاقەت دەکات و چارەنووسی سیاسەتی واش مەعلوومە. مەنتیقی (سەد یان سفر) چەوتە. (پارتی) وەک (حزب) هەروەکو وەسفمان کرد تاکو رادەیەک بە ناوەڕۆک و قەوارە لەگەڵ رەوتی گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا هاوتەریب نییە. بەلیست، ژمارەی ئەندامانی، هەر وەکو بەرزەلێپرسراوانی، لە پێش ٢٠٠٩/٧/٢٥ رایان گەیاند، زیاتر لە (٧٠٠) هەزار ئەندام بووە و دەیان رێکخراوی جەماوەری و کۆمەڵگەی مەدەنییان

هەیە، باسی ئیمكانیاتی مادی و مانەوی ناكەین، لەگەڵ یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان رێككەوتنی ستراتیجییان ئیمزا كردووە و هاولیستی حوكم و هەڵبژاردنن، ئەوانیش هەر بەقسەی لێپرسراوانی باڵایان زیاتر لە (٥٠٠) هەزار ئەندامیان هەیە كەچی لە هەڵبژاردنەكانی ٢٠٠٩/٧/٢٥، بەئەندازەی ژمارەی ئەندامانی خۆیانیش دەنگیان نەهێنا. پارتی بەقسەی لێپرسراوانیان زیاتر لە (١٦) هەزار كادیری حزبییان هەیە ئەگەر كەرتی حیمایات و حیراسات و خزمەتگوزاری بخرێتە سەر ئەو ژمارەیە، دوور نییە لە چەندان (١٦) هەزار كەس تێ پەڕێت، كەچی بە(ئەزنەق و پاڵەپەستۆ) ئینجا (٢٧٪)ی كورسییەكانی پەرلەمانی كوردستانیان وەبەركەوت (٣٠ لە كۆی ١١١)كورسی. (گۆڕان) بەتەنیا و لە كێبەركێیەكی نابەرانبەردا (٢٣٪) واتە (٢٥) كورسیی وەدەست هێنا. جیاوازی لە نێوان حزبێكی تەمەن (٦٤) ساڵە و بەو هەموو مێژوو و توانای مادی و هێز و دەسەڵات و (رەوتێك)ی تەمەن چەند مانگەی بێ ئیمكانات تەنیا (٥٪)ی دەنگدەرانی هەرێمە...! لێرە ئاماژە بەكەموكورتییەكانی هەڵبژاردنەكان ناكەین.

ئەگەر رەوشی پارتی وا بڕوات، لە پرۆسەیەكی هەڵبژاردنی ئازاد و شەفاف و بێ (پاڵ و ئەزنەق) چ گرەنتییەك هەیە، بتوانێت لە ئاستی رێژەی ئێستایشی بمێنێتەوە. دروشمی بەحزبیكردنی خەڵك بۆ (دەنگدان)، واتە (ئەندامی لیست) و سیاسەتی تەرزیەو دروستكردنی قەوارەی حزبیی بێ ناوەڕۆك، رێزنەگرتن لە دەستوور و داوونەریت و پەروەردەی حزبایەتی، ئەو بێزاری و گلە و گازندەی بنكەی حزبی و تووڕەییی جەماوەریی لێ دەكەوێتەوە و بەرهەمەكەشی ژمارەی كورسییەكانی پەرلەمانە. گۆڕین رەوتێكی مەوزووعی و سروشتییە، دەكرێت كۆسپ لەسەر رێگەیان دروست بكرێت وەلێ ڕاناگیرێت.

٢٠١٠/٣/٤

## دیمانه لەگەڵ ڕۆژنامەی "ڕووداو"

٢٠١٠/٢/١

جەوهەر نامیق، یەکەمین سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، کە دەرچووی کۆلێجی کارگێڕی و ئابوورییە، سەرنج و تێبینییەکانی لەبارەی پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٠ەوە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)دا دەخاتە ڕوو و، پێی وایە ڕاگەیاندنی بودجە لەو کاتەدا، کە خۆی لە بنەڕەتدا دواکەوتووە، کار لە ساردکردنەوەی دەنگدەری کورد دەکات و ناکۆکییە نێوەخۆییەکان زیاد دەکات لە کاتێکدا کە کوردستان ڕووی لە هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازە و پێویستی بەیەکبوونە. هەروەها جگە لە باش نرخاندنی زیادکردنی مووچەی کەمدەرامەتەکان، چەندان ڕەخنە لە بودجەکە دەگرێت

* بەگشتی چ تێبینییەکتان لەسەر هێڵ و خاڵە گشتییە ڕاگەیەندراوەکانی ئەو بودجەیە هەیە کە لەلایەن سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕاگەیەندرا؟

- بێ ئاگاین لە ناوەڕۆک و وردەکارییەکانی پرۆژەی بودجە. بەڵام ئاوڕدانەوە لە مووچەی کەمدەرامەتەکان و زیادکردنی کارێکی باشە، خۆزگە ڕێژەی بەرزکردنەوەی مووچەی کەمئەندامان لەوەش زیاتر بووایە. لەگەڵ ئەوەش هێڵە سەرەکییەکانی ئەو بودجەیە سەرنج ڕاکێشن بەتایبەتی ئەو چەند خاڵە:

یەکەم: کاتی ڕاگەیاندنەکەی لە ٢٠١٠/١/١٩، واتە پێش چەند ڕۆژێک لە دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن. زۆرجار دواخستنی خەملاندنی بودجە و

ناردنی بۆ پەرلەمـان بەوە پاسـاو دەدرایەوە گـوایە هێـشـتـا ئەنجـوومـەنی نـوێنـەران بودجـەی عـێـراقی پەسند نەکـردووە و حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتانیش نازانێت برِە پارەی بەشی هـەرێمی کوردسـتان واتە (١٧٪)یەکە چەندە، تاوەکو لەسـەر ئـەو بنچینەیە بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان بخـەملێنن. تاوەکـو ئێـرە مـەنتـیـقی تێـدا بەدی دەکـرێت هەرچـەندە قـسـەی زۆریش هەڵدەگرێت. هەموو دەزانن تاوەکو ئێستا ئەنجوومەنی نوێنەران بودجەی عێراقی پەسند نـەکردووە کـەچی سـەرۆکی حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بودجـەی هـەرێمی راگـەیاند و قـەولە لـەم رۆژانەشـدا بینێـرن بـۆ پەرلەمـان. پرسـیـارەکـە ئەوەیە: بۆچی سـەرۆکـایەتیی حکوومـەت بـودجـەی هـەرێمی کوردستان لە وادەی ماوە یاساییەکەی خۆی نەناردە پەرلەمان، واتە لە نێوان مـانگی تشرینی یەکەم و دووەمی ٢٠٠٩، بۆ ئەوەی پەرلەمان پێش تەواوبوونی سـاڵی ٢٠٠٩ گـفـتوگۆی لەسـەر بکات و پەسندی بکات و لە سـەرەتای سـاڵی ٢٠١٠ حکوومـەت بەشێوەیەکی ئاسایی و یاسـایی خەرجەکانی ئەنجام بدایە. ئەگـەر لە کۆتاییی ئەم مـانگەدا پرۆژەی بودجە بنێرنە پەرلەمـان، دوور نیـیە تاوەکـو کـۆتاییی مـانگی شـوباتی ئەمـسـاڵ کێـشـمـەکێـشـمی باسکردن و پەسندکـردنی ئەو پرۆژەیە لە پەرلەمـان تەواو نەبێت و ئەگەر پـەسند کرا دوور نیـیـە لە مـانگی ئادار بکەوێتـە مـەیدانی کـارکـردن. واتە حکوومـەت چ بە هۆشیاری یان بە ناهۆشیاری گفتوگۆکردن و پەسندکردنی پرۆژەی بودجەی هـەرێمی کوردسـتان و پەسندکردنی یاسـاکەی خستـە نێو گەرمـەی هـەڵمـەتی هەڵبژاردنـەکانی ٢٠١٠/٣/٧ بێگومـان بودجـەیەک وەکو ئەوەی کـە تەخمین کراوە و لەسـەر زمـانی سەرۆکی حکوومەت قەوارە و هێڵە سەرەکییەکانی بڵاو کرایەوە، قسە و باسێکی زۆر هەڵدەگرێت و دەبێتە خاڵی مشتومرِی نێوان لایەنەکـان، بەشـبـەحـاڵی خـۆم راگـەیاندنی بودجـەکـە لەلایەن سـەرۆکایـەتیی حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتـان لەو ئان و سـاتەدا کە لایەنە سیـاسـیـیەکان سـەرقاڵی هـەڵمەتی هەڵبژاردنێکی چارەنووسسـازن و، خـەڵکی کوردسـتان لە چاوەروانی هـەڵبـژاردنێکی ئارام و شـەفـاف و ئازادن، دەبێ هەڵمـەتەکـان بۆ

کــۆکــردنەوە و هـاندانـی دەنگدەران بن بـۆ بەشـــداریکردن لـە دەنگدان نەک ســاردکـردنـەوەیان، هـەروەهـا دەبـووایە ئەو مــاوەیە بکـرێتــە کـاتی وەلاوەنـانی خاڵەکانی ناکۆکی و گرژیی نێو لایەنەکان، نەک زیادکردنی. بۆیە بەمـوناسیبی نازانم، بـەتایبـەتـی لە واقـیـعی ئـەمـڕۆی ملمـلانێکانی نێـوەخـۆی هـەرێمی کوردستان لەلایەک و، هەرێمی کوردستان و بەغدا لەلایەکی ترەوە.

دووەم: کـۆی گـشـتـیی بڕە پـارەی بودجـەی ٢٠١٠ (١١,٤) ترلیـۆن دینارە، واتە نزیکـەی (١٠) ملیـار دۆلار. کە نزیکـەی (٨) ترلیـۆن دیناری (٨,٦ ملیـار دۆلار)، تەرخـان کـراوە بـۆ بەکـاربردن (النفقـات الجـاریة) و، (٣,٤) ترلیـۆن دیناریشی بۆ وەبەرهێنان (دەوروبەری ٣ ملیـار دۆلار). بودجـەیەکی زیـاتر لە ٧٠٪ی بۆ مووچە و دەرمـاڵە و خەرجی ڕۆژانە (ئیستیهلاکی) بێت و کەمتر لە ٣٠٪ی بۆ وەبـەرهێنان، بـودجـەیـەکی شــازە و گـوزارشـت لە فـەلسـەفـەیـەکی حـوکمـڕانی سـەقـەت دەکات. سـەقـەتی فـەلسـەفـەکـەش تەنیـا لە ڕێژەی دوو جـەمـســەرەکـدا بەدی ناکـرێت، بەڵکو لە هەڵوێسـتـیـان لەمـەڕ پـرەنسـیـپی وەبەرهـێنان و دابـەشکردنیـەتی: لـەو (٣,٤) ترلیـۆن دینـارە، (٢,٤) ترلیـۆن دیناری پێـشنیـاز کـراوە بۆ پڕۆژەکـانی سـاڵانـی ڕابردوو، واتە زیـاتـر لە دوو لەسـەر سێی بەشی وەبـەرهێنانی ئەم بودجەیە و، ئەوەی ماوەتەوە (١) ترلیۆن دینارە: (٣٥٠) ملیار دینار (٣٠٠ملیۆن دۆلار)ی بۆ سندووقی نیشتـەجێکردن، ١٥٠ ملیــار دیناری بۆ دروسـتکردنی قـوتابخـانـە. واتە نزیکـەی نیـوەی بۆ خـانووبەرەیە، کـەچی بۆ هـەردوو جـەمـسـەرەکـانی بووژانـدنەوەی ژێرخـانی ئابووری (کـشـتوکـاڵ ٥٠ ملـیـار دینار و پیـشـەسـازی ٣٠ ملیـار دینار) کـە هـەمووی ٨٠ ملیار دینارە (دەوروبەری ٦٦ملیۆن دۆلار)، ئەوەش لە وڵاتێکدا کە تاوەکو ئاستی توور و پیاز و نان و میوە و دەرزی دروومانیشی هـاوردەیە.

سـێیەم: پێش ئـەوەی بودجەکە بگاتە پەرلـەمانی کوردسـتـان و موناقـەشـە و پەسند بکرێت و ببێتە یاسا و سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان پەسندی بکات و بڵاو بکرێتەوە، حکوومـەت دەستی کردووە بە دەستکاریی هەندێ لە بـەشـەکانی ئەو بودجـەیە، کە بە یاسـا دانراوە و بێگومـان هـەر دەبێت بەیاسـاش دەسـەڵات

بدرێته حكوومەت تاوەكو بتوانێ گۆڕانكارییەكان بكات. ئەمە لادانە لە یاسا و لەم ئان و ساتەدا نەک هەر تەجاوزە لەسەر پەرلەمان، بەڵكو وروژاندنی خاڵێكی هەستیارە و هەڵوێست و رەخنەلێگرتنی دەوێت.

چوارەم: لە هەڵمەتەكانی هەڵبژاردنی ٢٥/٧/٢٠٠٩دا سەرانی لیستی كوردستانی بەڵێنێكی زۆریان دا سەبارەت بەكەمكردنەوەی خەرجییەكانی بەكاربردن و بایەخدان بەوەبەرهێنان. لە پێش و لە كاتی راگەیاندنی پرۆژەی بودجەی ٢٠١٠دا، سەرۆكی حكوومەت چەند جار ئاماژەی بەوە كرد. بەڵام ئەگەر بەراوردی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ لەگەڵ پرۆژەی بودجەی ئەمساڵ بكەین، بەرەچاوكردنی ئەوەی كە (بودجەی ئەمساڵ بڕی ٣,١ ترلیۆن دینار زیاترە لەوەی ساڵی ٢٠٠٩ و، عەجزی ئەوەی ئێستا ٨٣٥ ملیار دینارە ئەوەی پێشوو ٥٠٠ ملیار دینار بوو، لەوەی ئێستا ١٠٪ لە مووچەی پلە بەرزەكانی هەرێمی كوردستانیان كەم كردووەتەوە بە خانەنیشانەكانیشەوە، جگە لەوەی گوایە دەرماڵەو هەندێ خەرجی تری ئیدارییش كەم كراونەتەوە، كابینەی ئێستا ١٩ وەزیرە و ئەوی پێشوو٤٠ وەزیر بوو)، ئەوە هەر وەكو وەزیری دارایی و ئابووری ئاماژەی پێ داوە خەرجی بە كاربردن (تشغيلي) لە بودجەی ئەمساڵ ٢ ترلیۆن دینار زیاترە لەوەی ٢٠٠٩.

پێنجەم: وەزیری سامانە سروشتییەكان، زۆرجار باسی بڕی ٦ ملیار دۆلاری دەكرد وەک یەكێک لە دەستكەوتەكانی گرێبەستەكانی نەوت و گاز و، گوایە ئەو بڕە پارەیە لە حیسابی حكوومەتی هەرێمی كوردستان لە بانكی HCB لە لەندەن دانراوە و، كابینەی پێنجەم یەک ملیار دۆلاری ڕاكێشاوە و، لەسەر كابینەی داهاتووە ئەو ٥ ملیارە رابكێشێ، هەر وەكو وەزیری ناوبراو لە دانیشتنێكی پەرلەمانی كوردستاندا جەختی لەسەر كرد و راگەیاندنەكانی هەرێمی كوردستانیش بەبایەخەوە رۆژی دواتر بڵاویان كردەوە. كە حكوومەت خاوەن ئەو بڕە پارەیە بێت ئیدی بۆ ڕای ناكێشێت و نایخاتە بواری وەبەرهێنان بەتایبەتی بۆ ژێرخانی ئابووری؟ هەروەها بۆ كورتهێنان (عجز) هەبێت لە بودجەدا لە كاتێكدا خاوەن ٥ ملیار دۆلاری خەوتوویێت؟ دوور نییە

ئەمــەش وەکو ١٨ ملیۆن دۆلارەکـەی پرۆژەی وێسـتگەی کـارەبای تەقـتـەق لە دەست و جێگەیەکی ئەمین بێ وەکو لەندەن!

* ئاخۆ ئەو دابەشکردنەی بودجە لەگەڵ ئەو خاڵانەدا دەگونجێن کە سەرۆکی حکومەت لە وتاری راگەیاندنی کابینەی شەشەمدا رای گەیاندوون، هەرچەندە تاوەکو ئێستا سەرۆکی حکومەت شتێکی بەفەرمی وەک کارنامەی حکوومەت نەداوەتە پەرلەمان؟

– ئەمەش یەکێکە لە شازی و سەقەتییەکانی ئەم بودجەیە. سەیرە پاش ئەزموونی نزیکەی ١٩ ساڵی حوکمڕانی و پێنج کابینەی پێشوو، کابینەی شەشەمی حکوومەت بەبێ کارنامە و بەرنامە دەستبەکار بوو. مەبەستم لە بەرنامە خیتاب و دروشم نییە، بەڵکو بەرنامەی فەرمیی حکوومەتە، واتە بەرنامەی کاری چوار ساڵەی حکوومەت کە پێشکێشی پەرلەمانی کوردستانی بکات و پەرلەمانی کوردستانیش موناقەشە و پەسندی بکات، هەر لەسەر ئەو ئەساسەش ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکانی و ڕاگەیاندن و پسپۆڕان و خەڵکی کوردستان، دەتوانن چاودێریی کاری حکوومەت بکەن، کار و خەرجییەکانی هەڵبسەنگێنن. بودجە ڕەنگدانەوەی بەرنامەیە، بەرنامە و بودجە و کاری حکوومەتیش ناوەڕۆک و مەیدانی بەدواداچوون و پرس و پرسینەوەیە لە کاربەدەستان. کارێکی گونجاو نییە حکوومەت بودجەیەک بخەمڵێنێت سەروەت و سامانی یەک ساڵی خەڵکی کوردستان بکاتە ژمارە و بەش و مادە و بڕگە، بێ ئەوەی بەرنامەیەکی فەرمیی هەبێت. بودجە گوزارشتێکی مورەکەزە لە فەلسەفەی حوکمڕانی، حوکمڕانیش بێ بەرنامە نابێت. تۆ کە بەرنامەت نەبێت فەلسەفەی حوکمیشت نییە. کە فەلسەفەی حکوومەتیش نەبێت سیستەمت بۆ دروست نابێت و گشت پرۆسەکە دەبێتە دروشم و کار و کاردانەوە (فعل و رد فعل) و میزاج و جۆرە پاشاگەردانییەک، کە کەس لە ئێمەش کاری بۆ دۆخێکی وا نەکردووە و هیواشی بۆ نەخواستووە.

* چۆن دەڕوانییە دیارنەکردنی بەشێکی دیار لە بودجە بۆ

هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیدا، ئاخۆ بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بەشیان دەکات. بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە کابینەی پێنجەمدا بودجەی تر دەدرایە هەولێر و دهۆک؟

– بودجەی هەرێمی کوردستان، لەسەر بنچینەی١٧٪ی بودجەی عێراقە. ئەو ڕێژەیەش لەسەر بنچینەی ژمارەی هاوولاتییانی پارێزگاکانە. بەدیوەکەی تردا بەکردەوە بودجەی هەرێمی کوردستان، بودجەی پارێزگاکانی (سلێمانی و هەولێر و دهۆک)ە. لە هێڵە سەرەکییەکانی بەشی وەبەرهێنانی ئەم بودجەیەدا کە لە ڕۆژی ٢٠١٠/١/١٩ سەرۆکی حکوومەت خستییە ڕوو، بەشی پارێزگاکانمان تێدا بەدی نەکرد. هەرچەندە وەزیری دارایی و ئابووری لە ڕۆژی ٢٠١٠/١/٢١ لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ئاماژەی بەم لایەنە داوە و دەڵێت "پەرەپێدانی پارێزگاکان لەناو بودجەی وەبەرهێنانە، ئەویش جیاوازیی هەیە، ساڵی ڕابردوو ٣٢٢ ملیار دینار بوو، ئەمساڵ کەمی کردووە و بووەتە (١٢٣) ملیار دینار". واتە لە کاتێکدا بودجەی ٢٠١٠ لە سنووری (٣٧,٤٪) زیادی کردووە، دەبینین بەشی وەبەرهێنانی پارێزگاکان (٦١,٨٪) کەمی کردووە. هیوادارم لە وردەکارییەکاندا ئەم لایەنە باشتر ڕوون ببێتەوە و چارەسەریش کرابێت. بەتایبەتی کە سیستەمی حوکمڕانی لە عێراق زیاتر ڕوو لە (لامەرکەزی) دەکات و لایەنی کوردستانی هەردەم سوورە لەسەر (فیدراڵی)، فیدراڵییەتیش بە کردەوە (لامەرکەزییەت)ە. بۆیە ناکرێت لە ناوەند هۆگری (لامەرکەزی) بین و لە هەرێمی کوردستانیش سوور بین لەسەر (مەرکەزییەت).

تێبینی: ئەم دیدارە لە ڕۆژنامەی (ڕووداو) ژمارە (٩٥) لە ٢٠١٠/١/٢٥ بڵاو کراوەتەوە.

## دیمانە لەگەڵ کۆواری "نێوەند"

ئاسۆ عوسمان – هەینی ٢٠١٠/١/٢٩

جەوهەر نامیق کەسایەتیی سیاسی و سەرۆکی یەکەمین پەرلەمانی کوردستان، لە ڕێی ئەم دیمانە تایبەتەوە تیشک دەخاتە سەر پرسی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لەسەر ئاستی عێراق و پاشان دێتە سەر باسی پێوەندیی نێوان حکوومەت و ئۆپۆزیسیۆن. لە بەشێکی تری دیمانەکەدا "جەوهەر نامیق" جیا لە باسی تەحەدییەکانی داهاتووی بەردەم کورد لە عێراقدا، باسی دەستووری هەرێمی کوردستانیش دەکات.

* چاودێرانی سیاسی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەگەر بارودۆخەکە کۆنترۆڵ نەکرێت ئەوا دوور نییە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی بارودۆخێکی ئەمنیی ناهەموار ببێتەوە. بەبڕوای ئێوە پێش دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان پێویستە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم و هێزە سیاسییەکان چ هەنگاوێک بگرنە بەر؟

– پەرلەمان لە پشوودایە، ئەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە کۆنترۆڵی ڕەوشەکە بکات و ئارامی دابین بکات و ڕێگە نەدات بەخروقات. دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە بەپیشەیی و بێلایەن مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکات، بەوردی موتابەعەی ئەو لایەنانە بکەن کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکانەوە هەیە. سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەتی هەرێم بەتەحدید، زیاتر لە هەموو لایەک، دەبێت بێلایەنیی

خۆیان ڕاگرن، بەو نەفەسە مامەڵە لەگەڵ ڕەوشەکە بکەن، دەسەڵات و داهاتی گشتی و داوودەزگاکانی حکوومەت دوور بخرێتەوە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، لەو ماوەیەدا، حکوومەت جگە لە دابینکردنی ئەمن و ئاسایش و ئارامی، وەکو حکوومەتی (تصریف الاعمال) هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ ڕەوشەکە. مەقبوول نییە ڕاگەیاندنی پرۆژە و پەیمانی گەورە و مەقەس بڕین و کۆڕ و کۆبوونەوەی فەرمی بخرێتە ڕۆژانی بانگەشەی هەڵبژاردن، نابێ ئیمکانیات و دەسەڵات و پۆستە فەرمییەکانی ناوەندی بەغدا و هەرێم تەرخان بکرێت بۆ پروپاگەندەی حزبی و لیست. ئەرکی لایەنە سیاسییەکانیش، پابەندبوونە بەیاسا و ڕێساکانی هەڵبژادنەکان و ڕێنوێنییەکانی کۆمیسیۆنی باڵا و ڕاگرتنی ئارامی و ڕێزگرتن لە یەکتر.

* لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا سەختترین ململانێ لە ناوچە دابڕاوەکاندایە، چ هێزە عەرەبییەکان چ تورکمان و چ دەوڵەتانی ناوچەکە دەیانەوێت شکست بەسیاسەتی گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بهێنن. پرسیارەکەی من ئەوەیە کورد چۆن ئامادەسازی بکات بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن لەو ناوچانەدا کە ئێستا کورد بە فرە لیستی بەشداری دەکات؟.

– ئەو ململانێ و کێبەرکێیە لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا، تەنیا لەو ناوچانەدا نابێت بەڵکو لە سەرتاسەری عێراقیش هەروەها. دەبێت بەرنامە و هەڵسوکەوتی لیستە کوردستانییەکان، چ بەتاک و چ بەدەستەجەمع، ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە بێت بەتایبەتی:

١– کورد لەو دەڤەرانە تەهجیر و تەعریب و ئەنفال و جینۆساید کراوە. موڵک و سەروەت و سامانی زەوت کراوە و دراوە بەعەرەبی هاوردە. خەڵکەکەی بەزۆر تەهجیر کراوە. زۆرێک لە ئاوایی و ناحیە و قەزاکانی کاول و پەرت و دابەش کراوە و خراونەتە سەر پارێزگاکانی تر. یەک لە ئاوات و خەو و داخوازیی کوردستانییەکان، گەڕانەوەی ئەو ناوچانەیە بۆ سەر هەرێم و

حەسمکردنی سنووری باشووری کوردستان و ناوەڕۆکی پرسی کوردیش زیاتر لەو کێشانە بەدی دەکرێت. سەنگی مەحەکیش بۆ جیدییەت و راستگۆیی لایەنەکان، پێداگرتنە لەسەر کوردستانیەتی ئەو ناوچانە، سووربوونە لەسەر گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێم و سازشنەکردن لەسەر سنووری کوردستان.

٢- پالاوتنی کەسایەتیی باش و لێهاتوو و خاوەن هەڵوێست و دەست و داوێن و رابردوو پاک و بەجەرگ.

٣- هەڵمەتێکی هەڵبژاردنی شارستانی و بێگەرد و شەفاف کە گوزارشت لە گیانی کوردایەتی و رێزگرتن لە یاسا و هەست و خواستی دەنگدەران و پابەندبوون بەڕێنوێنییەکانی کۆمیسیۆنی بالا بدات.

٤- لەبەرئەوەی هەڵبژاردنەکە هەڵبژاردنی لیستی حزبی و کیانە. دوور نییە لایەنە نێگەتیڤەکانی هەڵسوکەوتی نوێنەرانی لیستی دەسەلات لەو ناوچانە، بەدرێژاییی (٦) ساڵی رابردوو، کاریگەریی خراپی هەبێت لەسەر هاوولاتییان و دەنگدەران، بۆ راکێشان و هاندانی دەنگدەران بۆ سەر سندووقی دەنگدان، پابەندبوونی کیانەکان بەگیانی کوردایەتی و نیشتمانپەروەرییەکی بەرزی گەرەکە.

٥- خیتابێکی روون (صریح) و راست و رەوان و شەفاف، بۆ برایانی غەیرە کوردی ئەو ناوچانە، دوور لە میزاج و (پیاوەتیکردن بەئاوی حەمام) و موجامەلەی هێز و لایەنی دەرەکی. خیتابێک بێت بەمەبەستی دابینکردنی ئارامی و دروستکردنی قەناعەت، کە تەنیا بەهاوکاری و کاری هاوبەش و قبووڵکردنی یەکتر و ئیقرارکردنیان بەکوردستانیەتیی ئەو ناوچانە و قایلبوون بەگەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، گیانی برایەتی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە و مافە ڕەواکانیان مسۆگەر و گەشە دەکات.

* دوای کۆتاییهاتنی ئەم دەورەیەی پەرلەمانی عێراق، ئێستا هەر لایەک بەشێوەیەک، سیاسەتی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان و

لیـــستی یەکگرتووی ئیـســـلامی هەڵدەســەنگێنێت. بەدەر لە مـوزایەدەی سـیاسی و بانگەشـەی هەڵبـژاردن چۆن سـیاسـەتی کورد لە ناوەند لە چوار ساڵی رابردوودا هەڵدەسەنگێنیت؟

– نوێنەرانی کورد لە بەغدا لە هەموو ئاستەکان کەم یان زۆر هەوڵیان داوە. دیارە هـەر ئەوەندەیان پێ کـــراوە. دەکـــرا کـــاری باشـــتـــر بکەن. هـۆکـــاری کـەموکورتییـەکانیـان زۆرن، وەلێ بەرەنجام ئەوان نوێنەرایەتیی کورد دەکەن. کوردیش کێشەیەکی هەیە و چەمسەرە سەرەکییەکانی بریتین لە:

١– گەڕانەوەی ناوچە تەعریبکراوەکانمان و حەسمکردنی سنووری باشووری کوردستانە و مادەی ١٤٠ ناوەڕۆک و نەخشـەرێگەی چارەسـەرکردنیـەتی، بەدەر لە دید و بۆچوونمان لەمـەڕ ناوەڕۆکـەکـەی، لەمـێـژەوە ئـەو مـادەیە چەقیـوە. بەمادە ٢٣ و دواتر بـەچەند مادەیەکی یاسـای هەڵبـژاردنـەکانی عێراق ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموار کراوە، خاو و کاڵ کرایەوە.

٢– فیدراڵییەت: پرەنسیپێکە، نەبووەتە سیستم، لە وڵاتێک بەناوەندێکی بەهێز و یەک هەرێمی لاواز، لە دەستوور پێی ئێژن (کۆماری العراق)، هەڵوێست و دید و بۆچوونی هـەرسێ پێکهـاتە سـەرەکـیـیـەکـەی ئەم (العـراق)ـە چوونیەک نییە و هێشتا خورد نەکراوەتەوە.

٣– کێشـەی دەسەڵاتی هەرێم و بەشی هەرێم لە سـەروەت و سامانی عێراق و پێشـمـەرگە و چەندان کـێشـەی تر، یان بەهەڵواسراوەیی مـاوەتەوە یان ئاڵۆزتر کراوە.

٤– بوونی کورد لە دەسەڵاتی کارگێڕی و بەتەحدید لە پۆستە سیادییەکاندا، زیاتر پرۆتۆکـوڵی و بۆ مکیاجـە. بەیاسا تەحجیم کراون و لە پراکتیکدا زیاتر بارگرانن لەسەر پرسی کورد لەوەی هاسانکاربن.

٥– ڕۆڵیان لەمەڕ دەستتێوەردانی ئیقلیمی لە کێشەی کورد و تاوانی هێرش و تۆپبارانی سنوورەکانی هەرێم لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە وەک دەستدرێژی لەســەر خـاک و سنوور و مـاڵ و حـاڵی عـێـراقـیـیـەکـان بەگـشـتـی و

کوردستانییەکان بەتایبەتی، بەو ئەندازە نییە کە مرۆڤ دەستخۆشییان لێ بکات.

٦- رێککەوتنی ئیستراتیجییان لەگەڵ گشت پێکهاتەکان و جەمسەرە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی ناوەند ئیمزا کردووە: مالیکی و حزبەکەی، حزبی ئیسلامیی عێراق و هاشمی، ئیئتیلافی شیعە و ئەلحکیم، کەچی هەر ئەمانە لە سەرۆکایەتیی کۆمار و حکوومەت و ئەنجوومەنی نوێنەران هەم (خصم) و هەم (حکم)ن.

٧- پێوەندییەکان لەگەڵ ئەمەریکا چ وەک (رزگار)کەر و چ وەک (داگیر)کەر بەئێستایشەوە، وەک قاعیدە ملکەچکردن بووە بۆ پاڵەپەستۆ و ئارەزووی کاربەدەستانی ئەمەریکایی و لەسەر حیسابی پرسی کورد.

٨- کێشەی پێشمەرگە و دەسەڵاتەکان وا بەهەڵواسراوەیی ماونەتەوە.

ئەم کێشانە و بگرە هەندێ بواری تریش وای کردووە سیاسەتی لووتکەی لیستی کوردستانی لە بەغدا و ئەدای نوێنەرانی لە ئاستی ویست و خواستی خەڵکی کوردستان و پرسە رەواکانی نەبێت. بەکورتی ناوەند لە ئاستی (کورسی) و (پارە) و ئیمتیازاتی تایبەت سەخی بووە لەگەڵیان و، لە بواری پرسە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانمان بەخیل.

* چاودێرانی سیاسی چ لە عێراق و چ لە دەرەوەی عێراق هێما بۆ ئەوە دەکەن هەڵبژاردنی ئەمجارە تێکڕای بارودۆخە سیاسییەکە دەگۆڕێت و نەخشەیەکی سیاسیی تر لە عێراقدا کاری پێ دەکرێت. من پرسیارەکەم ئەوەیە ئەم هەڵبژاردنە چ نەخشەیەکی سیاسی دێنێتە ئاراوە؟

- بەدەر لەوەی ئەم هەڵبژاردنە (ئەنجوومەنێکی فرە کورسیی تر، پێکهاتەی فرە لایەن و گردبوونەوەی تر)ی لێ بەدی دەکرێت، جیاواز لەو خولەی ئێستا، هەروەها (حکوومەتێک و سەرکۆمارێکی نوێ)، وەلێ نەخشەی سیاسیی داهاتووی عێراق، گۆڕین و گۆڕانکاریی دراماتیکی و چەندایەتیی ئەوتۆی

بەسەردا نایەت، بەدیوەکەی تر:

١- لە رووی رەنگی سیاسییەوە: هەر لایەنەکانی (ئیسلامی سیاسیی عەرەبی عێراق)ی ئێستا بالادەست دەبن.

٢- لە رووی (دەسەلات): (لایەنەکانی ئیسلامی سیاسیی عەرەبی شیعە) زۆرینە مسۆگەر دەکەن.

٣- بەنێو بلۆکی (شیعە) جۆرە فەرز و ریزبەندییەکی جیاواز لەوەی ئێستا دروست دەبێت، وەلێ وەک بەرەنجامی کۆتایی، مەزەندەی گۆڕینێکی ئەوتۆی دراماتیکی بەسەر رۆڵ و قورساییان ناکرێت.

٤- عەرەبی سوننە (بەئیسلامی سیاسی و نەتەوەپەرستەکانیانەوە) لە حاڵەتی گردبوونەوەن، مەزەندەی ئەوە دەکرێت گرانی و رۆڵیان زیاتر بێت لە جاران.

٥- کورد بەلیست و بە بەرنامەی جیاجیا بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکات ئەوەی مەزەندە دەکرێت:

أ- مۆنۆپۆڵی (پارتی و یەکێتی) سەبارەت بەنوێنەرایەتیی کوردستانییەکان لە پەرلەمان و گشت داوودەزگاکانی ناوەندی بەغدا کەم دەبێتەوە، لەو بارەیەوە گۆڕینێکی چەندایەتی و چۆنایەتی بەدوور نازانرێت.

ب- ژمارەی کورسییەکانی کورد کەم دەبێتەوە. هەرچەندە رۆڵ و پێگەی کورد زۆر بەند نییە بەژمارەی کورسییەکانی.

ت- مەزەندەی ئەوە دەکرێت ژمارەی کورد لە پۆستە سیادییەکان کەمتر بکرێتەوە.

پ- لە خولی داهاتووی پەرلەمانی عێراق هەموارکردنی دەستوور لە ئارادایە. بەشێکی راستەوخۆ بەندە بەمافەکانی کورد، مەزەندەی ململانێ و پاڵەپەستۆیەکی دەرەکیی توند دەکرێت، ئەگەر نوێنەرانمان وەکو جاران مامەڵە لەگەڵ رووداو و پرسەکاندا بکەن، ئەوە پاشەکشێ و سازشکردنی تریش بەرێگەوەیە.

* له ماوەی چوار ساڵی رابردوودا کورد سەنگ و قورسایی خۆی هەبووە، دەتوانین بڵێین بەشی هەرە زۆری بڕیارە چارەنووسسازەکان بەبێ راوێژی کورد نەدراون. دەمەوێت ئەوە بپرسم ئاخۆ کورد لە حکوومەتی داهاتووی عێراقدا هەمان قورسایی و سەنگی ئێستای دەبێت؟

– کورد سەنگی خۆی هەیە لە عێراق و دەمێنێتیش. ئەوە مەسەلەیەک نییە نکووڵیی لێ بکرێت، وەلێ گرفتەکە لەوەدایە ئەو (سەنگ)ە چەند و چۆن کاریگەریی خۆی هەبووە لەسەر پرسی کورد. ڕاستە ڕاوێژ دەکرێت بەسەرانی کورد، وەلێ مەرج نییە ئیلتیزامی پێ بکرێت. زۆرجار ئەو ڕاوێژکارییە بەزەرەری پرسی کورد تەواو بووە. دامەزراندنەوەی سوپای عێراق، لایەنگیری لە مالیکی پشتگیری لە هاشمی و ساڵح موتڵەگ، مادەی (٥٨) و پاشتر مادەی (١٤٠)، یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراوە کە بووە مایەی لەدەستدانی لە سنووری (٧) کورسیی پەرلەمان و (ئیستیسنا)کردنی کەرکووک بەچەند مادە و برگەیەک.. تاد. بەپێی ئەزموونی کۆن و رووداوەکانی ئەم شەش ساڵە لە مێژووی عێراقی (هیوا و ئاشتی)، چەند دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا بەهێز بێت ئەوەندە قورسایی لایەنی کوردی کەم دەبێتەوە.

* کورد لە ڕابردوودا هاوپەیمانیی لەگەڵ هێزە شیعییەکاندا بەست، وەلێ بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان و تەنانەت رای شەقامیش ئەوە بووە کورد سوودێکی ئەوتۆی لەو هاوپەیمانیەتییە نەبینیوە. ئێستاش هێزە شیعییەکان بەتایبەتی هەردوو لیستی بەهێزی "دەوڵەتی یاسا" و "هاوپەیمانیی نیشتمانی" دەیانەوێت لە کورد نزیک ببنەوە، لەبەرئەوەی لە پەرلەمانی داهاتوودا پێویستیان بەپشتیوانیی کوردە بۆ دیاریکردنی کاندید بۆ سەرۆک وەزیران. بەبڕوای ئێوە کورد چۆن

پێویسته هاوپەیمانی بکات؟

– هاوپەیمانیەتی و نزیکبوونەوەی سیاسی تەعبیرە لە بەرژەوەندییەکان. بەرژەوەندییەکانیش بەردەوام لە گۆڕاندایە. ڕاستە لایەنی عەرەبی شیعە بەحوکمی چەندان هۆ و هۆکار نزیکی کوردن و باشتر تەفەهومی پرسی کورد دەکەن، وەلێ ئەزموونی (٦) ساڵ حوکمڕانی زۆرینەی عەرەبی شیعە ئەو نزیکبوونەوەیان لە کورد و تەفەهمیان بۆ پرسەکەی لە واقیعدا وەکو پێویست ڕەنگی نەدایەوە بەپێچەوانەوە وەک دەسەڵات زیاتر ئەوان ڕێگرن لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ هەم لە ڕووی کارگێڕی (حکومەت) و هەم لە ئاستی مرۆڤایەتی (زۆربەی عەرەبە هاوردەکان لە شیعەن و لە خوارووی عێراقەوە هێنراون). ئەگەر هاوپەیمانیی کورد لەگەڵ لایەنەکانی عەرەبی عێراق (چ شیعە و چ سوننە) وەک چۆن بووە هەروا بڕوات داهاتوومان لە ئێستامان باشتر نابێت. ئەوەی پێویستە بۆ هاوپەیمانیی کورد لەگەڵ لایەنەکان: ئیلتیزامکردنە بەمافەکانی کورد، کە لە دەستووردا هاتووە بەپێی نەخشە و پلانێکی دیکۆمێنتکراو، بەسەقفی زەمەنی و بەدائیل، دوور لە گەمەی زۆرین و کەمینە و موجامەلات.

* چۆن لەو هەنگاوانە دەڕوانن ئێستا دەنرێن بۆ دوورخستنەوەی چ بەعسییەکان چ سێبەرەکانی ئەوان کە دەیانەوێت لە ڕێگەی گەمەی هەڵبژاردنەوە دەست بەسەر عێراقدا بگرنەوە؟. بەبڕوای ئێوە کورد پێویستە پشتیوانی لەو هەنگاوانە بکات یان وەک ئەوەی کە ئێستا دەیبینین بێدەنگ بێت؟

– سەرکردایەتیی فەرمیی کورد لە گەڕانەوەی بەعسییەکان یان سێبەرەکانی بێ ئاگا نەبوونە بەڵکو لە هەندێ بواردا چاوپۆشییان لێ کردوون، ڕازیش بوونە لەسەر هەندێ بڕیار و یاسا بۆ گەڕانەوە یان ئیستیسناکردنیان، حەوانەوە و هاوکارییان بگرە دەربازکردنی هەندێکیان، پشتگیری و دیفاعکردن لە چەندان تاوانبار. پێش ئێستا لە بابەتێکماندا

ئامـاژەمـان بەوە کرد کە هـێشـتـا فیکری بەعس و پاشـمـاوە و سـێبـەرەکـانیـان (بەعس) کـۆمـاری (العـراق) بەڕێوە دەبات، لـە ئاسـتـی لەشکر و دەزگـاکـانی پـۆلیس و ئاسـایش و ئیـدارە و پـەروەردە و زانـکـۆ و بـوارەکـانـی تری پیروگراتییـەتی عێراق. زیاتر لـە نیـو سـەدە هێز و فیکری قـەومیـچییـەکـانی عەرەبی عێراق بەپێشڕەوایەتیی بەعسییەکان عێراقیان بەڕێوە دەبرد لە پشتی گشت نەهامەتییەکانی کوردن لە تەهـجیر و تەعریب و ئەنفال و جینۆسـاید و بەعەرەبکردنی باشووری کوردستان. ئەوان و سـێبـەرەکانیان بەرهەڵستکاری سـەرسـەخـتی کـوردن لە مـاوەی ئەم (٦) سـاڵەی قـۆنـاغی (العـراق الجـدید). گەڕانەوەی بەعسییەکان بۆ گەمە سیاسییەکە، لە بەرژەوەندیی گەلانی عێراق و ناوچەکەدا نییـە بەتایبـەتی خـەڵکی کوردسـتـان. سـەیرە دادگەکان حـوکمی تاوانبـارانیـان دەدا و دەسـتـە دەسـتـوورییەکان بڕیاری دوورخـسـتنەوەیان دەدا کەچی لەناو لووتکەی دەسـەڵاتی فـەرمیـی کورد هەیە پشـتگیـرییـان لێ دەکات وەک (سوڵتان هاشم) و (ساڵح موتڵەگ) و ئەمسالی ئەوان. ئەم حزبە بەڕمووز و بەڕێکخستن و بەفیکر بەپێی مادەی (٧)ی دەستوور قەدەغە کراوە.

* بەپێی دەسـتـووری عـێـراق لە خـولی داهـاتوودا دەسـتـەی سـەرۆکایەتیی عێراق نامێنێت و سەرکۆمـار مـافی ئەوەی دەبێت بەبڕیارێک بەشـێکی بەرچاو لە ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێنێتـەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان. من پرسیارەکەم ئەوەیە کورد دەبێت چ سـیـاسـەتێک بگرێتـە بەر بـۆ ئەوەی بتـوانێت ئەو پـۆسـتـە وەربگرێتەوە؟

– ئەو پۆسـتـە نەبـووە مـایەی ئەوەی ئەو بەشـە بـەبڕیارێکی ئەو بگەڕێتـەوە سـەر هەرێم. نابێت کورد خـۆی بەپۆستێکی بێ دەسـەڵات و پرۆتۆکۆلی لەسـەر حیسابی پرسی کورد ئەوەندە مەشغول بکات. نوێنەری کورد دەبێت زبانحاڵ و پاسەوان و پارێزەری مافەکانی کورد بێت. نوێنەرانی کورد ڕۆڵی میـانگیری و براگـەورەیی پێ ناکـرێت، زۆرجـار لەسـەر حـیسـابی پرسی کـورد تەواو

دەبێت. وەرگرتنی ئەو پۆستانە بەتەواق دەبێت نەک بەژمارەی کورسییەکان. تەوافوقیش گەرەنتیی دەوێت، گەرەنتیش یان بەدەستوور یان بەیاسا دەبێت. وەکو پۆستێکیش بۆ کورد دەبێت دەسەڵاتی هەبێت بەتایبەتی لەو بوارانەدا کە پێوەندیی بەپرسی کوردەوە هەیە (ڤیتۆ) بۆ نموونە.

* لە نێوەندی سیاسی و ڕۆژنامەوانیدا گەشبینییەک بەرامبەر بەسەرۆکی حکوومەتی هەرێم "د. بەرهەم" هەیە کە بتوانێت لانی کەم بەسەر ئەو تەنگژە و کێشانەدا سەرکەوتوو ببێت لە ماوەی پێش ئەودا خوڵقێنراون. پرسیارەکەم با ئەوە بێت ئێوە چۆن لەم کابینەیە دەڕوانن؟ پێتان وایە بەرهەم ساڵح دەتوانێت ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێت کە ئێستا هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ شکست پێهێنانی کابینەکەی؟.

– تاکو پرەنسیپی پەنجا بەپەنجا و دەسەڵاتی دوو جەمسەری لە هەرێم بەردەوام بێت و کێشەی دەسەڵات حەسم نەکرێت، ئەوە بەزەحمەتی دەبینم حکوومەت یان سەرۆکی حکوومەت بتوانێت حکوومەتایەتی و حوکمڕانی خۆیان بکەن بەئاسایی.

* چاودێرانی سیاسی هێما بۆ ئەوە دەکەن لە شێمانەی پشتیوانینەکردن یاخۆ دروستکردنی لەمپەر لەلایەن سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بۆ کابینەی شەشەم تاکە زەرەرمەندی یەکەم خودی یەکێتییە. پرسیارەکە ئەوەیە یەکێتی دەبێت چ هەنگاوێک هەڵبگرێت لە بەرامبەر ئەو شەڕە دەروونییانەی ئێستا لەلایەن لیستی گۆڕان و بەشێک لە سەرکردەکانی دەسەڵاتەوە بەرامبەر حکوومەت بەرپا کراوە؟

– بۆ سەرکردەکانی یەکێتی لەمپەر دروست بکەن لە بەرامبەر کابینەی (٦) کە سەرۆک وەزیران لەوانە و لە پرەنسیپی پەنجا بەپەنجا، (٥٠٪)ی گشت

پۆستەکانی حکوومەتیان بەردەکەوێت؟!. ئەگەر هەوڵی وەها هەبێت نەک تەنیا یەکێتی زەرەرمەند دەبێت بگرە ئەوە خەڵکی کوردستانە بەپلەی یەکەم زەرەرمەند دەبێت.

* هەرێمی کوردستان بەهۆی سیاسەتی هەڵەی هەردوو حزبی دەسەڵاتەوە رووبەڕووی دەیان تەنگرە و گرفتی ئیداری و سیاسیی گەورە بووەتەوە. چاودێران هێما بۆ ئەوە دەکەن چوار ساڵی داهاتوو سەختترین ساتەوەختی حوکمڕانی و بەڕێوەبردن دەبێت، چ حکوومەت ئەرکی قورسە و چ ئۆپۆزیسیۆنیش. پرسیارەکەی من ئەوەیە ئۆپۆزیسیۆن چ هەنگاو و ئەرکێکی لەسەر شانە لەم چوار ساڵەدا؟

- لەسەر ئۆپۆزسیۆنە:

١- پلاتفۆرمێک بۆ گلێرکردنەوەی باڵەکانی لەسەر بەرنامەیەکی گشتی کە گوزارشت لە بەرنامەکانیان بکات، ئەگەر نەکرا، ئەوە تەنسیق و هاوکاری لەسەر خاڵە هاوبەشەکان بکەن. هەر باڵێک لەو باڵانە بەرنامەی خۆی هەیە و لەسەر ئەو ئەساسە دەنگیان پێ دراوە و لەسەریانە هەوڵی جیدی بدەن بۆ جێبەجێکردنی.

٢- پەلەکردن لە حکوومەت بۆ ئەوەی بەرنامەکەی بنێرێ بۆ پەرلەمان.

٣- چاودێری و پرس و پرسینەوە لە کاروباری رۆژانەی حکوومەت.

٤- چاودێریی کاروبار و چالاکییەکانی نوێنەرانی هەرێم لە بەغدا.

٥- گرێدان و بەهێزکردنی پێوەندییە هەمەلایەنەکان لەگەڵ شەقامی کوردستانی و ئاگەدارکرنەوە و هۆشیارکردنەوەی ئەو شەقامە لەمەڕ پرسە گرینگ و چارەنووسسازەکان.

* تا ئەم ساتەوەختەی ئەم پرسیارەی تێدا ئاراستە دەکرێت پێوەندیی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات زۆر ئاڵۆزە، دەسەڵات

بەچاوی دوژمن لە ئۆپۆزسیۆن دەڕوانێت و ئۆپۆزسیۆنیش ئامادە نییە دان بەهیچ هەنگاوێکی باشی دەسەڵاتدا بنێت. من دەمەوێت بپرسم چۆن دەکرێت ئەم باگرژییەی ئێستا بگۆڕین بۆ پێوەندییەکی دروست کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی گشتی داڕێژرابێت؟.

– بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی شەرعی و خاوەن بنکە فراوانی جەماوەری و بەدەر لە دەسەڵات، دیاردەیەکی نوێیە، مروونەت و سەبر و تەحەمولی دەوێت. دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن خاوەن بەرنامەن، مولزەمن بەرامبەر بەدەنگدەرانیان. خاڵی هاوبەشیان زۆرە. تاکو ئێستا کابینەی (٦) بەرنامەی کاری خۆی نەناردووە بۆ پەرلەمان، باشتر وایە لەم بوارەدا حکوومەت دەستپێشخەری بکات، ڕەچاوی خاڵە هاوبەشەکانی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بکات، ئەگەر پێشەکی ڕای ئۆپۆزسیۆن وەربگرێت هێشتا باشترە، یان لە پەرلەمان مرونەت نیشان بدرێت بۆ داڕشتنەوە و تێهەڵکێشکردنی ئەو خاڵانەی کە پێک دێن لەسەری، ڕێزگرتن و ڕاوێژ و گوێگرتن لە نێوان هەردوولا، یەک لە بنەما سەرەکییەکانی بەیەکگەیشتن و لەیەک تێگەیشتنە بەتایبەتی لە پرسە گرینگ و چارەنووسسازەکاندا، مەزەندەی ئەوە دەکەم سەرۆکی حکوومەت ئەو ئیمکانیاتەی هەیە کە بەو کارە هەڵسێت و لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێم لەم بارەیەوە ڕێخۆشکەرە.

* ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان کە لەلایەن پەرلەمانی پێشووەوە تێپەڕێنرا لە ٢٥-٧ نەخرایە ڕاپرسییەوە، بیانووەکەش ئەوە بوو کە ناتوانرێت بەو ماوە کەمە ئامادەکاری بکرێت. پرسیارەکەی من ئەوەیە بۆچی ئێستا قسە لەسەر دەستوور ناکرێت؟

– دەستوور کەموکورتیی زۆرە. دەربازکردنی لە خولی دووەم هەم دەستوورەکەی عەیبدار کرد و هەم خودی پەرلەمان خۆی پێ عەیبدار کرد.

گەڕانەوەی دەستوور بۆ ناو پەرلەمان خیلافی لەسەر نییە. ئێستا پەرلەمانی کوردستان لە پشوودایە. دوای هەڵبژاردنەکان ٧-٣-٢٠١٠ دەستبەکار دەبێت، بەئومێدی ئەوەی لەم خولەدا کاری لەسەر بکرێت بەشێوەیەک کە شیاو بێت بەیەکەم دەستووری کوردستان و پێش پەسندکردنی بۆ دواجار بخرێتە بەردەستی پسپۆڕان و خەڵکی کوردستان و پاش پەسندکردنی لە پەرلەمانەوە بدرێتە ریفراندۆم.

تێبینی: ئەم دیمانە لە کۆواری (نێوەند) بڵاو کراوتەوە، ژمارە (٧١) لە مانگی کانوونی یەکەمی/ ٢٠٠٩.

## دیدار لەگەڵ رۆژنامەی "رووداو"

جەوهەر نامیق سالم، یەکەمین سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق شرۆڤە دەکات و رەخنە لە هەڵوێستی خەمنەخۆرانەی بەرپرسانی کورد لە هەرێمی کوردستان و بەغدا دەگرێ لەبارەی ژمارەی کورسییەکانی دیاریکراو بۆ پارێزگاکانی کوردستان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەڵێ لەوانەیە ئەو کێشە تەکنیکییە بەمنەتکردنێک لە کورد تا رادەیەک راست بکرێتەوە، لە پێناو تێپەڕاندنی ئەو گەمەیە کە مەبەست لێی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی ترە.

رووداو – هەولێر

* خەڵک سەری لێشواوە و بۆی ساخ نەبووەتەوە لە هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردندا سەرکەوت یان فێڵی لێ کراوە. بەهۆی هەڵوێستە جیاوازەکانەوە، بەڕای تۆ کامیانە؟

– خەڵک ناحەقی نییە سەری لێ بشێوێت. خودی دەسەڵات لەم بارەیەوە سەری لێشێواوە. ئەگەر وا نەبێ ئەو هەموو هەڵڵایە چی بوو پاش پەسندکردنی لە ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی کۆمار، لە هەرێمی کوردستان کرا. یاساکە لە ئێوارەی ٢٠٠٩/١١/٨ لە پەرلەمانی عێراق پەسند کرا. هەر ئەوشەوە موژدە درایە خەڵکی کوردستان کە لیستی کوردستانی "سەرکەوتنێکی تری تۆمار کرد لە بەغدا" و، دەستکەوتێکی تری خستە سەر خەرمانی دەستکەوتەکانی. سەرلەبەیانیی ٢٠٠٩/١١/٩ سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لە راگەیاندنێکی دوور و درێژدا "بەبۆنەی هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پیرۆزبایی لە

گەلی کوردستان و گەلانی عێراق " دەکەن و دەڵێن "خۆشبەختانە دواجار ئیرادەی پەیڕەوانی دەستوور و یاسا و پرەنسیپی دیموکراسیی گەلی کوردستان و نیشتمانپەروەرانی عێراقی سەرکەوت.."، زیاد لەمەش سەرۆکایەتیی پەرلەمان خەڵکی کوردستانی دڵنیا کردەوە لەوەی کە غەدر و فێڵی لێ نەکراوە و، لەم ململانێیەدا هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ لیستی کوردستانی لە بەغدا و لووتکەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بەئاگا بوونە، هەروەک لە ڕاگەیاندنەکەدا هاتووە: "بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان لە ڕێگەی سەرۆکی پەرلەمانەوە لە پێوەندیی بەردەوامدا بووین لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و نوێنەرانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە بەغدا و نوێنەرانی ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستاندا". لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/٩ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانیش بەفەرمی جەختی لە ئەو سەرکەوتنە کرد. سەرکۆمار و سەرۆکایەتیی هەرێم لووتکەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بەهەمان شێوە و ڕاگەیاندنەکانی هەردوولا لەم بارەیەوە درێغییان نەکرد. دەسەڵاتی فەرمی لە هەرێمی کوردستان و نوێنەرانیان لە بەغدا هەروەک جەختیشی لەسەر دەکەن، هاوڕا و بەئاگا بوون لە گشت قۆناغەکانی پرۆسەکە، تاوەکو بەرزکردنەوەی کارتی ڤیتۆی تاریق هاشمی نەهاتە کایەوە، دەسەڵاتی فەرمی لە هەرێمی کوردستان و نوێنەرانمان لە بەغدا لارییان نەبوو. بۆیە باسکردنی "فێڵ" و" غەدر" لە کورد هەندێ مەنتیقی نییە. ئیدیعای " فێڵ" و"غەدر" و "لادان لە تەوافوق و دەستوور.. تاد" دوای نزیکەی هەفتەیەک لە دەرچوواندنی یاساکە دەستی پێ کرد. سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا و پەرلەمانی کوردستان لە یاداشتنامەیەکدا لە ٢٠٠٩/١١/١٥ ناڕەزاییی خۆیان لەسەر یەک دوو خاڵی لابەلای یاساکە دەربڕی نەک خودی یاساکە. لە هەمووشی گرینگتر مادەی ٦ی پێوەندار بەکەرکووکەوە.

* هەندێ پەرلەمانتاری کورد دەڵێن فێڵمان لێ کرا، باشە کورد بۆچی فێڵی لێ کرا؟

– هەروەک گوتم سەرکردایەتیی کوردستان لە هەموو قۆناغەکاندا بەئاگا بووە. مەزەندەیان دەکرد چۆن لە ئەنجوومەنی نوێنەران دەرباز بوو لە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی کۆماریش هەر وابێ، بەبەڵگەی ئەوەی نوێنەری کورد و شیعە لە سەرۆکایەتیی کۆمار پەسندیان کرد. نوێنەری عەرەبی سوننە (هاشمی) رەتی کردەوە. دەقی یاساکە کەوتە ناو ڕاگەیاندنەکان، دەنگی نارەزاییی بەرز بووەوە، کەچی لایەنی کوردستانی بەردەوامبوون لە شاییی لۆغانی سەرکەوتن. ئەگەر فێڵ کرابێت ئەوا لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی فێڵی لە خۆی و لە کورد کردووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە: بێ سەروبەری و نەبوونی تەنسیق و چاودێری و بەدواداچوون لە نێوان لیستی کوردستانیی خۆیان و لە هەرێمی کوردستان. بەکارهێنانی پرسی کورد بۆ خزمەت و ئەولەویاتی ئەجیندەی غەیرە کورد. نەبوونی مەرجەعییەتی دەستووری لە هەرێمی کوردستان بۆ پرس و پرسینەوە لەمەڕ ئەم جۆرە ڕووداوانە یان دەکرێت بیگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی دیارە پێشوەخت لە لووتکە بەیەکگەیشتن و تێگەیشتنێک هەبووە.. تاد.

* بەڵام د. فوئاد مەعسووم، سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان ئێستاش دەڵێ یاساکە سەرکەوتنە بۆ کورد، ئەو هەڵوێستە چۆن دەبینی؟

– هەر ئەو جوامێرە وا ناڵێت زۆر لە بەرپرسانی تری هەردوو حزبی فەرمانڕەوا ڕایان وایە. پێناسەکردنی زاراوەی "سەرکەوتن" لە کەس و گرووپێکەوە بۆ ئەوانی تر وەک یەک نییە، ڕێژەییە. بەدیدی بەندە نە دەسکەوتە و نە سەرکەوتن.

* لە مادەی ٣ی یاسا هەموارکراوەکەدا، لە برگەی ٣دا کە باسی مافداربوونی ٥٠ پەرلەمانتار لە ڕەخنەگرتن لە تۆماری دەنگدەرانی پارێزگایەک، کە ناوی کەرکووک هاتووە

بەدیاریکراوی ئەوە مانای ئەوە نییە کە هەر لە ئێستاوە هەڵبژاردنی کەرکووک ڕەت کراوەتەوە؟

– کەرکووک لەمێژە ڕەت کراوەتەوە. زیاتر گەمەکردنە بەهەستی خەڵک و بەسەربردنی کاتە. لووتکەی دەسەڵاتی فەرمیی کورد وتیان: نابێ لە هەڵبژاردن، کەرکووک جیاب کرێتەوە و ئیستیسنا بکرێ، کەچی بەدەقی یاسایی ئیستیسنا کرا: بەگومانکردن لە تۆماری دەنگدەرانی، بەدروستکردنی لێژنەیەکی تایبەتی بۆ پێداچوونەوە نەک تەنیا بە تۆماری ۲۰۰۹ بەڵکو بەتۆماری ۲۰۰٤ تاوەکو ۲۰۰۹، واتە گومان خستنە سەر هەڵبژاردنەکانی ۲۰۰٤ و ۲۰۰٥یش. بەستنەوەی چارەنووسی هەڵبژاردن بە بڕیاری لێژنەیەک کە دەنگی کورد تێیدا یەک دەنگە لە کۆی ۷ دەنگ، بەمافدان بەراگرتن و تەجمیدکردنی بەرەنجامەکانی هەڵبژاردن بۆ ماوەی یەک ساڵ. لەوەش سەرنجڕاکێشتر بەرەنجامی ئەو هەڵبژاردنانەی کەرکووک و هەڵبژاردنەکانی رابردووشی نابێتە بنچینەیەک بۆ هیچ پرۆسەیەکی تری هەڵبژاردن لە ئایندەدا یان بۆ هەر بارودۆخێکی سیاسی و ئیداری. واتە چارەنووسی بەرەنجامەکانی هەڵبژاردنی کەرکووک ساڵانی ۲۰۰٤ و ۲۰۰٥یش جێی گومانە و دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی بڕیاری لێژنەکە.

* بۆ مەسیحییەکان پێنج کورسی لە پێنج پارێزگا دانراوە، بەڵام بۆ ئێزدی کە بە مەزەندە ژمارەیان ٥٥۰ هەزار کەسە ۱ کورسی دانراوە، بۆ سابیئەش کە تەنیا ۳۰ هەزار کەسێکیان لە عێراق ماوە یەک کورسی دانراوە، ئەوە چۆن لێک دەدەنەوە؟

– جارێ قەبووڵکردنی کۆتا بۆ کوردی ئێزدی و شەبەک هەڵەیەکی کوشندە و غەدرێکی گەورە بوو. جارێک بەجیاکردنەوەیان لە کورد و جارێکی تر بەژمارە، کە هێشتا برینەکانی هەڵبژاردنەکانی پارێزگای مووسڵ سارێژ نەبوون. برایانی مەسیحییش نیگەرانن لە ژمارە و پەراوێزکردنیان لە بەسرە و جێگەکانی تر.

* هەندێ کەس دەڵێن ئێزدی ٥ کورسیی بۆ کورد لە مووسڵ و دهۆک مسۆگەر دەکەن لەبەر ئەوە باشە هەر یەک کورسی بەو شێوەیە دانراوە؟

– من لەگەڵ لەتکردنی کورد نیم. ئێزدی و شەبەک کوردن، دەبێ لایەنی کوردستانی بەرەچاوکردنی قەوارە و غەدری مێژوویی و ئارەزوویان مامەڵەیان لەگەڵ بکات.

* لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا کورد رازی بووە کە ئێزدی و شەبەک وەک دوو پێکهاتەی جیاواز حیساب بکرێن، ئەوە لاوازیی نوێنەران و لیستی کوردی و سەرکەوتنی ئەوانە نییە کە دەڵێن ئێزدی و شەبەک کورد نین و چەسپاندنی ئەوە نییە بەکردەوە؟

– هۆکارەکان هەرچی بن، مەبەست لە کۆتا بۆ ئەو کوردانە، زیاتر هەوڵدانێکە بۆ دروستکردنی درزێک و نانەوەی دووبەرەکی و دابڕینیانە لە نەتەوەکەیان. لەو باوەڕەدام برایانی ئێزدی و شەبەک لەو نەخشەیە ئاگەدارن.

* ئاخۆ دەکرێ دەستکاریی میکانیزمی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە بکرێ، لە کاتێکدا یاساکە دەڵێ دەبێ بەپێی کۆبۆنەکانی خۆراک بێت لە ساڵی ٢٠٠٩دا؟

– بۆ کەرکووک بەتەحدید مەرج نییە. مادەی (٧)ی یاساکە بەوردی باس لەوە دەکات.

* ئاماری وەزارەتی پلاندانان دەڵێ کۆی دانیشتوانی عێراق ٣١ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار کەسە، کەچی وەزارەتی بازرگانی دەڵێ ٣٣ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار کەسە، کۆمیسیۆنیش دەڵێ ئاماری ٢٠٠٩ راست نییە، لە زەوینە و بارێکی وادا دەکرا کورد رازی بێت بەئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کاتێکدا لەسەر کەرکووک کە گوایە

کورد دەیان هەزارێکی زیاد کردووە ئەو هەموو کێشەیە بۆ کورد دروست کرا؟

– لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە بەپێی دەستوور، لایەنی کوردستانی لە بەغدا و لە هەرێمی کوردستانیش باش دەیانزانی چوار ساڵی تر هەڵبژاردن دەکرێ، کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران تەحدید کراون لەسەر ئەساسی هەر ١٠٠ هەزار کەس و کورسییەک، بۆ دیاریکردنی ژمارەی هاوولاتییان پسوولەی خۆراکە ئەگەر سەرژمێری نەکرێت و نەکرا. بەدیهییەتێکی سادەیە ژمارەی هاوولاتییان زیاد دەکات و بەو پێیە ژمارەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانیش دیاری دەکرێن. بۆ چاودێری و بەدواداچوون و زانیاری، وەزارەتی بازرگانیی عێراق ڕاستەوخۆ بەرپرسیارە، لەوێش جێگری ئەو وەزارەتە و چەندان کارمەند لەسەر پشکی کورد و لەسەر ئەساسی پرسی کورد دانراون. وەزارەتی پلاندانانیش هەروەها. جگە لەمانە، سەرکۆمار و ڕاوێژکار و یاریدەرە پسپۆڕەکانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق کورد بووە و بەرپرسی دۆسیەی ئابووریی عێراق بووە تاکو پێش مانگێک، حەوت وەزیری کورد و دەیان جێگر و بەناو ڕاوێژکار و پسپۆڕ لەسەر حیسابی پرسی کورد لە بەغدا دامەزراون، لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان و بەناو ڕاوێژکار و پسپۆڕ و ٥٨ ئەندامی پەرلەمان و نووسینگەی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نووسینگەی نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەغدا دامەزراون. بەدەر لەمانە هەر هەموو ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ لە ٢٠٠٥ تاوەکو پێش چەند مانگێک بە پارێزگار و جێگرەکەی و زیاتر لە ٣٥ ئەندام لە لیستی برایەتیی کورد بوون، پارێزگاری کەرکووک و سەرۆک ئەنجوومەنی پارێزگا و زۆرینەی ئەندامانی کوردن، لە دیالەش تاکو چەند مانگی رابردوو کورد لە ئەنجوومەنی پارێزگا سەنگ و ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو. حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی (ما وراء البحار) مەبەستم وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی هەبوو. پەرلەمانی کوردستان و لیژنەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و

ڕاوێژکارانی پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک، دوو حزبی فەرمانڕەوا و لق و مەڵبەند و ڕێکخستنەکانیان و ٦ دەزگای ئاسایش و هەواڵگریی هەرێم و بەشی کورد لە دەزگا ئەمنییەکانی عێراق، ئێژین بەهەر هەموو ئەمانە نەیاندەزانی ساڵی ٢٠١٠ هەڵبژاردنە و پێویستە ژمارەی هاووڵاتییان لە بەردەستدا بێت و بزانن مانگ و ساڵانە چی بەسەردێت؟! باوەڕ ناکەم ئەگەر جیددییەت و بەدواداچوون و خەم لێخواردن هەبووایە کێشەی ژمارەی هاووڵاتییان بووبووایە گرفتێک. ئەم هەڵڵایە دەبووایە پێش ٢٠٠٩/١١/٨ ڕوویدایە. بۆ کردیان بەگرفت، ئەوە پرسیارێکە وەڵامی دەوێت؟ بەڕای من، ئەو هەموو ڕاوڕووتەی یاساکە سەبارەت بەکۆی گشتیی دانیشتوانی عێراق و ئەو جیاوازییەی کە باستان کرد زیاتر بۆ کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانە. لایەنی کوردستانی پێ سەرقاڵ و ماندوو دەکەن. بەدیدی من ئەوە کارتی پاڵەپەستۆیە، دوور نییە بە ڕێکخستن و جیاکردنەوەی هەندێ لایەنی ئەو ژمارانە، گەمەکە دەرباز بکەن و دیسان لایەنی کوردستانی دەیکەنە دەسکەوت و سەرکەوتن و لایەنی غەیرە کوردستانیش بە سازش و نواندن و نەرمی و منەتکردن بەسەر کورددا و چارەسەری تەوافوقی ساخی دەکەنەوە.

* مام جەلال وەک نوێنەری کورد لە سەرۆکایەتیی کۆمار ڤیتۆی خۆی بەرامبەر هیچ مادەیەکی یاساکە بەکار نەهێنا، هەروەها فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان دەنگی بۆ دا و ئێستاش د. فوئاد مەعسووم بەسەرکەوتنی دادەنێ، ئاخۆ لەو حاڵەتەدا هەڵوێستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چ هێزێکی هەیە بۆ ڕاگرتنی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەو شێوەیە؟

– هەقە ئەو پرسیارە لە سەرکۆمار بکرێ کە بۆچی ڤیتۆی بەکار نەهێنا؟ و لە د. فوئاد مەعسووم کە ئەوە کام سەرکەوتنە؟ بەهەرحاڵ دیارە تەلەفۆنێکی بایدن و حزووری باڵیۆزی تورکی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە بەلاغەت و هەڵوێستی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان کاریگەرترە. سەرۆکی هەرێمی

کـوردسـتـان بەپێی دەسـەڵاتەکـانی وەک لووتکەی دەسـەڵاتی کـارگـێـڕی و سیاسیی هەرێمی کوردستان بەرپرسیارە لەو کێشانە کە پێوەندییان بەپرسی کـوردەوە هەیە و پەرلەمـانی کـوردسـتـان تەنیـا دەسـەڵاتە بەپێی دەسـتـووری عێراق بۆ ڕاگرتنی ئەو یاسـایە بەجـوزئی و بەگشـتی. دەتوانێ ئەوەش بکات، چونکە بۆ نموونە مـادەی ٣ و ٦ی یاسـا هەمـوارکـراوەکەی هەڵبـژاردن لە زۆر لایەنیـەوە دژی مـادەکانی دەسـتـووری عێراقە، بەدیاریکراویش پێچـەوانەوە و دژی مـادەکـانی ١٤ و ٤١ و ٤٦ و ٦٥ و ١٢١ و ١٤٠ی دەسـتـووری عـێـراقن. بەتایبـەتی ئەوەی پێـوەندیدار بەکـەرکـووک و کـورسـیـیـە قـەرەبووکـراوەکـان. ڕەتکردنەوەی یاسـاکە لەلایەن هاشـمییـەوە لەسـەر مـادە (١)ـە. کرۆکی مـادەکە کـورسـیـیـە تەعـویزییـەکانە، گـومـان لە دەسـتـووریـەتیشـی دەکرێ. ژمـارەی دانیشـتوان کێشەیەکی تەکنیکییە لە نێوان لایەنە کـارگێڕییە پێوەندیدارەکان. لە هەردوو حـاڵەتەکەدا زۆر لـە ناوەڕۆکی کێشـەکان ناگۆڕێت کە کـەرکـووکـە. کێشەی کورد لەگەڵ ناوەندی بەغدا چەند کورسییەکی ئەنجـوومەنی نوێنەران و پۆسـتـێکی سـیـادیی نیـیـە. زیاد بن یان کـەم بۆ گـۆڕین و بڕیـاردانی چارەنووسـساز یەکلاکەرەوە نین. باشـتر وابوو بۆ نمـوونە، سـەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان خودی یاساکە ڕەت بکەنەوە. یان مەرجیان بۆ بەشداریی کوردستانییـەکان لە هەڵبژاردنەکە ئەوە بووایە ئەو هەمـوو شـەرت و شـــرووتە لـەســەر کـــەرکـــووک دانراوە هـەڵبگیـــرێ و یەکـــلاییکردنەوەی چارەسـەرکـردنی کـێـشـەی گـشـت ناوچە دابڕاوەکـانی کـوردسـتـان لـە پێش هەمـوویانـەوە کـەرکـووک لە مـاوەی سـاڵێک نەک ڕاگـرتنی بەرەنجـامـەکـانی هەڵبژاردنەکەی بۆ ماوەی ساڵێک بەو هەموو گومانەوە.

* سـەرۆکایەتیی هەرێمی کوردسـتان یان پەرلەمـانی کوردسـتان دەتوانێ لـە دادگـەی فـیـدراڵی شکایـەت لەو یاسـایـە بکات و رای بگرێ؟

– جـا بۆچی دادگــەی فـیـدراڵی؟ بۆ پـەرلـەمــانی کــوردســتــان مــافــە

دەستوورییەکەی خۆی بەکار ناهێنێت لە ڕەتکردنەوەی یاساکە؟ کێشەکە توانا نییە، بەڵکو کێشەکە لە ئیرادەدایە. بڕگەی دووەمی مادەی ١٢١ی دەستووری عێراق مافی ڕەتکردنەوەی یاساکە دەداتە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، مادەکە لەو بارەوە ڕوونە.

* دوای ئەو هەڵبژاردنە بنەمای تەوافوق دەمێنێ، ئەگەر نەمێنێ ڕەوشی کورد چی لێ دێت؟

– تەوافوق پرەنسیپێکی دەستووری و یاسایی نییە، کارتی گەمەیە. زۆرجار موجامەلاتە و بە میزاج کاری پێ دەکرێ، لە هەندێ بواریشدا بەزیانی کورد شکاوەتەوە. ئەوەشی ماوەتەوە زیاتر بەندە بەتەرازووی هێز و فاکتەرە دەرەکییەکان، تاوەکو دێت مەودای کورت دەبێتەوە بۆ کورد.

* نەوشیروان مستەفا دەڵێ ئێمە کاتی خۆی وامان دانابوو کە ئەگەر ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی کۆمار نەما، کە لە کوردێک و عەرەبێکی شیعە و سوننەیەک پێک دێ و هەرسێکیان مافی ڤیتۆکردنیان هەیە، ئەنجوومەنی هەرێمەکان دادەنێین، ئێستا بەپێی ئەو یاسایە تەنیا سەرۆکی کۆمار دەمێنێ و مەرجیش نییە لە دوای ئەو هەڵبژاردنە کورد بێ، ئەنجوومەنی هەرێمەکانیش دانەنرا، کەواتە بەڕای تۆ ڕەوشی کورد لە عێراقی دوای ئەو هەڵبژاردنە چۆن دەبێ بە ٥٠ کورسییەک لەنێو ٣٢٣ کورسیدا؟

– بەو واقیعەی کە هەیە و داهاتووەکەی کە مەزەندە دەکرێ، باش نابێت. کێشەکەمان کورسی و پلە و پایە نییە، بەڵکو ئیرادە و ساخکردنەوە و زەماناتی دەستووری و نێودەوڵەتییە.

* دووجار سەرژمێریی عێراق لەسەر کەرکووک دواخرا، ١٤٠یش جێبەجێ نەکرا، نەدەکرا کورد سوود لەو هێزەی ئێستای وەربگرێ و بڵێ تاوەکو دەستوور جێبەجێ نەکرێ ڕێ

بەهەڵبژاردنی داهاتوو نادەین؟

– لایەنی کوردستانی ناتوانێ لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ڕێگە لە هەڵبژاردنەکە بگرێت. وەلێ دەتوانێ بەشداری نەکات و بەرەنجامەکانی قەبووڵ نەکات. هەتاوەکو لە هەرێمیش دەبێ تەبا بێت لەگەڵ دەستوور. مادەی (٦)ی ئەم یاسایە دەقاودەق دژی مادەی (١٤٠)ـە و مێخێکی ترە لە جەستەی ئەو مادەیە دەدرێت.

تێبینی: ئەم دیدارە لە ڕۆژنامەی (ڕووداو) ژمارە (٨٧) لە ٢٠٠٩/١١/٢٣ بڵاو کراوەتەوە.

## دیدار لەگەڵ رۆژنامەی "رۆژنامە"

٢٠٠٩/٩/٢٤

سازدانی: سیروان رەشید

سیاسەتوانی ناسراوی کورد، جەوهەر نامیق سالم، پێی وایە بوونی فرە لیستی لەناو لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق حاڵەتێکی زۆر تەندروست و ئیجابییە و بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی کە پێی وایە بوونی فرە لیستی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان مەترسیی بۆ سەر کورد هەیە و جەوهەر نامیق لەو رووەوە دەڵێت: ترسی لەیەک ترازاندن و پەرتکردنی ماڵی کورد لە فرە لیستی نییە سەبارەت بە ململانێ و کێبەرکێی ئاشتیخوازانەی لایەنەکان و حەسمکردنی پشتیوان و متمانەی دەنگدەرانی کوردستان بەو لایەنانە، بەڵکو لە تاکڕەویی یەک لیستییە.

جەوهەر نامیق سەبارەت بەپرسی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و دیسانەوە بوونی لیستی جیاش لەو پارێزگایە دەڵێت: ئەوە واقیعی کەرکووکە لە سایەی سیاسەتی یەک لیستی و قۆرخکردنی دەسەڵات و دابەشکردنی کوردستانی باشوور لە نێوان هەردوو حزبی فەرمانڕەوا بۆ دوو بەش (هەرێم و ناوچە دابڕاوەکان)، وا خەریکن بەخشپە ناوچە دابڕاوەکانمانیش لەت لەت بکەن، بۆیە بوونی لیستی جیاجیا بۆ هەڵبژاردنەکانی کەرکووک لە بوونی فرە لیستیی هەڵبژاردنەکانی هەرێم ئەگەر گرینگتر نەبێت کەمتر نییە.

* هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی نزیک بووەتەوە، بەڕێزتان وەک

سیاسەتوانێک چۆن دەڕواننە ئەو هەڵبژاردنە، پێتان وایە تابلۆی سیاسیی عێراق گۆڕانکاریی جەوهەریی تێدا روو بدات؟

– هێشتا ناوەڕۆکی تابلۆکە بە روونی دەرنەکەوتووە و لە قۆناغی نەخشە و تێکەڵکردنی رەنگەکانە، ململانێیەکە تاکو دێت چڕتر دەبێتەوە، ئەجێندای ئەکتەرەکانی گۆڕەپانەکە لە گۆڕاندایە، جڵەوی هەندێکیان بەدەستی خەڵکی ترە یان لە دەستیان دەرچووە، رۆڵی وڵاتانی ئیقلیمی لەم زۆرانبازییەدا هەستیارە، بڕیاری ئەمەریکا بەپلەی یەکەم کاریگەری گرینگی هەیە لەسەر تابلۆکە چ لەگەڵ ئەکتەرەکان و چ لە سەودا و مامەڵەی لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمی پێوەندار، حەسمیش لای دەنگدەرانە.

گۆڕان سوننەتی ژیانە و گردبوونەوە و لەیەک ترازان لە واقیعی ئەمڕۆی عێراقدا، پرۆسەیەکی بەردەوامە و مەزەندەکردنی گۆڕانی جەوهەریی زیادەڕەوییە لە گەشبینی، لە تەک ئەوەی تابلۆکە هێشتا تەماوییە و گۆڕانی (جەوهەریی) لە ئارادا نییە، وەلێ لەم سەروبەندەدا دەکرێت ئاماژە بەچەند دیاردەیەک بکەین لەوانە:

بە بەراوردکردنەوەی هەڵبژاردنەکانی رابردوو، ئەوەی کە دێت گۆڕانکاریی لە ریزبەندی و گردبوونەوەی لایەنەکان و تەرازووی هێز شیمانەیەکی چاوەڕوانکراوە.

هەرچۆنێک بێت رەوت و بەرەنجامەکانی گردبوونەوە و گۆڕین و گۆڕانکارییەکان، دەسەڵاتی زۆرینە هەر لە دەستی هێزە ئیسلامییە سیاسییە مەزهەبییەکان دەمێنێتەوە و پێشەنگی بۆ شیعەکانە.

رەوتی مەزهەبی و نەژادپەرستە توندڕۆکانی نێو هێزەکانی زۆرینە و بەرهەڵستکاران زیاد دەکات، یەک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی دژایەتیکردنی پرسی کوردە، دینامۆ و بنکەی سەرەکیشیان خزانەوە و مانەوەی پاشماوەی حزبی بەعسی هەڵوەشاوەیە چ لەنێو بنکە و لووتکەی لایەنەکان یان لە سیستمی پیرۆگراتی دەوڵەتی عێراق، بەپێچەوانەی هەموو نەخشە و

لێکدانەوە و لێدوانەکانی لایەن و کەسانی پێوەندار.

تاکو ئەمەریکا لەم وڵاتە بەم شێوە و شێوازە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکات، شیمانەی سەقامگیری و گۆڕانی جەوهەریی دوورە...!.

* کورد لە کوێی ئەو گۆڕانکارییەدایە، بەبڕوای ئێوە پێویستە کورد چی بکات کە ڕۆڵ و پێگەی بەهێزتر لە پەرلەمانی داهاتوو، ئاخۆ ئەو جیاوازییانە چین کە پێویستە کورد لە خیتابی سیاسیدا بیانگرێتە بەر و هەڵەکانی رابردووی دووبارە نەکاتەوە؟

– ئەمە پرسیارێکی هەستیار و خاسە و پێویستە هەندێک وردبین و بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای پرۆسەی دامەزراندنەوەی عێراقی (هیوا و ئاشتی) لە پاش (رزگاریی) و (داگیرکردن)ی لەلایەن ئەمەریکاوە، چونکە هەر ئەودەم لایەنی کوردستانی بەتەحدید لووتکەی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی کورتیان هێنا، ئەوان ڕایان وابوو سیاسەت هونەری مومکیناتە نەک هونەری (خیارات)، کێشەی کورد برێتییە لە پلە و پایە و بڕە پارەیەک لە ناوەندی بەغدا و چەند دێرێکی یاسایی لە دەستوور و گفتی سەرزارەکی و بوون بە (چاملغی) ئەمەریکا گشت کێشەکانیان چارەسەر دەکات و ئەوەی لە عێراق و ناوچەکە بۆ ئەمەریکا باش بێت، بۆ ئەو لووتکەیە باشە و ئەوەی بۆ لووتکەیش باش بێت بۆ کوردیش باشە، وەلێ واقیعی عێراق و ناوچەکە و دۆزی کورد لە ماوەی نزیکەی یەک سەدە بە گشتی و ئەزموونی ئەم (٦) ساڵە لە (عێراقییەت) و (چاملغی) لووتکەی دەسەڵاتی ئەم دوو حزبە لە عێراقی (هیوا و ئاشتی) و ڕۆڵی (سەڵتە سووری بەر لەشکریان) لەگەڵ ئەمەریکا، نەک کێشەی کوردی باشووری کوردستانی چارەسەر نەکردووە، بگرە ئاڵۆزتری کرد و ئەوەی هەیە ئەوەیە کە لە مەیداندایە: ژمارەیەکی پۆستی سیادی لە ناوەند، کە زیاتر پرۆتۆکۆلین و لە پرس و بوارە ناسکەکاندا یان خۆیان گێل دەکەن (نەوەک زەرەری هەبێت بۆ پەزەکان)یان بەسەریاندا تێ دەپەڕێت و ئاگایان لێ نییە یان فەرز دەکرێت، ئەو بڕە پارەیەش بووەتە یەک لە فاکتەرە

سەرەکییەکانی گەندەڵیی دەسەڵات، هۆکارە سەرەکییەکانی شکستی هەردوو حزبی فەرمانڕەوا لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٩/٧/٢٥) زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دید و بۆچوون و هەڵوێستانە.

هیچ لەم (عێراق)ـە حەسم نەکرا و، دۆخەکە هێشتا دەکوڵێت و وا زوو دانامرکێتەوە، گۆڕانکارییەکان بە گشتی پرۆسەیەکی بەردەوامە و کوردیش بەشێکە لەو هەڵچوون و داچوونە، وەلێ نوێنەرانی وایان کرد کە بەشێکی لاواز بێت لە هەڵوێست و لە ئەدا و لە خیتابی سیاسی و دوای رووداوەکان بێت، چونکە هەر لە سەرەتای گەمە سیاسییەکەی دوای (٢٠٠٣) تا ئێستا لووتکەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، هەرچۆن وەکو پێویست لە سەرەتای (رزگاریی) عێراق سەرکەوتوو نەبوون لە بەکارهێنانی کارتی کورد لە رووی دیموگرافی و جوگرافیا و مێژوو و هێز و قووڵاییی نەتەوایەتی، واتا پانتاییی خاک و دەسەڵاتی ئیداری و سیاسی و هێزی سەربازی و جەماوەری و غەدری مێژوویی و جینۆساید و ئەنفال و تەعریب، هەر بەهەمان شێوە ناکۆکییەکانی نێوان لایەنەکانی ململانێی نێو دەسەڵاتی ناوەند و لایەنە غەیرە ئیرهابییەکانی ئەزموونی گەمەی بەرهەڵستکارانی ئەمەریکا و رژێمی نوێ عێراقیان وەکو پێویست نەقۆزییەوە بۆ چارەسەرکردن و حەسمکردنی پرسی کورد، بەداخەوە ئەوان زیاتر سەرقاڵی پلە و پایە و بەش و پارە بوون، وەک هاووڵاتییەکی عێراقی تەماشای (رزگاری) و (داگیرکردن) و دەسەڵاتیان دەکرد، نەک وەکو نوێنەری نەتەوەیەکی خاوەن کێشە و پرسێکی پێناسەکراو. بەدیدی بەندە ئەو دۆخەی ئەمڕۆ بەرەنجامی خۆشباوەڕی و کورتبینیی لووتکەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتییە و ئەوەی لە سەرەتای گۆڕانکارییەکانی (٢٠٠٣) دەلوا بۆ کورد ئێستا مەحاڵە، بۆیە خۆیان و ئۆپۆزسیۆن و خەڵکی کوردستان وا باجەکەی دەدەنەوە.

خیتابی داهاتووی لایەنی کوردستانی دەبێت بۆ پرسی کورد بێت، پرسی کوردیش لە باشووری کوردستان چەقیوە، چەند ئەمەریکا و ناوەندی بەغدا بەرپرسیارن لەو رەوشە، ئەوەندەش لووتکەی دەسەڵاتی هەردوو حزبی

فەرمانڕەوای هەرێم. واقیعی ئەمڕۆی پرسی کورد لە باشووری کوردستان دەکرێت لە سێ جەمسەری سەرەکی وەک یەک پاکێت کۆ بکرێتەوە:

کێشەی ناوچە تەعریبکراوەکانمان و چارەنووسیان و گەڕانەوەیان بۆ باوەشی (هەرێم) و حەسمکردنی سنووری باشووری کوردستان بەپێی واقیعی مێژوویی و جوگرافیایی و دیموگرافیایی پێش نەخشە و سیاسەتی تەعریب، مەعلوومیشە بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچانە گشت جۆرە داکۆکی و تێکۆشانێکی گەرەکە، لە پێش هەموویان ڕێگە دەستووری و یاسایی و مەدەنییەکان.

ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد، ئەویش بەدەزگاکردنی دەسەڵاتەکانی (یاسادانان و کارگێڕی و دادوەری) و ڕزگارکردنیان لە پرەنسیپی پەنجا بەپەنجا و قۆرخکردنی لەلایەن هەردوو حزبی فەرمانڕەوا و قەبووڵکردنی دیاردەی فرەیی و پێکەوەژیان و هەزمکردنی ئۆپۆزسیۆن و هەوڵی جیدی و یاسایی بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵی و ملکەچکردن بۆ بڕیار و هەست و خواستی خەڵک و وەدەنگهاتنەوەی دەسەڵات سەبارەت بە داخوازییەکانیان، بەتایبەتی چین و توێژە هەژارەکان و ئاشتبوونەوەیان لەگەڵ شەقامی کوردستانی، هەنگاوی یەکەمیش لە پێداچوونەوە و گۆڕان لە عەقڵییەت و شێوە و شێوازی بەڕێوەبردن لە ئاستی لووتکە و لە هەیکەلیەتی حزب و ئیدارەی ڕژێمی هەرێم دەست پێ دەکات، واتا گۆڕان لە سیستەم و لە ئەدای سیستەم، ئەمەش بێ داکۆکی و قووڵ و فراوانکردنی بواری ئازادییەکان و شەفافیەت و دیموکراتی کارێکی بێهوودەیە.

پێداگرتن لەسەر پاراستنی دەسکەوتەکان، ئەوەی کە هێشتا ماون چ لە هەرێم و چ لە ناوەند و کۆشش بۆ پتەوکردن و گەشەپێدانی، کە خۆی لە یەکلاییکردنەوەی پرەنسیپی فیدراڵییەت و دەسەڵاتەکانی هەرێم و ناوەند و مافی بوونی فەرمیی کورد لە ناوچە دابڕاوەکان (المناطق المتنازع علیها) لە هەموو ئاست و ڕوویەکەوە، یەکسان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند (تاکو حەسم دەکرێت)، سەرژمێری و بەشی هەرێم لە داهاتی عێراق... تاد.

ئەمـانـەی کـە باسـمـان کـرد زۆر یان کـەم لە بـەرنامـەی هەڵبـژاردنـەکـانی (٢٠٠٩/٧/٢٥) لیـسـتی دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیـۆن بـەدی دەکرێت، واتـا لایەنە کوردسـتانییەکان، وەکو پرەنسیپ خـیـتابی سـیاسـییـان سەبارەت بەکێشـە سـەرەکـیـیـەکانی هـەرێم و ناوەند جـیـاوازیی ئـەوتۆی لێ بـەدی نـاکرێت، ئەوەی گرفتـە و دەبێت چارەسـەر بکرێت مـەرجـەعییـەتی بڕیاری سـیـاسـی و کێشـەی ئەدای لایـەنەکـانی کـوردسـتـانـی و نوێنـەرایەتی لـە ناوەند و یـەکـخـسـتن و تۆکمەکردنی خیتابەکەیە.

* ئێسـتـا لە ناوەندی سـیاسـیی کوردیدا (بەتایـبەت لای لیـسـتی دەسـەڵات) مـەسـەلەی بوونی لیسـتی جیـاواز مشـتـومڕێکی زۆری دروست کـردووە، ئێـوە خـوێندنەوەتـان بۆ ئەو مـەسـەلەیە چییـە، پێـتـان وایە کـورد ئەگـەر بەچەند لیـسـتێک بەشـداریی ئەو هەڵبـژاردنە بکات بـەمـانـای لێک ترازان و پەرتکردنی نێـومـاڵی کوردییە؟

– هـەردوو حزبی فەرمـانڕەوا فرسـەتیان پێ درا بەخت و بـەرنـامەی خۆیان لە دوو خـولی پەرلـەمـانی ناوەندیی بـەغدا تـاقی بکەنەوە، ناڵێین هیـچ نەکراوە یان ڕۆڵیـان نـەبووە، وەلێ وەکـو دەڵێن (الاعـمـال بـالنتـائج) بەرەنجـامی ئەدا و هـەڵوێسـتیان سـەبارەت بەپرسـە هـەسـتیارەکان لە زۆر بواردا پۆزەتیڤ نەبوون دەنگدەرانی هـەرێم بە راشکاوی هەڵوێستی خۆیان لەمەڕ ئەدای ئەم دوو حزبە لە گشت بوارەکـاندا لە (٢٠٠٩/٧/٢٥) حـەسم کـرد، دیاردەی فـرەیی و فـرە لیـسـتی لـە پرۆسـەیەکی دیموکـراسـیـدا دیاردەیەکی تەندروسـتـە، لە هەڵبـژاردنەکـانی پێشـوو زۆربـەی زۆری لایەنەکـانی عێـراقی، ئیـسـلامـیی سیاسی، عەلمانیی شیعە، سوننە، کوردستـانییەکان، لەناو خۆیاندا بەلیستی جیـاواز و بەدەسـتـەجـەمـعیش بەشـدارییـان کـرد، بەگـشـتی لێک ترازان و پەرتکردنی جەوهەریی لێ دروست نەبوو بەتایبەتی لایەنی کوردستانی.

ترسی لەیەک ترازاندن و پەرتکردنی مـاڵی کـورد لـە فـرە لیـسـتی نییـە

سەبارەت بە ململانێ و کێبەرکێی ئاشتیخوازانەی لایەنەکان و حەسمکردنی پشتیوان و متمانەی دەنگدەرانی کوردستان بەو لایەنانە، بگرە لە تاکڕەوی و یەک لیستییە. بەپێچەوانەی یەک لیستی، فرە لیستی دەبێتە مایەی دروستکردنی متمانە و هاندەری دەنگدەران و دیاریکردنی قەوارە و بەرپرسیاریەتی و حەسمکردنی دەسەڵات، نەک وەکو ئێستا کە زۆر لە شکستییەکانی کورد لە ناوەند و لە هەرێم لە نێوان لووتکەی یەکێتی و پارتی بزرە و هەندێک جار هەریەک دەیخاتە پاڵ ئەوی تر...

پرسی کورد ڕوونە، بەشێکی بەدەق لە دەستووردا تەسبیت کراوە و لایەنەکان وەکو تاک و وەک و هێز ئەو دەستوورەیان قەبووڵە و جەختیشی لەسەر دەکەن، یەکخستنی خیتابی کوردستانی لەمەڕ ئەو پرسانە هەر دەبێت لەو چوارچێوەیەدا بێت چ لایەنێک دژی گەڕانەوەی گشت ناوچە تەعریبکراوەکان بێت یان لەگەڵ هێزە عەرەبییەکان سازشی لەسەر بکات یان پرەنسیپی فیدراڵییەتی نەتەوایەتی و جوگرافیایی خاو کاتەوە و سەودا لەسەر سەروەت و سامانی کوردستان و دەسەڵاتەکانی هەرێم لەگەڵ ناوەند بکات لە پێناوی پلە و پایە و بەرژەوەندیی تایبەتی تاک و گرووپ متمانەی خەڵک لە دەست دەدات. کورد کێشەی نەبووە لەگەڵ ناوەند لەسەر پۆست و پارە، لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی عێراق کوردێکی زۆر خزمەتی ئەو دەوڵەتەیان کردووە، زۆربەیان لەناو حکوومەت لەمانەی ئێستا بەدەسەڵاتتر و بەهەیبەتتر بوون.

* سیناریۆی بوونی لیستی جیا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش لە ئارادایە، ئێوە بۆ مەسەلەی هەڵبژاردن لەو پارێزگایە ڕەئیتان چییە؟

- سیاسەتی سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی لەمەڕ پرسی کەرکووک سەرکەوتنی ئەوتۆی وەدەست نەهێنا، چونکە:

لە سەرەتای قۆناغی (ڕزگاریی) عێراق هەلی حەسمکردنی ڕزگاری و

گەڕانەوەی کەرکووک بۆ باوەشی هەرێمی کوردستانیان لەدەست دا.

لە یاسای بەڕێوەبردنی ئیدارەتی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە (٢٠٠٤) گومانیان خستە سەر سنووری لە (٤٩٪)ی خاکی کوردستانی عێراق (المناطق المتنازع علیها) ئەمەش یەکەم جار بوو سەرکردایەتیی کورد سازشێکی وەها بکات و لەوەش خراپتر وەکو بەندێکی دەستووری مافیان دا بەعەرەب، کە ئەویش وەکو کورد داکۆکی لە عائیدیەتی ئەو ناوچانە بکات و فەرزیشیان کرد بەسەر خەڵکی کوردستان کە بە (بەڵێ) دەنگ بەو سازشکارییە بدەن.

بەپێی برگەکانی مادەی (٥٣)ی هەمان یاسای ئاماژەپێکراو یەکەیەکی فیدراڵییەت قەتیس کرا بە (٣) پارێزگا و سەرەڕای ئەوە و بۆ رێگرتن لەسەر هەر شیمانەیەک بۆ گەڕانەوەی کەرکووک بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان بەدەقێکی تایبەتی (کەرکووک) نابێت داخیلی هیچ یەکە فیدراڵییەتێک بێت.

لە رێگەی مادەی (٥٨)، کە دواتر بووە (١٤٠) کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرەیان خستە سەر رێگەی گەڕانەوەی کەرکووک و ناوچە تەعریبکراوەنمان.

بەبڕیارێکی میزاجی لووتکەی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و بەپێچەوانەی دەستووری عێراق، دەستکاریی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوکیان کرد، بێ بەرامبەر دەسەڵاتەکانیان لەسەر پرەنسیپی (٣٢٪) لە نێوان کورد و عەرەب و تورکمان دابەش کرد، کەچی کێشەکە ئاڵۆزتر بوو.

لە ماوەی شەش ساڵی نوێی عێراقی (هیوا و ئاشتی) لایەنی کوردستانی بۆ کەرکووک یان ناوچە تەعریبکراوەکان بەگشتی ستراتیجییەتێکی تۆکمەیان نەبووە، زیاتر هەڵوێستەکانی بۆ ئیستیهلاکی ناوەخۆ و رازیکردنی ئەجیندای غەیرە کوردە، زۆرجار بەمیزاج مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە دەکەن و ئەمەش بووەتە لاوازبوونی خیتابی سیاسیی کورد بۆ ئەو دەڤەرانە و هەڵسوکەوتی نامەسئولانە و ئیدای فاشیلی زۆربەی زۆری بەرپرسانی هەردوو حزب و

سەرقاڵبوونیان بەململانێی لاوەکی و هەڵپەی دەسکەوتی تایبەتی و نەبوونی مەرجەعییەتی پرس و پرسینەوە و هێزی ئۆپۆزسیۆن فاکتەرێکی تری واقیعی ئەم کێشەیەیە.

لە ئەنجامی بێ ئاگایی و بەرەڵاییی زۆر لە نوێنەرانی لایەنی کوردستانی لە بەغدا بەبڕیاری زۆرینەی پەرلەمانی عێراق بە مادەی (٢٤) مادەی (١٤٠)یان ئیفلیج کرد و پینە کرا بە مادەی (٢٣) ئەویش مردار کرایەوە و ماوەیەکیشە سەرقاڵی (یوئێن)ن، لە کاتێکدا بە فەرمی سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان دژی تەدویلکردنی ناوەڕۆکی مادەی (١٤٠)ن بەکەرکووکیشەوە.

بەپێچەوانەی گرژی و ئیرهاب و ناسەقامگیریی ناوچەکانی (مووسڵ) و ناوەڕاست و خوارووی عێراق، هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان وەک مافێکی دەستووری ئەنجام درا، کەچی لە کەرکووک و لە هەرێمی کوردستان دواخرا، هەرچەندە لە رووی یاسایی و سەقامگیریی ئەم دوو دەڤەرە بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەوانی تر، گومان نییە لایەنی فەرمیی کوردستان لەم جۆرە بڕیارانە بێ خەتا نییە.

ئەوە واقیعی کەرکووکە لە سایەی سیاسەتی یەک لیستی و قۆرخکردنی دەسەڵات و دابەشکردنی کوردستانی باشوور لە نێوان هەردوو حزبی فەرمانڕەوا بۆ دوو بەش (هەرێم و ناوچە دابڕاوەکان)، وا خەریکن بەخشپە ناوچە دابڕاوەکانمانیش لەت لەت بکەن. بۆ نموونە بێ هیچ پاساوێک (قەزای بەدرە و ناحیەی جەسان و قەزای تەلەعفەر)یان، یەک تەرەفە لە خاک و سنووری کوردستانیان سڕییەوە، لە کاتێکدا (٣٥) لایەنی کوردستانی بە دیکۆمێنت و زیاتر لە دوو دانیشتنی پەرلەمان ئیقراری ئەوە کراوە، کە ئەو ناوچانە بەشێکن لە کوردستان و لە پرۆژەی دەستووری هەرێم پەسند کرابوو، تاوەکو (٢٠٠٩/٦/٢٢) بەشێک بوونە لە مادەی (٢)، ئەو پرۆژەیە و لەوەش زیاتر ئەو ناوچانە کرۆکی مادەی (١٤٠)ن، جا ئەوەی ئامادە بێت دەست هەڵگرێت لە (قەزای بەدرە و جەسان و تەلەعفەر.. تاد)، کە پانتاییەکانی لە وڵاتێک وەک (لبنان) زیاترە، چۆن مەزەندەی ئەوەی لێ نەکرێت چارەنووسی

کەرکووک و ناوچەکانی تریش بەدەردی ئەوان نەبات، سووربوون لەسەر (یەک لیست)ی بەرەنجامی ئەو سیاسەتەیە و پاساوی هزری گشتگیری و قۆرخکردنی دەسەڵات و تۆقاندنی شەقامی کوردستانی بەمەترسییە دەرەکییەکان و پرسە چارەنووسسازەکانە و رەتکردنەوە و ئیحتیوای ئۆپۆزسیۆنە، بۆیە بوونی لیستی جیاجیا بۆ هەڵبژاردنەکانی کەرکووک لە بوونی فرە لیستی هەڵبژاردنەکانی هەرێم ئەگەر گرینگتر نەبێت کەمتر نییە، مەرجی سەرەکیی هەر لیستێک بۆ کەرکووک و ناوچە تەعریبکراوەکانی ترمان سازشنەکردنە لەسەر خاکی ئەو ناوچانە و سووربوونە لە کوردستانییەتیان و گەڕانەوەیان بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان.

* ئەگەر بە وردی دەستنیشانی بکەی، بەڕای ئێوە بۆچی پارتی و یەکێتی ئەوەندە سوورن لەسەر ئەوەی کە کورد یەک لیستی هەبێت؟ ئەو نەزەرییەیە چییە کە ئەوان پێیان وایە تەنیا خۆیان لایەن و لیستی نیشتمانپەروەر و نەتەوەپەروەری کوردن و لیستەکانی گۆڕان و ئەوانەی تر، کە بەجیا دادەبەزن وەک خۆیان نیشتمانپەروەر نەبن؟

– لە وەڵامی پرسیارەکانی تر ئاماژەم بۆ بەشێکی ئەم پرسیارە کرد، ئەم قۆناغە ئەو قۆناغە نییە ئیدی پاوەنکردنی ئینتیمای نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری بەند بێت بە پارتی یان یەکێتی، چ لەگەڵ ناوەندیی بەغدا و چ لەگەڵ لایەنی تر، لە پرۆسەیەکی دیموکراتی و ئازاد و شەفاف، دەستوور و یاسا و شەفافیەتی رەفتار و سیاسەتی لایەنەکان و دەنگدەرانی کوردستان و سندووقی دەنگدان، تاکە ئامراز و لایەنی شەرعیی بەخشینی ناسنامەی دڵسۆزی نیشتماپەروەرییە.

* لیستەکانی گۆڕان و چاکسازی لە پەرلەمانی عێراقی دەتوانن چۆن بەرگری لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن؟ ئاخۆ لای بەڕێزتان مەفهوومی بەرگریکردن جگە لە مەسەلەی پێداگرتنی

ئەو لیستانە لەسەر مافەکانی کورد، کە بەدەرەجەی یەکەم لە پاراستنی سیستەمی فیدراڵی و جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) و دەستوور خۆی دەبینێتەوە، پێتان وایە چ شتێکی تر هەیە کە ئەو لیستانە وەک خاڵی سەرەکی کاری لەسەر بکەن، بەنموونە لە پەرلەمانی بەغداوە کار و پاڵەپەستۆ لەسەر دامەزراندنی سیستەمێکی حوکمڕانی تەندروست بکرێت لە کوردستان؟

– نەک دەتوانن، بەڵکو ئەرکی سەرەکییانە و یەک لە پاساوەکانی بوونیان وەک لیست و لایەن لەسەریانە گۆمەکە بشڵەقێنن، دوور لە سەودای پۆست و دەسکەوتی رۆژ، وەکو پێشتر جەختمان لەسەر کردەوە، ناوەرۆکی پرسی کورد لە باشووری کوردستان نەهێشتنی تەعریب و سڕینەوەی ئاسەوارەکانیەتی، بە حەسمکردنی سنووری جوگرافیایی و مێژووی باشووری کوردستان و پێناسە و تەسبیتکردنی سیستەمی فیدراڵی لەسەر ئەو بنەمایە و مسۆگەرکردنی بەزەماناتی دەستووری و ڕەنگدانەوەیان لە ڕێککەوتننامە پێوەندارەکانی دەوڵەتی عێراق. تاکو ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت چ زەمانێک نییە بۆ بنەماکانی تری ئەم پرسە، هەرچەندە چاوەڕوان دەکرێت ئەو دوو لیستە کە ئەمڕۆ لە هەرێم بە (ئۆپۆزسیۆن) پێناسە دەکرێن، جۆش و خرۆشێک و نەفس و گیانێکی تازە بەململانێکانی لایەنی کوردستانی و ناوەند بدەن. بنەوانەی هێزی لایەنی کوردستانی لە ناوەند لە ڕێکوپێکیی ناوماڵی کورددایە، ڕێکوپێکیی ناوماڵی کوردیش لە دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی و ئازاد و شەفاف و یەکخستنی خیتابەکەیەتی لەمەڕ پرسە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکان، لەسەر ئەو دوو لایەنیە بەتایبەتی پرسی کورد رزگار بکەن لە هەڵچوون و داچوونی میزاجی و موجامەلەکردن و ململانێ و موزایەدەاتی حزبیی تەسک و تەسخیرکردنی بۆ ئەجیندای غەیرە کورد، ئەوەیش بەگۆڕینی ئەو پرسە لە پرسێکی حزبی بۆ پرسێکی نەتەوایەتی، ئەرکی وا مەزن بەرنامە و ستراتیج و تاکتیکی تۆکمەی گەرەکە و ئیرادە و پێداگرتن و سووربوون لەسەر جێبەجێکردنی مەرجێکی سەرەکییە بۆ

شکاندنی ئەو بەستەڵەکەی کە پرسی کورد لە ناوەند تووشی بووە، نابێت ئەوەش لە بیر بکەین کە ئەم هەرێمە بەپێی دەستووری عێراق و پرۆژەی دەستووری هەرێم بەشێکە لە عێراق، لە زۆر بواردا دەستووری عێراق ناوەندی بەرپرسیار کردووە لەمەڕ دیموکراتییەت و ماف و ئازادییەکان و پاراستنی سنوور و رێگرتن لە دەستتێوەردانی دەرەکی... تاد.

بەندە تەمەنناى ئەوە دەکات واقیعی هەرێم بگۆڕدرێت و بگاتە ئەو ئاستە کە نوێنەرانی کوردستانییەکان لە بەغدا، هەرێم بکەنە نموونە و کارتی پاڵپەستۆ بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکان، راستە لەم بارەیەوە ئەزموونەکەمان شکستی هێناوە، وەلێ هێشتا بایی ئەوەندە ماوە ئەو هەڵانە راست بکرێنەوە، ئەمەش هۆکاری سەرەکیی لەدایکبوونی ئۆپۆزسیۆنە و یەک لە ئەرکە سەرەکییەکانیەتی لە هەرێم و لە ناوەند.

* بەرای بەرێزتان تا چەند چانسی کورد بەهێزە لە نەخشەی سیاسیی داهاتووی عێراقدا ئەو پۆستە سیادییانەی ئێستا هەیەتی بەدەستی بێنێتەوە؟ ئاخۆ بۆ کورد پێ لەسەر ماف دابگرێت یان پۆست؟، کە هەندێک لە چاودێرانی سیاسی پێیان وایە لە چوار ساڵی رابردوودا ئەو پۆستە سیادییانەی کورد وەری گرتووە نەیتوانیوە کاری پێ بکات بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان؟

– وەکو وتمان ئەم عێراقە هێشتا دەکوڵێت و هەموو پرسەکان قابیلی گفتوگۆ و گۆڕین و گۆڕانکارییە، ئەوە شەش ساڵە نوێنەرانی لیستی کوردستانی لە بەغدا بەشدارن لە دەسەڵات، نایەژین هیچ نەکراوە، وەلێ وەک بەرەنجام ئەوەندە سەرقاڵی موجامەلەکردن و بایەخدان بەئەجیندای هێز و لایەنەکانی غەیرە کورد و پۆست و دەسکەوتی رۆژ بوون، ئەوەندە ئاگایان، یان دروستتر پێداگرییان نەکرووە لەسەر خاڵە سەرەکییەکانی پرسی کورد، نابێت بوونی کورد لەو پۆستە سیادییانە بەهەند وەرنەگرین، وەلێ خودی ئەو

پۆستانە ئامانج نییە، بگرە بەرەنجامە، بەداخەوە لایەنی کوردستانی تا ئێستا زیاتر لەسەر پۆستەکان سوورن لەوەی لەسەر مافەکان، ئەمەش یەک لە لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەو ئەزموونەیە، ئەگەر پێ دانەگرێت لە ماف و سەودای لەسەر بکرێت مانەوەی پۆستەکانیش پووچ و مەترسیدارە، بوونی کورد لەو پۆستانە لە هەندێک بواردا بووەتە بارگرانی بۆ مافەکانمان، نەیاران و دۆستانی کورد کە باسی کێشەی کورد دەکەن لە باشووری کوردستان بێ یەکودوو ئەو پۆستانە دەکەنە پاساو بۆ ڕەتدانەوەی رەخنە و گلەیی و گازندەی کورد لە ناوەند، یەک لە هۆکارەکانی گردبوونەوەی نەیارانی کورد و دیموکراتییەت لە عێراق، بوونی کوردە لەو پۆستانە، لە کاتێکدا ئەو پۆستانە زیاتر رواڵەتی و پرۆتۆکۆڵین، بەداخەوە لیستی دەسەلات حیساب بۆ هەل و کات ناکات و هەل و کاتیش لەسەر کەس ڕاناوەستێت، لە چاوەڕوانی هەلدا هەل لەدەست دەدەن و باجی دواکەوتن پەشیمانییە و بیرکردنەوەی دوای ڕووداوەکان بۆ پەند باشە..!

تێبینی: ئەم بابەتە لە رۆژنامەی رۆژنامە ژمارە (٥٤٨) لە ٢٠٠٩/٩/٢٢ و سایتیSEBIY و سایتی klawrojne بڵاو کراوەتەوە.

## چاوپێکەوتنی رۆژنامەی " هاوڵاتی"

سازدانی: هاوڵاتی

لەم چاوپێکەوتنەدا، سەرۆکی یەکەمین خولی پەرلەمانی کوردستان جەوهەر نامیق سالم، باس لە لێکەوتەکانی بەرەنجامی هەڵبژاردنەکان دەکات و پێی وایە پارتی و یەکێتی لەمێژە لە تەنگژەدان، بەهەموو حیساباتێکیش لیستەکەیان شکستی هێنا.

لە بەشێکی تری چاوپێکەوتنەکەدا جەوهەر نامیق باس لە کارەکانی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا دەکات، ئاماژە بەوەش دەکات دەبێت برایانی (گردە)کە لەو گردە بێنە خوارەوە و برایانی چوار حزبەکەش لە قەوارەی سنووورداری خۆیان بێنە دەرێ و وەرەقەیەکی کاری هاوبەشو فرەلایەن ئامادە بکەن کە گوزارشت بکات لە ناوەڕۆکی بەرنامەکانی هەڵبژاردنیان.

* هەندێک لە چاودێرانی کورد و بیانی لایان وایە دوای هەڵبژاردن و دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن، هەلومەرجی سیاسیی کوردستان پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە، ئێوە چۆن سەیری هەلومەرجی نوێ دەکەن؟

– دەستپێکی جیدی بۆ هەر پرۆسەیەکی دیموکراتی بە مسۆگەرکردن و قەبووڵکردنی پرەنسیپی فرەیی و هەڵبژاردنی ئازاد و شەفاف و ملکەچکردنی لایەنەکانی ململانێ بە ئەمدەست و ئەودەستی دەسەڵات و حەسمکردنی بەپێی زۆرینە و کەمینە، لە فەزایەکی سروشتی و دادپەروەری، دوور لە قۆرخکردنی جەمسەرەکانی دەسەڵات و دەستتێوەردان، بەو پێیە نەبوونی ئۆپۆزسیۆن یان هەوڵی لاواز و ئیحتیواکردنی لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەو دەستپێکە سەقەت

دەکات و ئەوەشی بەسەقەتی لەدایک بێت دوور نییە بەسەقەتی بژیێت و بەسەقەتیش بمرێت.

ئەزموونی پێش قۆناغی ٧/٢٥ شێوەی حوکمڕانی هەردوو حزبی فەرمانڕەوا و لایەنێکی زۆری سیاسەت و هەڵسوکەوتی رژێمی هەرێمی کوردستان لە ماوەکانی رابردوو، گەواهی لە سەقەتی ئەزموونەکەمان دەکات کە تەنگژەی ناوەخۆی هەردوو حزب (پارتی و یەکێتی) و ناکاملی دەسەڵاتەکان (یاسادانان و کارگێڕی و دادوەری) و بڵاوبوونەوەی پەتای گەندەڵی یەک لە خەسڵەتەکانیەتی،

لە ٧/٢٥ خەڵکی کوردستان یەکلاییی کردەوە و وەڵامی دەسەڵاتی دایەوە، شەرعییەتی دا بەئۆپۆزسیۆن. بەشبەحاڵی خۆم لەو قەناعەتەدام هەرچۆن دەسەڵاتی کارا و لێهاتوو و شەرعی پێویستییەکی حەیاتییە بۆ هەر سیستەمێکی دیموکراتی، هەروەها ئۆپۆزسیۆنێکی تەندروست و کارا و خاوەن پرەنسیپ و بەرنامە و ئیرادە و بنکە فراوانی مەردومیشی گەرەکە. بەندەیش لایەنگری ئەو بۆچوونەیە کە قۆناغی دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥ سەرەتای قۆناغێکی نەوعییە بەپێچەوانەی گشت کەموکورتییەکان، دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن هەلێکی مێژوویی و لەباریان بۆ ڕەخساوە، یەکەم وەک دەسەلاتی هەردوو حزبی فەرمانڕەوا دەبێت ئەم واقیعە تازەیە هەزم بکەن و واز لە حیسابنەکردن بۆ مەردم و راگەیاندنی شیعارات و شکست بەسەرکەوتن لە قەڵەمدان و سووربوون لەسەر چارەسەرکردنی هەڵەکان بە هەڵە و چاکسازیی ڕوومەتی بێنن و نەک هەر ئۆپۆزسیۆن قەبووڵ بکەن بەڵکو رێزیشی لێ بگیرێت و حیسابیشی بۆ بکرێت و گوێشی لێ ڕابگیردرێت. ئۆپۆزسیۆنیش بە هەردوو باڵەکەیەوە (لیستی گۆڕان) و (لیستی چاکسازی)، لەوە تێ بگەن ئەو دەنگانەی کە بەدەستیان هێناوە پێش هەموو شت زیاتر هەڵوێست و وەڵامی شەقامی کوردستانی بوو بەرانبەر بە دەسەلات و بە تەحدید بۆ سیستەمی حزبی و ئیداریی هەردوو حزبی فەرمانڕەوا پاشان بۆ هەڵوێست و بەرنامەکانیان. لەم سەروبەندەدا هەردوولا (دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن) بەرانبەر تاقیکردنەوەیەکی

تازە و چارەنووسسازن، دەسەڵات چەند میسداقیەتی خۆی لەنێو ڕێکخستنەکانی و تاکو شەقامی کوردستانی و نیشتمانی و نیودەوڵەتیی لەدەستداوە، دوور نییە ئەوەندەش فرسەتی ئۆپۆزسیۆن لەبار بێت بۆ تەسبیت و فراوانکردنەوەی بازنەکانی بوون و شەرعییەتی خۆی لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان و واقیعی هەرێم.

ئەگەر تاکو ئێستا دەسەڵات لە توانایدا نەبووە وەکو پێویست بەو کارانە هەڵسێت کە پێویست بوو بۆ خەڵک و پرسی کورد، ئەوە فرسەت لەبارە بۆ ئۆپۆزسیۆن کە بە جیدی ئەسپی خۆی لەو مەیانەدا تاو بدات.

* ڕەنگە ئەم کاریگەرییانەی باسی دەکەن بەجۆرێک لە جۆرەکانیش هاوکێشە عێراقییەکە بگۆڕێت، پێت وایە گوتاری سیاسیی کورد بەگشتی بتوانێت بەو نەفەسە کار بکات، کە لەناو هەرێمدا ئۆپۆزسیۆن و جیاوازی و لە دەرەوەی هەرێمیش هاوپەیمانیەتیی یەکتر قەبووڵ بکات؟

– قەدەری خەڵکی کوردستان قەدەری دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنە. قەدەری خەڵکی کوردستانیش مافەکانیەتی کە بەنەهێشتنی تەعریب و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی و گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان و دیاریکردنی سنووری کوردستان لەسەر ئەساسی جوگرافیایی و مێژوویی و تەسبیتکردنی مافی چارەی خۆنووسین کە ئەمڕۆ بە فیدراڵییەت پێناسە کراوە دەست پێ دەکات لەگەڵ گشت بنەما دەستوورییەکانی تر. واتە مەرجێکی سەرەکیی تەسبیتکردنی بنەما نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خەڵکی کوردستانە بەرانبەر بە ناوەند و دەرەوەیش، بەو پێیە پرسی کورد لە باشوور لەگەڵ بەغدا سەلماندنی ناسنامە و چەند کورسی و بڕە دینارێک نییە، ئەمەش ئەرکی هەردوو لایەنی هاوکێشەکەیە (دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن). بە رووەکەی تر مەرجی سەرەکیی پرۆسەی دیموکراتی هەروەکو وتمان فرەیی و ڕای جیاواز و ململانێ و کێبەرکێی ئاشتیخوازانە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و یەکتر

قەبووڵکردنە لە کوردستان. وردتر حەسمکردنی دەسەڵات و یەکخستنی ماڵی کوردستانییەکان و پابەندبوونە لەسەر ماف و بنەما سەرەکییەکانی نیشتمانی و نەتەوایەتیمان لە ئاستی ناوەندیی بەغدا و دەوروبەر. مەرجی سەرەکیی داڕشتن و پیادەکردن و سەرکەوتنی ئەم ستراتیجییەتە پێش هەموو شت پێکەوەژیان و کارکردنی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و قەبووڵکردنی یەکترە لە ناوەوە و هاوکاری و هاوپەیمانییەتیش لە دەرەوە، بە مەرجێک ئۆپۆزسیۆن سەربەخۆیی خۆی لەدەست نەدات و ئامانج و خواستی خەڵک لە بیر نەکات و بەها نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانیش وەلاوە نەنێت.

* دەبێت ئۆپۆزسیۆن چۆن مامەڵە لەگەڵ پەرلەماندا بکات، بەتایبەتی تا ئێستا بە تەوافوقات و لە دەرەوەی پەرلەمان کێشە گرینگەکان یەکلایی کراوەتەوە؟

– مەزەندەی ئەوە دەکرێت خولی سێیەمی پەرلەمان دینامۆی دەستپێکی گۆڕان و چاکسازی و گەڕانەوەی هەیبەت و تەفعیلکردنی بێت بەتایبەتی پاش ئەوەی لووتکەی دەسەڵاتی هەردوو حزبی فەرمانڕەوا و سەرۆکایەتیی پەرلەمانیش خولی دووەمیان بەو دەردە برد، بۆیە بەباشی دەبینم ئۆپۆزسیۆن وەکو دەستپێک رەچاوی ئەمانە بکات:

* گۆڕینی رۆڵ و ئەرکی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە هەیئەتێکی سیاسی بڕیاردەری پەنجا بەپەنجای جاران بۆ هەیئەتێکی ئیداری پرۆتۆکۆڵی. ئەوەی نوێنەرایەتی و پیادە و ئەرکی لایەنە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان دەکات سەرۆک و جێگر و سکرتێری پەرلەمان نییە، بەڵکو سەرۆکی فراکسیۆن و فراکسیۆنەکانە و بڕیاردەری پەرلەمانیش ئەندامانی پەرلەمانە.

* یەکخستنی باڵەکانی ئۆپۆزسیۆن لەسەر بنەما هاوبەشەکانیان و بەپێی ریزبەندیی ئەجیندەکانیان بۆ ماوەی خولی سێیەم، یەک خیتابی ئۆپۆزسیۆن بەرانبەر بەیەک خیتابی دەسەڵات یەک لە پێویستییەکانی سروشتی ئەو ململانێیەیە کە لەنێو پەرلەماندا رۆژانە ڕوو دەدات.

* چڕی و جیاکردنەوەی بەرنامەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەم خولە.

هەروەک چەند جارێک پێش هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ لە کۆڕ و دیدارەکانماندا جەختمان لەسەر گرینگیی دامەزراندنی حکوومەتی (سێبەر) کردووە، جارێکی تریش ئەم دیاردەیە بەدیاردەیەکی پێویست دادەنێم ئەمەش یەک لەو ئەرکانەیە کە دەبێت ئۆپۆزسیۆن کاری بۆ بکات.

دامەزراندنی بلاتفۆرمێکی فراوان و تۆکمە و مەردمی، دەبێ جگە لە باڵەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەو تاک و گرووپانەش بە خۆیەوە بگرێت کە خوازیاری گۆڕان و گۆڕانکاری و چاکسازی و گەشەپێدانن، واتە دەبێت برایانی (گردە)کە لەو گردە بێنە خوارێ و برایانی چوار حزبەکەش لە قەوارەی سنووورداری خۆیان بێنە دەرێ و وەرەقەیەکی کاری هاوبەش و فرە لایەن ئامادە بکەن کە گوزارشت بکات لە ناوەڕۆکی بەرنامەکانی هەڵبژاردنیان و هێڵە سەرەکییەکانی ئەوانەی لە دەرەوەی ئەو دوو قەوارەیەن، بە دیدی بەندە بۆ بە هێزکردنی ئۆپۆزسیۆن و وەگەڕخستنەوەی پرۆسەی دیموکراتی، بلاتفۆرمێکی فراوان و هەمەلایەنە و قەوارەداری خاوەن بەرنامەی گەرەکە، بۆ تەفیعلکردنی پەرلەمان و بەهێزکردنی رۆڵ و دەنگدانەوەی چالاکییەکانی وەک پەرژین و پردێک لە نێوان ئەوان و شەقامی کوردستانی.

میسداقیەت و هێز و داهاتووی ئۆپۆزسیۆن بەندە بەپابەندبوونیان بە بەرنامە و بەڵێنەکانیان هەروەها بە چۆنیەتیی مامەڵەکردنیان لە نێوان خۆیان و دەسەڵات و پرسە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانمان. گومان نییە سیاسەت و هەڵوێستی بێ سەوداکردن و سازش، سیاسەت و هەڵوێستێکی یەک تەرەفەیە، ئەمەش لە پراکتیک و هەلومەرجی هەرێم دوور نییە زیانگەێین بێت. بەهەرحاڵ ئەزموونی دوو خولی رابردووی پەرلەمانی کوردستان پڕە لە وانە و عیبرەت و سیاسەتی تەوافوقات و سازش پێویستە بەمەرجێک لایەنەکان لە خەتی سوور دەرنەچن و بەڵێنەکانیان لە بیر نەکەن و لایەنگران و خەڵکی کوردستان بێ ئومێد نەکەن.

* دوای ئەم هەڵبژاردنە پێشبینیی ئەوە دەکرێ پارتی و یەکێتی

بەکارنامەی خۆیاندا بچنەوە، پێت وایە تا چەندە دەتوانن ئەو کارە بکەن؟

– ئێمەش تەمەننای ئەوە دەکەین بەخۆیاندا بچنەوە، وەلێ هەردەم عیبرەت لەوەدا نییە لایەنێک یان کەسێک بەخۆیدا بچێتەوە بەڵکو عیبرەت لەوەدایە کەی و چۆن و بۆ؟

ئەم دوو حزبە لەمێژەوە لە تەنگژەدان، بە هەموو حیساباتێک لیستی کوردستانی کە (لیستی پارتی و یەکێتی)یە شکستی هێنا، بەپێچەوانەی ئەو راستییە، هەر وەکو لە میدیاکانیاندا وەدەر دەکەوێت، ئەم شکستە بەسەرکەوتنی خۆیان لە قەڵەم دەدەن و هەوڵی ئەوە دەدەن ئەو کاڵایە بەخەڵک و بە کادیران و بنکە و جەماوەری ناوەوە و دەرەوەی کوردستان و رای گشتی بفرۆشن. حزب و دەسەڵات و سەرکردایەتییەک لە نێوان دوو هەڵبژاردندا و لە ماوەی (٤) ساڵدا لە سنووری ٣٠ کورسی لەدەست بدات و لە سنووری زیاتر لە ٤٠٪ هەرێمی کوردستان لیستی دووەم بێت و بەو هەموو ئیمتیازات و دەسەڵات و خروقاتەوە، بەشەرەشەق لە هەرێم ٥٩٪ کورسی زامن بکات و گوتاری دوای راگەیاندنی بەرەنجامەکان بەو شێوەیە بێت کە باسمان کرد، دەبێت چاوەروانی چ جۆرە پێداچوونەوەیەکی لێ بکرێت. ئەم تەنگژەیە ململانێیەکە لەنێو (دەسەڵات) و لەسەر (دەسەڵات)، لە نێوان هەردوو دیاردەکەدا چارەسەر و حەسم بەدی ناکرێت، تەنگژەی سیستەم و ئەدای سیستەمی حزبایەتی و ئیدارییان تاکو دێت (قووڵ) و (ئەستوون)یتر دەبێت، بۆیە پێداچوونەوە بە ئاراستەی گۆرین و گۆرانکاریی جیدی لە واقیعی وەهادا لە حوکمی مەحاڵە، لەگەڵ ئەوەشدا با تەمەننای ئەو پێداچوونەوەیەش بکەین..!

یەکشەم ٢٠٠٩/٨/٢٣

تێبینی: ئەم بابەتە لە لاپەرە (٥)ی رۆژنامەی "هاوڵاتی" رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٣ و سایتی "هاوڵاتی" و سایتی (سبەی) رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٤ لە میدیاکانەوە بڵاو کراوەتەوە و پێشەکییەکەی" هاوڵاتی" رۆژی ٨/٢٣ لە "کوردستان پۆست" بڵاو کراوەتەوە.

## دیمانە لەگەڵ کۆواری "کلیل"

دووشەم ٢٠٠٩/٩/٢١

* چۆن دەڕواننە دوا بەرەنجامەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێم پێتان وایە پرۆسەکە بەپێی ستاندار و پێوەرە جیهانییەکان بەڕێوە چووە یان بەپێچەوانەوە؟

- کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەڵێت ستانداره، وەلێ پێوەرە جیهانییەکانیانی بڵاو نەکردووەتەوە. باوەڕ ناکەم ئەو ستاندارە وەکو پێویست لەم هەڵبژاردنە پیادە کرابێت، نەک هەر ئەوە، بەڵکو کۆمسیۆن ئەوەندە پابەند نەبوو بە ڕێسا و پێوەرەکانی خۆشی کە لە ناوچەکانی دەرەوەی ئەم هەرێمە لەسەری ڕۆیشتبوو وەک: ڕەچاوینەکردنی مافی تاک بۆ پاڵاوتن. بێدەنگییان لەمەڕ ئیستغلالکردنی داوودەزگا و پۆستە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێم و ناوەند بۆ پڕوپاگەندەی حزبی. پاشگەزبوونەوە لە قەدەغەکردنی هاتوچۆ و بەکارهێنانی ئۆتۆمۆبێل لە ماوەی دەنگدان. درێژکردنەوەی ماوەی دیاریکراوی دەنگدان.. تاد.

* ئەگەرچی یەکێتی و پارتی خۆیان بەبراوەی یەکەم دەزانن بەڵام چاودێرانی سیاسی پێیان وایە یەکێتی و پارتی یەکەمین شکستی سیاسیی خۆیان لەم هەڵبژاردنەدا تۆمار کرد کە پێ دەچێت تەنگژەیەکی قووڵ بەدوای خۆیدا بهێنێت پرسیارەکەم ئەوەیە ئەم شکستە دەبێتە تەنگژە بۆ هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکە وەک ئەوەی کە ئێستا باسی لێوە دەکرێت؟

– ئەم دوو حزبە لەمێژەوە لە تەنگژەدان، لەنێو خۆیاندا و لەگەڵ یەکتر، لەوانە پابەندنەبوون بە دەستووری حزبییان. تەنگژە لە نێوان لووتکە و بنکەی حزبی. تەنگژەی دابڕان لە خەڵک. تەنگژە لە نێوان دەسەڵاتی حزبی و ئیداری. تەنگژە لە نێوان دەسەڵاتی فەرمیی هەردوو حزب و ناوەندی بەغدا. مانەوەی دوو ئیدارە و دوو دەسەڵات.... ئەوان ئەگەر دان بە تەنگژەکاندا نەنێن و سوور بن لەسەر ئەوەی شکست بەسەرکەوتن تەسریف بکەن، سەرکردایەتی لە سەرەوەی حزب و حزب لە سەرووی خەڵک و خەڵک مێگەلە و بە (برس و بەترس) بەڕێوە دەچێت، پشت و پەنا پارە و هێزە نەک خەڵک. گرینگ ئەوەیە ڕێک بن لە دابەشکردنی دەسەڵات و داهات لەسەر بنەمای پەنجا بەپەنجا. لە بوارێکی وادا تەقینەوەی تەنگژەی نێوان ئەو دوو حزبە دوورە. باوەڕ ناکەم لای لووتکەی دەسەڵاتی هەردوو حزب هێشتا بەجیدی درک بەهەرەسهێنانی ئەو دید و بۆچوونانە کرابێت. ئەگەر هەردوولا بەردەوام بن لەسەر ئەم (تیۆرییە) نە ئەم شکستە و نە شکستی تریش دەبێتە مایەی تەنگژەیەکی ئەوتۆ کە مەزەندەی لەیەک ترازاندنی لێ بکرێت وەلێ پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ جەمسەرەکانی ئەو (تیۆرییە) لە پاش ٢٠٠٩/٧/٢٥ وەکو خۆی دەمێنێتەوە؟ گومان نییە تەرازووی هێز و شێوە و شێوازی ململانێیەکە لە گۆڕاندایە و تەنگژە تەنگژە رادەکێشێت.

* لەگەڵ ئەوەی لیستی گۆڕان و خزمەتگوزاری چاوەڕێیان دەکرد زۆرینەی کورسییەکان بەدەست بهێنن بەڵام بەرەنجامەکان ئەوەیان نەسەلماند لەگەڵ ئەوەشدا دەنگێکی کەمیان نەهێناوە بەتایبەت لیستی گۆڕان کە خاوەنی "٢٥ "کورسیی پەرلەمان دەبێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئەم دوو لیستە کە بەشی هەرە زۆری کورسییەکانی ئۆپۆزسیۆنیان بەدەست هێنانەوە دەتوانن پەرلەمانی کوردستان ئەکتیڤ بکەن و ببنە ئۆپۆزسیۆنێکی کاریگەر و نموونەی پەرلەمانی پێشوو دووبارە نەبێتەوە؟

- بەهەمــوو پێــوەرێک ئەو دوو لیــســتــە لیــســتی براوەن. ژمــارەی کورسـییـەکانیـان زیاتر بـوو لەوەی کە زۆر لە چاودێران مـەزەندەیان دەکـرد. ئەگـەر بـە پێـوەر و ئاسـتـی دەنگدانی سلێـمـانی و گـەرمـیـان و هەندێ لە ناوچـەکـانـی هەولێـر و دهـۆک ورد بینەوە وەک بـەرەنجـامی ئەم هـەڵبـژاردنە، دەبووایە ئەو دوو لیستە لە سـەرتاسـەری هەرێم لە پێشـەوەی لیسـتـەکانی تردا بوونـایە. نـابێت تەرازووی هـێــز و ئیــمــتــیــازاتی حکـومــەت و داهات و داوودەزگاکان و پانتایی پڕوپاگەندەکانیان لە بەرچاو نەگیرێت، لە هەمووشی سەرنجڕاکێشـتر پەنابردنیان بۆ خـروقات و دەستکاری. سـەرەڕای ئەو هەموو گرفتانە ژمارەی کورسییەکانی ئۆپۆزسیۆن کەم نییە و، نابێتیش نابینا بین لە قـووڵایی و پانتایی و پشـگیریی دەنگدەران و لایەنگرانیـان و ئەو شـەرعییـەتەی کە خـەڵکی کوردسـتـان پێیـانـی دا. ئەگـەر ئۆپۆزسـیـۆن خـۆی گلێـر کاتەوە و ئەجیندە و و بەرنامـەکەیان بۆ مـاوەی ئەم خـولە بەباشی ڕێک و تەفـیـعل بکات بەتەئکید ڕۆڵێکی ئەکتـیـڤ و کـاریگەریان دەبێت. بەهـەرحـاڵ مـەزەندەی ئەوە دەکەم خولی سێیەم زۆر لە خولی دووەم کارا و ئەکتیڤتر بێت.

* دەتوانین بڵـێین هەڵبـژاردن سـەرکـەوتنێکی گـەورەی بۆ لیـسـتی گـۆڕان پـێ بوو وە شکسـتـێکی کـەمــەرشکێنیش بۆ یەکـێـتـیی نیشـتـمـانیی کـوردسـتـان دۆڕاندنی یەکـێتی سـەرکـردایەتیی ئەو حزبـەی تووشی متبوون و سەدمـە کردووە وەک چاودێریک بـەسـەر بارودۆخەکەوە چۆن دەڕوانیتە ئەم شکستەی حزبەکەی تاڵەبانی؟

- یەک لە هـۆکـارە سـەرەکـیـیـەکـانی لەدایکبـوونی (گـۆڕان) بـێ ئومـێـدیی نوخبـەیەکی بەرچاوی یەکـێـتیی نیـشـتـمـانی بـوو لە ئاسـتی سـەرکـردایەتی و کـادیران و ئەنـدامـانـی، سـەبارەت بەپرۆسـەی ریفـۆرمی ناوەخـۆی یەکـێـتـی. گومـان نییە ئەو (نوخبە) و (بنکە) فراوانەی ریفۆرمخوازانی ناو یەکێتی لەناو (گۆڕان)دا ڕۆڵێکی گرینگیان هەبوو چ لە دامەزراندنی لیستی (گۆڕان) و چ لە هەڵسـووڕاندنی ئەرکـەکـانی، ئەمـەش کـاریگەرییـەکی گـەورەی هەبوو لەسـەر

یەکێتی بەتایبەتی و لەسەر لایەنەکانی تریش بەگشتی و بووە دیاردەیەکی نوێ و ناکرێت نکوولّیی لێ بکرێت. لە رووی مانەوییەوە یەکێتی شکستی خوارد و وەلێ بەرەنجامی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەو (یەکێتیی نیشتمانی)یەی کە ماوەتەوە براوەی یەکەمە. بەدیوەکەی تر لەو (٥٩) کورسییەی لیستی کوردستانی، دەبێت (٣٠) یان (٢٩) کورسی بەر یەکێتی بکەوێت واتە (یەکەم) یان یەکەمی (مکرر)ـە. نازانم ئەگەر یەکێتیی نیشتمانی بەتەنیا و بەلیستی خۆی بەشداربایەت لەم هەڵبژاردنە ئەو ژمارە کورسییانەی بەردەکەوت یان دەبووە ئەو هێزە کە پێی داگرێت لەسەر ئەو پلە و پایەی ئێستای کە مسۆگەری کرد..؟ ئەگەرچی پێش هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی لەسەر پرەنسیپی پەنجا بەپەنجا پێک هاتبوون. یەکێتی پشتئەستوورە بە رێککەوتننامەی (ستراتیجی) لەگەڵ پارتی گومان نییە لە ڕووی (حزب)ی و (هێز)ـەوە سوودگەیێن بوو بۆی.

* لەگەڵ ئەوەی بارزانی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا بەڵام ئەوەی کە جێگەی پرسیارە ئەوەیە لە پارێزگای سلێمانی کەمال میراودەلی سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەر بارزانیدا تۆمار کرد شکستی بارزانی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

– هۆکاری ئەم شکستە زۆرە لەوانە: دابڕانی بارزانی لەو ناوچانە. گرفتی ئەو ناوچانە لە بواری خزمەتگوزاری. لاوازیی رێکخستنەکانی پارتی. شێوە و شێوازی هاوپەیمانیەتی... تاد.

* لەگەڵ ئەوەی ئیسلامییەکان هاوپەیمانیەتییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ دوو حزبی عیلمانی بەست لە پێناوی کۆکردنەوەی دەنگە ناڕازییەکانی یەکێتی و پارتی، بەڵام ئەوەی کە تێبینی دەکرێت بەپێچەوانەوە نەک نەیانتوانی ئەو جەماوەرە ڕابکێشن باسیش لەوە دەکرێت کە ئیسلامییەکان دەنگیان بەلیستی چاکسازی نەداوە پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئیسلامییەکان ئەو سەرکەوتنەی

– بەراوردکردنی (ژمارە)ی ئەندامانی پەرلەمان کە سەر بەلایەنەکانی ئیسلامیی هەرێمی کوردستانن لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٩ و جیاکردنەوەیان و وەسفکردنیان بەشکستخواردوو، دوور نییە هەندێ واقیعی نەبێت. یەکگرتووی ئیسلامی لە ٢٠٠٥ لەگەڵ (لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان) بوو کە لیستێکی (٩) تەرەفە بوو زیاتر بەلیستی دەسەڵات ناسرابوو، واتە لیستی (یەکێتی و پارتی). دوای هەڵبژاردنەکە (یەکێتی ٣٨ و پارتی ٣٧ و یەکگرتوو ٩ و ئاشوورییەکان ٥ و تورکمان ٤ و شیوعی ٣ و سۆشیالیست ٢ و نەتەوەیی ١ و کرێکاران ١)یان بەرکەوت واتە لیستی (دەسەڵات) (١٠٠) کورسی. کورسییەکانی دەرەوەی دەسەڵات (٧) کورسی، کۆمەڵ (٦) و زەحمەتکێشان (١). ڕێژەی کورسییەکانی لایەنە ئیسلامییەکان لە کۆی گشتیی ئەندامانی پەرلەمان ١٤٪ بوو. (ئۆپۆزسیۆن) ٦,٦٪. کەچی لە هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٩ لیستی دەسەڵات ٥٣٪ و لیستی دەرەوەی دەسەڵات ٤٧٪. کورسییەکانی یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزووتنەوە وەکو لایەنی ئیسلامی دوور نییە کەمتر نەبێت لە (١٥) و ڕێژەکەیان لە سنووری (١٤٪)یە.

بە ڕای بەندە لایەنە ئیسلامییەکان بەرەچاوکردنی ئیمکانیاتی لیستی دەسەڵات و دەستکاری و خروقاتی رۆژی هەڵبژاردن، ئەوەی وەدەستیان هێناوە کەم نەبێت هەروەها لە هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٩ فرە لیستی دەرفەت و فەزایەکی باشتری فەراهەم کردبوو بۆ دەنگدەران و دەنگە ناڕازییەکان لە دەسەڵات دابەش بووبوو بەسەر چەند لیستێک، لە بیر نەکەین هەندێ لە لایەنە ئیسلامییەکان لە نێوان ٢٠٠٥–٢٠٠٩ بەشێوەیەک لە شێوەکان بەشێک بوون لە دەسەڵات ئەگەرچی لە واقیعدا رۆڵی بەرهەڵستکاریانیش دەبینی و هیچ لایەنێکیش بێ کەموکورتی نییە.

* لە گۆڕەپانی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا چەندان حزبی سیاسی کار دەکەن و بەشێکی زۆریشیان خاوەنی مینەحەیەکی

خەیاڵین بۆ نموونە لیستی" ئازادی و عەدالەتیی کۆمەڵایەتی "٦" پارتی سیاسی بوون بەڵام ٨٢،٠٪ دەنگەکانیان بەدەست هێنا کە ئەمە کەمترین ڕێژەیە بەڵام ئەگەر سەیری مینحەکەیان بکەیت پارەیەکی خەیاڵییە بەبڕوای ئێوە کاتی ئەوە نەهاتووە جارێکی تر حکوومەتی هەرێم بەمینحەی حزبەکاندا بچێتەوە و هەڵوێستی سیاسی نەکاتە پێوەر و بەپێی قەوارەی ئەو پارتانە مینحە دیاری بکرێت؟

– بەڵێ کاتی ئەوە هاتووە ئەگەر زۆر درەنگیش نەبێت بۆیە بەدیدی بەندە یەک لە ئەرکە سەرەکییەکانی خولی سێیەمی پەرلەمان و ئۆپۆزسیۆن بەیاساییکردنی کێشەی یارمەتیی حزبەکانە و یەک لە بنەما سەرەکییەکانی ئەو یارمەتی و منحەیە ژمارەی کورسییەکانی لایەنەکانە. دەکرێت لەم بارەیەوە سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دیموکراتی وەربگیردرێت.

* شکستی یەکێتی و کەمبوونەوەی دەنگەکانی لیستی کوردستانی گفتوگۆیەکی گەرمی لە نێوەندی سیاسی و ڕۆژنامەوانی کوردیدا دروست کردووە باس لە شیمانەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنە ستراتیجییەکە دەکرێت دەمەوێت بپرسم دوای گۆڕانی باڵانسی هێز لە نێوان پارتی و یەکێتی چارەنووسی ڕێککەوتنەکە چۆن دەبێت.؟

– دەڵێن ڕێککەوتنێکی ستراتیجی هەیە وەلێ بۆ ڕای گشتی و بنکە و زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتیی هەردوو حزب ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتننامەیە نهێنییە. بەهەرحاڵ تاکو لووتکەی دەسەڵاتی هەردوو حزب ڕێک بن لەسەر پرەنسیپی دابەشکردنی دەسەڵات و داهات لەسەر بنەمای پەنجا بەپەنجا و (دوو یەکەم) و ئۆپۆزسیۆن دەسەڵاتیان پێ لەق نەکات، دوور نییە لووتکەی هەردوولا، بەپێچەوانەی گۆڕانی بەلانس، چاوپۆشی لە هەندێ شتی یەکتر بکەن.

* ئەگەر لە کابینەی پێشوودا حکوومەتێکی بەهێز و پەرلەمانێکی لاوازمان هەبووبێت بەڵام ئێستا باس لەوە دەکرێت کابینەی ئەمجارە حکوومەتێکی لاواز و پەرلەمانێکی بەهێزمان دەبێت بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟

– لە بارودۆخی ئەمڕۆی هەرێم و واقیعی حزبی و حکوومەتی و عەقڵیەتی بەڕێوەبردنی زۆرینەی پەرلەمانی کە حکوومەتی لێ دروست دەبێت، ئەوەندە سیستەمە حزبی و ئیدارییە لە کاردا بێت و ئەو عەقڵیەتە باڵادەست بێت ئەو، ئیدای حکوومەت و زۆرینەی پەرلەمان زۆر لەوەی پێشتر باشتر نابێت. دەکرێت هاوکێشەکە راست بکەینەوەو بڵێین: ئەگەر ئۆپۆزسیۆن خۆی تەیار بکات و پردێک لە نێوان خۆیان و شەقامی کوردستانی دروست بکات ئەودەم ئۆپۆزسیۆنێکی ئەکتیڤمان دەبێت و دەسەڵاتی زۆرینە سەغڵەت دەکات و ناکرێت وەکو جاران بە گەزوپێوانەی خۆیان ڕەوشەکە بەڕێوە بەرن، ئەمەش هەنگاوی یەکەمی گۆڕانە و گۆڕانێکی نەوعیش دەبێت.

* هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراق گفتوگۆی گەرمی چەند مانگی داهاتوو دەبێت پارتی و یەکێتی باس لەوە دەکەن دەبێت هاوهەڵوێستی و یەک لیستیی هەبێت لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لە بەرامبەریشدا لیستە بەهێزەکانی تر لێرە و لەوێ باس لە لیستی سەربەخۆ دەکەن با وا پرسیارەکە بکەین فرە لیستی دەبێتە شکست بۆ هەرێم لە کورسییەکانی کورد کەم دەکاتەوە وەک پارتی و یەکێتی باسی لێوە دەکەن بەبڕوای ئێوە قازانج و زیانەکانی یەک لیستی و فرە لیستی چییە بۆ ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان؟

– بەپێچەوانەوە فرە لیستی مایەی بەهێزبوونی باوەڕی بەخۆ و

پێکەوەژیانە. لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا، ململانێ بۆ دەسەڵات و لەسەر دەسەڵات لە نێوان لایەنە کوردستانییەکان چ لە هەرێم و چ لە ناوەندی بەغدا، کارێکی مەشروعە و دەبێت لایەنەکانی ململانێ ساغی کەنەوە بۆ خۆیان و بۆ خەڵکی هەرێم و دەرەوەیش کە کێ و تاکو چەند جێی متمانەی خەڵکە. (تیۆری) (بهاژۆ و دەنگ مەکە) کاتی بەسەر چووە و فەشەلی هێنا. پرەنسیپی پەنجا بەپەنجا کورتی هێنا، (هەردوو حزبی فەرمانڕەوای هەرێم) هیچ پرسێکی نیشتمانی و نەتەوایەتیمانیان وەکو پێویست چارەسەر و حەسم نەکرد. بەدیوەکەی تر پرسە سەرەکییەکان یان پشتگوێ خراوە یان سازشی لەسەر کراوە یان دواخراون. نوێنەرانی کورد کە (پاڵێوراوانی پارتی و یەکێتی)ن چ لە ناوەندی بەغدا و چ لە ناوچە تەعریبکراوەکانمان سەرکەوتوو نەبوون و جێگەی رەخنەی توێژەیەکی فراوانی بازنەی سەرکردایەتی و بنکەی هەردوو حزب و هەروەها خەڵکی کوردستانن. بێ باوەڕی و بێ متمانەیی خەڵک لەمەڕ ئیدای زۆر لەو بەرپرسانە لە گومان دەرچووە و تەئسیرێکی نەگەتیڤی کردووەتە سەر پلەو پایەی جەماوەری ئەو دوو حزبە، لایەنی کوردستانی لە ناوەند لە حاڵەتی پاشەکشێیە. (١٨) ساڵی سیاسەتی پەنجا بەپەنجا و پاوەنخوازی دەسەڵات لەلایەن لووتکەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی لە هەرێم و (٦) ساڵ لە عێراقی (هیوا و ئاشتی) شکستی هێنا. تەسویقکردنی ئەو پرەنسیپە بەمەترسیی هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان پارتی و یەکێتی یان بە مەترسییە دەرەکییەکان پاساوێکی لاوازە. بۆ دەبێت لووتکەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی یەکتر قەبووڵ نەکەن ئەگەر وانەبێت ئەوە دەبێتە شەڕ. ئەم پاساوە بەرامبەر بەڵێدوان و جەختی سەرانی هەردوو حزب و سووربوونیان لەسەر بێهوودەیی بەکارهێنانی توندوتیژی و چەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ئیلتزامیان بە بنەماکانی دیموکراتی و هەڵبژاردن و ئەمدەست و ئەودەستی دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە لە هەرێم و لەگەڵ ناوەندی بەغدا، هەرەس دێنێت. لەلایەکی تر پرەنسیپی پەنجا بەپەنجا نەبووە مایەی چارەسەرکردنی کێشە ستراتیجییەکانی خەڵکی

کـوردسـتـان و ناوەندی بەغـدا بـەپێـچـەوانەوە دەسـەڵاتی هـەردوو حـزبی فـەرمـانڕەوا بـە یەک هـەنگاو زیاتر لە (١٠,٠٠٠) کم٢ لە خـاک و سـنووری باشـووری کوردسـتـانـیـان سـڕییـەوە و بێ هـیچ گـفـتـۆگۆ و ڕوونکردنەوەیەک بەخشپەکی دەرباز کرا (قەزای بەدرە و ناحیەی جەسان و قـەزای تەلەعفەر) و دەیانـەوێت فـەرزیشی بکەن بەسـەر خـەڵکی کـوردسـتـاندا. نـەمـانـی یان کەمبوونەوەی دەستتێوەردانی دەرەکی و بەزاندنی سنوورەکانی کوردستان لەلایەن هـێزە نەیارەکانـەوە و بوونی بنکەی سـەربازی و سـیـخـوڕییـان لەناو خاکی هـەرێمی کوردستاندا و پاڵەپستۆ و نفوزیان لە زیادبووندایە. سەرەڕای هـەر هـەمـوو ئەوانە مـلـمـلانێی لایەنەکان بۆ دەسـەڵاتە و لە پێناو خزمـەتکردنی خـەڵکی کوردسـتان و بـەدیهێنان و چەسـپـاندنی مافـەکانیەتی. بۆ هـەڵبژاردنی پەرلەمـانی ناوەندی بەغدا، حـاڵەتێکی تەنـدروست و سروشـتـییـە ئەگـەر هـاتوو لیـسـتـەکـان بەجـودا بکەونە کـێبـەرکێی یەکـتـر، هـەر لایەنێک بەپێی ڕێژەی دەنگەکـانی دەگـاتە پـەرلەمـانـی ناوەند و پۆسـتـە ئیـدارییـەکـان. بۆ پێکەوە کارکردن و هـاوهـەڵوێستی لەمـەڕ پرسە نیشـتمـانی و نەتـەوایەتییەکان دەرفەت و شێوە و شێواز زۆرە و دەکرێت لایەنەکان لەسـەری کۆک بن.

٢٠٠٩/٨/٢٧

تێبینی: لە کۆواری (کلیل) بڵاو کراوەتەوە، مانگی ئەیلوولی /٩/٢٠٠٩.

## چاوپێکەوتنی کۆواری "نێوەند"

* لەگەڵ ئەوی یاساناسان و ڕۆشنبیران و خەڵکی کوردستان دەمێکە داوای دەستوورێک دەکەن بۆ دیاریکردنی ئەرک و مافەکان. ئێستا تێبینیی ئەوە دەکرێت دوای پەسندکردنی ڕەشنووسی دەستوور لە ڕێگەی پەرلەمانی کوردستانەوە لە ٢٤ / ٦ /٢٠٠٩ لەلایەن زۆرێک لە یاساناسان و ڕۆژنامەنووسانەوە تەنانەت لەلایەن بەشێک لە سیاسەتوانانیشەوە ڕەشنووسی ئەم دەستووره ڕەت دەکرێتەوە پرسیارەکە ئەوەیە ناوەڕۆکی ئەم دەستووره ئەوەندە دواکەوتوو و کۆنەخوازانەیە ئەم هەموو هەڵلایەی لەسەر دروست کراوە؟ ئاخۆ یەکەم ڕەشنووسی دەستوور لە مێژووی هەرێمی کوردستاندا دەبێتە سەرەتایەک بۆ دروستبوونی قەوارەیەکی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستاندا یان بەپێچەوانەوە؟

– نەبوونی یان دواخستنی دەستوور کۆتاییی دنیا نییە. زۆر لە وڵاتانی دنیا دەستووریان نەبووە و کەچی ماون و دەسەڵات و خەڵکیش لەسەر قەوارەی حوکم و جێبەجێکردنی ئەرک و مافەکان پێک هاتبوون. هەزاران ساڵ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بێ دەستوور بووە وەلێ چەندان مەڵبەندی شارستانییان بۆ جێ هێلاوین. وڵات هەیە تاکو ئێستایش دەستووری نییە نموونەی حوکمڕانی و دیموکراتی و گەشەپێدانە و لەنێویاندا هەیە لە ڕیزی زلهێزەکانی جیهانە. زیاتر لە (٨٠) ساڵە دەوڵەتی عێراق خاوەنی دەستووری هەمیشەیی و کاتی بووە کەچی جینۆسایدیان کردین. ١٨ساڵە ئەم هەرێمە بێ دەستوورە،



جەوهەر نامیق سالم (٢٩)

بەهەر شێوەیەک بێت بەڕێوە دەچێت، هەرچەندە لە واقیعدا یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو لە ئاستی (دەستوورە) و دوای ٢٠٠٣ چ یاسای ژمارە (١) و چ یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە و دواتر دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ سەرچاوەی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان و حکوومەت و داوودەزگا فەرمییەکانی هەرێمە. عیبرەت لە نەبوونی دەستوور نییە بەئەندازەی ناوەڕۆک و هەلومەرجی دەرچوواندن و پابەندبوون و پیادەکردنی. پڕۆژەی دەستووری هەرێم لە زۆر بواریدا باشە زۆربەی زۆری ئەرک و مافەکانی دیاری کردووە و بەدیدی ئێمە دواکەوتوو نییە. ئەو مادە و بڕگانەی کە بەدواکەوتوو لە قەڵەم دەدرێن مادە و بڕگەگەلێکن کە زیاتر تەعبیر دەکات لە ڕۆحی دەستووری عێراق و بەو پێیەی کە نابێت دەستووری هەرێم تەجاوزی کات. بەدیدی ئێمە هەڵلاکە لەوەدا نییە بگرە زیاتر هەڵلاکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە داڕشتنەوەی پڕۆژەکە و دەستکاریکردنی بەو شێوە فراوانەو دەرچوون لە پرەنسیپەکانی نەتەوایەتی و نیشتمانی، سەبارەت بەخاک و سنووری کوردستان و شێوە و شێوازی عەرزکردنی و تێپەڕاندنی لەلایەن خولێکی (گومان)لێکراوی پەرلەمانی کوردستانە. ئەم ڕێبازە متمانە دروست ناکات کە دەستوورێک لە سەرەتاوە بەم شێوە و شێوازە لەدایک بێت، ببێتە مایەی دامەزراندنی قەوارەیەکی دیموکراتی کە دەستوور داهێنەرو پارێزەریەتی.

بەگشتی ڕەشنووسەکە بنەما و پرەنسیپی باش و دروستی تێدا تەسبیت کرابوو. بەتایبەتی سیستەمی حوکمڕانی هەرێم و سنووری مێژوویی و جوگرافیایی کوردستان و ماف و ئازادییەکان و سنوور و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان.. تاد، بەو پێیەی دەستوور بنەما و سەرچاوەی سیستەم و دەسەڵات و ئەرک و مافەکانە، بەدیوەکەی تری زامنکاری ماف و داخوازییەکانی خەڵک و دامەزراندنی قەوارەیەکی ئازاد و دیموکراتە.

* لە مادەی (٢) ڕەشنووسی دەستووری هەرێمدا هاتووە:

یەکەم: کوردستانی عێراق قەوارەیەکی جوگرافیاییی مێژووییە، پێک دێت لە پارێزگای دهۆک بەسنووری کارگێڕیی ئێستایەوەی و لە پارێزگاکانی کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و قەزاکانی ئاکرێ و شێخان و سنجار و تلکێف و قەرەقوش و ناحیەکانی زممار و بەعشیقە و ئاسکی کەلەک لە پارێزگای نەینەوا و هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالە. ئەمانەش بەسنووری کارگێڕیی پێش ساڵی ١٩٦٨یانەوە.

دووەم: سنوورە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق، بەپشتبەستن بەجێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستووری فیدراڵییەتەوە, دیار دەکرێن.

پرسیارەکەی من ئەوەیە ئێوە چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەم مادەیە هەیە پێتان وانییە یەکلایینەکردنەوەی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان و جێبەجێنەکردنی مادەی "١٤٠" و ناڕوونی لە داهاتووی ئەم ناوچانە کێشەیەک لەم مادەیە دروست دەکات لە کاتێکدا لە بڕگەی دووەمی مادەکەدا ئاماژە بەسنووری سیاسی کراوە نەک جوگرافیایی؟

- بەشبەحاڵی خۆم لاوازترین خاڵی پڕۆژەی دەستووری هەرێم (٢٠٠٩/٦/٢٤) کە پەرلەمانی کوردستان بەبڕیاری لووتکەی دەسەڵاتی هەردوو حزبی فەرمانڕەوا تێیان پەڕاند لەو خاڵەدا دەبینم کە عەرزتان کرد واتە دەستکاری و دەست هەڵگرتنی لە چەند پارچەیەکی ستراتیجیی خاکی کوردستان، وردتر و ڕوونتر:

دەستکاریکردنی سنووری مێژوویی و جوگرافیایی و ئەتنی (کوردستانی باشوور = کوردستانی عێراق) بەسڕینەوەی (قەزای تەلەعفەر و قەزای بەدرە و ناحیەی جەسان) لە سنووری کوردستانی عێراق. واتە دەستکاریی مادەی (٢)ی پڕۆژەی دەستووری هەرێم، بەهەردوو بڕگەکەیەوە، لە کاتێکدا تاکو

رۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٢ لە پرۆژەی دەستووری هەرێمدا بوو، کە لە سایتی پەرلەمان و بەم شێوەیە تەسبیت کرابوو: مادەی " (٢) - یەکەم: کوردستانی عێراق قەوارەیەکی جوگرافیایی مێژووییە، پێک دێت لە پارێزگای دهۆک بەسنووری کارگێڕیی ئێستایەوەی و لە پارێزگاکانی کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و قەزاکانی ئاکرێ و شێخان و سنجار و تەلەعفەر و تلکێف و قەرەقوش و ناحیەکانی زممار و بەعشیقە و ئاسکی کەلەک لە پارێزگای نەینەوا و هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالە و قەزای بەدرە و ناحیەی جەسان لە پارێزگای کوت. ئەمانەش بەسنووری کارگێڕیی پێش ساڵی ١٩٦٨یانەوە."

سڕینەوەی پانتاییی نزیکەی (١٠,٠٠٠) کم دووجا لە سنووری جوگرافیایی و مێژوویی کوردستان بەخۆتوخۆڕایی، دیاردەیەکی خەتەرناکە و سابیقەیەکی مێژوویی کەموێنەیە و لووتکەی دەسەلاتی پارتی و یەکێتی مافی ئەوەیان نییە بڕیارێکی وەها فەرز بکەن بەسەر خەڵکی کوردستاندا. راستە پەرلەمانی کوردستان جگە لەو (گومانەی) کە لەسەر شەرعیەتی ئەم خولەی ئێستای هەیە، بێ دەسەلات و بێ ئیرادەیە وەلێ ئەو واقیعە هیچ کات لە بەرپرسیاریەتیی مێژوویی سەرۆکایەتی و ئەو (٩٦) ئەندامەی کە دەستیان هەڵبڕیوە بۆ تێپەڕاندنی ئەو پرۆژەیە کەم ناکاتەوە. سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لە پرۆسەی تێپەراندنی پرۆژەکە هەتاکو موراعاتی داوونەریتی یاسایی عەرز و دەرچوواندنی یاسا و بڕیارەکانی خودی پەرلەمانی نەکرد.

گرێدانی سنووری کوردستان بەمادەی (١٤٠) دووبارەکردنەوەی هەڵەیەکی تری لووتکەی دەسەلاتی هەردوو حزبی فەرمانڕەوایە کە چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستانیان خستە بن چەقۆی ریفراندۆم یان گرێدانی گەڕانەوەیان بەگەڕانەوەی چەند ناوچەیەکی عەرەبی عێراق. مادەی (١٤٠) بۆ نەهێشتنی دیاردەی تەعریب و گەڕانەوەی ناوچە تەعریبکراوەکان و ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەو ناوچانەیە و گەڕانەوەیانە بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان نەک بۆ دیاریکردنی سنووری جوگرافیایی و مێژوویی

کـوردسـتـــان. سـەرەڕای ئەمـانـە هەر هەمــوو چارەنووسی مــادەی ١٤٠ لە شیمانەی مان و نەماندایە و بەرەو مرداربوونەوەی دەبن چ بەپشتگوێخستنی یان تەدویلکردن و گەمـارۆ و کاڵکردنەوەی بە مـادەی (٢٣) و لەوەش خراپتر دەستکاریی دەقەکەی (٢٠٠٦/٨/٢٢)ـە کـە تاکو (٢٠٠٩/٦/٢٢) لە سـایتی پەرلەمـان وەکو خۆی مـابوو و بەم شێـوەیە "المادة (٢) – ثانیاً: تعتمد المادة (١٤٠) من الدستور الاتحادي لرسم الحدود الاداریة لاقلیم کوردستان" کەچی لە دەقی ٢٠٠٩/٦/٢٤ (سنووره ئیــداریــیــەکـــانیـــان) کـــرده (سنووره ســیـاســیــیــەکــان): دەقی ٢٠٠٩/٦/٢٤ " مــادەی (٢) دووەم: سنووره سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق، بەپشتبەستن بەجێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستووری فیدراڵییەوە، دیار دەکرێن."

بەندە هەر لە سەرەتای ڕاگەیاندنی مادەی (٥٨) و پاشتر (١٤٠) بە رەخنە بووین و رامـان سـەبارەت بەناوەڕۆک و چارەنووسی ئەو مـادەیە لەم بارەیەوە روون و ئاشکرایە، لەگەڵ ئەوەشدا با ئەو رەخنانە وەلاوە بنێین و ئاماژە بکەین بۆ ڕای لووتکەی دەسـەڵاتی پارتی و یەکێتی سـەبارەت بە رێکوپێکیی مـادەی (١٤٠) و جــەخـــتکردنیـــان لەســـەر پابەندبوون و ســـووربوون لەســـەر جێبەجێکردنی، ئێژین سڕینەوەی (قەزای تەلەعفەر و قەزای بەدره و ناحیەی جـەسـان) لە سنووری کـوردسـتــان دەرچوونە لە حـوکـمی مـادەی ١٤٠ و خـەرقێکی دەسـتـووری عێراقـە کـە نابێت دەسـتـوور یان یاسـاکانی هەرێم تەجاوزی بکەن. بەبۆچوونی ئێمە ئەم سازشکردنە لەسەر خاکی کوردستان بە پانتـایی لە سنووری (١٠,٠٠٠) کم دووجـا کـە نزیکە لە پانتـاییی وڵاتێکی وەکو لبنان، کارێکی ناڕەوایە و چ ببێتە هۆ و هۆکاری پاساودانەوەکەی. کام سەرکرده و لایەنی کوردستانی تاکو ئێستا جورئەتی ئەوەی کردووه و بڕیاری وا بدات و چ میللەت و نەتەوەیەک بڕیاری وا نامەسئوولانە پەسند دەکات.؟!

* لە بڕگـەی یەکـەمی مـادەی (٦)دا هاتووه نابێت هیچ یاسـایەک دابندرێت ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام.

هەروەها لە بڕگەی دووەمی ئەم مادەیەدا هاتووە ناشبێت هیچ یاسایەک دابندرێت ناکۆک بێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی.

پرسیارەکە ئەوەیە ئیشکالاتێکی گەورە بەدی دەکرێت لەم مادەیەدا و هەمان ئەو کێشەیەش لە دەستووری عێراقدا هەیە.

لەگەڵ ئەوەی بڕگەی یەکەم بۆ رازیکردنی حزبە ئیسلامییەکان لە دەستووردا دانران و لە ڕەشنووسی ئابی ٢٠٠٦دا نەبووە بەڵام چاودیران پێیان وایە ئەم بڕگەیە پێشێلکردنێکی ئاشکرای دیموکراتییەت و ئازادییە فەردییەکان و پێشێلکارییەکی ئاشکرای مافەکانی ژنانیشە ئێوەش وای دەبینن یان بەپێچەوانەوە.؟

– ئەوەی لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمدا هاتووە (مادەی ٦ بڕگەی یەکەم و دووەم) هەر دەبووایە وابێت چونکە دەقێکی دەستووری عێراقە و کاتی خۆی نوێنەرانی کورد لە بەغدا لە کاتی داڕشتنی ئەو دەستوورەدا پەسندیان کردبوو لە پەرلەمانی عێراقدا رازی بوون و دەنگیانیش پێ دابوو و لە ریفراندۆمی ساڵی ٢٠٠٥یشدا فەرزیان کرد بەسەر خەڵکی کوردستان و دەنگیان بە بەڵێ بۆ دا. تاکو ئەو دەقە لە پەرلەمانی عێراق چارەسەر نەکرێت باسکردنی لە هەرێم کوتانی ئاسنی ساردە.

* لە بڕگەی "١٠"ی مادەی "١٩"ی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان–عێراق، هاتووە هەموو کەسێک مافی ئازادیی ڕادەربڕینی هەیە و پێویستە ئازادیی رۆژنامەوانی و هۆکارەکانی راگەیاندن و رادەربڕین فرەلایەنیان مسۆگەر بکرێت. لە هەمان بڕگەدا هاتووە کە ئەو مافە توانج و تەشەرە و دەستدرێژی بۆ سەر مافی خەڵکی تر و سووکایەتی بەپیرۆزیی ئاینییەکان و هاندان بۆ توندوتیژی و برەوپێدانی رق و کینە لەنێو پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستان ناگرێتەوە. پرسیارەکەی من ئەوەیە ئەم بڕگەیە لە مادەی "١٩" ئازادیی رۆژنامەوانی و ڕادەربڕین بەرتەسک

ناکاتەوە مەرج دانانێکی لەم جۆرە لە دەستووردا نامانگەیەنێتەوە بەخاڵی سفر.

– لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم کە ئەو برگەیە ئازادییەکانی رۆژنامەوانی و رادەربرینی هێناوەتە سەر سفر. راستە ئەو جۆرە دارشتنانە کۆسپێکە و دەکرێت لە هەندێ بواردا رێگر بێت وەلێ هەر لە هەمان پرۆژەی دەستووردا و لە دەستووری عێراقیشدا، کۆمەڵێک مادە و برگە و پرەنسیپ هەیە کە لە کاریگەری نێگەتیڤی ئەو برگەیە کەم دەکاتەوە و بگرە پووچەڵیشی دەکاتەوە.

* لە مادەی (٦٤)ی دەستووردا هاتووە

ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چوار ساڵە، کە لە رۆژی سوێندخواردنی دەستوورییەوە دەست پێ دەکات، و دەکرێ بۆ ویلایەتی دووەمیش هەڵبژێردرێتەوە، لە رۆژی کارپێکردنی ئەم دەستوورەوە.

بەپێی رەشنووسی دەستوور بارزانی ماوەی ئەم چوار ساڵەی پێشووی سەرۆکایەتیی بۆ حیساب نەکراوە دەتوانێت مادەی"٨" سەرۆکایەتیی هەرێم بکات ئەم مادەیە بووەتە جێگەی رەخنە و نیگەرانی لەلای بەشێک لە سیاسەتوانان و یاساناسان، وە پێیان وایە ئەم مادەیە لە بەرژەوەندیی لایەنێکی سیاسی دارێژراوە ئەمە سەرباری ئەو رەخنانەی کە لە برگە و مادەکانی تر هەیانە و دەڵێن دەسەڵاتێکی رەها بەسەرۆکی هەرێم دراوە. پێتان وایە ئەم مادەیە مەرامێکی سیاسیی لە پشتەوەیە وەک بەشێکیش لە چاودێرانی سیاسی هێمای بۆ دەکەن کە لە بەرژەوەندیی پارتی دیموکرات و سەرۆکەکەیەتی ئێوە چ بۆچوونێکتان هەیە؟

– نازانم ئاخۆ دەکرێت لە دەستووردا مادەیەکی وا هەبێت کە بە (ئەسەر رەجعی) کاری پێ بکرێت؟ ئەمە زیاتر رای پسپۆرانی بواری یاسای

دەستووری دەوێت. دەستکاریی ئەم دەقە بەو شێوەیەی کە باستان کردووە و لە کەشوهەوای ئەمڕۆ و هەڵمەتی هەڵبژاردن، ئەو تەسەورە دروست دەکات کە ئەو دەقە ڕێک بۆ بارزانی یان بۆ ڕازیکردنی بارزانی بێت وەلێ کێ زەمانەتی ئەوە دەدات کە (بارزانی) لەم خولە و دوو خولەکەی تری داهاتووش، پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێم مسۆگەر دەکات. یان کێ دەڵێت بۆ خولی داهاتوو خۆی دەپاڵێوێت.؟!

٢٠٠٩/٧/٦

تێبینی: کۆوارێکی سیاسیی ڕۆشنبیریی گشتیی ئازادە و مانگی جارێک لە سلێمانی بەچاپ دەگات.

## دیمانە لەگەڵ ڕۆژنامەی "هاوڵاتی"

جەوهەر نامیق سالم سکرتێری پێشووی پارتی و یەکەمین سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لە چاوپێکەوتنێکدا کە هاوڵاتی لەگەڵیدا سازی داوە رەخنە لە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد دەگرێت کە نەیتوانیوە کێشەکانی کورد و مەسەلە نەتەوایەتییەکانی لە بەغدا چارەسەر بکات، پێی وایە سەرکردایەتیی کورد خۆی رۆڵی هەبووە لە بەهێزکردنی مالیکی و ئەو جەسارەتەی کە ئێستا دژ بەخواستەکانی کورد قسەی پێ دەکات، هەروەها تیشک دەخاتە سەر رێککەوتنی «ستراتیجی»ی یەکێتی و پارتی و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەو رێککەوتنە بووەتە هۆی قۆرخکردنی دەسەڵات و برابەشکردنی سەروەت و سامانی وڵات لە نێوان لووتکەی یەکێتی و پارتیدا.

* لەو ماوەیەی دواییدا وتارێکت لەبارەی وەزعی کەرکووک بڵاو کردەوە، هەست دەکەم رەشبین بوویت بەوەزعی کەرکووک؟

– پێشەکی من ڕەشبین نیم، نە لە ژیان و لە سیاسەتیش هەرگیز ڕەشبین نەبووم، پێم وایە خەڵکی سیاسی نابێت رەشبین بێت. بەدیدی بەندە ناوەڕۆکی کێشەی کورد لە کوردستانی باشوور تەعریب سنووری کوردستانە، کەرکووکیش کرۆکی کێشەی کوردە، پێش و پاش رژێمی سەدامی رووخاو، تەسەورێکی تایبەتیم هەبوو لەسەر کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان، پێم وابوو لە رۆژی ٢٠٠٣/٤/١٠ کورد دەیتوانی لە چەند سەعاتێکدا مەسەلەی کەرکووک و سنووری هەرێم یەکلایی بکاتەوە وەکو ئەوەی لە خانەقین کرا، لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری خودی و بابەتی نەکرا، رەنگە زۆر کەس و لایەن بیگێڕنەوە بۆ رۆڵی وڵاتانی دەوروبەر و ناوچەکە و ئیقلیمی وەک تورکیا و

زلهێزی وەک ئەمەریکا، دوور نییە ئەوە یەک ڕووی دراوەکە بێت، وەلێ هەموو شتێش نییە و نابێت کورد تەسلیمی ئەو تیۆرییە بێت. ئەگەر هەر وا بیر بکاتەوە، چۆن بە درێژایی زیاتر لە (٦٠٠) ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و نزیکەی ٩٠ ساڵی تەمەنی دەوڵەتی تورکیا بە ئێستاشەوە دژایەتیی کورد و پرسی کورد دەکەن ئەوە دەبێت، لە دواڕۆژیش مەزەندەی هەمان هەڵوێستیان لێ بکەین ئەگەر خراپتر نەبن. دەوڵەتی تورکیا کورد و پرسی کورد، لە هەر کوێ بێت، لە خانەی دوژمنی ستراتیجیی خۆی داناوە، هەر لە ئەتاتورکەوە تاکو دەمریل و ئەجەوید و ئۆزال و ئەربەکان و ئۆردوگان و گول. بەعەلمانی و غەیرە عەلمانییان. زلهێزەکان لە دوای بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان دەگەڕێن. ئەمەریکا چ پێش و کۆن و چ ئێستا بەرامبەر بەپرسی کورد ئەو دۆست و (هاوپەیمانە) نەبوو کە سەرانی کورد قوماریان لەسەر کرد و دەیکەن.

کە پرسی کەرکووک خڕ کرایەوە لە مادەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، زۆر کەس و لایەن رەخنە و ڕا و پێشنیازی خۆیان خستە ڕوو. هەر ئەودەم بەمادەیەکی سەقەت وەسفم کرد، بەندە و خەڵکانێکی زۆر پێشنیازی هەموارکردنیان کرد. نە هەموار کرا و نە جێبەجێ کرا. تەحویل کرا بۆ دەستوور و بووە مادەی ١٤٠. ئەمیش جێبەجێ نەکرا و مردار کرایەوە و بەمادەی (٢٤) گەمارۆ درا، کە بووە مادەی (٢٣)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکان (ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠٠٨). ئێستا نەک هەر چارەنووسی ئەم مادەیە بگرە زۆر لە مادەکانی تری دەستوور کە پێوەندداره بەپرسی کورد لە شیمانەی سڕینەوە و هەمواركردندایە بە مادەی (١٤٠)ەوەش، ئەم عەقڵیەتەی ناوەند و هەڵوێستی سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان لەمەڕ کەرکووک و گشت ناوچە دابڕاوەکان و ئەو نەخشە و پلانە کە هەیە، بەدووری دەزانم کەرکووک و زۆر لە ناوچە تەعریبکراوەکانمان بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

* چۆن دەڕوانیتە ئەو ڕایەی نووری مالیکی کە بانگەشەی

بەهێزکردنی ناوەند و لاوازکردنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەکات؟

– دیاره بەهێزکردنی دەسەڵات لە ناوەند مانای لاوازکردنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانە، ئەمە هاوکێشەیەکە کە بە درێژاییی تەمەنی ئەم وڵاتە کە پێی ئێژن عێراق پیادە کراوە. وتمان بەڵکو ئەمجارە وا نەبێت وەلێ بوو. بەهەرحاڵ دەکرێت قسە لەسەر شێوە و شێواز و چۆنیەتیی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەند بکرێت، بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەند گرفتێکی گەورە نییە، وەلێ ئەو میکانیزمە چییە کە بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەند بەکار دێت کێ و چۆن دەیکات و دەکرێت. نابێت ئەوەش لە بیر کەین کە پێش هاتنی مالیکی سەرانی کورد لە مالیکی سوورتر بوون لەسەر زەرووڕەتی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەند و دامەزراندنەوەی سوپا و گێڕانەوەی عێراقی هیوا و ئاشتی بۆ ناو جەغزی عەرەبی و ئیسلامی و نێودەوڵەتی، شانازیشیان پێوە دەکرد. هەروەها لایەنی کوردستانی ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە دانانی مالیکی لەسەر کورسیی دەسەڵات. ئەودەم هەم دەسەڵاتی ناوەند لاواز بوو هەم مالیکی نەکیرەیەک بوو. باشتر نەبوو ئەودەم کارێکی وا بکرایە مالیکی جەسارەتی وەها نەکات. بەهەرحاڵ ئەوەی کردیان وادیارە بە زەرەری کورد شکایەوە. بەتەئکید ئەم هەوڵەی مالیکی و هاوپەیمانانی مالیکی، بۆ لاواز و تەهمیشی مەوقیع و دەسەڵاتی کوردە.

* چۆن؟ دەتوانیت ئەوە ڕوونتر بکەیتەوە؟

– نەک مالیکی بگرە گشت دەسەڵاتدارانی ناوەند لە بەغدا هەر لە سەردەمی مەلەکی تاکو کۆماری بەیەک لە دوای یەکەکانی رژێمەکان، کە لاواز بوونە پەنایان بۆ سەرکردایەتیی کورد بردووە، یان چ نەبێت داوای ئاگربەست و رێککەوتنیان کردووە. کە پێیان زەویی گرتووە پەلاماری کوردیان داوە. مەگەر حکوومەتی عەلاوی و حکوومەتی جەعفەری هەریەک بەشێوە و شێوازی خۆیان هەمان هەڵوێستیان نەبوو. فەرقی ئەوسا و ئێستا زۆرە. مالیکی

دەیەوێت دەسەڵاتی ناوەند بەهێز بکات، بەدەر لە یاسا و دەستوور دەجووڵێتەوە و سەرکردایەتیی کورد بە موناسەبە و بێ موناسەبە نان و دەستوور دەخوات. باشە لە حکوومەت دەسەڵاتی بڕیاردان بەدەستی مالیکی نییە بگرە گشتی لە ئەنجوومەنی وەزیرانە. ئەو تەنیا مافی ئیشراف و تەنفیزی هەیە. مادەی (٨٠)ی دەستوور بەتایبەتی بڕگەی یەکەمی ئەرکی (پلاندانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتیی دەوڵەت و پلانە گشتییەکان و سەرپەرشتیکردنی کاری وەزارەتەکان)ی داوە بە ئەنجوومەنی وەزیران، نەک سەرۆک وەزیران. لە ئەنجوومەنی وەزیران دوو پۆستی سیادی بەدەستی کوردە. لەگەڵ شەش حەوت وەزیری تر. سوپاسالاری سوپای عێراق کوردە، لەگەڵ چەندان پۆستی باڵا لە وەزارەتی بەرگری، دەبێت هەیبەت و نفووزی کەسایەتیی ئەم زاتانە چۆن و چ بێت تاکو مالیکی وا تەهمیشیان بکات و حیسابیان بۆ ناکات؟! ئەوە حکوومەتی هەرێم و سەرۆکایەتیی هەرێم هەر هیچ.! ئەمانە کەسانێک نین بێ پشت و پەنا بن. نوێنەری گەل و نەتەوەیەکن ئەگەر بێ ئاگا و موتابەعەن و بێ هەڵوێستن لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت و لادرێن. ئەگەر لە لووتکەی دەسەڵات فەرز کراوە بەسەریان مافی خەڵکە بپرسێت بۆ؟ مافی ئەو نوێنەرانەیشە تاوانبار نەکرێن. مالیکی و ئەمسالی مالیکی جگە لە بیر و بۆچوونی شۆڤێنیزمیان، باوەڕ دەکەم سایکۆلوجیەتی دەسەڵاتدارانی کوردی بەگشتی خوێندووەتەوە. یان ئەسڵی کردەوەکان جۆرە پاڵەپەستۆیەکە بۆ بەهێزکردنی مالیکی، دوور نییە مالیکی ئامانج نەبێت بەقەد ئەوەی ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی ئەمنیی ئەمەریکا و عێراق و دەربازکردنی یاسای نەوت و گاز بێت، یان گەمەیەک بێت بۆ هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان، بۆ ریزبەندییەکی تازە لە تەوازنات. ئەگەر لایەنی کوردی تەرەف نییە لەم نەخشەیە بەڕای بەندە نابێت لەسەر حیسابی پرسی کورد تەواو بێت، ئەمەیش وەکو دیاردەکانی تر هەر وەها دەرباز بێت. کە لایەنی کوردستانی مادەی (٢٤)ی قەبووڵ کرد. کە سەربازی سوپای عێراق بێ ئاگەداری و ڕەزامەندی نێردرا بۆ بناری حەمرین و لایەنی کوردستانیان ناچار کرد هەر

لەو بنارەوە تاکو کەرکووک بەسەعدیە و جەلەولا و قەرەتەپە و خانەقین و خودی کەرکووکیشەوە لە پێشمەرگەی کوردستان چۆڵ کەن، هەیبەت و نفووزی حزبە کوردستانییەکان تەحجیم کەن و رۆڵیان تەهمیش بکرێت و کوردستانییەکانی ئەو ناوچانە بخەنە دڵەڕاوکە و مەترسییەوە.

لە کاتێکدا مالیکی و داروەستەکەی باش دەیانزانی ئەو ناوچانە ناوچەی ململانێ (متنازع علیها)ن و بەو پێیە چەند هەیبەت و نفووزی ناوەند لەو ناوچانە پێویست بێت ئەوەندەیش لایەنی کوردستانی...، کە مادەی (٥٢)ی یاسای ژماری (٣٦ ساڵی ٢٠٠٨)، سەبارەت بەکوردە ئێزیدی و شەبەکمان بێ حەمدی لایەنی کوردستانی لە ئەنجوومەنی نوێنەران دەرباز کرا... کە نوێنەرانی کورد لە گفتوگۆی رێککەوتننامەی نێوان ئەمەریکا و عێراق دەرکرا، لەگەڵ گشت کێشە هەڵواسراوەکانی تری نێوان ناوەند و هەرێم، ئێژین کە هەر هەموو ئەمانە و شتی تریش بۆ مالیکی چووە سەر، ئیدی بۆ جەسارەت نەکات بۆ بەهێزکردنی ناوەند و پاڵەپەستۆی تر بۆ سەر کورد.!

* ئەی مەجالیسی سەحوە و ئیسناد کە ئێستا مالیکی دایاندەمەزرێنێت؟ ئەوەش بێهێزکردنی دەسەڵاتی هەرێم نییە لەو ناوچانە؟

– بەڵی بەتەئکید، لەگەڵ ئەوەش دەبێت ئاورێک لە رابردوو بدەینەوە. باشە ئەگەر مەجالیسی ئیسناد دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دەسەڵاتی مالیکی، بۆ سەرانی کورد پێشتر رێگەیان پێ دا لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق هێزی خێڵەکی عەرەب بەناوی (مجالس الصحوة) دروست بکات.؟ ئەی بۆ لە پارێزگای دیالە، کە ناوچەیەکی ململانێ و زۆربەی ناوچەکانی دەکەونە حوکمی مادەی (١٤٠)ەوە، رێگە درا ئەو هێزانە دروست بکات.؟! لە هەموو ئەو ناوچانە سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان نەک هەر بێدەنگ بوو، بگرە پشتگیریشی لە مالیکی کرد. (الصحوة) لە سەرەتاوە بیرۆکە و سیاسەتێکی ئیدارەی بوش بوو، پاش شکستیان لە سێ کوچکەی سوننە و ناوچەکانی تر

وەلێ پاشتر بووە بەرنامەی حکومەتی ناوەند کە ئیئتیلافی کوردستانی خۆیان دەڵێن شەریکین. ئەم پشتگیری و پاشان بێدەنگی لەم دیاردەیە و ئەم هەڵلایەی ئێستا لایەنی کوردستانی جۆرێک لە ئینتیقائییەتی پێوە دیارە.

* پێت وایە دەبووایە هەر لە سەرەتاوە سەرکردایەتیی کورد رێگەی بەوە نەدابووایە؟

– بێگومان بۆ مەجالیان دا بەمالیکی وا گومڕا بێت، بۆ دوایان خست و لە کاتی خۆیدا هەڵوێستیان نەبوو؟!

سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان دەبووایە کێشەی چەکدارکردنی فەرمیی خێڵە عەرەبییەکان بەجیدی وەربگرتایە. فرسانی ئەلوەلید و سەلاحەدین و حەرەسی قەومی و ئەفواجی دیفاعی وەتەنی (خەفیفە).. تاد مەگەر هەر ناوەندی بەغدا دژ بەکورد دروستی نەکردبوو. چ ئەمەریکاییەکان و چ مالیکی ئەودەم زۆر لە ئێستا لاوازتر بوون، دەکرا بەدیکۆمێنت و بەمەرج لایەنی کوردستانی شەریکی دەسەڵاتی ناوەند، پرۆسەی سەحوە و ئیسنادی قەبووڵ کردبایە. دیسان فێڵیان لێ کردن؟!

ئەنجوومەنی ئیسناد نوێکردنەوەی جاشایەتییە و دژی کوردە هەقە بەهەموو شێوەیەک رێگە نەدرێت بەدامەزراندنی. پێش زیاتر لە یەک ساڵ لە نووسینێکماندا ئاماژەمان بەدیاردەی پرچەککردنی خێڵە عەرەبە سوننەکانمان کرد، خستمانە قاڵبی (پەرت بکە و بگرە) وە، وەک یەکێک لە تاکتیکەکانی سەربازی و سیاسیی ئیدارەی بوش لەو ناوچانە، واتا شەڕی سوننە ـ سوننە، پاشتر شەڕی سوننەـ شیعە، دواتر شیعە ـ شیعە، وتمان باشە بۆ بیر لەوە نەکرێتەوە ئەمجارەیان ببێتە شەڕی کورد و عەرەب بە سوننە و شیعەیانەوە.. لەمێژەوە شەڕ یەخەی گرتووین، وەلێ کورد نایکات. ئەگەر ئەم هەنگاوەی مالیکی و هاوپەیمانانی مالیکی سەرکەوێت دوور نییە شیمانەی شەڕێکی (کوردی ـ کوردی)یش روو بدات.

* دەسەڵاتی کوردی بەگشتی هەر لە سەرەتاوە پشتگیری لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی ئەمنیی نێوان عێراق و ئەمەریکا دەکات، ئاخۆ کورد لەوە زیاتری بەدەست نییە، یا دەکرا هەڵوێستی تری هەبێت؟

– پێموایە لایەنی کوردی لەوە زیاتر هیچی بەدەستەوە نییە، چونکە هەر لە سەرەتاوە هەموو هێلکەکانی خۆی خستە نێو جەوالّی ئەمەریکا و ئیدارەی بوش، هەندێکیشیان هیچی هەڵنەهێنا و ئەوەشی دەرچوو جووجکەیەکی شێواو بوو، هەر زوو تووشی ئەنفلەوەنزای باڵندە بووە، تەماشای فیدراڵییەت و (١٤٠) و سەروەت و سامان و داهات و پێشمەرگە و پاراستنی سنووری هەرێم و عیلاقات.. تاد بکەن، ئەوەشی ماوەتەوە لە هێلکەکان پیس بووە وا تاک تاک لێی دەشکێت و بۆنیشی دێت.

* هەبوونی دیاردەی گەندەڵی یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چ لەسەر ئاستی نێوەخۆیی، چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، پێت وایە حکوومەتی هەرێم بەجیدی کاری بۆ لەناوبردنی گەندەڵی کردبێت؟

– نەخێر کاری جیدیی بۆ نەکراوە و خەڵکیش زۆر باسی ئەو بابەتە دەکەن، سەیریش لەوەدایە سەرکردایەتیی فەرمیش لە هەموو ئاستەکان باسی ئەو مەسەلەیە دەکات، بەڵام کێشەکە تەنیا باسکردن نییە، بگرە چۆنیەتیی لەدایکبوونی ئەو دیاردەیە و زاڵبوون و پەلکێشانی بۆ هەموو کون و قوژبنێکی ژیانی حزبایەتی و حکوومەت و کۆمەڵگەیە، کاتی خۆی زۆرم نووسیوە لەسەر ئەم بابەتە.

* لە دەرەوەی پارتی و یەکێتی کۆمەڵێک حزبی تر هەن، تۆ پێت وایە ئەو حزبانە بوونەتە ئۆپۆزسیۆن، یا هەر ناون و ناتوانن ئەو ڕۆڵەی ئۆپۆزسیۆن ببینن و ئەوانیش شەریکی پارتی و یەکێتین لەو

وەزعەی کە هەیە؟

– بێگومـان لەلایەکەوە ئەوانیش شـەریکی پارتی و یەکێتین لـەو پرۆسـەیەی کە هەیە، چونکە ئـەوان بەشـدارن لە دەزگای یاسـادانان و کـارگێڕیدا . ئینجا ڕێژەی بەشـدارییان چەندە ئـەوە مەسـەلەیەکی ترە، بۆیە ئەوانیش بەشـێکن لەو ئەزمـوونە و ئەو واقیـعە و بەرپرسـیاریشن بەپێی ئـاست و قەوارەی خۆیان لەو ڕەوشـەی کە هەیە، بەباشی و خراپییەوە. ڕەنگە لەلایەکی تریش لەبەر واقیعی خـۆیان وا پێناسـەی خـۆیان بکـەن گـوایە ئۆپۆزسـیـۆنن. بەڕای من جـۆرە ئالۆزییـەک لـەو مـەسـەلەیەدا هـەیە، ئەوان ئەگـەر دەیانەوێت بەڕاسـتی ڕۆڵی ئۆپۆزسـیـۆن ببـینن، دەبێت خـۆیان لە دەسـەڵات جـیـا بکەنەوە، ئەگـەر لەگـەڵ دەسـەڵاتن، ئەوە هـاوپەیمانن و هـەرگیز ئۆپۆزسـیۆن نین بـەمانای راسـتەقینەی ئۆپۆزسیۆن.

* واتا هـەر ئۆپۆزسیۆن نین، یان لاوازن؟

– من ناڵێم ئەوانە هیچ ڕۆڵێکی ئۆپۆزسـیـۆنیـان نییـە، هـەیانـە، بەڵام تەواو نییـە، چونکە قسـە دەکـەن و هـەڵوێست و بـەرنامـەی خـۆیان هـەیە، بەڵام لەگـەڵ ڕێزمـاندا بۆیان دەکـرێت لـە نێـوان دوو کـەواندا بـێـژین ئەوانە (ئۆپۆزسـیـۆنی مـاڵیی کـراون)، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـینکاری ڕۆڵیـان ناکرێت لە زۆر بواردا وەکو ئۆپۆزسـیـۆن، ئـەوەی گـۆڕەپانی ئێـسـتـای کـوردسـتـان گـەرەکـیـەتی، بوونی ئۆپۆزسـیۆنێکی راسـتەقینەیە کە خۆی لە دەسـەڵات جیا بکاتەوە، نەک نەیار و دژ بەم ئـەزمـوونـە و بەرژەوەندیی نـیـشـتـمـانیی نەتەوایەتی، خـاوەن بنکە و بەرنامـە و ئاسـۆی ڕوون و شـەفـاف بێت کـە بەڕاسـتی و دروسـتی بـاشـتـر گوزارشت لە داخـوازییەکانی شـەقامی کوردسـتـانی و دواڕۆژی بکات. ئەوەی هـەیە یـان (مـاڵی کـراوە) یان وەکـو هـەندێکیـان ئێـژن (یان لە بـرس و یان لە ترس)، ئەوی تر هێشـتا هـەست و خـواست و هـەندێ پەرت و بڵاوە، لـە واقیـعی ئـەمـــڕۆی کـــوردســــتــــاندا هـەردوولا، لاوازە و وای دەبـینـم لە قـــۆناغـی گردبوونەوەدان.

* بڕیار وایە ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە کوردستاندا ئەنجام بدرێ، پێت وایە پارتی و یەکێتی بەپاساوی نالەباریی رەوشی هەرێمی کوردستان ماوەی یاساییی پەرلەمان درێژ بکەنەوە و خۆیان لە هەڵبژاردن بدزنەوە؟

– بەو واقیعەی ئێستا کە دوو هێزی دەسەڵاتداری وەکو پارتی و یەکێتی حوکمڕانن لەم وڵاتەدا، رێککەوتننامەی ستراتیجییان هەیە، لووتکەی دەسەڵاتی هەردوو پێکهاتوون، وەلێ لە لووتکە زیاتر کەس نازانێت ناوەڕۆکەکەی چییە، جگە لە دوو خاڵ نەبێت، ئەویش دابەشکردنی سەروەت و سامانە وەکو برابەش، دەسەڵاتیش دابەش دەکرێت برابەش. جا لە حاڵەتی وەهادا کە ئەم دوولایەنە دەسەڵات و داهات قۆرخ بکەن و پێکەوە و بەیەک لیست داخڵی هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی کوردستان بن یان تەمەنی ئەم خولە درێژ کەنەوە زۆر لە واقیع ناگۆڕێت. چونکە خودی ئەم قۆرخکردنە یەک لەو هەوڵ و سیاسەتانەیە کە رێگر بێت لە بەردەم پرۆسەی بەدیموکراتی و بەدەزگاکردنی ئەم هەرێمە و گۆڕینی ئەم کۆمەڵگەیە.

* بۆ بەم شێوەیە رەفتار دەکەن؟

– دەوترێ لەبەرئەوەی ئاڵۆزی و شەڕ روو نەدات. باشە بۆ ئیلا شەڕ دروست بێتەوە؟ دەوترێ لەبەر ناوەندی بەغدایە، ئەگەر بۆ ئەوەیە کە لە بەغدا کورد بەهێز بێت، ئەوە دیارە زۆربەی زۆری کێشەکانمان لەوێ بەهەڵواسراوی ماوەتەوە، بگرە خراپتریش دەبێت. ئێژن لەبەر بارودۆخی دەرەکییە. ئەگەر وابێت نە بەوان تورکیا و ئێران و زیاتر لە بیست وڵاتی عەرەب لەسەر نەخشە دەسڕێتەوە و نە هەڵوێستیان لەمەڕ پرسی کورد بەگشتی دەگۆڕێت، جا ئەگەر بە وجوودی ئەمەریکا کە هەر بەقسەی خۆیان (هاوپەیمان) و (دۆست) و پاسەوان و پارێزەری کوردە لە هێزی دەرەکی و ئیقلیمی، هەر بەوەش پاساوی پێداگرتنی خۆیان دەدەنەوە لە مانەوەی ئەمەریکا لە عێراق، ئێژین ئەگەر

فـیـعلەن وایە مـەترسـیی ئیـقلیـمـی و دەرەکی لە چی؟ بەهـەرحـاڵ راگـرتنی ئەزموونێکی تەواو تـەشویە و ئیفلیـجکردنی ئا بەم شێوەیەی کـە هـەیە بابەتێکە فـرە هـەڵدەگرێت. پێم وایە ئەوە دیـاردەیەکی نەشـازە، ئەگـەر دیاردەی وەهـا بۆ قـۆنـاغـێکی کـورت پێـویست بـووبێت، درێژەپێـدانی نـاتەندروسـتـە. راسـتـە قۆناغەکە چارەنووسسازە، بەڵام نابێت پـرۆسـەی ململانێی کۆمـەڵگەی خۆت لە هـەمـوو بوارەکـاندا قـەتیس و تەجـمـیـد بکەیت، لە کـاتێکدا تۆ داکـۆکی لە دیموکـراتیـیـەت و ژیانی فـرەیی و شـەفـافـیـەت و عـەدالـەتیی دابەشکردنی دەسـەڵات و سـەروەت و سـامـان دەکەیت. قۆرخکردنی دەسـەڵات ئا بەم شـێوەیە دیـاردەیەکی شـــازە. دوور نـیـــیـــە بـۆ لووتـکـەی دەســـەڵاتـی هـەردوو حـــزب دەربازکردنی رۆژ و حوکمڕانی بێ ململانێی جیدی و مەسئوول کارێکی خۆش بێت، وەلێ مـەرج نیـیـە هـەرچی بۆ ئەوان باش بێت بۆ پرسی کـورد و خـەڵکی کوردستان باش بێت.

* ئاخـۆ ئەو کـێـشـانـەی کـە ئامـاژەت بۆ کـرد، بەشـێکی زۆری ئەنجامی شکستی سیاسییە و حزبەکانی ئێمە کە لە تەنگژەدان؟ ئەی پەرلەمان و چارەنووسی ئەو کێشانە؟

– ئەم ئـەزمــوونـەی کــوردســـتــان لە زۆر بـواردا شکســـتی هـێناوە و زیاتر لووتکەی یـەکـێـتی و پارتی لێی بـەرپرسـیـارن. خـودی پـارتی و یـەکـێـتی لەنێـو تەنـگژەدان لە زۆر لایەنـەوە، لەنێـو خـۆیان وەکـو رێکخـسـتن، لەنێـو لووتکە و بنکەیان، لەنێو خۆیـان و جـەماوەرەکـەیاندا، لەنێو خـۆیان و خـەڵک بەگشـتی. کـەواتە دابڕانێکی زەق هـەیە لە نـێوان سـەرکـردایەتی و بنکردایەتـی و خـەڵک، خـۆ ئەگـەر (٢٥٪)ی ئـەو دابڕان و گلەیی و گـازندانەش راست بێت کە خـەڵک هـەیەتی، ئەوە پانـتاییـیەک و رێژەیەکی زۆرە. پەرلەمـان رەنگدانەوە و تەعـبیـرە لەو پرۆسـە سـیاسییـە کە لووتکەی هـەردوو حزبی دەسـەڵاتدار کۆکن لەسـەری و گەرەکیانە. حکوومەتی هـەرێم و پەرلەمان پاشکۆی ئەو دوو حزبەن و شـەتەک و شـەکەت کراون، نەک بەپێچەوانەوە.

* بەڵام کێشەکە لێرەدا کێشەی دەسەڵاتە، ئەوە چۆن چارەسەر دەکرێت، ئەو شەریکایەتییە تا چەند بەردەوام دەبێت و بەکوێ دەگات؟ چۆن دەتوانین لەو قەتیسبوونە دەربچین کە تۆ باسی لێوە دەکەیت؟

- بەرەخساندنی فەزایەکی ئازاد و شەفاف بۆ پیادەکردنی پرۆسەیەکی دیموکراتی. دوور لە قۆرخکردنی دەسەڵات و سامان. بیرکردنەوەیەکی جیدی بۆ رزگاربوون لەو رەوشە، لەو باوەڕەدام تاکو کێشەی دەسەڵات لەسەر بنەمای زۆرینە و کەمینە چارەسەر نەکرێت، هەتا لەسەر بنەمای دوو سەرکردە و دوو مەڵبەندی بڕیار و دوو گیرفان و دوو حکوومەت بێت، پێم وایە پرۆسەی دیموکراسیی ئەم هەرێمە بە سەقەتی دەڕوات، نە حکوومەت و نە پەرلەمان لە توانایاندا نییە کێشە و گرفتی خەڵکی کوردستان بە دروستی چارەسەر بکەن. ئەگەر هەندێ بەڕوونتر قسە بکەین سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان نەک هەر بەرامبەر خەڵکی کوردستان هەندێ لە میسداقیەتی خۆی لەدەست داوە بگرە لە ئاستی دەرەوەی کوردستانیش لایەنەکانی بەرامبەر باش وەزعی کورد دەخوێننەوە.

* باشە، ئێستا ململانێیەکی توند هەیە لەنێو یەکێتیدا، تۆ خۆت چۆن تەماشای ئێستای ئەو ململانێیە دەکەیت و پێت وایە حزبەکانی تر ئەو جۆرە ململانێیەیان تێدا بێت؟

- ململانێ لەنێو گشت هێزە سیاسییەکانی کوردستان و عێراقدا هەیە، ئەوە شتێک نییە شاراوە بێت، بەڵام رەنگە شێوە و شێوازی ململانێ لەنێو یەکێتیدا جیاواز بێت، ئەوەش کۆمەڵێک هۆکاری خۆی هەیە وەکو چۆنیەتیی دروستبوون و چۆنیەتیی بیرکردنەوە و سروشتی پێکهاتەی حزب. ململانێ لەنێو یەکێتیدا تازە نییە و یەکێتی لەگەڵ دروستبوونیدا ئەو جۆرە ململانێیە کەم یا زۆر هەبووە، زۆرجار تەقیوەتەوە و زۆرجاریش بەری پێ گیراوە.

ئاشکرایی و ئاستی ململانێکانی نێو یەکێتی بەدەر لەوەی کە باسم کرد، دوور نییە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم حزبە لەنێو خۆیدا زیاتر شەفاف و کراوە بێت. پێم وایە ململانێی ئاشکرا باشترە لە ململانێی شاراوە و دەمامکدراو.

* هیچ جۆرە ململانێیەکی وا لەنێو پارتی بەدی دەکەیت؟

– پێم وایە لەنێو هەموو حزبێکدا ململانێ هەیە، کە ململانێ لە خودی یەک شانەی زیندوو هەبێت لە خودی تاکدا هەبێت چۆن لەنێو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی وەکو پارتی کە تەمەنی زیاتر لە (٦٠) ساڵ دەبێت، نەبێت. وەکو باسمان کرد شێوە و شێواز و میتۆدی ململانێ لە حزبێکەوە بۆ ئەوی تر وەک یەک نییە. ئەگەر هەندێ بە مەوزووعییەتەوە قسە بکەین بەدرێژاییی تەمەنی پارتی ناوەندێکی ململانێی سەیر بووە. ئێستایش ئەو ناڕەزاییییەی ئەمڕۆ لەنێو کەوادیر و قاعیدەدا هەیە زۆر فەرقی نییە لەوەی نێو بنکەی یەکێتیدا هەیە، ئەگەر لە هەندێ بواردا زۆرتر نەبێت، چونکە سروشتی کێشەکان زۆر لە یەکتر دەچێت لە شێوەی کارکردن و را و بۆچوون و... تاد. پێم وایە لەنێو هەندێک حزبدا بەهۆی شێوازی پێکهاتەی حزبەکە دەردەبڕێت، لەنێو هەندێکیشدا دیسان بەهۆی پێکهاتەی حزبەکە دەمامک دەدرێت.

* باشە ئەوە مانای وایە خەڵکێکی تازە دێنە پێش، یا رۆڵی گەنجەکان زیاتر دەبێت؟ یا بەمانایەکی تر، کۆپیکراوی هەمان سەرکردەکانی پێشووترن؟

– بێگومان مرۆڤ نابێت لە ململانێ بترسێت، نابێت بترسێت لە گۆڕان، بگرە ڕێگەگرتن لە گۆڕان مەترسیدارە، چونکە گۆڕان سوننەتی ژیانە و گەردوون لەسەر بنەمای دژکاری و ململانێ دروست بووە و کەسیش بۆی نییە یان ناتوانێت ڕێگەی لێ بگرێت. تەماشاکە لە ڕووی فەلسەفیشەوە هەردوو رەوتی مادی و ئایدیالیستی لەسەر هەموو شتێک ناکۆک بن، لەسەر ئەوە کۆکن کە ململانێ بزوێنەری مێژووە.

* تۆ ئێستا لە کاتی ئەو وەڵامانەدا منت بەئاراستەیەکدا برد کە بتەوێت بڵێیت ئەو جۆرە ململانێیە لەنێو پارتیشدا هەیە؟

– بێگومان هەمان ململانێ لەنێو پارتیشدا هەیە، بەڵام ڕەنگە بە ئەندازەی شێوەی ململانێکەی نێو یەکێتی نەبێتو بەهەمان شێوە گوزارشت لەخۆی نەکات. وەکو وتم ململانێ سروشتییە، بەڵام شێوەی دەرخستنی جیاوازە. ئەگەر بچینە نێو کەوادیرو جەماوەری پارتی گوێ بگرین دەبینین کۆمەڵێک گلەییو گازاندە هەیە. تۆ واز لەوە بێنە ئەمڕۆ خەڵکێک هەیە دێنە بەردەم مایکرۆفۆن وەزعەکە دەڕازێننەوە، پێمwایە هەڵدانی یەک تەرەفەو یەک مەوج زیانی زۆرترە لەقازانج، لەلایەک شێواندنی واقیعە، لەلایەکی تریش لەدەستدانی ڕاستگۆیی.

* ئێستا تۆ کەسێکی سیاسی و لەماڵ دانیشتووی هیچ پۆستێکی حزبی و حکومیت نییە، دەکرێت بزانین ڕۆژانە کاتی خۆت بەچی بەسەر دەبەیت؟

– ڕۆژانە کاتی خۆم زۆرتر بە خوێندنەوە و نووسین و متابەعەکردنی ڕووداوەکان و بینینی دۆست و برادەر دەبەمەسەر.

## دیمانە لەگەڵ هەفتەنامەی "کۆمەڵ"

جەوهەر نامیق سالم، وەکو بەرپرسێکی باڵای حزبی و حکوومەتی دوای ڕاپەڕین و پێش پرۆسەی ئازادیی عێراق لە حکوومەتی هەرێم و لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەنووکە بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە لەسەر ئەدای سیاسیی سەرکردایەتی کورد لە ئاقار پرسە ئیداری و سیاسی و ئابووری و پێوەندییەکانی سەرانی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و نێوخۆییەکاندا، ناوبراو پێی وایە ئەو ڕەوشە سیاسییەی کە هەنووکە بارودۆخی هەرێمی کوردستان و ناوچەکەی پێدا تێپەڕ دەبێت بەردەوام نابێت و بگرە گۆڕانی بەسەردا دێت و پاشان ئاماژەش بەوە دەکات کە ئەمڕۆ گەورەترین گرفتی کورد بریتییە لە تەعریب و دیاریکردنەوەی سنوورەکانی هەرێم و ناوچە ئازادکراوەکانی پاش ٢٠٠٣، ئەو لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەی کۆمەڵدا دەڵێ: ئەمەریکا دڵسۆزی کورد نییە بگرە بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەگەڕێت، لەم گفتوگۆیەدا ئەم باسانە و چەند باسێکی تری تەوەری پرسیارەکانی ئێمە و وەڵامەکانی ناوبراوە.

* ماوەیەکە جەنابت لە میدیاکانەوە کەوتوویتە ڕەخنە و گلەیی لە حکوومەت و دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەمانەی تۆ باسیان دەکەیت زەمەنێکە بوونیان هەیە لە ئەدای سیاسیی حکوومەت و سەرکردایەتیی کوردیدا، ئێستا درەنگ نییە بۆ قسە و ڕەخنەکانی ئێوە؟

– کێ ئەڵێ من پێشتریش ڕەخنەم نەگرتووە! کاتی خۆیشی گەر ڕەخنەم بگرتایە ئەوا لە چوارچێوەی دەزگاکانی فەرمی یان ئەو ڕێکخستنە

سیاسییەدا دەبوو کە کارم تێدا دەکرد، رەخنە و گلەییش هەلومەرج و قۆناغی خۆی هەیە، هەر چۆن چوارچێوەشی هەیە. لە کۆتاییی مانگی ٢٠٠٣/٤ وازمان لە پارتی هێناوە و لە ماڵی خۆمم و، وەک هەر هاووڵاتییەکی ئاسایی ئەم وڵاتە. نزیکەی شەش ساڵێکیشە بارودۆخی وڵاتەکەمان گۆڕانی نەوعیی بەسەردا هاتووە. لە هەندێ بواردا چ ئەو سەردەمە و چ ئێستا، خوێندنەوەی جیاوازمان هەبووە و هەیە.

* باسکردنیش لە کەموکورتییەکان هەر برێتییە لە رەخنە؟

– ئەگەر بەوردی لەو نووسین و دیمانە و ئەو کتێبانەی کە لەم دواییەدا نوسیوومانە ورد ببنەوە، ئێمە بۆ ئەو قۆناغە خوێندنەوەیەکمان هەبووە نەک رەخنە. بگرە پێشنیازی چارەسەریش کراوە. لای ئێمە (رەخنە) خوێندنەوەی رووداو و دیاردەکان و هەڵسەنگاندییانە، مەرج نییە هەر (رەخنە) بێت و، مەرجیش نییە رەخنە هەر دەبێت سلبی بێت. خوێندنەوەکەمان بۆ تەعریب یان مادەی (٥٨) پاشتر (١٤٠) یان پێوەندیی سەرکردایەتیی کورد لەگەڵ ئەمەریکا و ناوەندی بەغدا، ئەمانە کۆمەڵێک پێشهاتی تازە بوون کە لە دوای قۆناغی داگیرکاری عێراق سەریان هەڵداوە، من کە رەخنە لە فەسادی ئیداری و گەندەڵیی دەسەڵاتی سیاسی دەگرم گەر لە رابردوودا هەبووبێت بەم شێوەیەی ئێستا نەبووە، من کە رەخنە دەگرم لە هەندێ لایەنی دەستوور و دیسان پێشتر وەکو ئێستا نەبوو، هەر بۆیە ئەم دۆخانەی کە من تازە قسەیان لەسەر دەکەم لەم (٥ ـ ٦) ساڵەی دواییدا سەریان هەڵداوە و گەرموگوڕن و هەندێکیشیان زۆر چارەنووسسازن وەک: (رۆژانی سەرەتای رزگاریی عێراق، پاشتر داگیرکردنی عێراق بەفەرمی، پێوەندی لە نێوان داگیرکەر و لایەنی کوردستانی، قانوونی ئیدارەی دەوڵەت، دەستوور، داهاتووی کوردستان، ئاستی کەموکورتیی ئیدارەی حکوومەت... تاد.)

* تۆ لە گەندەڵترین سەردەمدا بۆ ئیدارەی کوردی کە دوو بەش بوو ئەو سەردەمەش بەسەردەمی (شەڕی ناوەخۆ) ناسرابوو، لە

حزب و حکوومەتدا بوویت و بێدەنگیش بوویت؟

– بەپێچەوانەی شەڕی ناوەخۆی ئەو سەردەمە، دیاردەی گەندەڵیی ئەوسا و ئەم حەوت شەش ساڵەی رابردوو بە ئێستایشەوە بەراورد ناکرێت، لە رووی کەمی و نەوعی و مەترسییەکانی. کێ دەڵێت لەو سات و کاتەیش ئێمە سەبارەت بە رووداو و دیاردە چارەنووسسازەکان بێدەنگ بووینە.؟ سەرکردایەتی و بنکەی پارتی و لایەنەکان و خەڵکی کوردستان لە هەندێ هەڵوێستمان ئاگەدارن. لەنگە خۆم باسیان کەم. هەرچ نەبێت خۆمان لە هەندێ لایەنی ئەو گەندەڵییە پاراستووە، لەگەڵ ئەوەش تاکو ئەو ئاستەی ئاگادار بوومە و مەسئوولیەتمان لەسەر شان بوو، تەحەمولی ئەو بەشەی خۆم دەکەم بە فەردی و بە جەماعی، وسبحان من لایخطئ.

* تۆ باسی سەرهەڵدانی هەندێ لەو دیاردانەت کرد کە چەند ساڵێکە سەریان هەڵداوە بەتایبەتی (گەندەڵیی ئیداری)، باشە نزیکەی هەژدە ساڵە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی کوردی هەیە بۆچی ئەم گەندەڵییە لەم دواییانەدا وەکو دیاردە دەرکەوت؟

– پێویستە مەوزووعییانە لەم دیاردەیە بڕوانین و بڵێین بۆچی ئێستا ئەم دیاردەیە بەو شێوەیە بەرجەستە بووە؟. ئەم گەندەڵییە هینی رۆژێک و دوو رۆژ نییە، بگرە لایەنێکی میراتە و لەمێژەوە کەڵەکەی کردووە. ئیمکانیات و توانەکانی ئەم چەند ساڵەی پاش رزگاریی عێراق و (١٧) ساڵی دەسەڵاتی خۆجێیەتی خودی کوردە. عەیب و مەترسی لە بوونی گەندەڵی نییە، زیاتر لە فراوانبوون و قووڵبوونیەتی و، (تمرکز)ی ئەو دیاردەیە، لە سەرەوەی هەرەمی حزبی و سیاسی ئینجا ئیدارەیە. لە ماوەی ئەم (١٧) ساڵەی حوکمی خۆماڵی کورد دەسەڵات و داهات و ئیمکانیات (تمرکز)ی کردووە و هەر بەرەوژوور دەڕوات. واتە ئەم دیاردەیە بەتەحدید زیاتر لە سەرکردایەتیی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار لەنگەری گرتووە. لە کاتێکدا کە ئەم قسانەش دەکەم لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی خۆیشم لەوەدا بەشدارم، رۆڵمان لە بەشداری و

چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە سەنگی مەحەکە. ئەوە حەڤدە ساڵە سەرۆکی حکوومەت و سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکان کادیری پلە یەکی هەردوو حزبەکەن و حزبەکانی تریش کەم یان زۆر بەشدارن و حکوومەت و پەرلەمان بەڕێوەی دەبەن، گەر سەرۆک وەزیران جێگری و یان وەزیرێک، بەڕێوەبەرێکی گشتی گەندەڵیی لێ دەرکەوت، ئەو دوو حزبە دەتوانن بیگۆڕن، یان گەر وەزیرێک کاروبارەکەی لە ئاستی پێویست جێبەجێ نەکات دەتوانن بەرکەناری بکەن، لێرەدا دەبینی ئیش و کارەکان بەدەستی سەرکردایەتیی هەردوولایە، باوەڕ ناکەم فەرمانبەرێکی هەژاری خوارەوە گەندەڵ بێت گەر سەرەوەی گەندەڵ نەبێت! لەبەر ئەوە من تەسەور دەکەم گەندەڵی لە سەرەوەیە نەک لە خوارەوە.

* بەبۆچوونی تۆ دیاردەی گەندەڵی پێوەندیی بەپێکهاتەی کولتووریمانەوە نییە لە کاتێکدا ئێمەش بەشێکین لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کە پێکهاتەیەکی کولتووری لەو شێوەیەی هەیە کە لە بەرامبەر لێپرسراویدا خەمساردە؟

– گەندەڵی بەگشتی دیاردەیەکی کۆن و جیهانگیرییە. هەر کۆمەڵگەیەک پێشکەوتوو بێ یان پاشکەوتوو شێوە و شێوازی گەندەڵیی خۆی هەیە. هەر چۆن شێوە و شێوازی گەندەڵی لە قۆناغێکەوە بۆ ئەوی تر جیاوازیی هەیە. دیسان دەڵێمەوە: عەیب لە بوونی گەندەڵیدا نییە، بگرە لەوەیە کە تەشخیسی نەکەین و بەجیدی بەگژیدا نەچین و چارەسەر نەکرێت. هەر چۆن دەسەڵات بەرپرسیارە لەسەر باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووریی کۆمەڵگە، وایش بەرپرسیارە لە خەمساردیی کۆمەڵگەیش.

هیچ کۆمەڵگەیەک لە خۆیەوە خراپ نابێ، من هەردەم تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە: سیستەمی باش خەڵکی چاک پەروەردە و دروست دەکات و، سیستەمی خراپیش خەڵکی باشیش خراپ دەکات. سیستەمی باشیش خەڵکی باش دروستی دەکات.

* باشـە گەر تەنیا لە کوردسـتان ئەم دیاردەیە تەشـەنەی کردووە ئەی بۆچی هەنووکـە ئیـدارەی حکوومـەتی عـێـراقـیش بەمـەوە دەناڵێنێ؟

– ئەم بەشـەی کـوردسـتـانی خـۆمـان بووەتە پارچەیەک لە عـێـراق و، ئەم عێراقـە لە زۆر لایەنە و بەسـەقـەتی دامـەزرا. لەوانە دیاردە خـراپەکانی دوای قۆناغی دەوڵەتی عوسـمـانی و بنەماکـانی هێزی داگـیرکـەری بەریتـانیـایی، پاشـتـریش رژێمـە یەک لە دوای یەکـەکـان و لووتکەیان رژێمی لەناوچووی بەعسی فاشیی پێشوو. لە بەهاری ٢٠٠٣ تاکو ئەمرۆ ئەم وڵاتە داگیر کراوە لەلایەن ئەمـەریکاوە. یەک لە قـوولّبـوون و فـراوانبـوونی دیاردەی گـەندەڵی دەگـەڕێتـەوە بۆ خـودی داگـیرکـەری ئەمـەریکایی. چەندان ڕاپۆرتی فـەرمی دەزگـاکـانی ئەمـەریکایی و نێـودەوڵەتی گـەواهی لەو دەدەن و باسی ئەم دیاردەیەیان کردووە و، لەژێر سایەی دەسەڵاتی داگیرکەرن (کۆماری العراق)، لە لووتکەی سەرەوەی وڵاتانی گەندەڵن لە گەندەڵی. کەڵەکەبوونێکی مێژوویی. دارمان و خاپوورکردنی ژێرخانی وڵات. واڵاکردنی دەروازەی دەستتێوەردان و بەرەڵایی و، دامەزراندنەوەی لەسـەر دەستی داگیرکەر. بەدید و گەز و پێوانەی خۆی، کە زیاتر تەعبیرە لە بەرژەوەندیی باڵای خۆی. هەر دەبێت تەیرێکی وا نابووتی لێ دەرچێت. کـارەسـاتی ئەم وڵاتە لەوەدایە کـە هـەردەم هێـزی داگیرکەر سیستەمەکەی گۆڕیوە و بۆی داڕشتووەتەوە و فەرزیشی کردووە.

* پێت وایە ئەم ڕەوشـەی باسی لێوە دەکرێت ڕاسـتەوخـۆ بنبـڕ دەکرێ یان پێویستی بەقۆناغێک هەیە تاوەکو نەمێنێت؟

– هـەر چۆن ئەم ڕەوشـە بە رۆژێک دوو رۆژ دروست نەبووە هـەروەهـا وا بەئاسـانی بنبڕ ناکرێت. قسوری نییە کەموکورتیی هەبێت وەلێ چاوپۆشی و پاساودان و هـاندان و پەرەسەندنی خەتەرە. هیچ شتێک نییە عیلاج نەکرێت. پێش عـیـلاج جـورئەتی تەشـخـیـسی گـەرەکـە. عـیـلاجـیش ئیـرادەی دەوێت.

چارەسەرکردنیشی شێوە و شێوازی خۆی هەیە. کۆسپی هەرە گەورەی سەر ڕێگەی عیلاجی ئەم دیاردەیەی هەرێمی کوردستان، لە سەرەوەیە و هێلانەکی لەوێدایە..

* تا چەند گەندەڵی تەجاوزی کردووە بەرەو ئەوەی کە مادەی (١٤٠) و ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە ئازادکراوەکانی دوای (٢٠٠٣) خەمساردی بەرامبەر بنوێنرێ و بەو شێوەیەی لێ بێ کە هەنووکە ئاسۆکانی نادیارن؟

– من کاتی خۆیشی وتوومە: لە سەرەتای قۆناغی (ڕزگاری)ی عێراق کێشەی تەعریبمان چارەسەر نەکرد وەکو پێویست. تەعریب لە هەلومەرجێکی ئیستیسنائی فەرز کرا و لە هەلێکی ئیستیسنائی بنبڕ و چارەسەر دەکرێت، نەکرا. کە ئەمەریکا بەفەرمی بووە هێزی داگیرکەر، لەگەڵ داگیرکەر حەسم نەکرا. کە مادەی (٥٨)ی جاران و (١٤٠)ی ئێستا کرا بە بنەما و نەخشەی ڕێگە، وتمان ئەم مادەیە چارەسەری ناوچە تەعریبکراوەکانمان ناکات، وەکو ئەوەی خەڵکی کوردستان خوێنی بۆ دا و خوازیاریەتی و سووره لەسەری. وتمان ئەم مادەیە بەسەقەتی لەدایک بوو بەسەقەتیش بەڕێوە دەچێت، بەبۆچوونی من ئیدارەی کوردی و سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لەو سەقەتییە بێبەش نین، ئەوەی جەنابت مەبەستتە هەر بەو شێوەیەیە کە باسم کرد، من هەموو کات تەئکید لەوە دەکەمەوە کە ناوەڕۆکی کێشەی کورد لە باشووری کوردستان برێتییە لە نەهێشتنی تەعریب و دیاریکردنی سنووری کوردستان، ئەو سنوورەی کە مێژوو و جوگرافیا سەلماندوویەتی، ئەوانی تر زیاتر بەرەنجامن. مادەی (٥٨) و پاشتر (١٤٠) ڕاستە کۆمەڵێک لایەنی باشەی تێدایە، بەڵام هەندێ کێشە و گرفتیشی هەیە، کۆمەڵێک کەلێنی تێدایە، کۆمەڵێک زاراوە و پێناسەی تایبەتی هەڵدەگرێت، ئەوە چوار ساڵە زیاتر تەراوح دەکات بنەماکانی لە جێگەی خۆیدا چەقیوە. مەترسیی دابەشکردنی باشووری کوردستان و، قەبووڵکردنی ئەو بەرنامەیە لە ڕێگەی

فـەرزکـردنـی بە(تقـسـیت) و، تەدویل، یەک لـە گـرفـتـەکـانی ئەم قـۆنـاغـەیە و هۆشیاری هەڵوێستی حاسمی دەوێت.

* بەبـۆچوونی ئێـوە تێـڕوانینی عـەرەبەکـانی عـێـراق تـایبـەت بەقـەزیەی سیـاسـیی کورد هیچ گـۆڕانێک ڕووی تێ کـردوونەوە؟ مەبەستم لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق؟

– عـەرەب بۆ هەزار و چوار سـەد سـاڵە مـێـشکی وا پڕ کـراوەتەوە، عێـراق بەگشتی پارچەیەکە لە زەویی عەرەبی و عروبە و، میللەتەکەشی پارچەیەکە لە ئوممەی عـەرەبی. پاش (ڕزگاری)ی عێـراق ئەم بۆچوونە لەسـەر زاری هەندێ لایەنی عـەرەبی عێـراق بەتایبـەتی کاڵ بـووە و، لەسـەر (کـاغـەز) گـۆڕانکاریی بەسـەردا هات. بەڵام لە مێشک و دڵ و دەروونیان نەسڕاوەتەوە، ئەگەر جاران زیاتر تـەنگژەکـە لە نێـوان نوخبـەی دەسـەڵاتی فـەرمیـی عەرەبی عـێـراق یان وڵاتانی عەرەب بـوو، دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، خزایە نێو شـەقامی عـەرەبی. وا دەبینن نوخبـەی تازەی دەسـەڵاتی عـەرەبی عێراق هێدی هێدی لە قۆناغی پاشگەزبوونەوەدان، هەتاکو لە وەعد و پەیمانی سـەرزارەکی و لەسـەر کاغەز. هەڵوێستیان لە تەعریب و سنووری باشووری کوردستان و فیدراڵییـەت و بنەماکانی مافی کورد و ناسنامەی کۆماری العراق و خاڵەکانی تری نێو دەستـوور، بەهەمـوو کەموکورتیی ئەو مادە و بڕگەکانی، لە قۆناغی پێداچوونەوەدایە. زۆرینەی عـەرەب هەتاکو بەمـەی هەیە قـەڵسن. بەکورتی: گـۆڕین بـووە وەلێ مـەرج نییـە بەعـەمـەلی تـەسـبیت و کـاری پێ بکرێت. ملمـلانێـیـەکی توند و فـرەلایەنە بـەدی دەکرێت وریایی و حـەزم و حـەسـمی گەرەکە.

* ئەم قـەڵسییـەی ئێوە باسی دەکەن تا چەند بەوە کەم دەبێتـەوە کە کورد لە ئیدارەی حکوومـەتی عێراقی لە لووتکەی دەسـەڵاتدان و بەشداریی کارایان هەیە لە پرۆسەی سیاسیدا؟

– کورد لەم وڵاتە کە پێی ئێژن (العراق) کێشەی وجوود و سنووری هەیە. نەک بەشداری لە دەسەڵات و پارە و پوول. بەشداری لە لووتکەی دەسەڵات ئامانج نییە. کورد خەبات و قوربانیی نەداوە بۆ ئەوەی لە ناوەند کاربەدەستی باڵای لە لووتکە هەبێت وەکو عێراقییەک. لە هەندێ قۆناغی ڕابردوو وەک هاووڵاتییەکی عێراقی کاربەدەستی زۆرمان هەبووە، هەندێکیان دەسەڵاتیان زۆرتر بووە لەوانەی ئێستا، بەرەچاوکردنی قۆناغ و ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی... تاد، وەلێ کێشەی کورد چارەسەر نەکرا. ئێستایش لە خوا بەزیاد بێت بەرزەلێپرسراوی زۆرمان هەیە لە بەغدا و لە لووتکە. ئەوان ئێژن کێشەی کورد چارەسەر کراوە. وەلێ گشت ڕووداوەکان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە کێشەی کورد لە باشووری کوردستان چارەسەر نەکراوە. هەتاکو فیدراڵییەت زاراوەیەکە لەسەر کاغەزی (دەستوور)ە. وەکو وتمان وا دەستوور لە قۆناغی پێداچوونەوە و داڕشتنەوەیە، گرفت زۆرە. زۆربەی ئەوانەن کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێوەندیی بەکێشەی کوردەوە هەیە. لە سەرەتای ڕزگاریی عێراق دەرفەتێک هاتە پێشەوە وەکو پێویست سوودی لێ وەرنەگیرا.

* لەو دەرفەتەدا دەمانتوانی چی بکەین؟ یان چۆن سوود لەو دەرفەتە وەربگرین؟

– بەقەناعەتی ئێمە دەکرا کۆنترۆڵی ناوچە تەعریبکراوەکانی خۆمان بکەین. مافمان هەبوو زەوت کرابوو. لە زرووفێکی ئیستیسنائی فەرز کرابوو. گشت بەڵگە و دیکۆمێنتەکان لە بەردەستدا بوو. دنیا دژی سەدام و ڕژێمەکەی بوو. گشت داوودەزگای دەوڵەتی عێراق داڕما بەحکوومەت و دەستوور و یاسا و ڕێساکانی. خەڵکی کوردستانمان لەگەڵ بوو. هێزی پێشمەرگە و چەکدارمان هەبوو. لەو سەروبەندە ئەوەی لە خانەقین و ناوچەی تر کرا لە گشت ناوچەکانی تەعریبکراومان دەکرا.

* له کاتی هاتنی هاوپەیمانانداا؟

– بەڵێ له کاتی هاتنی هاوپەیمانانداا.

* ئاخۆ هاوپەیمانان رازی دەبوون بەم شێوەیە؟

– تازە ئەوە بووە بەشێک لە مێژوو. لە سەرەتا باسمان کردووە. دووبارەکردنەوەی خۆش نییە لام. گرینگ نییە ئەوان رازی دەبن یان نا. گرینگ ئەوەیە کورد خۆی چی دەوێت و چی پێ دەکرێت و چۆن هەل دەقۆزێتەوە. ئەگەر بەتەمای رازیبوونی ئەمەریکا و عەرەب و تورکیا و ئێران بین و هەل نەقۆزینەوە، هەر دەبێت پاش رووداو و هەلە رەخساوەکان بیر کەینەوە. ئەو پرۆسەیە کات و هێزی زۆر گەورەی نەدەویست. چەند سەعاتێکی دەویست. پێش ئەوە ئیرادە و دووربینی و هەڵسەنگاندنی هەلەکەی دەویست. ئەودەم لای ئەمەریکا و گەلانی ئەمەریکا و ئەوروپا رووخاندنی سەدام گرینگ و ئەولەویات بوو. لە کاتی کۆمەلەرزەکە و شۆکی رووداوەکان زۆر شت دەرباز دەبوو.. هەل وەکو تیغ وایە نەیبڕیت دەتبڕێت.

هەفتەنامەی (کۆمەڵ) ژمارە (٣٢٥) لە ٢٠٠٨/٥/٣١ لاپەڕە (٥).

# چاوپێکەوتنی هەفتەنامەی "هاوڵاتی"

سازدانی: کەمال رەئووف

لە یەکێک لە کۆڵانەکانی گەڕەکێکی پیرمام (مەسیف) هاووڵاتی لە دەرگەی ماڵی ئەو کەسەی دا کە ساڵانێک پێش ئێستا سەرۆکی پەرلەمان و بەرپرسێکی باڵای حزبێکی کوردی بوو، جەوهەر نامیق کە پێشتر سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامی مەکتەب سیاسی و سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ئێستا وەک کەسایەتییەکی ئاسایی نێو ئەم کۆمەڵگەیە لەگەڵ خێزانەکەیدا لە خانوویەکی مامناوەندیدا دەژی، جەوهەر نامیق ئێستا ئیتر نە لێشاوی سەیارە و حیمایەی بەدواوەیە و نە پێویستی بەوەیە چەند کەسێک بەژوورسەریەوە و لە پشتی دەرگەکەیەوە بوەستن و چاودێریی هاتوچۆی خەڵک و جووڵەی میوانەکانی بکەن، چونکە ئێستا ئەو دەیەوێت وەک هەر تاکێکی تری نێو کۆمەڵ ژیان بکات، بۆیە دەستبەرداری هەموو ئەو ئیمتیازە زۆر و زەوەندەکانی حزب و بەرپرسیایەتی بووە و شانازی بەوەوە دەکات کە وەک هەر کەسێکی تری ئاسایی ژیان بکات، ئەو ئێستا هەرچەندە وەک هەر کەسێکی تر دەبێت بەخەمی نەبوونی و پێداویستییەکانی ژیانەوە بێت و لە بێ کارەبایی و تاریکیدا وەک ئێمە دابنیشێت، ئەو ئێستا هەرچەندە وەک کەسایەتییەکی سیاسی و شارەزایەکی بواری ئابووریناسی دەبێت بەخەمی پرۆژە سیاسییەکان و هەلومەرجی کوردستانەوە بێت و ناتوانێت چاوی چاودێری بنوقێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەریکە زەردەخەنەی راستەقینە دەگەڕێتەوە سەر سیمای و خەریکە بەدەر لە هەناسە و دووکەڵی حزب، هەناسەیەکی پاک لە دەرەوەی جەنجاڵ و تەمومژاویی حزب هەڵدەمژێتەوە. رۆژنامەی هاوڵاتی بەباشی زانی لەگەڵ جەوهەر نامیق

دیمانەیەک ساز بکات تا بتوانێت لە ئێستادا ئەو لە مینبەری هاووڵاتییەوە بەخوێنەران بناسێنێتەوە و پرسیاری ئاراستە بکات تا بزانێت جەوهەر دوای پتر لە پێنج ساڵ لە دەستکێشانەوەی لە بەرپرسیاریەتیی ئیداری و حزبی چۆن بیر دەکاتەوە و هەلومەرجی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنێت.

* وەکو زانراوە پتر لە ١٧ ساڵە کورد دەسەڵاتێکی حوکمڕانی نیمچە سەربەخۆی بەدەستەوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی کوردستان گلەیی و گازندەیەکی زۆریان هەیە لە دەسەڵاتی کوردی و ئەم دەسەڵاتە تا ڕادەیەکی زۆر بەکەمتەرخەم و گەندەڵ تۆمەتبار دەکرێ، ئەمەش وای کردووە بێزارییەکی زۆر هەبێت و ببێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک بخوازێت بەڵێن و کوردستان جێ بهێڵێت تۆ لەم بارەیەوە ڕات چییە؟

– ڕاستە ئەو ١٧ ساڵە واتە لە ١٩٩١ تاکو ئەمڕۆ، دەکرێت لە نێوان دوو کەواندا بڵێین: کورد ناوچەیەکی ئازادی بەدەستەوەیە. نیمچە سەربەخۆییەکی هەیە. واتە (١٧) ساڵە خۆی ئیداریی خۆی دەکات، ئەمەش درێژترین قۆناغی سەردەمە لە حوکمڕانی کورد. لە کاتی ئەم ١٧ ساڵە شتی گەورە و نەوعی باش کراوە: هەڵبژاردن. دامەزراندنی پەرلەمان. حکومەت. دەزگای دادوەری. هێزی پێشمەرگە و ناوەخۆ، دامەزراندنی چەندان زانکۆ و پەیمانگە. جاڕدانی (فیدراڵییەت) وەکو تەحدیدکردنی جۆری پێوەندی لە نێوان هەرێم و ناوەندی بەغدا و، پیادەکردنێکی (مافی چارەی خۆنووسین) بۆ ئەو قۆناغە (١٩٩٢)ە. ئاڵای کوردستان. پێوەندیی ڕاستەوخۆی بازرگانی و سیاسی لەگەڵ دەروجیران... تاد.

لە بەهاری ٢٠٠٣ ئەمەریکا رژێمی سەدامی لادا. حکومەت و داوودەزگا فەرمییەکانی داڕمان. خەڵکی ئەم وڵاتە لەو درندەیە رزگار بوو، هەلێکی باش هاتە پێشەوە بۆ کورد. لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکان و ئەو فەزا تازەیە، وەکو پاشکۆی (رزگاری)کەر و (ملکەچی) داگیرکەر، سەرکردایەتیی هەردوو

حزب (پارتی و یەکیتی) بێ قەید و شەرت داخیلی گەمە سیاسییەکە بوون. بەشداری لە دەسەڵاتی ناوەندو، وەرگرتنی چەند پۆستێکی سیادی و بەدەستووریکردنی (پرەنسیپی) فیدراڵییەت و پێوەندی و بواری دیلپۆماسییەت، پێناسەکردنی هەرێم بەو سنوورەی پێش داگیرکردنی العراق و بەشی هەرێم لە داهاتی گشتیی العراق و، ئەمە و دەیان دیاردە و پرۆژەی باش، دەستکەوتی ئەم قۆناغەیە. ناکرێت بەهەند وەرنەگیردرێت و، کەموکورتی و دیاردە خراپەکان و مەترسییەکانی نابێت وامان لێ بکات خەتێکی رەش بەسەر ئەو گۆڕانکارییانە راکێشرێت و پەردەپۆش بکرێن. هەر چۆن ناکرێت لایەنە لاوازەکان و دیاردەکانی گەندەڵیی حزبی و سیاسی و ئابووری و ئیداری داپۆشرێت. تاکو ئەمڕۆ کورد لە هەردوو لایەنەکانی ئەو گۆڕانکارییانە بێبەش نەبووە.

جیاوازی هەیە لە هەڵسەنگاندن. لای بەندە و، لەم قۆناغە، ناوەڕۆکی کیشەی کورد نەهێشتنی تەعریب و گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتیمانە و تەسبیتی سنووری جوگرافیایی و مێژووی باشووری کوردستان. سەرکردایەتیی فەرمیی هەرێمی کوردستان لەمە کورتیان هێنا. لە بواری دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ خەڵک سەرکوتوو نەبوون. پێی نەکرا هەلی گونجاو بۆ لاوان و گەنجان مسۆگەر بکات چارەسەری بێکاری بەهەموو شێوەکانیەوە بکات. کۆچکردنی لاوانی ئەم وڵاتە بەردەوامە. سەرەڕای ئەو بەڕەڵاییە کە لە ڕاگەیاندنەکانی هەردوو حزبی دەسەڵاتدارا پیادە دەکرێت و شایولۆغان و ئاهەنگەکانی دەرەوەی جالیەی کوردی کە لە رێگەی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە پێشان دەدرێن. خودی کۆچ دیاردەیەکی جیهانییە و جالیەیەکی گەورەی کوردی هەیە لە دەرەوەی وڵات رۆژانە لە پێوەندین لەگەڵ کەسوکاری خۆیان.. واتە ئەم بێزاریی کۆچکردنە تەنیا حکوومەتی هەرێم لێی بەرپرسیار نییە؟

* بە ڕای ئێوە لەو بوارەدا کورد توانیویەتی بچێتە پێشەوە یان

پاشەکشە بکات؟

– لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین لە ڕووی ستراتیجییەوە پاشەکشەمان کردووە، پێش رزگاریی العراق نیمچە ئازاد بووین. کە عێراق داگیر کرا هەرێمیش داگیر کرا. تاکو ئەمڕۆ بڕیار و دەسەڵاتی ڕاستەقینە لای کاربەدەستانی ئەمەریکایە. تاکو عێراق لەژێر فەسڵی (٧) (UN) بێت، بە وڵاتێکی داگیرکراو لە قەڵەم دەدرێت و سەروەریی نوقسانە. سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان نە لە سەرەتای پرۆسەی رزگاری توانی هەلەکە بقۆزێتەوە نە کێشەی ناوچە داگیرکراو دابڕاوەکان چارەسەر بکات. لە خانەقین شتێک کرا ئەوە کارێکی باش بوو.

لە کاتی داڕمانی رژێمی بەغدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەمانتوانی وەک پێویست دوای ئەوەی کە حکوومەتی مەرکەزی بەدەستوور و یاسا و هەموو دەسەڵات و دەزگاکانی نەمان، ئەو کاتە ئێمە فرسەتێکی مێژووییمان لە پێش بوو کە دەکرا حکوومەتی هەرێم ئەو فرسەتە بقۆزێتەوە و بەچەند سەعاتێک دەستکەوتێکی گەورە بەدەست بهێنێت. کە ئەمەریکا بوو بەداگیرکەری العراق، سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان لەگەڵ داگیرکەر کێشەی کوردی حەسم نەکرد. بەپێچەوانەوە داخیلی گەمەکە بوو وەک هاوولاتییەکی یان هێزێکی سیاسیی عێراقی.

* لاتان وانییە بەشێک لەو نەکردن و دەستەپاچەییە بۆ ئەوە گەڕابێتەوە کە سەرکردایەتیی کوردی بەوە گەشبین بووبێت کە ئەمەریکاییەکان هەموو کارێکیان بۆ بکەن، یان بەشێوەیەکی تر لات وانییە کە کورد هەموو هێلکەکانی خۆی خستە ناو سەبەتەکەی ئەمەریکاییەکانەوە و بەتوندی خۆی بەئەمەریکاوە گرێ داوە؟

– ئەمە ڕاستە، بە ڕای من ئەوە یەکێکە لە هۆکارە جیدییەکان. ئەوە

کورتبینی بوو، نەخوێندنەوەی سیاسەتی ئەمەریکا بوو ئێستاشی لەگەڵ بێت ئێمە لەژێر کاریگەریی سیحری ئەو سیاسەتە قوتارمان نەبووە. فیدراڵییەت وەکو پرەنسیپ لە دەستوور قەبووڵ کراوە، کەچی لە پراکتیدا بوونی نییە. خورد نەکراوەتەوە. هەتاکو وەکو پرەنسیپێکی دەستووری مسۆگەر نییە، چونکە لەلایەکەوە خودی دەستوور لە قۆناغی چاکسازی و دووبارە داڕشتنەوەیە. هەروەها خودی ئەم پرەنسیپە یەک لە خاڵەکانی ململانێ و مشتومڕە. نەک هەر ئەمە بگرە کێشەی دەسەڵات لە نێوان هەرێم و ناوەندو، بەشی هەرێم لە سەروەت و سامانی العراق و، سنووری کوردستان و مادەی ١٤٠ و هێزی پێشمەرگە... تاد، خاڵی خیلافن و لەسەری پێک نەهاتوون.

* بە رای ئێوە ئەمەریکا لایەنداری لە کورد دەکات یان لایەنەکانی تری ناو کایەکە؟

– بە ڕای من ئەمەریکا لایەنگری بەرژەوەندیی خۆی دەکات لە پێش هەر شتێکدا، ئەمەریکا یاری بەهەموو ئەکتەرەکان دەکات، ئەو دەیەوێ هەموو سەرەداوەکان لە دەستی خۆیدا بێت ئەمەش تایبەتمەندیی هێزی گەورەیە، ئەمەریکا لە گۆشەنیگای کوردەوە سەیری عێراق ناکات، هەروەها لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی عێراقەوە سەیری عێراق ناکات بگرە زلهێزێکی جیهانی لە گۆشەنیگای خۆیەوە دەڕوانێتە کێشەکان دەتوانین بڵێین لە ئاسۆی جیهانییەوە سەیری کێشەکان دەکات نەک لۆکاڵی.

هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر وا لێکی بدەینەوە ئەمەریکا لایەنگریی کورد یان عەرەب دەکات.

* هەندێک لە چاودێران لایان وایە کە سەرکردایەتیی کوردی زیاتر پێوەندی بەسیاسەت و پرۆگرامی لایەنگرانی بوشەوە هەیە، کە ئەمەش وا دەکات دەتوانیت بڵێیت پێوەندیکردن بەئەمەریکاوە نییە هێندەی پێوەندیی بەلایەنێکی ناو ئەمەریکاوە هەیە؟

– بەڵێ وایە. ئەمڕۆ بوش حوکمڕانی ئەمەریکا دەکات هەموو سەرەداوەکان لای ئەوانە، کوردیش یان بڵێین عێراقیش هەموو لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندایە. دوور نییە تاکو ئێستا سەرانی کورد وا بیر دەکەنەوە و واش کار دەکەن.

* باشە شیمانەی ئەوە نییە کە سیاسەتی ئەمەریکا لە ساتێکدا بگۆڕێت و یان لات وانییە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا لایەنگران و حزبەکەی بوش هەڵنەبژێردرێنەوە ئەو پێوەندییەی ئەمەریکا و کورد بگۆڕێت؟

– ئێمە نابێت تەماشای ئەوە بکەین سیاسەتی ئەمەریکا بەرانبەر کورد دەگۆڕێت یان نا، سیاسەتی ئەمەریکا تا ئێستا وا دەخوازێت ئاوا مامەڵە بکات لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکان، ئەمەش پێوەندیی بە بەرژەوەندیی خۆیەوە هەیە، مەسەلەی نەوت و بازرگانی و ئەمنیی نەتەوایەتییان لە پێش هەموو شتێکەوەیە. بەمەنتیقی نابینم داوا لە ئەمەریکا بکرێت دەستبەرداری بەرژەوەندییەکانی خۆی بێت بۆ کورد، ئەمە داوایەکی نابەجێیە و قابیلی قەبووڵ نییە بەتایبەتی لە ناوچەیەک کە (٤٠٠) ملیۆن عەرەبی تێدا دەژێیت و، بەرژەوەندیی فارس و تورک هەیە. تۆ وڵاتەکەت دابەش کراوە بەسەر ئەوانەدا، ئەو مامەڵەت لەگەڵ دەکات وەک هاووڵاتییەکی عێراقی. من تەسەوری ئەوە ناکەم ئەمەریکا سیاسەتێکی ڕۆشنی هەبێت لەبارەی کوردەوە، ئەو ستراتیجییەتێکی نییە بۆ کورد، ئەمە گرینگە، سەرکردایەتیی کورد نەیتوانیوە کارێکی وا بکات کە ستراتیجییەتێکی تایبەت بۆ کورد لای ئەمەریکاییەکان بەدەست بهێنین، وەکو وتتان هەموو هێلکەکانیان لە سەبەتی ئیدارەی بوش ناوە و، (بوش)یش لە زەلکاوی العراق و ناوچەکە چەقیوە و ئێستا ئامادە نییە باری خۆی گرانتر بکات بە پرسی کورد و، چەند مانگێکی ماوە لە دەسەڵات و دەیەوێت بە روومەتێکی (سپییەوە) لێی رزگار بێت. کەچی تاکو ئێستایش سەرکردایەتیی فەرمیی کورد زیاتر بووەتە قازێکی ئیدارەی بوش.

* دەکرێت بڵێین ئێوە دژی ئەمەریکان..؟

– نەخێر. خۆمان بەدۆستی ئەمەریکا و میللەتی ئەمەریکا دەزانین. سوپاسی ئیدارەی بوشمانیش کردووە سەبارەت بە رزگاریی العراق. ئێمە رەخنە دەگرین لە لایەنێکی سیاسەتی ئیدارەی بوش و، بەتەحدید لە سیاسەتی دەرەوەیان و زەق و وردتر سەبارەت بە عێراق و دۆزی نەتەوەی کورد. رەخنەگرتنیش مانای دوژمنایەتی یان (ئەنتی ئەمەریکا) نییە. ئەگەر رەخنەگرتن بە (ئەنتی ئەمەریکا) لە قەڵەم بدرێت، ئەوە زۆربەی هەرە زۆری خودی ئەمەریکاییەکان رەخنەی توندیان هەیە لەسەر بوش و ئیدارەکەی و شەڕی عێراق و بەو حیسابە دەبێت ئەوانەیش ئەنتی ئەمەریکا بن.

* زۆرجار وا دەرکەوتووە کە سەرکردایەتیی کوردی گرەوی لەسەر کێشە و گرفتە ئاڵۆزەکان کردبێت، لەو بارەشەوە کورد زۆربەی جار زیانی لێ کەوتووە، وەک ئەوەی ساڵانی حەفتاکان یان هەشتاکان لە نێوان شەڕی ئێران و عێراق هەروەها لەسەر pkk لەگەڵ تورکیا ئیتیفاقیان کرد، پاشان ئێستاش بەجۆرێکی تر هەمان سیناریۆ لە ئارادایە تۆ لەو بارەیەوە رات چییە؟

– سەرکردایەتیی سیاسیی کورد تا ئێستا چۆنیەتیی پێوەندیکردنی هەمان شێوازە کۆنەکەیە، ئەمە جگە لەوەی هەلەکان زۆرن و باشتر و لەبارترن، بەڵام لە جەوهەردا بەهەمان دید و بۆچوونی کۆن مامەڵە لەگەڵ هەلەکان دەکات کە ئەوەش ناڕاستە، ئەوان خۆیان کردووە بە کلک و چەمەلەغی ئەمەریکا وەک چۆن بووبوونە چەمەلەغی عێراق و ئێران و تورکیا. هەڵوێستی وا و بە چەمەلەغبوونی ئەمەریکا شتێکی نەگونجاوە... یانی موراهەنەکردن لەسەر هۆکار و فاکتەر و کێشە دەرەکییەکان زیانگەیێنە، هەر چۆن وەک ئەوەی پێشتر زیانمان لێ کردووە. ئەوان قومار لەسەر شتێک دەکەن، کە چەند جار گۆڕینی بەسەردا هات و لە گۆڕاندایە کەچی لایەنی کوردی هەر لەسەر وەکو

خۆیان دەکەن. ئەوە چەندان جارە سیاسەتی بوش لە عێراق گۆڕانی بەسەردا دێ، کەچی سەرانی فەرمیی کورد تەقەی سەریان دێت و، هەندێ جار بەپەلە یان لەسەر ڕەدفیعلی دەزگایەکی ئیدارەی بوش هەڵوێست وەردەگرن کە گۆڕان بێدەنگ دەبن و قوتی دەدەن.

* لاتان وایە سەرکردایەتیی ئێستای کورد توانای ریفۆرم و چاکسازیی هەبێت؟

– تەمەننا دەکەم و ئاواتەخوازم ڕۆژێک زووتر دەست بۆ ئەوە بەرن و بیکەن، بەلام من گومان دەکەم بتوانن ئەو کارە بکەن، زۆرێک لە خەڵکیش رای وایە کە ریفۆرمیان پێ ناکرێت، گرفتەکەش ئەوەیە کە نەخۆشییەکە گەیشتووەتە خۆیان، نەخۆشییەکە لە بنکەوە نییە بگرە لە سەرەوەیە، لە سەرکردایەتییەکەیەتی، جادەی کوردی گەندەڵ نییە خەڵک گەندەڵ نییە، نەفەسی گەندەڵی لە سەرکردایەتیی سیاسیی حزبەکانە بەتایبەتی هەردوو حزبی دەسەلاتدار، بۆ؟ چونکە

سەرۆکی حکوومەت حزبییە زۆربەی وەزارەتەکان کادیر و سەرکردایەتیی حزبەکانن، هەتا دەگاتە بەڕێوەبەری گشتی و بگرە هەندێ جار تاکو ئاستی فەراشیش. حزبایەتیش رەوایە. ددان بەوەشدا دەنێن کە گەندەڵی هەیە خەڵکیش دەڵێت هەیە. پسپۆڕانی ناوەوە و دەرەوەیش دەڵێن هەیە و، ئێمەش دەڵێین هەیە. باشە کە موتەفیقین گەندەڵی هەیە بۆ چارەسەر ناکرێ؟ وەزیر گەندەڵە لادرێت، کارمەندەکانی خوارەوە گەندەڵن لادرێن. کە دامەزراندن بەدەستی سەرکردایەتی بێت خۆ لێپرسینەوە و لادانیش بەدەستی ئەوانە.

سەرکردایەتیی هەردوو حزبی دەسەلات بۆ دەست لە لێپرسراوی گەندەڵ نادات؟ دیارە زۆر زەحمەتە چونکە ڤایرۆسەکە لە سەرەوە دێتە خوارێ ئەگەر لە خوارەوە بووایە دەکرا چارەسەر بکرێت.

* قسەیەکی زۆر هەیە لەسەر بودجە، بەحوکمی ئەوەی کە لەو

بارەوە شـارەزاییـتـان هەیە و پێشـتـریش سـەرۆکی پەرلـەمـانی کوردسـتان بوویت دەتوانی زانیاریمان بدەیتێ لەسـەر گرفتێک کە ئێـسـتـا لەم نێـوەدا هـەیە، بـەتایبـەتی خـەڵک گـازندەیـەکی زۆریان هـەیە و پێـیـان وایە کـە مـەسـەلـەی بودجـە بووەتە لوغـز و رۆشن و شـەفاف نییە، رای ئێوە چۆنە؟

– منیش تا ڕادەیەک لەگەڵ ئەو ڕایەدام، بەڵام ناڵێم بودجە شـەفـاف نـیـە، بودجە شـەفافـە و بەپێی ئەو مەبلەغـەی کە لەگەڵ حکوومەتی عێراق ئیتیـفاقی لەسـەر کـراوە و، تەحـویل دەکرێت و بە رەسـمـی رادەگـەیەنرێت و، لـە قـانوونی بودجـەی عـێـراقـدا ئەگـەر سـەیر بکەیـن هـەمـوو رەقـەمـەکـانی تێـدایە و وەک قـانوونیـش کـۆمـەڵێک مـەرجـیـشـی داناوە بۆ حـکوومـەتی هـەرێم و دەبـێت ئەو مـەرجانە جێبـەجێ بکرێت. بۆ وێنە یەکێک لەو مەرجانە ئەوەیە کە حکوومـەتی هـەرێم دەبێت هـەرچی واریداتی هەیە لە سـاڵی ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٧ بە رەسـمـی تـەقــدیمی بکات و دەبێت مل بدات بە رەقـابـەی مـالیی بـەغـدا و دەبێت چاوپێداخشاندنەوەی رەقابەی مالیی بەغدا قەبووڵی بکات و خـازعی دائیرەی حیساباتی ئەمەریکایی بێت کە لە کاتی بریمەر دامەزرابوو.

من پێم وایە ئەو بەشـە بودجەیەی هـەرێم کـە لە بەغداوە دێت و بەغـەڵەت پێی دەڵێن (١٧٪) لە بودجەی العراق، شـەفافە، ئەو بەشـە لە واقیعدا لە ١٧٪ نییە بگرە نزیکەی (١٢٪)ە. پاش بڕان و لابردنی نەفـەقاتی سیادی و حاکمیـەت، لە بودجـەی گشـتی ئەوجـا (١٧٪)ی بەشـی هـەرێمـە. بڕینی خـەرجی سیـادی و حاکمیـەت، بەبڕوای من گەورەترین فێڵە کە حکوومەتی ناوەندی لە سـەرەتاوە لە حکوومـەتی هـەرێمـی کرد. دەبـوو لە سـەرەتاوە ئەوە قـەبووڵ نەکرێ، نزیکەی ٢٥٪ی بودجـەی عـێـراق لـەژێر پەردەی ئەو دوو بەنـدە، ئەو دوو بەشـە سـەرف دەکرێت، سبـەی بیـانەوێت بودجـەی هـەرێم کـەم بکەنەوە خـەرجی سیـادی و حـاکمیـەت زیاد دەکەن و، ئەمـەش لە بەشی هـەرێم کەم دەکاتەوە، من وەختـی خۆی لە مـوناقەشـەی خاڵی سـەروەت و سامان لە (یاسـای ئیدارەتی دەوڵەت بۆ

قۆناغی گواستنەوە) لە ساڵی ٢٠٠٤ باسی ئەم لایەنانم کرد)(**) لایەنگیری نسبەیەک بووین بۆ هەرێم بەرچاوکردنی داهات و سەروەت و سامانی هەرێم بەتایبەتی نەوت و گاز و ئاو... تاد و ڕێژەی بەشداریی ئەو سامانانە لە داهاتی عێراق هەروەها ڕەچاوکردنی هاوولاتییانی کوردستان دواتر دارمانی ژێرخانی ئابووری و کۆمەلایەتیی کوردستان و سیاسەتی جینۆساید و تالانکردنی سەروەت و سامانەکەی و بەتایبەتی (نەوت) لە ماوەی زیاتر لە ٨٠ ساڵ. ئەمەی دوایی بۆ بەندێکی دەستووری هەمیشەییی کۆماری العراق (مادەی ١٢١ سێیەم).

* پێتان وانییە کە حکومەتی هەرێمیش لە مەسەلەی بودجەدا فێڵیان لە خەڵکی کوردستان کردبێت؟

– دێمە سەر ئەو لایەنەش بەلام دەمەوێت ئەوە بڵێم ئەو بودجەیەی کە دێت بۆ ئێرە شەفافە، بەلام لێرە دوو شت دیار نین، شەفافیەتی داهاتی ناوەخۆ دیار نییە کە دەخرێتە سەر بودجە، چۆن دەزانین حەوت هەشت ملیار دۆلار ڕەوانەی هەرێم کراوە وەکو بودجە، دەبوایە لایەنی دارایی هەرێم داهاتی هەرێمیشیان دیاری بکردایە هەروەها داهاتی گشتیی نەوتی کوردستانیش. مەبەستم لە داهاتی هەرێم ڕسومات و گومرگ و مەحاکم و باجەکان و قازانجی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت ئەمانە و شتی تر بە هەقیقەت بووەتە گومان چ لەلای بەغدا و چ لەلای خەڵکی خۆشمان، بۆ وێنە وەزیر یا بریکاری وەزیری دارایی هەرێم دەڵێت داهاتی (٢٠٠٧)ی حکوومەتی هەرێم ١٨٦ ملیۆن دۆلارە و بەیان جەبر دەڵێت نەخێر لە حەدودی نیو ملیاردە و ئەمە لێرەدا گومان دروست دەکات.

پێش تەخمین و پەسندکردنی بودجە لە پەرلەمان دەبێت خەرجی ساڵی پێشوو پێشکێش بکرێت و دەبێت شەفاف بێت، میزانیەی ٢٠٠٧ چۆن خەرج کراوە و دەبێت لەسەر ئەو ئەساسە موناقەشەی ٢٠٠٨ بکات لە کوێ خەرج کەم کراوە لە کوێ زیاد ڕۆیشتووە..، پێم وایە تا ئێستاش حکوومەت ئەو

مەوزووعەی حەل نەکردووە، لەوەش گرینگتر وەک دەردەکەوێت لە قسەی مەسئولینی هەردوو حزب هەردوو وەزارەتی دارایی پشکی خۆیان هەیە لە میزانیەکە، باشە پێمان ناڵێن ئەو پشکە چەندە و چەند تەرخان کراوە بۆ وەزارەتی دارایی هەولێر چەند تەرخان کراوە، بۆ وەزارەتی دارایی سلێمانی و بە نەفەقاتی مشتەرەکی هەولێر چەندی بۆ تەرخان کراوە؟ ئەمانە هەر هەمووی شەفاف نین و دیار نین و لەوەش گرینگتر هەزاران کۆمپانیای ئەهلی لێرە لە حکوومەتی هەرێم تەسجیل کراوە و یاسایەکی سەخی بۆ وەبەرهەمهێنانیان لە پەرلەمان پەسند کردووە کە ئیمتیازاتێکی سەیر دەدات بە کۆمپانیاکان و تا ئێستا رۆڵیان لە داهاتی ناوخۆ دیار نییە. سەرەڕای ئەوەش ئەو بودجەیە کەم نییە چ ئەوەی پێرار یان ئەوەی پار یان ئەمەی ئەمساڵ، سەرەڕای ئەوەش، هێشتا چارەسەری ئەوە نەکراوە کە بۆچی تاکو ئێستا کەوەر و کەرەوز و سەوزە ئیستیراد دەکرێت بۆ کوردستان، دەبێ بپرسین بۆچی حکوومەت تاکو ئێستا نەیتوانیوە ئاسایشی خۆراکی هاووڵاتییان دابین بکا؟

ئەو برە پارەیە بۆ بازاڕی هەرێم و بەو ژێرخانە پەرپووتە ئابووریمانەوە، ئەگەر حەکیمانە و بەدیقەت کاری لەسەر نەکرێت، زیانی بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و داهاتی مەحدود خراپ بێت. تاکو ئێستا لە بیناسازی و خەرجی فەلەکی مووچەخۆران زیاتر، ئەولەویات یان سیاسەتێکی ئابووریی حکوومەت بەدی ناکرێت.

بودجەی ئەمساڵ و پارساڵ بەتەحدید رەقەمێکی گەورەیە، تاکو ئێستا لە سنووری (٨,٦) ملیار دۆلارە، دەبێ بزانرێ بۆچی ئێمە خاوەن ئەو ئیمکاناتە گەورەیەین، بەڵام تاکو ئێستا کەوەر و کەرەوز و خەیار و تەماتە و سەوزە.. تاد، ئیستیراد دەکرێت بۆ کوردستان، خۆراک و کاڵای ئێکسپایەر بازاڕەکانی هەرێمیان غەرق کردووە، جینۆسایدی ئەم نەوە و نەوەکانی ترمان دەکات. دەبێ بپرسین بۆچی حکوومەت تاکو ئێستا نەیتوانیوە ئاسایشی خۆراکی هاووڵاتییان دابین کات؟ ئەم بودجەیە لەسەر ئەساسی یەک بەرمیل نەوت ٥٧

دۆلارە حیساب کراوە، ئێستا ئەو رەقەمە دووبەرابەر بووە نرخی نەوت گەیشتووەتە ١٢٠ دۆلار وا پێشبینیش دەکرێ تا ١٥٠ دۆلار بەرز بێتەوە، بۆیە ئەگەر پێشتر بودجەی حکوومەتی هەرێم پەسند کراوە بەحەوت یا هەشت ملیار دۆلار ئێستا بووەتە چواردە یان پازدە ملیار دۆلار و داهاتی حکوومەتی عێراقیش دوو بەرابەرە.

* پێتان وایە دەسەلات بەجۆرێک لە جۆرەکان لە زیادبوونی ئەو پارەیەدا قازانجی کردووە؟

- بەتەئکید ئەو زیادەیە سوودی دەبێت بۆ دەسەلات لە جیاتیی دە دوازدە وەزیر نزیکەی پەنجای هەیە وەکو دەڵێن (١,٢) ملیۆن کارمەندی هەیە. ئەو هەموو تەخشان و پەخشانە و گەندەڵییە کە خۆشیان جاروبار رەخنەی لێ دەگرن. زیادبوونی داهات ئەگەر بەشێوەیەکی باش و بەپێی بەرنامەیەکی تۆکمە و لە جێگە و رێگەی خۆیدا بەئەمانەتەوە بەکار نەهێنرێت، دوور نییە بۆ بازنەیەکی فرسەت تەڵەب و مشەخۆر باش بێت، وەلێ کەمەرشکێنە بۆ کۆمەڵگە. ئابووری و بازاڕ یاسا و رێسای مەوزووعی خۆی هەیە و کاری خۆی دەکات. ئەو زیادبوونە کەم نییە. بۆ نموونە لە ماوەی (١٩٩٢-٢٠٠٠)، پەرلەمانی کوردستان بودجەی هەرێمی پەسند دەکرد. موعەدەلی ئەو برە پارەیە لە کاتی ئیدارەی هەولێر بەفەرمی دەخەملێنرا ساڵانە تەجاوزی (١,٥) ملیار دیناری سویسری نەدەکرد ئەگەر هەمان برە پارەیش مەزەندە بکەین بۆ ئیدارەی سلێمانی ئەوە کۆی گشتیی ساڵانە لە سنووری (٣) ملیار دیناری سویسری و خەرج لە سنووری (٤) ملیار دیناری سویسری بوو. بەنرخی دۆلاری ئەودەم: داهاتی (فەرمی) لە سنووری (٧٥) ملیۆن دۆلار و خەرج لە سنووری (١٠٠) ملیۆن دۆلار بوو، بەلام بە نرخی ئەمرۆی دۆلار داهات (٣٠٠) ملیۆن دۆلار و خەرج لە سنووری (٤٠٠) ملیۆن دۆلارە. کەچی بودجەی پەسندکراوی ٢٠٠٨ نزیکەی (٧) ملیار دۆلارە، لەسەر ئەو ئەساسە کە نرخی بەرمیلی نەوت بە (٥٧) دۆلار حیساب کراوە، ئەمرۆ نرخی یەک بەرمیل نەوت

(١٢٠) دۆلارە واتە ئەو (٧) ملیارە دەبێتە زیاتر لە (١٦) ملیار و مەزەندەی ئەوەش دەکرێت پێش کۆتاییی ٢٠٠٨ نرخی یەک بەرمیل نەوت لە (١٥٠) دۆلار تێ پەڕێت واتە دوور نییە بودجەی هەرێمی کوردستان پێش کۆتاییی ئەمساڵ خۆی لە (٢٠) ملیار دۆلار بدات بەرەچاوکردنی زیادبوونی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی خاویش.

یان موعەدەلی بودجەی پەرلەمانی کوردستان لە نێوان سالآنی (١٩٩٣-٢٠٠٠) سالآنە لە سنووری (٣٥) ملیۆن دیناری سویسریدا بوو. بەدۆلاری ئەودەم دەیکردە نزیکەی (٩٠٠) هەزار دۆلار و بەنرخی ئەمڕۆی دۆلار نزیکەی (٥,٣) ملیۆن دۆلار، کەچی بودجەی پەرلەمانی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٠٨)ی پەسندکراو (٥٥) ملیۆن دۆلارە واتە ڕێژەی زیادبوونی لە سنووری (١٦٠٠٪). ژمارەی ئەوسای ئەندامانی پەرلەمان (١٠٥) بوون ئێستا (١١١). باوەڕیش ناکەم مووچەی ئەندامان و کارمەندانی پەرلەمان (١٦٠٠٪) زیادی کردبێت. تەنیا بودجەی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران لە سنووری (٩٣) ملیۆن دۆلارە، واتە بەتەنیا خەرجی یەک ساڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی سالآنی پێش رزگاریی عێراقە.

پارتی و یەکێتی ئەمڕۆ دوو حزبی دەسەلآتدارن و دەسەلآت و ئابووریی ئەم وڵاتە لە دەست ئەواندایە. لە سنووری (٦٠٪)ی بودجەی ئەمساڵ بۆ مووچەیە. هەر لە سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و زۆربەی هەرە زۆری پۆستە بالآ و ناوەندییەکان و تاکو دێتە خوارەوە حزبین. رەخنەکە لە حزبیبوون نییە بەقەد ئەوەی بەکارهێنانی بودجە و زیادبوونەکەی بۆ کۆنترۆڵکردنی (حزب)ییە.

* مۆنۆپۆلکردنی دەسەلآت و داهاتی دەوڵەت بۆ کەرتی تایبەت جووت نییە لەگەڵ دید و بۆچوونەکانی (پارێزگارە تازەکان) (المحافظین الجدد) و پرەنسیپی (الصدمة)؟

- بەڵێ. گەر سەیری هەندێک وڵات بکەین ئەوە دەبینینەوە. تۆ باسی

پرەنسیپی (الصدمة)ت کرد. بازنەیەکی تەسکی ئیدارەی بوش هەڵگر و پیادەکەری ئەم پرەنسیپەن. ئەمانە قوتابیی هۆشمەندی ئابووریناسی بەناوبانگی ئەمەریکایی(Milton Friedman)ن، کە بەخاوەن قوتابخانەی (شیکاگۆ) ناوزەد دەکرێت و تیۆرییەکەی بە (پرەنسیپی هەژاندن = مبدأ الصدمة) ناسراوە و بە کورتی دەڵێت ئەگەر تۆ بتەوێت ریفۆرم و گۆڕانکاری بکەیت و کەرتی تایبەت فەرز کەیت بەسەر کەرتی گشتیدا و بەدەسەڵات و سامانی کەرتی گشتی، دەبێت رووداوێکی گەورە دروست بکەیت یان کە رووی دا ئیستغلالی کەیت بۆ ئەو مەبەستە، ئەو هەژاندنە کارەساتێکی سروشتی (بوومەلەرزە، لافاو..) بێت، یا بەکارێکی تیرۆریستی وەک ١١ سێپتەمبەرێک بێت، یا شەڕێکی وەک داگیرکردنی عێراق بێت، یا شەڕی ناوەخۆ یا بەدروستکردنی ئەزمەی ناوەخۆ وەک ئەوەی کە ئێستا لە کوردستان هەیە: ئەزمەی کارەبا و سووتەمەنی و ئاو و گرانی و تەهدیداتی دەرەکی و گەندەڵی.. هتد، ئەمانە هەمووی دیاردەن کە دروست دەبێت یا دەبێت دروستی بکەیت و، خەڵک بەگشتی سەرقاڵ و مەشغول و تووشی (صدمە)ی بکەیت، دەسەڵات بەکار بێنە بۆ دەست بەسەرداگرتنی سەروەت و سامان و پرۆژەی کەرتی گشتی بۆ حیسابی کەرتی تایبەت. دەبێت گۆڕانکارییەکان بە توندی و بێ ڕەحمانە ئەنجام بدرێت، کە خەڵکی لە (صدمە)کە رزگار بوو ئیدی ئەوەی ئەنجام درا و فەرز کرا دەبێتە ئەمری واقیع و رادێن لەسەری. بۆ نموونە دوای ١١/ سێپتەمبەر /٢٠٠١، زیاتر لە ٢٥٠٠ کۆمپانیای ئەهلی هاتنە ناو کەرتی ئاسایش و دادوەری ئەمەریکاوە کە سەر بەپۆلیسی فیدراڵ یا سەر بە موخابەرات و سی ئای ئەی و دەزگا گشتییەکانی تر بوون و تا ئەو کاتە یاساخ بوو بۆ کەرتی تایبەت. دواتریش لە عێراق چەندان بواری کەرتی گشتی درا بەکەرتی تایبەت، بۆ نموونە کۆمپانیای (بلاک واتەر)یان هێنا کە کۆمپانیایەکی ئەمەریکاییە و ٤٨ هەزار راوێژکار و چەکداری هەیە و بەچەکەوە هێنایانە ناو عێراق کە حیمایەی هەندێک شوێن و کەس بکەن، ٧٠٠ کەسی ئەو پسپۆڕانەن کە کاتی خۆی لە شیلی و نیکاراگوا و شوێنەکانی تر

لە هێـزەکـانی (مـەرگ بوون = فـرق الموت وەک مـورتەزقـە کـاریان کـردووە)، یەکێک لەوانە کە بەناوبانگە کاتی خـۆی بـریمەر کردی بەراوێژکاری ئـەمنیی خـۆی، لـە (فرقـەی مـوت) بوو و سـەرەتا بـەناوی راوێژکـاری وزەوە هێـنایان بۆ بەغدا.

* مەبەسـتتان ئەوەیە دەسـەڵات بۆ ئەوەی بوار بۆ دەستتێوەردانی خـۆی لە بواری ئابووریی مـەسـەلە گـرینگەکـاندا بڕەخـسێنێت، دەبێت حـاڵەتێکی نـاسـروشـتی لەناو کـۆمـەڵگەدا دروست بکات و لەوێوە چەند شت بگۆڕێت، لەوانەش سـەرمایەی گشتی بۆ کـەرتی تایبـەت خـەرج بکات کە قـازانجـەکـەشی دەچێـتەوە بۆ گـیـرفـانی خۆیان؟

- بەڵێ. نموونەیەکت لەو بـارەیەوە بۆ بهێـنمەوە. ئێـمـە ئەم زسـتانە بیـنیمـان چۆن هـەمـوو هـاوارمـان بـوو بەدەست بـێ نەوتی و گـاز و کـەمـیی بەنـزین و گـرانیی نرخـەکـەنیـان، لەو ئـەزمـەیەدا دوو کـۆمـپـانیـا لە سلێـمـانی و هـەولێـر دروست بوون. دەسـتیـان گرت بـەسـەر هـەمـوو سـەرچاوەکـانی سـووتەمەنیـدا و، هـەر خـۆشـیـان نرخیـشیـان دیاری کـرد بێ مـونافیس، زۆری پێ نەچوو لیـتری بـەنزیـن لە هـەزار و چـەند دینارێک بووە ٩٥٠ دیـنـار و فــەرز کــرا بـەســەر بەنزینخـانەکاندا و، بەنزیـنخانە لە تەنیشتی بـەنزینخانە قوت کرایەوە. خـەڵک ناچار راهات لە کـاتێکدا وەکو دەڵێن نرخی یەک لیـتری بەنزین لە ناوچەکـانی بەغدا و ناوەڕاست هـەرزانترە لە هـەرێمی کـوردسـتـان. هـەروەهـا نـرخی شـتی خـواردمـەنیش بەهـەمـان شـێـوە. لە کـاتێکدا ناوچەکـانی بەغـدا و ناوەڕاست نائارامــە و ناوچەی نـائـارامـیش دەبووایە نرخـی شـتـومـەک گـرانتـر بێت لە هـەرێمی کوردستان.

* پێـتـان وایە لە بەرانبـەر نەبوون و ئەزمــەی بێ کـارەبایـیـشـدا شـتـێکی وا لە ئارادا بێت و لە ئاکـامـدا بیـانەوێت لەم رێگەیەوە نـرخـی کـــارەبـا بـەرز بکـەنەوە بـێ ئـەوەی خــــەڵکیش دەنگی

ناڕەزایەتیی لێ بەرز بێتەوە؟

– ئەشێ وابێت، خۆ ئێستا کەرتی تایبەت (مولیدەکان) کارەبا بۆ گەڕەکەکان دابین دەکەن. نرخی یەک ئەمپێری کارەبا لە هەرێم، بە بەراوردکردن لەگەڵ نرخەکەی لە وڵاتانی ئەوروپاش، بەرەچاوکردنی نەوعیەتی کارەبا بەردەوامبوونی و باج و رسووم و ستانداری ژیان، ئەوەی هەرێم چەند جار گرانترە لەوەی ئەوێ. تەلەفۆنی نۆرماڵیان قووت دا بێ ئەوەی ئیعلان بکرێت بۆ لە وەزارەتی گەیاندن سەنرایەوە، بۆ درا بەکەرتی تایبەت. کێن یا کێیە ئەو کۆمپانیایە تایبەتە یا تایبەتانە.. چی یاسایەک هەیە هاووڵاتییان لە دەستکاری و خروقاتی شەخسی و دارایی و فەنی و ئەمنیی ئەو کۆمپانیا تایبەتانە بپارێزیت، ئەمانە و دەیان پرس و گومانی تر لای خەڵکی کوردستان دروست بووە. ئەمە لە واقیعدا لە پرەنسیپی (الصدمة) نزیکە. ئەوەی کە تۆ باست کرد، وا زۆر بەبێباکانە و نەزانین پیادە دەکرێت.

* لەوە دەکەن کە هەمووی هی بەڵێندەرە حزبییەکانن یان دەست و شەریکایەتیی بەرپرسە گەورەکانی تێدایە، بە ڕای ئێوە ئەوە تا چەند ڕاستە؟

– جارێ وەکو پرەنسیپ بەندە دژی کەرتی تایبەت نییە و، پێم باشە گەشە بکات وەلێ رەخنەم لە ئیحتیکارە. بەدەر لەوەش من ئێستا دیکۆمێنتم لە بەردەست نییە بەڵام ئەوەی کە دیارە و باسی لێوە دەکەن، ئەمڕۆ هیچ پڕۆژەیەکی گەورە بەبێ ئەو بازنەیەی کە لە دەوروبەری دەسەڵاتە دەرباز نابێت، هەروەها زۆربەی زۆری ئەو پڕۆژانە پڕۆژی ئیستیهلاکین، ئیستسماری نین، بۆ وێنە ئەگەر هاتوو خەڵکی هەولێر شاری خەونەکانی نەبێت چی دەبێت؟ تۆ بڵێیت هەژاران و خەڵکەکەی ناو شاری هەولێر خەویان لێ حەرام بێت؟! گرفتەکە ئەوەیە کەس ناپرسێت کە کاتێک لە تەلەڤزیۆن ریکلام دەکرێت بۆ گوندی ئەڵمانی یان گوندی... تاد،) وا مۆدێرنن و لەسەر مواسەفاتی بیانی دروست کراون و کارەبای دایم و بەبێ بەرانبەری بۆ دابین کراوە، وەک

ئەوانەی (زەکەریا و بە حیمایەی تایبەتییەوە).... باشە کەس ناپرسێت بێ بەرانبەر یانی چی؟ کارەبای دایم بێ بەرانبەر هی کێیە ئەگەر کارەباکەی من و تۆ نەبێ..؟، ئەو پۆلیس و باخچەوان و ئەو کارمەندانە کە بەدایم لەوێ کار دەکەن (کۆمپانیاکە) خەرجییان دەدات یان وەزارەتەکانی حکوومەت. هەقە بپرسین چۆن دەتوانن کارەبای دایم و خۆڕایی بۆ ئەوێ دابین بکەن؟ ئەی بۆ کارەبای دایم بۆ گەڕەکە هەژارەکان دابین ناکەن؟ کەس ناڵێت ئەو کۆمپانیایانەی کە ئەوانە دەکەن چین.. سەرمایە.. ئەزموون.. پانتایی و نرخی ئەو ئەرزانە.. ئاسانکارییەکانی تر.. باشتر وایە ئەمانە و شتی تریش شەفاف بێت.. یان ئەو کۆمپانیایانە هی کێن؟ ئەگەر ئینگلیزییە با بزانین مقەڕی لە کوێیە، سەرمایەی چەندە چەند پرۆژەی تری تری لە دنیادا هەبووە و هەیە..؟ کارەکان کە بەداخراوی کرا دەرگەی گومان و رەخنە و بگرە زیادڕەویش دەکاتەوە لەسەر پشت.

ئەم هاوینە لە رۆژنامەی خەبات خەبەرێکم خوێندەوە کە دەڵێ فلان پارچە زەوی ئەوەندە مەساحەیەتی دراوە بەسەرمایەدارێکی کوردی نیشتمانپەروەر و نەتەوەیی و نایەوێت ناوی خۆی ئاشکرا کات وەک خاوەن کۆمپانیایەکی گەورەی دروستکردنی باڵەفڕەی مەدەنی، قەولە ئەو کۆمپانیایە لە ساڵی (٢٠٠٨ ئەگەر هەڵە نەبم) ٢٥ باڵەفڕە بەرهەم بهێنێت.. وا ٢٠٠٧ تەواو و وا نیوەی ٢٠٠٨ تەواو دەبێت، هێشتا نەمانبیست و نەماندی یەک لە گەورەبەرپرسیارانی حکوومەتی هەرێم مەقەسە حەیاتەکەی لە کۆمپانیای دروستکردنی باڵەفرەی مەدەنیی کوردستان یان هەولێر بدات، من و زۆر کەسی تریش تاکو ئێستا نازانین ئەو کارگەی باڵەفڕە دروستکردنە لە کوێیە! یان چەند باڵەفڕەی دورست کردووە! باشە ئەوەی کە ئەو زەوییەی داوە بەو کۆمپانیایە نابێ لە خۆی بپرسێت کەی ئەم هەرێمە و، ئێستا پێویستی بەوەبەرهێنانی باڵەفڕەی مەدەنییە و کەی لە ئەولەویاتی سیاسەتی ئابووری و پیشەسازیی کوردستانە. ئەمە لە کاتێکدایە بەدەیان وڵاتی جیهان و هەندێ وڵاتی ئەوروپاییش، باڵەفڕە دروست ناکەن، مەعقولە ئێستا ئێمە بێین لە

هەولێر زەوی بەنرخی (بەلاش) بدەین بە کابرایەک یان کۆمپانیایەک بەناوی ئیستسمار گوایە باڵەفڕە دروست دەکات، لە کاتێکدا لە تەنگژەی بێ ئاویی پاک و کارەبا و کەمی و گرانیی سووتەمەنی ئەتلێینەوە و، بێ ئەوەی ئەو وەزارەتەی کە ئەو ئاسانکارییە دابین دەکات بپرسێت تاکو ئێستا ئەم کۆمپانیایە چەند باڵەفڕەی سقیلی دروست کردووە و بازاڕی لە کوێیە... تاد؟!

مەعقولە لە وڵاتی ئێمە بەو بودجەیەی کە هەیەتی، کە زۆرترە لە دەیان وڵاتی ئەم سەرزەوینە و (پانتایی و نفووس) هەریەک لەو وڵاتانە چەند جار لە هەرێمی کوردستان بەرین و زۆرترن، لە رووی دابینکردنی بوارەکانی خزمەتگوزاری و ئاسایشی خۆراک و بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری، باشتر بن لەم هەرێمە. ئەم هەرێمە بەو هەموو پاکوخاوێنی ژینگە و ئەو بودجەیەی کە بۆی تەرخان کراوە تازە بەتازە نەخۆشیی کۆلێرای تێدا بڵاو دەبێتەوە!.. دەبێت ئەوە قەبووڵ کەین و بێژین قسووری هەیە..!

* وەکو ڕای خۆتان ئەو هەلومەرجەی کە باستان کرد خەڵک کەم تا زۆرێک لێی ئاگادارە و بێزاریشە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئێستا لە کوردستان بەدیلێکی تر شک نابرێت، ناچار خەڵک کە چوونەوە بۆ دەنگدان دووبارە دەبێت دەنگ بەیەکێتی و پارتی بدەنەوە، چونکە دەرفەتێک نییە کە هەڵبژاردنەکان بەشێوازێکی تر خۆی دەربخات، بەتایبەتی کە هەڵبژاردن شێوەی ڕێژەیی لیست کە ئەویش تەنیا بۆ حزبەکان گونجاوترە و بەدەستەوە گیراوە، ئێوە لەو بارەوە ڕاتان چییە؟

– لەو قەناعەتەدام ئەگەر هەڵبژاردنی ڕێژەیی لە کاتی خۆیدا پێویست بووبێت، ئەوا ئێستا ئەو پێویستییەی جارانی نەماوە، دنیا گۆڕاوە و سەرەتای پرۆسەی دیموکراسی لە عێراقدا دەستی پێ کردووە و، لە ناوەند بەپێچەوانەی توندوتیژی، وا خەریکە جێگر و بەرەوپێشەوە دەچێت (وەزیر ئیجبار دەکەن لەسەر دزی و گەندەڵی) بدرێت بە دادگە. هەڵدێن، ناو و کێشەکەیان دەدەنە

پۆلیسی ئەنترپوڵ. سەرۆک وەزیران بانگ دەکرێت بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران. پرۆژەی یاسایی رەت دەکەنەوە. دەیگۆڕن. رەفزی دەکەن دوا دەخرێت و، ماوەی کەمتر لە (٥) ساڵ (٣) حکوومەت دروست بوو (٣) سەرۆک وەزیران گۆڕان. بەدەیان وەزیر و گزیر گۆڕان، کەچی لای ئێمە وەزیر هەیە وا بۆ ١٦ ساڵ دەچێت جووڵە ناکات و هەندێ پۆست (تاپۆ)یە..! من ناڵێم لە هەرێم ئازادی و سەرەتاکانی دیموکراتی نییە، یان هەموو شت رەشە و خەتێکی بەسەردا بێنین. پرۆسەکانی ئێمە چەقیوە لە هەندێ بواردا وا پاشەکشەی پێ دەکرێت. زۆر شتی باش کراوە وەلێ ئەوەندە کاری خراپە دەکرێت مرۆڤ ناپەرژێتە سەر باسکردنی یان ئیحراج دەبێت.

* واتە کێشە لە سیستەمەکەدایە؟

- بەڵێ. سیستەمی باش ژینگەی باش دەخوڵقێنێت و فەزای تەندروست دروست دەکات و کەس و کەسایەتیی باش پێ دەگەیەنێت. هەڵبژاردن لەسەر ئەساسی (رێژەیی) کۆنە و کاتی بەسەردا چووە و پرەنسیپی پەنجا بەپەنجا مامانی لەباربردنی پرۆسەی دیموکراسییە. تاکو ئەو سیستەمە نەگۆڕدرێت و خەڵکی کوردستان لە پرەنسیپی (پەنجا بەپەنجا) و دوو سەرکردە و دوو ناوەندی بڕیار و دوو (بودجە) دوو شێوەی خەرج... تاد رزگاری نەبێت، ئەوا نابێت چاوەڕوانی گۆڕین و گۆڕانکاریی بنەڕەتی و دروست بکەین.

قەبووڵکردنی بەرانبەر قەبووڵکردنی بردنەوە و دەسەڵاتی زۆرینە و رازی بوون بە ئەقلییەت و رێزگرتن لێی وەک (ئۆپۆزسیۆن)، هەنگاوی یەکەمی پرۆسەی دیموکراتییەتە. دیموکراسییەت بەبێ بوونی ئۆپۆزسیۆن دیاردەیەکی لەنگە.

ناکرێ پاش ١٧ ساڵ هەر سوور بین لەسەر ئەوەی حکوومەتەکەمان ساوایە، یان ئەوەندە ساڵە تووشی شەڕی ناوەخۆ بووین یان ناکۆکیمان هەیە لەگەڵ ناوەند، یان بارودۆخەکە هێشتا سەقامگیر نەبووە و ئیرهاب تەهدیدمان دەکات... تاد.

بەندە لەو باوەڕەدایە ئەوەی خولیای سەقاگیری و ئەمن و ئاسایش و دابینکردنی دیموکراتییەت بێت، دەبێ پێش هەموو شت کار بۆ یەکسانی و عەدالەتیی کۆمەڵایەتی بکات.

گەڕانەوە بۆ رابردوو، سەرەڕای هەلە ناهەموارەکان و دارمانی ژێرخانی ئابووریمان، پاساوێکی باش نییە. ئەم نەتەوەیە پڕ ئەزموونە و هەرێمەکەی کەمدەرامەت و کەمداهات و سەروەت و سامان نەبووە و نییە.

ئەڵمانیا پاش شەڕی جیهانیی دووەم بە کەمتر لە (٢٥) ملیار دۆلار و ١٤ ساڵ لە وڵاتێکی خاپوورکراو و دۆڕاوی (٢) شەڕی جیهانی گەیشتە ریزی وڵاتانی ئەورووپای پێشکەوتوو و پیشەسازی. وڵاتی یابان بەکەمتر لە ١٤ ملیار دۆلار و ١٢ ساڵ لە وڵاتێکی دۆڕاو و خاپوورکراوی شەڕ گەیشتە ریزی وڵاتانی پیشەسازی.

ئەگەر دەسەڵات بەتەمای بازاڕ و سیاسەتی ئابووریی پاشاگەردانی و بەرزکردنەوەی چەند باڵەخانەیەک و بلۆکی چیمەنتۆ و جوان کردنەوەی (مەدخەلی ئەم شار یان ئەوی تر) و، دروستکردنی ڤێلا بۆ خاوەن ڤێلاکان، ژێرخانی ئابووریی کوردستانمان بۆ تەئمین کات، یان بەتەمای گۆڕینی زرووفی ئیقلیمی و نەمانی گرفت لەگەڵ ناوەند بێت بۆ ئەوەی دیموکراتییەت و ئازادییەکان و عەدالەتی کۆمەڵایەتیمان بۆ مسۆگەر کات.. هەر دەبێ بڵێین ئەم نانە بەو رۆنە.

بەپێچەوانەوە گەورەترین گۆڕانکاری لە کاتی تەنگژەکاندا دەبێت و دواخستنی گۆڕانکاری لە کاتی تەنگژەکاندا ئاگرەکە خۆشتر دەکات و تەنگژەکان قووڵ و گەورەتر دەکات. تەنگژە تەنگژە دروست دەکات.

هۆکار چییە ئێمەش وەک کۆمەڵگەکانی تری دنیا هەڵبژاردن نەکەین و کەمینە و زۆرینە یەک نەبێت، ئێمە داوا لە حکوومەتی بەغدا دەکەین رێز لە دەستوور بگرێت و دیموکراسییەت بچەسپێنێت و قەناعەتی سەرانی کوردیش وایە کە بەچەسپاندنی دیموکراتییەت لە بەغدا جێبەجێکردن و

وەپێشـەوەچوونی مافـەکانی کورد باشتر دەبێت. باشە ئەگەر دەرمانی دەردی نەخـۆشـیـی خـەڵکی تـر دەزانن بۆ دەرمـانـی دەردی کۆمـەڵگەی کـوردەواریمان ناکەن.

* زۆر لە سـیاسـەتوانان تەئکید دەکـەنەوە کـە ئەگەر یەکێـتی و پارتی رێککەوتنێکی پەنجا بەپـەنجا لە بـەینیـاندا نەبێت شـەڕ لە نێوانیاندا هەڵدەگیرسێتەوە. تۆ چی دەڵێیت؟

- دەبێت ئێـمـە بپرسـین بـۆ دەبێت ببێت بـەشـەڕ؟ تا کەی دەبێت بـازنەیەکی تەسکی ئـەم دوو حزبە بەم شـێوەیە تـەسریفی ئەم تـەنگژەیە بکەن. وا لـە خـوا بەزیاد بێت هـەردوولا رێکن. ئیتیفاقی ستراتیـجییان ئیمـزا کردووە. ئەگەر ئەم ئیـتـیـفـاقـە بۆ برابـەشی و دابەشکـردنی دەسـەڵات و داهاتە، خـۆ هـەردووکی سنووری بۆ نییـە. واتە دەبێت ئەزموونی پەنجا بەپەنجا حاکم بێت هـەتا هـەن.! ئەزمـوونی پەنجا بـەپـەنجامـان تـاقی کـردەوە و ئـەنجـامی خـراپ بوو. دەکـرێت وەکو هـەمـوو لایەنێکی سـیاسـیی هـەر وڵاتێکی کـەمێک مـۆدێرن لەسـەر پرسـە سـتـراتیـجییـەکان و ئاسـایشی نیشـتـمـانی و نەتـەوایەتی رێک بن و ملمـلانێی ئاشتیخوازانە و مەدەنی والا بکرێت و خەڵکی کوردستان حزبی ئەکسـەریەت و ئەقەلیـەتی هـەبێت و خۆی و ئۆپۆزسیـۆن چاودێریی حزبی ئەکسـەریەتی خاوەن دەسـەڵات بکەن باشی کـرد لەگـەڵی بێـتـو لای دا لە بەرنـامـە و وەعـدەکـانی لایدات..!

* هۆکار ئەوەیە کە هیچ لایەکیـان دۆڕاندن و بوونی ئۆپۆزسـیـۆن قەبووڵ ناکەن؟

- باشـە تاکـەی قـەبووڵـی ناکـەن؟ بـۆ دەبێت قـەبووڵـی نەکـەن؟ ئەگـەر ئەم قەبووڵنەکردنە گرێ درابێت بەبارودۆخی ئیقلیمی، ئەوا کورد نـاتوانێت تورکیا لەسـەر نەخـشـە بسـڕێتـەوە و ئێـرانیش بسـڕێتـەوە و خـەتێکیش راکـێشـێت بەسەر(٢٢) دەوڵەتی عـەرەبی و بەرژەوەندیی نێودەوڵەتیش بەهـەند وەرنەگرێت،

ئەگەر کورد بەتەما بێت لە بەغدا لەسەر سینییەکی ئابزێڕ بڕیارنامەیەکیان پێشکێش کەن و بڵێن کەرەم کەن و چیی تر کێشەتان نییە، بە بڕوای من ئەوە خەیاڵە، ئەگەر کورد چاوەڕێی ئەوە بکات کە ناوچە تەعریبکراوەکان هەمووی بگەڕێتەوە بۆ باوەشی کوردستان، بەم بەرنامەیە و بەم سیاسەتەی ئێستا، ئەوە خەونێکە، راستیی مەسەلەکە لەوێوەیە کە دیموکراسییەکەی ئێمە بەئیفلیجی دەستی پێ کردووە و دەشیانەوێت هەر بەئیفلیجی گەورە ببێت و گومانم نییە ئەگەر چارە نەکرێت بەئیفلیجیش دەمرێت.

* پێتان وایە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا لیستێکی تایبەت دروست دەبێت و خەڵکێکی تر دێنە پێشەوە بۆ ئەوەی بەدیلێکی تر بخەنە بەردەم خەڵک؟

– نازانم، چونکە قانوونی هەڵبژاردنی ئەمڕۆ مەرکەزییە، لە ناوەندەوە دەردەچێت کاتی خۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان رازی بوون بەوەی کە ملکەچی یاسای هەڵبژاردنی عێراق بن، ئەوەی کە ناوی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانە، من خۆم یەکێک لەوانە بووم کە تەمەننام دەکرد بەوە رازی نەبن، چونکە خۆمان یاسایەکی هەڵبژاردنمان هەیە، چەند بابەتێکم لە ساڵی ٢٠٠٤ لەسەر نووسی. بەڵام ئەوەی ناوەند بووە ئەمری واقیع و ئێستاش نازانم یاسای هەڵبژاردنی داهاتوو لە عێراق چۆن دەبێت، تاکو ئێستا دیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەر لە یاسای هەڵبژاردنی عێراق بەدیلی تری نییە. تەمەننا دەکەم حکوومەتی هەرێم خۆی دەستپێشخەری بکات پێشنیازی یاسایەکی تایبەت بۆ هەڵبژاردنەکانی کوردستان بکات، یان هەر لەسەر ئەساسی یاسای (١)ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی ١٩٩٢، پاش هەندێ چاکسازی.

* ئەگەر بوار بڕەخسێت ئاخۆ ئامادەی کە خۆت هەڵبژێریت بە تاک یا لەناو لیست، بیرت لە شتێکی وا کردووەتەوە؟

– ئێمەمانان قۆناغەکانمان بڕیوە. دەسەڵات بەلای ئێمەوە خزمەتکردنە. خزمەتکردنی نەتەوە و نیشتمان فەرزە. ئەو فەرزەیش وەکو (نوێژ) وایە دەکرێت مرۆڤ چۆن بۆی لوا و بۆی کرا دریغی نەکات.

* ئێوە پێتان وایە کە یەکێتی و پارتی بەبێ ئەوەی زەختیان لەسەر بێت ئەو هەنگاوانە بنێن بۆ ئەوەی کە فرسەت بخەنە بەردەم خەڵک تا خۆیان هەڵبژێرن و کێبەرکێی سیاسییان لەگەڵ بکەن؟

– قانوونێک هەیە سەبارەت بەدەسەڵات، ئاماژە پێکردنی لە هەموو زەمان و مەکانێکدا دروستە، ئەوەیش ئەوەیە: دەسەڵات تەعبیرە لە بەرژەوەندی و، ئەوانەی خولیای دەسەڵاتن بەخۆشیی خۆیان دەستی لێ هەڵناگرن. دەبێت ئیجبار بکرێن یان بە دەستوور و یاسا تەحجیم و تەحدید بکرێت و ئەمدەست و ئەودەستی دەسەڵات فەرز بکات. ئەگینا دەگۆڕدرێت. هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێت بەرانبەر حەتمیەتی مێژوو رەوتی کۆمەڵایەتیی هەتاهەتایە خۆی رابگرێت.

بە بڕوای من داواکردن لە سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی بەتەحدید، کە بەکامیلی ئیسراحەتی خۆیان دەست هەڵگرن لە دەسەڵات و بیدەنە خەڵکێکی تر یان ئەمەیان بۆ ئەوی تریان (پاشەکشە بکات) یان هەندێ شلی کات، هەر لە خۆیانەوە، داوایەکی واقیعی نییە و لە خانەی مەحاڵە. ئەم پرەنسیپە هەموو لایەن و وڵاتێک دەگرێتەوە.

بۆیە بەبڕوای من پارتی و یەکێتی ئەمڕۆ و لە داهاتووشدا و هەر حزبێکی تریش کە دەسەڵاتی وەرگرت بەئارەزووی خۆی دەستبەرداری دەسەڵات نابێت.

بەدیل زیاتر لە تەنگژەکاندا دروست دەبێت، ئێستا سەرکردایەتیی سیاسی خۆی باسی ئەو تەنگژە دەکات و دەپرسن چارە چییە؟ ئەگەر بێدەنگ بن و چارەسەری نەکەن ئەوا گۆڕانکاری بەکەس راناگیرێت و رەنگە بەشێوەیەکی

تر بگۆڕدرێت، سەدام ئەگەر بیتوانیایە گۆڕانکاری ڕابگرێت ڕای دەگرت، شای ئێران ئەگەر بیتوانیایە ڕای دەگرت، تۆنی بلێر ئەگەر بۆی بلوایا گۆڕانکارییەکانی رادەگرت، بەدەیان حزبی تر لە دنیادا هەبوون کە لە پارتی و یەکێتی بەهێزتر بوون و بە ئیمکانیاتتر بوون، بەڵام ئێستا هەندێکیان ناویان لە هیچ لیستێکدا نەماوە، وەختی خۆی تا ساڵی ١٩٧٥ پارتی دیموکراتی کوردستان گەورەترین هێز بوو لە هەر چوار پارچەی کوردستان، لە ساڵی ١٩٧٤ هەوڵی دا هەندێ چاکسازی بکات لە شۆڕش و پارتی، وەلێ نە پێی کرا و نە مەودای هەبوو. راستە لە باشووری کوردستان ڕکابەری نەبوو هەیبەتی خوالێخۆشبوو بارزانیی نەمر و پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەر چوار پارچەی کوردستان کاریگەری خۆی هەبوو، بەڵام دوای ساڵی ١٩٧٥ بینیمان چی لێ هات و چۆن دابەش بوو چەند حزبی تر دروست بوون دوور نییە ئێستا (پارتی بەتەنیا یا یەکێتی) لە بەراوردکردن لەگەڵ گشت لایەنەکانی تر حزبی یەکەم نەبن. وا پارتی لەگەڵ یەکێتی پەنجا بەپەنجا دەسەڵات و داهاتیان دابەش کردووە و، چەندان حزبی تر لەناو و لە دەرەوەی حکوومەت کار دەکەن و خەڵکی کوردستان بۆ لای خۆیان رادەکێشن. ئەگەر پارتی و یەکێتی پێیان وایە (دار السید) مەئموونە هەندێ دوورن لە واقیع و تەمەننا ناکەم وا بیر بکەنەوە، هەقە حیسابێکی ورد بۆ بێزاری و پاڵپەستۆ و خواستی شەقامی کوردستان بکەن. هەروەها دەبێت ئەوەیش بێژین بێزاریی خەڵکیش حەدی هەیە و گوتم کەس ناتوانێت بەر لە گۆڕانکارییەکان بگرێت.

لە بەشی یەکەمی ئەم چاوپێکەوتنەدا چەند هەڵەیەکی زمانەوانی رووی دابوو داوای لێبووردن لە خوێنەران و بەڕێز جەوهەر نامیق دەکەین. (هاوڵاتی)

(*) هاوڵاتی ژمارە ٤٢٠ لە ٥/٧ و ٤٢١ لە ٢٠٠٨/٥/١١ لاپەڕە (٥)

(**) کتێبی: (ئایا فیدرالیەت وەک (خیار)ێکی سیاسی لە عێراق پیادە دەکرێت..؟ ٢٠٠٥)

(٢) کورد لە گەمەی دەقە یاساییەکاندا ٢٠٠٧.

## دیدار لەگەڵ کۆواری "١٤٠"ی کەرکووک

* چ تێڕوانینێکت بۆ مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی لەم قۆناغەدا هەیە؟

– خەڵکی تر و بەندە زۆری نووسی و وت لەسەر مادەی (٥٨) و پاشتر (١٤٠). بەشێکی زۆری دوو کتێبی ئەم دواییەمان (٢٠٠٤ و ٢٠٠٥) لەسەر ئەم کێشەیە بوو. چونکە بەدیدی خۆم ناوەڕۆکی کێشەی کورد لە باشووری کوردستان، سیاسەتی تەعریب و گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتیمانە و کەرکووک جەغزەکەیەتی. لە سەرەتای ئەم مانگە لە یەک لە نووسینەکانماندا بۆ رۆژنامەی (رۆژنامە) و سایتی (سبەی) و چەند سایتی تری ناوەوە و دەرەوە، ئاماژەمان بەوە کرد کە دوای ٢٠٠٧/١٢/٣١ چارەنووسی (یاسایی)ی ئەم مادەیە جێگەی مشتومڕ و پرسیارە. گوایە ئەنجوومەنی نوێنەرانی کۆماری العراق حەواڵەی دادگەی باڵای فیدراڵی دەکات، بۆ ئەوەی شەرعیەتی مادەی (١٤٠) پاش تەواوبوونی کاتەکەی (٢٠٠٧/١٢/٣١) ببڕێنێتەوە. بەپێی ئاژانسەکان و هەندێ سەرچاوەی لیستی کوردستانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران تاکو ٢/١٠یش ئەو داواکارییەی نەناردووە بۆ ئەو دادگەیە. راستە مادەیەکی دەستوورییە و لە دەستووری هەمیشەیی کۆماری (العراق) جێگیر بووە و ناوەڕۆکی جێبەجێ نەکراوە و ماوەتەوە، وەلێ ئەو مادەیە (سەقفێکی زەمەنی)ی بۆ دیاری کرابوو کە (اقصاها) (٢٠٠٧/١٢/٣١)ە. هەر ئەم جۆرە (تەحدید)کردنە وا بەسادەیی و بۆ کێشەیەکی وا ئاڵۆز و موعەقەد کەمین و گرفتێک بوو.

* واتە ماوەکەی تەواو بووە؟

– ماوەی کارکردنی لە رووی (یاسایی)یەوە، بەڵێ تەواو بووە.

* چاره چییه؟

– ئەگەر نێردراوە بۆ دادگەی باڵای فیدراڵ یان دەینێرن، دەبێت چاوەڕوانی حوکمی دادگە بکرێت. مەعلوومیشە بڕیارەکانی ئەم دادگەیە بەپێی مادەی (٩٤)ی دەستووری هەمیشەییی کۆماری العراق: (قەتعی) و (ملزم)ە بۆ هەموو لایەک.

* خەیاراتی لایەنی کوردستانی چییە لەم حاڵەتەدا؟

– دیارە سوورن لەسەر کارکردن بەو مادەیە بۆ (٦) مانگی تر. ئەمەش دەبێت یان بە تەوافوق حەل بکرێت یان بە (حیلە) شەرعی و پشتبەستن بە سابیقەی لادان لە دەستووری هەمیشەیی.

* تا چ ڕادەیەک ئومێدتان بەو (شەش) مانگەیە، کە دراوەتە دەم وادە دیاریکراوەکە بۆ جێبەجێکردنی مادەکە؟

– بەندە و زۆر کەسی تر هەر لە سەردەمی مادەی (٥٨) و پاشتر (١٤٠) گومانمان لە ئیمکاناتی جێبەجێکردن و چارەنووسیان هەبوو. هێشتا چارەنووسی (یاسایی) وەکو وتمان دیار نییە: دادگەی فیدراڵ و تەوافوق یان سابیقەی یاسایی بڕیاری یاساییی ئەنجوومەنی نوێنەرانی دەوێت. ئەمەش نەکراوە. لەو (٦) مانگە کە (پێشنیاز) کراوە وا نزیکەی دوو مانگی تەواو بوو.. پرسە سەرەکییەکانی وەکو خۆیەتی، بەتایبەتی ئەو کێشە و ئەرکانەی کە پێوەندییان بەدەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە هەیە وەک سەرژمێری و چۆنیەتیی ئەنجامدانی ریفراندۆم و ئەوانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە و دیاریکردنی ناوچەکانی (المناطق المتنازع علیها) و بنەماکانی دەنگدان (پارێزگا، قەزا، ناحیە)، شێوە و شێوازی پرسیار و ڕاپرسین و ئەو کەرەستە لۆجستیانەی کە پێویستە فەراهەم بکرێن.. تاد. هەندێ لەو ئەرکانە یاسای گەرەکە. ئەنجوومەنی نوێنەرانی لە دوای ١٥/٢ تاکو ناوەڕاستی مانگی ئاداری ٢٠٠٨ لە پشووی رەسمیدا دەبێت، زیاد لەمەش هەڵوێستی

پانتاییـەکی فراوانی ئەم ئەنجوومـەنە سـەبارەت بە کورد و کێشـەی مـادەی (١٤٠) ئیـجـابی نیـیـە. مـادەی (١٤٠) نـاوەڕۆکی مـادەی (٥٨)ی (یاسـای ئیدارەتی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە)یە، بەندە، ئەوسا و ئێستاش، وای دەبینم ئەم مادەیە پرۆسەیەک بوو، بەسـەقەت لەدایک بوو و بەسەقەتی ژیا و بەسەقـەتی مردار دەکرێتەوە. ئەگەر ئەم مادەیە بەهەردوو قۆناغیەوە (٥٨) و (١٤٠) لە مـاوەی (٣) سـاڵ جێبـەجێ نەکرێت تۆ بڵێیت لە مـاوەی سێ چوار مانگی داهاتوو ئەنجام بدرێت؟!.

* ئەگەر لەو مـاوە درێژکـراوەیەشـدا مـادەکە جـێبـەجێ نەکـرا، سـەرکـردایەتیی کـورد چ هـەڵبـژاردنێکی تری لە پێـشـدایە و ئەلتەرناتیڤ بۆ مادەی ١٤٠ چییە؟

– سەبارەت بەکێشەی ناوچە تەعریبکراوەکانمان لـە پاش (رزگاریی العراق) بە هـەر (٤) قـۆناغـەکـەیەوە واتە (قـۆنـاغی داگـیـرکـردنی العـراق لەلایەن ئەمـەریکاوە بە فـەرمی) و قـۆناغی (کاتی) و قۆناغی (گـواسـتنەوە) و قـۆناغی (هەمـیـشـەیی)، سـەرکـردایەتیی فـەرمـیی کـورد بەرنامـە و نەخـشـە و سـتـراتیـجـیـیـەتێکی تۆکـمـە و دیاریکراوی نەبوو بۆ ئەو نـاوچانـە بەکەرکووکیشـەوە. ئەم سەرکردایەتییـە داخیلی پرۆسـەی دامـەزراندنەوەی عێراقی هیوا و ئاشتی بوون، وەک هەر لایەن و هاووڵاتییەکی ئەم (العراق)ە و بەپێی ئەو ئەجندایە کە لە سەرەتاوە (داگیرکەری) ئەمەریکایی دیاری کردبوو و لەسـەری دەڕۆیشت، نەک وەک خـاوەن کـێـشـەیەک و نەتـەوەیەک. بۆ نموونە کێشەی دابڕانی گوندێک یان ناحیە و قەزایەک لە کەربەلا یان لە نەجەف کە خـراونەتە سـەر رەمـادی یان پـارێزگـایەکی عـەرەبیی تر یان دەسـتکاری لە سنووری ئیداریی پارێزگای میـسـان و بەسـرەی عەرەبیی خـوارووی العراق، لەگەڵ دابڕانی توزخورماتوو لە کەرکووک بۆ سـەر تکریت یان کفری بۆ سـەر دیالە یـان قـەزای مـەخـموور بۆ سـەر پارێزگـای مـووسڵ بەیەک چاو تـەمـاشـا کـراون و کـاری یەک لێـژنـەیە. لەوەش زیاتر چارەنووسی گـەڕانەوەی نـاوچە

تەعریبکراوەکانمان بەستراوەتەوە بەبڕیاری ئەنجوومەنی نوێنەرانی کۆماری العراق...! من باسی گرفت و کۆسپەکانی مادەکە و هەڵەی ریفراندۆم و تەدویل ناکەم....! لە سەرەتای (رزگاریی العراق) سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان هەلێکی مێژوویی لەدەست دا. ئەگەر رۆژانی یەکەم وەک خانەقین ناوچە تەعریبکراوەکانی ترمان بگەڕانایەتەوە بۆ ژێر رکێفی هەرێمی کوردستان، خۆ شەڕی جیهانیی سێیەم نەدەقەوما !! لە چرکە ساتەکانی رۆژی ١٠ و ٢٠٠٣/٤/١١ کێ دەهات گوند و ناحیە و قەزا تەعریبکراومان لێ زەوت بکاتەوە یان دیسان کوردی لێ دەرکات. لایەنی رزگاریکەر لە نەشئەی سەرکەوتندا بوو. تەعریبچییەکانی موتەجاوز و زەوتکەری خاک و ماڵ و حاڵی کوردی ئەو ناوچانە، واتە ئەو عەرەبانە کە بەپێی پرۆسەیەکی دەسەڵاتی شۆڤێنیی بەعس بە بەرنامە، موڵک و ماڵی کوردیان لەو ناوچانە زەوت کردبوو و (ئامراز و دەزگا و کەرەسەی تەعریب بوون و، بەشێک بوون لە بەعس وەکو دەسەڵات و وەکو حزب)، لە حاڵەتی هەڵهاتن و راونان و لاواز و شکستخواردوو و بێ سەروبەر بوون. تاک و کۆمەڵی ئەم تەعریبچییانە و کۆمەڵگە و گەڕەکەکانیان جیاوازییان نەبوو لەگەڵ بنکەو بارەگای فەیلەقەکان و ئەمن و موخابەرات و مەنزوومەی بەعسی. لایەنی کوردستانی خاوەن ماف و جینۆسایدکراو و هاوپەیمانیی هێزی (رزگارکەر) و (سەڵتە سووری) بەر لەشکری بوو. ئەم گێژاوەی ئەمڕۆ باجی کورتبینی دوێنێیە. پێشبینی لە سیاسەتدا زۆرجار گرینگترە لە واقیع و، هەلیش وەک تیغە نەیبڕێت دەتبڕێت. (٥١٪)ی پانتاییی خاکی باشووری کوردستان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانە واتە لە سنووری (٤٥) هەزار کیلۆمەتر دووجا، شتێکی وەها کەم نییە بەسەریدا تێپەڕبین، ئەم پانتاییە بەئەندازەی (چوار جار و نیوی) پانتاییی وڵاتێکە وەک لبنان یان جار و نیوێک لە پانتاییی وڵاتێک وەک (بەلجیکا)یە. بە پشتبەستن بە مادەی (١٤٠) چ بە ریفراندۆم و چ لەسەر ئەساسی ئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥، کورد لە سنووری (٢٤) هەزار کیلۆمەتر دووجای خاکەکەی لەدەست دەدا، واتە دووجار زیاتر لە پانتاییی (لبنان).

بڕوانە ئەم خشتەیەی کە لە بەردەستدایە سەبارەت بە رووپێو و، ئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥)ی ئەو ناوچانە کە لیستی کوردستانی زۆرینەی دەنگەکانی وەدەست نەهێناوە بە(٪):

١- پارێزگای مووسڵ

| ز | ناوچە | رووپێو (کم٢) | رێژەی دەنگ |
|---|---|---|---|
| ١ | ناحیەی قەیرەوان (بلیج) | ٧٧٠ | ٪٤٤,٧٢ |
| ٢ | مەرکەزی قەزای تەلەعفەر | ٨٢٤ | ٪٢,٩٢ |
| ٣ | ناحیەی رەبیعە | ٤٣١ | ٪٢,٦٤ |
| ٤ | ناحیەی العیاضیة (ئافگەنی) | ٧٨٤ | ٪٤٧,٧ |
| ٥ | ناحیەی کەڵەکی یاسین ئاغا | ٣٢٥ | ٪٢٩,٤٥ |
| ٦ | مەرکەزی قەزای قەرەقۆش | ١٧٥ | ٪١٠,٩٧ |
| ٧ | ناحیەی بەرتللە | ٢١٥ | ٪٧,٥٥ |
| ٨ | نەمرود (خدر الیاس) | ٤٧٣ | ٪٣,٧ |
| ٩ | مەرکەزی قەزای تلکیف | ٤٠١ | ٪٤٥,٨ |
| ١٠ | قەزای بەعاج | ٥٠٠ | ٪١,٩٨ |
| کۆی گشتیی رووپێوی ناوچەکان | | ٤٨٩٨ | |

٢- پارێزگای سەلاحەدین

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | مەرکەزی قەزای خورماتوو | ٢٣٠٢ | ٪٥٤,٨٥[١] |
| ٢ | ناحیەی سلیمان بەگ | ٧٧٤ | ٪٢٠,٦٤ |
| ٣ | ناحیەی ئامرلی | ٢٨٩ | ٪١٥,٢٧ |
| کۆی گشتی رووپێوی ناوچەکان | | ٣٣٦٥ | |

٣- پارێزگای کەرکووک

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | قەزای حەویجە (٣٩٤٧) کم ٢ | (١) ناوەندی قەزا | ٪٠,٧٣٪ |
| | | ناحیەی عباسی | ٪٠,٠٣٪ |
| | | ناحیەی ریاض | ٪١,٢٣٪ |
| | | ناحیەی بایجی | ٪٧,٠٨٪ |
| | | ناحیەی زاب | ٪٠,٠٧٪ |
| ٢- | ناحیەی تازە | ٢٨٦ | ٪٠,٩١٪ |
| ٣- | گەڕەکی تسعین (مەرکەزی ژمارە ٣٨١) ناوشار | | ٪١٣,١٪ |
| ٤- | قادسیە (ڕاپەڕین) (مەرکەزی ژمارە ٣٨٢) ناوشار | | ٪٥٠,١٨٪ |
| ٥- | ڕێگەی بەغدا (مەرکەزی ژمارە ٣٨٦) ناوشار | | ٪٢٤,٥٣٪ |
| ٦- | عەرەفە (مەرکەزی ژمارە ٣٨٨) ناوشار | | ٪٤٣,٥٩٪ |
| ٧- | برایەتی (مەرکەزی ژمارە ٣٨٩) ناوشار | | ٪٢٦,٣٦٪ |
| ٨- | موصەلی (مەرکەزی ژمارە ٣٩٢) ناوشار | | ٪٣٨,٩٥٪ |
| ٩- | رزگاری (مەرکەزی ژمارە ٣٩٤) ناوشار | | ٪٤٨,٥٣٪ |
| ١٠- | خاسە (مەرکەزی ژمارە ٣٩٧) ناوشار | | ٪٢١,٤٥٪ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١١- | رووناکی (مەرکەزی ژمارە ٤٠٣) ناوشار | | ٪٢٢,٩٣٪ |
| کۆی گشتیی رووپێوی ناوچەکان | | ٤٢٣٣ | |

٤- پارێزگای دیالە

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- | ناحیەی جەلەولا | ٢٥٠ | ٪٣٨,٦٤٪ |
| ٢- | ناحیەی سەعدیە | ٦١٠ | ٪٢٥,٠٢٪ |
| ٣- | بەلەدرووز | ١٨٤٠ | ٪١,٥٥٪ |
| ٤- | قەزای مەندەلی | ١١٩٢ | ٪١٦,٣٨٪ |
| ٥- | شارەبان (المقدادية) | ٧٦٨ | ٪١,٩٪ |
| کۆی گشتیی رووپێوی ناوچەکان | | ٤٦٦٠ | |

٥- پارێزگای واست (کوت)[٢]

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- | ناحیەی (القزانية) | ٣٢٤٨ | |
| ٢- | ناحیەی جصان | ١٨٥٦ | |
| ٣- | م. قەزای بەدرە | ١٧٩٤ | |
| کۆی گشتیی رووپێوی ناوچەکان | | ٦٨٩٨ | |

(١) لە هەر ریفراندۆمێکی تری ناوچە تەعریبکراوەکانمان دەبێت رەچاوی ئەوە بکەین کە لایەنەکانی غەیرە کورد تەحشید و ئامادەسازیی تۆکمەتری بۆ دەکەن و حزووری ئەو لایەنانە و دەسەڵاتی ناوەند و UN.. تاد زیاتر دەبێت.

(٢) لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی، لە سەرتاسەری پارێزگای (کوت = واست) (١٢٨١) دەنگی هێنا، واتە لە ناوەندی قەزای (بەدرە) و ئەو دوو ناحیەیە کەمتر لە (٣,٠٪)ی گشتیی دەنگدەرانی ئەم پارێزگایەی وەدەست هێناوە. بەهۆی تەهجیر و دەرکردنی هاووڵاتییانی کورد و تەعریبی سەرەتای ساڵەکانی حەفتای سەدەی رابردوو و، بەهۆی شەڕی (عێراق و ئێران) لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨) ناوچەکانی ئەم دەڤەرە لە کورد چۆڵ کرا و زەویوزار و باخ و بێستان و ماڵوحاڵیان خاپوور کرا.

* بەڵام ئەوکات ئەمەریکا لە کەرکووک باڵادەست بوو و هەر لە ڕۆژانی بەراییەوە باڵەفڕگە و کۆمپانیای نەوتی کۆنترۆڵ کرد و بنکە سەربازییەکانی خۆی تێدا قایم کرد، واتە ئەوکات ئەمەریکا خۆی بەخاوەنی کەرکووک دەزانی و نەیدەهێڵا هیچ پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی شارەکە باڵادەست بن؟

– تەعریب و زەوتکردنی کەرکووک و ناوچەکانی ترمان، بە زۆر و لە هەلێکی ئیستیسنائی ڕووی دا. لە هەلێکی ئیستیسنائیش دەگەڕێنەوە. لە ٢٠٠٣/٤/١٠ ئەو هەلە هەڵکەوت. عێراق وەکو دەوڵەت داگیر کرا. ڕژێم و دەستوور و یاسا و ڕێساکانی بەدارمانی ڕژێمی سەدام و (رزگاری)ی العراق هەڵوەشایەوە و نەما. ئەمەریکا رای گەیاند (رزگارکەر)ە. لایەنی کوردستانی هاوپەیمانی (رزگارکەر) بوو و، پەلاماری باڵەفڕگە و کۆمپانیای نەوت و قڕکردنی پێکهاتە (رەسەنەکان)ی تری کەرکووک و ناوچە تەعریبکراوەکانیان نەدا. هێزی پێشمەرگە و هاووڵاتییانی جگەر سووتاوی کەرکووک و گشت ناوچە تەعریبکراوەکانمان چوونە ناو زۆربەی زۆری ناوچەکانی خۆیان. لەو سات و ئانە بەشێک لە هێزەکانی لایەنە کوردستانییەکان سەرقاڵی کاری نابەجێ و لاوەکی بوون، نەک ئیزندان و بگرە دەرکردنی تەعریبچییەکان، کە مافی رەوای خۆیان بوو، ئەگەر بهاتایە لایەنی کوردستانی ناچار کرابایە، لەسەر ماڵ و مافی خۆی ڕووبەڕووی ئەمریکاییەکانیش ببایەتەوە، ئەودەم زەرەری گیانی و ماڵی زۆر کەمتر دەبوو لەوەی لەم (٤) ساڵەدا کورد لە کەرکووک و لەو ناوچانە لەدەستی داوە. ئەوانەی کە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی ئەمەریکا بوونەوە نە بەئەندازەی کورد غەدریان لێ کرابوو و خاون ماف بوون و نە ڕووبەڕووبونەوەکەشیان بەئاستی رەوای ڕووبەڕووبوونەوەی کوردە، تەماشا کەن ئەمەریکا چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و، چۆن لەگەڵ کورد رەفتاری کرد و دەکات. چرکە ساتە هەلە مێژووییەکان کەم جار ڕوو دەدات و زوو دەڕوات، کە لەدەست درا پەشیمانی بێ سوودە...!

* تەدەخـــولی (UN) و هاتنی نوێنـەریان بـۆ کـــەرکـــووک و کـۆبـوونەوەیان لـەگـەڵ ســەرجــەم پێکـهـاتەکـانی شـارەکــە، لە بەرژەوەندیی کێدایە؟

– دوور نییـە لـەمـەڕ رۆڵی (UN) سـەبارەت بەمـادە (١٤٠) ڕا و بـۆچوونی جیاجیا هەبێت. بەگشتی نابێت تەنیا بە چاوی (رەش و سپی) تەماشای ئەم رۆڵە بکەین بەگـشـتـی، وەلێ بە بەراوردکـردنی تەرازووی هێـز لە العـراق و ناوچەکـە و رۆڵی (UN) و ئەرکــەکـانی وەکـو دەزگـایەکی نێـودەوڵەتی و نوێنـەرایەتیی کێ دەکـات و کێ باڵادەست و، ئەزمـوونی خـۆمـان و خـەڵکی تر لەگـەڵ ئەم دەزگـایە، بەرەنجـام پۆزەتیڤ و مـوژدەگـەێین نابێت بۆ کـورد. تێکەڵبوونی (UN) لە خودی ناوەڕۆکی مادەی (١٤٠) و بەدەر لەو بوارانە کە بڕیارەکانی (پۆل بریمەر) و دواین بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دیاری کـردووە، سـەبارەت بەرۆڵی ئەم دەزگـایە لە (العـراق)، باوەڕ ناکـەم ئیجابی بێت. ئەوانەی بریمەر و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی مولزمە و پێوەندی بە تەعریبەوە نییە و، بەدەر لەوانە دوور نییە زیانگەێین بێت بۆ کورد.

* جـەبهەی تورکـمـانی و چەند ئەندامـێکی تری نێـو ئیئـتیـلافی شیعی تەرحێکی نوێیـان کردووە و داوای هەرێمێکی سـەربەخۆ دەکەن بۆ کەرکوک، خوێندنەوەتان بۆ ئەم جۆرە تەرحە چییە؟

– ئامانجی ئەمانە و حکوومەتی ئیرهابیی تورکیا و ئەوانەی کە وەکو ئەوان بیر دەکەنەوە تەنیا و تەنیا دابڕانی کەرکووک و ناوچەکانی ترمانە لە هەرێمی کوردسـتـان. بەوەش ڕاناوەستن بگرە دژی بوون و مـافی کوردن لە هـەر کوێ بێت. ســەرکــۆمــاری تورکــیـا و ســەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەیان و جەنەراڵەکانیان ئەم راستییە ناشارنەوە و بەردەوامن لە دەستتێوەردان لە کاروباری العراق و هەرێمی کوردستان. لە ئەنقەرە و لە واشنتۆن لەگەڵ بوش و رایز. لە UN و لە یەکەتیی ئەوروپا.. تاد، باسی کەرکووک و کێشـەی کورد

دەکەن. رۆژانە تۆپباران و خەرقی سنووری کوردستان دەکەن و خەڵکی سڤیلی ئێمە دەکوژن و گوند و ماڵوحاڵیان خاپوور دەکەن، کەچی سەرانی العراق و کورد ورتەیان لێوە نایەت و هەرچی نەبێت لە رووی دەستتێوەردان پەنا نابەن بە (المعاملة بالمثل). بەلای منەوە تەرحەکەی بەرەی تورکمانی و حکوومەتی ئیرهابیی تورکیا جێگەی سەرسوورمان نییە، بگرە ئەوەی بەلای بەندەوە سەیرە، تەرحی ئەو بەرپرسیار و کەسایەتییە کوردانەیە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ زەوینە بۆ ئەم جۆرە بۆچوونە خۆش دەکەن.....!! لە یەکێک لە کتێبەکانم (٢٠٠٤) ئێژم (لە شەڕی نێوان (سەفەوییەکان) و(عوسمانییەکان) کە زیاتر کورد لایەنگیری عوسمانییەکان بوو، بۆ یەکەم جار کوردستانیان دابەش کرد لە بەشێکەوە بۆ دوو بەش (١٥١٦) و، کورد دۆڕاو بوو. لە پاش شەڕی جیهانیی یەکەم، ولاتانی هاوپەیمان بە سەرۆکایەتیی بەریتانیای عوزەما سەرکەوتوو بوون. ناوچەکەیان داگیر کرد. کورد هاوپەیمانیان بوو، کوردستانیان دابەش کرد لە (٢) بەش بۆ (٤) بەش و، کورد دۆڕاو بوو. لە شەڕی جیهانی (دژ بەئیرهاب) کە ئەمەریکا بۆ سەپاندنی دەسەلات و بەرژەوەندیی خۆی لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا (٢٠٠٣) دەستی پێ کردووە و، کورد هاوپەیمانیەتی، دەترسم ئەمەریکا بەشی باشووری کوردستانمان (کوردستانی عێراق) لە یەک بەشەوە بکاتە چەند بەشێک)..! لەسەر سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستانە پێ داگرێت لەسەر سنووری مێژوویی و جوگرافیایی باشووری کوردستان، بۆ ئەمەش سازشکردن لەسەر بستێکی خاکی ئەم نەتەوەیە دەبێت لە خانەی موحەرەمات بێت.

* بەڵام ئەمەریکا هەمان دیدی بۆ کەرکووک نییە و جوگرافیا و مێژوو وەکو ئێمە ناخوێنێتەوە، ئەوان ئیمڕۆ دەخوێننەوە نەک دوێنێ؟

– بەڵێ دوور نییە وابێ. ئەمەریکا ولاتێکی بێ مێژووە. پێسترەشێکی

ئەمەریکایی وەک (رایز) کە ئەمڕۆ لە ئاستی بڕیاردانە، لە مێژووی خۆیەوە تەماشای مێژووی خەڵکانی تر دەکات. ئەمەریکا وەکو دیموگرافیایی و جوگرافیا و مێژوو و کولتوور و بیروباوەڕ و سیستەم دیاردەیەکی تایبەتە بۆ خۆی. بۆ (١٥) ساڵ دەچێت بنەماڵەی (بوش)، (باوک و کوڕ) بەتایبەتی لە بواری سیاسەتی دەرەوەیان خەڵکی خۆیان و خەڵکی تر و ئێمەی کورد چەواشە دەکەن، کەچی هێشتا توێژەیەکی زۆر هەیە لەناو ئەوان و ئێمە باوەڕیان پێ دەکەن! ئەمەریکا ئەجێندای خۆی هەیە، لەگەڵ بەرژەوەندیی ستراتیجیی خەڵکی کوردستان تەبا نابێت. ئەگەر پەند لە رابردوو وەرنەگرین وا رووداوەکانی ئەم چوار ساڵە زیندووە و هەژارانی کورد رۆژانە نرخەکەی دەدەن. لەوە دەترسم ڤایرۆسی بایەخنەدان بەمێژوو و نەخوێندنەوە و، (ژیان بۆ ئەمڕۆ)ی ئەمەریکایی، کاری خۆی کردبێتە سەر هەندێ لە بەرزەلێپرسراوانی کورد..!

تێبینی: ئەم بابەتە لە ژمارەی ١٥ (٢٠٠٨/٢/٢٥)ی کۆواری (١٤٠) کە کۆوارێکی سەربەخۆیە و لە کەرکووک دەردەچێت، بڵاو کراوەتەوە.

## دیدار لەگەڵ رۆژنامەی "بەدرخان"

ئەم دیمانەیە کە رۆژنامەی بەدرخان لەگەڵ بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سیاسەتوانی کورد سازی کردووە وەک بەشێک لە گرینگترین خاڵە سیاسییەکاندا جێگەی خۆیەتی بەهۆی نزیکیی تێڕوانینی بۆ کێشەکان جارێکی تر بڵاوی بکەینەوە.

* سەبارەت بەمادەی ١٤٠ چی دەڵێیت؟

– لە کاتی خۆیدا بەندەو زۆر کەسی تر بە دوور و درێژی باسی کێشەی تەعریب و گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتیی کورد و کوردستانی کرد. یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە (بەتەحدید مادە «٥٨»ی) و، پاشتر دەستووری هەمیشەییی کۆماری العراق و مادە (١٤٠)ی و، بەرنامەی کاری حکوومەتی (د. مالیکی) بەتایبەتی ئەوەی پێوەندیی هەیە بەو مادەیە بابەتی سەرەکیی ناوەڕۆکی گشت ئەو باس و تۆژینەوە و لێکۆڵینەوانە بوون. کەم یان زۆر لایەنی کوردستانی کەچی تاکو ئێستا پرۆسەکە بەگشتی چەقیوە. ناڵێم هیچ نەکراوە. گۆڕین نەبووە. بەڵام هەرچی بووە زیاتر ئیفرازاتی قۆناغی دوای رزگاریی العراق بووە. لایەنە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتاوە تاکو ئەمڕۆ وەکو پێویست ئەو هەلەیان نەقۆستووەتەوە. بە تەفسیل لە بواری جیاجیا باسمان کردووە.

لەبارەیەوە دەمەوێت سەرنجی خەڵکی کوردستان بەگشتی و ناوچە دابڕاوەکانمان بەتایبەتی ڕاکێشم بۆ چەند خاڵێک:

پانتاییی ئەو ناوچانەی کە دابڕاون لە کوردستانی باشوور گەورەتر لە پانتاییی ئەو ناوچانەیە کە دەستووری هەمیشەییی کۆمار العراق دانی پێدا

ناوه لەو دەستوورەدا بە (هەرێمی کوردستان) ناوزەد کراوە. ڕێژەی پانتاییی ئەو ناوچانە (٥١٪) لە پانتاییی گشتیی کوردستانی باشوور و (٤٨٪)ی دانیشتوانی کوردستان لەو ناوچانە دەژین.

ئەم ناوچە دابڕاوانە لە کوردستان بەزۆری زۆرداری ناوەندی بەغدا، کە هەردەم خەڵکی کوردستان دانی بە دابڕینی نەناوە و، ڕەدی ئەوەی کردووە کە یەک بستیشی خاکی کوردستان نییە، بەسەدان هەزار خوێنی بۆ داوە و تووشی ئەنفال و جینۆساید بووە، سەرکردایەتیی فەرمیی کورد بۆ یەکەم جار بەرەزامەندیی خۆی و بە بەشداریی خۆی لە دەستووری هەمیشەییی کۆماری العراق بە (المناطق المتنازع عليها) تەسبیت کردووە و بەمەش ڕانەوەستان بگرە فەرزیشیان کرد کە زۆرینەی دەنگدەرانی خەڵکی کوردستانیش لە ریفراندۆم دەنگیان دا بە (بەڵێ) دەنگی بۆ بدات. واتە زۆرینەی ئەوانە کە دەنگیان دا بە (بەڵێ) بەدەستووری هەمیشەییی العراق دەنگیان بۆ ئەوە داوە کە (٥١٪) لە پانتاییی کوردستانی باشوور و (٤٨٪)ی دانیشتوانی ناوچەی (المتنازع عليها)یە لە نێوان خەڵکی کوردستان و دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا کە لە واقیعیدا دەسەڵاتی عەرەبی زۆرینەی (العراق)ە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە وەکو نەخشەی ڕێگە مادەی (١٤٠)ە. لەسەر ئەم مادەیەش زۆر نووسرا و زۆریش گوترا، سەبارەت بە کەموکورتی و کۆسپەکانی داڕشتن و زاراوە و چۆنیەتیی جێبەجێکردنی. هەر لە سەرەتای ئیقرارکردنی مادەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە. هەر وەکو مەعلوومە، مادەی (٥٨) بەدرێژاییی حکوومەتی (د. علاوي) و حکوومەتی (الجعفري) جێبەجێ نەکرا و، تەرحیل کرا بۆ دەستووری هەمیشەییی العراق بووە مادەی (١٤٠) و، ئەوە بۆ یەک ساڵ زیاترە لەسەر پەسندکردنی ئەم مادەیە و، بە شەهادەتی کاربەدەستان و لێپرسراوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کاربەدەستانی ئەو ناوچانە هەر وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، چەقیوە.

هیچ لایەنێکی فەرمی لە ئاستی: (ناوەندی بەغدا بەفەرمی و بەغەیرە

فـەرمـیـیـان)، نکووڵـی لە بوونی مـادەی (١٤٠) ناکـەن، هەروەهـا بار لە دوای باریش پابەندبوونی خـۆیان دووپات دەکـەنەوە، وەلێ تاکـو ئێسـتـا هـەنگاوی جـیـدی نانێن. دان پێـدانان و دووپاتکردنەوەیان دەگـەڕێتـەوە بۆ ئەوەی کـە مادەیەکی دەستـوورییە و مولزەمە و خۆیان بەشـدارن لە داڕشتن و دەنگیانیش لەسـەر داوە. سـاردوسـڕی و پەڕاوێزکـردنیـشی دەچێتـە سـەر بۆیان چونکە خۆیـان دەزانن پێیـان چاندووە و، کلیلی حەسـمیش لای خـۆیانە، واتە زۆرینەی عـەرەبی دەسـەڵاتداری (العـراق) و، زۆرینەی وەهـاش دەتـوانێت لە گـەمـەیەکی (دیموکراتی) تاکو بۆی بڕوات و بلوێت یاریی پێ بکات.

زۆربەی زۆری لایەنە غـەیرە کـوردسـتـانیـیـەکـان، قـەناعـەتیـان نیـیـە، بەبنبڕکردنی تەعریب و و گـەڕانەوەی گشت ناوچە دابڕاوەکانمان بۆ باوەشی نیـشـتـمـان و، دیاریکردنی سنووری کوردسـتـان بەپێی دیاردە و راسـتـیـیـە مێژوویی و جوگرافیاییـیـەکان و، ئەوەش کـە تەسبیت کراوە دانیان پێدا ناوە لای زۆربەیان یان مەقبوول نییـە یان تەفسیـر و ئیجتیـهاد و بـۆچوونی تایبەتی خـۆیان هـەیە و، هەردەم هـەوڵـی مـرداربوونی دەدەن، هـەر دەمـێک و هـەلێک بە پاساو و بیانوویەک.

ئەمـە کێشـەیە لـە کێشـەیەکی سیـاسی لە نێـوان کوردسـتـانیـیـەکـان و دەسـەڵاتی ناوەند، پاش رزگـاریی العـراق لـە بەهـاری سـاڵی (٢٠٠٣) بووە کێشـەیەکی سیـاسیی یاسـاییی رەگـەزی ئاینی مـەزهـبیـە. هێـشـتـا کـۆمـاری العراق لەژێر ڕکێفی ئەمـەریکایە و، گشت دۆسیـە گرینگەکان لای دەسـەڵاتی داگیـرکەرە و، دوا بڕیاریش لای ئەوانە و، ئەوانیش سـەبارەت بەم کێشـەیە دید و بۆچوونی خـۆیان هـەیە، هـەر لە خـاوکردنەوە تاکو دواخـستن و تەدویلکردنی، ڕاپۆرتـی (بیکـەر- هـامـیلتـۆن) بەڕاشـکاوی دەسـتـیـان داگـرتـووە و دید و هـەڵوێستی خۆیان خستووەتە روو. ئیدارەی (بوش) بۆ رزگاربوونی لە زەلکاوی عـێـراق و ئەو تـەنگژەیـە کـە تێی کـەوتووە، خـەریکە زەوینـە خـۆش کـات بۆ دواخـسـتنی یان تەحـویلکردنی ئەم کـێـشـەیە بۆ کـێـشـەیەکی ئـیـقلیـمـیی نێودەوڵەتی. روونە ئـەمـەریکا ئەجیندا و بەرژەوەندیی خـۆی هـەیە. نە بۆ کورد

هاتووەتە ئەم ناوچەیە و، نە لەسەر کوردیش ڕادەوەستێ. نەخشە و پلانەکانی ئیدارەی بوش نەک هەر کورتی کرد، بگرە خودی بوش و ئیدارەکەی و هاوپەیمانانی و ناوچەکە و گەلانی العراق و بەگەلی کوردیشەوە لە بوش داماون و، ئەوەی نەزانێک تێکی دات بەهەزار زانا ڕاست ناکرێتەوە. نەک هەر زۆرینەی ئەمەریکاییەکان و حزبی دیموکراتی ئەمەریکایی و پانتاییەکی بەرینی حزبی کۆماری بوش و بگرە لەنێو ئیدارەکەش لەو قەناعەتەدان کە سیاسەتی بوش لە عێراق هەر لە سەرەتاوە تاکو ئێستا لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەڕوات. ژمارەیەکی زۆر لە نەخشەکێشی و هاندەر و پاساودەری ئەو سیاسەتە، لە پیاوان و هەڤالانی بوش بوونە قۆچی قوربانیی ئەو سیاسەتە و، بوش بۆ مانەوەی خۆی دەستی لێیان هەڵگرت. بوش خۆیشی دانی بە هەڵەکاندا نا و وا خەریکی پینەوپەڕۆیەتی و، لەوانە ئامادەکردنی خەڵکی عێراق و ناوچەکە و زیاتریش ڕای گشتیی ئەمەریکا، کە هۆکاری فاشیلبوونی لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ خودی عێراقییەکان و حکوومەتی مالیکی و هەندێ وڵاتانی دراوسێ.. هتد، لەم تەنگژەیە تەنیا لایەنی فەرمیی کوردستانە و بازنەکانی دەوروبەریان نایانەوێت ئەو واقیعە ببینن ئەگەر بینراش هەزمی ناکەن دوور نییە وای بۆ بچن کە زیاتر نزیکی ئەمەریکای دەکەنەوە و، یان ورەی جەماوەری پێ بەرز کەنەوە، یان ڕەنگە هەندێ لەمانە هەر وای بۆ دەچن. ناکرێت ئەمانە لە ئەمەریکاییەک ئەمەریکاییتر بن و، لەسەر بەزم و بالۆرەی خۆیان بڕۆن و پێ بدەنە عەرد و بڵێن (کومان کرد و هەر وا دەکەین)..!

چی بێت هۆ و هۆکار، لەم گەمەیە، دیارە کەس پەلەی نییە: نە دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا و نە سەرانی فەرمیی کوردستان... هتد و، ئەمەریکایش وەکو هێزی فیعلی و داگیرکەریش هەروەها. ئەوانەی کە بەپەلەن خەڵکی کوردستانە چونکە (٥١٪)ی خاکەکەی بەپێی مادەیەکی دەستووری بووەتە ناوچەکانی (المتنازع علیها) واتە تەسلیمبوون بەوەی کە تەعریبچییەکان هەمان مافی کوردستانییەکانیان هەیە بۆ داکۆکی لەوەی کە یاسا و دەستوور بەوانی داوە سەبارەت بە خاوەندارێی. ئەو ناوچانە. ئەوانەی کە بەپەلەن (٤٨٪)ی خەڵکی

کوردستانه که له ناوچه دابڕاوەکانماندا دەژین.. ئەو زیاتر له یەک ملیۆن هاوولاتییەی کورد که لەو ناوچانە، ناچاربوونه دەست له ماڵوحاڵی خۆیان هەڵگرن و ئاواره بن یان کەسوکاری هەزاران کوردی بێ تاوان که له ناوچانه تیرۆر کران و رۆژانه بەدەستی تیرۆریستان تەنیا لەبەرئەوەی کوردن شەهید دەکرێن و ماڵوحاڵیان له دەست دەدەن.

ساڵێک زیاتره لیژنەی مادەی (١٤٠) بەبڕیارێکی مالیکی دامەزراوه لەم ماوەیه گوایه (٢٠٠) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوه و شاکارەکانیان لەم ماوەیه دروستکردنی چەند ئۆفیسێکی تایبەت له شار و شارۆکه تەعریبکراوەکان. نووسینی (پەیڕەوێکی ناوخۆ) بۆ خۆیان و، چوار بڕیاریشیان دەرکردووه سەبارەت بەگەڕانەوەی (هاوردەکان) که خۆیان دەیانەوێت بگەڕێنەوه و گەڕانەوەی دەرکراو و ئاوارەکانمان و قەرەبووکردنەوەیان و گەڕانەوەی کارمەندانی دەرکراو و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکانی کشتوکاڵ. ئەم بڕیارانه له کاتی ١/١٠ و ٢٠٠٥/٢/٤ وەرگیراوه و، واش بڕیار بوو تاکو ٢٠١٠/٣/١٥ جێبەجێ کرابێت، وا ماوەکەش تەواو بوو هێشتا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەڕێز (المالكي) پەسندی نەکردووه، وا هەموو لایەکیش بێدەنگە بەتایبەتی قۆناغی گرینگ و چارەنووسسازی ناوەڕۆکی مادەی (١٤٠) دەبێت تاکو ٢٠٠٥/٣/٣١ تەواو بێت..! دووپاتی دەکەمەوه ئێمەمانان بۆچوونەکانمان دوور نییه له زۆر لایەوه جووت بێت لەگەڵ ئەوانەی که هەندێ له دید و بۆچوونمان هەزم ناکەن. ئێمه خیلافمان نییه لەگەڵ کەس بەلام دوور نییه خوێندنەوەمان جیاواز بێت لەمه هەل و ڕووداوەکان بۆ نموونه بەنده بەکێشەی گۆڕینی سنوور و ئیدارەی پارێزگای نەجەف یان رەمادی یان حیلله وەکو گۆڕینی سنووری کەرکووک و هەولێر و مووسڵ و دیاله نابینم. یەکەمین کێشەیەکی ئیدارییه عەرەبی شیعه یان سوننه عەرەبی عێراقی عەرەبین و نابێته گرفت گوند و ناحیه و قەزاکەی سەر بەکام پارێزگای نزیکی بێت. ئەمەی ئێمه گۆڕینێکی رەگەزی شۆڤێنییه مەبەست گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتیی کورده و بەعەرەبکردنی خاکەکەیەتی.

بەندە هەلی ڕۆیشتن و گەڕانەوەی تەعریبچییەکان لە ناوچە دابڕاو و تەعریبکراوەکان، هەتاکو ئەگەر ناچار بین بەزۆریش بکرێت بەراوردی ناکەم وەکو ئیجرائاتەکانی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق. ئەوان بەزۆر ئێمەیان دەرکرد لەسەر خاکی باو و باپیرانمان و عەرەبیان هێنا بۆ سەر خاکی باب و باپیرانمان و دەستیان گرت بەسەر هەموو موڵک و سەروەت و سامانمان و ئێمەیان دەرکرد. دەربەدەر کرد. حەپس و ئەشکەنجەیان داین. ئەنفال کراین و جینۆساید کراین. خاکی باب و باپیرانمانیان دابەش و پەرت و بڵاو کرد قەوارەی نەتەوایەتیمانیان گۆڕی. ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتیمانیان گۆڕی. بۆ ئەوانەی کە پراکتیزەکەر و ئامرازی ئەو سیاسەتە بێت، پاش ئەوەی عێراق ڕزگار بوو. ئەو ڕژێمە نەما. ئەو سیاسەتە مەحکووم کرا. خۆیان بڕۆن چ بەخۆشی و چ لە ترسدا، یان هەتاکو ئەگەر ناچاریش بکرێن بۆ گەڕانەوە تاکو ڕادەی بەکارهێنانی زۆریش، ئەمە وا وەسف بکرێت کە هەمان سیاسەتی ڕژێمی پێشووە.. چی قەوما کە تەعریبچییەکانی (خانەقین) هەڵهاتن یان دەرکران و خانەقینیان لێ چۆڵ کرا...!

شەفافیەت، مروونەت، لێبووردن، باشە ئەگەر هاتوو لەسەر حیسابی ماف و بنەما سەرەکییەکانی کێشە چارەنووسسازەکانی خەڵکی کوردستان نەبێت.

* سەبارەت بەدەستووری عێراق پێتان وایە کورد بەمافەکانی خۆی بگات؟

– کاتی خۆی زنجیرە وتارێکمان نووسی لەسەر دەستووری هەمیشەیی کۆماری العراق و مافی خەڵکی کوردستان.

گرفت لە نووسینی دەستوور و دەق و مادە و بڕگەکانی دەستوور نییە زیاتر لە تەرازووی هێز و دید و بۆچوونی سەرکردایەتیی فەرمیی کورد و بەتەحدید چی دەوێت.. ئەوەی لای چاودێرانێکی زۆر بەدی دەکرێت ئەوەی ئەم سەرکردایەتییە ئەمەی ئێستای دەوێت. ئەمەی ئێستایش کورد ناگەیەنێت بەئەنجام. سەرکردایەتیی فەرمیی کورد زۆر زیرەکە لە دەستانی هەل و فرسەت

بەندە لەو باوەڕەدا نییە ئەم دەستوورە کورد و کێشەی کورد وەکو کورد دەیەوێت و خوازیاریەتی و خەبات و قوربانیی بۆ داوە تاکو ئاستی جینۆساید جێبەجێی کات و بگاتە مافی خۆی.

* پێتان وایە ریفراندۆم لە کەرکووک لە کاتی خۆیدا ئەنجام دەدرێت..؟

– ئەگەر هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی (١٤٠) بەم شێوەیە بەڕێوە بچێت و مالیکی وا هەڵسوکەوت کات زۆرینەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی العراق وا تەماشای فیدراڵییەت و سنووری کوردستان بکەن و ئەو دید و بۆچوونانەی کە لێرە و لەوێ گوێبیستی دەبین سەبارەت بە شیمانەی دەستکاریی دەستووری هەمیشەییی العراق و پاڵەپەستۆی دەرەکی و، ئەگەر لایەنی فەرمیی کوردستانیش (عکس العمل)ی وابێت و تەسلیمی ڕاپۆرتی (بیکەر- هامیلتۆن) و گرووپی تەنگژەکان و ئەو واقیعەی کە هەیە بێت ئەوە بەدووری دەزانم.

* دەڵێن لەسەر گەندەڵی هەڵوێستت وەرگرتووە؟

– کاکی برا ئەمڕۆ وای لێ هاتووە باسکردنی گەندەڵیی سیاسی و ئیدارەی عەیبەیەکە(!). کاتی خۆی ئەم دیاردەیەم لە یەک لە نووسینەکانماندا بە(ڤایرۆس) ناوزەد کرد.. ئەمڕۆ گەندەڵی هەڵوێست وەردەگرێت..!

* کورد لە کوێی گەمەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتییە؟

– سەرکردایەتیی فەرمیی کورد هەردەم داکۆکی لەسەر عێراقیبوون و پارێزەری یەکەتیی خاکی عێراق و فاکتەری نەهێشتنی دابەشبوونی عێراقی هیوا و ئاشتینە.

تاکو سەرکردایەتیی فەرمیی کورد لەسەر ئەم بۆچوونە بێت و ئەوەندە سوور بن لەسەر قودسیەتی یەکەتیی خاکی عێراق کە لە دەستوورەکەی وڵاتێکی (عەرەبی)ەی، تەنیا کارتێکی کاتی ئەو گەمەیە دەبێت. لام سەیرە ئەم

(العراق)ه کوێی (مقدس)ه تاکو بەو شێوەیە کورد حەیرانی بێت.

تەماشاکە تورکیا تاکو نێو پێستمان هاتووە. بەسیخوڕی و بازرگانی و گرێبەست و، پێشتریش لە مەیدانی سەربازی چی بۆ نەکرا. کەچی حیسابت بۆ ناکات. بەپێی لێدوانێکی بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا برە پارەی گرێبەست لە نێوان حکوومەتی هەرێم و تورکیا لە یەک (ملیار) دۆلار تێ پەڕیوە. واتە هەزار ملیۆن دۆلار. بەپێی سەرچاوەکانی بیانی و تورکی و هەندێ لە کوردان کۆی گشتیی بڕی پارەی بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لە (چوار ملیار) دۆلار تێ پەڕیوە. کەچی تورکیا ڕۆژانە ئیهانەی کورد و حکوومەتەکەی دەکات. بازرگانیی نێوان تورکیا و ئیسرائیل کە یەک لە دۆست و هاوکارانی نزیکی تورکیایە لە ناوچەکە نەگەیشتووەتە (٤ ملیار دۆلار).. تورکیا سوورە لەسەر دوژمنایەتیی کورد. ئەگەر کاربەدەستێکی تورک بۆ مەرامێکی هەڵبژاردن یان شتی تر قسەیەکی ئیجابیی لە دەم دەرچوو لە هەرێمی کوردستان دەکرێت بەشایی و لۆغان و، زۆر لە بەرزەلێپرسراوانی کوردستان هەردەم خەتەری تورکیا و هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر کوردستانیان کردووەتە بیانووی خاوکردنەوە و پاشگەزبوون لە چارەسەرکردنی کێشە چارەنووسسازەکانمان بەتایبەتی سنووری کوردستان و کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانمان. ئیدی کەی سەرکردایەتیی فەرمیی کورد کارتەکانی خۆی بەکار دێنێت..؟ ئەوەی کرا، چوو. باشە ئەو هەموو بازرگانییە ئەو هەموو ملیۆن دۆلار کە ڕۆژانە دەچێتە نێو شادەماری ئابووریی تورکیا. ئەو هەموو کۆمپانیا و کرێکار و کاڵەی تورک لە کوردستان هەر لە کۆمپانیای دەرهێنانی نەوت تاکو ئاوی (حیاة) کەچی هێشتا ئەو ڕازی نییە...!

* پێتان وایە کە ئێستایش بەخەباتی چەکداری میللەتان دەتوانن ئازاد بن..؟

– هەر میللەتێک هەلومەرجی خۆی هەیە. هێشتا خەباتی چەکداری لە زۆر

کون قـوژبنی ئـەم جـیـهـانە بوونی هەیە. خـەباتی چەکداری بۆ مـیللـەتانی بندەست و کـۆیلـە و مـاف زەوتکراو یەک لەو ئـامـرازانەیە ئـەگـەر ناچار بوو دەبێت پەنای بۆ ببـات. تاکـو دێت جـیـهـان پڕ چەک دەبێت لـە چۆنایـەتی و چەندایەتی. ئەمە بەگشـتی. ئەگەر مـەبەسـتت کـوردە، ئەوە هەڵەیەکی قـاتیلە تاکو حەدی موحەرەمات ئەگەر هاتوو پشت کاتەوە و خەباتی چەکداری وەلاوە نا وەکو هەندێ بەرزەفڕی سیاسەت و کوڕی ڕۆژ بانگەشـەی بۆ دەکەن گوایە کێشەی کورد چارەسەر کراوە و شتێک نەماوە پێی بڵێن (پرسی کورد) ئەوەی مـاوە دەسـەڵات و پارەیە. هەندێکیش تووشـی ئیـدمـانی ئەو دوو دیاردەیە بووە...!

* ئەندامـانی پـەرلەمـانی کـوردسـتـان نوێنەرانی خـەڵکن یان حزب...؟

– نوێنەرانی هەردووکین. هەم حزب و هەم خەڵکیش.

* پێتـان وایە ئاڵوگۆڕی دەسـتـەڵات تاکو کـۆتای ئەمسـاڵ یەکلا بکرێتەوە..؟

– ئەگەر مـەبەسـتـتـان ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکـێتـیـیـە، باشـتـر وایە پرسیارەکە لەوان بکەن. لە هەموو ئاستەکان وا ڕادەگەیەندرێت کە پرۆسـەکە بەباشـی دەڕوات. دادوەری ڕێک خـرا . کـۆکن لـەسـەر پێـشـمـەرگـە. بودجـەی ئەمسـاڵ واتە ساڵی (٢٠٠٧) برابەش دابەش دەکرێت هەر وەکو بەڕێز جێگری وەزیری دارایی بە وەکالەت کاکە ڕەشید لەم ڕۆژانە رای گەیاند کە (٥٤٪)ی بۆ ئیدارەی هەولێرە و (٤٦٪)ی بۆ ئیدارەی سلێمانی.

## دیدار لەگەڵ رۆژنامەی "هاوڵاتی"

یەکێک لەو پرسە سیاسی و دەستوورییەی عێراق کە هەرگاف جێگەی مشتومڕە یاساکانی نەوت و گازە و شێواز و میکانیزمی دابەشکردنیەتی لەم دیمانەیەی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم شارەزا لەو یاسایە و کەسایەتییەکی دیاری سیاسی لە کوردستاندا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر لایەنەکانی ئەو یاسایە و کاردانەوەکانی.

* مێژووی دۆزینەوەی نەوت لە کوردستان بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

– پێش زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا (هیرۆدتس ٤٨٤ ــ ٤٢٥ پ.ز) باسی نەوتی ناوچەی ئەمڕۆی کەرکووکی کردووە، کە چۆن دانیشتوان بەئامرازە سەرەتاییەکانی ئەو سەردەمە، خاکیان هەڵکۆڵییەوە و لە قووڵاییەکی زۆر کەمدا نەوتیان دەرهێناوە بۆ سووتەمەنی و رۆشنایی بەکاریان هێناوە، گڕی هەمیشەیی ئەو ناوچە نەوتاوییە لای هیرۆدتس و کەسانی تریش، دیاردەیەکی سەیروسەمەرەی ئەو زەمانە بووە و لای هەندێکیشیان پیرۆز بووە، سەربازەکانی ئەسکەندەر کڕنوشیان بۆ ئاگری هەمیشەیی و گڕی (بابا گوڕگوڕ) بردووە، تاکو ئەمڕۆش ئەو گڕە بەردەوامە و بە(گوڕ هاتم بۆ کوڕ هاتم) لە دڵ و دەروونی توێژێکی زۆری خەڵکی ئێمەدا چەسپیوە.

* بایەخی نەوت وەک کاڵایەکی ستراتیجیی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

– ئەهمییەتی نەوت وەک کاڵایەکی ستراتیجی لە بازاڕی جیهاندا، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی رابردوو، کە بەریتانیای عوزەمای ئەودەم،

بڕیاری دا خەڵووزی بەردین وەکو سەرچاوەی وزە بەنەوت بگۆڕێتەوە، کاتێ بۆی دەرکەوت بوونی ئەم کاڵایە لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، لە قۆناغی گومان دەرکەوتووە و دەوڵەتی ئەڵمانیای ئەودەم لەگەڵ سەرانی عوسمانییەکان لە ئەستەمبۆڵ پێکهاتبوو لەسەر ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر لە نێوان ئەڵمانیا و ئەستەمبۆڵ و ولایەتی مووسڵ و ولایەتی بەغدا و ولایەتی بەسرە، واتە گرێدانی ئەوروپا بەکەنداوەوە. کۆمپانیای نەوتی تورکی ئیمتیازی ئەمبەر و ئەوبەری هێڵی شەمەندەفەری نێوان ولایەتی مووسڵ و بەغدای وەرگرت، بۆ گەڕان بەدوای نەوت و بەرهەمهێنانی، ئەمەش بۆ بەریتانیا خەتی سوور بوو، لەبەر چەند هۆکارێکی ستراتیجی لە ڕووی: عەسکەری، بازرگانی، سیاسی بەتایبەتی بۆ ئەو قۆناغە کە ململانێ لە نێوان زلهێزەکاندا گەیشتبووە ڕادەی ئامادەسازی بۆ شەڕ و گۆڕینی کاڵای وزە لە خەڵووزی بەردەوە بۆ نەوت، کە ئەمەش بەبێ مسۆگەرکردنی سەرچاوەکەی، مەحاڵ بوو.

بەدیاریکراوی نازانێت لە کەیەوە نەوت هەبووە، وەلێ لە وڵاتی ئێمەدا دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٤٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا، دەستپێکی وەک کاڵایەکی بازرگانی و ستراتیجی، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵمەتی بەدواداگەڕان و دۆزینەوەی سەرچاوەکانی و کێبەرکێی زلهێزەکان، تاکو وای لێ هات دەسەڵاتدارانی عوسمانی، ناوچە نەوتییەکان بکەنە تایبەتمەندیی موڵکیەتی ئیمپراتۆریەتەکەیان و دواتر مدحەت پاشا بایەخ بە نەوتی ناوچەی مەندەلی دەدات و لە ڕێگەی چەند پسپۆڕێکی ئەڵمانییەوە، لە ساڵی ١٨٧٢دا، پاڵاوگەیەک لە بەعقوبە دروست دەکات، ٩ ساڵ دوای ئەوە شاندێکی ئەڵمانی لە پسپۆڕانی بواری نەوت سەردانی ناوچەکانی کەرکووکیان کرد و ڕاپۆرتێکان بەرز کردەوە و تێدا جەخت لەسەر بوونی نەوت دەکەنەوە کە کەرکووک و دەوروبەری ناوچەیەکی گەورەی نەوتە، نەوتەکەشی زۆر نزیکە لە ڕووی زەوی، ئیدی بەرە بەرە ململانێ لە نێوان ئەڵمانیا و بەریتانیا لەسەر نەوتی کوردستان لە پەرەسەندندا بوو. بەسەرکەوتنی بەریتانی و هاوپەیمانەکانی لە شەڕی جیهانیی یەکەم و داگیرکردنی ناوچەکانی ژێر

دەسـەڵاتی ئیـمـپـراتۆریەتی عـوسـمـانی هاوپەیمانی ئەڵمـانیـای دۆڕاو و دابەشکردنیـان، کـێـڵگەکـانی نەوت کـەوتە ژێر دەسـەڵاتی بەریتـانیـا و هاوپەیمانەکانی بەتایبەتی فرەنسا و پاشتر ئەمەریکا.

* لە پاش ئەو شـەڕە نەوت کـاریگەریی ئەوتۆی هـەبوو لەسـەر چارەنووسی کورد؟

– نەوت رۆڵێکی سەرەکیی هەبوو، لەسەر (جووڵانەوەی) پرسی کورد لەسەر رووی جیهانی تا ببێتە کێشەیەک وەک کێشەکانی تری قۆناغی دوای شەڕ. پەیامی مـیـحـوەری هاوپەیمانان لە پێش و لە پاش شـەڕ ئەوە بوو، کـە ئەوان رزگـارکـەرن نەک داگـیرکـەر، بۆ چارەسـەری کـێـشـەی مـیللەتانی بندەست، هاتوون و ئاشتی و ئازادی و شارستانیەت بنیات دەنێن.

بەشبەحاڵی کورد پوختەی وەعدەکەیان لە ٣ مادەی رێککەوتننامەی سیڤەر ١٩٢٠ بـەدی دەکـرێت، بـەڵام دواتر بەریتـانیـا و هـاوپەیمـانانی بەپێی رێککەوتننامـەی لۆزان ١٩٢٣، پاشگەز بوونەوە و کـوردسـتـانی باشـوور (ولایەتی مـووسڵ) بەزۆر و بێ خـواسـتی خـەڵکی کـوردسـتـان خـرایە سـەر ولایەتی بەغدا و ولایەتی بەسرە، (تاکو ئەودەم دەوڵەتی (عێراق) پێکهاتبوو لە دوو ولایەتی بەغدا و بەسرە). هۆکاری پاشگەزبوونەوەی ئەم گەمە سیاسییەی ئینگلیز و هاوپەیمانانی، سـەبارەت بەچارەنووسی کـوردسـتـان بەگـشـتی و کـوردسـتـانی باشـوور بەتایبـەتی (ولایەتی مـووسڵ)، بەنـەزەری بەندە نەوت و بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانیان بوو.

* ئەی دوای ئەوە؟

– بەریتانیا وەک هێزێکی داگیرکەر هەمـوو بوارەکانی (عێراق)ی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و شایەکی بۆ ئیستیراد کرد و حکوومەتێکی دەستکردی خۆی دامـەزراند، لە رێگەی چەند رێککەوتن و گرێبەستی نەوتی عێراق (ئەودەم زیاتر نەوتی کوردستان بوو) درا بەکۆمپانیا بیانییەکانی کە سێ کۆمپانیای

زەبەلاح بوون، هەرسێکیشی بە رەگەزنامە (ئینگلیزی) بوون، کە ئەوانیش: کۆمپانیای نەوتی عێراق (پێشتر ناسرابوو بەکۆمپانیای نەوتی تورکی) و کۆمپانیای نەوتی مووسڵ و کۆمپانیای نەوتی بەسرە بوون. سەرانی بەریتانیا و فرەنسا و ئەمەریکا پێکهاتن لەسەر چۆنیەتیی دابەشکردنی نەوتی عێراق لە نێوان کۆمپانیاکانیان:

کۆمپانیای دارسی (رەگەزنامە: بەریتانی) (٢٣,٧٥٪) بەش.

کۆمپانیایی فرەنسی (رەگەزنامە: فرەنسی) (٢٣,٧٥٪) بەش.

کۆمپانیای ئنکلۆسکسونی (رەگەزنامە، هۆڵەندی ـ بەریتانی) (٢٣,٧٥٪) بەش.

کۆمپانیای ئیستسماری رۆهەڵاتی خواروو (ادنی) (نیوجرسی و ساکۆنی فاکۆم) (رەگەزنامە: ئەمریکی) (٢٣,٧٥٪) بەش.

کۆمپانیای سرکیس کولبنکیان (٥٪) بەش.

ئەم سێ کۆمپانیا زەبەلاحە کۆنترۆڵی گشت بوارەکانی بەدواداگەڕان و دۆزینەوە و دەرهێنان و پیشەسازیی نەوتی عێراقیان کردبوو، لە واقیعدا ئەوان کۆنترۆڵی نەوتی کوردستانیان کردبوو. هەر داهاتی ئەو نەوتەش بوو کە لە دەستپێکی بەرهەمهێنانی لە سەرەتای سییەکاندا تاکو پەنجاکانی سەدەی رابردوو لە نێوان (٩٥-١٠٠٪) بودجەی عێراقی پێک دەهێنا، دوو بەرابەری ئەو بودجەیەیش سوودی کۆمپانیاکان بوو. دوای ئەو قۆناغە و تاکو هەشتاکانیش ڕێژەی داهاتی نەوتی کوردستان کەمتر نەبوو لە ٧٧٪ی داهاتی گشتیی عێراق، هیچ کاتیش لە ٦٨٪ی نەهاتووەتە خوارێ بگرە بەئێستایشیەوە.

* گرێبەند و ڕێککەوتننامەکان لە نێوان حکوومەتی عێراق و ئەو کۆمپانیانە چۆن بوون؟

- تاکو سەرەتای پەنجاکانیش (مشارکة الانتاج) بوو، سەرمایە و

تەکنەلۆجیا و کەرەستە و ئامراز و پسپۆڕانی بواری نەوت لە دۆزینەوە و دەرهێنان و ئیدارەکردن و تەسویقی، ئەرکی کۆمپانیاکان بوو، بەمەش بەشی شێر بۆ کۆمپانیاکان بوو، بۆ نموونە لە سەرەتای بەرهەمهێنانی نەوتەوە تاکو ساڵی ١٩٥٣، نرخی یەک بەرمیلی نەوتی خاو لە سنووری ١,٢ دۆلار بوو، لەم برە پارەیە تەنیا ٠,٢٢ دۆلاری دەڕۆیشت بۆ بودجەی حکوومەتی عێراق. کولفەی بەرهەمهێنانی یەک بەرمیل نەوتی ئەودەم ٠,٤٥ دۆلار بوو، ١,٤٣ دۆلاری بەشی کۆمپانیاکانە واتە داهاتی کۆمپانیاکان ١,٨٨ دۆلار بووە و ڕێژەکەشی لە سنووری ٩١٪ی داهاتی گشتیی نەوتی عێراقە (لە ڕاستیدا نەوتی کوردستان)ە. لە ناوەڕاستی پەنجاکان تاکو ساڵی ١٩٦١، هەندێ گۆڕانکاری بەسەر گرێبەستەکاندا هات و لە (مشارکة الانتاج)ەوە، بوو بە (مناصفة الارباح). ساڵی ١٩٦١ بەپێی یاسای ژمارە (٨٠) (٩٩,٥٪)ی ناوچەکان، ئیمتیازی نەوت لە کۆمپانیا بیانییەکان سەندرایەوە و تەنیا (٠,٥٪)یان بۆ مایەوە، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٥ کەرتی نەوت بەگشتی لە عێراق خۆماڵی کرا، شێوە و شێوازی گرێبەستەکانیش گۆڕا و کەرتی نەوت درا بەکۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی عێراق.

* دەوترێت هۆکاری سەرەکیی "داگیرکردنی عێراق" لەلایەن ئەمەریکاوە بۆ نەوتەکەیەتی، ئێوەش هەمان بۆچوونتان هەیە؟

- پێشەکی دەبێت ئەو ڕاستییە بسەلمێنین کە:

١- ئەو نەوتەی دەردەهێنرێت دەبێت بفرۆشرێت، کڕیاریشی بەپلەی یەکەم وڵاتانی پیشەسازیی پێشکەوتوون، واتە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا و... هتد.

٢- زۆربەی زۆری ئەوڵاتانە کە نەوتیان هەیە، ئیعتیمادی سەرەکییان لەسەر داهاتەکەیەتی.

٣- بەئەندازەی ئەوەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا و.. هتد، شادەماری ژیانی پیشەسازی، ئابووری و تەکنەلۆجییان بەندە بەنەوتەوە، زیاتر ڕژێمەکانی

وڵاتانی بەرهەمهێنەرانی نەوت پێویستیان بەداهاتی نەوتەکەیان و مانەوە و داهاتووی زۆر لەو رژێمانە بەندە بەوەوە، پێوەندیی لە نێوان داهاتی ئەو رژێمـانە و دەزگـا سـەرکـوتکەرەکـانیـان و زوڵمی زۆر و پاوانخـوازی دەسەڵاتەکان، پێوەندییەکی ڕاستەوانەیە. بەم مانەیە بۆ هەردوولا (وڵاتانی بەرهەمهێنەر) و (وڵاتانی موستەهلیک)، نەوت کاڵایەکی ئیستراتیجیی گرنگە.

بەندە باوەڕی بەتیۆری موئامەرە نییە، وەلێ ئەمەریکا لە سەرەتاوە (٢٠٠٣) بەناوی (رزگارکەر) هاتە عێراق، پاشان گۆڕی بۆ (داگیرکەر)، بەپێی لێکوڵینەوە ڕاپۆرتی کۆنگریسی ئەمەریکایی لەسەر رووداوی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١، دەرکەوت رژێمی پێشووی عێراق هیچ پێوەندییەکی نەبووە بەو رووداوە هەروەها لەگەڵ (القاعیدە)یش، تاکو ئێستایش ئەمەریکا نەیتوانیوە چەکی کۆکوژی قەدەغەکراو چ (مزدوج) و چ هەوڵەکانی سەدام بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆم لە ماوەی زیاتر لە چوار ساڵ لە داگیرکردنی ئەم (العراق)ە بدۆزێتەوە، نەک هەر ئیرهابی بنبڕ نەکرد و کەمی نەکردەوە لە ناوچەکەدا، بگرە بەهۆی ئەم داگیرکردنەوە پەرەی سەند، ئەمە چوار ساڵە (العراق) بووەتە ناوچەیەک بۆ راکێشانی تیرۆر و توندوتیژی. هێزەکانی سوپای داگیرکەری ئەمەریکا و هاوپەیمانان، کە خۆی لە ١٧٠ هەزار سەرباز دەدات و زیاتر لە ٥٠٠ هەزار سەربازی عێراقی و پۆلیس و ئاسایشی هەمەجۆرە و میلیشیاتی سەر بەدەسەڵاتی ناوەندی بەغدایە، پێیان ناکرێت تەنیا ناوچەی سەوزی بەغدا کۆنترۆڵ بکەن، لە جیاتیی ژیانی تەبایی و ئاسایش و ئیستقرار، ئەم (العراق)ـە لە شەڕێکی نەگریسی ناوخۆی کەموێنەدایە لە ناوچەکە و بگرە لە جیهانیشدا. لە جیاتیی دەستوورێکی عەلمانی و دوور لە دەسەڵاتی تایفەگەری و سیستمێکی دیموکراتی وا ئەمڕۆ (العراق) خاوەن دەستوورێکی غەیرە عەلمانی و پڕ لە گیروگرفت و کۆسپ و تەنگژەیە، لە جیاتیی ئەوەی حاڵ و گوزەرانی خەڵکی (العراق) باشتر کەن و بێکاری چارەسەر کەن، بنەماکانی خزمەتگوزاری مسۆگەر کەن، وا ئەو بوارانە لە خراپەوە بەرەو خراپتر

دەروات، لە جیاتیی ئیدارەیەکی مۆدێرن و پاک و دینامیک دامەزرێنن و گەندەڵی بنبڕ کەن، (بریمەر) و هاوکارانی (بیانی و خۆماڵی) تۆوێکی گەندەڵیی وایان چاندووە، دەیان و سەدان ملیۆن دۆلاریان هەڵلووشی، ئەوەشی مابوو کۆمپانیا بیانییەکان و مافیەکانی ناوەخۆ دریغییان نەکرد. (بنبڕکردنی بەعس) بووە (رەد ئیعتیبار و گەڕانەوەی بەعس) و (الدول المارقة)یش بووەتە (الدول الصديقة)، لە (جیاتیی لەناوبردنی رژێمەکانیان وا ئیدارەی بوش پەنایان بۆ دەبات. لە باروددۆخێکی وەهادا، هەقە مرۆڤ گومانی ئەوە بکات کەوا دیارە مەبەست لە (پرۆژەی رۆهەڵاتی ناوەڕاست) (کۆنترۆڵکردنی نەوتی رۆهەڵاتی ناوەڕاستە)..!

ساڵی ١٩٩٩ دیک چینی بەڕێوەبەری کۆمپانیای خزمەتگوزاریی نەوتی (هالیبورتون) ئەودەم و جێگری سەرکۆماری ئێستای ئەمەریکا، بەرامبەر پەیمانگەی نەوت لە لەندەن لە گوتەیەکیدا دەڵێت: (بحلول عام ٢٠١٠ سنحتاج ما يعادل ٥٠ مليون برميل نفط اضافي يومياً، فمن أين سيأتي هذا النفط؟. في حين ان العديد من مناطق العالم توفر فرصاً عظيمة، فان الشرق لأوسط بثلثي احتياطي النفط والتكلفة أدنى، ما زال المكان الذي تكمن فيه الجائزة الكبرى..). کە عێراق داگیر کرا، چینی جێگری سەرۆک بوش بوو، کۆمپانیای (هالیبورتون) لە عێراق لە سنووری ٢٢ ملیار دۆلار گرێبەستی هەیە، لەوانە کڕینی سووتەمەنی و خزمەتگوزاری و چاکسازی لە بواری کەرتی نەوتی عێراق..!

* ئێستایش باس لە پرۆژە یاسای نەوت و گازی عێراق دەکرێت کە گوایە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقەوە پەسند کراوە و دراوە بە ئەنجوومەنی نوێنەران، دەوترێت پرۆژەکە زۆر بەنهێنی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، بۆ وا بەنهێنی باس دەکرێت بەتایبەتی لە کوردستاندا؟

– کەم کێشە هەیە لەم وڵاتەدا بەئەندازەی نەوت گرینگ بێت بۆ ئەمڕۆ و

دوارۆژی عێراقییەکان، بۆ ئێمەی کوردستانی چەند جار گرینگتر و مەترسیدارترە. پشتگوێخستنی ڕای گشتی و هەوڵدان بۆ دەربازکردنی پڕۆژە یاسای نەوت و گازی عێراق وا بەبێدەنگی لە باشی و ڕێکوپێکیی پڕۆژەکە نییە، بگرە لە کەموکورتی و کەلێنەکانیەتی. پڕۆژە یاسای نەوت و گازی عێراق لەلایەن لێژنەی تایبەت بەم پڕۆژەیەوە لە ٢٠٠٧/٢/١٥ تەواو بووە و دراوە بەئەنجوومەنی وەزیران، ئەوانیش پەسندیان کردووە و نێردراوە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران. پڕۆژە یاساکە بریتییە لە پێشەکییەک (الاسباب الموجبة) و ٤٣ مادە و ٤ پاشکۆ (ملحق)، مادەکانیش دابەش کراون بەسەر شەش بەشدا.

نەخشەی سیاسەتی نەوتی عێراق، هەروەکو دەستوور و شتی تریش، لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانانی، هەر پێش داگیرکردنی عێراق، کاری بۆ کراوە. پڕۆژەی یاسای نەوت و گازی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٤ بەملاوە ئیشی لەسەر کراوە و ناوەڕۆکی جێگەی باس و لێکۆڵینەوەی پسپۆڕان و ناوەندە ئابووری و پیشەسازی و کۆمپانیاکانی نەوتی جیهانی بووە، بەتایبەتی لەئەمەریکاو بریتانیاو لەژێر چاودێری و هاندانی ئیدارەی بوش و زۆرجار لە میدیاکانی خودی ئەمەریکا و بەریتانیا وڵاتانی تری ئەوروپا باسی ئەم پڕۆژەیە کراوە و جەمسەرەکانی شی کراوەتەوە. ئەو دیراسات وتۆژینەوانە دوولایەنن، لایەکی وەک (ئامۆژگاری) و (پێشنیازە) بۆ کاربەدەستانی فەرمیی عێراق، لە چۆنیەتیی ئیستغلالکردنی سامانی نەوت و گاز بەباشترین شێوە وەک ڕێگەچارەیەک بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەی سیاسی و ئابووریی وڵات، لایەنی دووەمیان، ئەوانن کە تیشک دەخەنە سەر بارودۆخی عێراق و تەنگژە هەمەلایەنەکانی و ناوەڕۆکی پڕۆژەی ئەم یاسایە بە فاکتەرێکی تری ئاڵۆزی لە قەڵەم دەدەن. هەشە پڕۆژەکەی کردووەتە بابەتێک بۆ (هێرشکردن لەسەر واقیعی ئەمڕۆی عێراق زۆریان دوورن لە تۆژینەوەی زانستی و ڕەخنەی بنیاتنەر). لەناو هەردوو بۆچوونەکاندا ڕاستی بەدی دەکرێت.

بەنهێنی گرتنی ئەم پڕۆژە یاسایە لەلایەن حکوومەتی عێراق و پەلەکردن لە

ئامادەکردن و ناردنی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران، جێگەی گومان و پرسیارە، بەدەریش نییە لە پاڵپەستۆی ئیدارەی ئەمەریکا. بەگشتی ئەم پرۆژە یاسایە هەنگاوێکی گەورەی بەرەو دواچوونەوەیە، لە بواری چۆنیەتیی دەرهێنان و گەشەپێدانی نەوت و، لە زۆر لایەنیەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی رابردوو:

١- ئەوسا و ئێستا ئەم (عێراق)ە داگیر کرابوو لەلایەن زلهێزەکانی سەردەم. سەرەتای سەدەی بیست (بەریتانیای عوزما و هاوپەیمانانی ـ فرەنسا و ئەمەریکا)، ئێستا (ئەمەریکا و هاوپەیمانانی ـ بەریتانیا).

٢- ئەودەم خۆحازری بوو بۆ شەری جیهانیی یەکەم و ململانێ لە نێوان زلهێزەکان بەتایبەتی بەریتانیا و ئەڵمانیا و گۆڕینی کالای وزە لە خەڵووزی بەرد بۆ نەوت و تەسبیتکردنی ڕۆهەلاتی ناوەڕاست بەتایبەتی (کوردستان) وەک یەک لە سەرچاوە هەرە گرینگەکانی نەوتی ئەو سەردەمە، تا ئێستایش ئەم کالایە رۆڵی ئیستراتیجیی خۆی ماوە بگرە زیاتریش بووە. پێداویستیی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی لە زیادبووندایە و، پێش هاتنیان بۆ عێراق شەڕی جیهانییان دژی (ئیرهاب) ڕاگەیاندووە و تاکو ئێستاش بەردەوامە.

٣- لە هەردوو حاڵەتدا و لە سەرەتاکانی داگیرکردنی ئەم وڵاتە حکوومەتێکی دەستکردی داگیرکەر بە فەرمی ڕاگەیەندراوە، بە رواڵەت کاربەدەستە و لە واقیعیدا لە هەردوو قۆناغ هێزی داگیرکەر، دەسەلاتبەدەست و بڕیاردەرە.

٤- ئەوسا ئیستغلالکردنی سامانی نەوت و گاز و ئیمتیازی، درا بەکۆمپانیا بیانییەکان و بەگرێبەستی (مشارکة الانتاج) و بەشی شێر بۆ ئەو کۆمپانیانە بوون کە رەگەزنامەی ئینگلیزییان هەبوو. ئێستاش بەپێی ئەم پرۆژە یاسایە دەرگەی عێراق والا کراوە بۆ کۆمپانیا بیانییەکان، ئیستغلالی نەوت و گازەکەشی لەسەر بنەمای گرێبەستی (مشارکة الانتاج)ە، ئەگەرچی مەودایش دراوە بە (کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی عێراق) سەبارەت بەو کێڵگانە کە ئێستا لە کاردایە.

٥- ئەودەم بەریتانیا لە شەڕی جیهانیی یەکەم تەواو بووبوو، بەڵام شەڕ و پێکدادان لە نێوانی عێراقییەکان و هێزی داگیرکەری بەریتانیایی بەردەوام بوو. باری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی عێراق خراپ بوو. ئێستایش عێراقێکی پاش چوار پێنج شەڕی ناوخۆ و دەرەوە، داگیر کراوە و هێزەکانی لە شەڕدان لەگەڵ ئیرهابییەکان و ناوەڕاست و باشووری عێراق و نوقمی شەڕی ناوخۆیە، خاوەن ژێرخانێکی داڕماو و قەرزار، گرانی و نائارامی و بێکاری، ژیانی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکەی تاڵ کردووە.

٦- ئەودەم (عێراق) ئەزموونی نەبوو لە بواری ئابووری و پیشەسازیی نەوت، کێڵگەکانی شاراوە بوون، سەرچاوەی دارایی نەبوو. زانیاری و تەکنیک و سەرمایە و سەرچاوەی سەرمایە و دەسەڵاتی نەبوو، هەر هەمووی لای کۆمپانیا بیانییەکان بوو. ئێستا، بەپێچەوانەوە هەندێ لەو جەمسەرانە بۆ نیو سەدە دەچێت (عێراق) تەجاوزی کردووە. لەم خاڵە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەوسا و ئێستا، بەهەرحاڵ، پرۆژەکە بەگشتی پرەنسیپی نوێ و پۆزەتیڤی تێدا بەدی دەکرێت. لەوانە تەنسیق و راوێژکردنی لەگەڵ حکوومەت (حکوومەتەکانی) (هەرێم) (هەرێمەکان) و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و گاز. دابەشکردنی داهاتی نەوت و گاز لەسەر ئەساسی رێژەی هاووڵاتیانی پارێزگاکان. کۆکردنەوەی داهاتی نەوت و گاز لە سندووقێکی تایبەتی. دروستکردنی چەند ناوەندێکی تایبەتی بۆ راوێژکاری و تەنسیق و تەرخانکردنی رێژەیەک لەو داهاتە بۆ نەوەکانی داهاتوو، لەگەڵ هەندێ خاڵی تریش، ئەگەرچی زۆربەیان زیاتر شکلییە و بەندە بەچەند یاسایەکەوە کە لە داهاتوودا دەردەچێ.

پرۆژەکە لە هەندێ لە جەمسەرەکانی گەڕانەوەیە لەو دەستکەوتانە کە گەلی عێراق لە نێوان زیاتر لە نیو سەدەی ململانێ و بەگژداچوونی بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیا بیانییەکاندا وەدستی هێنابوو، لەوانە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی (مشاركة الانتاج) لە سەرەتای پەنجاکانی

سەدەی ڕابردوو و خۆماڵیکردنی (٩٩,٥٪) کێڵگە نەوتییەکانی ئیمتیازی کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت ساڵی ١٩٦١ بەپێی یاسای ژمارە (٨٠) و، دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی عێراق ١٩٦٢ و خۆماڵیکردنی ئەو (٠,٥٪)ی کێڵگە نەوتییەکانی کە لە ئیمتیازی کۆمپانیا بیانییەکان مابوونەوە. ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەملاوە سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو، لە بەدواداگەڕان و دەرهێنانی نەوت لەلایەن کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی عێراق، کە ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی گرێبەستی کڕینی خزمەتگوزاری و کار بۆ ماوەی کورت و بەمەرجەکانی سەردەم.

گومان نییە رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق گۆڕانکارییەکانی بواری نەوت، کە لەژێر پاڵەپەستۆی جەماوەر و لایەنە سیاسییەکانی بوو، بەرەنجامەکانی خراپ بەکار هێنا. بۆیە لەسەر لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات و ململانێ هۆشیار بن و خەڵکی خۆیان هۆشیار کەنەوە لە ناوەڕۆک و ماهیەتی گشت هەنگاوەکانی پێوەندار بەنەوت و داهاتی نەوت. دنیای ئەمڕۆ دنیا سەدەی ڕابردوو نییە ئەزموونی عێراقیش ئەزموونی ئەودەم نییە. بازاڕی ئەمڕۆیش ئەو بازاڕە نییە. ئەمڕۆ پێداویستیی بازاڕی نەوتی جیهانی ڕۆژانە لە٨٠ ملیۆن بەرمیل زیاترە، مەزەندە دەکرێت پاش ١٥ ساڵ ڕۆژانە بگاتە سنووری ١٢٠ملیۆن بەرمیل. یەدەگی عێراق مەزەندە دەکرێت پاش هەندێ چاکسازی و گەشەپێدان، بە ٣٠٠ ملیار بەرمیل هەروەکو باسمان کرد (سابت ومحتمل ومستقبل). واتە لە سنووری (٣٤٪) یەدەگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و (٢٩٪)ی یەدەگی جیهانی ئیسلامی و (٢٣٪)ی یەدەگی جیهان، جگە لە نایابیی نەوعیەتی زۆربەی نەوتی عێراق (خفیف) و کەمیی کولفەی دەرهێنانی و داڕمانی ژێرخانی ئابووری و قەرزاری وماڵوێرانیی شەڕی ناوەخۆ و بێکاری و گرانی و پێویستییەکانی کەرتی خزمەتگوزاری و گەندەڵیی سیاسی و ئیداری و شەفافیەت و بازاڕی ئازاد... هتد، هەر هەموو ئەمانە زەوینە خۆشکەرن بۆ دید و بۆچوونی ڕاوێژکارانی بیانی و لێکدانەوەی ناوەندە پێوەندارەکان، هەندێ لە لێپرسراوانی تازەپێگەیشتوو و هەلپەرست و

نەزان یان هەندێکی گرێدراو بەو بەرژەوەندییانە کە ڕێ بۆ کردنەوەی دەرگای (خصخصە)کردنی کەرتی نەوت بۆ کۆمپانیا بیانییەکان و لایەنگیری ئەو مادە و بەندانەی یاساکەن کە تەرخان کراوە بۆ ئەو مەبەستە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم سێ خاڵ روون بکەمەوە.

یەکەمیان: نەوت و داهاتی نەوت یەک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی ڕاکێشانی بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان بوو بۆ ئەم ناوچەیە، هەر هەمان شت لە بوونی رژێمە دیکتاتۆرییەکانی عێراق کە رژێمی گۆڕ بەگۆڕی سەدام هێما و نموونەی کەموێنەی بوون. ئەم دیاردەیە تەنیا لە عێراقدا بەدی نەکراوە بگرە لە زۆربەی زۆری ئەو وڵاتانە کە نەوتیان هەیە، کەم یان زۆر، ئەم دیاردەیەی لێ بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لە جیهانی سێیەم و لەگەڵ خۆیشیدا کۆمەڵێک دیاردەی نێگەتیفی تری بەدواوەیە وەکو پاشەکشەکردنی کەرتەکانی تری ئابوری وەکو: کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی.

دووەمیان: هیچ نەتەوەیەک بەئەندازەی کورد تاکو ئەمڕۆیش زەرەرمەند نەبووە لە بوونی ئەم کاڵایە.

سێیەم: ئەو دوو خاڵە نێگەتیفەی بوونی ئەم کاڵایە، مانای وانییە، دەبێت ئیدی دەستی لێ بشۆین و هەرزانفرۆش بکرێت و بیر لە داهاتووی نەوەکان نەکرێتەوە. ئەم کاڵایە رۆژێک دێت تەواو دەبێت و نامێنێت، هەرچۆن مولکی ئەم نەوەیە ئەوا مولکی نەوەکانی داهاتووشمانە، دەبێت زۆر بەوریایی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و، هەر جۆرە نەرمی و سازشکارییەک لەگەڵ بەرژەوەندییە بیانییەکان بەند بێت بەماف و چارەنووسی نەتەوەکەمان.

* چ لە میدیاکان و چ لە بەغدایش باس لەوە دەکرێت کە پڕۆژە یاسای نەوت و گاز دەرگای لەسەر پشت کردووەتەوە بۆ کۆمپانیا بیانییەکان، باس لە گرێبەستی (مشارکة الانتاج) دەکەن، ئەمانە تا چەند راستن؟

– پڕۆژە یاساکە بەتەواوی دەرگای والا کردووە بۆ (خصخصە)کردنی

کەرتی نەوت. راستە لە مادە و بڕگەیەکی زۆریدا ڕۆڵێکی گەورە و فەزایەکی باشی داوە بە (کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی عێراق) هەروەها بۆ هەر کۆمپانیایەکی خۆماڵی، بەڵام بەهەمان مەرجی تەکنیکی و سەرمایە و ئەزموونی بێگانەکان یان ئەو کێڵگانەی کە تەرخان کراون بۆ کۆمپانیا بیانییەکان خۆی لە سنووری زیاتر لە ٦٢٪ کێڵگە نەوتی عێراقی دەدات. دیارە لە پرۆژەکەشدا جەخت لە جۆری گرێبەستی (مشارکة الانتاج) کراوە، کە هەروەکو ئاماژەم بۆ کرد ئەم جۆرە گرێبەستانە کۆنن و باویان نەماوە، دژ بەبەرژەوەندیی وڵاتەکەن، لە دوای پەنجاکان هیچ وڵاتێکی نەوتی لەسەری ناڕوات، ئەگەر هەبێت ئەوە بۆ هەندێ ناوچەیە کە شیمانەی دۆزینەوەی نەوتی زۆر کەم بێت و کولفەی زۆر گران بێت... هتد، بۆ ئەوەی گرێبەستی (مشارکة الانتاج) روونتر کەینەوە زۆر بەسادەیی دەڵێین: ئەگەر عێراق لەگەڵ کۆمپانیاکانی بیانی پێک بێت بەگرێبەستی (مشارکة الانتاج) بەرهەمی رۆژانەی سێ ملیۆن بەرمیل بێت و نرخی یەک بەرمیل ٦٠ دۆلار بێت ئەوە:

* ٣×٦٠=١٨٠ ملیۆن دۆلار رۆژانە داهاتی عێراق.

*( ریع الانتاج) بەپێی پرۆژە یاسای نەوت و گاز (١٢,٥)ە لە کۆی گشتیی داهات: (١٨٠ملیۆن دۆلار12.5 = ٢٢,٥) ملیۆن دۆلار، ئەمە دەدرێت بەحکومەت. (ریع الانتاج) ئەو بڕە پارەیە کە کۆمپانیاکان دەبێت بیدەنە حکوومەتی عێراق یان لە جیاتیی ئەو بڕە پارە (نەوت).

* کولفەی یەک بەرمیل (٣) دۆلار= 3٣ =٩ ملیۆن دۆلار. ئەمە دەڕوات بۆ کۆمپانیا بیانییەکان.

ئەوەی دەمێنێتەوە: (١٨٠) (٢٢,٥ +٩) = (١٤٨,٥) ملیۆن دۆلارە (ڕۆژانە) و، دابەش دەکرێت لە نێوان حکومەت و کۆمپانیاکاندا بەشی هەریەک= (٧٤,٢) ملیۆن دۆلارە (ڕۆژانە).

داهاتی حکوومەتی عێراق (گشتی) = (ریع الانتاج + نیوەی داهات) = (٢٢,٥+٧٤,٢)= (٩٦,٧) ملیۆن دۆلار ڕۆژانە.

داهاتی کۆمپانیاکان = ٩+ ٢, ٧٤ = (٢, ٨٣) ملیۆن دۆلاری رۆژانە.

جیاوازییەکان لە هەردوو حاڵەتەکەدا:

ئەگەر حکوومەتی عێراق خۆی هەڵسێت بە بەرهەمهێنانی نەوت ئەوە داهاتی گشتی = (١٨٠) ملیۆن دۆلاری ڕۆژانە = ٨, ٦٤ ملیار دۆلار ساڵانە.

بە هاوکاریی کۆمپانیاکان = ٩٦,٨ ملیۆن دۆلار رۆژانە = ٨, ٣٤ ملیار دۆلار ساڵانە.

داهاتی کۆمپانیاکان = ٢, ٨٣ ملیۆن دۆلار ڕۆژانە = (٣٠) ملیار ساڵانە.

بودجەی ئەمساڵی عێراق (٢٠٠٧) = ٥, ٤٢ ملیار دۆلارە.

ئەگەر گرێبەستەکە بۆ ماوەی ٤٠ ساڵیش بێت ئەوە داهاتی کۆمپانیاکان = ٤٠×٣٠= (١٢٠٠) ملیار دۆلار = (١,٢) ترلیۆن دۆلار واتە (١,٢) هەزار ملیۆن دۆلار....!

ئەم دیمانەیە لە رۆژنامەی (هاولاتی) ژمارە (٣٢٢) لە ٢٠٠٧/٤/١٨ لە لاپەڕە ٣ بڵاو کراوەتەوە.

## چاوپێکەوتنی رۆژنامەی "میدیا"

لەبارەی جێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠ و، ٦ مانگ درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنەکەی و، داهاتووی ئەو مادەیە دوای هاتنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ناو جێبەجێکردنی مادەکە، گرەنتیی جێبەجێبوونی ئەو مادەیە لەو ٦ مانگەدا، (میدیا) ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ جەوهەر نامیقی سکرتێری پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ساز دا:

* کورد سەرەتای پرۆسەی ئازادیی عێراق بۆچی وەک داوایەک، داوای رازیبوونی پێشوەختەی ئەمەریکای لەسەر گەڕانەوەی کەرکووک نەکرد وەک مەرج و داوایەک بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا؟

– یەک لە گرفتەکانی کورد ئەوەیە دوای رووداوەکان بیر دەکاتەوە. ئەمەریکا بەفەرمی پرۆژەیەکی نەبووە و نییە بەناوی پرۆژەی چارەسەری کێشەی کورد. نەخشەی ئەمەریکا لادانی رژێمی سەدام و داگیرکردنی عێراق بوو. ئەمەریکا ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، بەکوردیشەوە بەکار هێنا بۆ ئەو مەبەستە. ئەمەریکا پێش "رزگاری" و "داگیرکردن"ی عێراق ئاشنا بوو بەبەرنامەی کورد بەتایبەتی سەبارەت بەکەرکووک و تەعریب.. تاد. کۆنگرەی لەندەن (١٣–٢٠٠٢/١٢/١٦) و پاشتر کۆبوونەوەکانی لێژنەی تەنسیق و موتابعە لە سەلاحەدین (١/٢٦– ٢٠٠٣/٣/١)ی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، بەسەرپەرشتی و ئامادەبوونی وەفدێکی بالای ئەمەریکا بەسەرۆکایەتیی بەڕێز زەڵمای خەلیلزاد بوو. ئەودەم و ئێستاش، ئەمەریکا، لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی خۆی پرەنسیپی جیمس بیکەری وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمەریکا تەماشای کێشەی کورد

دەکـات. ناوەڕۆکی بەرژەوەندییـەکـانی لە ڕۆهـەڵاتـی ناوەڕاست (٢٢ دەوڵەتی عـەرەبە بە (عێراقیشـەوە) و هـەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران)ە، واتە بازاڕێک لە سنووری ٥٠٠ ملیۆن کەس و خـاوەن گەورەترین سـەرچاوە و داهاتی نەوت، مـاکی تـوندوتیـژی و نـائارامی. پرەنسـیـپی (جـیـمس بیکەر)یش کـە لە بیـرەوەرییـەکانیـدا ئاماژەی بۆ کـردووە، دەڵێت (.. أن الاكراد الذين يطالبـون باقامة دولة كردستان المستقلة عن تركيا تتنازعهم قيادات مشتتة، ويشكلون مصدر قلق مستمر لتركيا. ولكل هذه الأسباب الجيوسياسية كنا نتوخي الحرص في مـسـاعـدتهم.. ئەو کـوردانـەی داوای دامـەزراندنی دەوڵەتی کـوردسـتـانی سـەربەخۆ و جیا لە تورکیا دەکەن سـەرکردەکانیـان پەرت و بڵاون، سـەرچاوەی دڵەڕاوکێن بۆ تورکیـا، لەبەر هـەمـوو ئەو هۆکـارە جیـۆپۆلۆتیکییـانە خـۆمـان لە یارمـەتیدانیـان دەپاراست..). سـەرەڕای ئەمـە، بازنەیەکی بـەرچاوی ناوەندی بڕیار لە سـەرکردایەتیی کورد، باوەڕی بەوە نەبوو ئەسڵەن ئەمـەریکا لە سـەدام دەدات یان دەوێرێت لێی بدات، یان دەتوانێت لایبـدات. هـەبـوو لەو بـاوەڕەدا بوون هـەر بەداخـیلبـوونی سوپای ئەمـەریکا بۆ ناو بەغدا، سـەدام بەغدای لێ دەکـاتە جـەهـەننەم..! هـەشـە ئەوسـا و ئێـسـتـا باوەڕی وایە جگە لە مـافی هاووڵاتیبوونی عێراق چیی تر نییە بۆ کورد. بەدرێژاییی مـاوەی دوای شـەڕی جـیـهـانیی یەکـەم کـە ئەمـەریکا هـاتە ریزی زلـهێـزەکـان و پاشـتـر بووە تاکـە جـەمسـەری جـیـهـان، هـەڵوێست و ڕۆڵی بەرامـبـەر بەکـورد ئیـجـابی نەبووە. چەندان کـارەسـاتی بەسـەر هێناوە لە بەشـداریی دابەشکردنی کوردسـتـان، لە لکاندنی باشـووری کوردسـتـان بەعێراقی داتاشـراو، بەگەمـارۆدانی بزاڤەکـەی (پەیماننـامـەی سـەعـد ئاباد، سینـتـۆ) بە هـاوکـاریی ڕژێمـە داگـیـرکـەرەکـانی. ڕێککەوتننامــەی جــەزائیــر ١٩٧٥/٣/٦ و هـەرەسی شــۆڕشی ئەیلـوول، پشتگیریی ڕژێمی سەدام لە جینۆسـایدکردنی کورد و تەعریب. سـەرکوتکردنی ڕاپـەڕینی بەهـاری ١٩٩١. ڕۆڵی نێگەتیــڤی لـە مــادەی ١٤٠ و چـارەنووسـی کەرکووک و.. تد.

* ئەگەر ئەوکات کورد ئەو داوایەی بکردبایە قبووڵیان دەکرد؟

– ئەودەم نە کورد لەو پێگەیەدا بوو داوای وا بکات و نە ئەمەریکایش گوێی لێ دەگرت. بەداخەوە پرەنسیپێک هەیە، لەمێژە سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان لەسەری دەڕوات ئەویش گرەوکردنە لەسەر هۆکاری دەرەکی و گەمە ئیقلیمییەکان. ئەمجارەش هەر وای کرد و چارەنووسی کێشەی کوردی بە بەرژەوەندیی ئەمەریکاوە گرێ دا.

گرفتی سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان لەوەدایە کە قەناعەتی وایە ئەوەی بۆ ئەمەریکا باش بێت بۆ ئەوانیش باشە و، ئەوەی بۆ ئەوانیش باش بێت بۆ ئەمەریکا باشە..! کەچی پێچەوانەکەی دروستە. هەرکات لەم قەناعەتە رزگاری بوو ئەنجامی مامەڵەی لەگەڵ فاکتەری دەرەکی باشتر دەبێت..!

* هەست ناکەی کورد هەر لە سەرەتاوە پێداگریی لەسەر شتێک کرد کە رۆئاوا نە قبوولّی دەکا و نە تێی دەگات، بۆ نموونە گەڕانەوەی ئەو ناوچانە لە رووی جوگرافیاییەوە داوایەکی گونجاوتر بوو لە داوای نەهێشتنی تەعریب، کە تۆ کەرکووکت لە رووی جوگرافیاییەوە گەڕاندەوە عەرەبی تەعریب بۆ خۆی دەڕوات، بەڵام بڵێی با تەعریب نەمێنێ ئەوان لەوە تێ ناگەن، واتە پێش ئەوەی پێداگری لەسەر لایەنی دیمۆگرافیایی بکرێ دەبووایە پێداگری لەسەر لایەنی جوگرافیایی بکرێ؟

– پێداگرتن شتێکە و ئەمەریکا یان رۆئاوا قەبووڵی بکات شتێکی ترە. هەموو داگیرکەر و هاوپەیمانێک پێی خۆشە داگیرکراو یان هاوپەیمانی کێشە و گرفتی بۆ دروست نەکات. ئەگەر دروستیشی کرد یەکلاکەرەوە (حاسم) نەبێت. چەند جار وەسفی پێوەندیی سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان و ئەمەریکام بەدڵداری (حب) یەک تەرەفە کردووە. لەو هەلە باشتر رۆژی ٢٠٠٣/٤/١٠ بوو. ئەویش ڕاماڵینی تەعریبچییەکان بوو لە کەرکووک و گشت ناوچەکانی تر. خانەقین نموونەیەک بوو. لایەنی کوردستانی نە ئەمەی کردو نە پاشتر کە ئەمەریکا بە فەرمی بووە "داگیرکەر" ئەو پێشنیازەیان خستە ڕوو

کە پێداگری لەسەر لایەنی جوگرافیاییی ناوچە بەعەرەبکراوەکان بکەن و، نە لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەش. بەپێچەوانەوە، بەپێی مادە (٥٣، ٥٨) چەند کۆت و بەندێک (قید)یان بەسەر کورددا سەپاند لەوانە:

١- دانانی سنووری هەرێمی کوردستان بەو ناوچانەی کە تاکو ٢٠٠٣/٣/١٩ لەژێر دەسەڵاتی هەردوو ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا بوون (م- ٥٣-أ).

٢- دەستکارینەکردنی سنووری هەر (١٨) پارێزگاکەی عێراق تاکو قۆناغی گواستنەوە تەواو دەبێت (م٥٣- ب) و، لە برگەی (ب مادە ٥٨) گرێی دایەوە بەو بڕیارەی کۆتایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کۆماری عێراق.

٣- هەر یەکەیەکی فیدراڵی دەبێت لە (٣) پارێزگا زیاتر نەبێت.

٤- بۆ پارێزگای کەرکوک نییە داخیلی هیچ یەکەیەکی فیدراڵی بێت (م٥٣- ب).

٥- گەڕانەوەی عەرەبەکانی تەعریب بەئیختیاری بێت.

* پێت وایە دەبووا سەرکردایەتیی کورد لە سەرەتاوە باسی نەخشە بکات، نەک دانیشتوانی ناو ئەو نەخشەیە؟

- نەخێر، ڕای بەندە وابوو لە سەرەتاوە لایەنی کوردستانی تەعریبچییەکانی دەربکردایە. عێراق داگیر کرا، حکومەتی سەدام و داوودەزگاکانی دارمان و نەمان و گشت یاسا و ڕێسا و ئیجرائات و دیاردەکانی هەڵوەشایەوە. تەعریب و گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتیمان بەکەرکووکەوە یەک لەو دیاردانە بوو، تاوانێکی ڕژێمی سەدام بوو. بەبڕیاری سەدام و بڕیار و یاسا و ڕێسا و ئیجرائاتی ئەو ڕژێمە درا و پیادە کرا. باشە کە هەر هەموو ئەوانە نەمان و دارمان و تاوانبار کران، بۆچی تەعریب و دیاردەی تەعریب بمێنێت..!

ئەوە نەکرا. روو لە یاسا کرا. ئەوە مادە (٥٨) و پاشتر (١٤٠)!

بوونی عەرەب بە"ڕەسەن" و "ناڕەسەن"یان لە کوردستانی ئێمە بەشێوەی سروشتی نەبوو. هەل و حاڵەتی نائاسایی فەرزی کردووە، دەبێت بە هەل و حاڵەتی نائاسایی و ئیستیسنائیش چارەسەر بکرێت. ئێمەش خوازیاری ئەوەین: (ئەوسا و ئێستا و لە داهاتووش) ئەگەر بکرێ با سنووری کوردستان، مێژوو و جوگرافیای تەسبیت بکرێت، ئەودەم چارەسەرکردنی کێشەی مانەوەی (ڕەسەن و ناڕەسەن) ئاسانتر دەبوو..!

مێژوو تاکو ئێستا بەڕوونی نەیسەلماندووە کێشەی وەها بەیاسا و بە پارانەوە و خۆزگە چارەسەر کرابێ. ئەو گیان وماڵەی لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی دواییدا لە کەرکووک، شنگار، مووسڵ، تەلەعفەر، جەلەولا، دووز، مەندەلی و گشت ناوچە تەعریبکراوەکانمان، لەدەستمان داوە، دوور نەبوو لە سەرەتا بۆ رزگارکردنیان بەکەمتر لەسەرمان بکەوتایە. بۆ ئەمەش نابێت تەنیا بیر لە گرژیی شەڕوشۆڕ و پێکدادان بکرێتەوە، بگرە چەندان شێوە و شێوازی تر هەبوو و هەیە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە.

* بەم شێوازەی ئێستا داهاتووی کەرکووک چۆن دەبینی، ئاخۆ دەگەڕێتەوە سەر کوردستان یان نا؟

– بەشبەحاڵی خۆم پێش "رزگاری"ی عێراق دوای ئەوەش قەناعەتم نەبووە بەو سیاسەتەی ئەودەم و ئێستا سەرکردایەتیی فەرمیی کورد کە لەسەری دەڕوات کێشەی کەرکووک و تەعریب، وەکو کورد داخوازیەتی ئەنجامی جیدیی هەبێت. کاتی خۆی وتمان بەمادەی (٥٨) کەرکووک لە باوەشی هەرێمی کوردستان نابینینەوە. تەحویل کرا بۆ (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەییی عێراق. ڕامان نەگۆڕ بوو، لە کاتێکدا سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان لە بەغدا و لە هەرێم تاکو رۆژی ٢٦/١٢/٢٠٠٧:

* سووربوون لەسەر ئەوەی دەبێت پێش کۆتاییی ماوەکەی جێبەجێ بکرێت (٣١/١٢/٢٠٠٧). هەندێکیان سوور بوون لەسەر جێبەجێکردنی پێش تەواوبوونی کاتەکەی!.

* لێدوانەکانی بازنەیەکی فراوانی بەرزەلێپرسراوانی کورد، لە بەغدا و لە هەرێم و لە سەرکرایەتیی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار (پارتی و یەکێتی) جەختیان لەوە دەکردەوە کە حکومەتی مالیکی سوورە لەسەر جێبەجێکردنی، هەرواش ئیدارەی بوش و دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا لە بەغدا. زۆر رازیبوون لە کارکردن و ئەدای مالیکی و حکومەتەکەی و لێژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠.
* پێشنیازەکانی (بیکەر- هامیلتۆن)یان رەت دەکردەوە.
* دژی تەدویل بوون.

وا مادەی ١٤٠ تەواو بوو:

* هەموو لایەک رێکن لەسەر ئەوەی کە جێبەجێ نەکرا.
* بۆ درێژەپێدانی بەڕێز ستیفان دیمستۆرا، نێردرا بۆ پەرلەمانی کوردستان و پێشنیازی ٦ مانگی کرد. بڕیاری ناوەندیی بەغدا (ئەنجوومەنی نوێنەران)ی دەوێت. بەهەرحاڵ هەنگاوێکە بەرەو نێودەوڵەتیکردنی و سیناریۆیەکی کاریکاتۆری بوو.
* دواخرا بۆ ٦ مانگ ئەمەش یەک لە پێشنیازەکانی لێژنەی (بیکەر- هامیلتۆن)ە، ئەگەرچی هەندێ لە بەرپرسانی دۆسیەی ١٤٠ تەسریفی (دواخستن- تأجیل) و (درێژکردنەوە- تمدید)ی مادەکە بە (پەلەکردن لە جێبەجێکردنی- الاسراع في التنفيذ) لە قەڵەم دا و دەیانەوێت واش تەسویق بکرێ!
* حکوومەتی مالیکیش هەر ماوە و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیش توندتر بووە.

*** لایەنی کوردستانی کۆسپەکانی بەردەم جێبەجێنەکردنی ١٤٠ دەگەڕێننەوە بۆ فاکتەری دەرەکی بەتایبەتی تورکیا؟**

- ئەمەش واقیعێکە خەریکە زاڵ بێت بەسەر ناوەندی بڕیاری سیاسیی

کورددا. لە نووسینێکماندا، کاتی خۆی ئاماژەم بەوە کرد، کە سەرکردایەتیی فەرمیی کوردستان بەئاگایی یان لە بێ ئاگایی، تورکیای کردووە بەمێردەزمەیەک بەسەر خۆیدا و خەڵکیشی پێ دەترسێنن. دەستتێوەردانی تورکیا لە کاروباری کوردستان و عێراق چیی تر نابێت قسەی لەسەر نەکرێت و بەجیدیتر وەرنەگیردرێت. بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان. دەستتێوەردانی سەربازی و موخابەراتی- میت و تیمی تایبەتییان لە هەرێم و (رەتلی پێنجیان= بەرەی تورکمانی.. تاد) ئیدی شاراوە نییە. بە ڕای من پێشەکی دەبێت ئەم کێشەیە لەگەڵ ئەمەریکا و ناوەندیی بەغدا باس بکرێت. پرسیارەکەش ئەوەیە: ئاخۆ هەرێمی کوردستان ویلایەتێکە لە ویلایەتەکانی تورکیا..؟

ئاخۆ کەرکووک و ناوچە تەعریبکراوەکانی تری باشووری کوردستان، شار و شارۆکەی سەر بەدەوڵەتی تورکیان؟

ئاخۆ چارەنووسی کوردستانییەکان لە باشووری کوردستان بەندە بەبەرژەوەندی و بڕیاری حکوومەتی تورکیا؟

ئاخۆ یاسای نێودەوڵەتی و عێراقی ڕێگە بە تورکیا دەدات مافی ڤیتۆی هەبێت لەسەر چارەنووسی کێشەی کورد لە عێراق یان تەدەخول بکات لە کاروباری عێراق.؟

بێگومان هیچ لەم پرسیارانە وەڵامیان بە (بەڵێ) نییە. واتە حکوومەتی تورکیا شەڕمان پێ دەفرۆشێت و (گەردەن کلۆفتی) دەکات. کەوایە مافی خۆمانە یەخەی ئەمەریکا بگرین و بپرسین، ئەم هەموو تاوانانەی تورکیا دەرهەق بەخەڵکی کوردستان و عێراق کە ڕۆژانە لە بەرچاو و لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەمەریکا دژ بەم هەرێمە و ئەم عێراقە دەیکات، بۆچی و لە پای چی؟

* سەرکردایەتیی کورد چی بکات باشە؟

– نە مافی ئەوەم هەیە و نە ئەو مافە بەخۆم دەدەم بڵێم چی بکەن باشە،

وەلێ بە ڕای بەندە: ئەگەر لەسەر ئەم هاوکێشەیە بڕۆین ئەوە: تاکو وڵاتێک بەناوی تورکیا هەبێت، دەبێت کورد سەبارەت بەگەیشتن بەمافەکانی هەر ئەم نانە بەو ڕۆنە بکات...!

کورد بەشدارە لە دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق، ئەگەر تورکیا ڕانەوەستێت لەم دەستتێوەردانە مافی دەسەڵاتی ناوەندە بەئەندازەی دەستتێوەردانی تورکیا، ئەوانیش کار لەناو تورکیا بکەن.

تورکیا بەبیانووی چەند هەزار تورکمانێک نەک (تورک) لە عێراق کە هەموو مافێکیان بۆ دابین کراوە و زیاتر لە ڕێژەی دانیشتوانی خۆیان بەشدارن لە گشت داوودەزگاکانی ناوەند و هەرێم (بگرە لە هەرێم هێشتا زیاتر). لە تورکیا زیاتر لە ١٥ ملیۆن کورد بێ مافن و نکووڵی لە بوونیان و بوونی وڵاتەکەیان (کوردستان) دەکرێت و باسکردن و داواکردنیان تاوانێکە تا ڕادەی سزای مەرگ. بەهەمان شێوە عەرەب و ئەرمەن و کلدان و ئاشوور.. تاد، هەر هەموو ئەم ڕەگەزانە لە عێراق بەگشتی و لە هەرێم بەتایبەتی خاوەن ماف و بوونی خۆیانن بێ جیاوازی. ئەگەر حکوومەتی تورکیا ئامادەیە ڕێژەی ١٪ی مافی برا تورکمانەکانمان کە ئەمڕۆ لەم هەرێمە شادن پێی و مافی خۆیانە، بداتە کورد و عەرەب و کلدوئاشوور و ئەرمەنییەکانی خۆی، ئەوا دوور نەبوو ئەمەی تورکیا دەیکات دژی هەرێمی کوردستان و عێراق قابیلی گفتوگۆ بێت. دووپاتی دەکەمەوە ئەوەی حکوومەتی تورکیا دژ بەکورد دەیکات ستراتیجییەتێکە بەخۆشی و تکا دەستی لێ هەڵناگرێت و لایەنێکی گرینگی بەتەنسیق و هاوکاری ئیدارەی بوش دەیکات. دەبێت حکوومەتی تورکیا بزانێت ئەوەی بۆ خۆی بەڕەوا دەبینێت، دەبێت بۆ خەڵکی تریش ڕەوا بێت.

* پێت وایە کەرکووک بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ؟

– کاتی خۆی یەک لە ڕەخنەکانمان لەسەر یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لەسەر برگەی (ج)ی مادە (٥٣) بوو. بەو مادەیە ئەودەم هەر وەکو وتمان، هیچ یەکەیەکی فیدراڵی نابێت لە ٣ پارێزگا زیاتر

بێت. هەروەها بۆ کەرکووکیش نەبوو داخیلی هیچ فیدراڵییەتێک بێت. هەمان پرەنسیپ دووپات بووەوە لە دەستووری هەمیشەیی. بەپێی مادەی ١١٩ هەر پارێزگایەک یان زیاتر مافیان هەیە هەرێمێک پێک بێنن. بەدیدی من و خەڵکانێکی زۆر ئەم مادەیە زیاتر بۆ کەرکووک بوو، نەدەبووایە کاتی خۆی لایەنی کوردستانی قبووڵی بکەن.

نەک هەر هەندێ لایەنی نێودەوڵەتی، تورکیا، بەرەی تورکمانی و بەشێکی بەرچاوی عەرەبی سوننە و شیعەی توندڕۆ و شۆڤێنی، بگرە لە بازنەی ناوەندیی دەسەڵاتی کوردستانیش هەنە داوای ئەوە دەکەن کە کەرکووک بکرێتە یەکەیەکی فیدراڵی.! ئەمەش یەک لە مەترسییەکانی قۆناغی داهاتووی چارەنووسی ئەم شارە و هەندێ شار و شارۆکەی ترمانە.

* مەسەلەی مووسڵ، بەگوێرەی هەموو بەڵگەنامە مێژووییەکان هەموو باشووری کوردستان ویلایەتی مووسڵ بووە، بەڵام ئێستا کەس باسی مووسڵ ناکات، بۆچی؟

– راستە بەڵێ، بەتێپەڕبوونی کات و بەپێی مادەی ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە، تەعریب لە ساڵی ١٩٦٨ حیساب کراوە. پێش هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥، هەندێ لە بەرپرسانی کورد لە مووسڵ و ناو بازنەی دەسەڵات سوور بوون لەسەر ئەوەی زۆرینەی پارێزگای مووسڵیان بۆ کورد مسۆگەر کردووە، داوایان دەکرد کە مووسڵ نەکرێت بە کەرکووک..! بە موقاتەعەی توێژێکی بەرچاوی عەرەبی مووسڵ لەو هەڵبژاردنە بە هەزار ئەملا و ئەولا لە کۆی گشتیی ١٨ کورسیی ئەنجوومەنی نوێنەران لە پارێزگای مووسڵ لیستی کوردستانی تەنیا ٤ کورسیی مسۆگەر کرد. ئێستا باسکردنی مووسڵ لەنێو ئەو بازنەیە بووەتە مایەی گاڵتە..! زۆربەی زۆری موسڵمانان بەتەقادم لەدەست دا دوور نییە هەر بەتەقادم و بەریفراندۆم زیاتر لە نیوەی ناوچە تەعریبکراوەکانمان لەدەست بدەین.

* ئەوە هەڵەیەکی مێژوویی نەبوو کە کرا، بۆ نموونە پێش ئەوەی ڕەخنە لە مادەی ٥٨ بگیرێ کە کرایە ١٤٠ و قبووڵیش کرا و وەکو گوتیان "قومار"ێک بوو کردیان؟

– زۆر ڕەخنە لە هەردوو مادەی (٥٣ و ٥٨) گیرا، بەتایبەتی هەندێ گۆڕین کرا، دیارە ئەوەندە دەکرا. لە هەندێ بوار هەڵە هەبوو چارەسەری کەموکورتییەکانی نەکرا. وەک ریفراندۆم و ئالیەتی یەکلاییکردنەوە و پێناسەی زاراوەکان. شیمانەی دواکەوتنی جێبەجێنەکردنی لەلایەک باش بوو، نەخشەی ڕێگەی جێبەجێکردنی بۆ دیاری کرا و خرایە بەرنامەی مالیکی.

* لە دەستووردا ئەو ناوچانە ناونراون "ناوچە ململانێ لەسەرەکان- المناطق المتنازع علیها"، کەچی هەر بەغدا حوکمیان دەکات و هەرێمی کوردستان هیچ دەسەڵاتێکی فەرمیی بەسەریانەوە نییە، لە کاتێکدا دەبووایە بەجۆرێکی تر بووایە، ئاخۆ ئەمەش هەڵەیەکی تر نییە؟

– بەتەئکید زاراوەی (المناطق المتنازع علیها) هەڵەیەکی گەورە بوو. نرخەکەش گرانە.

* لە کتێبەکەی خۆتدا باسی ئەوە دەکەی کە فراکسیۆنی کوردی لە پەرلەمانی عێراق دەبووایە لەسەر خاکێک کە دوو ئەوەندەی فەلەستینە و چوار هێندەی لبنانە، جارێک نووری مالیکی بهێننە پەرلەمان و لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەن، دەڵێی کە نەیانکردووە دیارە سەرکردایەتیی کورد وای دەوێ؟

– بێگومان وایە، ئەگەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، ئەوە ناکات سەرکردایەتیی کورد دەتوانێ بیانکێشێتەوە.

* واتە گرفتەکە و کەموکووڕییەکە زیاتر لای کێیە؟

- لای سەرکردایەتیی سیاسیی کوردە.

* ئەی بەشێکی بەرپرسیاریەتییەکە بەر پەرلەمانتارەکان ناکەوێ؟

- کەمتر لای ئەوانە. ڕاستە ئەندامی پەرلەمان نوێنەری خەڵکە، وەلێ لای ئێمە حزبەکان دەستنیشانیان دەکەن، زۆربەشیان بەخاتر و خاترانە دادەنرێن. ئەندامی چاک دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت، وەلێ لە کۆتا پابەندی سیاسەتی لیست و سەرکردایەتیی حزبەکەیەتی. باشە ئەگەر کەموکورتی لە پەرلەمانتارەکان بەدی دەکرێ بۆ ئامۆژگاری ناکرێن یان نایانکێشنەوە !

* لە سەرەتای پرۆسەی ئازادیدا بارزانی دەیگوت ئێمە هیچ گفتوگۆ و دانوستاندنێک لەسەر کوردستانیبوونی ئەو ناوچانە قبووڵ ناکەین، بەڵام هەر ئەوکات مام جەلال باسی نموونەی وەک برۆکسێلی دەکرد و باسی ریفراندۆمی دەکرد بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە، تۆ ئەوکات سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی بووی، بۆچی ئەو هەڵوێستەی ئەوکاتی پارتی بەو شێوەیە خاو بووەوە؟

- دوای ٢٠٠٣/٤/١٠، دەستم لە هەموو بەرپرسیاریەتییەکی حزبی و سیاسی کێشایەوە. هەقە ئەو پرسیارە ئاراستەی ئەو دوو بەڕێزە بکەن.

* خەڵک دەتوانێ هیچ هیوایەکی بەبەغدا هەبێ؟

- من قەناعەتم وایە عەقڵیەتی غەیری کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەتا ئێستا قبووڵی کەسانی جگە لە خۆی ناکات، بەتایبەتی زۆرینەی عەرەب لە عێراقدا هەتا ئێستا بەچەپ و ڕاستەوە، بەشیعە و سوننەیەوە ئەگەر ناکۆکیی زۆریشیان هەبێ بەگشتی ڕێکن لەسەر قبووڵنەکردنی مافی کورد وەک ئەوەی کورد دەیەوێ، ئەگەر قبووڵی هەندێ شتیشیان کردبێت ئاشکرایە کە لە ناعیلاجی و بێدەسەڵاتی بووە، هەر کاتێک دەسەڵاتیان پەیدا کردبێت جارێکی

تر گەڕاونەتەوە سەر سروشتی خۆیان. ئەمەش یەک لە گرفتەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردە لە باشوور.

ئێمەی کورد زۆر بەزەحمەت و بەقوربانیی گەورە و ماوەیەکی دوور و درێژ دەگەینە نزیکی دەستکەوت، وەلێ زۆر بەئاسانی و لە ماوەیەکی کورتدا لە دەستی دەدەین. کەسیش بەعێراقچیەیی ئێمە باوەڕ ناکات. حەز دەکەم دڵنیا بن لەوە، بەڵێ هانمان دەدەن و مەدحمان دەکەن و لە خشتەمان دەبەن، بەڵام کەس بەعێراقچیەتیی ئێمە باوەڕ ناکات. ئەم عێراقە قەوارەیەکی نامۆ و بێ سەروبەرە، ئەمڕۆ شتێک بکەی سبەی تێک دەچێ، سبەی بیکەساڵێکی تر تێک دەچێ.

* چۆن دەڕوانییە هەڵوێستی پەرلەمانتاران و، بڕیارنامەی پەرلەمان لەبارەی رازیبوون لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ بۆ ٦ مانگی تر؟

– دواخستن (تأجیل) یان درێژکردنەوە یان (الاسراع بالتنفیذ)، تەحسیل حاسل بوو. لەمێژ بوو بڕیاری لەسەر درابوو. ئەو ڕۆژەی لایەنی کوردستانی بێدەنگ و بێ هەڵوێست بوون لەمەر جێبەجێنەکردنی ئاساییکردنەوەی کەرکووک و گشت ناوچە تەعریبکراوەکان تاکو ١٩/ ٣/ ٢٠٠٧ و کە سەرژمێری لە پێش ٢٠٠٧/٧/٣١ ئەنجام نەدرا و نەکرا بە هەڵڵا، ئیدی باسکردنی ریفراندۆم لە ٢٠٠٧/١١/١٥ بۆ کات کوشتن و چەواشەکردنی جەماوەر بوو. کۆمیساریای باڵای هەڵبژاردنەکان کە سەرۆکەکەشی کوردە لە مانگی ١٠ی ٢٠٠٧ رای گەیاند، ئەگەر هەموو کەرەستەکانی ریفراندۆمیشی بۆ ئامادە بکەن ئینجا لە دوای مانگی ٢٠٠٨/٥ دەکرێت "بیر" لە ریفراندۆم بکرێتەوە. جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، جۆن نیگرۆپۆنتی پاش سەردانێکی ٦ ڕۆژی بۆ عێراق، لە گەڕانەوەی بۆ واشنتۆن لە ٢٠٠٧/١٢/٣ رای گەیاند کە ریفراندۆم لەسەر چارەنووسی کەرکووک دوا دەخرێت بۆ ساڵی ٢٠٠٨. ئەوەی پەرلەمانی کوردستان شانۆگەرییەک بوو سیناریۆ و

دەرهێنانەکەی زۆر خراپ بوو، بەڵام چارەش نەبوو!

* وەزیری دەرەوەی تورکیا دەڵێ ئێمە ڕێگەمان نەدا مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێ، کۆندالیزاش لە کەرکووک گوتی بۆ مەسەلەی کەرکووک دەبێ مێژوو لە بیر بکرێ، چۆن دەڕوانە ئەو هەڵوێستانە. ئاخۆ ئەوە لێدانی بۆچوون و بەهەند دانەنانی هەڵوێستی کورد نییە؟

– گرینک نییە بابەجانی وەزیری دەرەوەی تورکیا چی دەڵێت. ئەوان دژی کوردن وەک کورد لە هەر کوێ بن، بەڵام ئەوەی رایس وەرچەرخانێکی مەترسیدارە، لە هەڵوێستی ئەمەریکا بەتایبەتی کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و، لایەنێک لە قسەکانی و، تەوقیتی ئەو کۆبوونەوەیە کە هاوکات بوو لەگەڵ هێرشە دڕندانەکەی سوپای تورکیا و بۆمبابارانی و تۆپبارانی دێهاتەکانی هەرێمی کوردستان و بەزاندنی سنوورمان.

* نەتەوە یەکگرتووەکان بەرێکخراوێکی بیرۆکراسی و سست ناسراوە، ئاخۆ هیچ گرەنتییەک دەبینی کە ئەو ڕێکخراوە بتوانێ وا بکات مادەی ١٤٠ لە ماوەی ٦ مانگدا جێبەجێ بکرێ؟

– هەر کێشەیەک نەتەوە یەکگرتووەکانی تێ بخزێت چاوەڕوانی ئەنجامی باشی لێ ناکرێت.

پێڕست

پێشەکی ............ 5

**بەشی یەکەم**: وتارەکان ............ 13
بودجەیەکی "بێ پلان و پڕ پلان" ............ 15
ئۆپۆزسیۆن لە نێوان بەردئاشی دەسەڵات و چاوەڕوانی خەڵکدا! ............ 31
مەوقیعی لیستی کوردستانی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/١/٣١ی پارێزگاکاندا... 50
ریفۆرم داخوازیی خەڵکی کوردستانە ئەگەر نەکرێت، دەیکات! ............ 60
بەمادەی ٢٤ کەرکووکیان دابڕان و بەمادەی ٥٣یش کوردی ئێزدی و شەبەک ...... 75
ناوەندی بەغدا لە هێرشدایە و خانەقین مەبەستی سەرەکییان نییە! ............ 95
چارەسەرکردنی قەباحەتی پەرلەمانی عێراق با بەلادانی مەشهەدانی... ............ 105
رێککەوتننامە ستراتیجییە پێشنیازکراوەکەی ئەمەریکا و عێراق ............ 110
هەڵمەتێکی تری بە عەرەبکردنی کوردستان ............ 121
بەرەنجامەکانی ئۆپەراسیۆنی ٢٥ی سوپای تورک..! ............ 133
دەبێت عەلی کیمیایی و سوڵتان هاشم و حوسێن رەشید تکریتی بە سزای... ...... 146
بەغدا پێی خۆشە و شەرمیش دەکات ............ 159
چەند سەرەقەڵەمێکی بەپەلە لەمەڕ بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ ............ 170
چارەنووسی ناوچە تەعریبکراوەکانمان لە نێوان ریفراندۆم و... ............ 192
بۆچی و لە پای چی کوردی ئێزدیمان قڕ دەکرێن..؟! ............ 205
بەڕێز سەرۆکی کۆمار ئەگەر ئیمزاشی ناکەی ئاسانکاربە ............ 212
دوای وەلاوەنانی لێپرسراوەتیی یاسای (سەدام) لە جینۆسایدکردنی کورد... ...... 223
عێراقی ئەمڕۆ و دۆزی کورد ............ 237
تەسریفکردنی ململانێیەکانی ناوەخۆی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان... ............ 243

چارەنووسی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی تر و مادەی ١٤٠ ..... 253
یەکجاری واش نا..! ..... 269
بەڵێ "شەرعییەتدانەوەیە بە ناشەرعییەت" ..... 273
روونکردنەوەیەک بۆ دیمانەکەی د. شێرزاد ..... 288
بەڵێ "شەرعیەتدانەوەیە بە ناشەرعیەت" ..... 300

**بەشی دووەم**: دیمانەکان ..... 315
دیمانە لەگەڵ کۆواری "نێوەند" ..... 317
دیمانە لەگەڵ رۆژنامەی "رووبەر" ..... 327
دیمانە لەگەڵ رۆژنامەی "چەتر" ..... 337
دیمانە لەگەڵ رۆژنامەی "ئاوێنە" ..... 344
دیمانە لەگەڵ رۆژنامەی (رووداو) ..... 347
دیمانە لەگەڵ رۆژنامەی "رۆژنامە" ..... 350
دیدار لەگەڵ رۆژنامەی "کۆمەڵ" ..... 365
دیدار لەگەڵ رۆژنامەی "رووداو" ..... 371
چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەی "هاوڵاتی" ..... 373
دیدار لەگەڵ کۆواری (لڤین) ..... 381
دیمانە لەگەڵ رۆژنامەی "رووداو" ..... 392
دیمانە لەگەڵ کۆواری "نێوەند" ..... 398
دیدار لەگەڵ رۆژنامەی "رووداو" ..... 411
دیدار لەگەڵ رۆژنامەی "رۆژنامە" ..... 421
چاوپێکەوتنی رۆژنامەی "هاوڵاتی" ..... 434
دیمانە لەگەڵ کۆواری "کلیل" ..... 440
چاوپێکەوتنی کۆواری "نێوەند" ..... 449
دیمانە لەگەڵ رۆژنامەی "هاوڵاتی" ..... 457
دیمانە لەگەڵ هەفتەنامەی "کۆمەڵ" ..... 470
چاوپێکەوتنی هەفتەنامەی "هاوڵاتی" ..... 479

دیدار لەگەڵ کۆواری "١٤٠"ی کەرکووک ........ 503
دیدار لەگەڵ رۆژنامەی "بەدرخان" ........ 514
دیدار لەگەڵ رۆژنامەی "هاوڵاتی" ........ 523
چاوپێکەوتنی رۆژنامەی "میدیا" ........ 537